# هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست

# هۆز و دەسەڵاتە هۆزەكییە كوردییەكانی چاخی ناوەڕاست

نووسینی

د. زرار صدیق تۆفیق

وەرگێڕانی

ئیدریس عەبدوڵا مستەفا

هەولێر - ٢٠١٠



دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

- **هۆز و دەسەڵاتە هۆزەكییە كوردییەكانی چاخی ناوەڕاست**
- نووسینی: د. زرار سدیق تۆفیق
- وەرگێڕانی: ئیدریس عەبدوڵا مستەفا
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٧١)
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەكەم: ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

زنجیرەی كتێب (٣٨٢)

هەموو مافێكی بۆ دەزگای موكریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


**پێشەكی چاپی كوردی ... ٧**

**پێشەكی ... ٨**

**پێشەكی و سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەی هۆزە كوردییەكان ... ١٣**

**هەندێك تێبینی گشتی لە بارەی هۆزە كوردییەكان ... ٢١**

هۆزو تایەفە كوردییەكان: ... ٣٠

**میرنشینی بوختی ... ٤٣**

دروستبوونی میرنشینی بوختی: ... ٤٣

موڵكەكانی ئەم میرنشینە لە سەردەمی عەبباسی: ... ٤٤

میرە بوختییەكان (نەوەی یەكەم): ... ٤٦

دووبارە دامەزراندنەوەی میرنشینی جزیرە: ... ٤٨

ـ نەوەی دووەمی میرانی جزیرە: ... ٥١

**میرنشینی بەشنەوی ... ٦٥**

میرەكانی بەشنەوی: ... ٦٥

كەوتنی میرنشینی بەشنەوی: ... ٦٨

**میرنشینی جاوانی ... ٨٣**

ـ ناودارانی جاوانی: ... ٨٣

ـ شاڵاوە توركە غەزەكان بۆ سەر موڵكی جاوانییەكان: ... ٨٦

ـ میر أبو الفتح كوری و رام الجاوانی الكردی و خەلافەی فاتمی: ... ٨٨

**میرنشینی جۆلەمێرگ ـ بنەماڵەی مەنكەلان ... ١٠٧**

**میرنشینی چۆپی ... ١١٧**

وڵاتی ئەم هۆزە و موڵكەكانی: ... ١١٧

دامەزراندنی میرنشینی چۆپی: ... ١١٨





**میرنشینی حەمیدی ... ١٢٥**

ـ موڵكەكانی میرنشینی حەمیدی: ... ١٢٥

میرانی حەمیدی ... ١٢٦

میرنشینی حەمیدی (مازنجانی) لە دوای (مبارز كاك) و رووخانیدا: ... ١٣١

فەیلی: ... ١٧٣

**میرنشینی قەیمەری ... ١٧٧**

قەڵای قەیمەر: ... ١٧٧

دروستبوونی میرنشینی قەیمەری: ... ١٧٨

دەستگرتنی ئەیوبیەكان بەسەر ئامەد و دروستبوونی ئەیوبییەی حصن كیفا: ... ١٩٩

موڵكەكانی میرنشینەكە ... ٢٠٠

شاری حصن كیفا: ... ٢٠٠

پاشاكانی حصن كیفا لە سەردەمی هێز و دەركەوتندا ... ٢٠٢

پەیوەندیی ئەیوبیەكانی حصن كیفا — میرنشینی مەلكان بە مەمالیك ... ٢١١

ئەیوبییەكان دوای رووخانی (حصن كیفا): ... ٢٢١

**میرنشینی مەهرانی ... ٢٢٧**

موڵكەكانی هۆز و میرنشینی مەهرانی: ... ٢٢٧

**میرنشینی هەزبانی ... ٢٤٣**

رێنیسانسی رۆشنبیری و بیناسازی هەولێر ... ٢٥٠

دەستگرتنی عیمادەدینی زەنگی بەسەر هەولێر و رووخانی میرنشینی هەزبانی ... ٢٥١

**میرنشینی هەكاری ... ٢٥٥**

وڵاتی هەكاری: ... ٢٥٥

دروستبوونی میرنشینی هەكاری: ... ٢٥٩

شاڵاوی هۆزەكانی غەز بۆ سەر وڵاتی هەكاری: ... ٢٦٠

گرنگترین میرانی هەكاری ... ٢٦٢

هۆزانی دیكە: ... ٢٦٩

**پاشكۆكان ... ٢٧١**

# پێشەکی چاپی کوردی

ئەو دەمەی خەریکی نووسینی ئەم پەرتووکە بووم بە زمانی عەرەبی، دڵنیابووم لەوەی کە رۆژێك دێت وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، ئەوە بوو پاش بڵاوکردنەوەی بە ماوەیەکی کەم، لەگەڵ بەڕێز ئیدریس عەبدوڵڵا خوێندکاری دکتۆراو مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین یەکتریمان دیت و لەسەر ئەوە رێککەوتین، کە بەڕێزی وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی بگرێتە ئەستۆی خۆی.

چاپی عەرەبی کتێبەکە لە مانگی تەمموزی ۲۰۰۷ز چاپکرا، پێشتریش چەند مانگێك لە دەزگای ئاراس مابوویەوە، لەم ماوەیەدا گەلێك زانیاری نایاب و گرنگ دەربارەی هۆزە کوردییەکان و ناو و هەواڵیانم دەستکەوت، چەند هۆزێکی ترم بۆ ئاشکرا بوو، کە لێیان نەدوا بووم، ئەمەش دوای ئەوە بوو، کە ژمارەیەك سەرچاوەی نوێ گەیشتنە کوردستان، ئەوەش بڵێم هەندێ وردە هەڵەی خۆم و هەڵەی چاپیش کەوتنە ناو چاپی عەرەبی پەرتووکەکە، بۆیە ئەم وەرگێڕانەم بە هەل زانی، بۆ ئەوەی لە لایەك ئەو هەڵانە چاکبکەمەوە و لەولاشەوە هەندێ لەو زانیارییە نوێیانەی دەستم کەتوون، بە هۆیانەوە پەرتووکەکە دەوڵەمەندتر بکەم. کەوابێ لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە: ئەم وەرگێڕانە کوردییە، وەرگێڕانی کت و متی دەقە عەرەبییە چاپکراوەکە نییە، بەڵکو وەرگێڕدراوی دانەیەکی لێ زیادکراو و راستکراوەیە، بۆ ئەوەی خوێنەران زۆرتر سوودمەند بن.

بە دووریشی نازانم دوای چاپی کوردیش زانیاری و هەواڵی نوێی دیکەم دەست بکەوێ سەبارەت بە هۆز و خێڵەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست.

**د. زرار سدیق تۆفیق**
**دهۆك ۲۰۰۸/۷/۲۲**



# پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کوردی لە چاخی ناوەڕاستی ئیسلامیدا لە ژمارەیەکی زۆری هۆز و تیرە پێکدەهات، بە رادەیەك (عومەر) وای دادەنا کە: ((هۆزەکان لە ژمارە نایەن و نەتەوەکانی دیار ناکرێن)) (بڕوانە: پێناسەکەی لاپەڕە ۱٤۹)، (ئەولیا چەلەبی) لە سەدەی هەڤدە ژمارەی هۆز و تیرە کوردییەکانی دەستنیشانکردووە و نووسیویەتی: ((شەش هەزار هۆز و تیرەی کوردی هەیە)) (بڕوانە: سیاحەتنامە، لا ۹۱).

ئەوەی گومانی تێدا نییە، زۆربەی ئەو تیرە و هۆزانە هەمیشە گەڕۆکن بە دوای زامنکردنی ئاو و لەوەڕ، ئابورییەکەشیان لەسەر ئەو سامانە ئاژەڵییەدا دەوەستێت، کە هەیانە، هەروەها بەها و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە، شانازی دەکەن بە ئازایەتی و پیاوەتی و رێزگرتن لەوانەی پەنایان بۆ دەبەن.

ـ دوای ئەوەی کەلە کۆرساتەکانیساڵی یەکەمی خوێندنی ماستەرمان لە مێژووی ئیسلامی تەواوبووین ـ ئەوکاتە یەك لە مامۆستاکانمان پێشنیاری ئەوەی بۆ کردین، کە بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی ئەو خوێندنەمان لێکۆڵینەوە لە بارەی تیرە و هۆزە کوردییەکانی سەدەی ناوەڕاست بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوکاتە تازە لە سەرەتای خوێندنی بالامان دابووین، هەستمان کرد، بابەتێکی وەها زەحمەتە و ئاسان نییە، چونکە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە، پێویستیمان بە گەڕان بە ناواخن و دڵی زیاتر لە سەد سەرچاوەی رەسەن دەبێت، بە تایبەت کە ئەو تیرە و هۆزانە لە سەدان زیاترن و دابەشبوونەتە سەر هەرێمە لێکجیاکانی وڵاتی کورد، وەکو هەرێمی چیاکانی رۆژئاوا، هەرێمی جەزیرەی فوڕاتی، هەرێمی شارەزوور، هەرێمی ئەرمەنستان، هەرێمی ئازەربایجان، هەرێمی لوڕستان، ئەمە چ جای ئەوەی دەبێت لە بارەی پێشەواو پیاوە دیارەکانیشیان لێکۆڵینەوە بکەیت کە زۆربەیان دەوڵەتۆکە و میرنشین و دەسەڵاتی ناوچەییان لەسەر بنەمای خێڵایەتی درووستکردووە.

ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت، ئەوەیەکە زۆربەی ئەو دەوڵەتۆکەو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییانە لە ماوەی سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دامەزراون، بە تایبەت لە ماوەی

زاڵبوونی بووەیهییەکان بەسەر دامودەزگاکانی خەلافەتی عەباسیدا، لە ساڵانی نێوان (٣٣٤ك/٩٤٥ز تا ٤٤٧ك/١٠٥٥ز)، هۆی دروستبوونیشیان بۆ لاوازی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عەباسی و لاوازی خەلیفەکانی دەگەڕێتەوە، کە وای لێهاتبوو خەلیفەی عەباسی تەنها ناوەکەی مابوو، لە خوتبەکانی هەینی و جەژنەکاندا دوعای بۆ دەکرا و لەسەر پارە ناوی دەنووسرا، دەنا بە کارەکی چ دەسەڵاتێکی دیکەی نەمابوو، واتە: دەسەڵاتەکەی بە تەنها ببووە دەسەڵاتێکی رۆحی، هەرچی دەسەڵاتی کارەکیش بوو، ئەوا کەوتبووە دەست میرە بووەیهییەکان و سەرکردەکانی سوپا، ئیدی سەرۆك هۆزە کوردییەکان و خەڵکی دیکەش، ئەو هەلەیان قۆزتەوە و لەسەر ئەو زەویانەی هەیان بوو، دەسەڵاتەکانی خۆیان دامەزراند.

هۆیەکی دیکە بۆ دروستبوونی ئەو میرنشین و دەوڵەتۆکە و دەسەڵاتە ناوچەییانە بۆ تێکچوونی باری ناوخۆیی دەوڵەتی عەباسی دەگەڕێتەوە، کە لە رووی سیاسی و کارگێڕی و ئابوورییەکاندا شپرزەببوو، دیارە سروشتی ناوچە کوردییەکانیش هۆیەکی دیکەبوو بۆ دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کوردان لەسەر وڵاتەکەی خۆیان، چونکە ناوچە کوردییەکان ناوچەی شاخاوی سەختن، زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەتە و لە بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەباسیش دووربوون.

دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، کە بووەیهییەکانیش پەیڕەوییان لە سیستمی لامەرکزی کردووە، چونکە ئەوان خاوەن رەچەڵەکێکی شارستانی بوون، رێگەیان بۆ ئەو پێشەوایانە خۆشکرد، کە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هۆز و تیرەکانی خۆیاندا بسەپێنن، لەلای خۆشیانەوە دانییان پێدا نان، ئەوەش بەو مەرجەی هەر کاتێك بووەیهییەکان پێویستیان بوو، سەرۆك هۆزە کوردەکان یارمەتی ماددی وەکو دیاری و بەخشینەکان و یارمەتی سەربازیش بدەنە میرە بووەیهییەکان، ئەوەش بۆ سەرخستنیان لەو ململانێیەی کە لەگەڵ میرانی تر هەیانبوو لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات لە ناوخۆدا، یانیش لەگەڵ دوژمنەکانیان و لەگەڵ ئەوانەی بەدەر لە دەسەڵاتی ئەوانن، بۆیە پەیوەندی سەرۆك هۆزە کوردەکان لەگەڵ میرە بووەیهییەکان پەیوەندییەکی دۆستایەتی بوو، وەکو دەردەکەوێت: ئەو سەرۆك هۆزە کوردانە ملکەچی خۆیان بۆ ئەو میرە بووەیهییانە دەربڕیوە، هەروەها تێبینی ئەوەش دەکەین، کە هەندێ میری کورد ناوی میرە بووەیهییەکان لەسەر پارەکانی خۆیان هەڵدەکەند، ئەوەش وەکو پیشاندانی داننانیان بە ملکەچی بۆ ئەو میرە بووەیهییانە، ئەگەرچی شێوەی ملکەچیەتییەکەشیان بە شێوەیەکی رواڵەتی بووبێ.



لە هەموو ئەوانەش زیاتر، سەرۆك هۆزە کوردییەکان دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر تاکەکانی هۆزەکانی خۆیاندا قۆزتەوە لەلایەك لەڕووی سەربازییەوە و بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکاریان هێنان، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ فراوانکردنی سنوورە جوگرافییەکانیان، سوودیان لێوەرگرتن.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانە، سەرۆك هۆزە کوردییەکان هەڵسان بە دامەزراندنی دەوڵەتۆکەو میرنشین و دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، بڕێکی باشی ئۆتۆنۆمییان هەبوو، پەیوەندیشیان بە خەلیفەی عەباسی هەر بە ناو بوو، گرنگترینی ئەو میرنشین و دەسەڵاتانە بریتین لە: میرنشینی شەدادی (٣٤٠-٥٩٥ك/٩٥١-١١٩٨ز) لە هەرێمی ئاران (ئازەربایجان سۆڤیەتی پێشوو)، میرنشینی روادی (٣٤٣-٤٦٨ك/٩٥٤-١٠٧٦ز) لە هەرێمی ئازەربێجانی (ئێرانی)، میرنشینی حەسنەوەیهی بەرزیکانی لە دەوروبەری (٣٤٨_٤٠٦ك/٩٥٩_١٠١٥ز) لە هەرێمی شارەزوور و لوڕستانی بچووك، میرنشینی عەننازی شازنجانی (٣٨١_٥١١ك/٩٩١_١١١٧ز) هەر لە هەرێمی شارەزوور و لوڕستانی بچووك، میرنشینی دەیسیمی (٣١٥-٣٤٥ك/٩٢٦-٩٥٦ز) لە ئازەربایجانی ئێرانی و هەندێ ناوچەی ئەرمینیاو ئاران، میرنشینی هەزبانی (٤٣٧-٥٣٤ك/١٠٤٦-١١٣٩ز) لە ئەربیل و دەوروبەری و....هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتی عەباسی لەو ماوەیەدا (سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی) لەبەریەك هەڵوەشایەوە و دابەشبووە سەر چەندین دەوڵەت و میرنشین و دەوڵەتۆکەی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ، بەڵام لەو ماوەیەدا دەوڵەتی عەباسی لە هەموو بوارەکاندا گەیشتە بەرزترینی پلەکانی بووژانەوە و پێشکەوتنی ژیاری و شارستانی لە هەموو بوارەکانەوە، هۆی ئەمەش بۆ شارستانی بوونی بووەیهییەکان و سیاسەتەکەیان دەگەڕێتەوە، کە پەیڕەوی سیستمی لامەرکەزییان دەکرد، هەروەها بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە ئەو قەوارە نوێیانە چیدیکە داهاتەکانی خۆیان نەدەدا بە پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی، بەڵکو لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان خەرجدەکرد، ئەوەبوو خانەی زانستییان لە حوجرەی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان دروستکرد و گرنگییان بە زانست و بڵاوبوونەوەی دا، (چەندین قوتابی باش رووی لەو حوجرانە کرد و وەکو زانای گەورە تیایاندا هەڵکەوتن ـ وەرگێڕ). هەروەها گرنگییان بە ئاودێری و دروستکردنی پرد و رێگاو باندا، هانی کشتوکاڵیانداو گەلێ شتی دیکەیان کرد، جگە لەمانە ئەو قەوارە نوێیانە لەنێو خۆیاندا پێشبڕکێیان دەکرد و پایتەختەکانیان بوونە سەنتەری بڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییەکان، ئەمە چ جای ئەوەی، کە میرەکانیشیان شاعیر و ئەدیب و زانایانیان بۆخۆیان رادەکێشاو پارەیەکی زۆریان بەسەردا دەباراندن.

ئەوەی زۆر جێگەی دڵخۆشی بێت، ئەو میرنشینانە بە تێرو تەسەلی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عیراقداو، بە تایبەتیش لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە، بەم هۆیەوە زۆر لە هاوخوێن و هاونەتەوەکانمان بڕوانامە باڵاکانی (ماستەر و دکتۆرا)یان لە مێژووی کوردی- ئیسلامی- بە دەستهێناوە، ئێمەش واتە: (د. مەحمود یاسینی تکریتی)، کە بڕوانامەی ماستەری لە ساڵی ١٩٧١دا لە سەر میرنشینی مەروانی وەرگرت و نووسەری ئەم چەند دێڕەش، کە بڕوانامەی ماستەرم لەسەر هەردوو میرنشینی کوردی (بەنو حەسنەوییی بەرزیکانی و بەنو عەننازی شازنجانی) لە ساڵی ١٩٧٤دا بەدەستهێنا، پێشەنگ بووین لەو بوارەدا، ئەمە جگە لەو لێکۆڵینەوەیەش، کە لێکۆڵەری کورد (عەبدولڕەقیب یوسف) لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر میرنشینی مەروانی (دۆستەکی) ئەنجامی داوە، هەروەها جگە لە لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەشم، کە تایبەتم کردبوو بە هەردوو میرنشینی کوردی (ڕووادی و ئەحمەدیلی) لە ئازەربێجان.

لێکۆڵەر (دکتۆر زرار صدیق تۆفیق)، یەك لە قوتابییە وشیارەکانم بوو، وام لێ چاوەڕوان دەکرد، لە دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرای لە مێژووی کوردی- ئیسلامی. پێگەیەکی باش و بەرچاو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ خۆی زامن بکات، سەرەنجامیش هەر وا دەرچوو، ئەوەتا ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەبەر دەستمانە (هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست) گوزارشت لەوە دەکات، کە نووسەرەکەی دەستێکی باڵای هەیە، لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی ڕەسەن، هەرچەندە ئەم کتێبەی لەسەر شێوەی ئینسکلۆپیدیایەکدا هاتووە، بەڵام ئەو هەر بەوەندە وازی نەهێناوە کە بە تەنیا ناوی ئەو هۆز و دەسەڵاتانە بێنێت و بەس، بەڵکو هەوڵیداوە تیشك بخاتە سەریان و ئەو پێشکەوتنانە بخاتە بەرچاو کە بەسەر هەریەکەیاندا هاتووە، هەروەها دەری بخات چۆن دروست بوونە و شوێنیان کوێ بووە، لەگەڵ کورتەیەك لە مێژوویان و خستنە ڕووی ژیاننامەی ناودارەکانیشیان، بەڵام باسی لە مێژووی میرنشین و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد نەکردووە، ئەمەش چونکە وەکو خۆی دەڵێت: (لێکۆڵینەوەکەم بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تێرکردووە)، لەوەشدا تا ئەوپەڕی سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر هۆز و تیرە کوردییەکان، خەڵکانێکی دیکە بە پێش ئەم لێکۆڵەرەمان کەوتوون، بەڵام کارەکانیان لە ئاستی پێویست و بەو فراوانی و بەو قووڵییە ئەکادیمییە نەبووە، وەك ئەوەی (دکتۆر زرار) کردوویەتی.



پێشتر هەندێ ڕۆژهەڵاتناسیش چەند ئینسکلۆپیدیایەکیان لەبارەی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی مێژووی ئیسلامی داناوە، لە سەرووی هەموویانەوە (زامباور) لە کتێبەکەی خۆیدا (معجم الانساب والاسر الحاكمة) و(ستانلی لین بول) لە کتێبەکەی خۆی (سلاطين الاسلام)، بەڵام ئەم دوو کتێبە، تەنیا بە دروستکردنی خشتەی بنەماڵە فەرمانڕەواکان وازیان هێناوە، بێ ئەوەی لە بارەیانەوە بچنە ناو زانیاری گرنگ، هەروەها ئەوان بەبێ جیاوازی باسیان لە بنەماڵە فەرمانڕەواکان کردووە، عەرب بن، فارس، تورك، یان کورد، واتە کتێبەکانیان بە تەنیا تایبەت نەبووە بە لێکۆڵینەوە لە هۆز و بنەماڵە کوردییەکانی مێژووی ئیسلامی.

ئەوەش ناشاردرێتەوە کە مێژووی کورد لە چاخی ئیسلامی ناوەڕاستدا، زۆر کێشەو ئاڵۆزی بۆ دروستدەبێت، چونکە چ نووسراوگەلێکمان لەبەر دەست دا نییە، کەهی دانەرە کۆنە پسپۆڕەکانی ئەم بوارەی مێژوو بن، ئەوەی هەشە، بە کەمی نەبێت تەنها ئەوەندەی پەیوەندی بە مێژووی سیاسی خەلیفە و سوڵتان و میر و فەرمانڕەواکانەوە هەبووە، لەو مێژووەدا، دەنا باسیان لە کورد نەکردووە، ئەمە دیارە بێجگە لە چەند دانراوێکی دەگمەن، لە بارەی هەندێ لە ناوچەکان کە کورد تێیاندا نیشتەجێبووە، وەکو (تاريخ اربل)ی (أبن المستوفي) و (تاريخ آمد وميافارقين)ی (فارقي)، هەروەها ئەوەش کە لە (أبن النديم) لە (الفهرست) و (حاجي خليفە) لە (كشف الظنون لبعض المؤلفات عن مناطق سكني الكرد كتاريخ اذربيجان لأبي الهيجاء الروادي وتاريخ أرّان للبرادعي (ت٣١٠هـ)..) و کتێبی (انساب الاكراد)ی (أبي حنيفە الدينوري) وکتێبی (القلاع و الاكراد)ی (مدائني) (٧٥٢- ٨٣٩ ز)، بەڵام بە داخەوە تەواوی ئەم دانراوانەمان بە دەست نەگەیشتووەو هەندێکیان لە ریزی کتێبە ونبووەکان ژمێردراون، خۆ ئەگەر بدۆزرابوونایەوە، ئەوا نادیارییەکانی مێژووی کورد و وڵاتەکەیانیان لە ماوەی مێژووی ئیسلامیدا ڕووندەکردەوە.

**د. حیسامەدین عەلی غالب نەقشەبەندی**

**سلێمانی ـ ٢٠٠٦/٩/٢**

# پێشەكی و سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەی هۆزە كوردییەكان

مێژووی تیرە و هۆزە كوردییەكان لە سەردەمی نوێدا هەر لە سەدەی نۆزدیەمەوە بووەتە جێی گرنگی پێدانی رۆژهەڵاتناس و لێكۆڵەران، لەم بارەیەوە كتێب و لێكۆلینەوەی زۆر بڵاوكراونەتەوە، لەوانە ئاماژە بۆ كارەكانی رۆژهەڵاتناسی رووسی پیوتەر لیریخ (P.Lerch) و رۆژهەڵاتناسی ئەمریكی هێنری فیلد (Henry Field) و كارەكانی رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانی و رووسی هەروەها ئەو راپۆرتە فەرمییانەش دەكەین كە هەر یەكە لە مارك سایكس (Mark Sykes) و مێجەر ئیلی بانستر سون (E. B. Soane) و ئەی. جەی. ئارِ (E.J.R) لە بارەی هۆزە كوردییەكانەوە بۆ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە بەغدا بەرزیان كردۆتەوە، هەروەها كارەكانی كابتن های و محەمەد ئەمین زەكی وعەباس عەزاوی و ولیام ئیگڵتن و هەندێكی دیكەش لەبەرچاو دەگرین.

لە گرنگترینی ئەو لێكۆڵینەوە بڵاوكراوانە لەسەر هۆزە كوردییەكان لە سەردەمی عوسمانی و نوێدا بە زمانی عەرەبی ئەمانەی خوارەوەن:

- بیوتر لیرخ، الأكراد واسلافهم الخالدين الشماليين، ترجمة د.عبدي حاجي (دمشق ١٩٩٢).
- الميجر سون واخرون، العشائر الكردية، ترجمة فؤاد حمه خورشيد، (بغداد ١٩٧٩).
- هنري فيلد، ئی. جی. ئار، مارك سايكس، العشائر الكردية (هۆزە كوردییەكان)، وەرگێڕانی: حسين أحمد جاف بۆ زمانی كوردی و بڵاوكردنەوەی لە دوو بەش لە (بغداد ١٩٨٦—١٩٩٢ز)، هەروەها وەرگێڕانەكەی (د. هەوراز سوار عەلی) بۆ لێكۆلینەوەكەی (مارك سایكس) بۆ زمانی عەرەبی بە ناونیشانی: القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية (دهوك ٢٠٠٢).
- محمد أمين زكي، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة ١٩٦١م.
- عباس العزاوي، عشائر العراق الكردية (بغداد ١٩٤٧).
- صديق الدملوجي وأحمد عثمان أبوبكر وإبراهيم الداقوقي ومهرداد آزادي، عشائر كردستان، مجموعة دراسات عن العشائر الكردية، منشورات رابطة كاوا (أربيل ٢٠٠١).
- وليام ايغلتون، القبائل الكردية، ترجمة احمد محمود خليل، مؤسسة موكرياني، ط١ (اربيل ٢٠٠٦).



**بە زمانی فارسیش بریتینە لە:**

- محمد كيوان پور مكری، عشاير كرد، (١) ايل سنجابی، كتابخانه دانش (تهران١٣٢٩ هـ. ش).
- سيد علي ميرنيا، ايل ها وطايفه های كرد ايران، انتشارات دانش (تهران (د.ت).
- ميرزا شكر الله سنندجي (فخر الكتاب)، عشاير وايلات وطوايفی كردستان ايران، وەرگێڕانی بۆ زمانی كوردی: (انور سلطانی)، لەژێر ناونیشانی: هۆز و تیرە و تایفەی كورد لە كوردستانی ئەردەڵان، بنكەی ژین (سلیمانی ٢٠٠٦).
- ايرج افشار سيستانی، مقدمه برشناخت ايل ها، چادرنشينان وطوايف عشايری ايران، چاب هما، چاب اول (تهران ١٣٦٦ هـ.ش).

بەڵام لە ماوەی چاخی ناوەڕاستدا، مێژووی هۆز و تایەفە كوردییەكان لە لایەن هەمووانەوە، گرنگییەكی ئەوتۆی پێنەدراوە، جگە لە لێكۆڵینەوەكانی رۆژهەڵاتناس مینۆرسكی (١٨٧٧-١٩٦٦) لە بارەی هۆزەكانی لوڕ و گۆران، لەگەڵ لێكۆڵینەوە پێشەنگەكەی (دكتور مصطفى جواد) لە بارەی هۆزی (گاوان)ی دێرین، كە لە بەشی یەكەمی بەرگی چوارەمی گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوبۆتەوە، لە پاشانیش كۆڕی زانیاری كورد لە ساڵی ١٩٧٣دا لە نامیلكەیەكدا چاپیكردۆتەوە، ئەمەش وەكو رێزگرتنێك لە چاكەی خوالێخۆشبوو و كۆششەكانی لە لابردنی تارماییەكانی سەر مێژووی ئەو هۆزە لەبیركراوە، كە تا ئێستاش لێكۆڵینەوەیەكی زانستی تەواو و گشتگیر لەسەر ئەو هۆزە نییە.

لەبەر هەموو ئەوانە ئەم لێكۆڵینەوەیە بە هەوڵێكی بەرایی دادەنرێت، بۆ ناساندنی هۆز و تایەفە و تیرە كوردییەكان لە ماوەی چاخەكانی ناوەڕاستدا، كە بە چاخی ئیسلامی دەناسرێت، واتە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تا سەرەتاكانی سەدەی دەیەمی كۆچی/ شانزەیەمی زایینی، ـ شەڕی چاڵدێران ٩٢٠ك/١٥١٤زـ كە زاراوەی مێژووی كوردی ناوەڕاستی بۆ بەكارهاتووە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە ناوی هۆزەكە دەگرێتە خۆ، لەگەڵ هەر گەشەكردنێك ئەگەر بەسەریدا هاتبێت، لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی و ئەو هەرێمەی هۆزەكەی تێدا ژیاوە، هەروەها لەگەڵ پوختەیەكی كورت لە مێژووەكەی و ژیاننامەی ناودارانی، بە پێی ئەو هێندەی كە لە سەرچاوە مێژووییەكان لەبەر دەستدا هەیە، كاتێكیش دێینە سەر ئەو هۆزە كوردیە گەورانەی دەسەڵاتێكی وەكو میرنشینێكی بچووكیان بۆخۆیان دروستكردووە كە دەشێت بە سەرۆكایەتی و كارگێڕیی خێڵەكییەكان ناویان بنێین، وەكو بوختی و بەشنەوی و جاوان و چۆپی و حەمیدی و قەیمەری و

ئەوانی دیکەش، باسەکانمان لە بارەیانەوە تا رادەیەك درێژتر کردۆتەوە، بۆ ئەوەی وێنەکە باشتر بکەوێتە بەرچاو و باسەکە سوودێکی زیاتر پێشکەشبکات، بەڵام نەچووینەتە ناو باسی مێژووی ئەو میرنشین و بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەوا ناسراوانەی مێژوو، کە لێکۆڵینەوەی زۆر و تێروتەسەلیان لەبارەوە کراوە، ماوەتەوە ئەوەش بڵێم، کە ناوی هەموو ئەو هۆزانەی لە بارەیانەوە نووسیومە، بە پێی ریزبوونی (ئەلیف بێ)، بە دوای یەکتریدا ریزم کردوون.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە بارەی هۆزە کوردییەکانەوە بە تەنها شتێکی کەم دەزانرێت، بۆیە پێکهێنانی بۆچوونێکی گشتی لە بارەی مێژوو و قۆناغەکانی گەشەکردن و هەل و مەرجەکانی ژیانی ئەو هۆزە کوردییانە لەو ماوەییەدا کارێکی زەحمەتە، چونکە ئەو زانیاری و هەواڵانەی لە بارەی ئەو هۆزانە هەن لەو ماوەیەدا، کەمن و ئەوەش کەهەیە بە نێو سەرچاوەکاندا پەرش و بڵاون، چونکە سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەن نییە لە بارەیانەوە، سەرچاوە مێژووییەکان مێژووی ئەو هۆزانەیان لەو ماوەیەدا فەرامۆش کردووە، ئەوەتا چەندین هۆز و تایەفەی کوردی هەیە، بە تەنیا ناوەکانیانمان پێگەیشتووە، هەندێ هۆز و تایەفەی تریش هەن، تەنانەت ناوەکانیشیانمان پێنەگەیشتووە، تەنیا بەڵگەش لەسەر بوونیان ئەو ناودارانەن کە دەدرێنە پاڵ ناوی هۆزەکانیان، بەڵام لە بارەی رەچەڵەك و مێژوو و ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان هیچ نازانین، بە بێجگەی هەندێ سەرچاوەش، ئەوا زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە بارەیانەوە هاتووە، لە پەراوێزی هەواڵە گشتیەکانەوە، یان لە درێژەی گوتەی مێژوونووس و گەڕیدە و بولدانیە موسڵمانەکان، یان لە کاتی گێڕانەوەی ژیاننامەیەك هاتووە، ئەمانەش زۆر جار ئاماژەی سەرپێیین و هەواڵی ورد نین، نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەندێ جار دروستیش نین، چونکە ئەو هۆز و تایەفانەی بەشدارییان نەکردووە لە دروستکردنی رووداوێکی مێژوویی دیاریکراو، یان لە بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستی لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی و والییەکانیان هەڵنەستاونەتەوە، یان ئەوانەی دەڤەرەکانیان رووبەڕووی شاڵاوی دەرەکی نەبۆتەوە، نە هەواڵیان و تەنانەت نە ناوەکانیشیانمان پێ نەگەیشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە زانیاری وەکو پێویست و سەرچاوەی پسپۆری و تایبەت هەیە لە بارەی هۆزە عەرەبی و تورکی و مەغۆلییەکان، سەرچاوەی زۆر بە تێروتەسەلی باسیان لە مێژووی ئەو هۆزانە کردووە، ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان دەستنیشانکردوون، کۆچ و کۆچڕەوییەکانیان بە درێژایی مێژوو تۆمارکردوون، ئەو تیرە و هۆزانەیان خستۆتەڕوو کە لەو هۆزانە بوونەتەوە، ئەوەتا لە کتێبەکانی: (الطبقات الکبری)ی (ابن سعد)، (کەلە ٢٣٠ك/ ٨٤٥ز، کۆچی دوایی کردووە) ـ (انساب الإشراف)ی (بلاذري)، (کە لە ٢٧٩ك/ ٨٩٢ز، کۆچی دوایی کردووە) ـ (تاریخ الطبري)ی



(طبری)، (کەلە ٣١٠ك/ ٩٢٣ز، کۆچی دوایی کردووە) ـ (نهایة الأرب في معرفة أنساب العرب وقلائد الجمان في التعریف بقبائل عرب الزمان)ی (قلقشندي) (کە لە ٨٢١ك/ ١٤١٨ز، کۆچی دوایی کردووە) و جگە لەمانەش زانیاری تێرو تەسەل و ورد لە بارەی رەچەڵەك و نیشتمانی هۆزە عەرەبییە جۆراوجۆرەکان و ئەو لقانەی لێیان بوونەتەوەو، هەروەها لە بارەی بنەماڵە عەرەبییەکان و بڵاوبوونەوەیان بە تەواوی جیهانی ئیسلامی دا لە دوای فتوحاتی ئیسلامییەوە هەیە.

لە کتێبەکانی (دیوان لغات الترك)ی (محمود الکاشغري) (کە لە دوای ٤٦٦ك/ ١٠٧٣ز کۆچی دوایی کردووە) و (جامع التواریخ)ی (رشید الدین فضل الله) (کەلە ٧١٨ك/١٣١٨ز، کۆچی دوایی کردووە) و (تاریخ طزیدە)ی (حمد الله المستوفي القزویني) (کە لە ٧٥٠ك/ ١٣٤٩ز، کۆچی دوایی کردووە) هەواڵ و زانیاری زۆر لە بارەی زۆربەی هۆزو خێڵ و هاوپەیمانیەتییە خێڵەکییەکانی تورکی و مەغۆلی لە وڵاتی ئەودیوی دەریاو تورکستاندا هەیە.

لەلایەکی ترەوە، زۆربەی ئەو دانراوە مێژووییانەی کەهەندێ لایەنی مێژووی کورد، یان مێژووی ئەو شارو هەرێمانەیان باسکردووە کە کوردی تێدا نیشتەجێبووە، دەربازیان نەبووە و لە ونبوون تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە کتێبی ونبوو دەژمێردرێن، لەوانە:

- کتاب القلاع والأکراد لأبي الحسن علي بن محمد المدائني (ت ٢٢٥هـ/٨٤٠م) (ابن الندیم، الفهرست، ص١٥٠).

- کتاب انساب الاکراد لأبي حنیفة الدینوري (ت٢٨٢هـ/٨٩٥م) او لابن قتیبة الدینوري (ت٢٧٦هـ/٨٨٩م)، اشارت الیه المراجع الفارسیة المتأخرة.

- تاریخ اذربیجان لابن ابي الهیجاء الروادي من امراء الروادیة الکرد اصحاب اذربیجان (٣٤٣-٤٦٨هـ/٩٥٤-١٠٧٦م) (الصفدي، الوافي بالوفیات، ٥٧/١).

ـ مێژوویەکی تر لە بارەی: اقلیم اذربیجان لفخر الدین ابي الفضل اسماعیل بن المثنی التبریزي الواعظ المتوفی في حدود سنة ٥٨٠هـ/١١٨٤م (ابن الفوطي، معجم الالقاب، ٥٦٣/٢-٥٦٤).

ـ تاریخ مراغة لابن المثنی (الوافي بالوفیات، ٥٧/١،حاجي خلیفة، کشف الظنون، ٢٧٥/١) ئەمەیان دەشێ هەر: (تاریخ اذربیجان) خۆی بێ، چونکە مەراغە لە شارە دێرینەکانی هەرێمی ئازەربێجانە.

هەروەها رای: (ابن الفوطي)کە لە (٧٢٣هـ/١٣٢٣ز، کۆچی دوایی کردووە) کە پێکدێت لە چەند بەشێك، بە خەتی (الفقیه مختص الدین ابو الخیر نعمة الله بن محمد

السلماسي) کە لە دەوروبەری ساڵی (٥٤٠هـ/١١٤٥ز) لە (سەلماس) نووسیوەتەوە، (معجم الالقاب، ١٤٩/٥) واتە: بەر لە مردنی (ابن المثنی) بە نزیکەی چل ساڵ، ئیتر ئەوەش نازانین، کە ئایا مەبەستی ئەو مێژووەیە، کە میری کوردی ناسراو بە (الامیر الروادی) دایناوە، یان ئەوەی (أبن المثنی) دایناوە؟.

- تاريخ آمد وميافارقين (تاريخ الفارقي) لابن الازرق الفارقي (ت بعد ٥٧٧هـ/١١٨١م).. لە ساڵی (١٩٥٩ز) ئەو بەشەی، کە تایبەتە بە میرنشینی مەروانی لە قاهیرە چاپکراوە.

- تاريخ اربل المسمى (نباهة البلد الخامل بما اورده من الاماثل) في اربع مجلدات لابن المستوفي الاربلي (ت٦٣٧هـ/١٢٣٩م).. تەنها دەستنووسی بەشی دووەمی ماوە و ساڵی (١٩٨٠) چاپکراوە.

- تاريخ آخر لمدينة اربل لأبي علي الحسن الاربلي (كشف الظنون، ٢٦٠/١) هیچ گومانی تێدا نییە، ئەمە (الحسن بن احمد بن زفر الاربلي الشافعي المتطبب) خۆیەتی، کە لە ساڵی (٧٢٦هـ/١٣٢٦ز) کۆچی دوایی کردووە، لە خوێندندا هاوڕێی (الذهبي)بووە کە لە (٧٤٨هـ/١٣٤٧ز، کۆچی دوایی کردووە)، وەکو دەڵێت: ئەو چەند کتێبێك و مێژوو و ژیانی پێغەمبەریشی (دروودو سلاوی خوای لەسەر) نووسیوە، لە نووسینەکانی جەختی لەسەر ژیاننامەی شاعیران و ناوداران و مردووەکانیان کردۆتەوە (الصفدي،اعيان العصر، ٥٧٥/٢، ابن كثير، البداية و النهاية، ١٢٥/١٤،أبن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة، ٧/٢_٨)، وەکو دەریش دەکەوێت،ئەمە کتێبەکەی خۆی وەکو (ابن المستوفی) ڕێکخستووە، یان لەوانەیە کردبێتییە (ذيلاً لتاريخ اربل لأبن المستوفي).

(الأربلي) دوایین ساڵەکانی تەمەنی لە دیمەشق بەسەربردووە، زۆرکاتێ کراوبووە، بە چاکییەکانی ئەوشارەو باشی ڕێکخستنەکەی، بۆیە نامیلکەیەکی لە بارەی ناوەندە زانستی و خزمەتگوزارییەکانی ئەو شارە داناوە، بەڕێز (محمد احمد دهمان) لە (دیمەشق) لە ساڵی (١٩٤٧)دا لەژێر ناونیشانی (مدارس دمشق وربطها وجوامعها وحماماتها) بە چاپی گەیاندووە.

- تاريخ آخر لمدينة آمد تأليف شرف الدين اسماعيل بن احمد بن علي الشيباني الآمدي (ت٦٧٧هـ/١٢٧٨م) (الذهبي، تذكرة الحفاظ، ١٤٦٨/٤).

- تاريخ خلاط لشرف بن ابي المطهر الانصاري (كشف الظنون، ٢٦٨/١).

- تاريخ حصن كيفا لحسن بن ابراهيم السي، (السخاوي) لە بارەیەوەی دەڵێت: ((خەڵکی حصن کیفایە، مامۆستاکەمان گوتی ـ واتە: (ابن حجر العسقلانی) (کە لە ٨٥٢هـ/١٤٤٨ز،



کۆچی دوایی کردووە) — ئەو مێژووییەکی بۆ کۆکردۆتەوە و لە ساڵی هەشتسەدو بیست و هەندێکدا، هەندێکی بۆ ناردم)) (الضوء اللامع، ٩٢/٣).

هەروەها موحەددیسی حەنبەلی (فخر الدين احمد کوڕی احمد کوڕی علي) (کە لە ٨١٧ك/١٤١٤ز کۆچی دوایی کردووە) و لە نەوەی (قازی صدر الدين عبدالملك کوڕی عیسای کوڕی درباس الماراني)ی (٥١٧-٦٠٥هـ/١١٢٣-١٢٠٨ز) قازی قوزاتی وڵاتی میسری سەردەمی سوڵتان (سەلاحەددینی ئەییووبی)یە، لە بارەی بنەماڵەکەیانەوە لە دەرباس بە ناونیشانی (بنو درباس) کتێبێکی داناوە، کە ئەو بنەماڵەیە لە بنەماڵە زانست پەروەرە ناسراوەکانی مێژووی ئەییووبی و مەملوکییەن، جگە لەمە کتێبێکی دیکەیشی لە بارەی (بنو العجمی) داناوە، کە ئەمەی دواییش بنەماڵەیەکی دیکەی کوردی سەر بە هۆزی (گۆران)ە، ناودارترین ناودارەکانیان بریتین لە: شێخ یوسفی کوڕی عەبدوڵڵای کوردیی (کە لە ساڵی ٧٦٨ك/١٣٦٦ز کۆچی دوایی کردووە). (المقريزي، درر العقود، ٢١٠/٢، الضوء اللامع، ٢١٦/١-٢١٧،١٠/٣٢-٣٣).

لەگەڵ (یوسفی کوڕی عەبدوڵڵای کوردی)کە ئەویش (لە ساڵی ٧٦٨ك/١٣٦٦ز، کۆچی دوایی کردووە). (المقريزي، درر العقود، ٢١٠/٢، الضوء الامع، ٢١٦/١-٢١٧،١٠/٣٢-٣٣).

دووانی دیکە لەو سەرچاوانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆزە کوردییەکان شایانی ئاماژەبۆکردنن، هەردوو کتێبی (مروج الذهب) و(التنبيه والإشراف)ی نووسەر و مێژوونووسی مەوسوعیی ناسراو (مەسعودی)یە (کەلە ٣٤٦ك/٩٥٧ز، کۆچی دوایی کردووە)، ناوبراو بە وڵاتی کوردانیدا گەڕاوە، چاوی بە سەرۆك هۆزە کوردییەکان کەوتووە و لە بارەی بنەچەی هۆزەکانیانەوە پرسیاری لێکردوون، ئەمە لە کتێبی یەکەمیدا کە لە سەرەوە خرایە بەر چاو، لیستێکی بە ناوی ئەو هۆزە کوردییانە تۆمارکردووە، کە لە ماوەی سەدەی چواری هیجری بەرانبەر بە دەیەمی زایینی لە هەرێمی چیاکان و ئازەربێجان و شارەزوور ژیاون، هەروەها هەواڵە گرنگ و گێڕانەوە ئەفسانەییە باوەکانی ئەو سەردەمەی لە بارەی بنەچەی ئەو هۆزانەوە لەو کتێبەیدا خستۆتە بەرچاو، لە کتێبی دووەمیشیدا ناوی هەندێ هۆزی دیکەی تۆمارکردووە، بەمەش دەبێتە یەکەم مێژوونووسی موسڵمان، کە لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکانی بۆ قسەکردن لە بارەی هۆزە کوردییەکانەوە تەرخان کردبێت، کە ئەوەی پێویستە بگوترێت، هەندێ لەو هۆزانەی لەو دوو سەرچاوانەدا، (مەسعودی) ناوی تۆمارکردوون، لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە ناویان نەهاتووەو هیچشتێك لە بارەیانەوە نازانرێت.

(شهاب الدين ابن فضل الله العمري) (کە لە ٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز، کۆچی دوایی کردووە)، کە لە ساڵانی نێوان (٦٤٨–٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز) نووسەر و مێژوونووس بووە لە (ديوان الإنشاء المملوكي) لە میسر و شام، ئەمە لە گرنگترینی ئەو مێژوونووسە موسڵمانانەیە، کە گرنگییان بە مێژووی هۆز و بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکانی ماوەی دەسەڵاتی مەغۆلی لە (جبال الأكراد – کوردستان)داوە کە لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا (مسالك الأبصار) بە شێوەیەکی تێروتەسەل لە بارەی ئەو هۆز و بنەماڵانە و سەرۆکەکانیان و موڵك و ماڵەکانیان دواوە، بەمەش هەواڵ و زانیاری دەگمەن و شیاوی گرنگیپێدانی خستۆتە بەر دەست. جگە لەمانەش لە کتێبێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (التعريف بالمصطلح الشريف)، زانیاری دیکەی لە بارەی کورد و هۆزەکانیان تۆمارکردووە و دەبینین، هەروەها لە دواتردا (قلقشندی) (کە لە ٨٢١ك/١٤١٨ز، کۆچی دوایی کردووە) هەموو ئەو زانیاریانەی (عومەریی) لە بارەی کوردەوە تۆماری کردوون، ئەویش گواستوونیەتییەوە نێو کتێبەکەی خۆی (صبح الأعشى).

مێژوونووسی میسری ناسراو بە (مەقریزی) (کە لە ٨٤٥ك/ ١٤٤١زکۆچی دوایی کردووە، ئەمیش لیستێکی بە ناوی بیست و سێ هۆزی کوردی لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی (خطط القاهرة)ی ناسراو بە (خطط المقريزية)دا تۆمارکردووە، هەر هەمان ئەو لیستەی، لە لاپەڕەکانی پێشەوەی کتێبە مێژووییە گەورەکەشی کە بریتییە لە (السلوك لمعرفة دول الملوك)، دووبارە بڵاوکردۆتەوە، لەم کارەیدا چاوی بەوەدا خشاندووە کە (مەسعودی) لەبارەی هۆزە کوردەکانەوە تۆماری کردووە، ئەمیش شتی لە (مەسعودی) گوازتۆتەوە و لە لایەن خۆشییەوە ناوی چەندین هۆزی دیکەی زیادکردووە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ناسراو و خاوەن پێگەیەکی سیاسی بوونە.

هەندێکی دیکە لەو سەرچاوانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەیان دەوڵەمەند کرد و لە بارەی هۆزە کوردییەکانەوە زانیارییان پێبەخشی، بریتینە لە کتێبەکانی:

(المسالك والممالك)ی، کۆچی دوایی کردووە (ابن خرداذبه)ی (کە لە ٢٨٠ك/٨٩٣ز کۆچی دوایی کردووە) و (مسالك الممالك)ی کۆچی دوایی کردووە (اصطخري) (کە لە پاش ٣٤٠ك/٩٥١ز کۆچی دوایی کردووە) و (صورة الأرض)ی (ابن حوقل)ی (مردوو لە ٣٦٧ك/٩٧٧ز)، و (تجارب الأمم)ی (مسكويه)ی (کە لە ٤٢١ك/ ١٠٢٩ز کۆچی دوایی کردووە) و (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير)ی (کە لە ٦٣٠ك/١٢٣٢ز کۆچی دوایی کردووە) و (مجمع الآداب في معجم الالقاب)ی (ابن الفوطي) (کە لە ٧٢٣ك/١٣٢٣ز کۆچی



دوایی کردووە) و (الدرر الكامنة)، (ابن حجر العسقلاني)ی (کە لە ٨٥٢ك/١٤٤٨ز، کۆچی دوایی کردووە) و (كتاب دياربكرية)ی (أبي بكر الطهراني) کە لە ساڵی ٨٧٥ك/١٤٧٠زایینی بە زمانی فارسی نووسیویەتی، لەگەڵ کتێبی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی)، (کەلە ١٠١٠ك/ ١٦٠١ز کۆچی دوایی کردووە) و بێجگەی ئەمانەش، چونکە لە راستیدا لەو کتێبانەدا زانیاری و گێڕانەوەی هێندە بەسوود لە بارەی هۆزە کوردییەکانەوە هەن، ناشێن فەرامۆش بکرێن.

ئەوەی پەیوەندی بە هۆزەکانی کوردە لوڕەکانیشەوە هەبێ، ئەوا (حمد الله المستوفي) لە کتێبی (تاريخ كزيده)یدا ناوی ئەو هۆزە کوردییانەی تۆمارکردووە، کە لە سەرەتاکانی سەدەی شەشی هیجری بەرامبەر بە دەی زایینی لە (چیای سماق)ی وڵاتی شامەوە بەرەو لوڕستانی گەورە کۆچیان کردووە و لە دەوری میر (هەزار ئەسپی فەزڵەوی) گردبوونەتەوە.. هەروەها پەردەی لەسەر ناوی زیاتر لە بیست هۆز و تایەفەی کوردی هەڵماڵیوە کە لە هەرێمی لوڕی بچووك نیشتەجێ بوونە، وایداناوە کە ئەمانە لە خەڵکانی سەر بە میرنشینی خورشیدی بوون، تەواوی ئەمانە پێشتر هەواڵیان نەبووە، پاشتر هەر یەکە لە (معين الدين نطنزي) (کە لە دوای ٨١٧هـ/١٤١٤ز کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبەکەیدا (منتخب التواريخ معيني) و (خواندمیری)یش (کە لە ٩٤٢هـ/١٥٣٥ز کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبی (حبيب السير) و (شەرەفخانی بەدلیسی) لە لێدوانەکانی خۆیان لە بارەی میرنشینی لوڕی فەزڵەوی زانیارییان لە (تاريخ كزيده) وەرگرتووە و وەکو خۆی گوازتوویانەتەوە نێو کتێبەکانی خۆیان.

(شەرەفخان) زیاتر لەوانەی پێشووی، زانیاری گرنگ و هەواڵی دەگمەنی لە بارەی هۆز و خێڵ و تایەفە و گردبوونەوە هۆزەکییە کوردییەکان تۆمارکردووە، کە ئەمانە زۆربەیان زانیاری نوێن و بە سروشتی حاڵ دەگمەنیشن، بۆیە چاکەی ئاشکراکردنی ژمارەیەکی باش لە هۆز و تیرە کوردییەکان بۆ (شەرەفخان) دەگەڕێتەوە، کە ئەمانە لەلایەن نووسەرو مێژوونووسانی پێش (شەرەفخان) ناسراو نەبوون و سەرچاوە مێژووییەکان لە ناو و هەواڵیان خاڵی بوون، دیسانەوە ئەم کتێبەی (شەرەفخان) پڕە لە زانیاری شیاو بە لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆچ و گوێزانەوە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکەی (هۆزە کوردییەکان) و ململانێی ناوخۆییان و ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی بەسەریاندا هاتووە، کە بە هۆیانەوە مێژوو و بار و شوێنی نیشتەجێ بوونیان کارتێکراو بووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

# هەندێك تێبینی گشتی لە بارەی هۆزە كوردییەكان

زانیاری باوەڕپێكراوی مێژوویی لە بارەی ڕێكخستنە كۆمەڵایەتی و ئابورییەكانی هۆزە كوردییەكان بە شێوەیەكە كە وەكو نەبوو وایە، بەڵام دەشێت بگوترێت بەشێكی گەورەیان خەریكی ژیانی ئاژەڵداری و كۆچەری بوونە، بەشێوەیەكی سەرەكی ئابورییەكەیان بریتی بووە لەو لەوەڕگا و ئەو ئاژەڵانەی هەیانبووە، ئەمانە بە دوای پاوان و لەوەڕگاوە گەرمیان و كوێستانیان كردووە، لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار بەرەو زۆزان (كوێستان)ەكان چوون، ئەم ناوچانەش لە قەدپاڵ و دامێنی چیاكانیاندا لەوەڕ و ئاوێكی سازگاریان هەبووە، كاتێكیش وەرزی پایز هاتووە و هەوا ساردی كردووە و لەوەڕ لە كوێستان كەمی كردووە، بەرەو گەرمیان و دەشتەكان هاتوونەتەوە خوار و هەریەكەو چووەتەوە گوندەكەی خۆی، چونكە هەر هۆزەی شوێن و لەوەڕگای تایبەت بە خۆی هەبووە. (ابن حوقل، صورة الأرض، ص ٢٦٣، الأدريسي، نزهة المشتاق،٤١٨/١، ياقوت الحموي، معجم البلدان،١٥٩/٣).

هەر لە كۆنەوە لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستاندا پاوانی زۆر لە ناوچە شاخاوییەكاندا بەدی كراوە، گەلێ سەرچاوە ئاماژەیان بۆ كردووە، لەوانە: (رشيد الدين فضل الله، جامع التواريخ، ص٦٩٨، حمد الله المستوفي، نزهة القلوب، ص ١٤٦، ١٥٤، ١٦٠، البدليسي، شرفنامە، ص٤٤٤، ٥٩٥)، هەروەها ژمارەیەك لەوەڕگای زستانە هەبووە، وەكو دەشتی بەرفراوانی موش (أبو الفداء، تقويم البلدان، ص٣٩٣، شرفنامە، ص٥٩٣)، كە ئەمە گەورەترین و فراوانترین لەوەڕگای زستانەیە لە كوردستاندا، جگە لە چەند لەوەڕگایەكی دیكەش لە هەواری زستانەی ئاژەڵداران، ئەوەتا ناوچە دەشتاییەكەی نێوان هەردوو زابەكانی ژێری و ژوور و لەوەڕگای هۆزی هەزبانی بووە. (صورة الأرض، ص٢٠٥). هەروەها ژمارەیەك هۆزی دیكە كە ئەوانیش ڕێژەیان كەم نییە، نیمچە، یان تا ڕادەیەك كۆچەر بوونە، خەریكی كشتوكاڵ بوونە، لە پاڵ كشتوكاڵیش ئاژەڵدارییان كردووە، ئەوەتا ناوچەی شارەزووری پارێزگای سلێمانی، لە پێشوودا ((زستانە هەواری شەست هەزار ماڵە كوردی جەلالی و باسیانی و حەكەمی و سەولی بووە و كێڵگەی زۆریان هەبووە تیایدا)) (مسعر بن مهلهل، الرسالة الثانية، ص ١٠، معجم البلدان، ٣٧٥/٣)،



كوردی كەیكانیش (كەیكی) و توركمانەكان لە وەرزی بەهاردا لەوەڕگاكانی زستانەی خۆیان لە دەوروبەری موسڵ جێدەهێڵا و بەرەو زۆزانەكان دەهاتن، بۆیە مەڕەكانی خۆیان هەرزانفرۆش دەكرد. (ابن الأثير، الكامل، ٣٧٥/٩).

لە دەستنووسێكی ئارامیشدا كە (رامیشۆعی راهیب) لە ساڵی (٨٥٥ك/ ١٤٥١ز)ی نووسیویەتی، ئەوە هاتووە، كە: كوردی تیراهی لە ئیزیدییەكانن، هاوینان لە زۆزانەكانن و لەگەڵ سەرەتای مانگی تشرینی دووەمیش بەرەو دەوروبەری موسڵ دەكشێن (عبد الرزاق الحسني، اليزيديون، ص١٧).

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەكی گەورەی كوردان لە شار و شارۆچكە و قەڵاو گوندەكاندا نیشتەجێبوونە، لەگەڵ كۆمەڵگای مەدەنیدا تێكەڵاوبوونە، خەریكی پیشە و كاری دەستی و بازرگانی و كاری دیكەی جۆراوجۆر بوونە. لەگەڵ مانەوەی ئینتیمای هۆزایەتیش، ئینتیمای دیكەش بۆ ئەو شارەی تیای نیشتەجێبوون، سەریهەڵدا، وەكو ئەربیلی و ئامەدی و ئەرمەوی و دینەوەری و شارەزووری، هەروەها ئینتیما بۆ پایەو پیشەش پەیدابوو، وەكو: حاجب ومهماندار وطبردار، لەگەڵ ئینتیما بۆ باوانیش وەكو: ئیبن و صەلاح و ئیبن و خەلەكان و ئیبن و خەل و ئیبن و كرِ.

زۆربەی هۆز و تایەفە كوردییەكان پارێزگارییان لە ناوە مێژووییە رەسەنەكەی خۆیان كرد كە هەندێ لەو ناوانە كۆن بوون، دەشێت بۆ مێژووی بەر لە دەركەوتنی ئیسلام بگەڕێنەوە، وەكو: گاوان و بوختی و بەشنەوی و رەهزادی و هەزبانی و دەنبلی و بەرزیكانی و گۆران و كەیكان و شێرۆیان و هی دیكەش. هەندێ هۆزی دیكەش ناوی عەرەبی ئیسلامییان بۆخۆیان هەڵگرت، وەكو: حەمیدی و حەكەمی و سلێمانەیی و زەرقی، ئەوەی سەیریش بێت، هەندێ هۆز هەیە، ناوی تەواو عەرەبییان هەیە، كە لە هەمان كاتدا ناوی هەندێ هۆزی عەرەبی ناسراویشن، وەكو: قورەیشی و قەحتانی و مالیكی، بەڵام سەرچاوەكان جەخت لەسەر كوردبوونیان دەكەنەوە.

دەبێ ئەوە بڵێین، كە مێژوونووسان ناوی ژمارەیەك هۆزیان بە شێوەیەكی هەڵەو شێواو نووسیوە، بە شێوەیەك، هەندێجار زەحمەتە راستبكرێنەوە، بۆ نمونە: ناوی هۆزی (دەنبلی) لە كتێبی (مروج الذهب)ی (مەسعودی) بە شێوەیەكی كۆكراوەی هەڵە هاتووە، دەڵێت: (دەبابیلە)، بەڵام راستییەكەی (دەنابیلە)یە، كە كۆی (دەنبلی)یە، هەر ئەم ناوە لە سەرچاوەكانی دیكەش دیسانەوە بە هەڵە دووبارە كراوەتە: (دیبلی) و (دەنلی).. ناوی هۆزی

(لوڕ)یش بە ((لوزبە) هاتووە، (زێباری)ش کراوەتە (بابیری) یان (باسیری) و (لوینی)ش لە ((صبح الأعشی)ی (قلقشندی) کراوەتە: (لۆسە).. لەبەر ئەوەی ناوی هۆزەکان زۆربەی جارەکان کوردین، بۆیە لەلای مێژوونووسان و ئەوانەی کتێبەکانیان نووسیونەتەوە، بە دروستی تۆمارنەکراون، هۆزی دیکەش هەن، وەکو (غریە) و (سینیە) و (عەیشانیە) و (شمردلیە) و هی دیکەش، چ گومانمان لەوەدا نییە، کە ئەو ناوانەی کە بۆیان دانراوە دروست نین، بەڵام مەحاڵە بگەینە ناوی دروستیان.

لە لایەکی دیکەوە ناو و وەسفی هۆزە کوردییەکان لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە: (قبیلە، قبیل، جیل، طائفة، صنف، بطن) هاتووە، بەبێ هیچ جیاوازیکردنێك لە نێوان واتای هەر یەکە لەمانە. لە سەرچاوە مەملوکییەکانیش هەواڵ و ئاماژەی سەیر و زانیاری وەها دەکەوتە بەرچاومان، لەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەوان هێندە گرنگییان بە میللەتانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی نەداوە و شارەزاییان لە بارەیانەوە نەبووە، بۆ نموونە: (نویری) (کە لە ٧٣٣هـ/١٣٣٣ز) کۆچی دوایی کردووە، جیاوازی لە نێوان کورد و کەرەج (گورجەکان)دا نەکردووە و دەڵێت: کەرەجەکان تایەفەیەکن لە کوردان، تورکن).. بڕوانە: (نهایة الارب، ١٣١/٩).. (عومەری)ش هەرچەندە ئاگادارییەکی فراوانی لەبارەی کوردانەوە هەبووە، بەڵام هاتووە هەمان ئەو زانیارییە هەڵەیەی پێشووی دووبارە کردۆتەوە، گوتوویەتی: (بە موسڵمانانی کورد و بە دیانەکان دەگوترێت: کەرەج). بڕوانە: (التعریف، ص٧٨).

(دواداری)ش (کە لە ٧٣٦ك /١٣٣٥ز) کۆچی دوایی کردووە وای گومان بردووە کە وشەی (اکراد) ناوێکی تاکە و کە کۆبکرێتەوە، دەبێتە (اکارید) (الدر الفاخر في سیرة الملك الناصر، ص٤٤)، ((ئەوانیش تەنیا لە چیاکان دەحەوێنەوە.. لەوانەیە یەهودیشیان هەبێت، هەر خوا ئەوە دەزانێت)) (شیخ الربوة، نخبة الدهر، ص٣٣٦) و ((لە عەجەمەکانی رۆژهەڵاتن.. هەروەها زۆرینەی خەڵکەکەشیان کۆچەرین، شوێنی باران بۆ ماڵاتەکانیان هەڵدەبژێرن، خەیمەی لە لوا دروستکراو بۆ نیشتەجێبوونیان بەکاردێنن، هەموو کەسابەتەکەیان لەو ماڵاتەی هەیانە، بریتییە لە مەڕ و مانگا)) (تاریخ ابن خلدون، ١٤٩/٧)، (ذهبي)ی (لە ٧٤٨ك/١٣٤٧ز کۆچی دوایی کردووە) لە بارەی کوردانەوە دەڵێت: ((وەکو ئەعرابەکان لە چیاو دۆڵەکان دەژین و خەڵکێکی زۆرن)) (المشتبه، ٥٤٩/٢، ابن حجر، تبصیر المنتبه، ١٢١٣/٣)، بەڵام (سمعانی)ی (لە ٥٦٢ /١١٦٧ز کۆچی دوایی کردووە)، لە بارەیانەوە دەڵێت: ((دادەبەزنە بیابانەکان و هەندێکیان لە گوندەکاندا نیشتەجێبوونە)) (الانساب، ٥٤/٥)، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە کوردستان لە سەردەمی ئەواندا سەدان شار و شارۆچکەو گوندی پڕ لە خەڵکی لەخۆگرتووە.



گومانی تێدا نییە، کە ژمارەی ئەو هۆزە کوردییانەی ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیانگرێتەوە، بە تەواوی چەسپاو نییە، ئەمەش بێگومان شتێکی ئاساییە، بۆیە هەندێك هۆر پەیدابوونە و هەندێك هۆزی دیکە لەناوچوونە، یان بە ناوێکی ترەوە ناسراون، هۆزە گەورەکانیش تیرەو لکی دیکەیان لێبۆتەوە، دواتر وای لێهاتووە، هەر یەکە لە تیرەکان بووەتە هۆزێکی سەربەخۆ، ئەوەتا چەندین هۆزی وەکو: گاوانی، هەزبانی، حەمیدی، بەرزیکانی، لە سەردەمی عەباسیدا ناسراو و بەهێز بوونە، دەسەڵات و هێز و موڵکی فراوانیشیان هەبووە، لە پاشان لە سەردەمی مەغۆلی و تورکی بە تەواوی ونبوونە، ئیتر نە ناو و نە هەواڵیان نەماوە، ئیتر دیارە چ گومان لەوەدا نییە کە هۆی ئەم ونبوونەیان هۆی سیاسی و ئابوری پشتکشێن بووە، لە پێش هەموویان هاتنی شاڵاوە سەربازییەکانی تورکی و مەغۆلی و تەیموری و تورکمانی بووە، بە درێژایی چوار سەدە، لە سەدەکانی (٥–٩ك/١١–١٥ز)، کە ئەم شاڵاوانە بە سروشتی حاڵ زیانی ماددی و مرۆیی بەرچاویان بە هۆزە کوردییەکان گەیاندووە، کۆتاییان بە دەسەڵاتەکانیان هێناوە و لە ناوچەکانی خۆیان رایانماڵیون، ناچاریان کردوون کە زێدی خۆیان جێبێڵن و بە دوای ناوچەی نوێی ئارامدا بگەڕێن، لە بەرامبەریشدا، لە ماوەی سێ سەدەی دوایی چاخی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێك هۆزی دیکە دەرکەوتوون، لە سەردەمی عەباسیدا نەناسراون، یان ئەوسا بەناوی دیکە ناسراون.

دیارە راست نییە هۆی هەموو ئەوەی بەسەر ئەو هۆزە کوردیانەدا هاتووە لە کۆچپێکردن و دەربەدەرکردن و تێکدانی ئەوەی هەیانبووە بە تەنیا بۆ هۆکاری دەرەکی بگێڕدرێتەوە، چونکە ململانێ کۆن و ریشەدارەکانی ئەو هۆزانە لە نێوان خۆیان لەسەر لەوەڕگا و سەرچاوەکانی ئاو و شەڕە بەردەوامەکانیان لەسەر دەسەڵات و پێشەوایەتیکردن و ناکۆکییەکانیان لەسەر سنوورەکانیان کە ئەم ناکۆکییانە چ چارەسەریەکیان نەبووە، جگە لەمانە ((پەرتەوازەیی راو بوونی زیاتر لە یەك وتار))یش، هەموو ئەوانە لە فشارو هۆکارە دەرەکییەکان کەمتر نەبوون، بەڵکو هۆکاری زۆر کاریگەربوونە لە مێژووی ئەو هۆزانە، بە شێوەیەکی قووڵ کاریان لە ژیان و بوونیان کردووە، بە شێوەیەك شوێنەواری ئەو زیانانەی لەم رووەوە بەر ئەو هۆزانە کەوتوون کاریگەریان لەسەر تەواوی مێژووی کورددا جێهێشتووە، دیارە شمشێری هەڵکێشراوی فیتنەش ئامادەیی بەهێز و بەردەوامی هەبووە، لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان ئەو هۆزانە، کە ئەوە هۆکارێکی تەنیا بووە، لە یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەو هۆزانە.

ناکۆکی نێوان هۆزەکانی دەوروبەریش بە سروشتی حاڵ بووەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ و بەیەکدادانی نێوان ئەو بەیەکناکۆکانە، لەم رێیەوە ئەوەی لە هەردوو لا کوژراوە، کوژراوە،

سەرچاوە مێژووییەکان هەواڵی ئەو ناکۆکیانەمان بۆ دەگێڕنەوە، کە شەڕ و بەیەکدادانی لێ کەوتۆتەوە، وەکو ناکۆکی نێوان: (بەزریکان _ شازنجان) و (بەزریکان _ کوران) و (جهاربەختی _ بەشنەوی) و (بەختی _ هەکاری) و (سەهرانی _ بابانی) و (ڕوزەکی - بازوکی) و (زێباری - مازنجانی) و (مەحمودی - دنبلی) و هی دیکەش.. بڕوانە: (مؤلف مجهول، مجمل التواريخ والقصص (بە زمانی فارسییە)، ص٤٠١، الكامل، ٢٧٣/٨، ٢٨٠، ٦٩/٨-٧٠، ابن فضل الله العمري، مسالك الابصار (مخطوط)، ١٣٢/٣، التعريف بالمصطلح الشريف، ص٥٨، شرفنامە، ص٣٧٤-٣٧٦، ٥١٨-٦٨٤،...).

میر شەرەفخانی بەدلیسی شانازی بە میر (شەرەفخان)ی باپیری دەکات، سەرسامی خۆی بۆ ئازایەتییەکەی دەردەبڕێت، لەوەی کە هەڵساوە بە تێکشکاندنی دوژمنەکانی لە هۆز و خێڵە کوردییەکان و تۆڵەلێسەندنەوەیان، دەڵێ: ((هیچ هۆز و خێڵێك نەبووە دەستدرێژی کردبێتە سەر باب و باپیرانی، ئیللا شەرەفخان تۆڵەی لێوەرگرتوونەتەوە، لەم ڕووەوە چ داخێکی لە دڵی خۆی نەهێشتووە))، ئینجا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن باپیرەی (بازوکی)یەکانی لەناوبردووە، ((بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی، ئەوە پیاوە، یان ژنە، یان منداڵە، یان پیر و بەساڵاچووە))، تەنانەت ئاگری بەرداوەتە ئەو ئەشکەوتەش، کە هەندێ لەوانەی ئەو هۆزە لە شمشێری پیاوەکانی دەربازیان ببوو و پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو، ئیتر ((تەنها پیرێك دەنا هیچ یەکێکی لە دەست دەرباز نەبووە))، لێرەدا شەرەفخان (بازوکی)یەکان بە قەومی عاد و تورەیی باپیرەشی بە ڕەشەبای (سەرسەر)ی لەناوبەر وەسفکردووە. (شرفنامە، ص٦٨٣-٦٨٤).

وەکو تێبینی دەکرێت، تەنانەت ئەو کۆمەڵە و تایەفە و هۆزە کوردیانەی وڵاتی خۆیان جێهێڵاوە و چوونەتە غەریبایەتی بۆ وڵاتەکانی شام و میسر و وازیان لە ململانێ کۆنەکانیان و هۆکارەکانی پەرتەوازەبوونیان نەهێناوە، بۆیە (عومەری) ڕاستی هێناوە، کە لە بارەیانەوە دەڵێت: ((ئێستاش شمشێرەکانیان لێکتری هەڵکێشراوە، خوێن ڕێژیان لە نێواندا هەر ماوە.......)) (التعريف، ص٥٨)، بۆ نموونە: (باپیری) و (لاوینی) کە دوونە لە هۆزەکانی (شارەزوور)و بە هۆی شاڵاوەکانی مەغۆل بۆ سەر وڵاتەکەیان بە هەزارانیان لێ دەربەدەربوو، ڕوویانکردە وڵاتەکانی شام و میسر، تا سەرەنجام لە (مەغریب) گیرسانەوە، ململانێ کۆنەکانیان لەگەڵ خۆیان گوازتەوە ئەو وڵاتە، ئەوەبوو لە ساڵی (٦٧٤ك/١٢٧٥ز)ی، لە شاری (فاس)دا شەڕیان لە نێوان بەرپابووەوە، لەو شەڕەدا تیر و کەوان بەکارهێنراو ((خەریکبوو فیتنەکەی نێوانیان وەکو ئەوساتەی لێبێتەوە، کە لە وڵاتی خۆیان لە نێوانیاندا بوو)) (تاريخ ابن خلدون، ١٥٠/٧).



ژمارەی هۆز و تایەفە و کۆمەڵە کوردییەکان لە چاخی ناوەڕاست زۆر زیاتر بووە لەوەی لێرەدا تیشکیان خراوەتە سەر، چونکە ئەوان ((خەڵکێك بوونە نەکراوە ئامار بکرێن و میللەتانێك بوونە نەکراوە لە (ژمارەیەك) کورتبکرێنەوە)) (التعريف، ص١٤٩)، ئەوەتا (مەسعودی) کە لە ماوەی سەفەرەکانیدا چۆتە قووڵایی ناوچە شاخاوییە کوردییەکان، بە ناوهێنانی هۆزە گەورەکانی نیشتەجێی هەرێمی (چیاکان) و (شارەزوور) و (ئازەربێجان) وازیهێناوە، ئیتر نە باسی هۆزە بچووکەکانی ئەو هەرێمانەی کردووە، نە باسی ئەو هۆزانەشی کردووە کە لە هەرێمەکانی دیکەی وڵاتی کوردان بوونە، یانیش دەشێت ناوی هەندێکیانیشی بردبێ، بەڵام زانیارییەکانی بە دەستمان نەگەیشتبن، چونکە بە پێی گوتەی (شیخ الربوة الانصاري)ی (مردوو لە ٧٢٧هـ/١٣٢٧ز): (مەسعودی) لە کتێبەکانی خۆیدا ناوی سێسەد تایەفەی کوردیی هێناوە. (نخبة الدهر، ص٣٣٦).

بەڵام (ابن فضل الله العمري) جەختی لەسەر هەواڵی هۆز و بنەماڵە دەسەڵاتدار و پایەدارەکان کردۆتەوە، ئەوانەی قەڵاو سوپای نیزامی هەمیشەییان هەبووە، ئەوانەی دەشێن دەوڵەتی مەملوکی سوودیان لێوەربگرن و لە ململانێکانیان لەگەڵ مەغۆل، کۆمەکی سوپایی و زانیاری هەواڵگریان لێ بەدەست بێنن، بۆیە زانیاریەکانی لە شێوەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلە لە بارەی هێزی سەربازی و توانای شەڕکردنی ئەو دەسەڵاتدارە هۆزەکییە کوردیانە، ئەوەتا دەڵێت: ((لە هۆزەکانیاندا تەنیا ناوی ئەوانەم هێناوە، کە شارەزاییم لە بارەیانەوە هەبووە، بە تەنیاش ناوی ئەوانەم بردووە، کە موڵك و میرایەتیان هەبووە... ئەو دیو دەریاش جێدێلین (؟) لە دیجلەوە تا فوراتی، ئەمە لەبەر کەمی ئاشنایەتیم پێیان، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوەندەیش کە باسم کردووە ئەوە پوختەی مەبەستە)) (مسالك الابصار، ١٢٥/٣).

(شەرەفخانی بەدلیسی)ش وازی لە ناوهێنانی زۆرێك لە تایەفە و هۆزە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هێناوە، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەوەکو باسەکەی درێژببێتەوە و خوێنەر وەڕس بکات، ئەمە جگە لە بیست و چوار هۆزی کوردی نیشتەجێبووی ویلایەتی نەخجەوان (شرفنامە، ص ٥٥٢)، گردبوونەوەی خێڵەکی (سلێمانی ـ سلێڤانی)ش بە تەنیا زیاتر لە سەد خێل و تیرەی لەخۆ دەگرت (شرفنامە، ص ٤٤٤).

ئەولیا چەلەبی لە سەدەی هەڤدەیەم دەڵێت: ((شەش هەزار هۆز و خێڵی کوردی لە نێو شار و چیاکانی کوردستان دادەژین)) (سیاحتنامە، لا ٩١).

(ف. دیتیل)ی رۆژهەڵاتناسی رووسیش لە گەشتەکانی بە کوردستانی عوسمانیدا، کە سێ ساڵی نێوان (١٨٤٢-١٨٤٥ز)ی گرتۆتەوە، تێبینی و زانیاری مەیدانی لە بارەی نزیکەی (٢٥٠-٣٠٠) هۆزی کوردیی نیشتەجێبوو لە ویلایەتەکانی دیاربەکر و ئورفە و ماردین و نەسیبین و ویلایەتی دیکە تۆمار کردووە. (بەرکوتیکی خەرمانی کوردناسی، لا ٧٩، دانتسیغ، الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ص٢٣٩).

رۆشتنی هۆز و بنەماڵە و کۆمەڵە کوردییەکان بەرەو شام و میسر بۆ چەند سەدەیەك بەردەوامی هەبووە و بە چەند چینێکیش بووە، دیارە شاڵاوە سەربازییە بەردەوامەکانی هۆز و نەتەوە تورك و مەغۆلی و تەتارییەکان بۆ سەر کوردستان کە هەمیشە ئەو شاڵاوانە تەوژمێکی مرۆیی گەورەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، بەهێزترین هۆکاری ئەو کۆچەی کوردان بووە، گرنگترین شاڵاوەکانی بۆ سەر کوردستان لە لایەن ئەمانەوە کراوە:

- تیپە مورتەزەقە تورکەکان بە درێژایی سەدەکانی (٣ك/٩ز).
- داگیرکاری تورکەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٥ك/١١ز).
- سەلجوقییەکانی نیوەی دووەمی ئەو سەدەی پێشوو.
- کۆمەڵی مەغۆلە هێرشهێنەکانی بە درێژایی سەدەی (٧ك/ ١٣ز).
- تورکمانی قەرە قۆینلۆ لە ماوەی سەدەی (٨-٩ك/ ١٥ز).
- شاڵاوە وێرانکەریەکانی تەیمور لەنگ لە ماوەی نێوان (٧٨٩ — ٨٠٧ك/ ١٣٨٧ — ١٤٠٥ز).
- تورکمانەکانی ئاق قۆینلۆ بە درێژایی سەدەی (٩هـ/ ١٥ز).

لە لایەکی ترەوە، کە ئەییووبییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی فەرەنجە خاچپەرستەکاندا سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامییان گرتە ئەستۆ، خەڵکێکی زۆری هۆزە کوردییەکان پەیوەندییان پێوەکردن و لە نێو ریزەکانی سوپای ئەیووبیدا خۆیان رێکخست، لە هەموو ئەو شەڕە جیهادیانەی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، یان پاشا ئەیوبییەکانی تر سەرکردایەتییان دەکرد، رۆڵیان دیاربوو و گورزێکی گەورەیان لە دوژمنان وەشاند.

کۆچەرو موجاهیدە کوردەکان لە شارەکانی شام و میسری وەکو: دیمەشق، حەلەب، قودس، خەلیل، حومس، قاهیرە، مقس جگە لەوانەش رەوەندی کوردی گەورەیان پێکهێنا، لە نێویاندا زاناو فەقێ و وتار خوێن و خاوەن قەڵەمی باش هەڵکەوتن، هەندێ کۆمەڵیش لەو رەوەندانە پەیوەندییان کرد بە رێکخستنەکانی سوپای ئەیوبی و مەملوکی و دامەزراوە کارگێڕی و داراییەکانی دەوڵەت، هەروەها میر و سەرکردە و والی و کەسانی کارگێڕو خەڵکانی خاوەن



شمشێری بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت، کە هەموو ئەوانە پارێزگارییان لە بنەچە کوردی و ئینتیما هۆزەکییەکانی خۆیان کرد، لە رێگەی خوێندنەوەی ژیاننامەکانیان لە سەرچاوە میسرییەکاندا بۆمان دەرکەوت کە ئەمانە سەر بە هەندێ هۆز و خێڵی وەکو: شەنبەکی و جاك و بەبانی و بابیری و کدوانی و هەندێکی دیکە بوونە.

کوردستانی رۆژهەڵات لە ماوەی دەسەڵاتی سەفەوی دروستبوون و دەرکەوتنی ژمارەیەك یەکێتی خێڵەکی چالاکی بەخۆیەوە بینی، ئەمانە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیاندا توانا سەربازییەکانیان گەشەی کرد و دەسەڵاتێکی خێڵەکی گەورە و سەڵاحیاتی کارگێڕی فراوانیان بۆ پەیدابوو، بۆیە بەهێزەوە خۆیان بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا سەپاند، تەنانەت ئەوانەی کەوتبوونە سەر سنوور جێ پەنجەی خۆیان لە ململانێکانی سەفەوی عوسمانیدا بەجێهێشت، هەریەکەشیان ژمارەیەك تیرە و لکی دیکەیان لەخۆ دەگرت، لەوانە: شکاك، برادۆست، موکری، کەلهور، گەلباغی، لەك، بلباس، جاف، کولیائی، کروسی (Garrosi)، زەند، بەڵام زانیاری لە بارەیانەوە، لە ماوەی پێش سەدەی شانزەیەم، واتە: لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست (کە ئەمە ماوەی زەمەنی دیاریکراوی ئەم لێکۆڵینەوەیە)، بە شێوەیەکە وەکو نەبێ وایە.

وەکو دەردەکەوێت: گەلێ بەش و دەڤەری ناوەوەی کوردستان، کە سروشتێکی شاخاوییان هەیە، بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان بەشێکی گەورەی سەربەخۆییان لەو حکوومەتانە بەدەستهێناوە کە فەرمانڕەوایەتی کوردستانیان کردووە تا رادەیەکی زۆریش دووربوونە لە کاریگەرییە دەرەکییەکان، بەڵام ئەوانە لە هەمان کاتدا بە دەست لەبەریەکهەڵوەشانەوەیەکی سیاسی ترسناك دەیانناڵاند، ئیتر هەر لە شکستهێنان و کەوتنی میرنشینە کوردییە گەورەکان بە هۆی شاڵاوی سەڵجوقییەکان و بە درێژایی سەردەمەکانی دەسەڵاتی سەلجوقی و ئەتابەکی و مەغۆلی و جەلائی و تورکمانییەوە، لە لایەن (حکوومەتەکانی شارەکان) و (میرنشینەکانی قەڵاکان)ی پەرشوبڵاو بە پانی و درێژی وڵاتەکەوە بەڕێوەدەبران، فەرمانڕەوایی هەریەکەیان یان لە لایەن سەرۆکی هۆزێکەوە دەکرا کە هێزەکەی خۆی لە هێزە بەشەرییەکەی هۆزەکەی خۆی وەردەگرت، یانیش لە لایەن میرێکی خۆجێییەوە دەکرا کە پشتی بە زیرەکی سیاسەتی خۆی و توانا سەربازییەکەی دەبەست، دەسەڵاتی ئەو میرنشینانەش لەسەر تەنیا شارێك، یان قەڵاتێك و هەندێ زەوی و زاری سنوورداری دەوروبەریان کورتدەبووەوە، چونکە زنجیرە چیا درێژ و دابڕێنەرەکانی ناوچەیەك لە یەکێکی دی جگە لە گرنگییەکەیان لە رووی سەربازییەوە و جگە لە سوودوەرگرتنی میر و سەرۆکەکان لێیان وەکو شوورایەکی سروشتی قایم و پۆڵایین بۆ بەرگری کردن

له خۆیان، لەولاوەش ببوونە ڕێگر لەوەی یەکیەتییەکی سیاسی خۆجێیی لە نێوان ئەو فەرمانڕەوایە بچووکانە دروستببێت، ئەوە جگە لەوەی ژمارەی ئەو هۆزانەی کە لەو ناوچانە نیشتەجێ ببوون، یەکجار زۆر بوون، ئەوانیش بەرژەوەندییەکانیان لە یەکی دەداو خاوەنی ژمارەیەکی زۆر قەڵاو پێگە بوون، سەرۆکی هەر هۆزێك پشتی تەنیا بە پیاوەکانی هۆزەکەی خۆی و هۆزە هاوپەیمانەکانی دەبەست، لەوانەی کە لەژێر ئاڵاکەی کۆببونەوە، بۆیە هەر یەکێ لە خاوەن قەڵاو سەرۆك هۆزەکانیان بگری، لاوازتربوون لەوەی هۆزی بێجگە لە خۆیان بشکێنن و بیانخەنە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیان و ناچاریان بکەن واز لە قەڵاو خاوەنداریێتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بێنن، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیاندا یەکیان بخەن و بەمە قەوارەیەکی سیاسی گەورەتر دروستبکەن و قۆناغی (دەسەڵاتی خێڵەکی) و (دەوڵەتە بچووکەکانی قەڵاکان) بەجێ بێڵن.

لە واقیعیشدا دەرکەوتنی دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکان لە ماوەی، سەدە ئیسلامییەکان نادیارە و جۆرێك لە تەمومژی بەسەرەوەیە، چونکە ئەم قەوارانە، هیچ جارێك بە دەسەڵات وەرگرتن لە خەلافەتی عەباسی، یان بە داوالێکران لە لایەن هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە کوردستاندا دروست نەبوونە، تا بزانرێت چۆن دروستبوونە و مێژووەکەیان لە کەیەوە دەستپێدەکات، بەڵکو هەموویان هەر لە خۆوە، ئەو کاتەی زانیویانە هەلێکی گونجاو هاتۆتە پێش و هەلومەرجە ناوەکی و دەرەکییەکان لە بارن، ئیتر دروستکراون، چونکە میر و فەرمانڕەوا کوردەکان زۆربەی هەرە زۆریان سەرۆکی هۆزێك، یان ئەوپەڕی سەرۆکی هاوپەیمانییەکی خێڵەکی بوونە، هەریەکەیان بە شێوەیەکی میراتگری کوڕ لە باوك و باب لە باپیرو بەم شێوەیە سەرۆکایەتی هۆز، یان هاوپەیمانیەتییەکەی خۆیانیان گرتۆتە ئەستۆ و لە شەڕەکاندا پێشەوایەتییان کردوون، کاتێکیش هەلیان بۆ ڕەخساوە، وەکو ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بووبێت و هێزی خێڵەکی خۆیان گەشەی کردبێت و ژمارەی شەڕکەرو چەکدارەکانیان زیادی کردبێت، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا سەربەخۆیی خۆیانیان ڕاگەیاندووە و کاریان بۆ ئەوە کردووە، ڕەزامەندی خەلیفە، یان سوڵتان بۆ ئەو کارەیان وەربگرن، لە بەرامبەردا ئەوانیش هەمیشە دان بەو خەلیفە، یان سوڵتانەدا بنێن و باجیان پێبدەن و هاوسێیەکی باش بن بۆیان.

وەکو دەزانرێت، دەرکەوتنی کارەکی زۆربەی میرنشینەکانی نەوەی دووەم لە میرنشینە کوردییەکان، لە ماوەی دەسەڵاتی بووەیهییەکان بووە (٣٣٤ـ٤٤٧ك/٩٤٦ـ١٠٥٥ز)، ئەمەش بە هۆی ئەو سیاسەتە لامەرکەزییەی، میرە بووەیهییەکانی قۆناغی یەکەمی دەرکەوتنی



بووەیهی گرتیانە بەر، لەگەڵ بوونی گەلێ هۆکاری دیکەش. (بگەڕێوە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان: قۆناغەکانی دروستبوون و گەشەکردنی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسی، کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (ئەکادیمی)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر دەرچووە، لاپەڕەکانی ٨٧-١١٢)، بەڵام میرنشینەکانی نەوەی دووەم، دوای نەمانی دەوڵەتی مەغۆلە ئیلخانییەکان و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی بۆ دەوڵەتۆکەی بچووك دەرکەوتن، وەکو پێشتر لە نامەی دکتۆراکەم لە بارەیانەوە دواوم.

## هۆزو تایەفە کوردییەکان:

**- ئاق کجلۆـ آق کجلو ـ** Aq kachalu:

ئەمانە لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکمان قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ (سەدەی ٩ك/ ١٥ز) شان بە شانی هۆزێکی دیکە بە ناوی قەرە کجلۆ لە دەوروبەری ماردین دەژیان، کاریگەری زمانی تورکی بەسەر ناوی هەردوو هۆزەوە ئاشکرا دیارە. وا دەردەکەوێت ئەمانە بە بەرچاوگرتنی ناوی دوو هۆزە تورکییەکە قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ بەو دوو ناوە دەرکەوتبن. (أبو بكر طهراني، كتاب دياربكرية، ص ٢٣٤)، تا ئێستاش هۆزێکی بچووکی کورد هەیە لە دەوروبەری سنجار دەژین، بە کجلی دەناسرێن.

**- ئالانی ـ آلانـي:**

ئالانی ناوێکی کۆنە لە مێژووی کورددا، (مەمی ئالان) پاڵەوانی داستانی کوردیی دڵگیر (مەمی ئالان)ە، (ئالانی)ش یەك لە شارۆچکەکانی ویلایەتی کوردستانە، کە مەغۆلەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیان دروستیان کرد (نزهة القلوب، ص١٦٣). بووە قەڵاو ناحیەیەك سەر بە ویلایەتی دەرتنك (حلوانی کۆن) یەکێك بووە لە موڵکەکانی میرانی دەرتنك (شرفنامە، ص٥٣٧)، ئالانی یەکێکە لە هۆزەکانی لوڕستانی بچووکیش (حمد الله المستوفي، تاريخ كزيدە، ص٥٥٠، شرفنامە، ص١٤١).

**- هەرکی - الارجی — ارکی — هرکی:**

هەرکی کە هۆزێکی گەورەیە لە پارێزگای هەولێر و شوێنانی ترن، وەکو گومانی بۆ دەبەم، لە سەدەکانی ناوەڕاست بە ئەرجی یان ئەرکی دەناسران، دواتر گۆڕانێکی بچووك بەسەر

ناوەکەیاندا هاتووە و بووەتە هەرکی، کە دیارە گۆڕانی دەنگ و پیت و گۆکردن شتێکی باوە لە نێوان زارە لەیەکجیاکانی کورد، بۆیە زۆرجار (أ) دەکرێتە (هـ) بۆ نموونە:

- ئەینی — هەینی.
- ئاسان — هاسان.
- ئەژمار — هەژمار.

ئەمانە لە سەردەمی عەباسیدا وەکو دەردەکەوێت لە دەوروبەری عەمادیەدا نیشتەجێبوونە، (باوی ئەرجی) یەکێك بووە لە پیاوەکانی (أبي الهیجاء کوڕی عبد الله الهکاري)ی — باپیری مەشطوبی هەکاری — کە: میری قەڵاکانی عەمادییە و هاوچاخی عیمادەدین زەنگی بووە (٥٢١-٥٤١ك/١١٢٧-١١٤٦ز)، کاتێك لە قەڵای ئاشب دەرچووە بەرەو موسڵ ئەو باوە ئەرجییەی لە شوێنی خۆی بەسەر ئەو قەڵایەوە داناوە (الکامل، ٨/ ٣٤٣).

ئەرکی هەروەها یەکێکە لە هۆزەکانی لوڕستانی بچووك لە تیپی (جنکرویی)، شێوەزارەکەی (لوڕی)یە، ئەگەرچی بە یەکێك لە هۆزە لوڕییە ڕەسەنەکان ناژمێردرێت (تاریخ کزیدە، ص٥٥٠) ئەمەش وا پێدەچێت هەر (هەرکی) بن، تا ئێستاش هەندێ گرووپی هەرکی لە پارێزگای (دیالە) دەژین و بە (ئەرکی) دەناسرێن (عباس العزاوي، عشائر العراق الكردية، ص١٣٥).

### ـ ئەزخی ـ الأزخي — الأزخية:

هۆزێکی نیمچە لەبیرکراوی جزیرەی ئیبنو عومەر (بۆتان)ە، ناوەکەی زۆر روون نییە، لە دەستنووسی (مسالك الأبصار ٣/١٢٧)دا دەشێ بە (ئەزخی، یان ئەرخی) بخوێندرێتەوە،، لە وەرگێڕدراوی عەرەبی (تاریخ الزمان)ی (ابن العبري)یش (ص٣٦٣) بە ئەزخی هاتووە، هەروەها هۆزی (ئەروخی) لکێکە لە لکەکانی (بوختی) و خاوەنی قەڵای (ئەروخ)ن لە جزیرەی بۆتان (شرفنامە، ص٢٧٣).

(ئەزخییەکان) میر و پێشەواو خاوەن دەسەڵات بوونە، لەوانە: (موبارێزی کوڕی شوجاعەدین)، کە ئەمە وڵات و هۆزەکەی خۆی لەژێر فشار و هەرەشەی مەغۆلەکان جێهێشت و رایکردە وڵاتی شام، لەوێ پەیوەندی کرد بە خزمەتی ملك المنصور سیف الدین قلاوون المملوکي (٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز)، لەوێش هێندەی نەخایاند، لە سەردەمی دادگەر زین الدین کتبغا (٦٩٤-٦٩٦ك/١٢٩٥-١٢٩٧ز) دوای ئەوەی هەستیان کرد دۆخەکە وا دەخوازێت بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان لەگەڵ ژمارەیەك میرە کوردی دیکە گەڕانەوە کوردستان، چونکە



((ڕێزێکی وەکو پێویست و نانێکیان دەست نەکەتبوو، کە پێی رازی بن)) (مسالك الأبصار، ٣/١٢٧)، لە میرەکانی دیکەشیان لە کوردستان (سجال الدین)ە، کە لە موسل لەگەڵ یەك لە کوڕەکانی لە لایەن مەغۆلییەکانەوە کوژران. (تاریخ الزمان،ص٣٦٣).

### ـ (ئیزۆلی): الایزولیة — الیزولیة:

ئیزۆلی یان (ئیزۆلا) چیایەکە لە نزیك (نەسێبین) و (دنیسەر ـ دنیاسر ـ قوج حصار)، لە تەنیشت چیایەکەش گوندێك هەیە هەر بەم ناوە دەناسرێت (مؤلف مجهول، التاريخ الصغير،ص٧٣-٧٤، ابن اللمش، تاريخ دنيسر، ص١١٨)، ئەو هۆزە کوردیەش کە لێرە و لەوێی ئەو چیایە ژیاون هەر بە (ئیزۆلی) ناسراون، لە ناودارانی ئەو هۆزە لە سەردەمی عەباسی **(قاضي أبو بكر عتيق کوڕی إبراهيم کوڕی عمر کوڕی داود کوڕی محمد إيزولي)**یە، کە ئەمە لە شێخەکانی (ابن اللمش)ە لە (٦٤٠ك/١٢٤٢ز) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (تاريخ دنيسر.. ص١١٨-١١٩).

(مقریزی)ی (مردوو لە ٨٤٥هـ/١٤٤١ز)، ئەم هۆزەی لە ریزی هۆزە کوردییەکان داناوە. **(السلوك، ١/٤، الخطط المقريزية، ٣/٤٠٥)**، ئەم هۆزە لە سەردەمی عوسمانی لە شاری (مەلاتییە) و دەوروبەری نیشتەجێ ببوون، قەڵای (بەرتك)ی باکوری (خەربوت) یەکێك بووە لە موڵکەکانی ئەو هۆزە، لە گوندەکانی سنووری (خەربوت)یش گوندێکی هەبوو بە ناوی (ئیزۆلی). (سیاحەتنامە، ص ٢٥- ٢٦، ٣١٠).

### ـ بابەکری: البابكرية:

لە هۆزەکانی دەوروبەری هەولێرە، یەکێکە لە لکەکانی (حەکمی)، ناوەکەی دراوەتە پاڵ پێشەوای یەکەمی (بابەکری کوڕی میکائیل)، کە ساڵی (٥١٧ك/ ١١٢٢ز) شاری هەولێری لەبەردەستی دوو کوڕەکانی میر (أبي الهیجاء الهذباني) بە ناوەکانی (فضل) و (ابی علی) دەرهێناو کوڕە برایەکی خۆی کردە حاکمی ئەو شارە، ئیتر تا سێ ساڵ لەبەر دەستی بابەکرییەکان مایەوە (الکامل، ٨/ ٣٢١)، ئەوانە وەکو داگیرکەر حوکمڕانییان کرد و باری سەرشانی خەڵکی هەولێریان بە باج و سەرانە قورس کرد، بۆیە خەڵکەکە شارەکەیان جێهێشت و روویان کردە گوندی (عیسی للان ـ منارە)ی سەر بە ناحیەی (حبتون — خفتون)ی سەر بە اربیل. (ابن المستوفي، تاريخ اربل، ١/٢٧٣).

ئەوەی سەیریشە مێژوونووسی اربیلی (أبن أبي الهيجاء الهذباني)ی لە (٧٠٠ ك/ ١٣٠٠ز كۆچی دوایی کردووە) وای دادەنێ، کە ئەم بابەکریانە تورکمان بوونە، دەشڵێ ململانێی نێوان بابەکرییەکان و هەزبانییەکان لەسەر لەوەڕگا بووە، ئەوەبوو بابەکرییەکان بە دوای لەوەڕگا روویانکردە ناوچەکانی اربیل، میری هەزبانی اربیلیش پێشی لێگرتن و سوپای هەنارده سەریان پەرت و بڵاوی کردن، مالاّت و شتەکانی تالاّنکردن، بابەکرییەکانیش هێرشیان هێناوە سەر سوپای هەزبانی، ئەوەیان لێ سەندنەوە کە پێشتر ئەو سوپایە لە وانی تالاّنکردبوو، لەوەش زیاتر سەریان لە دوو نان تا هاتنە ناو اربیل و داگیریان کرد. (تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص٢١٨).

**ـ (بابۆنی): البابونية:**

بابۆنی تیرەیەکی هۆزی جورقان (گۆران)ی گەورەن، وەکو دەردەکەوێت سەرۆکایەتی هەموو گۆران لەو تیرەیە بووە، کە لە راستیدا پێشەوای ئەو تیرەش بووە و ناوی (أبو الفرج البابونی) بووە، لە ساڵی (٤١٧ ك/١٠٢٦ز) بە هۆی ناکۆکییەك کە لە نێوان خۆی و لە نێوان (أبی منصور)ی فەرمانڕەوای (میر علاء الدولة کوڕی کاکەویە)ی ـ یەك لە میرەکانی کاکەویە ـ بەسەر شاری (شابور خواست)ی سنووری ناوچەکانی دەسەلاّتی (گۆران)، کوژرا، بەمەش پیاوانی گۆران هەڵسانەوە تۆڵەی بکەنەوە، گەورەوگچکەیان هاتنە مەیدان و وڵاتەکەیان تالاّنکردن. (الکامل، ٧/٣٢٥).

لە ناودارانی بابۆنی سۆفی و زاهید أبو عبدألله البابونی (یان البابوئی)ی کە لە ساڵی (٣٧٤ ك/٩٨٤ز کۆچی دوایی کردووە)، کە ئەمە لە دەستەی یەکەمی پیاوانی تەسەوفی کوردییە، دەگوترێت، گوتەی: ((أمسيت كرديا، وأصبحت عربيا)).. واتە: ((ئێوارە کورد بووم و بەیانی بوومە عەرەب)) دەدرێتە پاڵ ئەو. (شیرازی، تذکرة هزارمزار، ص٢٠٣-٢٠٧)، هەروەها شاعیری گەورە (جامی)ی کە لە نێوان (٨١٧-٨٩٨ ك/ ١٤١٤-١٤٩٣ ز)یش ئەم گوتەی سەرووی هەر داوەتە پاڵ ئەو پیاوە ((نفحات الأنس، ص٣٢٥)، بەلاّم بۆ زانین ئەم گوتە بەناوبانگ و زۆر بڵاوە لە ناوەندی سۆفییەکان لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا، دراوەتە پاڵ هەندێ سۆفی دیکەی کورد، لەوانە، بۆ نموونە: (ابی بکر الحسین کوڕی علی کوڕی یزدانیار الکردی الارموی)ی کە لە ساڵی (٣٣٣ ك/٩٤٥ ز) کۆچی دوایی کردووە، کە ناوبراو لە (ئورمیە) نێژراوە، هەروەها دراوەتە پاڵ (باباتاهیری هەمەدانی) کە لە سەدەی (٥ك/١١ ز) ژیاوە، هەروەها دراوەتە پاڵ (أبو الوفاء الحلوانی)ی کە لە: (٥٠١ ك/١١٠٧ ز) کۆچی دوایی کردووە. (بڕوانە: النرجسیە)، دیسانەوە دراوەتە پاڵ (حسام الدین الدنبلی) کە لە (٦٨٣ ك/١٢٨٤ ز) کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمەی دوایین خەلیفەی (جەلالەدینی رۆمی) بووە لە تەریقەی مەولەوی لە تەسەوفدا (بڕوانە: الدنبلیة).



تا ئێستاش یەك لە تیرەکانی گۆران بە بیبانی دەناسرێن.

**ـ (باپیری): البابیریة:**

ئەمە هۆزێکی گەورەی وڵاتی شارەزوورە، لە (صبح الأعشی)دا ناوی بووەتە باسیری، لەسەردەستی سەربازانی مەغۆل زیان و ناخۆشییەکی زۆری چەشتووە، چونکە شارەزوور بەهۆی نزیکیی لە بەغداو لەبەر ئەوەی لەسەر رێگەی ئەو سوپایانە بووە، کە لە رۆژهەلاّتەوە هاتوون، کەوتۆتە بەر ژمارەیەك شالاّوی توندی مەغۆلییەکان، بەمەش زیانی گەورەی پێگەیشتووە و لە ناوچەکانی دیکە زەرەرمەندتربووە، ئەوەتا مەغۆلییەکان وێران و تالاّنیان کردووە، توندترینی ئەو شالاّوانە ئەوە بووە، کە لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) روویدا، بە هۆیەوە هەزاران خانەوادەی شارەزووری لە هەردوو هۆزی باپیری و لاوینی ماڵ و موڵك و وڵاتی خۆیان جێهێشت و روویان کردە وڵاتی شام، لەوێ پەیوەندییان بە ئەیوبییەکانەوە کرد، (عمری) دەڵێت: ((دوای کارەساتی بەغدا ـ واتە: گیرانی بەغدا لەلایەن مەغۆلەکان ـ ئەو ناوچەیان جێهێشت، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناعەرەب، بە ژن و منداڵیشەوە، وڵاتی خۆیان جێهێشت و چوونە میسر و شام، چەندین لکیان لێ بووەوە، بەلاّی لێدان، ئازارەکانیان گەورەبوو، هەموو ئەجەلێکیش کتێبێکی هەیە)) (مسالك الإبصار، ٣/١٢٦، القلقشندي، صبح الأعشی، ٤/٣٧٤).

(مقریزی)ش وەهای وەسفدەکات: ((لە ساڵی ٦٥٧هـ تایەفەیەکی کوردان لەرووی سوپای هۆلاکۆ رایان کرد، پێیان دەگوترێت شەهرەزووری، چووبوونە دیمەشق، ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، ژن و منداڵیشیان لەگەڵدا بوو)) (السلوك ١/٤١١).

پیاوانی هەردوو هۆزی باپیری و لاوینی کە رۆشتن پەیوەندییان بە (مەلیکی ناصر یوسف) نەوەی سەلاّحەددین ئەیوبی کرد، کە ئەوسا میری حەلەب و دیمەشق بوو (٦٣٤-٦٥٨ك/١٢٣٦-١٢٦٠ز)، ئەویش پێشوازی لێکردن و نەیشاردەوە، کە چەند ئاسوودەیە بە گەیشتنیان، چونکە پێویستی زۆری بە خزمەتەکانیان هەبوو، بۆ ئەوەی بە هۆیان خۆی بەهێزتربکات لە بەرانبەر دوژمنەکانی تری لە نێو خانەوادەی ئەیوبی و لە بەرانبەر ئەو مەمالیکە تورکانەش کە میسریان لە دەست خانەوادەکەی دەرهێنابوو، ئەوە جگە لەوەی، کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەغۆلیش هەر پێویستی بە کۆمەکی ئەوانە هەبوو، بەلاّم ئەو پیاوانەی شارەزوور داواکاری زۆریان لێکرد و ئاژاوەی زۆریان نایەوە، تەنانەت لێی یاخی بوون و پەیوەندییان بە مەلیکی موغیس (عمر کوڕی عادلی دووەم کوڕی کامل) (٦٣٧-٦٦١ك/١٢٣٩-١٢٦٣م)ی ئەمیری (کرك) کرد، بۆیە رووەو وڵاتی کەنارەکان و غەزە چوون و پەیوەندییان بە مەمالیکەکان کرد، لەوێ (ظاهر بیبرس

المملوكی) پەیوەندی لەگەڵ بەستان و ژنێکی لەو شارەزوورییانە هێنا، بەڵام کە لە ساڵی (٦٥٨ك/١٢٦٠ز) بووە سوڵتانی سەڵتەنەی مەملوکی، ئەو ژنەی تەڵاقدا (ابن شداد، تاريخ الملك الظاهر، ص،٢٣٣،العيني، عقد الجمان،١/١٨١).

پیاوانی شارەزووری هەر لەو ڕۆژەوەی گەیشتنە وڵاتی شام، بوونە سەرچاوەی نیگەرانی بۆ ئەیوبییەکان و لە پاش ئەوان بۆ مەمالیکەکانیش، هەروەها بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە، ئەوەتا دوای چەند ساڵێکی کەم لە گەیشتنیان، پەیوەندییان بە کەسێکەوە کرد، وای پیشاندەدا، کە نەوەی (خەلیفەی ناصری عەباسی) بێ (٥٧٥-٦٢٢ك/١١٧٩-١٢٢٥ز) و ویستیان بەیعەتی پێبدەن، لەوەشدا قازی مقس (كمال الدين خضر کوری احمدی کوردی) هاوپەیمانی کردن، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو قازییە لە بەندیخانەدا ناسیاری لەگەڵ ئەو کەسە پەیدا کرد، کە لەگەڵ شارەزوورییەکان پەیوەندی هەبوو، کاتێکیش ئەو پیلانە ئاشکرا بوو، مەمالیکەکان لە شارەزوورییەکانیان داو پەرت و بڵاویان کردن، هەروەها ئەو قازییە کوردییەشیان لە ساڵی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز) لە سێدارە دا. (اليونيني، مرآة الزمان، ٢/١٧٠-١٧١، عقد الجمان، ١/٣٣٥-٣٣٦).

بە هۆی ئەم لێدانە، هەندێ گرووپی شارەزووری لە هەردوو هۆزی باپیری و لوینی ئەو ناوچەیەشیان دووبارە کۆچیان کرد و روویان کردە ئاواییەکانی مەغریب، کە ئەمە لە دوارۆژەکانی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی موەحەدی بوو (٥٢٤-٦٦٨ك/١١٣٠-١٢٦٩ز)، ئیتر لە مەڕاکش سوڵتان (ابو حفص عمر المرتضى الموحدي)ی کە لە نێوان (٦٤٦-٦٦٥ك/١٢٤٨-١٢٦٦ز ژیاوە) لە مەراکش پێشوازی لێکردن و ڕێزی لێنان، پایەی گەورەی پێدان و هەندێ ناوچەی پێدان، بەڵام دوای رووخانی موەحدین لە ساڵی (٦٦٨ك/١٢٦٩ز) شارەزوورییەکان لێکتری جیابوونەوە و بە نێو ویلایەتەکانی مەغریبدا پەرش و بڵاوبوون، ئیدی هەندێکیان پەیوەندییان بە مرینییەکان کرد (٥٩١-٨٧٥ك/١١٩٥-١٤٧٠ز)، هەندێکی دیکەشیان پەیوەندییان کرد بە (بەنی زیان) لە مەغریبی ناوەڕاست ـ (جەزائیری ئێستا) ـ (٦٣٧-٩٦٢ك/١٢٣٩-١٥٥٤ز)، گرووپێکی دیکەی (باپیری) چوونە نێو (بەنی حەفص) لە ئەفریقیا ـ (تونسی ئێستا) ـ (٦٢٥-٩٨١ك/١٢٢٨-١٥٧٤ز)، هەشیانبوو وەکو (محمد کوری عبدالعزیز)ی ناسراو بە (مزوار)، لەگەڵ یەك لە میرە باپیرییەکانی وڵاتی مەغریب بە ناوی (عەلی کوری حەسەن کوری ساف) و کوڕەکەی: (موسای کوری عەلی) حاجبی سوڵتان یوسفی مرینی و براکەی (سەلمانی کوری حەسەنی کوری ساف)، کە وەکو موڕابتێك لە خاڵی سنووری (تەڕیف) کۆچی دوایی کرد. (تاريخ ابن خلدون،٧/١٤٩-١٥٠).

لە ساڵی (٦٦٩ك/١٢٧٠ز)یش هەندێ لە میرانی شارەزووری کۆبوونەوەیەکیان بەست، لەوانە: (بهاء الدين يعقوب کوری نورالدين بدل)ی کە لە (٧٠٦ك/١٣٠٦ز کۆچی دوایی کردووە) و



(شهاب الدين توتل) — کە لە ساڵی (٦٨٠ك/١٢٨١ز) لە شەڕی حمس کوژرا — لەگەڵ (سنقران وجمال الدين اغل (؟) وعلاء الدين ايدغدى) و کەسانی دیش، لەم کۆبوونەوەیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە لە شار دووری مەلیك زاهیری مەملوکی بە هەل بزانن بۆ ئەوەی لەسەر تەخت لایببەن، بۆ ئەمەش بێن سەرەتا مەلیکول سەعیدی کوڕی بکوژن و لە جێیدا مەلیکول عەزیز عوسمان کوڕی مەلیکول موغیسی ئەیوبی بکەنە سوڵتانی قاهیرە، بەڵام کە مەلیك زاهیر بەو هەواڵەی زانی کە پیلانی لە دژگەڕاوە، بە خێرایی گەڕایەوە قاهیرە، بە پەلە (دە) لە میرانی شارەزووری و مەلیك عەزیز عوسمانیشی گرتن. (نهاية الارب، ٣٠/١١٢، الكتبي، عيون التواريخ، ٢٠/٣٩٩)، (علاء الدين ايدغدي)یش بە سەرۆکایەتی گروپێك لە شارەزوریەکان رایانکردە وڵاتی (بەحیرە)و لەوێشەوە چوونە (ئەسکەندەرییە)، لەوێدا چاوی بە بازرگانە مەغریبییەکان کەوت و تێکەڵاوییان بوو، لەگەڵیاندا خۆی و پیاوەکانی سواری کەشتی بوون و وەکو شارەزوورییەکانی پێشەخۆیان لە ڕێگەی دەریاوە گەیشتنە وڵاتی مەغریب، لەوێ پەیوەندی بە سوڵتانی مەغریب ابی یعقوب یوسف المرینی (٦٨٥-٧٠٦هـ/١٢٨٦-١٣٠٦ز) کرد، سوڵتان چاکەی لەگەڵدا کرد، لەخۆی نزیککردەوەو بردییە پێش، وای لێهات بە کەسایەتییەکەی کاریگەر بوو، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت زیرەك و بە توانایە وەزارەتێکی پێدا. (عقد الجمان، ٤/٣٤٦-٣٤٧)، لە ساڵی (٧٠٤ك/١٣٠٤ز)یش (علاء الدين ايدغدي) لە ڕێگەی چوونی بۆ ئەداکردنی فەریزەی حەج، لەگەڵ کاروانی حاجیانی مەغریبی هاتە میسر، لەگەڵ خۆیدا دیاری بەنرخ و توحەفیات و ئەسپی چاك و قوماشی باشی پێشکەشی سوڵتانی مەملوکی کرد. (اعيان العصر، ١/٤٧٥، الدرر الكامنة، ١/٤٢٩، عقد الجمان، ٤/٣٤٦).

هەندێ کۆمەڵەی دیکەی باپیریان و جگە لەوانیش لە شارەزوورییەکان لە وڵاتی مەملوکییەکان مانەوە، لە نێو ئەمانە: میر (سيف الدين أبو بكر البابيرى)، کە ئەم میرە بۆ ماوەیەکی زۆر و بە دوای یەك، وەکو بەرپرسێکی ئیداری بەرز لە ویلایەتەکانی دیمەشق و حەلەب و تەرابلس و جەعبەر و ویلایەتی شەرقییەی میسر ئەرکی پێ دەسپێردرا، سەرەنجام ساڵی (٧٥٦ك/١٣٥٥ز)، لە دەوروبەری حەفتا ساڵی لە میسر کۆچی دوایی کرد. (ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر (تأريخ أبو الفداء)، ٢/٤٥٦، الدرر الكامنة،١/٢٧٦).

جگە لەو میرەی پێشوو میر (ابوبكر کوڕی بهادر البابيرى الجعبرى)یش، کە جێگری قەڵای ڕۆمی مەمالیکەکان بوو، ئەویش مابووەوە، لە ساڵی (٨٢٠ك/١٤١٧ز)ی لەگەڵ براکەی (عومەر شای کوڕی بەهادر) لەسەر کار لابرا کە ئەوەش لە هەمان ساڵدا کرابووە جێگری قەڵای ناوبراو. — ئەگەر بێت و ئەم ناوانە هەردووکیان یەك کەس نەبن، دەبێ برا بن — (السلوك،٤/٤١٧، ٤١٠).

**- بازلی ـ البازلـي:**

لەو ناودارانەی سەر بەم هۆزانە، فەقیهی شافعی و مودەڕیسی ناسراو (شمس الـدین أبـو عبـد الله محمد کوڕی داود البازلی الکردی)یە، کە لە سـالّی (٨٤٥ك/١٤٤١ز) لـە جزیـرەی بۆتـان لـە دایك بووە، دواتر بۆ بەدەستهێنانی (فەرموودە)و زانـستەکانی تـر چـووەتە تـەوریز، نزیکـەی دە ساڵێك لەوێ ماوەتەوە، بەمە خوێندنی تەواوکردووە و ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە، ئینجا هاتۆتـە حەلەب و لەوێش چووەتە (بلد القصیر) و سەرەنجام لە شاری (حماه) گیرساوەتەوە، لـەوێ خـەریکی دەرسـگوتنەوە و فـەتوادان بـووە، لـەو کتێبانـەی دەدرێنـە پـالّی، ئەوانـەن: (الـضوء اللامـع، ٧/٢٤٠،الحنبلي، شذرات الذهب، ١٣٨/٨)، هەروەها (غایـە المـرام في رجـال البخـاری الی سـید الانام) ئەوەش موجەللەدێکی گەورەیە، تایبەتە بە پیاوانی فەرموودە (کشف الظنون، ٢/ ١٩١).

**- باسان ـ الباسیان — البارسیان — البارسان:**

هۆزێکی دیکەی وڵاتـی شـارەزوورە، لـە مـاوەی سـەدەی چـوارەمی کۆچـی، دەیـەمی زانستی، ناسراو بـووە، بـەڵام لـە سـەدەکانی دواتـردا هـەواڵی نـامێنێ، (مەسـعودی)ش ناوەکەی بە تەواوی نەگوازتۆتەوە، ئەوەتا جارێك بە (بارسـیان) و (التنبیـه والإشـراف، ص ٩٤) جـارێکی دیکـە بـە (بارسـان) (مـروج الـذهب، ٢/ ١٢٤) نـاوی بـردووە، بـەڵام گەریدەیـەکی هاوچـاخی مەسـعودی، کـە نـاوی (مـسعر کـوڕی مهلـهل)ە کـە ئەمـە لـە دەوروبـەری سـالّی (٣٤١ ك/٩٥٢ز) سـەردانی شـارەزووری کـردووە، بـە (باسـیان) نـاوی بردوون. (الرسالة الثانیة، ص١٠، معجم البلدان، ٣/ ٣٧٥).

ناشزانرێ کە ئایا ئەم ناوە پەیوەندی بە (بازیان)ی ئێستاوە هەیە، یان نا؟.

**- باڵکان ـ البالکان — باڵکیان — بالك:**

بالکان هۆزێکی بچووك، یان باشتر بڵێین تیرەیەکی هۆزی زرزاری بووە، بە ناوی گوندەکـەی خۆیان (باڵکان) ناوی دەرکردووە، لە سەرچاوەکانی پێش سەردەمی مـەغۆلی نـاوی نـەهاتووە، (عمری) بە تەنیا قسەی لە بارەوە کردووە، گوتوویەتی: ((گرووپێکی بە ژمارە کەم دەدرێنە پاڵ زەرزاری، بۆیان وەکو کۆمـەك وان، بـە نـاوی گوندەکەیانـەوە باڵکـانی دەناسـرێن)) (مـسالك الإبصار، ٣/١٣٠—١٣١).

پیاوانی باڵکان، کە ژمارەیان نزیکەی سێسەد پیاو دەبـوو، بەسـەر بەرزاییـەکی گرنگـەوە زاڵبوون، کە دەیڕوانییە (عقبه الخان)، ئێشکگری ئەو کاروانە بازرگانیانـە بـوون، کـە ڕێگـەی



نێوان ئەربیل ـ ئازەربێجانیان تێدەپەڕاند، ئەو میرەی باڵکانیش کە بە تەمەن بەگ ناسرابوو (؟)، وا پێدەچێت لەگەڵ نەجمەدینی میری زەرزارییەکان لـە ڕووداوێکـی ئاشـکرانەکراو بـە دەسـتی مەغۆلەکان کوژرابن. (مسالك الإبصار، ٣/ ١٣٠-١٣١، صبح الأعشی، ٤/٣٧٦—٣٧٧).

یەکێکی دی لە ناودارانی گەورەی سەر بەو هۆزە، زانای ئایینی (عز الـدین کـوڕی شـرف البالکی)یە، کە ئەمە لە پیاوانی سەدەی نۆیەمی هیجری، پانزەی زایینییە، لە سـالّی (٨٩٤ك/ ١٤٨٩ز) لە مەدرەسەی قجماسی لە شاری حەلەب کتێبی (الموشح في شرح الکافیه الحاجبیه)ی نووسیوەتەوە، کە ئەمە لـە (شرح الکافیه في النحو)ی (ابن الحاجـب)ە کـە لـە (٦٤٦ك/ ١٢٤٨ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەم قوتابخانەیەش جێگری ویلایەتی شام (قجماسـی جەرکەسـی)کـە لـە سالّی (٨٩٢ك/١٤٨٧ز) کۆچـی دوایـی کـردووە دایمـەزرانووە. (النعیمـی، الـدارس في تـأریخ المدارس، ١/٤٣٤).

**- بابانی ـ الببانیة — البابانیة:**

بەبانی یان بابانی، هۆزێکە، یان باشتر بڵێین: بنەماڵە یەك بەدوای یەکەفەرمانڕەواکانی وڵاتی شارەزوورە بۆ سەردەمێکی دووردرێژ، هەرچەندیشە لە هیچ سەرچاوەیەکی پێش (شـەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی ناوی نەهاتووە، بەڵام دەکرێ بگوترێ: سەرەتای دەرکەوتنی یەکەم بنەماڵەی بابانی، بۆ سەردەمی مەغۆلـە ئیلخانییـەکان دەگەڕێتـەوە. (سـەدەی ٧ك/١٣ز)، (عبـد الـصمد التوداری)ی خاوەنی کتێبی (نور الأنوار)، کە بە زمانی فارسی لـە سـالّی (١٠٩٩ك/١٦٨٨ز) لـە بەر ڕۆشنایی کتێبی (تذکرة الاجناد في محاربة الأتراك والأکراد)دا داینـاوە، ــــ کـە ئـەم کتێبـەی دووەم، کتێبێکی مێژوویی، شتێك دەگێڕێتەوە، وەکو ریوایەتێکی نیمـچە مێـژوویی وایـە، ـ بـە پێی ئەو گێڕانەوەیە ـ کە باسی میر حەمزەی بابانی دەکات، میری ناوبراو ڕووبەڕووی مەغۆلـەکان وەستاوەتەوە و شارەکانی (دیار بەکر وحەلب)ی داگیرکردووە (؟).

لە گرێبەستێکی فرۆشتندا لە مانگی ربیع الأولی سالّی ٧٧٥ك/١٣٧٣ز کە (تەوادری) بۆمانی گوازتۆتەوە باسی کەسایەتییەکی بابانی دیکە دەکات، ئەویش (میرزا عبد الکریم کوڕی میر خالـد کوڕی احمد البابانی)یە، کە ناوبراو موڵکدارێکی گەورەی ناوچەی هەورامان بووە.

شایانی باسە: (محەمەدی ملا عبدالکریم)یش ئەوەی پەیوەنـدی بـە مێـژووی کوردسـتانەوە هەیە، لە کتێبی (نور الأنوار)دا هەمووی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. (چمکێکی مێـژووی هەورامان و مەریوان، بەغدا، ١٩٧٠، ل١٤، ٤٣).

سەرچاوە میسرییەکانیش باس لە بوونی هۆزێکی دیکەی کورد دەکەن، بە ناوی (بەبانی) کە لە ماوەی سەردەمی مەمالیکە جەرکەسییەکان (٧٨٤-٩٢٣ك/١٣٨٢-١٥١٧ز) دیاربوونە، ژیاننامەی کەسایەتییەکی ئاینی ناسراویان بە ناوی (الشيخ الصالح المعتقد المجذوب عمر کوڕی إبراهیم کوڕی أبي بكر البانياسي البباني الكردي، القاهري) تۆمارکردووە، کە نووسیویانە: ئەم زانایە لە وڵاتی کوردستان لە دایك بووە و گەورە بووە، لە پاشان بەرەو قاهیرە هاتووە، ئەو هاتنەشی لە پاش ساڵی (٨٤٠ك/١٤٣٦ز) بووە، ئیدی لە قاهیرەی پایتەختی میسر نیشتەجێ بووە، تا سەرەنجام لە مانگی (سەفەر)ی ساڵی (٨٦٨ك/١٤٦٤ز) لە تەمەنێکی سەرووی حەفتا ساڵی گیانی سپاردووە. (ابن تغری بردی)ی (لەساڵی ٨٧٤هـ/١٤٦٩ز کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: ((بە بنەچە بەبانی بووە، کە تایەفەیەکە لە کوردان)) دوای ئەوە گوتوویەتی ((پێم وایە هۆزێکە لە کوردان)) (النجوم الزاهرە، ٣٢٩/١٦) (سخاوی)یش ئەوەی دەخاتە سەر: ((لەگەڵ دووری ماوەش- بۆ گۆڕستان- جەنازەکەی لەسەر دەستان هەڵگیرا)) (الضوء اللامع، ٦٤/٦).

دەشێ پەیوەندی لە نێوان بەبانی و بابۆنیی کە ئەمەی دووەم تیرەیەکە لە تیرەکانی گۆران، هەبێ. گوندێکی گەورەش بە ناوی بیبانی لە دەستە راستی رێگەی کەرکوك ـ هەولێر هەیە.

### ـ بوختی ـ البختية — البوختانية — بۆتانی:

بوختی یەکێکە لەو هۆزانەی پێویست بە ناساندن ناکات، چونکە لە ماوەی سەردەمی ناوەڕاست و سەردەمی عوسمانیدا، یەکێکە لە بەناوبانگترین و گەورەترین هۆزە کوردییەکان، ناوی لە درێژەی باس و خواسەکانی تایبەت بە فتوحاتی ئیسلامیدا هاتووە، (شترك، دائرە المعارف الاسلاميه، مادە بوهتان، ٢٥٠/٤)، هەروەها ناوەکەی بە ویلایەتی بۆتان بەستراوەتەوە ـ جەزیرەی ئیبن و عومەر ـ بە (ویلایەتی بوختی)ش ناسرا. (کتاب دیاربکریە، ص٥٤٢). بەڵام ئەوەی سەیرە، هەریەکە لە (مەسعودی) و (مەقریزی) کاتێك باسی هۆز و تایەفە کوردییەکانیان کردووە، ئاماژەیان بۆ ناوی بوختی نەکردووە.

(بوختی) یان (بوختو) ناوێکی زۆر کۆنە، بە لانیکەم ریشەکەی بۆ سەدەی پێنجی پێش زایین دەگەڕێتەوە، چونکە مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتس (٤٨٥ — ٤٢٥ پ.ز) ئاماژەی بۆ ویلایەتێك کردووە بە ناوی بەختویخ (Pakhtuikh) لەبارەیەوەی گوتوویەتی: ئەمە یەك بووە لە سێنزە ویلایەت (ساتراب)ەکانی دەوڵەتی ئەخمینی (٥٥٩ — ٣٣١ پ.ز)، (پیودور نولدکە)ی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش وای دەبینێ و (کیبرت)یش جەختی لەسەر دەکاتەوە کە:



بەختویخ پەیوەندی لەگەڵ بوهتان (بۆتان)ی ئێستا هەیەو (بوختی)یەکان ئەو نەتەوەن کە (هیرۆدۆتس) لە درێژەی قسەکانی لەسەر ئەرمەن، باسی لێ کردوون، بەڵام (مارتن هارتمان) گومانی لەو رایە هەیە، ئەوەی بۆ رای خۆیشی پشتی پێ دەبەستێت، جیاوازی دەربڕینی هەریەکە لەو وشانەیە. (سترك، مادە بهتان، ٤/ ٢٥١“ محمد أمين زكي، کورد وکوردستان، ٤٠/١، جمال رشيد، دراسات كرديه فی بلاد سوبارتو، ص ١١٦ — ١١٧).

بە پێی گێڕانەوەیەکی میللیش کە لە رووی مێژووییەوە بڕواپێکراو نییە، شەرەفخانی بەتلیسی لە خاوەن هەواڵ و گێڕەرەوە جێی متمانەکان گوازتوویەتییەوە، لەوانەی کەوا زانیارییان لەبارەی مێژووی هۆزی بەشنەوی هەبووە و گرنگیان پێداوە، لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەمان دەکەوێتە بەرچاو، کە: بەختۆ ـ بۆتان لە بنجدا ناوی کەسە (اسم علم)، لەگەڵ: بەجنی — بەجنۆ — بەشنۆ — بەشنەویەکانیش ئەوانەی خاوەنی قەڵای فنك بوون، دوو برا بوونە، لە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی جەزیرە، بەڵام ناکۆکییەك لە نێوانیاندا دروستبووە، سەرەنجام مەسەلەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات بۆ (بوختی) یەکلادەبێتەوە و حکومەت بۆ خۆی دروستدەکات، کەچی هەرچی بەجنی، یان (بەشنۆ)ش بۆ شاری (حصن کیفا) رادەکات. لە پاڵ ئەوەشدا، بەتلیسی شتێکی دیکەش دەگێڕێتەوە، کە ئەویش لە نێو کورد باوبووە، ناواخنەکەی ئەوەیە، کە: ((میللەتی کورد هەمووی لە زنجیرەی بەجنی — بەشنۆ و بەخت — بۆتانن)) (شەرەفنامە، ص٣٢٠).

ئەو گێڕانەوەی دووەم، ئەگەر گوزارشت لە شتێك بکات، ئەوا گوزارشت لەوە دەکات، کە: ناوی بۆتان و هۆزی بوختی زۆر کۆنن، هەرچەندەش گێڕانەوەکە زیاتر لە ئەفسانە و حەکایەتی میللی نزیکترە، نەك لەوەی راستی مێژوویی بێ.

ئەوەی لەوەش زیاتر گوزارشت لە دێرینی بوختییەکان دەکات، یان: کۆنترین ئاماژە بۆ هۆزێك لە هۆزە کوردییەکان لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا تایبەتە بە هۆزی (بوختی)، ئەوەیە کە دەڵێت: ئەو هۆزە لە سەردەمێکی زۆر زووەوەی سەردەمی ئیسلامی وەکو ((نەوەیەك لە عەجەمەکان) ناسرابوو، ئەوەتا وەکو گێڕاویتیانەوە، (عودەی کوڕی ئەرتەئە)ی ئەمیری بەسرە لە (٩٩-١٠١ك/٧١٨-٧١٩ز)، لە خەودا بینیویەتی، دەڵێی بوختییەکی دەدۆشی، سەرەتا هەندێ شیر دەدۆشێت، لە پاشان خوێن دەدۆشێت، بۆیە خەونەکەی لە نامەیەکدا دەنووسێت و لەگەڵ پیاوێکی خۆی بۆ خەولێکدەرەوەی بەناوبانگ (محمد)ی ناسراو بە (ابن سيرين) (٣٣-١١٠ك/٦٥٣-٦٢٨ز)ی رەواندەکات، بەڵام بە پیاوەکەی دەڵێت: ئیبن و سیرین وا تێمەگەینە خەونەکە من

ديومە، بلێ خۆم ديومە. پياوەكەش هاتە لای ئيبن و سيرين دانيشت و لەگەڵی كەوتە قسەكردن، لە پاشاندا پێی گوت: لە خەونما بينيوومە لە بوختييەك شير دەدۆشم، دواتر بينيم خوێن دەدۆشم.. ئيبن و سيرين پێی گوت: ئەم خەونە تۆ نەتديتووە، (عدی كوڕی أرطأة) بينيويەتی. پياوەكەش هاتەوە لای (عودەی) و ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەياند. بۆيە (عودەی) بە دوای ئيبن و سيرينيدا نارد بێتە لای، ئەويش هاتە لای، عودەی خەونەكەی بۆ گێڕايەوە، دوای ئەوە ئيبن و سيرين پێ گوت: هەرچی بوختييە، ئەوانە نەتەوەيەكی عەجەمانن،... بە حەڵاڵی شتيان پێ دايت، دواتر ستەمت لێكردن و زۆرترت لە هەقی خۆيان لێ وەرگرت، لە خوێنڕشتنيشدا لەوەی خوای گەورە بۆی حەڵاڵكردبووی تێتپەڕاند، بۆ ئەوەی خودا لێتی حەرام كردبوو، بۆيە لەخوا بترسە و دەست هەڵگرە (ابن عساكر،تاريخ دمشق،٤٠/٦٣).

بوختی لە نێو هۆزەكانی كوردستان، بە ئازايەتی و جورئەت و خۆڕاگری و قوربانيدان بە گيان و ماڵ لە پێناو عيززەت و كەرامەتی خۆياندا ناسراون، هەروەها وەها ناسراون كە لێزانن لە ڕێكخستنە سەربازييەكان و هونەرەكانی ئەسپسواری. (شرفنامە، ص٢٧٠-٢٧١).

ئەمەش ديسان وەكو ڕۆژەكی و سلێڤانەيی و گۆران كە هۆزێكی فراوانە، دەيان هۆز و تيرە لەخۆ دەگرێ، لەوانەی كە بە فەرمی لەنێو قەڵاو لە ناوچەكانی سنووری دەسەڵاتی ميری بوختی ـ بۆتانی دەژين، لە هەمان كاتيشدا هەريەكە لەمانە بە موڵكە بۆماوەييەكانی هۆزەكە دەژمێردرێن و هەموويان بە ڕەعيەتی ميرنشينی بوختی دادەنرێن، كە هەندێ لەو تيرە و هۆزانەيان ناوەكانيان بەستراوەتەوە بە ناوی ئەو قەڵايەی تيای دادەنيشن، بەڵام سەرەنجام وای لێهاتووە بوختی ببێتە كۆناوی هەموو ئەو تيرە و هۆزانە و باڵ بەسەر ناوە تايبەتييەكاندا بكێشێ، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبينين هۆزی گەورەيان هەيە، سەربەخۆ و شوێن چەسپاوە لە ويلايەتەكانی ديكەی وەكو دنبلی و شيروی — شێروانی دەژين.

هۆز و تيرەكانی (بوختی)يان، ئەمانەی خوارەوەن:

شهريوری، شهريلی (بڕوانە: الشهريه)، گورگيل، ئەستوری، نيويدكاون (؟)، شورش، هيودل، ئەم سێيانەی دوايی يەزيدين، بركە (بركی)، ئەروخی، بروز (بەرۆژی) كە ئەمە پێكدێت لە جاستولان و بزم و كرافان (كراڤيان)، كارسی، جلكی (چەلكی)، كە چەلكی لە گوندەكانی ناحيەی بەرواری باڵايە، شێلدی كە ئەمانە گوندی (شيلادزێ)ی سەر كەنارەكانی زابی گەورەيان هەيە، سەر بە قەزای ئامێديی پارێزگای دهۆكن، واتە: هۆزی شيلديی دانيشتووی سەر زێی زاب ـ برازی، قرشی ئەمانە هەر لە ڕۆژانی داگيركاری مەغۆلەكان ناسراوبوونە، دنبلی، نوكی،



مەحمودی، شێخ بزێنی، ماسكی، ڕەشكی، مخ نهران (؟)، پيكان، بلان، بلاستوران، شيرويان، دوتوران (شرفنامە، ص٢٧٣-٢٧٤).

(بوختی) لەگەڵ ئەوەشدا كە هۆزێكی گەورەيە و مێژوويێكی دياری هەيە لە كوردستان، بەڵام پياوەكانی پەيوەنديیان بە ئەيوبييەكانەوە نەكردووە، تەنانەت تا ئەوكاتەش كە ئەيوبييەكان دەستيان بەسەر جزيرەی بۆتان و شارەكانی ديكەی دياربەكريشدا گرت، وايلێهات ولاتی جەزيرە هەمووی كەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، ئەمەش بە پێچەوانەی هاوسێ باشوورييەكانی تريان، وەكو مەهرانی و هەكاری و حەميدی.

لە ڕووی زانستيشەوە لەنێو بوختييەكان فوقەهاو زاناو شاعيری ناودارييان لەسەر ئاستی جيهانی ئيسلامی لێ هەڵنەكەوت، جگە لە مودەريسی شافيعی (صدر الدين سلێمان كوڕی موسی كوڕی سليمانی بوختی)كە لە ساڵی (٧٢٢ك/١٣٢٢ز) كۆچی دوايی كردووە، كە بە (سەدر سلێمان الكردی) ناوبانگی دەركرد، ئەمە لە قوتابخانەی عەزراوی لە ديمەشق لە ساڵی (٧١٠ك/١٣١٠ز) بووە مامۆستاو وانەی گوتەوە. ديارە ئەو قوتابخانەيە بە ناوی دامەزرێنەرەكەی (الست عذراء كچی نور الدولة شاهنشاه كوری ايوب) ناونراوە، ديارە پاش ماوەيەك لەسەر وانەگوتنەوە لەو قوتابخانەيە ناكۆكی دەكەوێتە نێوان (الصدر الكردی) و (صدرالدين كوڕی الوكيل)، بەڵام دوای ساڵێك، (قراسنقەر المنصوری) لە واليەتی ديمەشق لادەدرێ، بەمە (صەدر الكردی) واز لە وانەگوتنەوە لەو قوتابخانەيە دەهێنێت و بەگەڵ (قراسنقەر) دەكەوێت، لە پاشان دەبێتە نايبی حەلەب. (الذهبي، ذيول العبر، ص٢٦،٢٣، الدرر الكامنة، ٩٧/٢، الدارس في تاريخ المدارس، ٣٠٤/١-٣٠٥، ٣٧٦-٣٧٧).

## میرنشینی بوختی

میرنشینی بۆتان، یان میرنشینی جەزیرە، میرنشینێکی دێرینی کوردە، مێژوویەکی پڕشنگداری هەیە، چونکە کۆنترین میرنشینی کوردییە و لە هەمووشیان تەمەندرێژتر بووە- ئەگەر بەشێوەییەکی بچڕ بچڕیش بێت، هەر لە سەردەمی بووەیهییەوە ـ کە سەردەمی زێڕینی میرنشینە کوردییەکان بووە ـ، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، کە عوسمانییەکان وەکو هەر میرنشینێکی دیکەی کوردی رووخاندییان، فەرمانڕەوایەتیی کردووە، ئەگەر بەشێوەیەکی بچڕ بچڕیش بێت، لەم مێژووە دوور و درێژەشیدا هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، چەندین جار رووبەڕووی هەڵمەت و پەلاماری هێزە خۆجێیی و هەرێمایەتییەکان بووەتەوە، لەوانە غەزوی سەلجوقییەکان و فەرمانڕەوایانی موسل وەکو (جيوش بك) و (عماد الدين زنكى) و (بدر الدين لؤلؤ) و خەوارزمییەکان و مەغۆلەکان و تەیمورلەنگ و میرەکانی قەرە قۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ (قره يوسف القره قوينلو وقره إيلك الآق قوينلو واوزون حسن) و سەفەوییەکان و هەتا بەعوسمانییەکان کۆتایی هات، دیارە بێگومان هەندێ لەو دەست درێژیانە بە سروشتی حاڵ، بوونەتە هۆی داگیرکردنی بۆتان و کاوڵکردنی و لەدەستچوونی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی میرە بۆتانییەکان بەسەر ئەو ناوچە داگیرکراوانەیان بۆ ماوەیەك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاری لە بارەی میرنشینی جەزیرە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، سنوردارە و مێژووەکەیشی نادیارە، بە تایبەت لەوەی کە تایبەتە بە مێژووەکەی لە ماوەی سەردەمی عەبباسی و سەردەمی داگیرکاری مەغۆلی و تورکی و تورکمانی، واتە: ئەو سەردەمانەی دەکەونە پێش سەردەمی داگیرکاری عوسمانییەکان بەسەر کوردستان.

### دروستبوونی میرنشینی بوختی:

میرە کوردەکانی جەزیرە، هەموویان دەچنەوە سەر هۆزی گەورەی بوختی، کە میرنشینی جزیرە و شاری جزیرەش خۆی، هەر لە پێش هاتنی عوسمانییەکان بۆ کوردستان بەوناوە دەناسران.



میرنشینی (بوختی) وەکو ئاماژەمان پێدا، بەتەمەنترین میرنشینی کوردی بووە. لە وڵاتەکانی جزیرە و زۆزاندا دەستێکی درێژی هەبووە، پێشەواکانی بوختی هەر لە سەردەمی عەبباسییەوە هەموو ئەو ناوچانە و قەڵاکانی (گورگیل) و (ئاتیل) و (علوس)یان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و فەرمانڕەوایەتییان بەسەرەوە کردوون. (معجم البلدان، ٣/ ١٥٨)،

میرانی بوختی لە نەبوونی دەسەڵاتی عباسی و و شپرزەبوونی دەسەڵاتی بووەیهییەکان بەسەر وڵاتە چیایی و دوورەدەستە سەختەکانیاندا، دەستیان بەسەر چەندین قەڵاو قوللە و گوندی چیایی چەندین ناوچەی رۆژهەڵاتی شاری (جزیرە)دا گرتووە، تا وای لێهات بە تێپەڕینی کات بوونە خاوەنی میرنشینێك، لە دواتردا ـ لە سەردەمی مەغۆلی و تورکمانی ـ یەك لە میرنشینەکانی کوردستان بوون، بەڵام ئێمە بە تەواوی لەوە بێئاگاین کە ئەم میرنشینە چۆن دامەزرا، میرە دامەزرێنەرەکەی کێ بوو، لە چ ساڵێکدا دامەزرا. بەڵام دەتوانین ماوەی نێوان ساڵانی (٣٨٠– ٤٢٠ك/٩٩٠—١٠٢٩ز)، بە ماوەی دروستبوون و دامەزرانی ئەو میرنشینە دابنێین، چونکە ئەو ماوەیە لە هەموو کوردستاندا سەرهەڵدان و گەشەکردنی میرنشین و دەسەڵات و یەکێتییە هۆزەکییەکانی بەخۆوە بینی.

جا بە بەرچاوگرتنی ئەو راستییەی سەروو، دەکرێ مێژووی میرنشینی (بوختی)ش دابەشی سێ قۆناغ بکەین، ئەوانیش:

قۆناغی یەکەم: مێژووەکەی لە سەردەمی عەبباسیدا

قۆناغی دووەم: مێژووەکەی لە سەردەمی زاڵبوونی مەغۆلی و تورکی و تورکمانیدا

قۆناغی سێیەم: مێژووەکەی لە سەردەمی عوسمانیدا

### موڵکەکانی ئەم میرنشینە لە سەردەمی عەبباسی:

لەو قۆناغەدا ئەم میرنشینە بە بەراورد لەگەڵ میرنشینە کوردییە گەورەکانی وەکو دۆستەکی و مەڕوانی و شەدادی و رووادی، تا رادەیەك نەناسراو بووە، چونکە بچووك بووە و دەسەڵاتێکی کەمی هەبووە، ئەمەش لە راستیدا لەبەر ئەوەی، والی و فەرمانڕەوا سەربازییەکان و ئەتابکەکانی موسل لە لایەك و میرانی میرنشینی مەڕوانی کوردیش لەلایەکی دیکەوە، ماوەیان نەهێشتۆتەوە لە پێش میرانی بوختی، بۆ ئەوەی خۆ دەربخەن و بەرەو رۆژئاوای میرنشینەکەیان فراوان بکەن، بۆیە سنوورەکانی ئەو میرنشینە نەگەیشتۆتە سەنتەری شاری جزیرە (بۆتان)ی هەڵکەوتوو لەسەر ئەو رێگا بازرگانی و عەسکەرییەی، شاری موسل بە

شارەکانی باکووری جزیرە دەبەستێتەوە هەڵکەوتوو، بۆیە جەزیرە لە ماوەی سەدەی پێنجی کۆچی/ یازدەی زایینی، لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی مەڕوانیدا بووە، لە ساڵانی نێوان (٤٠١–٤٥٣ك/ ١٠١٠ –١٠٦١ز) میر (نصر الدولە احمد کوڕی مروان الکردی) یەك لە کوڕانی خۆی بە ناوی (أبا حرب سلیمان) وەکو جێگری خۆی بەسەر ئەو شارە دادەنێت. (الکامل، ٦٩/٨).

لە دوای ڕووخانی میرنشینی مەڕوانی لە ساڵی (٤٧٨ك/١٠٨٥ز)، فەرمانڕەوایەتی جەزیرە کەوتە دەست فەرمانڕەواو ئەتابکەکانی موسڵ، ئەوانیش فەرمانڕەوایەتیکردنەکەیان دەدایە کوڕانی خۆیان و شوێنکەوتووانیان. (بڕوانە: ابن شداد، الاعلاق الخطیرة، ٣/٢١٧–٢٤٥)، هەرچی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی میرانی بوختییە، ئەوا تەنیا لەسەر قەڵا سەخت و پارێزراوەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی جەزیرەو ئەو ناوچانەی سەر بە ئەوانەن، لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەکەونە بەری ڕۆژئاوای دەریاچەی ئەخلات (دەریاچەی وان) مایەوە، کە ئەم ناوچانە ناوچەی شاخاوین و بە زۆزان دەناسرێن (معجم البلدان، ١٥٨/٣، الاعلاق الخطیرة، ٣/٢٣٠“ تاریخ الزمان، ص٢٠٦، ٢٥٤، ٢٦٠)، (زۆزان)یش لە زمانی کوردیدا بریتییە لەو ناوچە ساردانەی کە هۆز و خێڵە کوردییەکان دەیانکەنە هەواری هاوینەی خۆیان، بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان تێیدا، بەڵام دواتر ئەم ناوە لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا بوویە ناوێکی جوگرافی (البلاذري، فتوح البلدان، ١٨٠)، هەرێمی (زۆزان)یش لە ماوەی سەردەمی عەباسی، هەموو ئەو ناوچە شاخاویانەی، کە لە باشورەوە دەکەوتنە نێوان موسل و وڵاتی هەکاری، لەگەڵ شاری ئەخلات لە باکور، ئازەربێجان لە ڕۆژهەڵات، دیاربەکر و جەزیرەش لە ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، (یاقوت) دەڵێت: ((زۆزان هەرێمێکی خۆشە، دەکەوێتە نێوان ئەخلات و چیاکانی ئەرمینیا و ئازەربێجان و دیاربەکر و موسل، خەڵکەکەی ئەرمەنن و تایەفەی کوردیشی تێدایە... یەکەم سنوورەکانی لە دووری دوو ڕۆژە ڕێیە لە موسل، تا یەکەمین سنوورەکانی ئەخلات، ئیتر لەگەڵ یەکەم ناوچەی سەلماس کۆتایی بە سنوورەکانی زۆزان دێت)) (معجم البلدان، ٣/ ١٥٨).

هەر لایەکی زۆزانت بگرتییایە، قەڵاو قوللەی زۆر بڵاوبووبۆوە، ئەمانە هی کوردە بەشنەوی و بوختییەکان بوون، ئەم کوردانەی ئەو شوێنە چیایە سەختانە پارێزگارییان لە دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان دەکرد، چونکە دوورە دەست بوون و ئاسان نەبوو دوژمن بتوانێت دەستی پێیان بگات، تەنانەت پاش شەڕی (چاڵدێران)ی ساڵی (٩٢٠ك/١٥١٤ز)یش، ئەو ناوچانە هەر لەژێر دەستی میرە کوردییەکان مانەوە. (شترك، مادة بهتان، ٢٥٢/٤) هەندێ لەو قەڵایانە بریتین لە: حزدقیل (گورگیل) و ئاتیل و علوس و باز الحمراء (بأزاء الحراء) و برخو و بشیر و (القی) و



(اروخ) و (باخوخە) و کنکور و نێروە و خوشاب، چوار قەڵایەکانی یەکەم هی میرانی بوختی بوون، دواتر (بدر الدین لؤلؤ)ەی ئەتابکەی موسل لە ساڵی (٦١٥– ٦٥٧ك/ ١٢١٨–١٢٥٩ز)، زۆربەی ئەو قەڵاتانەی داگیرکرد و خستنیە سەر موڵکەکانی خۆی. (معجم البلدان، ١٥٨/٣، تاریخ الزمان، ص٢٦٠–٢٦١).

قەڵای حزدقیل (گورگیل) چاکترین قەڵای بوختییەکان و سەنتەری سەرەکی میرنشینەکەیان بوو، وا وەسفدەکرا کە ئەو قەڵایە ((پایتەختی شانشینی کوردە بوختییەکانە)) (معجم البلدان، ٢/ ١٢٤، ١٥٨/٣)، ئەو قەڵایە لە نزیك چیای جودیی بەناوبانگە، نزیکەی سەد گوندی ئاوەدانی موسڵمانان و ئەرمەنی لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی دەگرت، هەر لە سنوورەکانی ئەو قەڵایەدا هەواری زستانەی هۆزە کوردییە موسڵمان و ئێزیدییەکانیش هەبووە. (شرفنامە، ص٢٧٣).

## میرە بوختییەکان (نەوەی یەکەم):

١- میر موسك کوڕی المجلی (؟ - ٤٤٧هـ/ ١٠٥٥ز):

نە (ابن الأثیر) و نە مێژوونووسانی دیکەش، شتێك لە بارەی میرە بوختییە بەرایەکانمان بۆ ناگوازنەوە، بۆیە تەنانەت ناونیشان نازانین، بە تەنیا میر (موسك) نەبێت، کە ئەمە لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوی (أبي حرب سلیمان کوڕِی نصر الدولة)ی نائیبی جزیرە لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز) ناوی هاتووە.

درێژەی ئەم ڕووداوە ئەوەیە کە وەکو پێشتر خستمانە ڕوو، (نصر الدولە المروانی) کوڕێکی خۆی بە ناوی (أبا حرب سلێمان) وەکو نایبی خۆی بەسەر جزیرەوە دادەمەزرێنێت، ئەمەش دەستبەکار دەبێت و دەستدرێژی دەکاتە سەر زەوییەکانی دەوروبەری، لەوانە زەوی و زارێکی زۆری میر موسەکی بوختی داگیر دەکات، بەمەش گرژییەك لە نێوانیاندا دروستدەبێت، وەکو پێش دەچێت، (ابا حرب) دەستەوسان دەبێت لەوەی بە ڕێگەی سەربازی خۆی لە میر موسەك ڕزگار بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر فێڵێك، پێشنیار دەکات، میر موسەك کچی میر (أبي طاهر البشنوي)ی خاوەنی قەڵای (فنك) بخوازێت، کە ئەمە خوشکەزای میر (نصر الدولە أحمدی باوکی ابا حرب سلێمان)ە، میر (موسەك)یش بەمە ڕازی دەبێت، ئیدی لەگەڵ (ابا حرب) ئاشتبووەوە، کاری بە پێشنیارەکەی کرد و هاتە جزیرە بۆ لای، بەڵام (ابا حرب سلیمان) لێرەدا ناپاکی لە میر

(موسەك) كرد و خستییە بەندیخانە، لەو كاتەشدا سولّتان (تەغرول بەگی سەلجوقی) (٤٢٩ — ٤٥٥ ك/ ١٠٣٨ — ١٠٦٣ز)، لە درێژەی هێرشەكانی بۆ سەر هەرێمەكانی دەوڵەتی عەباسی، دەگاتە هەرێمی جزیرە و كە بەم مەسەلەیە دەزانێت، نوێنەرێكی خۆی وەكو شەفاعەتكەر بۆ میر (موسەك) دەنێرێتە لای (میر نصرالدولە)، بۆ ئەوەی ناوبراو بەری بدات و رزگاری بكات، بەڵام (میر نصرالدولە) بە نوێنەرەكەی سولّتان دەڵێت: میر موسەك لە بەندیخانەدا مردووە، جا كاتێك (أبو طاهر البشنوي) بە مردنی زاواكەی دەزانێت، غەمی زۆری بۆ دەخوات و لە نامەیەكیدا بۆ (نصر الدولە) و (ابا حرب سلیمان)ی كوڕی دەنووسێت: ((ئەگەر دەتانەویست بیكوژن؟! بۆچی كچەكەی منتان كردە پێناوی ئەم مەبەستەتان؟!)) (الكامل، ٨/٦٩-٧٠).

**٢- میر (أسد الدین البختی) و میر (حسام الدین عزیز البختی) (؟ - ١٢٦١/٦٥٩ز).**

دوای كوژرانی میر (موسەك)، نازانرێ كێ سەرۆكایەتی بوختییەكان دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە میری نوێیان، چونكە ناوی هیچ میرێكی دیكەمان دوای ئەو دەستناكەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین: وەكو یاقوتی حەمەوی لە زیاتر لە بۆنەیەك ئاماژەی بۆ كردووە، میرنشینی بوختی لە قەڵاكانی زۆزان هەر ماوەتەوە. (بڕوانە: معجم البلدان، ٥١/١، ٣٢١، ٣/ ١٥٨، ٤/ ١٤٧)، (ابن شداد) ئاماژە بۆ دوو میری دیكەی بوختییان دەكات، كە ئەوانیش (أسد الدین البختی) و (حسام الدین عزیز البختی)نە، كە لە سەردەمی ئەمانەدا مەغۆلەكان دێن كوردستان داگیر دەكەن، وەكو دەڵێین: (میر أسد الدین) یەك لە میرەكانی (ملك السعید نجم الدین كوڕی ابلغازی ارتقی)ی خاوەنی ماردین بووە. (الاعلاق الخطیرة، ٥٦٤/٣، ٥٧٠).

لە مانگی رەمەزانی ساڵی ٦٥٩ك/١٢٦١ز، (ملك المظفر قره أرسلان كوڕی ملك السعید الأرتقي) بە سەرۆكایەتی وەفدێك هاتە لای (هۆلاكۆ)، ئەو كاتە هۆلاكۆ لە ناوچەكانی سنووری سەلماس بوو، لەم وەفدەیدا (مەلیكی مزەفەر) ژمارەیەك میری لەگەڵ خۆی هێنابوو، دیاری گرانبەها و توحەفیاتی بە نرخی بۆ هۆلاكۆ هێنابوو، كە ئەم شتانە لە زووەوە باوك و باپیرانی دەستیان خستبوو، بەڵام هۆلاكۆ بەمە رازی نابێ، بەڵكو (مەلیكی موزەفەر) بەوە تاوانباری دەكات كە بە نهێنی پەیوەندی بە مەمالیكەكانی میسر كردووە، بۆیە بڕیار دەدات لە سەری مەلیكی موزەفەر و هەموو ئەو میرانەی هاوڕێی بدرێت، كە ژمارەیان حەفتا میر بوو، لە



نێوانیشیان میر (اسدالدین البختی) و میر (حسام الدین عزیز البختی) دەبینران. (الاعلاق الخطیرة، ٣/ ٥٧٠، الدواداری، الدره الزكیه، ص٨٤).

لە راستیشدا سەربازانی مەغۆل زەرەرو زیانێكی گەورەیان لە شاری جەزیرە و هۆزی بوختیدا، هەر ئەمانە میرنشینەكەشیان رووخاند، ئیدی ئەو پیاوانەی بوختی كە نەكوژران، بەرەو وڵاتی شام و میسر رایانكردو بە وڵاتاندا بڵاوبوونەوە، (أبن العبری) لەم بارەیەوە دەڵێت: حەفتا هەزار كورد لەگەڵ میر (سیف الدین)ی خاوەنی جەزیرە كۆبوونەوە و لەگەڵ خۆیان بردیانە سوریا. (تاریخ الزمان،ص ٣٢١) (عمری)ش: ((بوختییەكان نەتەوەییێك بوون هاوشێوەی حەمیدیەكان بوون، بەڵام میللەتەكەیان زۆرتر و هۆزەكەیان گەورەتر بوو، گەورە و ناودار و میری خۆیانیان هەبوو، بەڵام میرەكانیان لەناو چوون، گەورەكانیان پەرت و بڵاوبوون، بەوەش گردیەتییەكەیان لەبەریەك هەڵوەشایەوە، تەنیا كەمێكیان نەبێ، ئەوانی تریان لەگەڵ یەك نەمانەوە و لە نێوان گەل و میللەتانی تر توانەوە)) (مسالك الإبصار، ١٣٤/٣، صبح الأعشی، ٤/ ٣٧٨).

چەند كۆمەڵەیەكی پیاوانی بوختی، ئەوانەی لە دەستی مەغۆلییەكان هەڵاتبوون، هاتنە میسر و وڵاتی شام، لەوێ پەیوەندییان بە سوپای مەملوكییەوە كرد. لە وەسیەتنامەی پێشەنگی كوردان (مقدم الأكراد)، گەورەی ئەو كوردانەی كە لە سنوورەكانی دەوڵەتی مەملوكییەوە نیشتەجێبوون، هاتووە: ((با بزانین، كە دۆستایەتییە قووڵەكانمان كەم نییەو چاودێرییە پیاوانەییەكەمان دەیانگرێتەوە ـ واتە كوردان ـ، ئیدی ئاگری هەموو هۆزێك هەڵدەكرێت، ئێمە خەڵكێكین لە لاماندا یەك بوختی كەم ناكات، لایەنی (دیسنی)ش لەبیر ناكەین...) (التعریف بالمصطلح الشریف، ص١٤٩).

## دووبارە دامەزراندنەوەی میرنشینی جزیرە:

چەند ساڵێكی كەم تێنەپەڕی، هۆزی بوختی میرنشینەكەی خۆیان سەرلەنوێ دامەزراندەوەو دەستیان گرتەوە بەسەر قەڵاو قولله و پێگە عاسێ و پارێزراوەكانی خۆیان، تەنانەت شاری جزیرەشیان خستەوە ژێر فرمانی خۆیان.

جزیرەی ئیبن و عومەر ـ بۆتان وەكو ناو و وەكو مێژوو و وەكو ئینتیماش شارێكی كوردییە، ناوە كۆنەكەی (قردۆ)یە، ئەوەش هەر (كوردۆ)كەیە، سریانییەكان و تایەفە مەسیحییەكانی تریش هەر لە سەردەمەكانی پێش ئیسلامەوە و تا سەردەمی ئیسلامیش بە (باقردی) یان (باقردو)یان ناودەنا، كە ئەمە سووككردنی ناوی (بیت قردۆ) ـ واتە: ماڵی كورد

ـ ولاّتی کورده، یاقوتی حەمەوی دەڵێ: خەڵكی باقردی ناو لە شارەكەیان دەنێن، قردی. (معجم البلدان، ٣٢٧/١) لە بەرامبەریشیدا لەسەر كەنارەكانی دیجلە شارێكی دیكە هەبووە، بە ناوی بازبدی - گوندی بازفتیی ئێستایە، كە دەكەوێتە سەر سنوورەكانی توركی- سوری، دەشێ زۆر جاریش ناوی هەردوو شار پێكەوە هاتبێت، یان پێكەوە بێت، بۆ نموونە: بقردی وبازبدی هاوینەهەوار و جێگەییێكی حەوانەوەی خۆشە، ئاوی سازگارەو لە شیرینی و سازگاریدا وەكو سەلسەبیلە. (معجم البلدان، ٣٢١/١-٣٢٢).

لە پاڵ ناوی (باقردی)، بۆتان تا سەردەمی خەلیفە مەئمونی عەبباسی لە ساڵانی (١٩٨-٢١٨ك/ ٨١٤ — ٨٣٣ز) یان تا ساڵی (٢٥٠ك/ ٨٦٤ز)، لە سەرچاوەی تردا بە ((جزیرە الأكراد)) واتە: (جزیرەی كوردان) ناوی هاتووە، كە ئەمەش بێگومان وەرگێڕانی عەرەبییە بۆ جزیرەكانی دوقردو، چونكە كورد وەكو (ابن شداد) لە بارەیەوەیان دەڵێت: ((زۆر جار بۆ جێبەجێكردنی پێویستییەكانیان بە شوێنی حەوانەوەی دەگرن)) (الاعلاق الخطیرة، ٧/٣).

لەو مێژووەش، واتە: (سەدەی سێیەمی كۆچی/ نۆیەمی زایینی)، لە جەزیرەی كورداندا، یان جزیرەی بۆتاندا پیاوێك پەیدا بوو، مێژوونووسان لەبارەیەوەی جیاوازییان هەیە، هەندێ گوتوویانە ئەو پیاوە (حسن كوڕی عمر التغلبی) بووەو هەندێكی دیكە گوتوویانە: ئەو پیاوە (اوس، یان كامل كوڕی اوس التغلبی، یان ابنی یوسف كوڕی عمر التغلبی) بووە. بڕوانە:

(ابن خلكان) كە لە (٦٨١ك/١٢٨٢ز) كۆچی دوایی كردووە دەڵێت: ((نازانم ئیبن و عومەر كێیە؟ بەڵام دواتر لەو رووەوە گەیشتمە راستی، ئەویش ئەوەیە: كە پیاوێكی خەڵكی بەرقەعید لە ناوچەكانی سەر بە موسل، بە ناوی (عبد العزیز كوڕی عمر البرقعیدی) بینای ئەو شارەی كردووە، بۆیە ناوی شارەكە دراوەتە پاڵ ناوی ئەو پیاوە)). (وفیات الاعیان، ٣٤٩/٣)، كەواشبێ (بەدلیسی) راست نەبووە، كە بیناكردنی ئەم شارەی داوەتە پاڵ خەلیفەی دووەمی ئەمەوی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز. (شرفنامە، ص٢٧٠).

ئەم پیاوە واتە: (ئیبن و عومەر) هەڵسا بە نەخشەكێشانی شارەكە و بنیاتی نا، ئیدی لەوڕۆژەوە بە جەزیرەی ئیبن و عومەر دەناسرێت، نەك هەر ئەمە، بەڵكو ئەو ناوە نوێیە بەسەر تەواوی ناوە كۆنەكانی دیكەدا زاڵبوو.

شاری جەزیرە شوێنێكی جوگرافی گرنگی هەبوو، چونكە وەكو گوتمان دەكەوتە سەر ئەو رێیەی شاری موسلی بە شارەكانی باكوری جەزیرە دەبەستایەوە، هەروەها هەڵكەوتنی لەسەر



رووباری (دیجلە)ش گرنگییەكی ئابووریشی بۆ زیادكرد. زەوییەكی بە پیت و فراوان و پڕ خێریشی هەبوو، هەر لەناو شاری جەزیرە نزیكەی (سی) بێستان هەبوون. (معجم البلدان، ١٣٨/٢، الاعلاق الخطیرة، ٢١٥/٣)، بەمە وایلێهات ئەو شارە بە بەرهەمهێنان و هەناردنە دەرەوەی پەنیر و هەنگوین ناوبانگی دەركرد. سەرەڕای ئەو وێران و خاپوربوونەش كە بە هۆی داگیركرانی لە لایەن مەغۆلەكانەوە رووبەڕووی بووەوە. (صورة الأرض، ص٢٠٢، نزهة القلوب، ص١٥٧، بلدان الخلافة الشرقیة، ص١٢٣).

دیارە هەشت قەڵا لە ماوەی سەدەكانی هەفت و هەشتی هیجری/ سێزدە و چواردەی زایینی، ئەوكاتەی بە هۆیانەوە میرنشینی بوختی دروستبوو، سەر بە جەزیرە بوون، ئەو قەڵایانە بریتی بوون لە:

جەراحیە، قەڵای فرح، برخو، فنك، جەدیدە، قەصر، اروخ، كنكور (الاعلاق الخطیرة، ٢١٥/٣) ئەمە لەگەڵ نزیكەی سەد گوندی ئاوەدان (نزهة القلوب، ص١٥٧).

لە گرنگترین گوندەكانیشی بریتی بوون لە (قورەیشی) كە بە بەرهەمهێنانی سێوی قورەیشی ناوبانگی دەركردبوو، (معجم البلدان، ٣٣٧/٤) لەگەڵ گوندی (عەقیمی) كە بەرامبەر بە شاری جەزیرە بوو و تەنیا رووباری دیجلە لێكی جیادەكردنەوە، بێستانێكی زۆری هەبوو. (الكامل، ١٠٧/٩" الاعلاق الخطیرة، ٢٢٤/٣).

ئەوەی لە مێژووی میرنشینی بوختی (میرنشینی جەزیرە)ی سەردەمەكانی داگیركاری مەغۆلی و توركی و توركمانی (قۆناغی دووەم) شایانی ئاماژە پێدانە، ئەوەیە، كە ئەو میرنشینە زۆر فراوان بوو و بوویبە یەك لە میرنشینە گەورەكانی كوردستان، ئیتر موڵكەكانی جگە لە شاری جەزیرە، كە پایتەختەكەی بوو، زیاتر لە چواردە قەڵای گرنگیشی گرتەوە، لەوانە گرنگترینیان بریتی بوون لە: (گورگیل) و ناوچەكانی دەرووبەری، قەڵای (اروخ) كە ئەمە لە پارێزراوترین قەڵاكانی كوردستان بوو، لادێی تەنزی و قەڵاكەی، قەڵای فنك و دەڤەرەكەی، ناحیەی هەیسەم، ناحیەی شاخ و قەڵاكەی و هی دیكەش. هەروەها پیاوانی هۆزە كوردییەكانی: (شهریوری، استوری، اروخی، كارسی، جلكی، شیلدی، شێخ بزینی، رشكی، ماسكی، شێروانی، دنبلی، محمودی، براسی) و هی دیكەش لە دەوری میری جەزیرە كۆبوونەوە و بە هەموویانەوە گردبوونەوەی خێڵەكی بوختییان پێكهێنا. (شەرەفنامە، ص٢٧٣-٢٧٤).

وەکو دەردەکەوێت، سوڵتانی مەملوکی لە میسر و جێگرەکەی بەسەر وڵاتی شام، کاریان کرد بۆ ئەوەی دەرگای پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میرنشینی بوختی بکەنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی سوودی بۆ هەردوو لا هەبوو.

## ـ نەوەی دووەمی میرانی جزیرە:

### ١ـ میر سلیمان کوڕی خالد و کوڕەکەی: میر عبد العزیز:

بەدلیسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکەم کەس فەرمانڕەوایەتی جەزیرەی گرتە ئەستۆ، لە سەردەمی مەغۆلی، میر (سلێمان کوڕی خالد)ە، بەڵام هەر ئەوەندە و بێ ئەوەی هیچ هەواڵێك لە بارەیەوە بدات، یان دەستنیشانی ئەو مێژووە بکات کە تیایدا بووەتە میر.

حەکایەت و چیرۆکە میللییەکان رەچەڵەکی میر سلێمان کوڕی خالید دەبەنەوە سەر هاوەڵ (خالدی کوڕی وەلید)، دیارە ئەم پڕوپاگەندەیەش لەوەوە سەرچاوە گرتووە کە کورد زۆر بە ئازایەتی و قارەمانیەتییەکانی ئەم هاوەڵە کاریگەربوونە (واتە: خالدی کوڕی وەلید)، دەنا خۆ (خالیدی کوڕی وەلید) چ منداڵێکی لە پاش بەجێنەماوە. (شەرەفنامە، ص٢٦٩، هەروەها پەراوێزی ژمارە (١)).

لە دوای مردنی میر سلێمان، موڵکەکانی ئەو میرنشینە، لە لایەن سێ کوڕەکانییەوە (عبد العزیز و حاجی بەدر و ئەبدال) دابەشکرا، بەمە (جەزیرە)ی پایتەخت بووە بەشی (میر عبد العزیز)، ئەمەش لەبەرئەوەی لە هەموو براکانی دیکەی لێهاتووتر و بە تواناتر و ئامادەتر بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکوومەت. (حاجی بەدر)یش فەرمانڕەوایەتی قەڵای (گورگیل)ی وەرگرت، هەرچی قەڵای (فنك)یشە بووە بەشی میر (ئەبدال). (شەرەفنامە، ص٢٧٤-٢٧٥).

لە دوای میر (عبد العزیز)ی دامەزرێنەری دووەمی میرنشینی بوختی (میرنشینی جەزیرە)، دوای رووخانی لەسەر دەستی هۆلاکۆ کە ئەم میر (عبدالعزیز)ە باپیرە گەورەی میرانی فەرمانڕەوای جەزیرەیە، لەوەوەیە ئەو بنەماڵە فەرمانڕەوایە بە بنەماڵەی (ئازیزان) ناسراوە، ئەمەش وەکو درانە پاڵیان بۆ ئەم باپیرە گەورەیان. (شەرەفنامە، ص٢٧٥) لە سەرچاوە مەملوکییەکان هیچ زانیارییەك لەسەر ئەو میر عبدالعزیزە و براکانی دیکەی نییە، من لەوبڕوایەدام کە ئەم میر (عبدالعزیز)ە، کە لە شەرەفنامەوە ناوی هاتووە، میر (حسام الدین عزیز)ە، کە بە فەرمانی هۆلاکۆ کوژرا.



### ٢ـ میر عزالدین احمد کوڕی سیف الدین البختی (؟- ٧٦٤هـ/١٣٦٢ز):

ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکان چەسپاوە و هیچ گومانی لەسەر نییە، ئەوەیە، کە میری جەزیرە لە سەرەتای سەردەمی تورکی جەلائیری (٧٣٧-٨١٤ك/١٣٣٦-١٤١١ز)، میر (عز الدین احمد کوڕی سیف الدین البختی) بووە. (بڕوانە: ابن ناظرالجیش، تثقیف التعریف، ص٧٧، صبح الأعشی، ٢٩٧/٧)، میر (سیف الدین)یش لە (شەرەفنامە)دا (ص٢٧٥) وەکو کوڕە گەورەی میر (عبد العزیز کوڕی سلیمان) ناوی هاتووە.

میر (عز الدین) پەیوەندی پتەوی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی لە میسر هەبوو، سوڵتانی مەملوکیش رێزی دەگرت و پایەی خۆی بۆ دادەنا، دانی پیا دەنا، کە ((ئەو فەرمانڕەوای جزیرە و بۆتانە))، بۆیە لەگەڵیدا نامە و نووسراوی فەرمییان دەگۆڕییەوە، ئەو نامانەی لە میسر بۆی دەهاتن، لە پلە حەوت بوون کە لە دیوانەکانی ئینشائدا بە ((صدرت والسامی)) دەنووسران. (صبح الأعشی، ٧/ ٢٩٧).

### ٣- میر سیف الدین عیسی کوڕی عزالدین احمد کوڕی سیف الدین البختی (٧٦٤ – ٧٨٥هـ/ ١٣٦٢ – ١٣٨٣ز):

میر (عیزەددین) لە ساڵی (٧٦٤ك/ ١٣٦٢ز) کۆچی دوایی کرد، لە جێگەیدا میر (عیزەددین)ی کوڕی فەرمانڕەوایی وەرگرت، (صبح الأعشی، ٢٩٧/٧). بەدلیسی دەڵێت: میر (عیسی کوڕی مجد الدین کوڕی عبد العزیز)ە، بەمەش پێچەوانەی نووسەری دیوانی ئینشاو نووسەری مەملوکی (ابن ناظر الجیش)ی کە لە: (٧٨٦ك/ ١٣٨٤ز) کۆچی دوایی کردووە دەوەستێتەوە، کە ئەمەی دووەمیان هاوچاخی رووداوەکانە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسراوی میر (عیسی) لە مانگی سەفەر گەیشت و تیایدا هەواڵی ئەوەی دابوو کە باوکی ئەوان کۆچی دوایی کردووە. (صبح الاعشی، ٢٩٧/٧).

دوای ئەوەی میر عیسا دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئیدی نە شەرەفخان و نە مێژوونووسە میسرییەکانیش هیچ ئاماژەیەکیان پێ نەکردووە، بەڵام دەقێك لەبەردەستە ئەوە روون‌دەکاتەوە کە: خاوەنی جەزیرە لە ساڵی (٧٨٣ك/ ١٣٨١ز) میر (سیف الدین) بووە، دەقێکی دیکەش لەبەر دەستەو دەڵێت: مردنی میر سەیفەدین، لە مانگی رەجەبی ساڵی (٧٨٥ك/ ١٣٨٣ز) بووە. (ابن حجر العسقلاني، إنباء الغمر، ٢٣٩/١، ٢٨٠).

لەو بڕوایەدام، کە (میر سیف الدین) هەر (میر عیسی کوڕی میر عز الدین أحمد کوڕی میر سیف الدین) خۆیەتی، چونکە وا دەردەکەوێت کە ئەمە نازناوی باپیری خۆی وەرگرتبێت، کە (سیف الدین) بووە، ئەوەش کارێکی باو بووە لە نێو میرانی کورددا، یەکێك بێت نازناوی باپیرەی خۆی هەڵبگرێت.

### ٤ـ میر ئەبدال (عبداللە) (٧٨٥ك/١٣٨٣ز --؟):

بەدلیسی لە دەستنیشانکردنی ناو و ناسنامەی، ئەو میرەی شوێنی میر (سیف الدین عیسی)ی گرتەوە، لە پاشەخۆی، لەگەڵ مێژوونووسی میسری ناسراو بە (ابن حجر العسقلانی) ڕێك ناکەوێت، ئەوەتا بەدلیسی دەڵێت، کوڕو پارچەکەی جگەری خۆی، (بدرالدین) جێگەی باوکی گرتەوە، هەندێ زانیاری گشتیشی لەبارەوە دەدات، کە ئەم زانیارییانە لەسەر هەر میرێکی دادگر بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی دەچەسپێت، دوای مردنی ئەمەش، لە فەرمانڕەوایی میرنشینەکەدا میر (ئەبدال)ی کوڕی جێگەی گرتەوە. (شەرەفنامە، ص٢٧٦-٢٧٧) ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت، ئەوا میر ئەبدال دەبێتە نەوەی میر سیف الدین عیسی، بەڵام (أبن حجر) لە گێڕانەوەی خۆیدا، کە زۆر ڕۆشن نییە، دەڵێت: لە دوای مردنی سیف الدین، براکەی بە ناوی (عزالدین أحمد) و (عبداللە)ی کوڕی و کەسێکی دیکە بە ناوی (عەلی تەیرە) لە شوێنیدا دەسەڵاتیان گرتە دەست، (عەلی تەیرە) پێش (ابی بکر)ی کوڕی مرد. (؟)، لە شوێنێکی دیکەشدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ((گەورەی بوختییەکان)) لە ساڵی (٧٨٧ك/ ١٣٨٥ز)دا (عبد اللە البختی) بووە. (انباء الغُمر، ١/ ٢٨٠،٣٠٣).

### ٥ـ (میر عز الدین البختی)ی هاوچاخی غەزواتەکانی تەیموری لەنگ بۆ سەر کوردستان (٧٨٩-٨٠٧ك/ ١٣٨٧-١٤٠٥ز):

بەدلیسی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (میر عز الدین) کوڕی میر (ئەبدال)ە، لە شوێنی باوکیدا بووە میری میرنشینەکە. (شەرەفنامە، ل٢٧٧) بەڵام بە دوور نازانرێ ئەمە مامی میر ئەبدال بێ، ئەوەی (ابن حجر) لە کاتی مردنی میر سەیفەددین لە ساڵی (٧٨٥ك، ١٣٨٣ز) ئاماژەی بۆ کردبوو، ئەوەش نازانین کە کەی بووەتە میری جەزیرە.

گرنگترین ڕووداوێکی سەردەمی میر (عز الدین) ڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتی جزیرە و تەواوی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوو، بۆ داگیرکارە تەیمورییەکان.



ئەوەتا لە زستانی ساڵی (٧٩٦ك/ ١٣٩٤ز) (تەیمور) بۆ جاری دووەم لە ڕێگەی بەغدا ـ تکریت ـ کەرکوك ـ هەولێر ـ موسل گەیشتەوە هەرێمی دیاربەکر، لە دوای خۆی وێرانەیەکی زۆری جێهێشت، بەڵام پێش ئەوەی پێشەنگی سوپاکەی بگاتە سەر سنوورەکانی شاری جەزیرە، میر (عز الدین) چووە پێشوازی و لەبەر دەستی ڕاوەستا، سۆز و گوێڕایەڵی خۆی بۆ ڕاگەیاند، دیاری گرانبەهای پێشکەشکرد و وادەی ئەوەی پێدا، کە قوت و پارە بۆ پشتگیری سوپاکەی بنێرێت، بەمە تەیمور دانی بە دەسەڵاتەکەیدا لەسەر وڵاتەکەی داناو ڕێگەی پێدا بگەڕێتەوە بارەگای فەرمانڕەواییکردنی خۆی، بەڵام شێخی بوختی کە یەك بوو لە پیاوانی بوختی، لەگەڵ میر (عز الدین) نەگەڕایەوە جەزیرە، بەڵکو لە تەك (تەیمور)دا مایەوە. (شامي، ظفرنامە، ص١٤٩—١٥٠، یزدي ظفرنامە، ١/ ٤٧٨-٤٧٩، الغیاثي، التاریخ الغیاثي، ص١٩٠).

تەیمور عادەتی وا بوو کە پارە و سامانی زۆری لەو میر و فەرمانڕەوایانە وەردەگرت کە گوێڕایەڵییان دەکرد، واتە دیاری و پارە و توحەفیات و شتە دەگمەن و ناوازەکان و (الهدایا التسع) و هی دیکەش، بەمە بڕێکی گەورەی شتی گرنگی لەلا کۆبووەوە، ویستی بیانێرێ بۆ ماڵ و منداڵەکانی لە شاری سوڵتانیەی ئازەربێجان، لەو کاتە شێخی بوختی ئەم هەلەی قۆستەوە، مۆڵەتی لە تەیمور وەرگرت بگەڕێتەوە جەزیرە، لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو، لەوکاتەیدا، کە کاروانی ماڵ و سامانەکەی تەیمور بە جەزیرەدا تێدەپەڕێت، بێتە سەر کاروانەکەی و دەست بەسەر هەموو ئەو پارە و توحەفیاتە گرانبەهایانەدا بگرێت، کە تەیمور بە زۆر لە خەڵك و بە تایبەت لە میر (عزالدین)ی وەرگرتبوو کە وەکو گوتمان میر عزالدین بە ناچاری ئەو ماڵ و سامانەی بە دیاری بۆ بردبوو، ئیدی تەیموریش ڕێگەی دەدات، شێخ دەگەڕێتەوە جزیرە و خۆی ئامادە دەکات، بۆیە کە کاروانی دیاری و دەستکەوتەکانی تەیمور دەگاتە نزیك جزیرە، شێخی بوختی و پیاوەکانی بەسەر کاروانەکە دادەدەن و بە تەواوی ئەوەی پێیانە لێیان دەسێنن و ڕادەکەنە قەڵای جەزیرە، لەوێ خۆیان قایم دەکەن. کاتێکیش تەیمور بەو هەواڵە دەزانێت، دوو جار داوا لە میر (عزالدین) دەکات، شێخی بوختی ناوبراو بەدەستەوە بدات، ئەگەرنا تەواوی وڵاتی جەزیرە بە قەڵاو هۆزەکانیەوە ڕادەماڵێت، بەڵام میر (عز الدین) ئەم داوایەی تەیموری لەنگی ڕەتکردەوە و ئەویش لە قەڵادا خۆی قایم کرد، بۆ بەرگریکردنیش پشتی بە قایمی قەڵاکەو ئاوی ڕووباری دیجلە بەست. (ظفرنامە یزدي، ١/ ٤٧٨، شرفنامە، ٢٧٧-٢٧٨).

لەبەرئەوە لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی (٧٩٦ك/ ئاداری ١٣٩٤ز)دا، تەیمور بە تەواوی سوپاکەیەوە لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوەو هێرشی هێنایە سەر شاری جەزیرە، شارەکەی

داگیرکرد، تالانکردن و راوڕووتیی تیادا حەلال کرد، هەروەها زۆربەی قەلاتەکانی دەوروبەری بۆ دەسەلاتی خۆی ملکەچ کرد، ئەوانیش رووبەڕووی تالان و راوڕووتی بوونەوە، ئیدی سەربازەکانی تەیمور بێ ژمار مەڕ و مالات و ئەسپ و ئاژەلانی دیکەیان بە تالانبرد. (ظفرنامە شامي، ص١٥٠" ظفرنامە یزدي، ١/ ٤٧٩، شرفنامە، ص٢٧٨).

دوای ئەم رووداوە، لەبارەی هۆی هەلسانی تەیمور بە داگیرکردنی شارەکەیان و ئەوەی بەسەر میر (عزالدین)دا هات، قسەیەك لە نێو خەلکی جەزیرە بلاوبووەوە، جیایە لەوەی سەرچاوە تەیمورییەکان بلاویانکردۆتەوە، ناواخنی ئەو قسەیە ئەوەیە: میر (عز الدین) خۆی لە تەیمور شاردەوە، چووە نێو پیاوانی هۆزی (اروخی) — خاوەنانی قەلای اروخ ـ و تەواوی ئەو ماوەیەی ژیانی مابووەوە، بە شەقاوەت و کۆلەمەرگیی بەسەر برد. (لەبارەی ئەم قسەیە بە دووردودرێژی، بڕوانە: شرفنامە، ص٢٧٨).

بەلام لە راستیدا میر (عز الدین) لەگەل ئەو زەبرە گەورەیەش، کە لەسەر دەستی تەیمور بەری کەوت، بە پێچەوانەی ئەوەی لە شەرەفنامەدا هاتووە، تا دوای سالی (٨١٧ك/ ١٤١٤ز) بە میرێتی مایەوە، میرنشینەکەشی پارێزگاریی لە دەسەلات و سەربەخۆیی خۆی کرد، بە تایبەت دوای ئەوەی لە سالی (٨٠٧ك/ ١٤٠٤ز) تەیمور مرد و کێشە و ململانێ کەوتە نێوان مندال و نەوەکانی.

ئەوەتا لە سالی (٨١٧ك/ ١٤١٤ز)دا هەریەکە لە میر (عز الدین البختی) و میر (توکل الکردی)ی خاوەنی (شرانش) و (میر محمد الحزدقیلی)ی خاوەنی قەلای (حزدقیل)، وەلامی داوای فەقیهی شافعی دەمارگیر (جلال الدین محمد کوڕی عزالدین الحلوانی)یان دایەوە بۆ شەڕی ئێزیدیەکان و قەلاچۆکردنیان، ئیدی هەموو ئەوانە بەرەو لالش هاتن، زۆرێکی کوردە ئێزیدیەکانیان بە دیل گرت. قوببەکەیان خاپورکرد، قەبرەکەی (عدی کوڕی مسافر الهکاری)ی شێخی ئیزیدیانیان هەلتەکاند، ئێسك و پڕووسکەکەیان دەرهێناو، لەبەرچاوی ئەو ئیزیدیانەی بە دیلیان گرتبوو، سووتاندیان. (السلوك، ٤/١/٢٩٣ — ٢٩٤).

ئەو هەلوێستەی میر (عز الدین البختی) لە دژی کوردە ئێزیدیەکان، ئەوە وەدەردەخات کە دیارە بەر لەو میرە، بە ماوەیەکی درێژ میرانی جەزیرە وازیان لە دینی ئێزیدی هێناوە و بوونەتە موسلمان، واتە بنەمالەی فەرمانڕەوای بوختی زووتر وازیان لە دینی ئێزیدی هێناوە، بەلام هەندێ لە هۆزەکانی دەوری (گورگیل)ی سەر بە میرانی جەزیرە تا هاتنی سەردەمی عوسمانی لەسەر ئێزیدی مابوونەوە. (شەرەفنامە، ص٢٧٣).



بەر لەو مێژووەش سالی (٨٠٨ك/ ١٤٠٦ز) میری جەزیرە لەگەل میر و پێشەوا کوردەکانی دیکەدا پەیوەندییان کرد بە (قرە یوسف القرە قوینلو)، ئەوەش ئەو کاتەی کە ناوبراو لە ولاتی شام گەڕایەوە - ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای شالاوە بەردەوامەکانی تەیمور، ئەو میرنشینە هەر ماوەتەوە و ئەو شالاوانە نەیانتوانیوە بە تەواوی بیڕووخێنن. هەروەها لەو گێڕانەوانەدا، دیسانەوە ئەوەش بەدیار دەکەوێت کە میر (عزالدین)یش تا بیست سالێش پاش شالاوەکانی تەیمور، هەر لە ژیان مابووەوە و لە میرایەتی جەزیرەش ماوەتەوە. (کتاب دیاربکریە، ص ٥٧).

میر (عزالدین) لەسەر بەرنامەی باب و باپیرانی و سیاسەتەکەی ئەوان بەرامبەر بە دەولەتی مەملوکی لە میسر هەر بەردەوامبوو کە ئەمە بۆ ئەو کاتە گەورەترین دەولەتی ئیسلامی بوو.

جگە لەوە میر (عزالدین) پارێزگاری لە پەیوەندییە باشەکانی لەگەل سولتانی مەملوکی و جێگرەکەشی لەشامدا کرد، ئەمەش چونکە چ دەولەتی مەملوکی و چ میرنشینە کوردییەکانیش پێویستییان بەوە بوو کە پەیوەندییەکانی نێوانیان بەهێز بکەن و بەرەوپێشی ببەن، بۆ ئەوەی هەول و کۆششەکانیان یەکبخەن و رووبەڕووی شالاوەکانی (تەیموری لەنگ)یان بکەنەوە. بۆ ئەوەی بەر لە داگیرکارییەکانی بگرن و هەولە فراوانخوازییەکانی لەسەر حسێبی زەوی و زاری ناوچەکانی خۆیان لەبار ببەن، ئیتر لە میانی ئەو پەیوەندییانەی نێوان هەردوو لا نامە و نووسراوەکانی جێگری سولتانی مەملوکی بەسەر شامەوە کە لە پلەی شەش بوو، دەگەیشتنە جەزیرە و میرەکەی، ئەو جێگرە لە دیوانی ئینشادا بە ((الجناب العالی)) ناودەبرا. (صبح الأعشی، ٨/٢٢٦).

سەرچاوەکان هەوالی سەرەنجام و کۆتایی میر (عزالدین)مان پێ نادەن، (قەزوینی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (اسکندر کوڕی قرە یوسف القرە قوینلو) لە سالی (٨٢٨هـ/١٤٢٥ز) ئازەربێجانی داگیرکرد، (عزالدین) پاشای کوردیشی کوشت. (لب التواریخ، ص٢١٤)، بەلام بە دوور دەزانرێ، ئەو میرە کوژراوە، میر (عزالدین)ی بوختی بێت، بەلکو زیاتر را بۆ ئەوە دەچێت، کە میری کوژراو میر (عزالدین شێر الهکاری)ی ناسراو بە ((ملك کردستان)) بێت، کە ئەو دەسەلاتەکانی تا ئازەربێجان درێژدەبووەوە.

### ٦ـ میر مجد الدین (لە دەوروبەری سالی ٨٢٠ ك/ ١٤١٧ز دەسەلاتی گرتە دەست):

زانیارییەکانی بەدلیسی سەبارەت بە میرەکانی جەزیرەو ریزبەندییەکانیان لەگەل ئەو زانیارییە کەمانەی لە سەرچاوە فارسی و مەملوکییەکاندا بەدیدەکرێن، بە پێچەوانەی یەك

دەوەستنەوە، ئەوەتا بەدلیسی دەڵێت: لە دوای مردنی میر (عزالدین) میر عەبدال (ابدال)ی کوڕی جێگەی گرتەوە، بووە میری جەزیرە و سەرۆکایەتی هۆز و عەشیرەتەکانی گرتە دەست، بەڵام لە دەسەڵاتدا زۆر تەمەن درێژ نەبوو، ئەوەبوو دوای ماوەیەکی کەم و زوو مرد، لە دوای ئەو (ابراهیم)ی کوڕی جێگەی گرتەوە. ئەمەش دیسانەوە زوو مرد و ماوەی دەسەڵاتەکەی ئەوەندە نەبوو شیاوی باس بێت، بەڵام لە پاشە خۆی سێ کوڕی جێهێشت، بریتی بوون لە: (میر شەرەف و میر بەدر و کاك محمد)، یەکەمیان جێگەی باوکی گرتەوە و بووە میری جەزیرە، بەڵام ئەوەش پاش ماوەیەکی کەم لە فەرمانڕەوایی وەکو باب و باپیرانی خۆی بە زوویی سەری نایەوە. (شەرەفنامە، ل٢٧٩) ئیدی باسی چ میرێکیش ناکات بە ناوی (مجد ا لدین).

لە هەمان کاتدا، لە گوتەکانی (أبی بکر الطهراني) بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کە میر، یان فەرمانڕەوای جەزیرە لە دەوروبەری ساڵی (٨٢٥ك/ ١٤٢٢ز) میر (مجد الدین) بووە، ئەو میرێکی بەهێز بوو، خاوەنی سوپایەکی نیزامی گەورە بوو بە شێوەیەك کە (اسکندر کوڕی قرە یوسف) داوای یارمەتی عەسکەری لێکرد بە دەمیەوە چوو و سێ هەزار پیاوی لە سوپاکەی خۆی لەگەڵ بوو. (کتاب دیاربکریە، ص ٧٨ —٧٩).

بەڵام پەیوەندی خزمایەتی نێوان میر (مجد الدین) و ئەو میرانە نازانرێت کە بەدلیسی ناوی هێناون.

### ٧ـ میر ئەبدال ـ (عبدالله)ی دووەم (پێش ساڵی ٨٤١ ك/ ١٤٣٧ز):

ڕوونمان کردەوە کە بە پێی گوتەی بەدلیسی میر ئەبدال ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی نەکرد و گیانی سپارد، بەڵام سەرچاوە فارسییەکان باس لەوە دەکەن کە (ئەبدال بێك)ی فەرمانڕەوای جەزیرە و (ملك خلف الأيوبي)ی میری (حصن کیفا) لە ساڵی (٨٤١ك/ ١٤٣٧ز) لە پاڵ سوڵتان (حمزە کوڕی قرە ایلك عثمان الآق قوینلو) وەستان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی (أصفهان کوڕی قرە یوسف القرە قوینلو)دا. (کتاب دیاربکریە، ص ١٣١، حسن روملو، أحسن التواریخ، ١/ ٢٣١).

ئەمەش لەوانەیە ئەوە بگەیەنێت، کە میر (ئەبدال) بە پێچەوانەی ئەوەی بەدلیسی گوتی، تا ئەم ساڵەی ئاماژەی بۆ کرا، بە میری جەزیرە مابووبێتەوە، یان لەوانەیە ئەو میر (ئەبدال)ە، هەمان میر (ئەبدال کوڕی میر عزالدین) نەبووبێت، هەروەها دەشێت میر (مجد الدین) بووبێت.



(ابن تغری بردی)یش بە پێچەوانەی (أبي بکر الطهراني و حسن روملو) دەڵێت: خاوەنی جەزیرە لە سەردەمی سوڵتانی مەملوکی (ملك العزیز یوسف) (١٣ ذي الحجه ٨٤١ ك-١٩ ربیع الأول ٨٤٢هـ) بریتی بوو لە میر (عمر البختی) (النجوم الزاهره، ١٥/ ٢٢٤).

دەکرێ گوتەکەی (ابی بکر الطهراني)یش بە ڕاستتر وەربگیرێ، چونکە ئەو نزیکتر بووە لە شوێنی ڕووداوەکان و مێژوونووسی دەربارەی (آق قوینلو) بووە، هەروەها مێژوونووسی سریانیش (ادی السبریني) کە خەڵکی دیاربەکرە و هاوچاخی ڕووداوەکانە، دەڵێت: میر عبدالله تا دوای ساڵی (٨٥٩هـ/١٤٥٥ز) بە میری مایەوە. (مار اغناطیوس، تاریخ طورعابدین، ص١٠٤-١٠٦).

### ٨ـ میر بەدر (بەدرو) بیك (؟ - ٨٧٣هـ/١٤٦٩ز):

میر بەدر (بدرو بیك) لە میرە گەورەکانی جەزیرەیە، بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەواییتی کردووە، دوور نییە ئەمە کوڕی میر ئەبدال بێت، یان کوڕی میر ئیبراهیمی کوڕی میر ئەبدال بێت، (شەرەفنامە، ص٢٨٢)، لە سەردەمی ئەمەدا میر أوزون حسن ألاق قوینلو (حسن الطویل) (٨٥٧- ٨٨٢هـ/١٤٥٣—١٤٧٨ز) سەریهەڵدا.

(حسن الطویل) لە بەرامبەر میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانی دیاربەکر و ئەرمینیا، پەیڕەوی سیاسەتێکی دوژمنایەتی فراوانخوازی کرد، هەندێکیانی ڕووخاند و هەندێ شوێنی گرنگی لە ئێرە و ئەوێی کوردستاندا داگیر کرد، ئەوەتا لە ساڵی (٨٧٣ك/ ١٤٦٩ز)دا سەرکردایەتی سوپایەکی گەورەی کرد و لە (دیاربەکر)ەوە بەرەو (جەزیرە) هێرشی هێنا، ژمارەیەك میر و فەرمانڕەواش لەوانە: دارۆغا ئامەد و دارۆغا بیرجك و فەرمانڕەوای شارەکانی شەنگال و موسل و تەلەعفەر بە خۆیان و هێزەکانیان هاتنە پاڵی. هێزەکانیان کە لە پێنج هەزار سوار پێکدەهات، گەمارۆی شاری جەزیرەیان دا، دواتر دەستیان بەسەردا گرت، ئینجا قەڵای ساق (شاخ)یش ملکەچێتیی نواند، بەمە میر (بەدرو بیك) رایکرد و خۆی لە قەلای (کارسی) توندکرد، میرانی تورکمانیش گەمارۆیان خستە سەر قەڵای ناوبراو، بۆیە میر (بەدرو) ناچار ئەو قەڵایەشی بەدەستەوە دا. (کتاب دیار بکریە، ص ٥٤٢ — ٥٤٣).

بەدلیسی دەڵێت: هێرشەکەی (حسن الطویل) بۆ سەر جەزیرە، لە سەردەمی میر (کاك محمد)ی برای (میر بەدرو) بوو، ئەوەش بەبێ هیچ گومانێك هەڵەیە، چونکە (أبا بکر الطهراني)

یەکێك بووە لەوانەی لەگەڵ ئەو هێرشە بووە، کە (أوزون حسن) کردییە سەر میرنشینەکانی دیاربەکر، جگە لەوەش ناوبراو مێژوونووسی دەرباری (أوزون حسن) بووە، کتێبەکەی لە ساڵی (٨٧٥ك/١٤٧٠ز) نووسیوە، واتە دوو ساڵ دوای داگیرکردنی جەزیرە.

دیارە ئەم هێرشەی (حسن الطویل) بووە هۆی وێران و خاپوورکردنی ولاتی جەزیرە، بە هۆیەوەی زۆربەی پیاو و ناودارانی بوختی گیانیان لەدەستدا، میر و براکانیشی بوونە دیلی تورکمانەکان، ئەوان بۆ عیراقیان دوورخستنەوە، جەزیرەشیان بە دەوڵەتی (آق قوینلو) بەستەوە، (حسن الطویل) فەرمانڕەوایی جەزیرەی بە پیاوێکی تورکمان بە ناوی (جلبی بێگ) بەخشی. (کتاب دیار بکریە، ص٥٤٢، شەرەفنامە، ل ٢٧٩).

**٩ـ میر شەرەفخان کوڕی میر بەدر:**

میر شەرەفخان لەو پیاوانەی هۆزی بوختی بوو کە لە دەست (حسن الطویل) دەربازیان ببوو، ئەو لە جەزیرە هەڵات و خۆی لە ناوچەیەکی دوور شاردەوە، تیایدا وەکو کەسێکی سادە خۆی پیشاندەدا، لەژێرەوەش لە هەوڵی ئەوەدا بوو، هەلێکی بۆ دروستبێت، بۆ ئەوەی شاری جەزیرە رزگاربکاتەوە و تورکمانە (ئاق قۆینلۆ)کانی لێ وەدەربنێ.

ئەوەبوو لە ساڵی (٨٩٧ك/١٤٩٢ز)یەوە لاوازی و لەبەریەکهەڵوەشانەوە رووی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی (ئاق قۆینلۆ) کرد، ئیدی شلەژان و بێ سەروبەری هەموو ولاتەکەی گرتەوە و کێبرکێی نێوان میرەکانی (ئاق قۆینلۆ) لەسەر دەسەلات دەرکەوت، رۆژ بە رۆژ توندتردەبوو، ئەمەش لە کاتێکدا کە دەسەلاتی رۆحی و سیاسی سەفەوییەکان رۆژ بە رۆژ لە نێوان خەڵکیدا زۆر دەبوو، بەم شێوەیە دوای سی ساڵ لە چاوەڕوانی و خۆ ونکردن، ئەم بارە ناوخۆییەی دەوڵەتی (ئاق قۆینلۆ) بووە هەلێکی زێڕین بۆ میر شەرەفخان بۆ گەڕاندنەوەی سەروەرییەکانی باب و باپیرانی، ئیدی قۆزتیەوەو بە کارەکیش سەرکەوت لە گەڕاندنەوەی شاری جەزیرە و تەواوی قەلاو پێگە پارێزراوەکانی بوختییەکان، دوای ئەوە فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەی گرتەوە دەست. (شەرەفنامە، ص٢٧٩-٢٨١).

**بەرزیکانی ـ البرزیکانیة — البرزیکان:**

ئەمە لە هۆزە گەورە و ناسراوەکانی کوردی شارەزوور و هەرێمی چیاکانە ـ کوردستانی رۆژهەلات لە سەردەمی عەبباسی ـ، بەلام ناکرێ بە وردی دەستنیشانی شوێنەکانی تێدا



حەوانەوەی بکرێت، هەرچی سەبارەت بە ناوەکەیەتی: ئەوا چ گومانی تێدا نییە کە ئەم ناوەی ناوێکی کوردییە، پێکهاتووە لە (بەرز ـ العالی)، بەلام (مسعودی) بە هەڵە ناوەکەی کردۆتە بوزیکان. (التنبیه والإشراف، ص٩٤)

سەرۆکی ئەم هۆزە (حسنویه کوڕی حسین البرزیکانی) بوو، لە دەوروبەری ساڵی (٣٤٨ك/٩٥٩ز) لە ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەر میرنشینێکی دامەزراند، ئەو میرنشینە لە سەردەمی کوڕەکەیدا میر (بەدر کوڕی حسنویهی) (٣٦٩ — ٤٠٥ك/٩٧٩—١٠١٤ز) کە زۆربەی ناوچەکانی ولاتی شارەزوور و هەرێمی چیاکانی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی، بووە یەکێك لە میرنشینە بەهێز و گەورەکان، ئیدی ئەو میرنشینە بە میرنشینی (حەسنەوەیهی بەرزیکانی) ناسرا. (بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: حسام الدین النقشبندي، الکرد في الدینور وشهرزور، أطروحة ماجستیر غیر منشورة، جامعة بغداد ١٩٧٥).

سەیر ئەوەیە، دوای رووخانی ئەو میرنشینە، هەواڵی ئەم هۆزەش لە سەرچاوەکاندا ون دەبێت، وا پێدەچێت، دابەشبوبێتە سەر چەند تیرە و گرووپێکی بچووك بچووك، هەر یەکەیان بە ناوێکی نوێ ناسرابێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەی میرانی بەرزیکان، بە شکستی میرنشینەکەیان و نەمانی هۆزەکەیان، ناویان ون نەبوو، ئەوەتا بۆ نموونە وەکو بەدلیسی دەڵێت، ئەگەر گوتەکەی راست بێت، هەموویان دەچنەوە سەر میر (هلال کوڕی بەدر کوڕی حەسنەوەیهی) (شرفنامە، ص٤٩٥)، کە ناوبراو لە کۆتاییەکانی ساڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز) لە شەڕێکی لەگەڵ (شمس الدوله البویهی) کوژرا (الکامل،٧ /٢٧٣ -٢٧٤).

هەروەها سۆفی و واعیزی ناسراو عبدالقاهر کوڕی عبدالله کوڕی محمد کوڕی عەمەویەی سەهرەوەردیی کوردی (٤٩٠-٥٦٣ك/١٠٩٧-١١٦٧ز)، کە پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد، دەچێتەوە سەر خەلیفەی یەکەمی پێغەمبەری خوا ئەبی بەکری صدیق (ڕەزای خوای لەسەر)، لە راستیدا ئەم پیاوە لە نەوەی میر (حەسنەوەیەی کوردی) بووە. (الذهبي، تاریخ الاسلام، حوادث (٥٦١-٥٧٠هـ)، ص١٦٧، التادفي، قلائد الجواهر، ص١٠٠).

**ـ بزین – شیخ بزینی:**

(ابن العماد الحنبلي) کە لە (١٠٨٩ك/ ١٦٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: ((بزێن بە کۆکراوەیی و بە بچووککراوەیی هۆزێکە لە کوردان)) (شذرات الذهب، ٨/ ٣٣١)، لەوانەشە بزێنی هەر بریتی بێت لە هۆزی شێخ بزێنی خۆی، کە لە بنجدا لە هۆزەکانی قەلای (دیرە)ی

سەر بە دەڤەری تەنزی (تەنزە)ی سەر بە جزیرەی بۆتان بوو (شرفنامە، ص٢٧٤)، بەلاّم بەشێکیان لەوێ هاتنەخوار و بەرەو کوردستانی باشوور هاتن، بە درێژایی کەناری چەپی زابی خواروو لە ئالتّون کۆپری بۆ تەقتەق نیشتەجێ بوون.

ئەوانەی سەر بە (بزێن)ن، فەقیهی شافیعی (عبدالرحمن کوڕی اصفهان) و (عبدالله)ی کوڕینە، کە (عبدالله) زانستەکانی نەحو و سەرف و مەنتیق و بەلاغەی لەلای باوکی و لەلای زانایانی سەردەمەکەی خوێندووە، لە سالّی (٩٦٢ك/١٥٥٥ز)، لە شاری (قەصیر)ی (شام) کۆچی دوایی کردووە. (شذرات الذهب، ٨/ ٣٣١-٣٣٢).

**- بەشنەوی: البشنوية - بجنو — بەژنەوی** Badhnawi:

بەشنەوی هۆزێکی گەورەی کوردانە، لە کۆنەوە لە هەرێمی جزیرەی کوردستانی باکور بوونە. وەکو هاوسێ باشورییەکەی هۆزی (بوختی ـ بۆتانی)، مێژوویەکی دێرینیان هەیە، کە لە دوای (بوختی) دووەم گەورەترین هۆزە.

(ابن الأثير) لە مادەی (البشنوی)دا دەڵێت: ((تایەفەیەکی گەورەی کوردان لە لادێکانی جزیرەی ئیبن و عومەر بەو ناوە ناسراون، قەلاّیەکیان هەیە، بە قەلاّی فنك بەناوبانگە)) (اللباب في تهذيب الأنساب، ١/ ١٥٧).

بە پێی گێڕانەوەیەکی میللی نیمچە مێژووییش، کە لە نێوان کوردان باوە، بەدلیسی لە هەوالّهێن و راوییە گرنگیدەرەکان بە مێژووی هۆزی بەشنەویی بیستووە، کە: ناوی ئەو هۆزەی بەشنەوی، لە ناوی کەسێکەوە هاتووە، ناوی (بەجنو)، (بەژنو)، بووە، وەکو (بوختی) سەر بە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی جزیرە و میرانی بۆتان بووە، دواتر لەسەر دەسەلاّت ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیان روویداوە، وەکو ئاماژەی بۆ کرا، ئەمە درێژەی کێشاوە، تا سەرەنجام دەسەلاّت بۆ (بوختی) یەکلابووەتەوە، (بەجنو)ش بەرەو (حصن کیفا) رایکردووە. بە پێی بیروباوەڕی باوی نێو کوردانی جزیرەش، کە لە گێڕانەوەیەکی دیکە دەخرێتە روو: کورد هەر هەموویان لەو دوو برایە (بەجنو) و (بەختو) پەیدا بوونە. (شرفنامە، ص٣٢٠).

وەکو دیاریشە ناوی ئەو هۆزە بە کوردی بریتییە لە (بەژنو — بەژنەوی)، لە (شەرەفنامە)ش (بجنو — بجنوی) هاتووە، مێژوونووسە موسڵمانەکان بە (بەشنەوی)یان تۆمارکردووە.

بەشنەوییەکان بە دەمارگیری و خۆپەسندی و هەروەها بە کەرەم و پیاوەتی و عیزەتی نەفس و میوانپەروەریی ناوبانگیان دەرکردووە، (ابن الأثير)ی مێژوونووس چووەتە ناویان لە نزیکەوە ناسیونی و زانیویەتی چ سروشت و سیفەتێکیان هەیە، چونکە خۆی لەدایکبووی جزیرەی بۆتانی نزیك ولاّتی بەشنەوییانە، لە سالّی (٥٥٥ك/١١٦٠ز)، بۆیە پێیدا هەڵداون و بەم شێوەیە



سوپاسی ناوبانگ و مێژووەکەیانی کردووە: ((مەبەستی باشیان هەیە، ئەمەکدار و دەمارگیرن، دەستی هەر کەسێك دەگرن، پەنایان بۆ ببات، ئیتر نایدەنەوە دەست ئەوەی بەدوایدا دێت، هەر کێیەك بێت و ناسراو، یان بێگانە بێت)) (الكامل، ١٢/٩).

(یاقوت)یش زانیاری زیاتر دەدات دەڵێ: ((پیاوەتی و ئازایەتییان هەیە، ئەوەی پەنایان بۆ ببات، دەیپارێزن و چاکەی لەگەڵدا دەکەن)). (معجم البلدان، ٤/ ٢٧٨)، (قزوینی)ی کە لە (٦٨٢هـ/١٢٨٣ز) کۆچی دوایی کردووە هەمان شت لە بارەی بەشنەوییەکان دووبارە دەکاتەوە. (آثار البلاد واخبار العباد، ص ٤٣٢).

بەشنەوییەکان ژمارەیەك زاناو شاعیر و نووسەریان لێ هەڵکەوتووە، لەوانە: سۆفی و شێخ صالّحی ناسراو بە (مامکی بەشنەوی)کە لە سالّی (٤٠٠ك/١٠١٠ز) کۆچی دوایی کردووە. (اللباب، ١٥٧/١)، لەگەڵ میر و شاعیری ناسراو (أبو عبد الله الحسين کوڕی داود البشنوی)ی کە لە دەوروبەری سالّی (٤٦٥ك/١٠٧٣ز) کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمە ئامۆزای میری قەلاّی فنکە، دەشێ حوسێنی بەشنەویش یەکەم شاعیری کورد بێت، شانازی بە نەتەوەکەی خۆی کردبێت. بۆ سەروەرییەکانی میر و پیاوانی هۆزەکەی گۆرانی گوتبێ، ئەوانە لە دەوری میر (بادی کوردی) کۆبوونەوە و پشتیوانییان کرد، لە ململانێکانی لەگەڵ بووەیهییەکان و حەمدانییەکان. (عبد الرقيب يوسف، حضارة الدوله الدوستكيه، ص٢٦٣)، ئەوەتا لە شیعرەکانی خۆیدا شەڕی (باجلایا)ی سالّی (٣٧٣ك٣٧٤ك/٩٨٣—٩٨٤ز) تۆماردەکات و لە لەبیرچوونەوە دەیپارێزێت کە ئەم شەڕە لە نزیك گوندی (باجلی)ی ئێستای سەر رووباری خابوور روویدا، تیایدا میر (باد) سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر بووەیهییەکان و شوێنکەوتووەکانیاندا بەدەستهێنا، شکستێکی گەورەی تووش هێنان، بۆیە ئەم شاعیرە لە یەك لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

البشنوية أنصار لدولتكم
وليس في ذا خفا في العجم والعرب
أنصار باد بارجيش وشيعته
بظاهر الموصل الحدباء في العطب
بباجلايا جلونا عنه غمغمة
ونحن في الروع جلاؤون للكرب

(الكامل، ١٤٣/٧).

(عماد الأصفهاني)یش کورتەیەکی ژیانی هێناوە و چەند دێڕێکی شیعریی بڵاوکردۆتەوە:

أدمنَةُ الدارِ مِنْ رَبابِ
قَدْ خَصَّكَ اللهُ بِالرَّبابِ
يحنُ قَلبي إلى طلولٍ
بِنَهرِ قارٍ وَبِالرَوابي
..................
مَفاخِرَ الكُردُ في جدودي
وَنَخوةَ العَرَبِ في انتِسابي

(خريدة القصر، قسم شعراء الشام، ٥٤١/٢، الوافي بالوفيات، ١٢/ ٥-٦).

لە شیعرێکی دیکەشیدا شانازی بە باپیرانی خۆی (بنو مهران) دەکات کە ئەوان بنەماڵەی فەرمانڕەوای بەشنەوینە، چونکە لە هەموو ژیانی خۆیاندا واتای زەلیلی و ملکەچبوونیان نەزانیوە:

ان يعرف الناس رسم الذل في جهةٍ
فالذل عند بني مهران مجهولُ

(خريدة القصر، ٥٤٢/٢)

ئەمە (دیوانێکی بەناوبانگ)یشی هەبووە (اللباب، ١/ ١٥٧)، مێژوونووسە شیعەکان بە درێژی لە بارەی ژیانیان نووسیوە و نموونەی ئەو شیعرانەیان هێناوەتەوە کە تیایاندا شانازی بە ئیمامەکان دەکات و چاکیەکانیان دەخاتە بەرچاو، بەو پێیەی خۆشەویستی زۆری بۆ ئالولبەیت هەیە، لە دیوانەکەیدا چەند دێڕێکیان گوازتۆتەوە. لە هۆنراوەیەکیدا لەبارەی (غەدیر)دا گوتوویەتی:

وقد شهدوا عيد (الغدير) وأسمعوا    مقال رسول الله من غير كتمان:
الست بكم اولى من الناس كلهم    فقالوا: بلا يا افضل الانس والجان
فقال خطيباً بين اعواد منبر    ونادى باعلى الصوت جهراً بإعلان
بحيدرة والقوم خرس اذلة    قلوبهم ما بين خلف وعينان
قلب مجيباً ثم اسرع مقبلاً    بوجه كمثل البدر في غصن البان
فلاقاه بالترحيب ثم ارتقى به    اليه وصار الطهر للمصطفى ثان
وشال بعضديه وقال وقد صغى    إلى القول اقصى القوم تالله والدان
على اخي لا فرق بيني وبينه    كهارون من موسى الكليم ابن عمران



ووارث علمي والخليفة في غد    على أمتي بعدي اذا زرت جثماني
فيا رب من والى عليا فواله    وعاد الذي عاداه واغضب على الشاني.

(www.14masom.com)

شاعیر جگە لە دیوانی شیعرەکانی دوو کتێبی دیکەیشی هەبوو، ئەوانیش:

١- كتاب الدلائل.

٢- الرسائل البشنوية (ابن شهراشوب، معالم العلماء، ص٣٦، حضارة الدولة الدوستكية، ص ٢٦٣).

- پیاوێکی دیکەی ناوداریان بریتییە لە: (ابو بكر محمد کوڕی الحسن کوڕی ابی جيد البشنوی) لە پیاوەکانی سەدەی پێنجی هیجری ـ یازدەی زاینی، بەشێکی ژیانی خۆی لە جەزیرەی بۆتان بەسەربردووە، دواتر بۆ بەدەستهێنانی زانستی فەرمووده (علوم الحديث) چووەتە شام و لە شاری (قودس) نیشتەجێ بووە. خەریکی لێکۆڵینەوە بووە لە فەرموودە و گوتنەوەی وانەی فەرموودە، کۆڕی دانیشتنەکانی جمەی هاتووە لە قوتابیان، لەوانەی (فەرموودە)یان لێ گێڕاوەتەوە، بریتین لە: شیخ الاسلام نصر کوڕی ابراهيم کوڕی نصر النابلسي (٤١٠-٤٩٠هـ/١٠١٩-١٠٩٧ز) و، أبي احمد حامد کوڕی سفيان کوڕی الحسين التفليسي الاديب (تاريخ دمشق، ١٢/١٢،الوافي بالوفيات، ٢١٤/١١).

بەشنەویەکان وەکو بەختییەکان لە مێژووی ئەیووبیدا هیچ ئامادەییەکیان نەبووە، چونکە سەرۆکەکانی بەشنەوی دەستیان بە قەڵاکانی خۆیانەوە گرت و دەستبەرداریان نەبوون، هەروەها نەچوونە پاڵ ئەیوبییەکان بۆ پشتیگریکردن و سەرخستنیان بە جیهادکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژداچوونەوەی خاچپەرستەکان، هەرچەندە بەشنەویەکان دەچوونە وڵاتی شام بۆ بازرگانیکردن و بە دەستهێنانی زانستەکان، تەنانەت لە شاری حەلەبدا بەشنەویەکان مزگەوتی خۆیان هەبوو. (الاعلاق الخطيرة، ١٩٩/١/١).

# میرنشینی بەشنەوی

بەشی باکووری ناوچەکانی جزیرەی بۆتان و هەندێ بەشی ولاّتی زۆزان ولاّتی بەشنەوییان پێکدەهێنا، ئیتر قەلاّو شوێنە پارێزراو و دامودەزگاکەیان هەمووی لەوناوچانەوەبوو، لە گرنگترین ئەو شوێن و قەلاّیانەیان بریتی بوون لە: قەلاّی بەشیری، قەلاّی بەرقە، قەلاّپارێزراو و قایمەکەی (هەیسەم) و (شاروا) و (جەدیدە). (معجم البلدان، ٤٢٩/١، ١٥٨/٣، التاریخ الباهر، ص٧٣)، لەگەڵ قەلاّی (فنك)ی هەڵکەوتوو لە دووری دوو فەرسەخ، واتە: نزیکەی دوانزە کیلۆمەتر لە باکووری جەزیرەی بۆتان، کە ئەوەش قەلاّیەکی قایم و پارێزراوبوو، لەسەر لوتکەی چیایەکی بلّند بیناکرابوو کە بەسەر رووباری (دیجلە)دا دەیڕوانی. (الکامل، ٩/ ١٤٠، معجم البلدان، ٤/ ٢٧٨)، ئەو قەلاّیە مزگەوتێکیشی تێدابوو، ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوەی لەسەر دیوارەکەیدا نووسرابوو:

تجنبت غشيان الديار وليس في تجنبها بعد الفراق ملام

(اسامة بن منقذ، المنازل والديار، ص٩٤).

لەسەر ئەو قەلاّیە قوللەیەك لەسەر بەردێکی گەورە و بەرز دروستکرا، زۆر بەرزتر بوو لە قەلاّتەکە، هەر لەو قەلاّیەس سەردابێك هەڵکەنرا بەرەو چاوگەی ئاو، کەس نەیدەتوانی ئەو ئاوە لە دانیشتوانی ئەو قەلاّیە ببڕێت. (التاریخ الباهر، ص٧٣، الکامل، ٩/١٤٠، آثار البلاد، ص٤٣٢).

لە ماوەی سەردەمی ئیسلامی ناوی بەشنەوی بە قەلاّی (فنك)ەوە دەبەستراوە، بەشنەویەکان کردیانە لانە و سەنتەر و بارەگای میرنشینە بچووکەکەیان، کە لەگەڵیدا مێژوویەکی درێژیان هەبوو.

## میرەکانی بەشنەوی:

لە دەوروبەری ساڵی ٢٧٥ك/ ٨٨٨ — ٨٨٩ز، پێشەواکانی بەشنەوی میرنشینێکی بچووکی نیمچە نەناسراویان دروستکرد، (ابن الأثیر) کە لە جزیرەی بۆتان لە دایك بووەو



بەشێکی ژیانی لەوێدا بەسەر بردووە، بیستوویەتی: پیاوانی بەشنەوی گوتوویانە ئەوا سێ سەد ساڵە و قەلاّی فنك لە دەستی ئێمە دایە. (التاریخ الباهر، ص٧٣، الکامل، ٩/ ١٤٠) (یاقوت)یش ئەوەی دووبارەکردۆتەوە، دەڵێت: ((قەلاّی فنك.. لە ساڵانێکی لەمێژەوەیە کە دەگاتە سێ سەد ساڵ لە دەستی ئەو کوردانەیە ـ مەبەست (بەشنەویەکان)ن ـ..)) (معجم البلدان، ٤/ ٢٧٨، آثار البلاد، ص٤٣٢)، لە راستیشدا لە ماوەی زەمەنی نێوان (٢٥٠—٣٣٤ك/ ٨٦٤—٩٤٦ز)، ناوچە جیاجیاکانی کوردستان سەرهەڵدان و دروستبوونی زۆرێك دەسەلاّتی کوردی بچووکی بەخۆوە بینی.

بەشنەویەکان تا رۆژانی داگیرکردنی مەغۆلی لە قەلاّی فنك و قەلاّکانی دەوروبەریەوە پارێزگارییان لە میرنشینەکەی خۆیان کرد، بەلاّم زانیاری لە بارەیانەوە نیمچە نادیارە. لە کاتی سەرهەڵدانی میرنشینی (دۆستەکی ـ مەڕوانی)ش، بەشنەوییەکان چوونە پاڵ (باد)ی خاڵۆیان، هاوکاری و بەشدارییەکی باشیان کرد لەو شەڕانەی کە لە دژی بووەیهییەکان و حەمدانییەکان ئەنجامی دەدا.

لە ساڵی (٤٣٣ك/ ١٠٤١ز)ی سەربازەکانی میرنشینی بەشنەوی بەرپەرچی هێزەکانی غەزە تورکەکانیان دایەوە، ئەوانەی بە ژمارەی زۆرەوە هاتن، ولاّتی (زۆزان) و (دیاربەکر)یان داگیر کرد و بۆخۆیانیان حەلاّلکرد، بۆیە سەربازانی بەشنەوی شەڕیان لەگەڵدا کردن و پەرت و بلاّویان کردن. (الکامل، ٧/ ٣٤١)، لە میرانی بەشنەوی ئەمانەی خوارەوە دەناسین:

١- میر أبو طاهر البشنوي (؟- ٤٤٧هـ/ ١٠٥٥ز):

ئەوە یەکەم میری بەشنەوییە لەوانەی کەناسراون، خوشکەزای میر (نصر الدوله احمد کوڕی مەڕوانی کوردی)یە (٤٠١ — ٤٥٣ك/ ١٠١٠ — ١٠٦١ز). لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز) بە دەستی کوڕە خاڵی خۆی (سلێمانی کوڕی نصر الدولە)ی ناسراو بە (ابی حرب) کوژراوە، ئەمەش بە هۆی ئەو رووداوەی خوارەوە:

سلێمان جێگری باوکی بووە بەسەر جزیرەی بۆتان، لە نێوان خۆی و میر (موسك بن المجلی)ی میری هۆز و میرنشینی بوختی ناکۆکییەك دروستدەبێت، سلێمان پلانێك دادەڕێژێت بۆ ئەوەی لە (موسك)ی ناوبراو دەربازی بێت، بۆیە پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە کچی ئەبی تاهیری بەشنەوی بخوازێت، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە دەستخەڕۆی بکات و بە غەدر و ستەم بیکوژێت، ئیدی پلانەکەی سەردەگرێت و ئەوە دەکات، بەلاّم کە میری بەشنەوی بەمە دەزانێت، کوژرانی

زاواکەی بەلاوە ناخۆش دەبێت، غەمی بۆ دەخوات و پلانەکە ریسوا دەکات، بۆیە لە نامەیەکدا ئەمە بۆ نەصرولدەولەی خاڵی و سلێمانی کوڕی دەنووسێت و دوژمنایەتی خۆیانیان بۆ دەردەبڕێ، بۆیە سلێمان لێی دەترسێت و لە ڕێگەی کەسێکی خۆی ژەهرخواردووی دەکات، بەمە دەمرێت. (الکامل، ٨/ ٦٩ — ٧٠).

٢- میر عبید الله کوڕی أبی طاهر (٤٤٧هـ/ ١٠٥٥ز-؟):
لە دوای کوژرانی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، شتێکی وای لە بارەوە نازانین، ئەوە نەبێت کە تۆڵەی باوکی خۆی کردۆتەوە و میر سلێمانی کوڕی نەصرولدەولەی کوشتووە. (الکامل، ٨/ ٧٠).

٣- میر نور الدوله داود کوڕی مهران البشنوی (؟-٥٢٦هـ/١١٣١ز):
لە ماوەی چارەگی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی دوانزەی زایینی فەرمانڕەوایی قەڵای فنکی کردووە، هیچی لە بارەوە نازانین، ئەوە نەبێت، لە ساڵی (٥٢٦ك/١١٣١ز) کۆچی دوایی کردووە. (الفارقی، من تأریخ أمد ومیافارقین، ص٢١٩)، میرنشینی بەشنەویش لە سەردەمی ئەو میرە لە ساڵی: (٥٠٩ ك/ ١١١٥ز)، ڕووبەڕووی شاڵاوی سوپای ئەتابەکی موسل (جیوش بك) بووەتەوە. (الکامل، ٨/ ٣٠٩).

٤- میر ناصر الدین حسام الدولة أبو نصر مهران کوڕی داود کوڕی مهران البشنوي (٥٢٦ك/١١٣١ز — دوای ٥٤١ك/ ١١٤٦ز):
لە دوای باوکی دەسەڵاتی میرنشینەکەی گرتە دەست و دەیان ساڵ مایەوە، کاتێك کە ئەتابەکی موسل عیمادەدینی زەنکی (٥٢١ — ٥٤١ك/ ١١٢٦—١١٤٦ز) سوپایەکی گەورەی سوار و پیادەی نارده سەر قەڵای فنك بۆ ئەوەی لە دەستی بەشنەوییەکانی بێنێتە دەر و بە دەوڵەتەکەی خۆی ببەستێتەوە، ئەو میری ئەو قەڵایە بوو، زەنکی نەیدەویست ((لە ناوەڕاستی وڵاتەکەیدا شتێك هەبێت موڵکی کەسی تر بێت))، بەڵام لە ماوەی گەمارۆی بەسەر قەڵای (جەعبەر)دا کوژرا، بۆیە سوپاکەی گەمارۆی سەر (فنك)یان هەڵگرت. (الکامل، ١٢/٩ — ١٣، الروضتین، ١/١٨٠).

هەر لە قەڵای فنك میری شاعیر (أبو شجاع القاسم کوڕی الحسن البغدادی) ناسراو بە (أبن الطوابیقي)کە لە (٥٦٩ك/١١٧٣ز) کۆچی دوایی کردووە بە هاوڕێیەتی (المعالی کوڕی سلێمان



الذهبي) هاتە سەردانی ئەو میرە، میریش ئەوسا لە راو دەبێت، کاتێك کە دەگەڕێتەوە (أبن الطوابیقي) بەم چەند دێڕانەی شیعری بۆ دەڵێ:

| | |
|---|---|
| یا ناصرّالدین، سمعاً من فتی، عَلِقت | یداه بحبلٍ غیر منبتكِ |
| یئَن غدون لصید الوَحش في عَدَدٍ | من النیازك والبتارة البتكِ |
| فَحسبُهَ لیلت سوءٍ غدا بهما | نزیل مُلکك یا مولاي کالملِيكِ |

(خریدة القصر، قسم شعراء العراق، ٢/٣١٨-٣١٩).

٥ـ میر (أبو الفوارس فخر الدین شمس الدولة محمد کوڕی داود کوڕی مهران البشنوي):
(ابن الفوطي)کە لە (٧٢٣ك/ ١٣٢٣ز) کۆچی دوایی کردووە بە ((میری کوردان))ی وەسفدەکات، دەڵێت: ((لەو میرانەیە، کە ناوبانگێکی باشی هەیە، فەرمانڕەوایی و سەرۆکایەتیشی بەسەر کوردانەوە هەیە)) (معجم الالقاب، ٣/ ١٣٩).
وا پێدەچێت وەکو میر (حسین کوڕی داود الشاعر) شیعەش بووبێت، یان لایەنگریان بووبێ، چونکە شاعیری شیعی (أبو الحسین مهذب الدین احمد کوڕی منیر الطرابلسي) (٤٧٣ — ٥٤٨ك/ ١٠٨٠ — ١١٥٣ز)، لە ساڵی (٥٣٤ك/١١٣٩ز) پێیداهەڵداوە، بەڵام لە دیوانەکەیدا ئەو هۆنراوەیەمان نەدۆزیەوە، کە بۆ ئەو میرە بەشنەوییە نوسیویەتی.
٦- میر ئیبراهیم (ساڵی ٥٧٢ك/ ١١٧٦ز):
ئەمە میری قەڵای (فنك) بووە لە ساڵی (٥٧٢ك/ ١١٧٦.)، عیسای برای لەسەر دەسەڵات ململانێی لەگەڵ دەکرد، بۆیە لەسەر فەرمانڕوایەتی قەڵای (فنك) ناکۆکییان لە نێواندا دروستبووە، (ابن الأثیر) لەوەدا چیرۆکێکی رزگاربوون لە دوای ناخۆشی دەهێنێتەوە. (الکامل، ٩/ ١٤٠، آثار البلاد، ص٤٣٢).

## کەوتنی میرنشینی بەشنەوی:

هەرچەندە لە سەرچاوە مێژوویەکان هەواڵیشی نەما، بەڵام میرنشینی بەشنەوی هەتا کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی مایەوە، هیچ نەبێ قەڵاکانی (فنك) و (بەشیری) و (بەرقە) لە هەموو ئەو ماوەیە هەر لە دەست میرە بەشیرییەکاندا بوو، لە قەڵای (فنك) هێز و دەسەڵاتێکی وەهایان هەبوو، نە میری جەزیرە کە لە (ئەرتەقییە تورکەکان) بوو، نە ئەوانی دیکەش نەوێران

هێرشی ببەنە سەر، هەرچەندە زۆریشیان لێ نزیك بوو. (معجم البلدان، ١/ ٤٢٩، ٣/ ١٥٨، ٤/ ٢٧٨) ئەو میرانە لە نەوەی میر حیسامولدەولەی بەشنەوی بوون (الكامل، ١٢/٩)، زۆرینەی گومانیش لەسەر ئەوەیە کە کاتێك مەغۆلەکان (دیاربەکر و زۆزان)یان گرت، ئەمە بووە هۆی دەستگرتن بەسەر میرنشینی بەشنەویش وەکو هەریەکە لە میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێییە کوردییەکانی دیکە.

کاتێکیش لە کۆتاییەکانی سەدەی حەفتی کۆچی/ سێزدەی زایینی میرنشینی (بۆتان) دامەزرا، قەڵاکانی (فنك) و (بەرقە) و ناوچەکانی سەر بەو قەڵایانە، بوونە بەشێك لە موڵکی میرنشینی بۆتان. ئیتر لە قەڵای (فنك)دا لکێکی زنجیرەی میرانی جەزیرە، لە نەوەی میر ئەبدالی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی سلێمان فەرمانڕەواییان کرد، بەشنەویش وەکو هۆزێکی گەورەی خاوەن دەسەڵاتی خێڵەکی بەهێز لە دەوروبەری (فنك) و (حصن كيفا) مایەوە، بەڵام قەڵای بەشیری، کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی پاشا ئەیوبییەکانی خاوەنی (حصن كيفا). (شرفنامە، ص٣١٠).

**ـ بەشیری: البشيرية — بشيري:**

کورد هەر لە کۆنەوە لە لادێکانی نەعمانییە و نەهرەوان و دەسکەرەی واست (کوت ـ ی ئێستا) نیشتەجێبوونە، ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان تا دەوروبەری حیللە درێژبۆتەوە، لە ماوەی سەردەمی عەباسی بە چڕی لەو ناوچانە هەبوونە و بوونەتە یەك لە رەگەزە سەرەکییەکانی دانیشتووانەکەی، ئەوەتا ریوایەتێك هەیە گوزارشت لە زۆرییان دەکات لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی لەوناوچانەدا (القرطبي، صلة تاريخ الطبري، ص١٢٧—١٢٨)، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە دوای هۆزی ئەو کوردانەدا دەگەڕێین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو کوردی ئەوناوچانە لە هۆزی گاوان (جاوان)ی گەورە و تیرەکانی ئەو هۆزە بوونە.

بەڵام سەبارەت بە بەشیری، ئەوا شتێکی زۆریان لەبارەوە نازانرێت، چونکە سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی باسیان ناکات، ئەگەرچی یەکێکە لە هۆزەکانی لادێکانی حیللە، لە ماوەی سەردەمی سەلجوقی رۆڵیان بەدیارکەوتووە، عیمادی ئەسفەهانی کە لە (٥٩٧ك/١٢٠٠ز) کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: ((بەشیری و نەرگسی دوو تیرەی کوردانن لە حللەی بەنی مەزید))، هەردووکییان لە تیرەکانی (گاوان)ن. (مصطفی جواد، جاوان القبيلة الكردية المنسية، ص٢٤).



بەشیری دراوەتەپاڵ (بەشیر) کە یەکێکە لە باپیرەکانیان (المنذري، التكملة لوفيات النقلة، ٢١١/٣)، بە دووریش نازانرێت بنەچەی بەشیرییەکان لە هەرێمی جەزیرە ـ کوردستانی باکور و وردتر بڵێین: لە قەڵای بەشیرییەوە هاتبن، کە ئەو قەڵایە یەکێکە لە قەڵاکانی هۆزی بەشنەوی. (معجم البلدان، ٤٢٩/١)، لە واقیعیشدا شاڵاوە بەدوای یەکداهاتووەکانی سەلجوقییەکان لە ماوەی سەدەی پێنجی کۆچی/ یازدەی زایینی، بۆ سەر وڵاتی جەزیرەو ئەرمینیا، بە خراپ بەسەر دانیشتووانەکەی ئەو وڵاتانە لە کوردو نەتەوەکانی دیکەش شکایەوە، وای لە هۆزە کوردییەکان کرد، ناوچەکانی خۆیان جێبێڵن و بەدوای ناوچەی دیکەدا بگەڕێن، جگە لەوەش وەکو دەزانرێت سوڵتان (مەڵەکشا)ی سەلجوقی لە ساڵی (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز) دەستی بەسەر جزیرەدا گرت و کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینی (دۆستەکی ـ مەڕوانی) هێنا، تەواوی زەوییەکانیشی داگیرکرد، گوندی (حەربی)ی باکوری (بەغدا)ی بۆ میر (مەنصوری مەڕوانی) دیاریکردو بۆ ئەوێی دوورخستەوە. (الفارقي، تاريخ الفارقي، ص٢٠٥—٢١٤).

لێرەدا ئاماژەیەکی مێژوویی دەگمەنیش هەیە، ئەوە دەسەلمێنێت کە میرەکانی مەڕوانی (واتە: فەرمانڕەواکانی خانەوادەی مەڕوانی کوردی) لە باشوری عێراقدا هەبوونە، ئەوەتا (عیمادی ئەسفەهانی) دەگێڕێتەوە: ((هەندێ لە سەرۆکەکانی هەمامیەی بەنی مەڕوان قسەیان بۆ کردم) (خریدە القصر، ٤٢٣/٢/٤)، جا دەشێت: پیاوانی قەڵای بەشیری قەڵاکەی خۆیان جێهێشتبێت و لەگەڵ میرە مەڕوانییەکان بەرەو باشووری عێراق هاتبن.

سوڵتان محمد السلجوقي (٤٩٢—٥١١ك/١٠٩٩—١١١٧ز) لە لادێکانی حیللە زەوی کشتوکاڵی و هەرێمانێکی فراوانی موڵکە پێشووەکانی میرنشینی مەزیدیی و هۆزی گاوانی کوردیی هاوپەیمانیان بۆ بەشیرییەکان بڕییەوە، (مستەفا جەواد) دەڵێت: سوڵتانی سەلجوقی بەم کارەی ویستی: ((بە کورد لەکورد بدا. کە ئەمە رێبازێکی سیاسییە)) (جاوان، ص٢٣).

شاعیر (مرجي بن بتاه البطائحي) بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ثلاثون الفاً (للبشيري) وحده | فَدَعْ عَنكَ مَن لا يجوزُ لَهُ ذِكر |
| وما كان (اسياكيل) يَركَبُ خَلفَهُ | جِيادَ البَراذينِ (البشيرية) الحُمْرُ |
| ويركبَ (سلار) أخوه بدهره | ومن خلفه فَهدٌ وقدامهُ صَقرٌ |

(خريدة القصر، ٥٣٤/٢/٤—٥٣٥).

وەکو لەم شیعرە دەردەکەوێت، هەردوو برا (سیاکیل و سالار) لە میرە بەشیرییەکانن، بەڵام (حسینی) میر سالاری بردۆتەوە سەر (زوهەیری)یەکان، کە تیرەیەکی دیکەی (گاوان)ە. (زبدە التواریخ،ص٢٤٢ )، میر سالار بە (سالاری کورد) ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی (٥٤٢ك/١١٤٧ز) سوڵتان مەسعودی سەلجوقی شاری حیللەی بۆ دیاریکردوو پێیدا. (الکامل، ١٧/٩).

لە زانایانی بەشیریش شێخ (موتەلیب کوڕی بەدر کوڕی موتەلیب کوڕی زەهمانی کوردی بەشیری)یە (٥٤٧-٦٢٤ك/١١٥٢-١٢٢٧ز)، ئەمە زانستی فەرموودەی لەلای ژمارەیەك لە زانایانی فەرموودە (المحدثین)ی بەغداوە وەرگرتووە، دواتر ئیجازەی عیلمی بە هەندێ قوتابی وا داوە کە دواتر زانای گەورەیان لێ دروستبووە، لەوانە: زكي الدین عبدالعظیم المنذري البغدادي (٥٨١-٦٥٦ك/١١٨٥-١٢٥٨ز) خاوەن کتێبی التکملة لوفیات النقلة (التکملة، ٢١١/٣، تاریخ الاسلام، حوادث (٦٢١-٦٣٠هـ)، ص٢١٢).

**- بلاشجان ـ البلاشجان-Blashgan:**

هەواڵی کوردی بلاشجان لە کاتی کردەکانی فەتحی ئیسلامی بۆ هەرێمی ئازەربێجان لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)دا (ڕەزای خوای لێ بێ) هاتووە، لەوکاتەدا ئەو هۆزە کوردییە لە دەشتەکانی بلاشجان و چیای سبلان و ساترودان لە ناوەڕاستی هەرێمەکەوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ دەژیان، یەك لە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فەرماندەی موسڵمان (حوزەیفەی کوڕی یەمان) و مەرزەبان (والی ئازەربێجان) ئیمزا کرا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە: (حوزەیفە و موسڵمانان هەقیان بەسەر کوردی بلاشجان وسبلان وساترودان)ەوە نەبێت. (فتوح البلدان، ص٣٢١، قدامە بن جعفر، الخراج وصناعە الکتابە، ص٣٧٨).

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە کوردی بلاشجان موسڵمان نەبووبن، دوای ئەوەش دیارە لەبەر فشاری موسڵمانان ناوچەکەی خۆیان جێهێشتبێت، بەرەو باکور بۆ وڵاتی ئاران و ئەرمینیا هاتبن. لە هەواڵەکانی فەتحی ئەرمێنیادا هاتووە: (سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی باهیلی) شاری (بیلقان)ی فەتحکردو داوای لە کوردە بلاشجانیەکان کرد موسڵمان بن، بەڵام ئەوان بە شەڕ وەڵامیان دایەوە، کەچی سەرنەکەوتن، بەڵکو (سەلمان) بەسەر بلاشجانییەکان سەرکەوت، بۆیە



هەندێکیان ناچاربوون جزیە بدەن و هەندێکی تر سەدەقەیان پێدا، کە ئەمانە کەم بوون. (الخراج وصناعة الکتابة، ص٣٢٨، ابن الفقیه، مختصر کتاب البلدان، ص ٢٦٨).

ئیتر نازانرێ ئەو هۆزە چی بەسەر هات، چونکە هەر لە ڕۆژانی فەتحی ئیسلامییەوە هەواڵیان نامێنێ.

**- بلێ ـ البلیة:**

(بلێ) یان (تێلێ) وەکو لە (صبح الأعشی)دا هاتووە، یەك لە تیرەکانی هۆزی حەسنانی ـ خۆشناوە، کە لە وڵاتی کەرکار دادەنیشتن (؟) (مسالك الإبصار، ١٢٦/٣، صبح الأعشی، ٣٧٤/٤)، لە (شەرەفنامە)شدا (تێلێ) یەکێکە لە هۆزەکانی بادینان. (شرفنامە، ص٢٥٧)، ئەوەش نازانرێ، کە ئایا پەیوەندییەك هەیە لە نێوان تیرەی (بلێ) و گوندی (بلێ)ی بارزانی ئێستا، یان نا؟!

**- بوزی ـ البوزیة-بوزاني:**

بوزان ئێستاکە گوندێکی ناحیەی (قوش)ە لە قەزای (تلکیف)، دانیشتووانەکەی کوردی ئیزیدین، ئەو گوندەیان لەلا گوندێکی پیرۆزە، ژمارەیەك مەزاری شێخەکانیانی لێیە کەلایان پیرۆزن، لە سەردەمی عەباسییەکاندا بوزی هۆزێکی کوردی بووە، یەکێك بووە لەو هۆزانەی گوێڕایەڵی شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاریی (کە لە ٥٥٧ك/١١٦٢ز) کۆچی دوایی کردووە، چۆتە نێو کۆمەڵی شوێنکەوتووانی و بڕوای پێ کردووە، دیارە کۆمەڵەیەك لە بوزییەکان سەردانیان کردووە، لە شوێنەکەی خۆی لە دۆڵی لالش. (قلائد الجواهر،ص٨٦).

**- پازۆکی- Pazoki:**

هۆزێکی نیمچە نادیارە، قسەی لەیەکجیا لەبارەی شوێنی بنجیان هەیە، (بەدلیسی) دەڵێت: میرەکانی پازۆکی لە بەناوبانگترین ریوایەتەکان و بە ڕێککەوتنی راوی و هەواڵنووسەکان، لە هۆزی (سویدی)ی دەوروبەری دیاربەکرەوە دەرکەوتوونە، لە هەندێ راوی تریشەوە ئەوە بیستراوە کە پازۆکی هی کوردستانی ئێرانن، واتە: کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ژێردەستی سەفەوییەکان، لە خانەی ئەو هۆزە کوردیانە ژمێردراوە، کە لە ئێران نیشتەجێن. (شرفنامە، ص٥٥٢، ٥٦٠-٥٦١).

ئەوەی لەلای ئێمەدا ساغبووبێتەوە، ئەوەیە کە بازۆکی هەمووی، یان تایەفەیەکیان لە ماوەی سەردەمی دەوڵەتی مەمالیکە جەڕاکسییەکان لە سنوورەکانی دیاربەکری ڕۆژئاوا لەسەر

تخوبەکانی وڵاتی رۆم نیشتەجێ بوونە، قەڵای (کەرکەر)ی بەناوبانگیش، کە دەکەوێتە سەر شەتی فوڕات، یەکێك بووە لە قەڵاکانی ئەوان، دیارە ئەو قەڵایەش قەڵایەکی قایم و پارێزراو بووە، زۆر بەرزبووە، لە توانادا نەبووە بە گەمارۆخستنەسەر و شەڕکردن داگیر بکرێت، بەڵکو دەستبەسەرداگرتنی دەبوو بە فێڵ و ئەمان بەخشین بە خەڵکەکەی بێت. (ابن تغري بردي، حوادث الدهور في مدى الأيام والشهور، ص٤٦٦).

پیاوانی بازۆکیش ئەوەیان دەزانی، بۆیە بە فێڵ دەچنە لای (جەکم) ئەو فەرمانڕەوایەی مەمالیك بۆ ئەو قەڵایەیان دیاریکردووە، دەیبەنە سەر قەڵاتەکە، لەوێ (جەکم)ی فەرمانڕەوا دەکوژن و دەست بەسەر قەڵاتەکەدا دادەگرن. (حوادث الدهور، ص ٤٦٧، الضوء اللامع، ٣/ ٧٧)، لە هەمان سەدەدا بازۆکییەکان میرنشینێکی بچووك و حسێب بۆکراویان هەبووە، موڵکەکانی (کیغي وأرکیش وعادلجواز وأليشكرد)ی دەگرتەوە. (شرفنامە، ص٥٦٥-٥٦٦).

### ـ پولاوندی- Polawandi:

ئەمە لە هۆزەکانی دەوروبەری نەهاوەند و دینەوەری هەرێمی چیاکانە لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا. هەر لە سەردەمی میرنشینی حەسنەوەیهی بەرزیکانی ناسراوبووە، کاتێك کە میر (شمس الدوله البويهى) لە شەڕێکدا لە نزیك هەمەدان لە ساڵی ٤٠٥ك/١٠١٥ز، میر (هیلالی کوڕی بەدری کوڕی حەسنەویی) بە دیل گرت، هەناردییە لای (بولادوند)ییەکان، لەوێدا لە تۆڵەی خوێنی میر (عبدالملك)دا کە (هیلالی کوڕی بەدر) لە ساڵی ٤٠٠ك/١٠٠٩ز دوای بە دیلگرتنی کوشتبووی، کوشتیانەوە. (مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٩-٤٠١، الكرد في الدينور، ص١٨٥).

شایانی باسە بولاوندی تا ئێستاش پارێزگاری لە ناوە مێژوویەکەی خۆی کردووە و لە ئێستادا لە گوندەکانی سەر بە (نەهاوەند و جایلق)دا نیشتەجێن.

### ـ تەستەکی ـ التستكية (؟):

سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی باسیان لە هۆزێکی کوردی بەو ناوە نەکردووە، یەکەم باسکردنی ئەو هۆزە بۆ سەردەمی مەغۆلەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژوونووسەکان ناوەکەیان بە تەواوی تۆمارنەکردووە، ئەوەتا لە دەستنووسی (مسالك الأمصار)دا دەشێ بە (التستكيه،



النستبكيه) بخوێنرێتەوە. (٣/١٣٤)، (قلقشندی)ش لە (مسالك الأبصار)دا بە (التنبكيه) تۆماری کردووە. (صبح الأعشى، ٤/٣٧٨)، لە (دائره المعارف الإسلاميه)ش بە (بسيتكى) هاتووە. (کرد در دائره المعارف اسلام، ص٧٢).

شوێنەکانی تیانیشتەجێبوونی تەستەکی لەسەر چیاکانی عەمرانی و ئەشکەوتی داود لە وڵاتی (مرج)دا بووە. (مسالك الإبصار، ٣/١٣٤) (مرج)یش بریتی بووە، لە ناوچەیەکی دەشتی درێژبووەوە لە ئاکرێوە تا موسل، (عمرانییە)ش گوندێکی گەورەی رۆژهەڵاتی موسل بووە، هاوتخوبی ناحیەی (شوش) بووە، (مرج) و قەڵاکەشی وێران و خاپوور بوونە، ئەشکەوتێکی تێدا بووە، بە ئەشکەوتی داود ناسراو بووە. (معجم البلدان، ٤/١٥٣).

دەکرێ بگوترێ کە تەستەکی (؟) لەوانەیە هۆزی دۆسکیی ئێستا بێت، خۆ ئەگەر ناوەکەشمان بە شەبەکی خوێندەوە، ئەوا بێگومان تایەفەی شەبەکی ئێستا دەگرێتەوە، کە تا ئێستاش لە (مرج)دا نیشتەجێن و لە دەوروبەری رۆژهەڵاتی موسل چەند گوندێکیان هەیە.

### ـ تیراهی ـ التيراهية:

ئەمە لە هۆزە کوردییە ئیزیدییەکانە، وەکو لە یەك لە دەقە ئارامییەکاندا هاتووە کە (رامیشۆع)ی راهیب لە ساڵی (٨٥٥ك/١٤٥١ز) نووسیویەتی، دەڵێ: باوکی شێخ عودەی ـ شێخی یەزیدیان ـ لە کوردە تیراهییەکان بووە، لەوانەی کە هاوینان لە زۆزانەکان و زستانان لە دەوروبەری موسڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. (اليزيديون، ص١٧).

### ـ جابارقە ـ الجابارقة:

ئەمە هۆزێکی دێرینی کوردە، کەچی هەنووکە ونە، بولدانییە موسڵمانە یەکەمەکان ناویان هێناوە، مەسعودی لە (التنبيه والإشراف، ص٩٤) بە جابارقە و لە (مروج الذهب، ٢/١٢٤) بە جابارقیە ناوی هێناون، بەڵام وا دیارە جابارقە راسترە، چونکە بولدانییەکانی دیکەش هەر ئەو ناوەیان بەکارهێناوە.

ئەوانە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی فراوانی چیاکان ژیانیان بەسەر بردووە، وەکو ناوچەکانی حەلوان و خانەقین و قەسرشیرین، (ابن خرداذبة)کە لە: (٢٨٠ك/ ٨٩٣ز) کۆچی دوایی کردووە، کە

ئەمە لە بولدانییە پێشەنگەکانە، دەڵێت: ((كورة استان شاذ فيروز وهي حلوان، وظيفة حلوان مع الجابارقة والأكراد من الورق الف وثمان مائة والف)) (المسالك والممالك، ص٢٧).

(ابن الفقيه الهمذاني)کە لە: (٣١٠هـ/٩٢٣ز) کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: ((کورد و جابارقەکان لە مەملەحەی فەراهان کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سەر بە هەمەدان خوێیان باردەکرد و بەرەو تەواوی ناوچەکانی هەرێمی چیاکانیان دەبرد)). (مختصر كتاب البلدان، ص ٢٢٦).

وەکو تێبینی دەکرێت: ئەو نووسەرانە جیاوازی لە نێوان کورد و جابارقەکاندا دەکەن، بەڵام مەسعودی دوو جار جابارقە لە چوارچێوەی هۆزە کوردییەکاندا دەژمێرێت.

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو (ف. ف. مینۆرسکی)ش بە بەرچاوگرتنی گوتەکەی (ابن خرداذبه) ئەو بڕوایەی بۆ دروستدەبێت کە: جابارقە باپیرانی (گۆران)ەکانی ئێستان. (بڕوانە: گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژمارە (٦)، ساڵی پێنجەم، حزیران، ١٩٤٤، لا ٢).

ئەوەی لە بارەی بنەچەی ناوی جابارقە دەگوترێت: یەك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان وەهای دەبینێت ئەمە بە عەرەبیکراوی وشەی (گاوبارە—کابارە)ی فارسییە، کە بە مانای دوو پارچە گامێش دێت، یانیش بە عەرەبیکراوی وشەی (گاوبارك)ە، کە بە مانای: سواری گامێش دێت، بەڵام مینۆرسکی لەگەڵ ئەو تەفسیرانەدا نییە، بەڵکو هەوڵیداوە ناوی ئەو هۆزە بە ناوی دامەزرێنەری خانەوادەیەکی فەرمانڕەوا لە هەرێمەکانی گەیلان و تەبەڕستان و باشوری دەریای خەزەر ببەستێتەوە. (گەلاوێژ، ژمارە (٦)، لا ٢-٤).

## ـ جارودی ـ الجارودية:

لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا باسی (جارودی، یان جاروری)مان دەست ناکەوێت، ئەوە نەبێ قەشە (أدى السبريني)ی خەڵکی (طور عابدين) لە بڵاوکراوە دەورییەکانی خۆیدا لە ساڵی (٩٠٥ك/١٥٠٠ز)دا دەڵێت: لە دوای کوژرانی مەلیکی ئەشرەف کوڕی ئەحمەد کوڕی مەلیکی عادل سلێمانی ئەیوبی خاوەنی (حصن كيفا) لە ساڵی: ٨٣٦ك/ ١٤٣٢ز / ١٧٤٣ یۆنانی، کوردە جارودییەکان دەستیان بەسەر قەڵای (هەیسەم)دا گرت. (مار أغناطيوس أفرام الأول، تاريخ طور عابدين، ص١٠٥)، لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: جارۆریەکان لە بارەی میری تورکی (خەلیل بێك)، لە ساڵی ٨٦٤ك /١٤٦٠ز /١٧٧١یۆنانی، لەگەڵ هۆزە کوردییەکانی دیکە کۆبوونەوە. (تأريخ طور عابدين ص١٠٨).



## ـ جاف ـ الجـاف:

جاف لە ماوەی سەردەمی عوسمانیدا گەورەترین هۆزی کوردی کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات بوونە، لە هەمووشیان زیاتر تیرە و لك و پۆپی هەبووە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت، دیارە ئەوسای بەر لە هاتنی عوسمانییەکان بۆ کوردستان و دەستبەسەرداگرتنیان بۆ ئەو وڵاتە بە هەمان ئەو ناوەی ئێستای نەناسراوە، ئەوەتا نە (ابن فضل العمري) لە (مسالك الإبصار)ی (٧٣٩ك/ ١٣٣٨ز) و نە (مأمون بيك کوڕی بيگە بيك) لە یاداشتەکانی خۆی لە ساڵی (٩٨٥ك/ ١٥٧٧ز) و نە (شەرەفخانی بەدلیسی) لە (شەرەفنامە)یدا لە ساڵی (١٠٠٥ك/١٥٩٦ — ١٥٩٧ز)، باسیان نەکردووە، بەڵام وەکو دەگوترێت: شاعیرێکیان هەبووە بە ناوی (ئیل بەگی جاف)، کە بە پێی بۆچوونەکان لە سەدەی شانزەدا ژیاوە. (عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٥٣٦-٥٣٧).

بە پێی زانیاری ئێمە، یەکەم ناوهێنانی هۆزی جاف بۆ ساڵی (١٠٤٩ك/١٦٣٩ز) دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە پەیماننامەی (زەهاو)دا، کە لە نێوان سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانی (١٦٢٣—١٦٤٠ز) و سەفەویەکاندا مۆرکرا. (عشائر العراق الكردية، ص ٢٨).

ئەوەی پەیوەندیشی بە بنەچەی ناوەکەوە هەیە، کەس نازانێ لە چییەوە هاتووە، بەڵام عەلائەدین سەجادی دەڵێت: ئەمە کورتکراوەی وشەی (جەفاکێش)ە، هەروەها گوتوویانە: جاف لە (جوانرود) هاتووە، عەرەب وەهایان گوتووە، ئیدی گشتگیر بووە و بڵاوبۆتەوە. چەندین تەفسیری دیکەی نازانستیش بۆ ئەو ناوە کراوە، کە لە چییەوە هاتووە، بەڵام دیارە هیچیان بڕواهێن نین. (مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٤٧٠—٤٧١، عشائر العراق الكرديه، ص٢٩).

ناوچە بنجییەکانی تیرەکانی جاف هەرێمەکانی (جوانرود و زەهاب و قصر شيرين) بووە، لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانیش، ژمارەیەك لە تیرە و لقەکانی جاف بەرەو بەشە کوردستانیەکەی وڵاتی عوسمانی هاتن، ئەو سوڵتانە عوسمانیە ناوبراوەش جێی کردنەوەو لەوەڕگای بۆ دابینکردن، ئیدی ئەو بەشەیان هەر لەو ڕۆژگارەوە بە جافی موڕادی دەناسرێن، ئەو تیرە و لقانەشیان، کە لە هەرێمەکانی خۆیان مانەوە، بە جافی جوانڕۆیی دەناسرێن. (مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٤٧٠).

(عەزاوی) دەڵێت: جافی موڕادی لە عێراقدا مێژوویەکی کۆنیان هەیە، مێژوویان بۆ بەر لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەم دەگەڕێتەوە. (عشائر العراق، ص٤٤).

**ـ چاكی ـ الچاك ـ Chaki:**

چاكی تیرەیەكی هۆزی خەشنانی ـ خۆشناوی ولآتی هەولێرە. (مسالك الابصار، ١٢٦/٣) (جاكی)ش بە (خاكی) لە شەرەفنامەدا هاتووە، كە ئەمە هەڵەیە، لە هۆزە كوردییەكانی لوڕستانی گەورەیە، بەڵام پەیوەندییەكانی نێوان ئەم دووانە بۆ ئێمە رووننەبۆتەوە. (تاریخ كزیدە، ص٥٤١).

ئەوەی تایبەت بە ناوەكەیشیەتی، سەرچاوە مەملوكییەكان بە (جیم) نووسیویانە (جاك)، كە ئەمە وشەیەكە لە زمانی كوردیدا چ مانایەكی نییە، هەر ئەو سەرچاوە مەملوكیانە هەندێكی دیكەیان بە (حا) نووسیویانە و كردوویانەتە (حاكی)، بەڵام بێگومان ناوە درووستەكە (چاك)ە Chaki-Chak كە بە واتای پیاوی چاك ـ یان شێخ دێت، ئەوەتا پیاوچاكێك هەیە بە ناوی شێخ جاكیری زاهیدی كە لە (٥٩٠-٥٩١ك/١١٩٤-١١٩٥ز) كۆچی دوایی كردووە، ئەمە لە بەرێزترین شێخەكانی عێراق بووە، لە هەمووان لەخواترس و بە تەقواتر بووە، (الشطنوفي، بهجة الاسرار، ص ٦٢-٦٣، المناوي، الكواكب الدرية، ٢٣٥/٢)، سەر بە هۆزی نەرگسی بووە، كە ئەمانە لە بنجدا تیرەیەكی (جاوان)یەكان بوونە، بێگومان (جاك) پەیوەندی بە (زوهەیری)یەكانیش هەبووە، كە ئەو زوهەیریانەش هەر تیرەیەكی جاوان بوونە، ئەوەتا لە بارەی رەچەڵەكی یەك لە میرەكانی (جاك)دا هاتووە: ((الزهیری الجاكی)). بڕوانە: (ذیل مراة الزمان،٩٠/٣)

لە لایەكی دیكەوە، دەبینین (چاك) لە شوێنانی دیكەی بەدەر لە هەولێر و لوڕستانیش هەیە، بۆ نموونە (میر و موحەدییث محمدی كوڕی درباسی كوڕی ئاساكی كوردی چاكی)، كە لە شێخەكانی (زەهەبی)یە، لە رۆژی عەرەفەی ساڵی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز) لە شاری (ڕەها ـ ئورفە) لەدایكبووە، لە خانەوادە پێشكەوتوو و سەربازییەكانی ئەوێ بووە. (الذهبی، معجم الشیوخ، ١٨٩/٢، المقریزي،المقفی الكبیر،٦٤٩/٥) بە واتە: بە دوو ساڵ بەر لە هێرشهێنانی مەغۆلی، لەوانەشە (دەرباس)ی باوكی لە میرە ئەیوبییەكانی شارەكە بوو بێت.

(چاك) دیسانەوە لەو هۆزانەیە، كە سەرچاوەكانی سەردەمی مەملوكی تیشكیان خستۆتەسەر، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێ خێزان و بنەماڵەی چاكی شوێنە بنجییەكانی خۆیانیان جێهێڵاو ئاوارەی ولآتی شام و میسر بوون، هەندێ لە كەسایەتییەكانیان پایەی كارگێڕی و عەسكەری بەرزیان لە دامەزراوە كارگێڕییەكانی ئەیوبی و مەملوكییەكاندا وەرگرت، لەوانە: میر (سیف الدین ابراهیم) كوڕی شیروە كوڕی علی كوڕی مەرزەبان كوڕی كلول



جكوی زوهیری چاكی (٦٠٠-٦٧٣ك/١٢٠٣-١٢٧٤ز)، "كە ئەمە لە ئەمانەتپارێزی و ئابڕوومەندی و راستگۆیی و عززەت نەفسیدا بە شێوەیەك بوو، كەسی تر هاوتای نەبوو"، ئەم پیاوە لە میرەكانی (الملك الناصر یوسف)ی ئەمیری حەلەب و دیمەشق و مەلیك العزیزی كوڕی بوو. (ذیل مرآة الزمان، ٤٥/١، ٩٠/٣، تاریخ الاسلام، حوادث (٦٧١-٦٨٠هـ)، ص١٢٤)

(علاء الدین احمد الجاكي)ی كوڕیشی، كە لە شەڕی (شقحب) لەگەڵ مەغۆلدا لە ساڵی (٧٠٢ ك/١٣٠٢ز)دا كوژرا (النجوم الزاهرة، ٢٠٦/٨) لەگەڵ میر (شرف الدین ابراهیم كوڕی علي الچاكی المهماندار) و كوڕەكانی دیكەی (بدر الدین الجاكی) و (جمال الدین الجاكی) و ئەوانی دیكە. (الدرة الزكیة، ص١٩١، الدر الفاخر، ص٣٦٨-٣٦٩، السلوك، ٤٦١/١، ٤٨١، ٧٠١، ٧٤٣، الخطط المقریزیة، ٨٣/٣، عقد الجمان، ٣٣٤/١).

هەروەها كەسانێكی تر لە ناودارە (جاكی)یەكانی ولآتی میسر، بریتییە لە (الفقیە والمحدث شرف الدین حسین كوڕی الیاس كوڕی یعقوب الچاكی)ی كە لە (٧٣٦ك/١٣٣٥ز) كۆچی دوایی كردووە و (الشیخ الزاهد حسین كوڕی ابراهیم الچاكی)ی كە لە (٧٣٧ك/١٣٣٦ز)كۆچی دوایی كردووە، كە ئەوە كوڕی (میر شرف الدین ابراهیم الچاكی)یە، پیاوێكی باش و خاوەن بڕوایەكی بەهێز بوو، ئامۆژگاری خەڵكی دەكرد و بەرەو چاكەكاری و ئەنجامدانی كاری باش هانی دەدان، خەڵك هەر بۆ سوود لێوەرگرتن دەچوونە خزمەتی. (تاریخ الجزري،٩٠٢/٣، ١٠٠٤،الشعراني، الطبقات الكبری، ٢/٢، الكواكب الدریة، ٢٤/٣)، (مقریزی) لە بارەیەوەی دەڵێت: "كە مرد، كەژاوەی جەنازەكەی زۆر گەورە بوو، خەڵك بەردەوام دەچوونە سەر گۆڕی، رۆژانە خەڵكێكی زۆر لەسەر گۆڕەكەی كۆدەبوونەوە، نەزریان بۆ ئەوێ دەبرد، وایان دەزانی لەسەر گۆڕەكەی ئەو پیاوە هەر دوعایێ بكەن، خودا لێیان قەبووڵ دەكات و رەتی ناكاتەوە! ئەمە ئیتر بووە فیتنەیەك شەیتان سەری لە خەڵكێكی زۆر شێواند، تەنانەت هەیە تا ئەمڕۆش هەر وا دەكات!" (الخطط المقریزیة، ٣١٤/٤).

لە شوێنەوارە بیناسازییەكانی (چاك)، كە مابێتەوە: مزگەوتی چاكییە لە (حكر)ی (قاهیرە)، (میر بدرالدین الجاكی) لە ساڵی (٧١٣ك/١٣١٣ز) فراوانی كرد و نوێی كردەوە، بڕیاریدا وتاری هەینیش بە ناوی شێخ حەسەنی برای بخوێندرێتەوە. جگە لەو مزگەوتە تەكیەی چاكییش ماوەتەوە، ئەمە ئەو تەكیەیە كە شێخ حەسەن خەلوەی تێدا دەكرد. (الخطط المقریزیة، ١١٩/٤، ٣١٤، الكواكب الدرّیة، ٢٤/٣).

ـ گاوان ـ الجاوان ـ Gawan:

گاوان عەشیرەتێکی گەورەن، چەندەها هۆز و تیرەیان لێ دەبێتەوە، لە بەناوبانگترین عەشیرەتە کوردییەکانە، بە درێژایی سەردەمی عەبباسی بەردەوام هەواڵی لە سەرچاوەکاندا ئامادەیە، ئەمەش وەکو زۆربەی عەشیرەتە کوردییەکانی تر، بەر لەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجی کۆچی/ یانزەی زایینی بێنە حللە و دەوروبەری، دانیشتووی چیاو زورگ ساردەکانی کوردستان بوونە. (التنبيه والإشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ٢/١٢٤،مصطفى جواد، جاوان القبيلة الكردية المنسية، ص١٢).

لە راستیدا ناوچە شاخاوییە سەختەکانی نێوان رۆژئاوای دۆڵەکانی ئێران (چیاکانی زاگرۆس) و باکوری وڵاتی نێوان دوو رووباران، ئەمە نیشتمانی بنجی عەشیرەتە کوردییەکان و سەنتەری قەرارگرتنیانە تێیدا لە سەردەمە بەسەرچووەکاندا، بە تێپەڕینی کاتیش، بە هۆی هۆکارە ئابوری و سیاسیی و عەشایەرییە جۆراوجۆرەکان، گەلێ عەشیرەت وازی لە نیشتمانی بنجی خۆی هێناوە لە چیاو دۆڵەکان و وردە وردە هاتوونەتە خوار لە دەشتە تەختەکاندا نیشتەجێبوونە، ئەوەتا گاوانی و تیرەکانی دیکەی وەکو: (نەرگسی و بەشیری و زوهەیری و ئەوانی دیکەش) هەندێکیان لە دەوروبەری شارۆچکەکانی بەندینجین (مندلی) و دەسکەرە و نەعمانیە و قوسان و واسیت دابەزین، بە گوند و ناوچەکانی ئەو شارۆچکانەدا کە لە بەرزایی چیاکانی (پشتی کۆ)وە درێژدەبنەوە تا دەگەنە کەنارەکانی رووباری دیجلە بڵاوبوونەوە. ئەم ناوچانەش درێژەوەبوویێکی سروشتی وڵاتی کوردانە، چونکە لە راستیدا کورد لە ماوەی شەش سەدە یەکەمەکانی کۆچییەوە یەك لە رەگەزە سەرەکیەکانی دانیشتووانی ئەم ناوچانەیان پێکهێناوە، لە ماوەی فەتحی ئیسلامی بۆ ئەم ناوچەیە و دواتریش ناویان هاتووە.(تاريخ الطبري، ٢/٥٥٧-٥٥٨) هەروەها لە دانیشتوانی دەوروبەری (بەندێنجین)یش بوونە و لە ساڵی (٢٥٢کۆچی/ ٨٦٦زایینی) بەشدارییان لە شەڕی (جرت)، کە لەو ناوچەیە روویدا کردووە. (تاريخ الطبري، ٥/٥٤٧).

(اصطخري)ی کە لەدوای (٣٤٠ك/٩٥١ز) کۆچی دوایی کردووە، کە (ابن حوقل)یش لەوەوە دەگوازێتەوە، ئاماژەی بە ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری دەسکەرە کردووە کە لەگەڵ عەرەبەکاندا لەو ناوچانەدا لە تەك یەکتری دەژین. (مسالك الممالك، ص٦١، صورة الارض، ص٢٢٠)، لە سەردەمی خەلیفە (مقتدر)ی عەباسی لە (٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز)، (اسحاق الكردی)ی ناسراو بە (أبی الحسين) لە میرە سەرکەوتووەکان بووە و هەواڵی جووڵە سەربازییەکانی لە دەوروبەری واسیت و نەهراواندا گەیشتۆتە بەغدا، ئیتر خەلافەت دەرکیان بە مەترسیی هەڵوێستەکە کردووە، بۆیە لە لایەن خەلیفەوە، (علی کوڕی یلبق) وەکو



فەرماندەی سوپای شەڕکەر لەو ناوچەیە دامەزرێنراوە، داواشی لێکراوە لەو ناوچەیەدا رووبەڕووی ئیسحاقی کوردی بووەستێتەوە، بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو میرە کوردییە سیاسەتی نەرمی بەکارهێناوە، وادەی پێداوە کە ((بیکاتە سوڵتانی هەموو کوردان)).(صلة تاريخ الطبري، ص١٢٧)

لە ساڵی (٣٢٥ك/ ٩٤٧ز)یش ((کورد و عەرەب) دەستیان گرت بەسەر شارۆچکەی دەسکەرە. (الصولي، اخبار الراضي بالله، ص٨٨).

میر و سەرۆکە جاوانییەکان لە مێژووی عێراقدا لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا رۆڵێکی گەورەیان بینی، لەگەڵ میرە مەزیدییە عەرەبەکانی بەنی عەوف کە لە تیرەکانی هۆزی ئەسەدی بوون، پەیوەندی بەهێز و ژن و ژنخوازی پێکەوەی دەبەستانەوە. ئەو میرو سەرۆکە کوردە جاوانییانە باشترین یارمەتی بوون بۆ ئەو مەزیدیانە، چ وەکو میر و سەرکردە، چ وەکو تاکیش لە سوپاکەیاندا خزمەتیان پێشکەشدەکرد.

جگە لەمانە، جاوانییەکان ژمارەیەك فەقیە و زاهید و نووسەری ناوداریان لێ پەیدابوو، لەوانە:

- الفقيه شرف الدولة محمد کوڕی ورام الجاواني: دروستکەری قوتابخانەی شافیعی لە شاری (واسیت)، لەوانەش کە لەو قوتابخانەیان خوێندووە، (حسن کوڕی أحمد کوڕی عبدالله الواسطي)ی کە لە (٥٧٦ ك/١١٨٠ز) کۆچی دوایی کردوو بووە. (السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ٧/٦٠).
- شێخی صالح و زاهید أبو الحسن ورام کوڕی أبی فراس عیسی کوڕی أبی النجم کوڕی أبی القاسمی جاوانی ناسراو بە (شێخ ورام)ی خاوەنی کتێبی: (تنبيه الخواطر ونزهة النواظر).

ئەمە لە وەعز و ئامۆژگاریکردندا وەکو زانایەکی گەورە ناوبانگی دەرکرد، لە رۆژی دووەمی ساڵی (٦٠٥ك/ ١٢٠٨ز)ی لە شاری (حلله) کۆچی دوایی کرد. (ابن الساعي، الجامع المختصر، ٩/ ٢٧١).

- فەقیە و شاعیر أبو سعید محمد کوڕی علي کوڕی عبدالله الجاواني (٤٦٨ — ٥٦١ك/ ١٠٧٥ — ١١٦٥ز). ئەمە لە حیللە لەدایك بوو، منداڵ بوو هاتنە بەغدا، لەوێ لەسەر دەستی ئیمامە گەورەکان زانست و زانیاری بەدەستهێنا، لەوانە: (الامام الغزالی)ی کە لە (٥٠٥ك/١١١١ز) کۆچی دوایی کردووە و (الكيا الهراسی)ی کە لە (٥٠٤ك/١١١٠ز) کۆچی دوایی کردووە و (ابی بكر الشاشی)ی کە لە (٥٠٧ك/١١١٣ز)کۆچی دوایی کردووە، هەروەها کتێبەکانی (الجام العوام)ی غەزالی و (مقامات الحريری)ی (قاسم کوڕی علی الحريری)یشی لای

قاسمی نووسەر خوێند، کە ناوبراو لە (٥١٦ك/١١٢٢ز) لە دونیا دەرچووە، لە پاشان شەرحی ئەم کتێبەی نووسی و تیایدا سەرکەوتوو بوو، ئینجا رووی کردە هەولێر و تێیدا نیشتەجێ بوو، لە پاشان بۆ ماوەیەك لە شارۆچکەی (بوازیج) دانیشت، سەرەنجام لە قەڵای خفتیان — هاودیان — رواندوز، لەساڵی (٥٦١ك/١١٦٥ز) کۆچی دوایی کرد. گرنگترین دانراوەکانی بریتینە لە:

١- عیون الشعر.

٢- الفرق بین الراء والغین.

٣- شرح مقامات الحریري.

٤- کتاب في التوحید انتهج فیه اسلوب شیخه الغزالي في التصنیف.

(خریدة القصر، قسم شعراء العراق، ٣/١/٣٠٠-٣٠١، طبقات الشافعیة الکبری، ١٥٢/٦).

ـ موحەددیثی شیعي حسین کوڕی ابی طاهر احمد کوڕی محمد کوڕی حسینی جاوانی:

ئەمە لە موحەددسینی سەردەمی سەلجوقی و لە راویەکانی کتێبی(سلیم کوڕی قیس الهلالی)یە، لە زانستی فەرموودە و پیاوەکانییدا کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی (نور الهدی والمنجی من الردی)، (رضي الدین أبو القاسم علی کوڕی موسی کوڕی جعفری ناسراو بە ابن طاووس)ی کە لە ساڵی (٦٦٤ ك/١٢٦٥ز)کۆچی دوایی کردووە ـ سبط شیخ ورام الجاواني — لە کتێبەکەی خۆیدا (التحصین) خوتبەی (الغدیر)ی لە کتێبی (حسین الجاوانی) وەرگرتووە.

دیارە جاوانییەکانی دوایی پڕوپاگەندەی ئەوەیان کردووە کە دەچنەوە سەر (مالك کوری اشتر النخعي)ی یاوەری ئیمامی علی کوری أبي طالب (رەزای خوای لێ بێ)، ئەمەش بە پاڵنەری خۆشەویستی زۆریان بۆ (ئیمامی عەلی)، تا وایان لێهات وازیان لە بنەچە کوردییە جاوانییەکەیان هێناو نازناوی (مالیکی نەخعی)یان هەڵگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردە جاوانییەکان تا سەردەمە ئیسلامییە درەنگەکانیش، یەك لە رەگەزە سەرەکییەکانی شاری حللەیان پێکدەهێنا، (ابن بطوطة)ی گەڕیدەی کە لە (٧٧٩ك/١٣٧٧ز)کۆچی دوایی کردووە لە کاتی سەردانی بۆ شاری حیللە دەڵێت: ((خەڵکی ئەم شارە _ حلله_ هەموویان دوانزە ئیمامین، دوو تایەفەنە، یەکێکیان بە کورد دەناسرێن...)) (رحلة ابن بطوطة، ص ٢٣٢).

# میرنشینی جاوانی

جاوانی لـه سـەرەتای دەرکـەوتنیان بـە هـۆی پەیوەنـدیی هاوسـێییەتی باشـیان، لەگـەڵ شازنجانیەکان، لە ئامێزی مـیرە شـازنجانییەکان چـالاکییە سیاسـییەکانی خۆیـان ئەنجامـدەدا. پیاوانی جاوانی زۆرێکیان لە ریزەکانی سوپای میر محمد کوڕی عناز الشاذنجاني (٣٨١-٤٠١ك/ ٩٩١-١٠١٠ز) خزمەتیان دەکرد، هەنـدێ تـاکی دیکەشـیان وەکـو سـەبازی بـەکرێگیراو لـە چوارچێوەی تیپە عەسکەرییەکانی سەرکردە و میرە تورك و دەیلەمییەکان خزمەتیان دەکرد.

یەکەم دەق لە بارەی هەواڵی میرە جاوانییەکان و دەرکەوتنی چالاکییە عەسـکەرییەکانیان، بۆ ساڵی (٣٩٢ك/١٠٠٢ز) دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی (ابو جعفر الحجاج)ی جێگری (بهـاء الدولـة البويهي) بەسەر عێراق و(ابی الحسن علی کوڕی کوجری) داوای یارمەتی لێکردن، بۆ دەرکردنی عەقیلییەکانی خاوەنانی موسل لە مەدائین، بەڵام بـە پێـچەوانەوە نزیکـەی دوو سـەد سـواری جاوانی ریزەکانی سوپای (ابی جعفر)یان جێهێشت و چوونە پاڵ (ابی الفـتح محمـد کـوڕی عنـاز الشاذنجاني). (تاريخ هلال الصابئ، ملحق كتاب ذيل تجارب الامم، ص٤٢٣).

## ـ ناودارانی جاوانی:

١ـ میر ورام کوڕی محمدی کوردی جاوانی (پێش ٣٩٧-٤٠٣ك/١٠٠٦-١٠١٢ز):

(ورامی کوڕی محمد) بـە یەکـەم دامەزرێنـەری میرنـشینی جـاوانی دەژمێردرێـت، یەکـەم دەرکەوتنی بۆ ساڵی (٣٩٧ك/١٠٠٦ز) دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی لەگەڵ ئەوانی دیکـە لـە مـیرە کوردەکان و میر عـەلی کوڕی مەزیدی ئەسەدی لەگەڵ (ابی جعفر الحجاج) کۆدەبنەوە، ئەمـەش بە پلانی میر بەدر کوڕی حـسنویەی برزیکـانی (٣٦٩-٤٠٥ك/٩٧٩-١٠١٤ز) و بـە ئامـانجی رووبەڕووبوونەوەی میر محمد کوڕی عناز و سەربازە تورکەکان و ئابلۆقەکەیان بـۆ سـەر بەغـدا. دیارە هۆی ئەو ئابلوقەیەش ناکۆکی نێوان هەردوو میری کورد (بەدر کـوڕی حـسنویە)و (محمـد کوڕی عنازی شاذنجانی) بوو، چونکە (ابو علی کوڕی جعفر کوڕی ئوستاز هرمـز)ی ناسـراو بـە



عەمیدی سوپاکان (عميد الجيوش)، میری شـازنجانی کردبـووە پـارێزەری رێگـەی خۆراسـان ـ زەویەکانی پارێزگای دیالەی ئێستا ـ، ئـەوەش مـیر بـەدری تـوڕە کردبـوو، بۆیـە هەڵـسا بـە کۆکردنەوەی میرەکانی سەر بە خۆی و (ابا جعفر الحجاج)ی بانگکرد و نزیکەی دە هەزار سواری کۆکردەوە. (الكامل، ٧/٢٣٢).

پاش ئەمە ئیتر هەواڵی میر ورام ون دەبێ، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (٤٠٣ك/١٠١٢ز) کۆچی دوایی دەکات و (ابو الفتح)ی کوڕی لـە جێگـەی دادەنیـشێ، بـەڵام (ابـن الجـوزی)ی کـە لـە (٥٩٧ك/١٢٠٠ز)کۆچی دوایی کردووە بە هەڵەچووە، کە ئەم میرەی بە تـورك دانـاوە، چـونکە ئەمە بێگومان هەڵەیە. (المنتظم، ٧/٢٣٦).

٢ـ میر ابو الفتح کوڕی ورامی کوردی جاوانی (٤٠٣-٤٥٥ك/١٠١٢-١٠٦٣ز):

ئەمە لە گەورەترین میرەکانی جاوانییەکانە و زیاتر لە پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی کـردووە، بەڵام چالاکی و هەواڵی سی ساڵەی یەکەمی فەرمانڕەواییەکەی بە تەواوی ونە، لەو ماوەیەدا هیچ شـتێك لەبارەیـەوەی نازانرێـت، جـا ئەمـە بـۆ بێـدەنگی مێژوونووسـان لەبارەیـەوەی دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی لەو ماوەیەدا رۆڵێکی دیاری لە رووداوەکـانی ئەو رۆژگارەدا نەگێڕاوەو کارو چالاکییەکی وەهای ئـەنجام نـەداوە کـە گرنگییـەکی شـیاوی ئاماژەپێکردنی هەبووبێ.

لە ساڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز)دا میر عەلی کوڕی ئەسەدی مەزیدی داوای یارمەتی لە پیاوانی هەردوو هۆزی شازنجانی و جاوان کرد، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە دوژمنەکانی، (چوار کوڕەکـانی دبيس) (مضر و نبهان و حسان و طراد) وەربگرێتەوە. (الكامـل، ٧/٢٧٤)، بـەڵام ئـەوە روون نییە، کە ئایا میر (ابو الفتح علی) لە سەرکردایەتی ئەو جاوانیانە بووە، یان نـا؟ بـەس شـتی گرنگتر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێـت، هەمیـشە یارمـەتی وەرگرتنـی مـیر (عـەلی کـوڕی ئەسەدی مەزیدی)یە، بـۆ شـەڕ و ململانـێ خێڵەکییـەکانی لـە پیـاوانی جـاوان، ئـەوەش بـە دەستپێکی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و هاوکـاری نێـوان هـەردوو لا جاوانییـە کوردەکـان و مەزیدییە عەرەبەکان دادەنرێت، کە نزیکەی سەدە و نیوێك درێژەی کێشا، شاعیر حيص بـيص (٤٩٢-٥٧٤ ك /١٠٩٩-١١٧٨ز) بەم شێوەیە لە بارەیەوەی دەدوێت:

وبين عوفٍ و ورامٍ مفاخره      وضاحة" حينما تتلى مناسبها

(ديوان حيص بيص،١٠٣/٣)

بەری ئەو پەیوەندییانەش، بەهێزبوونی دەسەڵاتی میرنشینی مەزیدی بوو لە باشوری بەغداو بطائح، (لە بارەی ئەو پەیوەندییانەوە بڕوانە: عبدالجبار ناجی، الاماره المزیدیه (بغداد١٩٧٣)...) لەگەڵ دامەزراندنی شاری حلله.

بە سەرچاوەگرتن لەو خاڵەوە، بەشی گەورەی مێژووی جاوان، پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەی بە مێژووی مەزیدییەکانەوە هەیە، چونکە وای لێهات هەردوو لا بوونە خاوەنی راستەقینەی باشوری عیراق و فوراتی ناوەڕاست، (ابن الجوزی) بەم شێوەیە وەسفی شانشینی (جلال الدوله کوڕی بهاء الدوله البویهی)ی ئەمیری عێراق لە ساڵی (٤٢٢ك/١٠٣١ز) دەکات و دەڵێت: ((من ئەو ساڵە دەرچووم، شانشینی جلال الدوله لە نێوان (حضرة و واسط و بطیحة) بوو، لەو شانشینەیدا تەنیا گوتاری هەبوو، بەڵام کار و بارەکان لە نێوان کورد و عەرەبەکانەوە دابەش ببوون، هەندێ ناوچەیشی کەوتبووە بەر دەستی تورکەکان، وەزارەتیش خاڵی بوو لە هەر یەکێك لەوانە)). (المنتظم، ٨/٦٠).

دوای پچڕانی هەواڵی میر ابن ورام و کوردە جاوانیەکان، بۆ ماوەیەك کە خۆی لە چارەگە سەدەیەك دەدا، سەرچاوەکان دیسانەوە هەواڵی ئەو میرە جاوانییە دێننەوە نێو باس، ئەوەتا لە ساڵی (٤٣١ك/ ١٠٣٩ز)دا، دەبینین (أبا الفتح کوڕی ورام) داوای (جلال الدوله) بەجێ دێنێ، لە کۆتایی هێنان بە شلەژانەکانی باری ئاساییش و ئارامی بەغداد بە دەستی تورکەکان. (المنتظم، ٨/١٠٤)، لە ساڵی (٤٣٢ك/ ١٠٤٠ز)یش، میر (حسام الدوله أبو الشوك فارس کوڕی محمد کوڕی عناز الشاذنجاني)، (سەعدی)ی کوڕی رەوانەی داقوقا _ داقوقی ئێستا _ کرد، بۆ ئەوەی لەبەر دەستی (ابی الماجد المهلهل کوڕی محمد)ی برای دەری بێنێ، دوای ئەمە (أبو الشوك) خۆیشی بەرەو داقوقا هات و ئابڵوقەیدا، هەتا شوراکەی کونکرد و چووە ناو شارۆچکەکە، ئیدی کوڕەکەی بە فەرمانڕەوا لەسەر داناو بە خێرایی بەرەو بندنیجین و حەلوان گەڕایەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی، مەبادا براکەی تری (سرخاب کوڕی محمد) ئەو هەلەی نەبوونی لە شارەکە بقۆزێتەوە، بە تایبەت کە ئەو فێرببوو بە هاوپەیمانیەتی میر (أبی الفتح کوڕی ورام) و ئەو جاوانیانەی لەگەڵی بوون، ماوە ماوە هێرشی دەکردە سەر ناوچەکانی (أبی الشوك). (الکامل، ٨/٢٩)، لە هەمان ساڵیشدا غەزەکان هاتنە نێو هەرێمە کوردییەکانی ئازەربێجان و هەکاری و زۆزان، تا لە ساڵی (٤٣٥ك/ ١٠٤٤ز)، پێشەنگی سوپاکەیان گەیشتە شاری موسل. (سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٣٩٣)، بۆیە میری ئەو شارە (قرواش کوڕی مقلد العقیلی) داوای یارمەتی لە میرە کورد و عەرەبەکان کرد، ئەوەبوو میر (أبو الفتح



الکردی الجاوانی) لەنێوان ئەو میرانە بوو کە سوپای خۆیان بۆ یارمەتیدانی قرواش ئامادەکرد. (الکامل، ٧/٣٤٢).

لە ساڵی (٤٣٧ك /١٠٤٥ز)یش (سعدی کوڕی أبی الشوك الشاذنجاني) شارۆچکەی بندنیجین (مندلی)ی بۆ (ابی الفتح کوڕی ورام الجاوانی) بڕیەوە، هەردووکیان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە شەڕی (سرخاب کوری محمد)ی مامەکەی تری سەعدی بکەن، بەڵام سرخاب پێشتر بۆسەیەکی بۆ دانانەوە و لەگەڵیان بەشەڕ هات، ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی (أبی الفتح الجاوانی) و (سعدی الشاذنجاني) و ((سەرکردەکانی دیکەی بێجگەی ئەمانەش)) بە دیلی بکەونە دەستی (سرخاب)، بەمە تورکە غەزەکان و ئەو کوردانەی لەگەڵیان بوون، بەو ناوچانەدا بڵاوبوونەوە. (الکامل، ٨/٤٤).

لێرەدا (أبن الجوزی) جارێکی دیکە بەهەڵە چووە و دەڵێت: (أبا الفتح) لەگەڵ براکەی و کوڕێکی بە دیل گیرا، (سەرخاب) غەدری لێکردن و لە خاچی دان و کوشتنی. (المنتظم، ٨/١٣٠)، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە (أبو الفتح) تا ساڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز) لە ژیاندا مابوو، بۆیە گومان لەوەدا نییە کە دوای ئەو بە دیلگیرانە، ئازاد کراوە.

## ـ شاڵاوە تورکە غەزەکان بۆ سەر موڵکی جاوانییەکان:

غەز چەند هۆزێکی تورکی شەڕاوی بوون، وڵاتی بنجییان (چۆڵاییەکانی بوخارا) و (وڵاتی ئەودیوی رووبار) و (دۆڵەکانی ئاسیای ناوەڕاست) بوو، هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەی زایینی بە هۆی چەندین هۆکاری ئابوری و سیاسی وڵاتی خۆیان جێهێشت و بە ئاراستەی هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی هاتن، لەسەر ژیانی کۆچەری و شوانکارەیی راهاتبوون، هەروەها لەسەر ئەوەش راهاتبوون کە هەر شار و گوندێك لە پێشیاندا بووەستن، خەڵکەکەی بکوژن و خاپووری بکەن.

وڵات و موڵکەکانی أبا الفتح الجاوانی لە ساڵی (٤٣٩هك/ ١٠٤٧ز) رووبەڕووی هێرش و شاڵاوە عەسکەرییەکانی ئەم غەزە تورکانە بە سەرکردایەتی ئیبراهیم کوڕی ینال بوویەوە، ئەمەش دوای ئەوەی سوپای ئیبراهیم توانییان قەڵای کنکور و قەڵاکانی دیکەی سەر بە دەسەڵاتی عەننازییەکان داگیر بکەن، ئیتر تایەفەیەك لەو غەزانە بە ئاراستەی (بندنیجین) رۆشتن و لە مانگی جمادی الاخرەی ساڵی (٤٣٩ك/ ١٠٤٧ز) گەیشتنە ناوی، تیایدا ((کارە قێزەونەکانی وەکو کوشتن و تاڵانیان کردو.. سزایان خستە سەر رزگارکردنی ماڵ و سامان)).

(الكامل، ٨/٤٥)، تايەفەيەكى ديكەيشيان بەرەو شارۆچكەكانى (ابى الفتح كوڕى ورام) هاتن، ابى الفتح لە ترسى ئەو شەڕوبەڵايەى لێى چاوەڕوان دەكردن، ناوچەكانى خۆى جێهێشت و ماڵ و سامان و موڵكەكانى ئاوا بەجێ هێشت، ئەمەش وەكو تەكتيكێك بوو بۆ ئەوەى غەزەكان كە دێنە ناوى خەريكى تالان و بردن بن، ئينجا ئەو لەگەڵ سوپاكەى بگەڕێتەوە و هێرشيان بێنێتە سەر، بەڵام بە پێچەوانەى ئەوەى چاوەڕوان دەكرا، غەزەكان نەهاتن تالانكارى بكەن، بەڵكو سەريان لە دواى نا، ئەويش لە ترسى ئەوەى كە پێى بگەن و بەسەريدا سەربكەون، بەرپەرچى دانەوە و بە ئازايەتييەوە شەڕى لەگەڵدا كردن، كۆمەڵێكى لێ كوشتن و كۆمەڵێكى ديكەى لێ بە ديل گرتن، بەمەش بەسەرياندا سەركەوت و تێكى شكاندن، ماڵ و موڵكەكانيشيان، ئەوانەى لايان بوو، هەمووى بە غەنيمە بۆ خۆى برد، دواى ئەوە نامەى بۆ خەلافەت نووسى، داواى يارمەتى لێكردن، مەبادا ئەم غەزانە هێرش بێننەوە سەرى، بەڵام كەس وەڵامى نەدايەوە، ((ئەوەش لەبەرئەوەى هەيبەت نەمابوو و كاروبارەكان لە دەست دەرچووبوون)) (الكامل، ٨/٤٥،جاوان، ص١٤).

بۆيە سەرەنجام (ابو الفتح) لەژێر فشارى غەزەكان، ناچار بوو وڵاتەكەى جێبهێڵێ و لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خزم و كەسەكانى (بنو ورام) لە رووبارى ديجلە بپەڕێتەوە، بەرەو بەشى رۆژئاواى بێت. غەزەكان لێرەدا كەوتنە بيرى ئەوەى هێرشى توندتر و بەزەبرتر ببەنە سەر ناوچەكانى ديكە، ئيدى ئەوەبوو هێرشيان كردە سەر شارۆچكەى (باجسرى) لە رۆژهەڵاتى شارى بەغدا كە ئەو شارۆچكەيە (سعدى كوڕى أبى الشوك)ى لێبوو، ((ناچار خۆى و ئەوانەى لەگەڵى بوون رايانكرد، چونكە برا هيچى بۆ براو باوك هيچى بۆ كوڕەكەى پێ نەدەكرا)). پاش ئەوە غەزەكان شارەكانى (دسكرە) و (هارونى) و (قصر سابور) و تەواوى گوند و شارۆچكەكانى ناوچەكەيان تالانكرد، ((لە خەڵكى ئەو ناوچە تالانكراوە كەسانێكى زۆر لەناوچوون، چونكە هەيانبوو كوژراو هەيانبوو نغرۆى رووبار بوو و هەشيانبوو لە سەرمان مرد))، ئەوانەى ماشبوونەوە، ژمارەيەكى زۆريان هاتنە ناو بەغدا، هانايان بۆ سوڵتان هێناو حاڵى خۆيان بۆ باسكرد كە چاوەكانى دێنانە گريان. (الكامل، ٨/٤٥).

وەكو دەردەكەوێت، (أبا الفتح الكردى) بە تەنياو تاكە ميرى جاوانييەكان نەبووە، بۆ ئەوەى فەرمانڕەوايى هۆز و ميرنشينەكەى بە تەنيا بكات، بەڵكو ميرێكى ديكەى جاوانى بە ناوى (أبو دلف القاسم كوڕى محمد الجاوانى) هەبووە، موڵكى ئەوە هەر لە (ماهيدشت)ەوە تا براز الروز (بلدروز) و نعمانيە و رووبارى سليلى دەگرتەوە، ئەمەش بەرپەرچى غەزەكانى دايەوەو نەيهێشت چيتر بێنە پێش. (الكامل، ٨/٤٦) بەڵام وڵاتەكەى لە ساڵى (٤٤٤ك/١٠٥٢ز)



جارێكى ديكە رووبەڕووى هێرشى غەزەكانى سەر بە سوڵتان (طغرل بك السلجوقي) (٤٢٩-٤٥٥ك/ ١٠٣٧-١٠٦٣ز) بووەوە كە ئەم سوپايەى سوڵتان لەژێر فەرمانى ميرێكى كورد بە ناوى (سعدى كوڕى أبى الشوك) بوو، ئەمجارەيان (أبو دلف)شكاو ناچار لە دەستيان رايكرد، بەڵام (سعدى) و غەزەكان سەريان لە دوو ناو موڵكو سامانەكانيان تالانكرد، دەستيان بەسەر ناوچەكانيدا گرت، تا گەيشتنە شارۆچكەى نەعمانييە، هەرچى (أبو دلف الجاوانى)شە، بە زەحمەتێكى زۆرەوە توانى خۆى لە دەستيان رزگار بكات. (الكامل، ٨/٦٤).

هەروەها ميرێكى ديكەى كورد بە ناوى (على كورى قاسم الكردى) هەبوو، لە وڵاتى جاواندا موڵكى هەبوو، هاوچاخى (أبى الفتح و أبى دلف)ى جاوانى بوو، ئەوەش بەرپەرچى غەزە توركەكانى دايەوەو لە تەنگەبەرێكدا ئابلۆوقەى دان، شمشێرى لەسەر گەردنى زۆربەيان داناو هەموو ئەو موڵك و سامانەى خۆى لێسەندنەوە كە تالانيان كردبوو، (الكامل، ٨/٤٦)، بەڵام سەرچاوەكان پەيوەندى ئەم ميرە بە ميرە جاوانييەكان روونناكەنەوە، تيشك ناخەنە سەر ئەوەى، كە ئايا كوڕى (أبى دلف القاسم كورى محمد الجاوانى) ناوبراو بووە؟ يان ميرە جاوانييەكى تر بووە؟ يانيش لە هۆزێكى ديكە بووە؟.

### ـ مير أبو الفتح كورى ورام الجاوانى الكردى و خەلافەى فاتمى:

لەو كاتەدا كە سەلجوقييەكان هاتنە نێو بەغداى پايتەختى خەلافەى عەبباسى لە ساڵى (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز)، خەلافەى فاتميەكان بۆ ئەوە كاريان دەكرد عێراق بۆ خۆيان بگرن و شيعايەتى لەو ناوچانە بڵاوبكەنەوە، كە پڕ بوون لە كێشە و ململانێى خێڵايەتى و بە دەست لەبەريەك هەڵوەشانەوەيەكى سياسى مەترسيدار دەيانناڵاند، ئەوەتا جگە لە خەلافەتى عەبباسى كە دەسەڵاتەكەى بە تەنيا لە بەغداو دەوروبەريدا كورتكرابوويەوە و جگە لە سەڵتەنەتى سەلجوقيش، ميرنشينى عەقيلى (٣٨٠-٤٨٩ك/ ٩٠٩-١٠٩٦ز) لە موسل و دەوروبەريدا فەرمانڕەوا بوو، ميرنشينى مەزيديش (٣٩٢-٥٥٨ك/ ١٠٠٢-١١٦٣ز)، لە باشورى بەغدادو ناوچەكانى فوراتى ناوەڕاستدا دەسەڵاتدار بوو، ئەمانە جگە لە بزاڤە سەربازييەكانى (بنى خفاجە) و (بنى نمير) و فيتنەى بەساسيرى و پەيوەندييان بە فاتيمييەكانى فەرمانڕەوايانى ميسريش كە ئەمەى دوايى بە ناوى فاتمييەكانەوە شەڕى لەگەڵ خەلافەى عەباسى و سەلجوقييەكانيش دەكرد، بۆيە مير أبى الفتحى جاوانى كوردى لە بارێكى وەهادا نەيدەتوانى وەكو تەماشاكەر بمێنێتەوە و نەكەوێتە ژێر كاريگەرى رەوتە مەزهەبييەكان و ئەو

ململانێ سیاسیانەی درووستیدەکەن ئەوانی دیکەش، بە تایبەت کە میرانی وەکو ئەو کەوتبوونە ژێر کاریگەری رووداو و رەوتانە و نامەی هاوسۆزییان بۆ خەلیفەی فاتمی المستنصر بالله (٤٢٧-٤٨٧ك/١٠٣٦-١٠٩٤ز) نووسیبوو، ملکەچی خۆیان بۆ راگەیاندبوو و لەسەر مینبەرەکانی خۆیان خوتبەی هەینیانیان بە ناوی ئەو دەخوێندەوە، بۆیە میر (ابو الفتح)یش وەکو ئەو میرانەی هاوشانی خۆی کرد، خەلیفەی فاتمی ناوبراویش لە ساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٦ز)، (خلع)ی بۆ هەریەکە لە (بساسیری) و (نورالدولە دبیس کوڕی مەزید) و (مقبل)ی برای و (أبی الفتح کوڕی ورامی جاوانی) و ئەوانی دیکەش نارد. (الکامل، ٧٧/٨)، (مصطفی جواد) هۆی بە شیعە بوونی (أبی الفتح)ی جاوانی وەها لێکدەداتەوە کە دەڵێت: ((بێگومان ترسیان لە سەلجوقییەکان لەوەی کە دەشێ بەسەر میرنشین و زەویەکانیان بێنن، بەهێزترین هۆ بوو)). (جاوان، ص١٤).

ئەوەی سەرنج راکێشە، ئەوەیە: بە شیعەبوونی ژمارەیەك میر و لەنێویشیاندا میری جاوانی زۆری درێژە نەکێشا، گومانیش لەوە نییە کە سووربوونی سوڵتانی سەلجوقی (طغرل بك) لەسەر ریشەکێشکردنی شیعایەتی لە وڵاتەکەی و بنەبڕکردنی مەسەلەی بەساسیری، رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەو مەسەلەیە، چونکە کە ئەمە زانرا هەر زوو میر (قریش کوڕی بدران العقیلی) و (نور الدولە دبیس کوڕی مزید الاسدی) نامەیان بۆ میر (تاج الملوك هزار اسب کوڕی بنکیر کوڕی عیاض اللری الکردی) نووسی، بۆ ئەوەی لە لای سوڵتان میانەگیرییان بۆ بکات و وا بکات سوڵتان بیانبەخشێت لەوەی کەوا چوونە گوێڕایەڵی خەلیفەی فاتمییان کردووە، سوڵتانیش سۆزی بۆ نواندن. وەکو دەر دەکەوێت، (أبا الفتح کوڕی ورام الجاوانی الکردی)ش لە پێش هەردوو ئەمانەش کە تیشکیان خرایە سەر واز لە شیعایەتی دێنێت و داوای بەخشینی سوڵتانی دەکات، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی کە (دبیس وقریش) داوایان لە سوڵتان (طغرل بك) کرد، (أبا الفتح)یان بنێرێتە ناو، بۆ دڵنیابوون لە راستی ئەوەی پیشانی دەدەن، کە دەڵێن لە شیعایەتی واز دێنین و دەگەڕێینەوە خانەی سوننایەتی، ئیدی (ابا الفتح) بە فرمانی سوڵتان دەچێتە ناویان، دوای دڵنیابوون لێیان، دەگەڕێتەوە لای سوڵتان و جەختی بۆ لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دووانە ملکەچی خۆیان بە راستی رادەگەینن و حەز دەکەن میر (هزار أسب) بچێتە لایان، بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەتییان لەگەڵ ببەستێت، سوڵتانیش بە گەرمی پێشوازی لەمانە و ئەوانی دیکەش دەکات و رێز لە هەمووان دەگرێت، داوای لێبووردنەکانیان قەبووڵدەکات، قسەی خۆشیان بۆ دەکات و خلع بە (أبی الفتح الجاوانی) و ناودارانی قەومەکە دەبەخشێ. (الکامل، ٧٨/٨، مراة الزمان،ص ١٧-١٩).



کاتێکیش لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) (أبو الفتح الجاوانی) لەگەڵ (بدران کوڕی نور الدولە المزیدی) هاتنە بەغدا، سەرۆکی سەرۆکەکان (أبو القاسم علی کوڕی مسلمە) گلەیی لە (أبو الفتح الجاوانی) کرد، لەوەی کەوا پەیوەندی بە بزووتنەوەی بەساسیری کردووە و ئارەزووی بەلای شیعایەتییەوە چووە، (أبو الفتح الجاوانی) بەم شێوەیە بەرپەچی دایەوە: ((ئێوە ئێمەتان بۆ ئەوە ناچار کرد، چونکە کە سوڵتان هاتە ئەو وڵاتانە، هەموو خەڵکتان بە هۆی تاڵانی سەربازەکانتانەوە لە خۆ دوورخستەوە، خۆ ئەو سەربازانە. ماڵ و منداڵ و خەڵك و هەموو شتێکیان تاڵان دەکرد، بەمە چ شوێنێك بۆ ئێمە نەمایەوە، خۆمانی تێدا پەنا بدەین، بۆیە لە ترسی ژن و ماڵەکانمان ناچار بووین وەهامان کرد)). (مرآة الزمان، ص ٢٣-٢٤، جاوان، ص ١٦).

ئەوەی سەیرە (أبا الفتح) جارێکی دیکە خۆی لە گوێڕایەڵی خەلافەی عەباسی و سەلجوقییەکان دەبوێرێ و پەیوەندی بە (بەساسیری) دەکات، تەنانەت لە شەڕەکانیشدا لە ریزی سوپای بەساسیری کە بۆ خەلیفەی فاتیمی (المستنصر بالله) شەڕی دەکردو کاری دەکرد بانگەوازی فاتیمی سەربخات، (ابا الفتح) شەڕێکی زۆر توند لە دژی خەلیفەی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی دەکات، ئەوەتا لە ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز) سوپای سوڵتان (طغرل بك) کە لەلایەن (خمارتکین الطغرائي) سەرکردایەتی دەکرا، شکستێکی گەورەو ناخۆش لە دەوروبەری کوفە بەسەر بەساسیری دەهێنێت، لەو شەڕەدا بەساسیری دەکوژرێت و ژمارەیەك لە پیاوەکانیشی و لە نێویشیاندا (ابا الفتحی جاوانی) و سێ کوڕەکانی (نورالدولە دبیس حیماد و بەدران و مەنصور) بە دیل دەگیرێن. (المنتظم، ٣٠٢/٨، الکامل، ٨٦/٨،مراة الزمان،ص،٦٦)، بەڵام (انوشروان)ی کوڕی خێزانی سوڵتان (طغرل بك) چاکەی لەگەڵ (ابی الفتح) کرد و رزگاری کرد، هەرچەندە سوڵتان ئەوەشی پێناخۆش بوو و رەتی دەکردەوە، بەڵام دواتر میر (تاج الملوك هزارأسب کوڕی بنکیر الکردی)ش هاتە ناو ئەو باسەو داوای لە سوڵتان (طغرل بك) کرد، لەو میرە کوردو عەرەبانە خۆش بێت، ئەوانەی بەگەڵ بەساسیری کەوتبوون، ئیدی دوای زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەی بەساسیری، ئەوکاتەی سوڵتان (طغرل بك) گەیشتە (واسیت). میر (هزار اسب) هاتە لای و (دبیسی کوڕی مزید) و شوێنکەوتووەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنایە لای سوڵتان، بۆ ئەوەی لێیان خۆشبێ، سوڵتانیش لێیان خۆشبوو، بە شێوەیەك کە سوڵتان (واسیت)ی جێهێشت و گەڕایەوە بەغداد، هەریەکە لە میر (هزار أسب) و میر (أبی الفتح الجاوانی) و چەندین میری دیکەش لەگەڵیدا رۆشتن و هەموویان رۆشتنە لای خەلیفە و سوێندیان بۆ خوارد، کە گوێڕایەڵی خەلیفە و سوڵتان بکەن، ئەویش (خلع)ی پێ بەخشین. (الکامل، ٨٩/٨، مراه الزمان، ص٦٦-٦٨).

میر (أبو الفتح الجاوانی) لە خزمەتی سولّتان (طغرل بك)دا بە دلّسۆزی مایەوە، تا هەردووکیان لە مێژوویەکی نزیك لە یەك مردن، وای لێهات (ئال ورامی جاوانی) نرخی باشیان پەیدا کرد و لە دەرباری سەلجوقی حسێبیان بۆ دەکرا، لە کاروبارە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەت پرس و را بە میر و ناودارەکانیان دەکرا. ئەوەتا دوای مردنی سولّتان ((طغرل بك السلجوقی) لە رەمەزانی ساڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز)، لە دیوانی خەلافەت لە بەغدا نووسراوێکی بانگهێشتکردنی فەرمی بۆ میرە کوردەکان دەرکرا، لەوانە: میر بدر کوڕی مهلهل کوڕی محمد کوڕی عناز الشاذنجانی و میر هزار أسب کوڕی بنکیر و میر ابو الفتح کوڕی ورام و براکەی میر ابی النجم و هەریەکێکی ئال وەرام کە لەگەڵیان بوون، لەگەڵ میرە عەرەبەکانیش، لە وێنەی: شرف الدولە مسلم کوڕی قریش العقیلی خاوەنی موسل و نورالدولە دبیس کوڕی مزید الاسدی خاوەنی حیلە، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە بگەنە بەغدا، تا باس لە مەسەلە پێویست و گرنگەکانی دوای مردنی سولّتانی سەلجوقی بکەن، کاری پێویستیش ئەنجامبدەن، بۆ دانانی (الب ارسلان) لە جێگەی سولّتانی کۆچکردوو. (الکامل، ٨/ ٩٤، مرآة الزمان، ص١٠٢).

میر (أبا الفتح) لە کاتی بوونی لە بەغدادا مرد، تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی (جرجرایا)و لەویّ نێژرا، شوێنکەوتووەکانیشی پەیوەندییان کرد بە (نورالدولە دبیس). (الکامل، ٩٥/٨)، (مصطفی جواد) لە بارەی مردنی میر (أبی الفتح)ەوە دەڵێت: ((بە مردنی، ژیاننامەی میرێکی گەورەی کورد پچڕا، میرێك کە لە سیاسەت و لە شەڕیشدا چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، چاکەی دەرکردنی جاوانییەکان لە شوێنە تەسکەکەی خۆیان بۆ ئەو فراوانیەی رووداوەکان و مێژووی پڕ لە ژیان و جوولانەوە، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە)). (جاوان، ص١٩).

### ٣ـ میر سیف الدولە أبو النجم بەدر کوڕی ورامی جاوانی (٤٥٥-٤٧١ك/ ١٠٦٣-١٠٧٨ز):

دوای کوژرانی (أبا الفتح)، فەرمانڕەوایی میرنشینەکە کەوتە دەست براکەی تری کە ناسراوە بە میر (سیف الدولە)، چونکە ئەمە پێشتر لە هەموو هات و چوونێك و شەڕوشۆڕێکیدا لەگەڵی بوو، واش پێدەچێت لە ساڵی(٤٣٨ك/١٠٤٦ز)دا، (سیف الدولە) بە دیلی کەوتبێتە دەست میر (سرخاب کوڕی محمد کوڕی عناز الشاذنجانی)، هەروەها ئەوکاتەی سولّتان طغرل بك مردو میرەکان بانگهێشتی بەغدا کران، دیسانەوە (سیف الدولە) لەگەڵ میر (أبو الفتح)ی برای بوو، هەردوو برا لە (دار الخلافە) دادەبەزن، بەڵام بێجگە لەوە، هیچ شتێکی



شیاوی باس لە بارەی (سیف الدولە)و میرنشینی جاوانی لە سەردەمی ئەم و پەیوەندییەکانی میرنشینەکەی لەگەڵ میرنشینی مەزیدی و سەلجوقییەکان و خەلافەی عەبباسی، بۆ ماوەی بیست ساڵ هیچی لە بارەوە نازانرێ، تەنانەت لەو بیست ساڵەدا هەواڵی جاوانییەکانیش دیار نییە، ئەمەش بە بۆشاییەکی گەورە و کەموکورییەکی روون لە مێژووی ئەو هۆزە دەزانرێت.

میر (سیف الدولە أبی النجم بدر) لە مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی (٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان بردەوە گوندی (طسفونج)، کە ئەمە گوندێکی گەورەی رۆژهەڵاتی دیجلە بوو و دەکەوتە بەرامبەر نەعمانییە، (سیف الدولە) لەو گوندە نێژرا. (الکامل، ٨/١٢٦-١٢٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم گوندە لە موڵکەکانی (بنی ورام الجاوانی) بووە.

### ٤ـ میر ابو فراس کوڕی ورام (٤٧١- پێش ٤٨٨ك/١٠٧٨- پێش ١٠٩٥ز):

ئەمە کوڕی سێیەمی میر (ورام)ە، جێگەی میر (ابی النجم)ی برای گرتۆتەوە، بۆ سەرۆکایەتی جاوانییەکان، ئاماژەیەکی دەگمەنیش هەیە کە بۆ ساڵی (٤٧٦ك/١٠٨٣ز) دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی وەزیری سەلجوقی (نظام الملك) بانگی کردووەو داوای لێکردووە بێتە ریزی (فخر الدولەی کوڕی جهیر)، ئەمەش وەکو هەولێکی دیکەی خۆئامادەکردن بۆ داگیرکردنی دیار بەکر. (مرآة الزمان، ص٢٢٥).

ئەوەی لە مێژووی جاواندا لە ماوەی سەدەی پێنجی کۆچی/ یازدەی زایینی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە کە: تاکەکانی ئەو هۆزە ژیانی کۆچەری و بەداوەتیان رەتکردۆتەوە و هاتوونە لە گوندو شارەکانی ناوچەی دەشتایی درێژبووەوەی نێوان بەغدا و واسیت نیشتەجێ بوونە. تیایدا دەستیان کردووە بە چاککردنی زەوی و هەڵکەندنی جۆگەی ئاو و وایان لێهاتووە، بوونەتە خاوەنی گوندی کشتوکاڵی، ئەوەتا منداڵەکانی ورام لە ساڵی (٤٥٢ك/١٠٦٠ز) هەڵسان بە گرتنەوەی جۆگەی ئاو لە رووبارەکان. (الکامل، ٨/٩٠)، بێگومان ئەوەشیان بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن و ئاودانی زەوییەکانیان کردووە. (جاوان،ص١٧)، بردنەوەی جەنازەی میر (أبا الفتح)یش بۆ شارۆچکەی (جرجرایا)، ئەمە گوزارشت لەوە دەکات کە ئەو شارۆچکەیە بووەتە موڵکی ئەوان. هەروەها میر (ابو النجم کوڕی ورام)یش گوندی ((ابی النجم)ی لە خاورووی واسیتدا ئاوەدانکردەوە کە ئەمە لە گوندە گەورەکانە و بەناوی ئەوەوە. (خریدة القصر، قسم شعراء العراق، ٤/٢/٤٢١-٤٢٢) هەروەها بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر زۆربیان لە رووی ژمارەوە لە ناوچەکانی نەهراوان و واسط. (المنتظم، ٨/١٨٩) لەوەش زیاتر، ئەوان

بەشدارییەکی بەکاریان کرد لەگەڵ بەنی مەزید لە هۆزی ئەسەد لە دامەزراندنی شاری حللە و نیشتەجێبوون تێیدا لە ساڵی (٤٩٥ك/ ١١٠٢ز). (لە بارەی دروستکردنی شاری حیللە بڕوانە: الأمارة المزيدية، ص٢٥٣-٢٦١).

**٥- میر ورامی دووەم کوڕی أبو فراس کوڕی ورامی جاوانی (پێش ساڵی ٤٨٨هـ/١٠٩٥ز– پاش ساڵی ٥٠٠هـ/ ١١٠٦ز):**

ناوی سیانی ئەوە گوزارشت لەوە دەکات کە نەوەی میر ورام و لە ئەبی فیراسی کوڕی بێ، واش دەردەکەوێت سەرۆکایەتیکردنی جاوانییەکان، لە باوکییەوە بۆ ئەوە گوازرابێتەوە.

هەواڵەکانی میر (ورامی دووەم) و ورامییەکان لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی ساڵی (٤٨٨ك/ ١٠٩٥ز) دێن. ئەو کاتە لە ویلایەتی ڕێگەی خۆراسان نیشتەجێ بوونە، چونکە لەو ساڵەدا (تتش کوڕی الب ارسلان)ی پاشای سەلجوقییەکانی شام، هەڵدەستێت بە ڕەوانکردنی (یوسف کوڕی أبق الترکمانی) بۆ بەغداد، بۆ ئەوەی تیایدا پڕوپاگەندەی بۆ بکات. ناوبراویش لەو گەشتەیدا بۆ بەغدا تورکمانێکی زۆری لەگەڵ دەبێت، بۆیە ڕێی پێ نادرێ بچێتە ناو بەغدا، لە هەمان کاتدا دەستبەجێ سیف الدولە صدقە کوڕی منصوری مەزیدی (٤٨٧-٥٠١ك/ ١٠٩٤-١١٠٥ز) کە ڕقی زۆری لە (تتش) بوو و لە وڵاتی خۆی خوتبەی بە ناوی ئەو نەدەخوێندەوە، هاتە نێو بەغدا. (الکامل، ١٧٥/٨)، بۆیە (یوسف)ی تورکمان بەغدای بەجێهێشت و چوو (دەسکەرە و شارەبان)و تەواوی ناوچەکانی ویلایەتی ڕێگەی خوراسانی تاڵان کرد، کە ئەم ناوچانە سەر بە میرنشینی جاوانی بوون، وەزیر عمید الدولە کوڕی جهیر بە حاجبەکەی خۆی گوت: ((بە وەرامییەکان بڵێ: لە تاریکی شەودا چەکدار بن، (حاجب)یش پێی گوتن: وەکو ئەوەی مەولانا پێی گوتووین: لە سوفەییە بنوون. (ورام کوڕی ابی فراس) گوتی: ئەمە وەکو ئەوە وابوو، ئێمە دەستمان لە (سوفەییە)یا شۆردبێ))(المنتظم، ٨٤/٩-٨٥).

میر ورامی دووەم پارێزگاری لە پەیوەندییە باشەکانی نێوان میرنشینی جاوانی و میرنشینی مەزیدی کرد. بە دڵسۆزی بۆ میر (صدقە کوڕی منصور المزیدی) مایەوە، بە ڕاوێژی وی کاری دەکرد، بووە جێگەی متمانەی، لە بەرامبەریشدا (صدقە) پشتی پێ دەبەست و لەسەر ئەو دڵسۆزی و نیاز باشییەی پاداشتی پێدا، بۆیە ئەوکاتەی قەڵای (تکریت)ی لە دەست (کەیقوبادی کوڕی هزار أسب الدیلمی الباطنی) لە ساڵی (٥٠٠ك/ ١١٠٦ز) دەرهێنا و خستییە ژێر دەسەڵاتی خۆی، (ورامی کوڕی أبی فراس ورامی جاوانی)ی کردە جێگری خۆی



لەسەر ئەو قەڵایە. (الکامل، ٢٣٨/٨). بەڵام دوای ئەوەی کاروباری قەڵای تکریت دەگرێتە ئەستۆ، ئیدی ناوی میر ورامی دووەم ون دەبێ. بیر بۆ ئەوە دەچێت کە ناوبراو لە شەڕەکانی نێوان مەزیدییەکان و سوڵتان محمد کوڕی مەلکشای سەلجوقی (٤٩٨-٥١١ك/١١٠٤-١١١٧ز)، لە ساڵی (٥٠١ك/ ١١٠٧ز) کوژرابێت. ئەو شەڕانەی لە ئەنجامی هەڵسانی (صدقە کوڕی منصوری مەزیدی) بە پەنادان و شاردنەوەی (أبی دلف سرخاب کوڕی کەیخوسرەو)ی خاوەنی شاری (ساوە)، ئەو کەسایەتییەی کە سوڵتانی سەلجوقی لێی بە ڕقدا چووبوو، بەرپابوون، چونکە جگە لە پەنادان و جێکردنەوەی، (صدقە) ئەوەیشی ڕەتکردەوە کە (ابی دلف) بداتە دەستی سوڵتانی سەلجوقی ناوبراو.

دیارە لەو شەڕانەدا جاوانییەکان ڕۆڵێکی قارەمانانەیان بینیوە، بۆیە (صدقە) لە کاتی توندی شەڕەکان وادەی پێداون: ((لە بەرامبەر ئەو ئازایەتییەیان هەموو چاکەیەکیان لەگەڵدا بکات))، بەڵام شەڕەکان بە شکستی مەزیدییەکان و میر (صدقە) خۆی و سێ هەزار سوارەکانی بە کۆتای هات. (الحسيني، زبدة التواريخ، ص١٦٩، الكامل، ٢٤٥/٨-٢٤٩، وفيات الاعيان،٢٦٣/٢_٢٦٤)، جا لەوانەیە میر ورامی دووەمیش هەمان چارەنووسی بە چاوی خۆی دیبێ، یان هیچ نەبێ، بە دیل گیرابێت و قەڵای تکریتی لە دەست چووبێت، چونکە کوژرانی میر (صدقە)و پەرشوبڵاوبوونی خەڵك و خزمەکانی، بە گورزێکی پشتشکێن بۆ مەزیدییەکان و هاوپەیمانە جاوانییەکانیان دەژمێردرێت، بەم هۆیەوە هەردوو لا مولکێکی زۆریشیان لە دەست دا، جا ئاساییە ژمارەیەکی جاوانییەکانیش لەو شەڕانە، کوژرابن، یان بە دیل گیرابن، یان دەربەدەربووبن کە پێدەچێت ئەوانە ژمارەیان کەم نەبووبێ.

**٦ـ میر أبو النجم کوڕی أبي القاسم الورامي الجاواني:**

ئەمە خاڵۆزی (صدقە کوڕی منصور المزیدی)یە و هاوچاخی میر (ورام کوڕی أبی فراس)ە، دەکرێ بە ئامۆزایشی بژمێردرێ، ئەمەش ئەگەر هات و وامان دانا، کە (ورامی یەکەم) کوڕی چوارەمیشی هەبووە بە ناوی (أبی القاسم)، بەڵام لە بارەی (أبی النجم)ەوە هیچ شتێك نازانرێت، هەرئەوەندە نەبێت کە ئەو لە کاتی دەستگرتنی (صدقە کوڕی منصور) بەسەر شاری بەسرادا لە ساڵی (٤٩٩ك/ ١١٠٥ز) کوژراوە، هەروەها میرێکی ئازاو هەمیشە پێشەنگ و پاڵەوان بووە، دوای مردنی هەندێ لە شاعیران لاواندوویانەتەوە و بە (سیف الدولە)یان دا هەڵداوە، گوتوویانە:

تَهَن يا خيرَ من يحمي حريمَ حمى
فتحا اغَثْتَ به الدنيا مع الدين
ركبت للبصرة الغراء في نخب
غرّ كجيش علي يوم صفين
هوا أبو النجم كالنجم المنير بها
لكنه كان رجماً للشياطين

(الكامل، ٨/٢٣١-٢٣٢)

**٧ـ میر أبو شجاع عاصم كوری أبي النجم الكردي (سەرەتاكانی سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەی زایینی):**

ناوی ئەو میرە جاوانییە بەپێی ئاگاداری ئێمە لە هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی نەهاتووە، هەرچەندە ((پیاوێكی نێو پیاوان و پاڵەوانێكی نێو پاڵەوانەكانیش بووە، شێرێك بووە هەر شێرای شكاندووە و... پێدەچێت لە ژیانی خۆی پەنجا شێری كوشتبێ، لە كوشتنیشیان پێویستی بە كەس نەبووە))(خريدة القصر، قسم شعراء العراق٤/٢/٤٢٢).

لە خوارووی (واسیت)یش، لەسەر كەنارەكانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، خاوەنی چەندین گوند و زەوی و زارێكی زۆر بووە. (سيف الدوله صدقه كوڕی منصور) وەكو ڕێزنانێك لە كۆششەكانی باوكی و ڕۆڵە بەرچاوەكەی لە سوپای مەزیدی ئەم گوند و زەویانەی پێ دابوو، هەروەها خۆیشی گوندی ((عاصمیە))ی دروستكرد، بەڵام وەكو دەردەكەوێت، ئەمە خۆی بە دوور گرتووە لەوەی تێكەڵاوی جیهانی سیاسەت و شەڕوشۆڕ ببێت، بەڵكو خەریكی ئەدەب و شیعر بووە، (عیمادی ئەصفەهانی) لە ڕیزی شاعیرە باشەكاندا ناوی هێناوە و لە (الخريدە)یدا كورتەیەكی بۆ ژیاننامەی ئەو پیاوە تەرخانكردووە.

(أصفهانی) لە هەندێ سەرۆكی كوردە هومامییەكانەوە دەگوازێتەوە، كە: عاصم دوژمنێكی هەبوو لەسەر هەندێ لە موڵكەكانی كێشمەكێشی لەگەڵدا دەكرد، ئەویش شیعرێكی بۆ (سيف الدولە) نووسی، تیایدا سكاڵای خۆی بۆ دەربڕی، ئەوەی لەو شیعرەیدا هاتبوو:

مولاي، خصمي فاسق ومن ادعى
زوراً، ولم يخش العواقب يحلف



ولأخذ مال المسلمين وغصبهم
بالزور، أعظم من يمين المصحف

لە شیعرێكی دیكەیشی دا دەڵێت:

وخصمي ذو مالٍ، ومن أجل ماله
أهان، وما يلوي عليَّ. ويكرم
ولو حل ذو مال بأكناف ((فارس))
ونادى، أجابته ((قريش)) ((وجرهم))

میر (سيف الدوله أبی النجم بدر) لە مانگی (ربيع الاول)ی ساڵی (٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) كۆچی دوایی كرد، تەرمەكەیان بردەوە گوندی (طسفونج)، كە ئەمە گوندێكی گەورەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بوو و دەكەوتە بەرامبەر نەعمانییە، (سيف الدوله) لەو گوندە نێژرا. (الكامل، ٨/١٢٦-١٢٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەم گوندە لە موڵكەكانی (بنی ورام الجاوانی) بووە.
(خريدة القصر، ٤/٢/٤٢٣).

ـ جاوانییەكان لە ماوەی سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەی زایینیدا:

دوای كوژرانی میر (صدقە كوری منصوری مزیدی) و دەربەدەربوونی ژن و منداڵەكانی لە ساڵی (٥٠١ك/ ١١٠٧ز)، حللە و نەهرەوان تووشی فەوزاو نائارامییەكی گەورە بوونەوە. وایلێهات میرنشینی مەزیدی میرێكی فەرمییان نەما، چونكە سوڵتان محمد (دبیسی كوری صدقە)ی گرت و ڕێگەی نەدا بگەڕێتەوە حللە، ئەوەش لەبەر ئەوەی دڵنیانەبوو لەوەی دڵسۆزە بۆی، یان نا، ئیدی (دبیس) تا مردنی سوڵتان محمد لە ساڵی (٥١١ك/١١١٧ز) هەر لەژێر چاودێری مایەوە. (الكامل، ٨/٢٤٥-٢٤٩، البنداري، تاريخ دولة آل سلجوق، ص١١٥).

لەو ماوەیەدا ژمارەیەك میری كوردی جاوانی دەركەوتن، موڵك و سامانەكانیان زیادی كرد، وڵاتی (صدقە)یان بۆخۆیان دابڕی و بەمە موڵك و زەویەكانیان فراوانبوو، لەگەڵ ئەمەدا توانای سیاسی و سەربازیشیان گەورەتر بوو. لەلایێكی دیكەدا ژمارەی جاوانییەكانیش زیادی كرد، ئەو هۆزە چەندین لق و تیرەی لێ بووەوە، شاعیری صارم مرجی كوری بتاه البطائحي بەمەی خوارەوە هەجوی كوردانی كردووە:

لقد عرض (الاكراد) جيشاً عرمرما
كفى الله رب الناس شرهم البقا
اذا ركبوا واستلأموا خلت انهم
ذباب اذا ما كان اكثرهم زرقا
.............................. ..............................
وليس لهم إلا خضاب لحاهم
ولو حلقوها كان ابقى لهم حلقا

(خريدة القصر، ٥٤٢/٢/٤).

بە هەمان واتای ئەوەی پێشوو، لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:

واصبحت لا ادري اذا ما رأيته
اقد جن (اسياكيل)، أم خرف الدهر؟
سلام على مال ((العراق))، فأنه
مضى حيث لاينفع لذاك ولا ضر
فشطر لـ(اتراك) ومن دونها النهر
وشطر لـ(اكراد) ومن شأنها الغدر
وشطر لكتاب وما فيهم صدر
وشطر لحجاب وما بهم فخر

(خريدة القصر، ٥٣٥/٢/٤).

لە بەناوبانگترین میرە کوردە موڵك زەوتکەرەکان میر ((سیاکیل)) یان ((اسیاکیل))ە کە ئەمە دوژمنێکی لاملی میر أبی شجاع عاصم الجاوانی بوو، ئەوەش بە هۆی ئەو زەوی و زارو موڵکانەی کە بۆ خۆی دایبڕیبوو، میر عاصم لە بارەی ئەو ململانێیەی نێوانیان، بەم شیعرە هەندێ شت دەخاتە روو:

فقلت لها: يا من جعلت لها الفدا
ألم تعلمي أن الزمان قد انقلب؟
قرى (النيل) قد أضحى (سياكيل) آمرا
بها ونفي (بدران) الى حلب

(خريدة القصر، ٤٢٤/٢/٤).



وادەردەکەوێت، کە سوڵتانی سەلجوقی ویستبێ بە کوردان لە کوردانی تر بدات، ئەمەش وەك کارکردنێك بەو مەزهەبە سیاسییەی دەزانرێت. (جاوان، ص٢٣).

**٩-١٠- هەردوو میر عەنتەر و مهلهل کورانی أبي العسكر الجاواني الكردي:**

لە ساڵی (٥١٢ك/ ١١١٨ز)دا (دبیسی کوری صدقه) بە مۆڵەتی سوڵتان مەحمود گەڕایەوە حلله، بە گەڕانەوەی، هێندەی نەبرد عەرەب و کورد لە دەوری کۆبوونەوە، بەڵام دەسەڵاتی فیعلی لەو سەردەمە بە دەست هەردوو میر فخرالدين عەنتەر کوڕی ابی العسکر و براکەی ضیاء الدين مهلهل بوو. ئەوانە دەستێکی باڵایان هەبوو لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دبیس و سەرکردایەتی سوپاکەی، لە دژی دوژمنەکانی، ئەوانەش دیسانەوە هەر لە منداڵانی نەوەی (ورام)ن، وەکو لە هۆنراوەیەکی (حیص بیص) وەها دەخوێنرێتەوە. (دیوانه،١/٣٢٠).

ئەوەتا لە ساڵی (٥١٦ك/١١٢٢ز) مهلهل فەرماندەیی ئەو سوپایەی مەزیدیی دەکرد کە دبیس بۆ شەڕی تورکەکان رەوانەی واسیت کرد، بەڵام مهلهل لەم ئەرکەیدا شکستی هێناو تورکەکان بەسەریدا سەرکەوتن، لەگەڵ ژمارەیەکیش لە ئەندامانی سوپاکەیدا بە دیل گیران. (المنتظم، ٢٣٧/٩، الكامل، ٣٠٨/٨).

لە ساڵی (٥١٧ك/١١٢٣ز)یش لە کاتی ئەو شەڕانەدا کە لە نێوان دبیس و سوپای خەلیفە موستەرشیدی عەباسی (٥١٢-٥٢٩ك/ ١١١٨-١١٣٥ز) دروستبوو، عەنتەری کوڕی دووەمی ئەبی عەسکەر سەرکردایەتی سوپای مەزیدیی دەکرد، دوو جاری لەسەر یەك هێرشی بردە سەر سوپای خەلیفە کە لەلایەن (آقسنقرالبرسقي) فەرماندەیی دەکرا، بەڵام چ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا، ئیدی ئەوەبوو سوپای واسیت هەڵسان بە ئەنجامدانی هێرشێکی بەرپەرچدانەوە لە دژی سوپای مەزیدی و وەکو یارمەتییەك بۆ سوپای خەلیفە، لەمەدا توانیان ئابڵوقەی مهلهل بدەن و لەگەڵ هەموو ئەو سوپایەی پێیەتی بە دیلی بگرن، بێ ئەوەی یەك عەسکەری ئەو سوپایەیان لە دەست دەربچێت، بەمە دبیس تێکشکاو بەرەو دەوروبەری فوڕات رایکرد. (المنتظم، ٢٤٢/٩-٢٤٣، الكامل، ٨ /٣١١، التاريخ الباهر، ص١٢٥، البداية والنهاية، ١٩٠/١٢-١٩١).

لە ساڵی (٥٢٩ك/١١٣٥ز)یش سوڵتان مسعود (٥٢٧-٥٤٧ك/١١٣٣-١١٥٢ز) فەرمانی کرد بە کوژرانی دبیسی کوری صدقه، غولامێکی ئەرمەنی لە دەروازەی شاری

خوی لە ئازەربێجان ئەو فەرمانەی بەجێهێنا، ئیدی شوێنکەوتە و موڵك و سامانەکانی دبیس لە حللەدا کەوتنە بەردەستی کوڕە بچکۆلەکەی بە ناوی (صدقە)، لێرەدا میر عەنتەر کوڕی أبی العسکر بۆی بووە وەسی. ((یدبرە ویتم نقص صباه)) (الکامل، ٣٤٩/٨، ٣٥٢،تأریخ ابوالفداء،٧٤/٢).

لە ساڵی (٥٣٢ك/ ١١٣٧ز) زۆرێك لە میر و خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکان لە گوێڕایەڵی سوڵتان مەسعود دەرچوون و بەرەو پاشا (داود کوڕی سوڵتان محمدی سەلجوقی) چوون، لەنێو ئەوانەشدا میر (صدقە) و (عەنتەر)ی وەسیشی دەبینران، ئیدی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لا لە کۆتایی ساڵی (٥٣١ك/ ١١٣٦ز) گەیشتە شەڕی ئاشکرا. ئەوەتا لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا لەلای (بنج انکشت) یان (کورشنبە) لەلای (حوسەینی)، هەریەکە لە (صدقە) و (عەنتەر) و خەڵکی دیکەش لە لای (بوازبە)ی جێگری خوزستان بۆ میر (منکبرس)ی خاوەنی هەرێمی فارسی سۆزدار بۆ سوڵتان مەسعود، بە دیل گیران، کاتێکیش میر (بوازبە) بە کوژرانی (منکبرس)ی زانی، تەواوی دیلەکانی کوشتن، سوڵتان (مەسعود)یش دانی نا بە دەسەڵاتی میر (محمد کوڕی دبیس) بەسەر شاری حللە، هەروەها وایشی کرد (مهلهلی کوڕی أبی العسکر الجاوانی) کاروبارەکانی رێك بخات. (زبدة التواریخ، ص٢١٣،الکامل،٣٦١/٨، تاریخ دولة آل سلجوق، ص١٧١).

وایلێهات (مهلهل) لە سەردەمی خەلیفە مقتفی (٥٣٠-٥٥٥ك/ ١١٣٥-١١٦٠ز)، بووە یەکەم پیاوی جاوانی و مەزیدی، بە تایبەت کە وازی لە سیاسەتی دژایەتیکردنی خەلیفە هێناو کاری لەسەر ئەوە کرد، پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا باش بکات و بچێتە ژێر ئاڵاکەی، ئیدی لە ساڵی (٥٤٩ك/١١٥٤ز) لە کاتی توندبوونی مەترسی تورکمان و سەلجوقییەکان بە خۆی و بە ((تەواوی کوردە جاوانییەکان))، بەرگری لە خەلیفە و لە شاری بەغداد کرد. (زبدە التواریخ، ص٢٤٤).

خەلیفەش لە بەرامبەر ئەو خزمەتانەی پاداشتی کرد، ئەوەبوو لە خەلیفەوە هەموو ساڵێك حللە نەوەت هەزار دیناری مسۆگەر کرد. (المنتظم، ١٤٨/١٠). حسینی زیاد لەوە دەڵێت: ((حللەو ئەوەی سەر بە حللە بوو بۆ ئەوی دابڕی)). (زبدە التواریخ، ص٢٤٤).

میر مهلهل وەکو پارێزەری خەلافەت مایەوە، بەشداری دەکرد لە رێکخستنی بەرگری خەڵکی بەغدا و بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو هێرشانەی، تیپە عەسکەرییە تورکی و سەلجوقییەکانی سەر بە میرە تورکمانەکان و سوڵتانە سەلجوقییەکان بوون و دەیانهێنایە سەر ئەو شارە، دوا بەشداری لەم



رووەوە لە ساڵی (٥٥٢ك/ ١١٥٧ز) بوو، لە سەرکردایەتی سوپای خەلیفە موقتەفی بوو، (تاریخ دولة آل سلجوق، ص٢١٩-٢٢٠)، ئەوە بوو بەرەو حللە هات، (بەنی عەوف)ی تێدا وەدەرنان و شارەکەی لێ سەندنەوە. (المنتظم، ١٦٨/١٠، الکامل،٥١/٩).

لە دوای ساڵی (٥٥٢ك/ ١١٥٧ز)، ئیتر سەرچاوەکان ئاماژە بە میر مهلهلی جاوانی ناکەن، تەنانەت ئاماژە بۆ مردنیشی ناکەن، بەڵام (مصطفی جواد) لەو بڕوایە دایە کە ناوبراو لە ساڵی (٥٥٣ك /١١٥٨ز) کۆچی دوایی کردبێت. (جاوان، ص٣٤).

(حیص بیص)ی شاعیر لەو هۆنراوانەی، کە لە پێداهەڵدانی میرانی جاوانی نووسیونی، بە چەند میرێکی دیکەی (بەنی ورام)دا هەڵدەڵێت. سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی هیچ هەواڵێکیان لە بارەی ئەوانەوە تۆمارنەکردووە، بۆیە هۆنراوەکانی (حیص بیص) وەکو سەرچاوەی یەکەم لە بارەی هەواڵی ئەو میرانەوە دەمێننەوە کە بریتین لە:

ـ میر ابو الفوارس حسام الدین بدر کوڕی مهلهل کوڕی ابی العسکر الجاوانی، (حیص بیص) لە چەندین هۆنراوەیدا پێدا هەڵگوتووە. (بڕوانە دیوانەکەی: ٢٩٧/١، ٢٢/٢، ٢٤، ٢٩٥، ٣٨/٣، ٣٤٦).

ـ میر عزالدین نصر کوڕی الهیج کوڕی بەختیاری جاوانی (حیص بیص) لە چەندین هۆنراوەیدا پیایهەڵداوە. (بڕوانە دیوانەکەی: ٣٣٥/٢، ٣٣/٣، ٣٥٤)، لەوانەشە ئەوە ئەو میر (نصر کوڕی سعد الکردی)یە خۆی بێت، کە لە ساڵی (٥١٣ك/ ١١١٩ز)دا، هەواڵی هاتووە. (المنتظم،٢٠٥/٩).

ـ میر نصرة الدین اسماعیل کوڕی عنتر کوڕی ابی العسکر الجاوانی. (بڕوانە دیوانی حیص بیص: ١٠٣/٣).

دەشکرێ ساڵی (٥٥٨ك/ ١١٦٣ز)، بە ساڵی لەناوچوونی راستەقینەی دەسەڵاتی بەنی ئەسەد و میرنشینی مەزیدی و هاوپەیمانە جاوانییەکانیان لە حللە و بەتائیح بژمێرین، (ابن الاثیر) دەڵێت: ((لەو ساڵەدا خەلیفە مستنجد باللە (٥٥٥-٥٦٥ك/ ١١٦٠-١١٧٠ز) فەرمانی دا بە بە لەناوبردنی بەنی ئەسەد و مەزیدییەکانی خەڵکی حللە، ئەوەش لەبەر ئەو گەندەڵی و خراپییانەی لێیان بەدەرکەوت، هەروەها لەبەر ئەو کۆنە رقەی زووتر خەلیفە لێی هەڵگرتبوون، ئەوەش لە کاتی ئابڵوقەی سوڵتان محمد بۆ سەر شاری بەغدا کە ئەوان یارمەتی سوڵتانیان دابوو، بۆیە خەلیفە فەرمانی بە (یزدن کوڕی قماج)کرد بچێتە سەریان شەڕیان لەگەڵ بکات و ولاتەکەیان لێ پاکبکاتەوە، بەڵام ئەوان لە شوێنە عاسێ و

دوورەدەستەکان بوون، بۆیە پێیان نەدەوەستا... بۆیە خۆی و (ابن معروف) بە لێبڕاوییەوە کەوتنە شەڕکردن لەگەڵیان و سنوور تەسککردنەوە لەسەریان، سەرچاوەی ئەو ئاوانەشیان لێ بڕین کە بۆیان دەچوو، ئەوکاتە هەموویان خۆیان بەدەستەوە دا، چوار هەزاریان لێ کوژرا، بانگەوازیش بەناو ئەوانەدا بڵاوکرایەوە کە مابوون: هەر مەزیدییەك لەمەولا لە حلله بمێنێتەوە خوێنی حەڵاڵە، بۆیە ئەو شوێنەیان جێهێشت و بە وڵاتدا بڵاوبوونەوە، ئیتر کەسێکی وەهایان لە عێراقدا نەمایەوە ناسراو بێ، وڵاتەکەشیان درایە (ابن معروف)..))(الکامل، ٩/٨٣).


دیارە ئاساییە (بنی ورام)ە جاوانییەکانیش هەمان چارەنووسیان تووشهاتبێت، ئەوانیش کوژراون و لە شوێنی خۆیان وەدەرنراون، موڵك و هەرێمەکانیان لە دەست داوە، ئیدی سەرچاوەکانیش تیشکیان نەخستوونە سەر، بەڵام وا بە دیاردەکەوێت، کە هەندێ دەستەی جاوانی بەرەو هەرێمی لوڕستان چووبن، چونکە (حمدالله المستوفی) دەڵێت: لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەی زایینی، زیاتر لە بیست و شەش هۆز و عەشیرەتی کوردی بەرەو هەرێمی لوڕستان چوون، چونکە لەم ماوەیەدا وایلێهاتبوو ئارام و لە رووی ئابورییەوە گەشاوە بوو، یەك لەو هۆزانەش هۆزی جوانکی بوو. (تاریخ کزیدە،ص ٥٤١، شرفنامە، ص١٢٩).

بەڵام لەگەڵ ئەو کوشتن و دەربەدەریەشدا کە بەسەر جاوانییەکان هات، هەندێ گرووپیان هەر لە وڵاتی خۆیاندا مانەوە، میرانی جاوانیش دوای رووخانی میرنشینەکەیان لە دامەزراوەکانی خەلافەی عەباسیدا بە دڵسۆزییەوە خزمەتیان پێشکەشکرد، لەوانە: میر مجیر الدین جعفر کوڕی ابی فراس الورامیی کە لە (٦٢٧هـ/١٢٢٩ز)کۆچی دوایی کردووە، ئەمە برای شێخ ورام بوو، لەلایەن خەلافەتەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك پۆستی شەحنەکیەی واسیت و بەسرای پێ سپێردرا، هەروەها کوڕەکەی میر حسام الدین ابي فراس الحارث بە بڕیاری خەلافەت کرایە یەك لە میرە گەورەکانی دەرباری خەلافەت، لە ماوەی ساڵانی (٦٠٧-٦٤٠ك/١٢١٠-١٢٤٢ز) سێزدە جار ئەمارەی حەجی عێراقی پێ سپێردرا، هەروەها لە پاش باوکیشی کرایە شەحنەی واسیت و بەسرای، دواتر لە ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز) کۆچی دوایی کرد. (مرآة الزمان، ٨/٥٥٦-٥٧٥، ٦٢١-٦٢٥، ٦٣٣-٦٣٩، مؤلف مجهول، کتاب الحوادث، ص٣٦،٧٦، ١١٩، ٢٠٢، ٢٠٧-٢١٧).



بەڵام (عماد الدین ابی المظفر محمد)ی کوڕی، کە ((لە ماڵی میرێنی و ویلایەت بوو))، ئەویش لە لایەن خەلیفەوە وەکو شەحنەی حللەی سەیفی لە ساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٧ز) دامەزرێنراو لەو پۆستەیدا مایەوە، هەتا ساڵی (٦٤٣ك/١٢٤٥ز)، دوای ئەوە لەسەر کار لابرا، ئەوەش لەبەر ((هەندێ مەسەلە، کە لابرانیان واجب کرد))، دوای ئەوە کرایە شەحنەی کوفەو هێندەی نەخایاند دیسانەوە لەو پۆستەش لابرا، ئەمەش لەبەر ئەوەی بێهۆشکەری دەخوارد و کاروبارەکانی پشت گوێ دەخست، بەڵام هەر لە خزمەتی خەلافەت مایەوە، تا لەگەڵ داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) کوژرا. (معجم الالقاب، ٢/١٣٤-١٣٥).

هەرچی پەیوەندی بە پەیوەندی میرە جاوانییەکان هەیە بە ئەیوبییەکانەوە، دەکرێ بگوترێ، ئەمە لە ئاستێکی سنووردداردا بووە، بۆ نموونە لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) میر حسام الدین ابو فراس الحارث وازی لە ئەمارەتی حەج هێناو حەجاجی عێراقی بەجێهێشت، لەگەڵ جەعفەری باوکی چووە میسر و پەیوەندی بە (الملك الکامل محمد الایوبی)ی (٦١٥-٦٣٥هـ/١٢١٨-١٢٣٧ز) کرد، مەلیکی ناوبراویش پێشوازی لێکرد و پایەیەکی بەرزتر لە میرەکانی خۆی پێ دا، ئیتر ئەوەبوو تا ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز) ناوبراو لە میسر مایەوە، بەڵام هەرچی باوکی بوو، ئەو دوو ساڵ زووتر، واتە لە ساڵی (٦٢٧ك/١٢٢٩ز) گەڕایەوە بەغداد و پاش ماوەیەك لەوێ کۆچی دوایی کرد. (کتاب الحوادث،ص٢١٧،٦٨،٣٦،جاوان، ص٤٢-٤٣).






**ـ جروغان ـ الجروغان — الجروان:**

جروغان هۆزێکی نادیارن، مەسعودی ئاماژەی بۆ کردوون (بڕوانە: التنبیە والاشراف، ص٩٤) لە تواناداا نییە دەستنیشانی شوێنی حەوانەوەی یەکەمیان بکرێ، زیاتر وا پێدەچێ ئەمە هەر هۆزی جروان بێ، ئەو هۆزەی سۆفی و زاهید (ماجد الکردی الجروانی)ی کەلە ساڵی (٥٦١ك/١١٦٦)، یان ساڵی ٥٦٤ك/١١٦٩ز) لەوانە، دیارە ئەمەش لە گەورەترین شێخەکانی تەسەوف و زوهدی عێراقە، چووە گۆشەیەکی خۆی لە کێوی حەمرین بۆ خواپەرستی، جێی ڕێز و خۆشەویستی شوێنکەوتووانی بوو، چونکە کەرامات و شتی سەیریان لێ گێڕاوەتەوە، هەروەها لە دۆستانی تاج العارفین (ابو الوفاء الحلواني)ی کە لە (٥٠١هـ/١١٠٧ز)کۆچی دوایی کردووە و شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە لە (٥٦٣هـ/١١٦٨ز)کۆچی دوایی کردووە، خۆی خەڵکی (قوسان)ە کەدەکەوێتە نێوان نەعمانیە و واسیتی باشوری ڕۆژهەڵاتی عێراق بوو. (تاریخ اربل، ١/٢٦٣-٢٦٤، بهجە الاسرار، ص١٦٦- ١٦٧، قلائد الجواهر، ص١٠٩، الکواکب الدریە، ١٩١/١) بە تایبەت ئەم ناوچەیەش لە عێراق شوێنی مانەوە و ڵاتی هۆزو تیرە کوردییەکان بووە، لەوانە هۆز و تیرەکانی: جاوانی، نەرگسی، بەشیری، زوهەیری و هی دیکەش. بۆیە زۆر پێدەچێت، (جروغان __ جروان)یش لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بووبێ.

**ـ جەنگرۆیی ـ جنکرویی** Jangrroiy:

یەکێکە لە لقی هۆزە لورییەکان، شوێنی ژیانی یەکەمی لە دۆڵی (کول)ی ویلایەتی (مانرود)ی هەرێمی لوڕستانە، هەر لە سەدەی (شەشەمی کۆچی ـ دوازدەی زایینی)یەوە ناسراو بووە. پێشەواکانی کە نەوەی میر **محمد** کوڕی خورشیدی جەنگرۆیی بوون، یەك لە دوای یەك دەسەڵاتی میرنشینی لوڕستانی بچووکیان وەرگرتووە. (تاریخ کزیدە، ص ٥٤٩، قاضي احمد غفاري، تاریخ جهان آرا، ص١٧٢).

**ـ گۆران ـ الجورقان** Goran:

گۆران هۆزێکی گەورە و ناسراوە و هەواڵەکانی بە درێژایی سەردەمی عەباسی بەردەوامە (التنبیە والإشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢، الکامل، ٢٧٣/٧، ٣٢٥)، ئەمە لە ناودارترین هۆزەکانی وڵاتی حەلوان و درتنك و شاپورخواست بوو، ناوەکەی لە هەندێ سەرچاوەدا بە هەڵە بووە بە جوزقان، (ابن الأثیر) دەڵێت: ((جوزقان هۆزێکی گەورەی

كوردانن لە لادێكانی حەلوان...)) (اللباب في تهذيب الأنساب، ١/ ٣٠٧، هەروەها: معجم البلدان، ٢/١٨٤).

ناوی دروستی ئەو هۆزە گۆرانە (Goran)، كە ئەو نووسەرە نەناسراوەی كتێبەكەی خۆی بە زمانی فارسی نووسیوە لە ساڵی (٥٢٠ك/١١٢٦ز)، ناوی (جورقان)ی بە شێوەی (گۆران)، یان (گۆرانان) هێناوە. (مجمل التواريخ والقصص،ص٣٩٩، الكرد في الدينور وشهرزور، ص١٦٧، ٢٧٢)، هەروەها سەرچاوە مەملوكیەكانیش ناوی ئەو هۆزەیان بە (گۆران و گۆرانی) چەسپاندووە. (مسالك الأبصار، ٣/١٢٥، صبح الأعشى،٤/٣٧٣، الخطط المقريزية، ٣/٤٠٥).

لە لێكۆڵینەوەیەكی رۆژهەڵاتناس (مینورسكی)شدا كە لە گۆڤاری مەدرەسەی دیراساتی شەرقی و ئەفریقی (B. S. O. A. S) لە ساڵی ١٩٤٣ بڵاویكردۆتەوە و (ناجی عباس) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، گۆڤاری (گەلاوێژ) لە ژمارەكانی (٥- ٩)ی ساڵی ١٩٤٤ بڵاویكردۆتەوە- مینورسكی گەیشتۆتە ئەو رایەی كە جورقان هەمان (گۆران)ی ئێستایە، بە هەمان شێوە (جابارقە)ش خودی (جورقان)ی ئێستایە، بەڵام ئەوەی رەتكردۆتەوە كە گۆران كورد بن، لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەكان جەخت لەسەر كوردبوونیان دەكەنەوە.

سەرۆكەكانی جورقان هێز و دەسەڵاتی فراوان و گەورەیان هەبووە، لە ویلایەتی (درتنك) میرنشینێكی بچووكیان دروستكردووە، (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هۆزی گۆران و میرنشینەكەی، بگەڕێوە بۆ ئەو لێكۆڵینەوەیەمان كە بە زمانی كوردی لە گۆڤاری (ئەكادیمی)ی گۆڤاری كۆڕی زانیاری كوردستان، ژمارە (٤)، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل١٧٣-٢٠٤).

لە سەردەمی عەباسیدا هۆزی گۆران بە هۆی چاكەكانی فەقیهی حەنیفی و موحەددیسی ناسراو أبو عبدالله حسێن كوڕی ئیبراهیم كوڕی حسێن كوڕی جعفر الجورقانیی كە لە (٥٤٣هـ/١١٤٨ز)كۆچی دوایی كردووە، نووسەری كتێبی (الموضوعات من الاحاديث المرفوعات) و كتێبی (التكليف في الفروع) ناسراوە. (الذهبی، سير اعلام النبلاء ١٥/١٦-١٧، تذكرة الحفاظ، ٤/١٣٠٨، اسماعيل باشا البغدادي، هدية العارفين، ١/٣١٣).

لە گۆرانە كۆچكردووەكانیش بۆ وڵاتی شام لە هەردوو سەردەمی ئەیوبی و مەملوكی، كۆمەڵێك زانای ناودار وەكو مودەڕیس و فەقیه و زاهید و قازی دەركەوتن، لەوانە:

ـ شێخی زاهد اسماعیل كوڕی علی گورانیی كە لە (٦٤٤ك/١٢٤٦ز)كۆچی دوایی كردووە. (مرآة الزمان، ٨/٧٨٤، الذهبی، العبر ٣ /٢١٥).



ـ قازی شافیعی الكمال علی كوڕی يعقوب الدولبی، كە بووە قازیی شارەكانی بەعلەبەگ، صەرخەد، برزە، كە سەرەنجام لە برزە لە رەمەزانی ساڵی (٦٤٥هـ/١٢٤٧ز) كۆچی دوایی كرد. (ذيل الروضتين، ص١٨٠)

ـــ مودەریس و خەتیب و قازیی شافیعی محمد كوڕی بهرامی گۆرانی (٦٢٥-٧٢٥هـ/١٢٢٨-١٣٢٥ز)، هی دیكەش. (الدرر الكامنة، ٤/١٠٧، شذرات الذهب، ٦/١٣).

دیارە هۆزێكی دیكەش هەبووە بە ناوی جورقان، شوێنی نیشتەجێبوونی لەگەڵ یەعقوبییەكانی ناوچە شاخاوییەكانی رۆژهەڵاتی موسڵ و دەوروبەری چیای جودی بوو. مەسعودی وای داناون، ئەمانە لەگەڵ كوردە یەعقوبییەكان لە نەصرانییە كوردەكانن. (مروج الذهب، ٢/ ١٢٤)، دیارە ئەو ناوچانەش، كە ئاماژەیان بۆ كرا هەوار و لەوەڕگای هاوینەیان بووە، چونكە لە زستانان دەهاتنەوە دەوروبەری ئاكرێ و بەردەڕەش، وەكو ئەمرۆ وەهان و گوندو ماڵەكانیان لەو ناوچانەیە، لە كۆتاییەكانی ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣١ز)ی، تایەفەیەكی مەغۆلەكان لە رێگەی خۆیان بەرەو هەولێر هاتنە نێو وڵاتی گۆران و هەر كوردێكی جورقان و توركمانێكی نیشتەجێی سەرڕێیان هاتە پێش، هەموویان كوشتن. (الكامل، ٩/ ٣٨٥).

هیچ دەقێكی مێژووییش نییە، پەیوەندی نێوان جورقانی حەلوان و جورقانی عەقرە روونبكاتەوە.

**ـ جۆلەمێرگی ـ الجولميرگيه Jolamergi:**

هۆز و تایەفە كوردییەكانی دانیشتووی ناوچە شاخاوییەكانی جیاكەرەوەی نێوان هەكاریی باشوورو هەرێمی ئازەربێجان بە جۆڵەمێرگی ناسراون كە ئەمە درانە پاڵ بۆ شارۆچكەی جۆلەمێرگی سەنتەری وڵات هەر لە سەردەمی مەغۆلییەوە، چونكە وای لێهات، ئەم هۆزانە بەهێزترین هاوپەیمانی خێڵەكییان دروستكرد، ژمارەی پیاوەكانی لە سێ هەزار چەكدار تێپەڕییان كرد. (مسالك الإبصار، ٣/١٣١).

هۆزەكانی جۆلەمێرگی كوردی رەسەنن و وڵاتەكەیان بە شێوەیەكی گشتی وڵاتێكی شاخاوی سەخت و داخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا میرانی جۆلەمێرگی خاوەنانی وڵاتی هەكاری، گوتوویانە ئێمە دەچینەوە سەر خەلیفە عەباسییەكان، لەوەشدا دیارە زۆربەی هۆزە كوردییە فەرمانڕەواكان، هەر وایان ناو لە خۆیان ناوە. (شەرەفنامە، ص ١٢٥)، لە گێڕانەوەیەكی دیكەشدا هاتووە: ئەوان نەوەی (عتبە كوڕی أبی سفيان أموی)ن. (صبح الأعشى، ٧/ ٣٠٦، السلوك ١/ ٤).

# میرنشینی جۆلەمێرگ ـ بنەماڵەی مەنکەلان

لەو کاتەدا کە (ابو الهیجاء کوڕی عبداللە الهکاری) و ئەو میرانەی لە دوای ئەو هاتن فەرمانڕەوایی و کارگێڕیەتی ئامێدی و ناوچەکانی سەر بە ئامێدی وەکو قەڵاو قوللەکانی هەکاری باشووریان گرتە ئەستۆ، بەنو مەنکەلانیش فەرمانڕەوایی بەشی باکوری وڵاتی هەکارییان گرتە ئەستۆی خۆیان کە ئەم بەشە، هەر لە سەردەمی مەغۆلییەوە بە شەمدینان ـ جۆلەمێرگ ناسرا.

ئال مەنکەلان بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای کۆنی هەکارییە، بەڵام هەواڵەکانی بە شێوەیەکە دەتوانین بڵێین، تا ناوەڕاستەکانی سەدەی حەوتی کۆچی/ سێزدەی زایینی نادیارە و بە رادەیەکە نزیکە لە نەبوون.

**١ـ میر ابو شجاع منکلان:**

(أبو شجاع منکلان) لەو میرە کوردانەیە کە چوونەتە نێو خزمەتی حەمدانییەکان، لەو بڕوایە داین، باپیری یەکەمی ئەو بنەماڵە ناسراوترینیانە و بنەماڵەکەشی بە ناوی خۆی دەناسرێن، تاکە سەرچاوەیەکیش لەبارەیەوەی هەمانبێت، دیوانی شاعیری موسلی (سری الرفاء)ە کە لە (٣٦٦ك/٩٧٦ز)کۆچی دوایی کردووە، چونکە ئەمە لە هۆنراوەیەکیدا پیایهەڵدەدات و بە بۆنەی لە دایك بوونی کوڕەکەی بە ناوی (أبا الفتح) و هاتنە سەرکاری خۆی وەکو میری شارۆچکەی (حدیثة)ی سەر بە موسل پیرۆزبایی لێدەکات:

غضبان ینساني وأذکره
وینام عن لیلي واسهره
وبجوره ما صار مورقه
حظی وحظ سواي مثمرة
سرب الحدیثة راضیین به
في مأمن ممن ینظره



إن زاد عنها ما یروعها
فالغاب یدفع عنه قسوره
أ أبا شجاع یا عقیدة ندی
کر من اروضة وعنصره
الله یعلم کیف أحمد ما
او لیتنیه وکیف اشکره
(دیوان السري الرفاء، ٢/١٢٧-١٢٨).

**٢ـ میر مەنکەلانی دووەم و میر داودی کوڕی:**

دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر مێژووی ئەیوبی، دیسان باسی نەوەکانی میر مەنکەلان دێتەوە نێو سەرچاوەکان، ئەم مەنکەلانەی دووەم __ زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێت، نەوەی مەنکەلانی یەکەم بێت- لە میرەکانی سوڵتان (سەلاحەددین) بوو، دوای وەفاتی سوڵتانیش لەگەڵ هاوشانەکانی خۆی لە میرە کوردەکانی دی، سۆز و وەلایان دایە کوڕەکەی (الملك الأفضل علي). (أبن شداد، النوادر السلطانیة، ص٢٠١).

بەڵام میر داودی کوڕی مەنکەلان کە گومانمان لێی نییە، ئەمە کوڕی مەنکەلانە، لە دڵسۆزترینی میرەکان بوو بۆ سوڵتان (سەلاحەددین)، خۆی کردە قوربانی سەلامەت دەرچوونی سوڵتان ئەوەبوو دوای ئەوەی دوو لە باتنیەکان کە بەرگی سۆفیانیان لەبەر بوو، لە ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز)، لە شارۆچکەی عزار پەلاماری سوڵتان (سەلاحەددین)یان دا، بۆ ئەوەی بیکوژن، یەکەمیان کوژرا، دووەمیان هێرشی هێنا، ئەم میرە رووبەڕووی ئەوەی دووەم بووەوە، بە شمشێرەکەی خۆی کوشتی، بەڵام باتنیەکەش بەر لە مردنی شمشێرێکی لە نێوچەوانی میر داود دابوو، ئیدی ئەوە بوو دوای چەند رۆژێك میر داودیش بەم برینەی مرد. (البنداري، سنا البرق الشامي، ص١٠٠، الروضتین، ٢/٢٦٩، أبن واصل، مفرج الکروب،٢/٤٥، سیر اعلام النبلاء، ١٥/٤٣٥).

**٣ـ میر سیف الدین مەنکەلان کوڕی مجلی (علی) (نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی کۆچی/ سێنزەی زایینی و تا پاش ساڵی ٦٦٠ك/١٢٦٢ز بە میری مایەوە).**

سیف الدین مەنکەلان بە دیارترین میرەکانی هەکاری باکور (جۆلەمێرگ) دەژمێردرێت، میرێکی بەهێز و بە توانا بووە، بەوە وەسفکراوە، کە: "خاوەنی جۆلەمێرگ و قەڵاکانی

دەوروبەری و ناوچەکانی هاوتخومی جۆلەمێرگە" (تاریخ الملك الظاهر، ص٣٣٢)، دەشکرێ ئەمە بە دامەزرێنەری راستەقینەی میرنشینی هەکاری _شمبو _ شمو بژمێردرێت کە ئەمە لە سەدەکانی پاشتر بووە بەهێزترین دەسەڵاتی خۆجێیی کوردستان و دەسەڵاتەکەی بەرەو باشوریش درێژبووەوە، تا وایلیێهات هەندێ ناوچەی بەشی باشوری وڵاتی هەکاری، واتە: بادینانیش بگرێتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی میرانی ئامێدی رۆڵیان نەماو هێز و توانا عەسکەرییەکانیان لە بن هات، هەروەها بنکەی وڵاتی هەکاری سەنتەری قورساییە سیاسییەکەی لە قەڵاکانی ئاشب و عەمادیە گوازرایەوە بۆ شارۆچکە و قەڵای جۆڵەمێرگ، لە قووڵایی چیاکانی هەکاری کە لەوپەڕی سەختی و پارێزراوی دابوو، چونکە لە هەموو لایەکەوە چیایە بەرزەکان دەورەی دەداو بنکەی بەشی باکوری هەکاری، واتە: شەمدینان بوو. پێدەچێت لە ماوەی سەردەمی عەباسی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووبێ، چونکە (یاقوت الحموی) ئاماژەی بۆ نەکردووە، کۆنترین باسکرانی بۆ سەردەمی مەغۆلی دەگەڕێتەوە، بەوە وەسفکراوە کە: ((لە پارێزراوترین پێگەکانی سەر چیایەکی لەخۆدا بڕاوە بوو، زابی گەورەش لە هەموو لایەکەوە دەوری دابوو، رێگەی هیچ سوپایەك نەبوو بێتە سەری، هیچ تیرێکی نەیدەگەیشتێ، سەر پشتی چیاکەشی فراوانبوو بۆ کشتوکاڵ تێدا کردنیش دەشیا، لە هەموو لاپاڵێکی ئەشکەوتێکی بەرز هەبوو، ئەوەی بیویستبایە خۆی بپارێزێ دەچووە ئەوێ، بەرزاییەکەیشی بە بەفر داپۆشرابوو، سەرکەوتن بۆ سەری لە هەندێ شوێندا دەبوو بەسەر هەندێ مێخی چەقێنراو بپەڕیەوە، ئەوەشی نەیتوانیبا بەسەر ئەو چیایە هەڵگەڕێ، دەبوو بە پەت رابکێشرێ، هێسترەکانی باریش هەر وایان لێ دەکرا)) (مسالك الابصار،١٣١/٣، صبح الأعشى، ٣٧٧/٤).

ناوی (جولمێرك) لەلای (ابن شداد و ابن عبد الظاهر) بە هەڵەو بە ریز کراوەتە (جل مرد، حول مرك). (تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢، الروض الزاهر، ص٨٧)، بەڵام (ابن العبری و العمری) بە شێوەی تەواوی خۆیان چەسپاندووە. (تأريخ الزمان، ص٣٠٩، مسالك الابصار، ١٣١/٣).

هەرچی سەبارەت بە پەیوەندی خزمایەتی نێوان خۆی و ئەوانەی پێشەخۆیەتی لە میرانی جۆلەمێرگ، وای بۆ دەچین ئەمە لە بنەماڵەی (منكلان) بێت، چونکە ناونان بە ناوی باپیرانەوە مەسەلەیەکی باوبووە لە مێژووی بنەماڵە کوردییەکان. هەروەها دەشێت کوڕی میر مجلی کوڕی مروان الهکاری بێت کە ئەمە لە میرەکانی سوڵتان (سەڵاحەددین) بووەو لە شەڕی گەورەی عەکا لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) کوژراوە (الكامل، ٢٠٣/٩).



دەبێ ئەوەش بزانین کە کوڕو نەوەکانی بە باشیان زانی هەر لە شام و میسر بمێننەوە، بە تایبەت میر عزالدین عمر کوڕی مجلی و کوڕەکەی نورالدین علییی جێگری حەلەب (٦٥٩-٦٧٨ك/١٢٦١-١٢٨٠ز).

لە راستیدا شەش بنەماڵەی هەکاری لە سوپای ئەیوبیدا هەبوونە، ئەوانیش:

١ـ بنەماڵەی عیسای فەقیە.

٢ـ بنەماڵەی مەشطوبی هەکاری.

٣ـ بنەماڵەی خوشترین.

٤ـ بنەماڵەی باخل.

٥ـ بنەماڵەی مجلی کوڕی مروان.

٦ـ بنەماڵەی (بدرالدين ابی القاسم) (هەروەها بڕوانە: الهكاريه).

دیارە دەستنیشانکردنی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی لە نێوان ئەو بنەماڵانە ئاسان نییە، بەڵام گرنگترین رووداوێك لە سەردەمی میر (سيف الدين منكلان)دا ئەوەیە کە وڵاتی هەکاری وەکو تەواوی هەرێمەکانی دیکەی خەلافەی عەباسی رووبەڕووی شاڵاوە سەخت و زیانبەخشەکانی مەغۆل بوو، هۆلاکۆ پێی وابوو: چیاکانی هەکاری بنکەو شوێنی خۆ تێدا پاراستنی کوردە هەڵاتووەکانن. (جامع التواريخ، ص٧١٩).

هەڵوێستی میرانی کوردیش لە بەرامبەر داگیرکاری مەغۆلی لە یەك جیاوازبوو، هەبوو بەرپەرچی دانەوە و شەڕی لەگەڵ کردن، هەشبوو دوای ئەوەی بێئومێد بوو لەوەی کە شەڕکردن لەگەڵیان سوودێکی هەبێ، خۆی بۆ بەدەستەوە دان و ملکەچی بۆیان نواند، بەڵام زۆرینەیان ئەوەیان هەڵبژارد کە پەیوەندی بە ئەیوبییەکان و مەمالیکەکانی شام بکەن، ئینجا لەوێوە بە یارمەتی ئەو مەمالیك و ئەیوبیانە درێژە بە بەرەنگاربوونەوەی مەغۆل بدەن، (میر سيف الدين منكلان)یش لەنێو ئەمانەی دوایی بوو و لە ساڵی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز)، خۆی و منداڵەکانی و ئامۆزاکانی و نزیکەی سێ سەد لە سوارەکانی، پەیوەندی بە پاشا (ظاهر بیبرسی مملوکی)کرد، پاشاش پێشوازی لێکردن و رێزی زۆری لێنان، چاکەی باشی لەگەڵ میر (سيف الدين) کردو ماڵ و سامانی زۆری پێ بەخشی و ئیمتیازاتی (طبلخانه)ی پێ داو (خلع)ی بۆ کرد "حاشییەکی وەکو حاشییەی پاشای بۆ دروستکرد " بەڵام دوای ماوەیەك، ئەم میرە گەڕانەوە بۆ کوردستانی بە باشتر زانی لەوەی لە غەریبی بمێنێتەوە، بۆیە (بێبرس) نووسراوێکی بۆ کرد، (هەولێر)ی لەسەر داوای خۆی وەکو پاداشت پێدا، بەم شێوەیە لەگەڵ سێ لە میرە کوردە دوورەوڵاتەکاندا

گەڕایەوە کوردستان، بەو مەبەستەی لە وڵاتەکەی خۆیدا درێژە بە بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی مەغۆلەکان بدات، (ابن شداد) زیاد لەوە دەنووسێت: ((کاتێك گەیشتەوە سنوورەکانی وڵات... هێرشی هێنایە سەر، هەر تەتەرێکی تیایدا مابووەوە هەمووی کوشتن و ژنەکانی کردنە جاریە، دواتر لە شەڕێکی نێوان خۆی و ئەواندا کوژرا)). (تاریخ الملك الظاهر، ص ٣٣٢-٣٣٣، الروض الزاهر، ص٨٧" تاریخ الزمان، ص٣٠٩).

**٤ـ میر اسد الدین موسا کوڕی میر سیف الدین (موسی الاقطع):**

جێی باوکە کوژراوەکەی گرتەوە لە فەرمانڕەوایی و هەموو ئەو قەڵایانەی باوکی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی، ئیتر لەسەر بەرنامەی باوکی ڕۆیشت لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل و دەرکردنیان بە هێز لە وڵاتەکەی، بۆیە لە نێوان هەردوو لا شەڕوپێکدادانی زۆر دروستبوو، خاناتی مەغۆلیش لەلای خۆیانەوە بە لێبڕاوی کاریان کرد، بۆ ئەوەی بەزووترین کات خۆیان ڕزگاربکەن لەم میرە، سەرەنجام هەردوولا بڕیاری ئاگر بەستیان داو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە (چاوی تێنەبڕن و ئەویش چاویان تێنەبڕێت).

هەر ئەم میرە لە سەردەمی باوکی لە ساڵی (٦٤٧ك/١٢٤٩ز)دا، لە شەڕەکانی نێوان (بدرالدین لؤلؤ)ی میری موسل و ئەیوبییەکان بەشداری کرد و یەك لە دەستەکانی لەو شەڕانە لە دەست دا، بۆیە بە موسای اقطع ناوی دەرکرد. (تاریخ الملك الظاهر، ص٣٣٣).

(اسد الدین موسی الاقطع) لە سوارە ئازاکان بوو، لە کوردستاندا لەگەڵ مەغۆلەکاندا شەڕو ململانێی زۆری هەبوو، لەگەڵ خاچپەرستەکانیش ئەوکاتەی لە شام بوو بە هەمان شێوە. چیرۆك و حەکایەتی زۆری لەبارەوە چنراوە، تیایاندا زۆرجار ئەفسانە تێکەڵ بە راستی کراوە، لەو بڕوایە دام ئەمە ئەو میرە هەکارییەیە کە لە نێوان هەکارییەکان بە (أسد الدین کلابی) ناوبانگی دەرکرد و نازناوی (چنگ زێڕین)ی پێدرا. (شەرەفنامە، ص٢٣٨-٢٤٠).

**ـ چاربوختی ـ الجهاربختیه Charbukhti:**

لە هۆزەکانی هەرێمی جزیرە ـ دیاربەکرـ ە، لە دەوروبەری (معدن و خیزان __ هیزان) ـ نیشتەجێ بوون، لە ناوەکەیدا ئاماژەی ئەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەوانە لکێك بوونە لە هاوبەندی خێڵەکی بوختی کە دەیان هۆز و تیرەی لەخۆ دەگرت، هیچ یەکە لە (مەسعودی و عومەری و مەقریزی)یش لە کاتی باسکردنی هۆزو تایەفە کوردییەکاندا، باسی ئەم



هۆزەیان نەکردووە، مێژوونووس (فارقی)کە لە دوای (٥٧٧ك/١١٨١ز)کۆچی دوایی کردووە یەکەم مێژوونووسە کە ئاماژەی بۆ ئەم هۆزە کردبێ، ئەو هاتووە (باد کوڕی دۆستەك)ی دامەزرێنەری میرنشینی دۆستەکیی مەڕوانیی (٣٧٢-٤٧٨ك/٩٨٢-١٠٨٥ز) و هەروەها (مروان کوڕی کك)ی زاوای (باد) و باوکی میرانی مەڕوانیی داوەتە پاڵ جەهاربەختییەکان، بەڵام ناوی ئەم هۆزە لە دانە چاپکراوەکەی مێژووی فارقی بووەتە (حاربوختی)، کە لە راستیدا ناوە دروستەکەی (چەهاربوختی)یە. (ابن العدیم، بغیة الطلب في تاریخ حلب، ٣/١١٣٠).

**ـ چۆپی ـ الجوبیه Chopi:**

چۆپی هۆزێکی گەورەی کوردی هەرێمی جەزیرە ـ دیاربەکرە، خاوەن مێژوویێکی بەرێزە، لە دوای بوختی و بەشنەوی، سێیەم بەناوبانگترین هۆزەکانی ئەو هەرێمەیە، هەر لە ڕۆژانی دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی، ناسراوبووە. سەرۆکەکانی ئەم هۆزە لەوبڕوایە دابوونە، کە لە نەسلی (بهرام جوبین)ن. (خریدە القصر، قسم شعراء الشام، ٢/٥٤٥) ئەو بەهرامەی کە لە سەرکردە ساسانییە بەتواناکان بوو، سەرکەوتنی گەورەی بەسەر تورك و هەموو ئەو هۆزو نەتەوانە بەدەستهێنا کە هەڕەشەیان لە سنوورەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ساسانی دەکرد، لە شەڕی دژی دەوڵەتی بێزەنتیش سەرکردایەتی باڵای سوپای ساسانی پێسپێردرا، دواتر لە پاشا هرمزدی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ز) یاخی بوو و پاشایەتی خۆی ڕاگەیاند. (کریستنسن، إیران في عهد الساسانیین، ص٤٢٧-٤٢٨)، جا وەکو دەردەکەوێت دەشێت لەبەر ئەوە بە چۆپی ناونرابێت.

دیارە لەنێو میر و تاکەکانی بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکان تا سەردەمانی درەنگیش، باو وابووە کە بانگەشەی ئەوە بۆ خۆیان بکەن، دەگەڕێنەوە سەر پیاوە مێژووییە گەورەکان، جا ئەم پیاوانە لە مێژووی ئیسلامییەوە دەرکەوتن، وەکو: خەلیفەکان و گەورە هاوەڵان و ئالولبەیت، یانیش لە مێژووی کۆندا دەرکەوتن، وەکو ئەردەشێری کوڕی بابکی کوڕی ساسان و کیسرا نەوشێروان یان تەنانەت ئەگەر کەسانی ئەفسانە و خورافیش بن، وەکو ڕۆستەمی زاڵ و کورکین میلاد و کودرزی کوڕی کێو. (شرفنامە، ص٥٤-٥٥، ٢٣٣،٢٥٣، ٥٣٢، ٦٠٠).

لە نێو کوردان هەر لە زووەوە وەها باو بووە، کە (بەهرام چۆپیین) لە پاڵەوانە کوردە زۆردیار و دەگمەنەکانە، (شرفنامە، ص٥٤) دوور نییە ئەو بڕوایەش لە جێی خۆی بێت، چونکە بەهرام

چۆپیین برایەکی هەبووە ناوی (کوردی) و خوشکێکیشی هەبووە ناوی (کوردییە) بووە. (تاریخ الطبري، ٢/١٧٦، ١٧٨-١٨٢).

(أبن الأثیر) وەها دەگێڕێتەوە کە چۆپی درانە پاڵە بۆ ((جوب)ی کوردی (اللباب، ١/٣٠٤)، (ابن الصابونی)کە لە (٦٨٠ك/١٢٨١ز)کۆچی دوایی کردووە زانیاری پتر دەڵێ و دەڵێت: ((جوبی: بە (الجیم المضمومة و الیاء الموحدة)، هۆزێکی کوردییە (شوبییە)شیان پێ دەگوترێت، واتە بە (شین المعجمە)ش ناویان دێت)) (تکملة إکمال الإکمال،ص١٠٥، الزبیدي، تاج العروس، ٢/١٢٠٢).

ناوی جوبی لە هەندێ سەرچاوەی دیکە بە (جونی)ش هاتووە. (الکامل، ٩/٧٨، الخطط المقزیریة، ٣/٤٠٥).

چۆپی لە هۆزە نیشتەجێبووەکان بووە، میرنشینێکی بچووکی هەبووە، گەلێ شاعیر و فەقیە و قازی و زاهیدی لێ هەڵکەوتووە کە ئەمانە ناوبانگی باشیان لە وڵاتی خۆیان و عێراق و وڵاتی شامیش دەرکردووە، لەوانە:

- فەقیە و زاهید ابوعبداللە محمد کوڕی علی کوڕی مەهرانی جوبی:

ئەمە لەسەر دەستی ئیمامی گەورە "الکیا الهراسی" (٤٥٠-ك/١٠٥٨-١١١٠ز) زانستی بە دەستهێناوە، دوای ئەوە ڕێگەی زوهد و خواپەرستی لەسەر شێوەی هاوشانەکانی خۆی لە قوتابیانی کورد گرتۆتە بەر، تا وای لێهاتووە لە ڕۆژگاری خۆی بووەتە یەك لە زاهیدە گەورەکانی کوردستان، هاوڕێ و شوێنکەوتوانی خۆی لە دەوری کۆبوونەتەوە، لە ساڵی (٥٤٠ك/١١٤٥ز) کۆچی دوایی کردووە. (اللباب،١/٣٠٤).

- فەقیە و واعیز ابو عمران موسی کوڕی محمد کوڕی سەعیدی جوبی (سەدەی ٦ك/١٢ز):

ئەمە لە هاوڕێیانی (حافظ السلفی صدر الدین ابی طاهر أحمد کوڕی محمد الاصفهانی)ی (٤٧٢-٥٧٦ك/١٠٧٩-١١٨٠ز) بووە، کە (ابن الصابونی) تەنیا کەسە تیشکی خستبێتە سەر ژیانی، بۆیە زۆری لە بارەوە نازانرێ، ئەوەندە هەیە ئەو چووەتە جزیرەی بۆتان، لەوێ لەلای زانا گەورەکان بووەتە قوتابی و زانستی لێوەرگرتوون، دواتر چووەتە دیمەشق و بە (الحافظ السلفی) گەیشتووە، لە خوێندندا بووەتە هاوڕێی، پێکەوە زانستیان لە (ابی طاهر الجنابی و ابی الحسن علی کوڕی الحسن الدمشقی الموازینی) و خەڵکی دیکەش وەرگرتووە، وەهای قسە بۆ (سلفی)



کردووە، کە: ئەو لە (ابی الحسن الخرائطي)ی جەزیرەی بۆتانی بیستووە، کە شێخ ابو بکر محمد کوڕی الحسن البشنوی گوتوویەتی: ((ڕەوشە هەرە باشەکانم لەخەڵکی هەرە خراپ فێربووم)).

ئەوەی دوو ناو و دوو نازناوی هەبووە، (ابو عمران موسی) و (ابو محمد عبدالرحمن) (تکملە اکمال الاکمال، ص١٠٦-١٠٧، تاج العروس،٢/٢٠٢).

لە وتە گرنگ و کاریگەرەکانی (أبی عمران الجوبی): "دایکم لە ماڵەوە قۆرتێکی پێشان دام، پێی گوتم: ئەمە شوێنی فرمێسکەکانی باوکتە!! " (ابن الجوزی، المدهش، ص٣١٣).

- پیاوی باش شێخ أبو أحمد عبداللە کوڕی أحمد کوڕی موسای چۆپی:

ئەمە لە سۆفییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەی زایینییە، هەمیشە لە چیایەکدا کە ناوەکەی تەواو روون نییە: (حرد-جور- حمرین؟) لە خەلوەدا بووە، ساڵی (٤٦٨ك/١٠٧٥ز)، لە شوێنەکەی خۆی، پێشبینی دەرکەوتنی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کردووە. (بهجە الأسرار، ص٤).

- حسن کوڕی سعید کوڕی عبداللە کوڕی بنداری بەناوبانگ بە (علم الدین الشاتان)ی شاعیر و نووسەر (٥١٠-٥٩٠ك/١١١٦-١١٩٤ز):

لە گەورەترین ناودارانی کوردی سەردەمی سوڵتان (سەلاحەددین)ە، لە قەڵای (شاتان)ی سەنتەری میرنشینی چۆپی لە دایك بووە، دواتر چووەتە موسل و پەیوەندی کردووە بە (نور الدین محمود کوڕی زەنگی) و لە ساڵی (٥٧٢ك/١١٧٦ز)یش پەیوەندی بە سوڵتان (سەلاحەددین)، خاوەنی ئەو قەسیدە بەناوبانگەیە لە پیاهەڵدانی سوڵتان سەلاحەددین، کە تیایدا دەڵێت:

غدا النصر معقوداً برایاتك الصفرا
فسر وافتح الدنیا فانت بها احری
یمینك فیها الیمن والیسر في الیسری
فبشری لمن یرجو الندی فیهما بشری

(خریدة القصر، قسم شعراء الشام، ٢/٣٦١ وما بعدها،سنا البرق الشامي، ص١٢٦، طبقات الشافعیة الکبری،٤/٢١٠،النجوم الزاهرة ٦/٥٨).

- (امين الدين ابراهيم كوڕی سعيد الشاتانی)ی شاعير (؟-٥٥٤هـ/١١٥٩ز):

ئەمە برای (علم الدين الكبير)ە، ماوەيەك وەكـو جێگـری وەزيـری (خـلاط) بـووە، دواتـر "خۆی بۆ ڕێكخستنی كاروبارەكانی خۆی یەكلاكردۆتەوە". وەكو براكەی شاعير بـووە، (عمـاد الأصفهاني) كە تاكە سەرچاوەيە لە (خريـدە)كـەی خۆيـدا ئامـاژەی بـۆ كردبـێ، چـەند دێـڕە شيعرێكی ئەمەی لەسەر زاری (علم الدين)ی برای وەرگرتووە و بۆ خوێنەرانی گوازتووەتەوە:

ولو أنّ دجلة فـــيها والفرات

وسَيحونُ والبَحرُكانت مدادي

وجَيْجون والنـــيل مـا بلَّغت

عُشَير الذي يحتويه فؤادي

من الشَّوق يا مَن حوى مهجتي

وصَيَّر طرفي حَليفَ السهاد

لەگەڵ چەندين دێڕی ديكەش. (خريدة القـصر، قـسم شـعراء الـشام، ٢/٥٤٣-٥٤٤، مـراة الزمان، ٢٣٢/٨).

- قازی شهاب الدين محمد كوڕی احمد كوڕی خليل الجوبی (٦٢٦-٦٩٣ك /١٢٢٩-١٢٩٤ز):

لە مانگی ڕەجەبی ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز) لە وڵاتی خـۆی لـە دايـك بـووە، وەكـو دابـی قوتابيانی كوردی ئەوسا، كوردستانی جێهێشتووە و چووەتە بەغـداد و خوراسـان و لای القطب الرازی (؟) و زانای ديكەش دەرسی خوێندووە، دواتر گەيشتە زانستييەكانی بەرەو وڵاتی شام و ميسر درێژەيان هەبووە، لە لای (ابن الحاجب)كە لە (٦٤٦ك/١٢٤٨ز)كۆچـی دوايـی كـردووە و (ابن الصابونی)ش دەرسی خوێندووە. پسپۆريەتی لە قەزا بە دەستهێناوە، لە گەورە شـارەكانی ميسر و شام، لە وێنەی: قـاهيرە و ديمەشـق و قـودس وەكـو قـازی دامـەزرێنراوە. لـە سـاڵی (٦٩٣ك/١٢٩٤ز) مردووە. (تاج العروس، ٢٠٢/٢).

لەسەر ئاستی سياسيش سەرۆكەكانی هۆزی چۆپی لە قـەڵاكانی شـاتان و حـصن طالـب ميرنشينێكی بچووكيان دامەزراندووە.

# میرنشینی چۆپی

## وڵاتی ئەم هۆزە و موڵکەکانی:

زەحمەتە بە وردی بگەینە دەستنیشانکردنێکی دروست بۆ ئەو پارچە جوگرافییەی هۆزی چۆبی تیایدا ژیاون و لەسەریدا میرنشینە بچووکەکەیان دامەزراندووە، چونکە سەرچاوە بولدانی و مێژووییەکان بە تەواوەتی خاڵین لە هەر زانیارییەك لەم بارەیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانە دەستنیشان بکرێن، ئەمەش لە رێگەی زانینی موڵکەکانی، لەوانە قەڵاکانی (شاتان) و (حصن طالب)، کە ئەمانە سەر بە حصن کیفا (حسنکیف) بوونە، چونکە ئاشکرایە (حصن طالب) قەڵایەکی بەناوبانگی نزیك (حصن کیفا) بووە. (معجم البلدان، ٢/٢٦٥)، (ابن شداد)یش (حصن طالب)ی لە دوای (حصن کیفا) و (حصن الهیثم) لە زنجیرەی قەڵاو حصنەکانی دیار بەکر ژماردووە. (الاعلاق الخطیرة، ٣/٢٤٩)، دواتر ئەتابەك "قره ارسلان کوڕی داود کوڕی سقمان الأرتقي" (٥٤٣-٥٧٠ك/١١٤٨-١١٧٤ز) خاوەنی (حصن کیفا)، میرنشینی چۆبی رووخاند و وڵات و قەڵاکانی چوارچێوەی میرنشینەکەی داگیر کرد. (الکامل، ٩/٧٨، معجم البلدان، ٢/٢٦٥).

بەڵام هەرچی قەڵای (شاتان)ی پایتەختی میرانی (چۆپی)یە، لە لایەن مێژوونووسانەوە، ئاماژەی پێ کراوە، بە تایبەت لای ئەوانەی ژیاننامەی کەسایەتی زانستی و رۆشنبیری بەناوبانگی چۆپی (حسن کوڕی سەعید کوڕی عبداللە)ی ناسراو بە (علم الدین الشاتانی)یان نووسیوە، بەڵام بێ ئەوەی وەکو پێویست شوێنەکەی دەستنیشان بکەن، هەر ئەوەندەیان گوتووە: لە دەوروبەری دیاربەکرە. (خریدة القصر، ٢/٣٦١، وفیات الاعیان،٢/١١٤، طبقات الشافعیة الکبری، ٤/٢١٠).

بە پشت بەستن بە گوتەی (ابن حوقل)یش لە (صورة الأرض، ص١٩٧) دەتوانین بڵێین شوێنەکەی لە تەنیشت شاری (طنزی) بووە، کەوتۆتە پشتی، یان کەوتۆتە رۆژئاوای، یانیش کەوتۆتە رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە لە ناوچەی نێوان رووباری (رزم) — ئاڤا بۆتان — و



رووباری غرزان - رووباری (أرزن)، واتە: ناوچەی رۆژهەڵاتی هەڵکەوتوو لە باکووری رۆژهەڵاتی (حصن کیفا)، زیاتر وا پێدەچێت کە ئەو دەستنیشانکردنە وردتر بێت. (حضارة الدولة الدوستکیة، ص١٣٢).

(قره ارسلان الارتقی) لە ساڵی (٥٥٦ك/١١٦١ز) قەڵای (شاتان)ی داگیر کرد و خاپووری کرد، بەمە تەواوی نیشانەکانی لە دەست چوون و چ شوێنەوارێکی نەما، ئیدی چیدیکە لە ریزی قەڵاو حصن و شارۆچکەکانی دیاربەکریش لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ نەکرا.

## دامەزراندنی میرنشینی چۆپی:

چاکەی ئاشکراکردنی میرنشینی چۆپی لەبیرکراو بۆ بەڕێز (عبدالرقیب یوسف) دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو ئاماژەی بۆ بوونی ئەو میرنشینە کرد، توانی بە سوودوەرگرتن لەو زانیارییە کەمانەی لێرەو لەوێ پەرش و بڵاوبوون، میرنشینێکی کوردی لەبیرکراو زیندووبکاتەوە و بە هۆیەوەی ژمارەی میرنشینە کوردییەکان زیاد بکات. (حضارة الدولة الدوستکیة، ص١٣١)، من لای خۆمەوە، لەگەڵ گەڕانی چڕوپڕم بەنێو سەرچاوە مێژووییەکان، نەمتوانی شتێکی دیکەی نوێ لە بارەی میرنشینی چۆپی بدۆزمەوە، جگە لە تەنیا گێڕانەوەیەکی (یاقوت الحموی) نەبێت لە بارەی (حصن طالب).

هەر لە سەردەمی بووەیهییەوە هۆزی چۆپی خاوەنی دەسەڵاتێکی خێڵەکی بەهێز بوو، لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەڕوانیدا دەسەڵاتێکی خێڵەکیی دامەزراند کە زۆر لە میرنشینێکی بچووکی نیمچە سەربەخۆ دەچوو، سەرۆك و میرانی ئەو هۆزە گوێڕایەڵی میری مەڕوانییان دەکرد، خۆیان بە شوێنکەوتە و دڵسۆزی سیاسەتەکەی دەزانی، بەڵگەش دروستبوونی زیاتر لە ژن و ژنخوازییەکی سیاسییە کە لە نێوان بنەماڵەی میرانی مەڕوانی فەرمانڕەواو سەرۆکەکانی هۆزی چۆپی دروستبوو، ئەوەتا دوو لە کوڕانی مامەکانی میر (نصر الدولە احمد کوڕی مروان کوڕی کك)کە لە نێوان (٤٠١-٤٥٣ك/١٠١٠-١٠٦١ز)ژیاوە ژنیان لە چۆپییەکان هێنا، (رئیس أبو عبداللە محمد کوڕی موسك کوڕی محمد کوڕی کك)یش ژنێکی چۆپی هێنا، دوو کوڕی لەو ژنە بوون بە ناوەکانی (موسك و مامك) ناوی نان. (موسکی کوڕی منکلانی کوڕی رئیس افشین کوڕی منکلان کوڕی کك)یش خاتوو (بادیە)ی چۆپی خواست، لەو ژنەیدا (محمد دکسیر)ی بوو. (تاریخ الفارقی، ص٢٦٢-٢٦٣)، وەکو دەشزانرێت تاکەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا زۆربەی جار ژنێك

ناهێنن کە لە ئاستەکانی دەسەڵات و دەوڵەمەندیدا هاوشانی ئەوان نەبێت، بۆ نموونە چەندین ژن و ژنخوازی لە نێوان میرانی مەڕوانی و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی شەدادی و حەمدانی و بەشنەوی کراوە (تاريخ الفارقي، ص٨٠، ١٢١، ٢٠٩، الكامل، ٨/٦٩-٧٠)

ئیتر زانیاری لەسەر میرانی چۆپی وەکو ئەوە وایە نەبێ، هەرچەندە ئەوان لە ((ماڵە گەورەکان)) بوونە، بەڵام ناو و هەواڵیان نازانرێت، جگە لەم میرانەی خوارەوەیان:

١ـ میر بهاء الدولة محمد کوڕی حسين کوڕی شبل (؟-٥٤١ك/١١٤٦ز):

ئەمە لەمێژوویێکدا کەلە ئێمە ونە میری قەڵای شاتان بووە، بەڵام تا مردنیشی لە ساڵی (٥٤١ك/ ١١٤٦ز)، هیچی وای لە بارەوە نازانرێ، ئەوە نەبێ شاعیر بووە و شاعیر و شیعردۆستانی خۆشویستووە، ((چاکەکار بووە و ئەدەبیاتی هەبووە)) لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیشی مونازەرەی شیعرییان هەبووە، جارێکیان بۆ (سعيد کوڕی عبدالله کوڕی بندار)ی باوکی (علم الدين الشاتاني)ی نووسیوە:

يـا واغلاً في الْمَهَمَةْ البيداء
بالعرمس الوخادَة الوجناءِ
أبلغ أبا منصورِ النَّدب الذي
قَدحَلَّ معتلياً على الجوزاءِ
عني السَّلام وّقل له يا مَنْ غدا
بقريضه فرداً من الاكفاءِ
حاشاي أن أنسى حقوقاً لامريءٍ
قَد حَل مني مَوْضع الآباء

(خريدة القصر، ٢/٥٤٥)

کاتێکیش (علم الدين الشاتاني) قەڵای شاتانی جێهێشت و خۆی لە خزمەتکردنی دابڕی و چووە موسل، میر (بەهائلدەولە) بۆی نووسی:

أما مِنْ رسولٍ مبلغ ما أقوله
إلي علم الدينِ الإمام ويُنشده
بحُرْمة ما بيني وبينك لاتكن
مكدّرَ مـا صفيتـه وتبدّده



كغازلـةٍ غزلاً وتَنقُضهَ بما
يُـفكر قَلْبـها وتجدّدهُ

(خريدة القصر ٢/٥٤٥)

هەروەها (عماد الأصفهاني)ش پێنج دێڕی دیکەی لە یەکێ لە هۆنراوەکانی دیکەی گوازتۆتەوە.

(خريدة القصر، ٢/٥٤٦)

(أبو الحسن عيسى کوڕی الفضل النصراني)ش لەو شاعیرانە بووە کە هاتووچۆی دەرباری میر (بهاء الدولة)ی کردووە و خۆشەویستی و دۆستایەتییەك لە نێوانیان دروستبووە، بۆیە ئەوکاتەی میری جوبی سەفەری حصن زياد (خرتبرت)ی کردووە، بانگی کردووە و پێدا هەڵداوە:

تكون بميا فارقين ووحشتي
تزيد لنأْني عنكم وبعادي
فكيف أحتيالي والمهايةُ بيننا
تحول وأطوادُ لحصن زيادِ

(خريدة القصر، ٢/٣٥٠)

٢ـ میر درباسی جوبی (٥٤١-٥٥٦ك/١١٤٦-١١٦١ز):

دوای مردنی میر (بهاء الدولة) میر (درباسی جوبي) فەرمانڕەوایی قەڵاکانی (شاتان) و (حصن طالب)ی گرتە ئەستۆ. (من تأريخ آمد وميافارقين، ص٢٧٦)، دەکرێ بگوترێ ئەمە لە کوڕانی میر (بهاء الدولة) بووە، ئیتر میرنشینی جوبی تا ساڵی (٥٥٦ك/١١٦١ز) لە (شاتان) و تا ساڵی (٥٦٠ك/١١٦٤ز) لە (حصن طالب)دا دەمێنێتەوە، چونکە لە مێژووی یەکەمدا، کوردە ملییەکان لە میر (درباس) رادەپەڕن، لە قەڵای شاتان وەدەری دەنێن و ئەو قەڵایەی داگیر دەکەن، بۆ ئەم کارەشیان کۆمەکی و یارمەتی لە ئەتابەك (قرە ارسلان کوڕی داودی ئەرتەقی)ی خاوەنی (حصن كيفا) وەردەگرن کە ئەمەش بە رۆڵی خۆی تەماعی لەوەدابوو موڵکەکانی میرنشینی جوبی کە کەوتبووە تەکیان، بخاتە سەر وڵاتەکەی خۆی، بۆیە هێرشی کردە سەر قەڵای شاتان، دەستی بەسەرداگرت و خاپوری کرد، فەرمانڕەوایەتییەکەیشی خستە سەر حصن طالب (الكامل، ٩/٧٨)، چوار ساڵیش پاش ئەوە، دەستی بەسەر (حصن طالب)یش داگرت کە ئەمە دوا پێگەی جوبییەکان بوو،

بەمەش بە تەواوی کۆتایی بە میرنشینی جوبی هێنا (معجم البلدان، ٢٦٥/٢)، بەڵام میر (درباس) بەرەو جزیرەی بۆتان رایکرد و بەر لەوەی بگاتە ئەوشارە لە رێگەدا کۆچی دوایی کرد. (من تأریخ آمد ومیافارقین، ص٢٧٦).

به روخانی میرنشینەکەشی، ئیتر لەسەر شانۆی رووداوەکاندا، جوبی هەواڵی نامێنێ، بەڵام وەکو هۆزێکی کوردی تا کۆتاییەکانی سەردەمی مەملوکی دەمێنێتەوە. (الخطط المقریزیة، ٤٠٥/٣).

**ـ حەسنانی ـ الحسنانیة - (خۆشناو):**

(حەسنانی) ناوی لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی نەهاتووە، یەکەم ناوهاتنی بۆ سەردەمی مەغۆلی دەگەڕێتەوە، کە لەوێشدا (ابن فضل الله العمری) تەنیا مێژوونووسە کە هەندێ زانیاریی لەبارەوە تۆمار دەکات، لەو زانیاریانەدا ئەوە تێدەگەین کە ئەم هۆزە لە نێوان هەولێر و شارەزوور و خفتیان (راوندوز) دەژین و ئەم ولاتەیان بە ولاتی (کرکار) دەناسرێت(؟)

ئەم هۆزە سێ تیرەی لێ دەبووەوە، ئەوانیش:

١ـ تیرەی میر عیسی کوڕی شهاب الدین.. کە ئەمە گەورەترین تیرەی بوو.

٢ـ تیرەی میر عبداللە کوڕی شهاب الدین زنکی.. ئەوەش دوو لقی لێ دەبووەوە، بریتی بوون لە (بلی و جاکی).

٣ـ تیرەی فخر الدین أمیر.

ژمارەی چەکدارانی (حەسنانی)ش دەگەیشتە نزیکەی هەزار پیاو، ((کە هەموویان خاوەن گیانی بەهێز بوون)) (مسالك الإبصار، ٣/ ١٢٦ — ١٢٧).

**ـ حەکەمی ـ الحکمیة:**

وەکو لە گوتەکانی (مسعر کوڕی مهلهل) دەخوێنرێتەوە، کە لە دەوروبەری ساڵی (٣٤١ك/٩٥٢ز) سەردانی شارەزووری کردووە، ئەم هۆزە لە هۆزە گەورە و زۆر بلاوەبووەکانی ولاتەکانی هەولێر و شارەزوورە، (بڕوانە: الرسالە الثانية، ص١٠، معجم البلدان، ٣٧٥/٣) بەڵام زۆر لە بارەی مێژووی ئەو هۆزە نازانرێت، ئەوە نەبێت بە پشت بەستن بە لێکچوونی وشەیی نێوان ناوەکانیان، گووتوویانە دەدرێنە پاڵ خەلیفە (مروان کوڕی حکم الأموي)، (ذیل مرآة الزمان، ٢٢٨/٢) بەڵام راستەکەی ئەوەیە کە باپیرە گەورەی حەکەمییەکان لە پیاوانی سەر بە خەلیفەی ناوبراو بووە، وەکو مەقریزی تیشك دەخاتە سەر ئەمە (المقفی الکبیر، ٧٧١/٣).



کاتێکیش دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و ولاتی شام دامەزرا، میرانی حەکەمی پەیوەندییان کرد بە سوپای ئەیوبی، ناودارترین میرەکانیان بریتی بوون لە:

ـ میر (أبو الهیجاء السمین)کە لە (٥٩٣ك/١١٩٧ز) کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمە بووە دیارترینی ئەو میرە کوردانەی لە خزمەتی سوڵتان سەلاحەددین بوون، ئەویش کردییە یەك لە گەورەترین فەرماندەکانی سوپاکەی، رۆڵێکی گەورەی لە جەنگەکانی سوڵتان سەلاحەددین لە دژی خاچپەرستان بینی، بە تایبەت لە شەڕی گەورەی عەککا لە ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز). (الکامل ٢٠٢/٩، ٢٣٤، ٢٣٧)،

ـ میر (ابو الطیب خشترین کوڕی تلیل کوڕی ابي الهیجاء کوڕی افشین کوڕی خشترینی کوردی حەکەمی ئەربلی)، ئەمە لە ساڵی (٥٧٨ك/١١٨٢ز) ئەو کاتەی باوك و مامەکانی لەنێو سوپای (سەلاحەددین)دا خزمەتیان دەکرد، لە میسر لەدایکبوو، بە هەردوو میر (حسام الدین عیسی کوڕی خوشترین و عماد الدین احمد کوڕی سیف الدین المشطوب الهکاری)یدا هەڵداوە، سەرەنجام لە ساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز) لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. (ذیل مرآة الزمان، ٢٢٧/٢-٢٢٩، المقفی الکبیر،٧٧٠/٣-٧٧٢ ).

**ـ حەمیدی ـ الحمیدیة:**

حەمیدی یەکێکە لەو هۆزە گەورە و ناسراوانەی کورد کە لە سەردەمی ئیسلامیدا ناویان هەیە، لە ناوچەی شاخاویی رۆژهەلاتی موصل هەڵکەوتوو لە نێوان رووبارەکانی زابی گەورەو خازردا نیشتەجێ بوونە.

ناوی حەمیدی لە ناوی باپیرە گەورەیانەوە هاتووە، یانیش لەوانەیە لە ناوی یەك لە میرە یەکەمینە گەورەکانیانەوە هاتبێت، نەك لە ناوی (ئامێدی — العمادیە)، وەکو هەندێ وەهای بۆچوونە، چونکە ئەمە زۆر بە دوور دەزانرێ کە پەیوەندییەك لە نێوان حەمیدی و عەمادیدا هەبووبێت.

کۆنترین هەواڵ لە بارەی کوردە حەمیدییەکان، لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بۆ ساڵی (٢٩٣ك/ ٩٠٦ز)ی دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەوکاتەی پیاوانی هەردوو هۆزی حەمیدی و داسنی پەیوەندییان کرد بەو بزووتنەوەیەی کە (محمد کوڕی بلالی هەزبانی)ی سەرۆکی هەزبانییەکان لە دژی (أبي الهیجاء عبداللە کوڕی حمدان التغلبي) پێی هەڵسا، ئەو (أبي الهیجاء عبداللە)یەی خەلیفە (مکتفی) (٢٨٩—٢٩٥ك/ ٩٠٢—٩٠٨ز) وەکو والیی موسل و دەوروبەری دایمەزراند (الکامل ١١٢/٦).

(ابن حوقل) له وەسفیدا بۆ هەرێمی چیاکان (اقلیم الجبال) ئاماژە بۆ زۆری ژمارەی حەمیدییەکان و بڵاوبوونەوەی فراوانیان له سەردەمی خۆیدا دەکات، دەڵێت: ((ئەو چیایانه _ مەبەستی چیاکانی کوردستانه _ له لایەن کوردانی حەمیدی و لاری و هەزبانی و ئەوانی دیکەشەوه له کوردانی شارەزوور و وسەهرەوەرد تێدا نیشتەجێن)) (صورة الأرض، ص٣١٥)، ئەمه لەگەڵ ئەوەدا که مەسعودیی هاوچاخی له درێژەی ئاماژەدانەکانی بۆ تایەفه و هۆزه کوردییەکان، ئاماژەی بۆ حەمیدییەکان نەکردووه.

پیاوانی حەمیدی ئامادەیی زۆرباش و بەشداری کارایان له نێو سوپای ئەیوبیدا هەبوو، له شەڕەکانی له دژی خاچپەرستانیش ئازایەتیەکی کەم وێنەیان پیشاندا، لەوانه: (نصر الحمیدی) که له شەڕی عەکا له ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) کوژرا، ((ئیتر به باشیی ڕۆشت و وەکو شەهیدێك شوێنی خۆی له بەهەشتدا بینی)). (العماد الاصفهاني، الفتح القُسْي، ص٤٦٤)

پیاوێکی دیکەیان (هکندری الحمیدی)ی گەورەی ئەو تیپه کوردییەی سوپای (الملك العزیز کوڕی صلاح الدین)ه، که به عەزیزییه ناسراوه. میر (بدرالدین الحمیدی)ش له میرانی (الملك الناصر یوسف)ی میری (حەلەب و دیمەشق)ه، له ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) له شالاوی ئەیوبییەکان بۆ سەر میسر، به مەبەستی وەرگرتنەوەی میسر له دەست مەمالیکه تورکەکان کوژرا. (ذیل الروضتین، ص١٨٦، تاریخ الاسلام، ص ٥٩-٦٠، السلوك، ٣٧٥/١).

له سەر ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریش له حەمیدییەکاندا فەقیهـ و راوی فەرموودە (أبو محمد عبد الله کوڕی محمد کوڕی یونس الحمیدی)ی ناسراو به (ابن الأستاذ) (تاریخ اربل،٢٧١/١) و (خالد کوڕی درباس کوڕی یوسف الحمیدی) (ابن الشعار، قلائد الجمان، ١٨٣/٣) و (موفق الدین ابو القاسم کوڕی عمر کوڕی فضل الکردی الحمیدی) دەردەکەون، که ئەمەی دواییان یەکەم زانا بووه له قوتابخانەی (الهرویه) له (حەلەب) دەرسی گوتبێتەوه، دواتر بۆ دەرسگوتنەوه چووەتە قوتابخانەی (الشعیبیه)و نزیکەی نۆ ساڵ مامۆستایەتی تێدا کردووه له ساڵانی نێوان (٦٣٣-٦٤٢ك/١٢٣٥-١٢٤٤ز)، دوای ئەوە بووەتە قازی شاری (المعره)، (ابن شداد) مێژووی مردنی به هەڵه تۆمارکردووه که دەڵێت: ((ئەو له ساڵی ٦١٠ك/١٢١٣ز) مردووه...)). (الأعلاق الخطیرة، ٢٥٧/٢/١، ٢٦١).

قازی و فەقیهی شافیعی (ابو عمرو عثمان کوڕی محمد کوڕی ابی علی کوڕی عمر کوڕی محمد کوڕی موسی الکردی الحمیدی)، زانستە سەرەتاییەکانی له فیقهی شافیعی له قوتابخانەکانی موسل بەدەستهێناوه، دواتر ڕووی کردۆتە وڵاتی شام به مەبەستی درێژەدان به خوێندن، لەوێ لەبەر دەستی (امام عبدالله کوڕی ابی عصرون) بووەتە قوتابی، دواتر چووەتە میسر و له (ثغر دمیاط) بووەتە قازی و له قاهیره له (الجامع الاقمر) و قوتابخانەی (السیفیه)



دەرسی گوتۆتەوه، (شیخ ابی الحسن المقدسی) زانستی لێ وەرگرتووه، دواتر بووەتە جێگری (قاضي القضاة) صدرالدین عبدالملك کوڕی درباس المارانی له قەزای (قلیوب) و ناوچەکانی سەر بەو قەزایه، ماوەیەك دواتر ئەوەشی جێهێشتووه و چووەتە مەککه، ئیتر ئەو بەشەی تەمەنی که مابوو لەوێ بەسەری بردووه، له ساڵی (٦٢٠ك/١٢٢٣ز) هەر له مەککه مردووه. (التکملة لوفیات النقلة، ٩٧/٣، طبقات الشافعیة الکبری، ٢٩٣/٨).

پیاوەباشەکەش (ابو الحسن مظفر کوڕی منصور کوڕی ابی الجیش الکردی الحمیدی)ی له لایەن منداڵه مامەکانی (الأمیر المبارز كك) به (الاطروش) ناسراوه، له وڵاتی عەقره لەدایکبوو و گەورەبوو و پەیوەندی به سوپای ئەیوبی کرد، هەروەها بەشداری کرد له شەڕەکانی کەنارەکانی شام له دژی خاچپەرستەکان و له ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٥ز)دا له ماردین کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی گوازرایەوه بۆ دنیسر _ قوچ حصار و لەوێ نێژرا. (التکمله، ٤١٧/٣-٤١٨).

موحەدیسی حەنەفی (ابو الحسن علی کوڕی ابراهیم کوڕی خشنام کوڕی احمد الحمیدی الکردی)ی ناسراو به (حەلەبی)، له قوتابخانەی (جاولی) دەرسی گوتەوە، به مودەرریسیش تیایدا مایەوە، تا عەسکەرەکانی مەغۆل له کاتی هاتنەناوەوەیان بۆ حەلەب له مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز کوشتیان. (الاعلاق الخطیرة، ٢٢٧/١/١، الوافي بالوفیات، ٩/٢٠) کوڕەکەشی ئیبراهیم کوڕی علی (٦٢٩-٧٠٥ك/١٢٣٢-١٣٠٥ز) قازیی حمس و ئیمامی مزگەوتەکەی و (ناظر)ی مەشهەدی خالدی، کاتێك مەغۆل هاتنه نێو حەلەب پەیوەندی پێوه کردن و تا ساڵی (٦٩٩ك/١٢٩٩ز) تیایدا مایەوه، هەر بۆ مەغۆلەکانیش بووه والی قەزای (خلاط) و تا ساڵی مردنی (٧٠٥ك/١٣٠٥ز) لەوێ و لەو کارەی مایەوه. (الدرر الکامنه، ٣٠/١).

شێخی بەتەمەنیش (ابو الثناء محمود کوڕی احمد الحمیدی الکردی الکیلانی البغدادی الشافعی)که له پاش (٦٢٠ك/١٢٢٣ز)کۆچی دوایی کردووه و هاووڵاتییەکەی (الشیخ الصالح المعمر ابوالحسن علی نبا (؟) کوڕی صالح کوڕی نصر کوڕی یوسف الحمیدی البغدادی الحنبلی)که له دوای (٦١١ك/١٢١٤ز)کۆچی دوایی کردووه، که هەردووکیان له قوتابیانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوون، له زوهد و تەسەوفدا و لەوانەبوون که ئامادەی دانیشتنەکانی دەبوون و گوێیان له ئامۆژگارییەکانی رادەگرت، کەراماتیشیان لێ گێڕاوەتەوه. (بهجه الاسرار، ص١٣، ٦).

شیاوی ئاماژە پێدانه که (حەمیدی) لەگەڵ گەورەیی و ناوبانگەکەشیدا له ماوەی سەردەمی عەباسی، کەچی له سەرچاوەی سەردەمه ئیسلامییه درەنگەکان ناوی ون دەبێ، هیچ زانیارییەکی له بارەوه نایێت، وا پێدەچێت پارچه پارچه بوویێت بۆ ژمارەیەك تیره و لقی بچووك، یانیش به ناوێکی دیکەوه مابێتەوه، واته: ناوەکەی گۆڕابێت و ناوه کۆنەکەی نەمابێ.

## میرنشینی حەمیدی

به وردی نازانرێت کەی و کێ میرنشینی حەمیدیی دامەزراندووە، لەمەدا حالّی وەکو حالّی زۆربەی میرنشین و دەسەلاّتە کوردییەکانی دیکەیە، هیچ ئاماژە و هەوالّێکی میرانی حەمیدی وەکو ئێمە بیزانین تا کۆتاییەکانی سەردەمی بووەیهی لە سالّی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) نییە، چونکە سەرچاوە گرنگیپێدەرەکان بە شێوەیەکی گشتی بە کەمی ئاماژە بە میرە کوردییەکان دەدەن، ئەو زانیارییە کەمەی لە بارەشیانەوە هەیە، لە درێژەی بابەتەکانی دیکەوە دەکەونە بەرچاو.

### ـ موڵکەکانی میرنشینی حەمیدی:

هەر لە کۆنەوە حەمیدی لە ولاّتی (عەقرەو شوش)دا ژمارەیەك قەلاّو (حصن) و پێگە و گوندی چیایی سەخت و پارێزراویان هەبوو، قەلاّی عەقرە (ئاکرێ)شیان _ کە ئاشکرایە دەکەوێتە سەر گردێکی بەرز _ کردبووە سەنتەری بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان و پایتەختی سیاسی دەسەلاّتەکەیان، تا وای لێهات ناوی عەقرە بە ناوی ئەمەوە دەناسراو دەگوترێ عەقرەی حەمیدی (عقر الحميديه). (معجم البلدان، ٣٧٢/٣، ١٣٩/٤، الکامل، ١٣/٩، صبح الاعشی، ٣٢٩/٤) ئیتر وایلێهات وەکو هۆزە کوردییەکانی دیکەی هاوسێی، وەکو هەزبانی لە هەولێر و هەکاری لە عەمادیە و داسنی لە ولاّتی داسن (دهۆك) و زرزاری لە خفتیان _ راوندوز، بووە خاوەنی میرنشینێکی نیمچە نادیار.

لەسەر زمانی (أبن الأثیر) دەستەواژەکانی ((تەواوی قەلاّکانی کوردی حەمیدی)) (الکامل، ٨/ ٣٤٣) و ((تەواوی قەلاّکانی کوردی حەمیدی و ویلایەتەکانیان)) هاتووە (التأریخ الباهر،ص٤٨)، جا جگە لە قەلاّی (عەقرە)ی سەنتەر، لە دەوروبەریشی ژمارەیەك قەلاّو حصن و شارۆچکە هەبووە، هەموویان لەژێر دەسەلاّتی میرانی حەمیدی بوون، کە گرنگترینیان قەلاّی (شوش)ی بەناوبانگ بووە، ئەو قەلاّیەش لەسەر چیایەکی بەرز بووە و بە توندی پارێزراوبووە، دوازدە فەرسەخ/ واتە: نزیکەی ٦٥ کم لە موسل دوور بووە (الکامل، ٣٥٠/٩)، دەکەوتە



رۆژئاوای عەقرە، لە دەستە راستی رێگەی عەقرە ـ دهۆك، (یاقوت الحموی) لە بارەیەوەی دەلّێت: ((قەلاّیەکی گرنگی زۆر بەرزەً... لە عەقرە بەرزتر و گەورەتریشە، بەلاّم هەمان نرخی عەقرەی نییە)) (معجم البلدان، ٣٧٢/٣).

دیارە بەشێك لە ناوبانگییەکەی (شوش) بۆ هەناری شوشی دەگەڕێتەوە، کە لە گوندی (شەرمنە، یان شەرمن)ی نزیکی بەرهەم دەهێنرا، بەلاّم دیارە ئەم گوندە لە سەرچاوەدا بە هەلّە بە (شەڕملە) ناوی براوە (معجم البلدان، ٣/ ٣٧٢، تقویم البلدان، ص٢٧٤).

دەکرێ ویلایەتی (مەرج)یش زیاد بکرێ،- کە ویلایەتێکی خۆشی فراوان و لە شوێنێکی نزمایی زەوی دایە-، مێرگ و گوندی زۆری تێدایە و لەسەر چیاکانیشی قەلاّ هەنە (معجم البلدان، ١٠١/٥)، بە هەمان شێوە عەمرانیەش (عمرانی) کە گوندێکی گەورەی هاوسنووری ناحیەی (شوش) و (مەرج) بوو، گوندێکی کشتوکالّیشی هەبوو،ترێشی زۆر بوو (معجم البلدان، ٤/ ١٥٣).

(عەقرە) لە سەردەمی مەغۆلی شارۆچکەیەکی گرنگ بوو، زەویەکی بە پیت و هەوایەکی تەندروستی هەبوو، بە بەرهەمهێنانی میوە، بە تایبەتی ترێ و دروستکردنی شەراب و بازرگانیکردن پێیەوە ناوبانگی دەرکردبوو، بەمە داهاتەکانی لە کۆتایی سەردەمی مەغۆلی گەیشتە (٢٧,٤٠٠) دینار (نزهە القلوب، ص ١٥٩) دیارە شەرابەکە لە لایەن جوولەکەکانەوە دروستدەکرا کە بەشێکی دانیشتوان بوون و نزیکەی دوو سەد مالّێك بوون (شرفنامە، ص ٢٥٧).

## میرانی حەمیدی

### ١ـ میر أبو الحسن کوڕی عیسکانی حەمیدی:

لە کۆتاییەکانی سەردەمی بووەیهی خاوەنی عەقر (عەقرە) میر (أبو الحسن کوڕی عیسکانی حەمیدی) بوو، لەگەلّ میر (أبی الحسن سلار کوڕی موسك الهذباني)ی هاوسێی کە خاوەنی هەولێر بوو، لە ململانێدا بوو، بۆیە (أبا علی کوڕی موسك)ی لە دژی براکەی هانداو یارمەتی دا، بۆ ئەوەی هەولێری لەژێر دەستدا دەربێنێ، دیارە لەمە (ابو علی) سەرکەوت و دەستی گرت بەسەر هەولێردا، (سلار)ی برایشی بە دیلگرت و خستییە بەندیخانە، ئەو کاتە هەردوو میرنشینی عەقرەی حەمیدی و هەولێری هەزبانی سۆزیان بۆ میرنشینی عەقیلی موسل (٣٨٦ – ٤٨٩/ ٩٩٦ – ١٠٩٦ز) هەبوو و ملکەچی فەرمانڕەوایی ئەوێ بوون، بۆیە کە میر (قرواش کوڕی مقلد العقیلی)

بەو بەرەوپێشچوونەی ململانێکانی حەمیدی هەزبانیی زانی، تورە بوو، رقی لە میر (أبی الحسن الحمیدی) هەڵگرت و سەرزەنشتی کرد، لەوەی کەوا جورئەتی ئەوەی کردووە، دەست وەربداتە نێو کاروبارەکانی میرنشینی هەزبانیی ژێر دەسەڵاتی ئەو و یاخیانی لە دژی میری هەولێری سەر بە ئەو هاندابێ، بۆیە داوای لێکرد قەڵای هەولێر بداتەوە (سلار) و لە دژی (أبا علی)ی یاخی شەڕ بکات، (أبو الحسن الحمیدی)یش بە ناچاری بەمە رازی بوو، ژن و منداڵەکانی خۆی بە بارمتە لای میری عەقیلی دانا، تا مەرجەکەی میری عەقیلی جێبەجێ کرد، میری عەقیلیش ژن و منداڵەکەی بۆ گەڕاندەوە، قەڵاکانیشی پێدایەوە، بەڵام دوای ئەوە (أبا الحسن الحمیدی) و (أبا علی الهذبانی) غەدریان لە میر (سلار) کرد، ئەوەش لەوکاتەی کە (سلار) لە رێگەی گەڕانەوەی بوو بۆ هەولێر، بۆیە دیسانەوە گەڕایەوە موسل، پیاوەکانی خۆی رەوانەی هەولێر کرد، بۆ ئەوەی ئەو شارەی بۆ وەربگرنەوە، بەڵام دوو میرەکە ئەوانیشیان گرت (الکامل، ٨/٤٩).

لە ساڵی (٤٤١ك/ ١٠٤٩ز)یش میر (أبو الحسن کوڕی عیسکان الحمیدی) لەگەڵ میرە کوردەکانی تر، بە سوپاوە پەیوەندییان کرد بە سوپای میر (قرواش کوڕی مقلد) بۆ شەڕی (زعیم الدولە أبی کامل)ی برای، ئیتر هەمموویان بەرەو شارۆچکەی (معلثایا)ی نزیك لە شاری دهۆکی ئێستا هاتن، تاڵانیان کرد و خاپووریان کرد، دوای ئەوە میر (أبو الحسن الحمیدی) و (میر أبو حرب سلێمان کوڕی نصر الدولە احمد کوڕی مروان الکردی)ی جێگری باوکی بەسەر جەزیرەی بۆتان، ریزی سوپای (قرواش)یان جێهێشت و پەیوەندییان کرد بە (زعیم الدولە)، بەڵام (ابن الأثیر) هیچ هۆکارێك بۆ ئەوە دەستنیشان ناکات (الکامل، ٨/٥٠).

(ابو الحسن) تا پاش ساڵی (٤٥٦ك/١٠٦٣ز) لە فەرمانڕەوایی ماوەتەوە، چونکە لەوساڵەدا خۆی و میر (ابی علی الهذبانی) لە دیوانی خەلافەت بانگکران و (خلع)یان بۆ کراوە (مرآة الزمان، ص١١٠).

### ٢ـ میر عیسی الحمیدی:

دوای دابڕانی نزیکەی نیو سەدە، دیسانەوە سەرچاوەکان دێنەوە سەر باسی میرێکی دیکەی حەمیدی، ئەویش میر (عیسی الحمیدی)یە کە ئەو هاوچاخی ئەتابەکی موسل (عماد الدین زنکی)ی (٥٢١ – ٥٤١ك/ ١١٢٧ – ١١٤٦ز) بوو.

میر (عیسی) لە ماوەی بەر لەوەی (عماد الدین زنکی) ئەتابەکیەی موسل بگرێتە دەست لە ساڵی (٥٢١ك/ ١١٢٧ز) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا فەرمانڕەوایی دەکرد،



کاتێکیش عیمادەدین زەنگی موسلی گرتە دەست، دانی نا بە فەرمانڕەوایەتی میر عیسی بەسەر هەموو ئەو قەڵایانەی بە میرات بۆی مابوونەوە، ((لە هیچ یەکێکی لەوناوچانەی لەبەردەستی بوو، بەرهەڵستی نەکرد)) (التاریخ الباهر، ص٤٨،٨٠، الکامل، ٨/٣٤٢)، دیارە وادەردەکەوێ، ئەو زانیاری هەبووبێ لەسەر ئەو هێزو دەسەڵات و توانا سەربازییەی میری حەمیدی هەیبووە، بۆیە وەهای بینیوە بۆ خۆی و بۆ ئەتابەکیەتە تازەکەیشی وەها باشترە دان بە دەسەڵاتی ئەو میرە بەسەر وڵاتەکەی خۆیدا بێنێ و ململانێی لەگەڵ نەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەڵوێستە باش و ئاشتیانەش، کە (عماد الدین زنکی) لە بەرامبەر میرنشینی حەمیدی نواندی، کەچی میر عیسی دوودڵی نەدەکرد لە پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی و هێز و سوپا بە خەلیفەی عەباسی (المسترشد بالله)، ئەوەش لەوکاتەی کە خەلیفەی ناوبراو لە مانگی رەمەزانی ساڵی (٥٢٧ك/ ١١٣٢ز) بۆ شەڕی زەنگی بەرەو موسل هات، کەچی گەمارۆی خەلیفە بەسەر موسل شکستی هێناو سوپاکە بەرەو بەغدا گەڕایەوەو نەگەڕایەوە، پاش ئەوە زەنگی هێرشی هێنایە سەر قەڵای عەقرە و قەڵا حەمیدییەکانی دی و بۆ ماوەیەکی درێژ گەمارۆی دان، شەڕ لە نێوان هەردوو لا گەرم بوو و توند بوو، گەمارۆکەش تا ساڵی پاشتر (٥٢٨ك/ ١١٣٣ز) بەردەوام بوو، تا ئەنجام بەوە گەیشت، قەڵا لە دوای قەڵا گیراو (زەنگی) بە خۆی بەسەر شوورەی قەڵای عەقرە کەوت، بەڵام نازانرێ چارەنووسی میر عیسی چی بەسەر هات (التأریخ الباهر، ص٤٨،٨٠، الکامل، ٨/٣٤٠-٣٤٣، مفرج الکروب، ١/٥٥).

دەکرێ بگوترێ: میرنشینی حەمیدی دوای ئەو رووداوە سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، زەوی و زار و قەڵاکانیشی وەکو سەرجەم قەڵاکانی وڵاتی هەکاری و هەولێر و شارەزوور بوونەتە بەشێکی موڵکەکانی ئەتابەکیەتی زەنگی.

وەکو دەردەکەوێت ئەتابکەکانی موسل لەبەر زۆر فراوانی زەوی و زارەکانیان و زۆری خێروبێر و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی ئەو ناوچانەی ژێردەستیان، بۆ منداڵەکانی خۆیان دەبڕینەوە، لە پاڵ وانیش فەرمانبەر و جێگری دیکەیان لە مەمالیکە تورك و تورکمانەکان دادەمەزراند، بۆیە سەیر نییە هەواڵی حەمیدی تا کۆتایی سەردەمی حەمیدی، ئیتر لە سەرچاوەکاندا ون بێ، چونکە دوای مردنی (سیف الدین غازی کوڕی مودود کوڕی زنکی) لە ساڵی (٥٧٦ك/ ١١٨٠ز)، عەقرەی حەمیدی بۆ کوڕە بچووکەکەی بە ناوی (ناصر الدین کسك) بڕدرایەوە (الکامل، ٩/ ١٥٠) (نور الدین ارسلان شاه کوڕی مسعود کوڕی مودود کوڕی زنکی)یش بەر لە مردنی خۆی لە ساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١٠ز) قەڵای عەقرەی حەمیدی و

قەڵای شوش و فەرمانڕەوایەتیکردنیانی بۆ کوڕە بچووکەکەی بە ناوی (عیمادەدین زەنگیی دووەم) بڕیەوە، ئیتر رەوانەی عەقرەی کرد، فەرمانیشی پێکرد، ((کاروباری مەملەکەتەکەی رێك بخا، بیپارێزێ و بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگرێ))، (الكامل، ٩/٣٠٤، ٣٢٠) (عماد الدين زنكی)یش ویستی قەڵاکانی وڵاتی هەکاری زیاد بکات، (قەڵای عەمادیە و دەوروبەری) و قەڵاکانی وڵاتی زۆزان بخاتە سەر موڵکەکانی خۆی، ئەو ئاواتەی لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) هاتەدی، بەڵام (بدر الدين لؤلؤ)ی ئەتابکەی موسل لەناکاو و لە شەوێکی سەرەتای ساڵی (٦١٦ك/ ١٢١٨ز)، هێرشێکی پێچەوانەی هێنایە سەر (عماد الدين زنكی) و لە نزیك عەقرە شەڕی لەگەڵ کرد و وەدەری نا، بۆیە (عماد الدين) بە شکاوی بەرەو هەولێر رایکرد (الكامل، ٩/٣٢١)، لە ساڵی (٦١٨ك/ ١٢٢١ز)یش (بدر الدين لؤلؤ) نەبوونی (عماد الدين زنكی) بەسەر موڵکەکانی خۆی بەهەلزانی، بۆیە هێرشی هێنایە سەر قەڵای شوش و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گەمارۆیەکی توندی خستە سەر کە گەمارۆکە درێژبووەوە، ئەو خۆی گەڕایەوە موسل و مەسەلەی ملکەچکردنی قەڵاکەی بۆ هاوڕێکانی بەجێهێشت، ئەوانیش بواریان لە پێش بەرگریکەران تەسککردەوە، تا توانییان دەست بەسەر قەڵاکەدا بگرن (الكامل، ٩/٣٤٩ — ٣٥٠).

### ٣ـ میر عز الدين محمد کوڕی بدر الحميدی (؟ - ٦٢٧ك/ ١٢٣٠ز):

میر (عز الدين محمد) لە میرانی (الملك الأشرف کوڕی الملك العادل الأيوبي)ی (٦١٥-٦٣٥ك/١٢١٨- ١٢٣٧ز)یە، وەکو میرە کوردەکانی هاوشێوەی، پەیوەندی کرد بە سوپای ئەیوبی، بەڵام (مظفر الدين كوكبری)ی ئەتابکەی هەولێر (٥٨٦ — ٦٣٠ك/ ١١٩٠ — ١٢٣٢ز) لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) توانی بەلای خۆی رابکێشێ، بەمە بووبە یەکێك لە میرە گەورەکانی، لە شەڕەکانیدا تا رادەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەست، قەڵایەکیشی بۆ بڕیەوە، کە پێی دەگوترا (ساروا)، دەکەوتە رۆژهەڵاتی هەولێر (الكامل، ٩/٣٢٣، ٣٨٢، مفرج الكروب، ٤/٧٠).

ئیتر میر عز الدين محمد بووە میر و فەرمانڕەوای قەڵای (ساروا)و لەو پۆستەیدا مایەوە، تا لە ساڵی (٦٢٧ك/ ١٢٣٠ز) لەسەر دەستی تورکمانەکان کوژرا، لەو ساڵەدا ئەو تورکمانانەی بە (قشتیالو) دەناسران، لەژێر فەرمانڕەوایی پێشەواکەیان (شمس الدين صونج) زیانێکی زۆریان بە کوردستان گەیاند، رێگریان دەکرد، بازرگانان و رێبوارانیان دەترساند، ((گەندەڵییان لە زەویدا دەکرد))، بۆیە هێرشیان کردە سەر قەڵای (ساروا) و غەدریان لە خاوەنی ئەو قەڵایە میر (عز الدين) کرد و کوشتیان، قەڵاکەشیان داگیر کرد.



(مظفر الدين) ویستی شەڕی تورکمانەکان بکات و قەڵاکەیان لە دەست بێنێتەوە دەر، بۆیە ژمارەیەك سەربازی دایە پێشە خۆی و هێرشی هێنایە سەر، بەڵام لەبەر ئەوەی قەڵایەکی سەخت و پارێزراو بوو، زەفەری پێنەبرد و پێی وەرنەگیرایەوە (الكامل، ٩/٣٨٢، محسن محمد حسين، اربيل في العهد الاتابكی، ص ١٥٨ — ١٥٩).

### ٤ـ میر و شاعیر کریم الدين أبو الحسن علی کوڕی محمد کوڕی بدر کوڕی أبی بکر کوڕی قحطبة الحميدي العقري (؟- ٦٢٧هـ/ ١٢٣٠ز):

پێدەچێت ئەم (کریم الدين علی)یە کوڕی میر (عز الدين محمد کوڕی بدر الحميدی) بێ، هەرچەندە سەرچاوەکان لەم بارەیەوە هیچ پێشکەش ناکەن، ئەمە میر و سوارچاك و ئەدیبیش بووە، نازانرێ پەیوەندی بە قەڵای عەقرە و میرنشینی حەمیدی چی بووە، چونکە وەکو باوکی لە میرانی ئەیوبی بووە، یەکێك بووە لە میرەکانی (الملك الكامل کوڕی الملك العادل الأيوبي)ی (٦١٥ — ٦٣٥ك/ ١٢١٨ — ١٢٣٧ز)، لە ساڵی (٦٢٧ك/ ١٢٣٠ز) لەو شەڕەی لە نێوان (الملك الكامل) و (الملك الغالب كەیقوبادی یەکەم)ی (٦١٦-٦٣٤ك/١٢١٩-١٢٣٦ز)ی پاشای سەلجوقیەکانی رووم روویدا، لەو شەڕەدا کوژرا (معجم الالقاب، ٤/ ٧٦).

### ٥ـ المبارز کاك حکم (بە نزیکی لە دەوروبەری ٦٤٠ — ٧١٠ك/ ١٢٤٢ — ١٣١٠ز):

(المبارز كاك) لە ماوەی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەیەمی زایینی، لە ناودارترین کەسایەتییە کوردەکانە، لە هەموشیان بە شان و شکۆتر و پایەدارترە، لە (مازنجانی)یەکانە، کە ئەمانە تیرەیەکی (حەمیدی)نە (صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٥ معجم الالقاب، ٤/ ٣٢٦ — ٣٢٧).

المبارز كاك (مبارز الدين أبو بكر كاك کوڕی سيف الدين محمد کوڕی أبي الجيش الحميدي المازنجانی) (معجم الالقاب، ٤/ ٣٢٦) لە سەرەتای سەردەمی خۆیدا، لە میرانی خەلافەی عەباسی بووە، لە دیوانی خەلافەتەوە نازناوی (مبارز الدين)ی لە بەرامبەر ئازایەتی و دڵسۆزی و کۆششەکانی لە خزمەتی خەلافەی عەباسییەوە پێدرا، چونکە پیاوێکی ئازاو بەڕێز بوو (التعريف بالمصطلح الشريف، ص ٥٩، صبح الأعشى،٤/ ٣٧٥، ٧/ ٣٠٧) لە خێزانێکی خاوەن ((ڕەچەڵەکێکی دێرین لە فەرمانڕەوایی و پێشینەیەك لە دەسەڵات و پێشەوایەتیکردن بوو))، تاکەکانی خێزانەکە دەیانگوت: ((ئەوان بە بڕیاری خەلیفەکان کاروباری ئەو وڵاتەو فەرمانڕەوایەتیکردنیان بۆ براوەتەوە و لەمەوە ئیتر سواری پشتی ئەسپی دەسەڵات بوونە)) (التعريف، ص ٥٩).

کاتێکیش مەغۆل هێرشیان هێنایە سەر هەرێمەکانی خەلافەی عەباسی و هەولێر و تەواوی شارەکانی دیکەی کوردستانیان داگیر کرد، (مبارز کاك) هاتە بەر دەستیان، ئەوانیش ڕێزیان گرت و خراپەیان لەگەڵ نەکرد، بەڵکو وەکو خۆی و لەسەر موڵکەکانی خۆی هێشتیانەوە، زیاد لەوەش وڵاتەکانی عەقرەو شوش (عقر شوش)یشیان بۆ بڕیەوە، دواتر شارۆچکەکانی (هەریر) و (تەل حەفتون)یشیان خستە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو کە ئەمانەش دوو ناوچەی سەر بە هەولێر بوون، لە لایەن خۆشیانەوە کردیانە جێگری خۆیان بەسەر هەولێر و دەوروبەری، پێنج سەد سواریشیان لەژێر فرمانی دانا (صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٥).

(مبارز کاك) تەمەنێکی درێژی هەبوو نزیکەی سەد ساڵ ژیا، لەو تەمەنەیدا نزیکەی حەفتا ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، چونکە ئەو ((لە تەمەنی بیست ساڵیدا میرایەتی وەرگرت و تا تەمەنی گەیشتە سەرووی نەوەد ساڵی لەو پۆستەیدا مایەوە، هیممەتیشی هیممەتی لاوان بوو)) (مسالك الابصار، ١٢٨/٣، صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٥).

لە کارە باشەکانی ئەو میرە لە ڕووی بیناسازیدا دروستکردنی قوتابخانەیەکی گەورەی ((دیوار بەرز) بوو، بەشێکی گەورەی موڵکەکانی خۆی کردە وەقفی ئەو قوتابخانەیە (معجم الألقاب، ٤/٣٢٧).

## میرنشینی حەمیدی (مازنجانی) لە دوای (مبارز کاك) و ڕووخانیدا:

موبارز کاك لە دەوروبەری ساڵی (٧١٠ك/ ١٣١٠ز) کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی لە شوێنیدا وەکو میرو کارگێڕی ناوچەکانی دی جێیان گرتەوە (تأريخ أولجايتو، ص١١٥)، میر (عز الدين)ی کوڕی لە جێی دانیشت، ئەویش لەسەر بەرنامەی باوکی ڕۆشت، بۆیە میرنشینەکە لە سەردەمی ئەمەشدا پارێزگاری لە هێز و سەربەخۆییەکەی خۆی کرد، بەڵام دیارە وەکو پێدەچێت لە فەرمانڕەواییدا زۆر تەمەن درێژ نەبووە، بۆیە (نجم الدين)ی برای جێگەی گرتۆتەوە و ئەویش هەر لەسەر بەرنامەی باوك و براکەی ڕۆیشت، پەیڕەوی لە هەمان سیاسەتی ئەوان کرد، بۆیە جۆرێك لە هێز و دەسەڵاتی بۆ میرنشینەکە پاراست، دوای خۆیشی (شجاع الدين)ی کوڕی جێگەی گرتەوە کە ئەمە کەسێکی لاواز بوو، نەیتوانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە بە مردنی باوکی دروستبوو (التعريف، ص ٥٩، صبح الأعشى، ٣٠٧/٧).



ئەوەی پەیوەندی بەڕووخانی ئەو میرنشینەوە هەیە، ئەوەیە کە نازانرێ ئەو ڕووخانە کەی ڕوویداوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو میرنشینە لە سەردەمی (میر شجاع الدینی نەوەی مبارز کاك) بەرەو لاوازی و لەبەریەك هەڵوەشانەوە هاتووە، دەشێ ئەوەش بە دوور نەگیرێ، کە بوونی ئەو میرنشینە لە نزیك میرنشین و هۆزە فەرمانڕەواکانی دیکەی وەکو عەمادیەو سۆران و زرزاری و گەردی ئەوانی دیکەش، یەك لە هۆیەکانی ڕووخانی بوو بێت، چونکە لە ڕاستیدا میرانی حەمیدی مازنجانی لەگەڵ زێبارییەکانی خاوەنانی وڵاتی زێبار لە شەڕ و ململانێ دابوون. (صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٨).

### - خاتوونی - الخاتونية:

خاتوونی ئێستا، هۆزێکی کوردی بە عەرەببووە، لە دەوروبەری سنجار و بەعاجی سەر بە موسل نیشتەجێن، یەکێك لە ناودارانی سەدەی دەیەمی کۆچی/ شازدەی زایینی ئەم هۆزە، (إبراهيم کوڕی يوسف کوڕی سوار الكردى الخاتونى)یە. (شذرات الذهب، ١٣٨/٨).

### - خەسرۆیی - الخسروية:

ئەمە هۆزێکی کوردی نیمچە نادیارە، (عتبی)کە لە (٤٢٨ك/١٠٣٦ز)کۆچی دوایی کردووە لە کتێبەکەی خۆیدا (التاريخ اليميني) دەڵێت: (عضد الدولة البويهي)کە لە (٣٧٢ك/٩٨٢ز)کۆچی دوایی کردووە، تیپێکی سەربازی لە کوردان دروستکردو ناوی نان خەسرۆیی، ئەمەش وەکو درانەپاڵ بۆ بەشی دووەمی ناوەکەی خۆی (فنا خسرو). (الكرد فى الدينور، ص ١١٨)، منیش لەوبڕوایە دامە (عتبی) ورد نەبووە، چونکە خەسرۆیی تیپێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو هۆزێك بووە، واش دەردەکەوێت کە بە ناوی باپیرە گەورەیان ناویان دەرکردبێ کە لە هۆزەکانی (زموم الاكراد)ی هەرێمی فارسن کە دەکەوێتە سەر کەنداو. (صورة الأرض، ص٢٤٠)، دواتر ئەو هۆزە لە ڕووداوەکانی ساڵی (٣٧٩ك/ ٩٨٩ز) واتە: ڕووداوەکانی پاش مردنی (عضد الدولة) بە حەوت ساڵ، بەشداری هەبووە. (الروذراوري، ذيل تجارب الأمم، ص٢٠١).

**ـ خەتێ ـ الخطية:**

له سەرچاوه مێژووییەکاندا جگه له (ابن الأثير) هۆزێکی بەم ناوەمان له هیچ یەکێکی دی نەدیتەوه، ئەم باسی ئەوه دەکات، که: (أبا الهيجاء السمين) — که ئەمه یەکێك بووه له سەرکرده گەورەکانی سوڵتان سەلاحەددین — له کورده (خەتێ)یەکانه، بەڵام له شوێنێکی دیکەدا دێتەوه سەری و دەڵێت: ئەو له کورده حەکەمیەکانه (الكامل، ٩/٢٠٢، ٢٣٧).

جا دەشێ خەتێ تیرەیەك له تیرەکانی حەکەمی بێت، ئەو هۆزه گەوره و دەسەڵاتدارەی وڵاتی هەولێر، جگه لەوه (خەتێ) ئێستا گوندێکی ئاوەدانه و هەر له سەدەی نۆزدەیەمەوه ناوبانگی خۆی هەیه، ئەمەش به هۆی ئەو ڕۆڵەی که درایه پاڵ (مەلا محەمەدی خەتێ) له ڕووداوەکانی میرنشینی سۆرانی.

**ـ داربان ـ الداربان:**

ئەو هۆزه به لای (ابن الأثير)ەوه به ناوی ناوچەکەیانەوه (دارنان) ناوی دەرکردووه که ئەمەش هەڵەیه، دروستەکه (داربان)ە، ناوچەیەکه له هەرێمی خوزستان (اهواز)، ئەمەمان به وردبوونەوه له ڕووداوەکاندا هەڵهێنجاوه، دەنا نەمانتوانیوه به شێوەیەکی ورد ناوچەکەیان دەستنیشان بکەین، دیاره له ساڵی (٢٦٦ك/٨٨٠ز) کوردانی داربان لەگەڵ شۆڕشگێرانی زەنج شەڕیان له نێوان دروست بووەو لەو شەڕەدا سەرکەوتن بۆ ئەوان بووه (تأريخ الطبري،٩/٥٥٥،الكامل،٦/٢٣).

**ـ دراده ـ دەرادە:**

سەرچاوه مەملوکییەکان ژیاننامەی کەسایەتییەکییان تۆمارکردووه، به ناوی (علم الدين أحمد کوڕی عبدالرحمن کوڕی عبدالكريم کوڕی عەلی کوڕی جەعفەر دراده)، که له ساڵی (٧١٨ك، ١٣١٨ز) یان ساڵێك دوای ئەوه (٧١٩ك، ١٣١٩ز) له قەرافەی میسر له ژیان دەرچووه (أبن حجر العسقلاني، الدرر الكامنه ١٢/١٦٧)، البرزالي، (تأريخ البرزالي ٤/ ٣١٥)، (المقريزي، المقفى، المقتفى الكبير، ١/ ٢٩٤ـ ٢٩٥)، ئەوەی لێرەدا گرنگه ئەوەیه که مەقریزی دەڵێت: دراده هۆزێکه له کوردان (المقتفى الكبير، ١/ ٢٩٥) لەم ئاماژەیه بترازێ، تا هەنووکە هیچ زانیارییەکم لەمەڕ ئەم هۆزه گومناوه دەست نەکەوتووه.



**ـ داسنی ـ دیسنی ـ الداسنية ـ الديسنية ـ داسن:**

داسن — (دیفه سنا) ناوێکی مێژووییە، هەر له کۆنەوه هاتۆته ناوەوه، واتای مێژوویی و ئایینی هەیه له مێژووی کوردی کۆن (بڕوانه: گۆڤاری لالش، ژماره (٦)، (دهوك- ئاب ١٩٩٦)، لا ١٠٦-١١٢)، له سەردەمی ئیسلامیشدا بووەته ناوی ئەو زنجیره چیایەی له نێوان شێخان و ئەتروش درێژدەبێتەوه، تا دەگاته دهۆك، واته: ((چیایەکی گەورەی باکوری موسله، له بەشی ڕۆژهەڵاتی دیجله)) (معجم البلدان، ٢/ ٤٣٢) وڵاتی (داسن)یش له لای (ابن حوقل) و (قس یوحنا) لەوه فراوانتره، ئەو ناوچەیەیه که زابی گەورەی پێدا تێدەپەڕێت (صورة الأرض، ص، ٢٦٠، تاريخ يوسف بوسنايا، ص٥٦،٨٢)، لەلایەکی دیکەوه، قەڵای (داسن) له چوارچێوەی ئەو ناوچه کوردیانەوه دەژمێردرێت که لەلایەن موسڵمانه فاتیحەکانەوه فەتحکراوه (فتوح البلدان، ص٣٢٧)، هۆز و تایەفه کوردییەکانی دانیشتووی چیای (داسن)یش به داسنییەکان ناسراون (معجم البلدان، ٢/ ٤٣٢).

ناوی (داسن) له کتێبێکی (سریانی کۆن)یش (له سەدەی ٢ك/٨ز)دا به شێوەی داسان هاتووه (ایشوعدناح البصري،الديوره في مملكتي الفرس والعرب،ص٨١،٤٨،٣٣)، بەڵام له هەندێ سەرچاوەی مەملوکی به (ی) هاتووه — دیسنی - (التعريف،ص١٤٩، السلوك،٢/ ٣٢٧).

داسنییەکان له ساڵی (٢٩٣ك/٩٠٦ز) له پاڵ حەمیدی و هەزبانییەکان وەکو پێشتر باسی لێوه کرا ڕاپەڕیون (الكامل، ٦/ ١١٢).

داسنییەکان لەسەر دەستی هێزەکانی مەغۆل له ناوەڕاستەکانی سەدەی (٧ك/١٣ز)، چی تاڵییه بەسەریان هات، ناچار ناوچەکانی خۆیان جێهێشت و به هەرێم و وڵاتەکانی دیکەدا بڵاوبوونەوه، دواتر هەندێ کۆمەڵیان هاتنەوه وڵاتەکانی خۆیان، (العمری) دەڵێت: ((داسنی له ڕووی ژمارەو جۆر و کۆمەڵییەوه زۆر باش بوون، تا میرەکەیان (بدر کوڕی کیایك) (؟) به خۆی و ماڵ و منداڵەکانی وڵاتەکەی جێهێشت... بەمه پەرش و بڵاوبوون و لێکجیابوونەوه...)) (مسالك الأمصار، ٣/ ١٣٤—١٣٥).

هەندێ تایەفەی داسنی کەوتنه شامی میسر، لەوێ چوونه ریزی ئەو تیپه کوردییەی له چوارچێوەی سوپای مەملوکیدا هەبوو (التعريف، ص ١٤٩)، بەڵام هەواڵی میرەکانی داسنی به تەواوەتی له سەرچاوه مەملوکییەکاندا ونه، میر (بلبان الديسني)که له ساڵی (٧٣٠ك/ ١٣٣٠ز)کۆچی دوایی کردووه یەکێکه لەوانه (السلوك،٢/ ٣٢٧).

یەکێك لە قوربانیانی داسنی بە دەستی مەغۆل، (خضر کوڕی جعفر کوڕی زادە الداسنی)یە، کە لە " الدر الکامنە" بە "الدشتی" هاتووە، ئەوەش هەڵەیە.. ئەم پیاوە زوو پەیوەندی بە هۆلاکۆ کردبوو، ئەویش ڕێزی لێگرتبوو و لە خۆی نزیك خستبۆوە، بەڵام دواتر لێی تورە دەبێ، دەیکوژێ و منداڵە بچووکەکانیشی و لە نێویشیان (عومەر)ی ناسراو بە (جمال الدین)ی لە دایکبووی ساڵی (٦٦١ك/ ١٢٦٣ز)، "کە ئەمە لە هدیە العارفین، ٧٩١/١ بە جلال الدین هاتووە، بەڵام ئەمە هەڵەیە" فرۆشت و (صاحب شرف الدین هارون الجوینی) ئەمەیانی کڕی و لە منداڵییەوە هەلی خوێندنی مۆسیقاو هونەرەکانی گۆرانی گوتن و مۆسیقاژەنی بۆ رەخساند، بەمە ناوبانگی دەرکرد و لە ماوەیەکی زوودا بووە یەك لە مامۆستاکانی مۆسیقا و مۆسیقاژەنی، چووە شام و پەیوەندی بە مەمالیکەکان کرد، بۆیە الملك الناصر محمد کوڕی قلاون (٦٩٣-٧٤١ك/١٢٩٤-١٣٤٠ز) بە دوایدا نارد کە چووە لای خستییە نێو حاشییەی خۆی و مووچەیەکی بۆ بڕیەوە و خستییە چوارچێوەی پیاوانی ئەڵقە تایبەتییەکەی خۆی.

(جمال الدین عمر الداسنی) کتێبێکی لە زانستەکانی مۆسیقا و هونەرەکانی ژەنین و گۆرانی گوتن دانا، ناوی نا: (الکنز المطلوب في الدوائر والضروب)، نوسخەیەکی دەستنووسی ئەو کتێبە لە کتێبخانەی (الاصفیە – سرکر علی) لە شاری (حیدر آباد)ی پاکستانییە (الدرر الکامنة، ٩٧/٣، کشف الظنون، ٢/ ٤٣٧، هدیة العارفین، ٧٩١/١، فارمر، مصادر الموسیقی العربیة، ص١٦، ١٠٣).

ئەوەی تایبەتە بە مردنیشی، (حاجی خلیفە) باسی دەکات و (بابانی)ش لەوەوە دەیگوازێتەوە: گوایە ئەو لە ساڵی (٨٠٠ك/١٣٩٨ز) مردووە، کە ئەمە مێژوویەکە بە دوور دەزانرێت، (ابن حجر) شوێنی مێژووی مردنی بە بەتاڵی بەجێهێشتووە، بەڵام زۆرتر پێدەچێت لە دەوروبەری ساڵی (٧٤٨ك/١٣٤٧ز) مردبێ، ئەمەش بەو پێیەی کە یەك لە لێکۆڵەرەکان پێی گەیشتووە، (کشف الظنون، ٤٣٧/٢، هدیة العارفین، ٧٩١/١، عبدالرحمن مزوري، مشاهیر الکرد، الفنان عمر الداسني، ترجمة عیدو بابە شیخ، مجلة لالش، العدد (٢-٣)، دهوك، ١٩٩٤، ص ١٩٥-١٩٦).

شیاوی ئاماژە پێدانە: عەلامەی خوالێخۆشبوو (مەسعود محمد) کەوتۆتە هەڵەیەکی مێژوویی، کاتێك هاتووە تێکەڵاوی کردووە لە نێوان (جمال الدین عمر کوڕی خضر الداسنی)ی مۆسیقاری بەناوبانگ و یەك لە نووسەرەوەکان بە ناوی (خضر کوڕی عمر الکویسنجقلی)، کە



ساڵی (٧٧٦ك/١٣٧٤ز) لە شارۆچکەی (کۆیسنجاق)، کتێبی (الأذکار)ی (ئیمامی نەوەوی)کەلە (٦٧٦ك/١٢٧٧ز)کۆچی دوایی کردووە لەبەرگرتۆتەوە، (مسعود محمد) ئەو دوو کەسانەی بە یەك کەس زانیوە، ئەمەش بە تەنیا لەبەر ئەوەی لێکچوون لە نێوان ناوی دووانییان هەبووە، ئیتر بەبێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەرچاوە گرنگیپێدەرەکان، ئەم بڕیارەی داوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەڵە بێ پاساوەش، درێژەی داوە بە قسەکردن لەسەر شاری کۆیە کە چەند ئاوەدان بووە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست، شارێك بووە لە بوارەکانی هونەر و مۆسیقادا پێشکەوتوو و بووژاوە بووە!! (حاجی قادری کۆیی، ١/ ٣٦٠-٣٦٤).

### – دوکەری – الدکریة ـ Dogari:

زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی مێژووی (دوکەری)یەوە لە کوردستاندا نییە، زیاتر وا پێدەچێت، ئەمە لە هۆزەکانی باکوری وڵاتی شام بووبێ، هەروەها لێرەدا لە بارەی ناسنامەی ئەو هۆزەوە کێشەیەکیش لە نێوان مێژوونووسان هەیە، بەرزالی (البرازلی)کە لە (٧٣٩ك، ١٣٣٨ز) دەڵێت: لە هۆزەکانی کوردە و قسەش هەیەکە دەڵێن، کە هۆزێکی تورکمانە. (المقتفی، ٣/ ٣٨٧). (ابن ناظر الجیش)کە لە (٧٨٦ك/١٣٨٤ز)کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمە هاوچاخی (سالم الدوکری)ی بەناوبانگترین پێشەوای دوکەرییە، (سالم)ی لە چوارچێوەی میرە تورکمانەکان داناوە (تثقیف التعریف،ص٧٣،،السلوك،٩٩٠/٤،النجوم الزاهرة،٣٦٦/١٤)، بەڵام مێژوونووسی دیمەشقی (ابن حجی)ی کەلە (٨١٦ك/١٤١٣ز) ئەو کە هاتۆتە سەر (سالم الدکری) بە ((سەرۆکی کوردان))ی ناوبردووە، وا پێدەچێت لە دیمەشق، لە ساڵی (٧٩٦ك/١٣٩٤ز)، بینیبێتی (تأریخ أبن حجی،٥٧/١)،لە هەمان کاتدا (ابن حجر)کە لە (٨٥٢ك/١٤٤٨ز)کۆچی دوایی کردووە لە بارەی (دوکەری)یەوە گوتوویەتی: ((تیرەیەکی کوردانە)) (الدرر الکامنە، ٢٦٧/١). هەروەها گوتراوە (سالم الدکری) لە میرەکانی تورکمانە (انباء الغمر،٤١٣/١).

ئێمەش مەیل بەلای ئەوە دەبەین (سالم الدکری) لە سەرۆکە تورکمانەکان بێ، ئەمەش نەفی ئەوە ناکات کە دوکەری هۆزێکی کوردی بووبێ، هەروەها دەشێ ئەوەش بگوترێ کە (دوکەری)یەکان هۆزێکی تێکەڵ بن لە کورد و تورکمان، چونکە لە راستیدا بەشەکانی باکووری وڵاتی شام هەر لە سەردەمی ئەیوبییەوە، پڕبووە لە هۆزو تایەفە کوردی و تورکمانییەکانیش کە لەوناوچانەدا لەتەك یەکتری ژیاون.

لە سەردەمی هێرشەکانی تەیموری لەنگ بۆسەر کوردستان و وڵاتی شام، (دوکەری)یەکان دەسەڵاتێکی هۆزەکییان هەبووە، بۆیە لە ساڵی (٧٩٦ك/١٣٩٤ز)یدا (سالم الدکری) دەچێتە دیمەشق بۆ پاڵ مەمالیکەکانی شام و یارمەتی لێ وەرگرتن بۆ بەرپەرچدانەوەی تەیموری لەنگ، (مەمالیك)ەکانیش پێشوازی لێدەکەن و لە گۆڕەپانی هۆزەکان لە دیمەشق خەیمەیەکی بۆ هەڵدەدەن، لەوێ دادەبەزێ، ئیتر دوای ئەوە دێت پێش لە (تەیموری لەنگ) دەگرێتەوەو بەرەنگاری دەکات (تاریخ أبن حجی،١/٥٧).

موحەددیس و پیاوی باش (أبو بکر کوڕی غازی کوڕی أبوبکر کوڕی غازی الدکری الکردی البعلبکی)ی (٦٣٦-٧٠٨ك/١٢٣٨-١٣٠٨ز)یش یەکێکە لە پیاوە ناودارەکانی ئەم هۆزە (الدرر الکامنه، ١/٢٦٧). لە سەردەمی عوسمانیش (دوکەری ـ دوکەرلی) بە یەکێك لە تیرەکانی هۆزی مەزنی (ملی ـ ملان) دادەنرا.

**ـ دونبلی ـ دنبل - الدنبلیة:**

هۆزێکی دێرینە و لەدرێژایی چاخی ناوەڕاست و سەردەمی عوسمانیدا ناسراو بووە، بە هۆی ژمارەیەك لە رۆڵە ناودارەکانی کە لە زۆربەی بووارەکانی مەعریفە ناوبانگییان دەرکردووە، هەواڵی ناپچڕێت. تاکەکانی ئەو هۆزە لە ناوچەی لەیەکجیا و لەیەکدوور نیشتەجێبوونە، (عمری) راستی کردووە کە گوتوویەتی: ((دنبلی پەرش و بڵاون لە وڵاتەکەو لە هەموو دۆڵێکدا لێکتر دابڕاون)) (مسالك الإبصار، ٣/١٣٥)، ئیتر نازانین شوێنی بنجییان کوێیە.

هەر لە رۆژانی مەسعودییەوە هەندێ تیرەی دونبلی هاتوونەتە وڵاتی شام (مروج الذهب، ٢/١٢٤)، (عبد الرحمن کوڕی أبی الورد الدنبلی)ش لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەی زایینی، لە کەسایەتییەکانی میرنشینی دۆستەکی ـ مەروانیی بووە (تاریخ الفارقی، ص٩٣) ئەمەش لەوانەیە بەڵگەیەك بێ لەسەر بوونی دونبلیەکان لە هەرێمی جەزیرە و دیاربەکر، لە ماوەی دیاریکراودا (حضارة الدولة الدوستکیة، ص٢١٠).

لە گێڕانەوەیەکیش کە کوردانی دونبلی لەسەر زاریانە، میر (عیسا)ی باپیرە گەورەی میرانی دونبلی، لە جەزیرەی بۆتانەوە چووەتە ئازەربێجان، لەوێ یەك لە سوڵتانە کۆنەکان ناوچەی (سکمان ئاباد)ی بۆ بڕیوەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش، ئەوا نیشتمانی بنجی دونبلیەکان بە پێی راستترین گێڕانەوە و گوت، لەلای بەدلیسی، ویلایەتی (بوختی ـ بۆتان)ە، بۆیە بە (دونبلی بوخت) ناسراون، لەگەڵ ئەوەشدا دونبلی هەر بە یەك لە هۆزەکانی هاوپەیمانی بوختی مایەوە (شرفنامە، ص٢٧٤، ٥١٣-٥١٥).



لە ژیاننامەی یەکێك لە کەسایەتییە کوردییە دنبلیەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە هەندێ خەڵکی ئەم هۆزە لە شارۆچکەی (معلثایا) نیشتەجێبوونە (معجم الألقاب، ٣/٥١١).

ئەوەی گومانیشی تێدا نەبێ، ئەوەیە: چەندین تیرە و تایەفەی دنبلی بە درێژایی چاخە ئیسلامییەکان لە چەندین ناوچەی رۆژهەڵاتی موسل ماونەتەوە، کە بە وردتر دەستنیشانی بکەین، دەڵێین: لە چیاکانی مەقلوب و موختار (مسالك الإبصار، ٣/ ١٣٥)، (فەیروز ئابادی)کە لە (٨١٧ك/ ١٤١٤ز)کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: ((دنبل لەسەر کێشی قنفذ، هۆزێکی کوردانی ناوچەکانی موسله)) (القاموس المحیط، ٢/ ١٣٢٣).

پیاوانی (دنبلی) پەیوەندییان کرد بە پاشاکانی ئەیوبی، ئەگەرچی ئەمە وەکو دەردەکەوێت، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکیشدا بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی هۆزە کوردییە گەورەکانی تر، میر (سیف الدین الدنبلی)ش سەرۆکی حامیەی (افامیه)ی وڵاتی شام بوو، لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەیوبیدا، بەرپەرچی سەربازەکانی مەغۆلی دایەوە و لە ناوچەکەی خۆی دووری خستنەوە (مفرج الکروب،٦/ ٣٠٧، تأریخ أبو الفداء، ٢/٣٢٠).

لەلایێکی دیکەوە: (دنبلی)یەکان لە ناوچە سنوورییەکانی چوارچێوەی ویلایەتەکانی (خوی و وان) میرنشینێکیان هەبوو، کاتێك کە أوزون حسن (حسن الطویل) (٨٥٧-٨٨٢ك/١٤٥٣-١٤٧٧ز) ویلایەتی هەکاریی لە بنەماڵەی شنبو (شمو) داگیرکرد، فەمانڕەوایی ئەو ویلایەتەی دایە (دنبلی)یەکان (شرفنامە،ص ٢٣٩).

دنبلی لە ماوەی سەردەمی عەباسیدا ژمارەیەك فەقیهو موحەددیسی دیاریان بەرهەم هێناوە، لەوانە:

- فەقیهی مالیکی وموحەددیس (أبو الحسن رضوان کوڕی إبراهیم کوڕی مەملانی دنبلی کوردی).. ئەمە لە یەکێك لە شارە سنوورییەکانی نێوان وڵاتی موسڵمانان و وڵاتی کافران دەژیا کە ئەو ناوچانە هەمیشە پڕبوونە لە سەرباز و موجاهید بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان. لەو شارەدا ئیمامی یەکێك لە مزگەوتەکان بووە، ئامادەی دەرسەکانی (حافظ السلفي) بووە، بۆ ئەوەی فەرموودەی لێ ببیستێ، (السلفی) پێی سەیر بووە، دەدرێتە پاڵ (دنبلی)، لە بارەیەوەی دەڵێت: ((شارەزایی و خۆشەویستییەکی باشی بۆ مەزهەبی مالیکی هەبووە))، هەر لەو شارە لە مانگی سەفەری ساڵی (٥٤٣ك/١١٤٨ز) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شارەش نێژراوە (معجم السفر، ١/١٩٦).

- موحەددیس (محمد) یان (ابو محمد کوڕی وهبان الدنبلی).. ئەوە لە موحەددیسە گەورەکانی شیعەی ماوەی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەی زایینییە (عبد الرزاق بیك الدنبلي، تجربة الاحرار وتسلية الابرار، ١/٤٦).

- قازیی شافیعی (أبو العباس أحمد کوڕی نصر کوڕی حسین الأنباري)ی ناسراو بە (الشمس الدنبلی).. لە "معجم البلدان"یش بە "الدیبلی" هاتووە کە ئەمە هەڵەیە، ئەمە خەڵکی (دنبلیی)ی سەر بە (موسل)ە، مێژوونووسان ئەوەیان بۆمان روونکردۆتەوە کە لەبەرچی دراوەتە پاڵ (الأنبار)؟ هاتۆتە (بەغداد)و لە خانەی خەلافەی عەباسی، بووەتە جێگری (قاضي القضاة کمال الدین أبو الفضائل یحیی کوڕی القاسم الشهرزوري)کە لە (٥٩٩ك/١٢٠٢ز) کۆچی دوایی کردووە، پیاوێکی دادپەروەر و بەویژدان و لەخواترس بووە، لە بڕیارەکانی خۆی یەکڕا بووە، پابەندی شەریعەت بووە. جارێکیان لە مەسەلەیەکدا چاکەی لەگەڵ (یاقوت)دا کردووە و هەقی بۆ وەرگرتۆتەوە، بۆیە (یاقوت) لەبارەیەوەی دەڵێت: "لە بارەی وەرع و دین و ڕێگرتنی لە حوکمێك کە نەگونجاوە هەواڵی باشی هەبووە، لە فەرمانەکانی ئەوانە نەترساوە کە بە ناڕەوا فەرمانیان بەسەردا کردووە و مادام بە ناهەقی زانیوە فەرمانەکانیانی ڕەتکردۆتەوە، هەرچەندە بۆ بێجگەی خۆی شتی وەها ستەم بووە، بەڵام ئەو لەسەر هەقدا لە لۆمەی کەس نەترساوە، چاکەی لەگەڵ منیش کردووە، خودا پاداشتی بداتەوە و ڕەحمێکی زۆری پێبکات، چاکەکەیشی ئەوە بوو، هەقێکی بۆ من گەڕاندەوە کە ماوەیەك کەوتبووە نێوان من و ئەو هەقە، ئەوەش بەبێ ئەوەی پێشتر یەکتریمان ناسی بێ، یان یەکێك لەلای ئەو شەفاعەتی بۆمن کردبێ، بەڵکو مەسەلەکە ئەوە بوو، ئەو لە پشتی پەردەیەکی تەنکەوە بۆ هەقی ڕووانی، ئامۆژگاری بەرامبەرەکەمی کردو بە نەرمییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد، تا وای لێکرد دان بە هەقدا بنێ" (معجم البلدان، ١/ ٢٥٨).

شمس الدنبلی لە پۆستەکەی خۆیدا (دادوەری) دەمێنێتەوە، تا قازیی شارەزووری لە ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز) عەزلدەکرێت، ئەوکاتە پێکەوە دەگەڕێنەوە موسل، لەوێ وەکو مودەڕیس و موفتیی مەدرەسەی نیزامی کۆن و مەدرەسەی کەمالی دادەمەزرێت، تا لە ساڵی (٥٩٨ك/١٢٠١ز) یان لە ساڵی (٦٠١ك/١٢٠٤ز) کۆچی دوایی دەکات، (ابن باطیش)ی ژیاو لە (٥٧٥-٦٥٥ك/١١٧٩-١٢٥٧ز) خاوەنی کتێبی (طبقات الشافعیه) کە ئامادەی مەراسیمی نوێژ لەسەرکردن و شاردنەوەی بووە، دەڵێ: (شمس الدنبلی) دەقی زۆری بۆ کێشەکان دەهێنایەوە و لە فەتواکانیدا زۆر صائیب بوو، گرنگیشی بە کتێبی (الوسیط)ی (أمام



الغزالی)کە لە (٥٠٥ك/١١١١ز)کۆچی دوایی کردووە دەدا (معجم الالقاب، ١/٨٩-٩٠، الوافي بالوفيات، ٨/١٣٦-١٣٧، طبقات الشافعية الكبرى، ٦/٦٧).

- موحەددیس و بازرگان (قوام الدین أبو الحسن علی کوڕی أبی بکر کوڕی سلێمان کوڕی إبراهیم کوڕی حسن الدنبلی)ی خەڵکی شارۆچکەی (معلثایا — مالطا)ی هاوتخوبی شاری دهۆك کە ئەمە لەدایکبووی ساڵی (٥٤٨ك/١١٥٣ز)یە، لە سەفەرەکانی خۆیدا لە لایێك فەرموودەی کۆکردۆتەوە و لەولاوەش بازرگانی کردووە، دەڵێن: سەردانی چل وڵاتی کردووە، تیایاندا گوێبیستی فەرموودە بووە و تۆماری کردوون، دواتر چۆتە ئەسکەندەرییە، لەوێ ئامادەی دەرسەکانی (الحافظ السلفي) بووە. لە ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز)یش لە ڕێگەی چوونی بۆ حەج، بە بەغدادا تێپەڕیوە و فەرموودەی تێدا پێشکەشی خەڵکی کردووە (ابن النجار، تاریخ بغداد، ١٨/١٥١-١٥٢، معجم الألقاب، ٣/٥١١، سیر أعلام النبلاء، ١٥/٢٨٤، الوافی بالوفیات، ٨/١٣٦-١٣٧)، (سلێمان)ی براشی وەکو خۆی موحەددیس بووە (القاموس المحیط، ٢/١٣٢٣).

- بهاء الدین الدُنبلي، هەموو ئەوەی تا ئێستا لە بارەیەوەی دەزانین، ئەوەیە کە (دار القرآن)ی لە خانەی خەلافەی عەباسی لە بەغداد دروستکردووە، ئەمە وەکو مەدرەسەیەك وابووە بۆ پێگەیاندنی قورئان خوێنان، باشترین قورئانخوێنانی ئەو ڕۆژگارە تیایدا مامۆستا بوونە، لەوانە: تقی الدین علی کوڕی عبدالعزیز الأربلي (٦١٠-٦٨٨ك/١٢١٣-١٢٨٩ز) گەورەی قورئانخوێنانی عێراق لە سەردەمی خۆی (تاریخ الاسلام، حوادث (٦٨٠-٦٨٩هـ، ص ٣٣٧، الوافي بالوفیات، ٢١/١٦٣) و عزالدین الحسن بن فضائل البرجوني (معجم الالقاب، ١/١٣٨).

- سلیمان الدنبلی: ئەمە لە شێخەکانی محێدینی ناسراو بە (ابن العربی)ی (٥٦٠-٦٣٨ك/١١٦٥-١٢٤٠ز) خاوەنی کتێبی (الفتوحات المکیه)یە (www.alwaraq.com).

- حسام الدین الدنبلی کە لە (٦٨٣ك/١٢٨٤ز)کۆچی دوایی کردووە، لە قوتابیانی شاعیر " جلال الدین الرومی"ی (٦٠٤-٦٧٢ك/ ١٢٠٧-١٢٧٣ز) خاوەنی (مەسنەوی)یە کە لە هەر قوتابییەکی تر لای ئەو مامۆستایەی خۆشەویستتر بووە، لە سەرۆکایەتی تەریقەی (مەولەوی)یشی بە جێگری خۆی داناوە، لە زیاتر لە مەسنەوییەکی خۆی پێدا هەڵداوە،

تیایاندا بە (ضیاء الحق) وەسفیدەکات و وەکو کوڕی ڕۆحی خۆی دایدەنێت. ئەمە لەو سۆفییە کوردانەیە کە گوتەی بەناوبانگی ((امسیت کردیاً واصبحت عربیاً))یان دەدرێتە پاڵ. (جلال الدین مولوي، مثنوي معنوي، تحقیق رینولد نیکلسون، ص ٣-٤، ١٥٦، ٢٥٣، ٤٧٦، ٦٣٢، ٧٩٤، ٨٠٠)، (جلال الدین الرومی) لە یەکێ لە قەسیدەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (حسام الدین) کوردە، ئەوەتا دەڵێت:

همجنان مقصود من زین مثنوي
أي ضیاء الحق حسام الدین تواي
مثنوي أندر فروع در اصول
جمله آن تست((کردستي)) قبول

(مثنوي معنوي، دفتر جهارم، ص٥٠٤).

**- ڕەهزادی ـ الرهزادیة:**

لە هۆزە ونەکانی وڵاتی هەکارییە، هی شارۆچکەی بامەڕنی و دەوروبەری بوونە، مێژوونووس و بولدانییە موسڵمانەکان بێ ئاگابوونە لەو هۆزە، بەڵام قەشەی سریانی یوحنا کوڕی کلدون (سەدەی ٤ك/١٠ز)، ئەو گوتوویەتی: لە گوندی بامورنی (ڕاستییەکەی: بامەڕنی) پیاوێکی گەورە و بەناوبانگ هەیە، لە (ڕەهزادی)یەکانە (تاریخ یوسف بوسنایا، ص، ٦٢،١٠٨).

میر (علی کوڕی داود الکردی)یش کە خەلیفە (معتضد)ی عەباسی (٢٧٩—٢٨٩ك/٨٩٢—٩٠٢ز) بە والی موسل دایمەزراند، لەو (ڕەهزادی)یانە بوو (التنبیه والإشراف، ص٦٤)، ناوەکەی لەلای (ابن الأثیر) بریتییە لە (علی بن داود بن رهزاد الکردی). (الکامل، ٧٣/٦).

**- ڕوادی ـ ڕەوەندی ـ الروادیة — ڕاوندی:**

ڕوادی تیرەیەکی هۆزی گەورەی هەزبانییە، یانیش تیرە و لقێکی کۆچەرو ڕەوەندەکانی ئەو هۆزە گەورەیە (الکامل، ١٠١/٩، وفیات الأعیان، ٧/ ١٣٩-١٤١)، پێدەچێت ناوە دروستەکەی بە کوردی (ڕەوند) بێ، وەکو (بدلیسی) وەهای چەسپاندووە (شرفنامە، ص١٧٣) کە بە مانای هۆزە کۆچەر و گەرمیان و کوێستانکەرەکانی بە دوای لەوەڕ دێت، چونکە تیرەو لقەکانی هەزبانیی کۆچەر و نیمچە نیشتەجێشن، لە وەرزەکانی ساڵدا لە دەشتی (هەولێر)ی



فراوان و ناوچەی نێوان هەردوو زاب و هاوینەهەوارەکانیان لە چیاکانی ئازەربێجانی ڕۆژئاواو ئاران و ئەرمینیا، هەمیشە گەرمێن و کوێستانیان کردووە (صورە الأرض، ص٢٠٥، ٢٨٩).

لە لایەکی دیکەوە، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا وا تێدەگەین، کە (الرواد) یان (رواد)، ناو یان نازناوی کەسایەتییەکی مێژووییە، ئەویش باپیرە گەورەی میرانی ڕوادی خاوەنانی (ئازەربێجان)ن، چونکە (ابن حوقل) وای نووسیوە: ((أبو الهیجاء بن الرواد)) و ((أبو الهیجاء بن رواد)) (صورە الأرض، ص٢٨٩، ٣٠٣)،/ (مسکویە)کە لە (٤٢١ك/١٠٣٠ز)کۆچی دوایی کردووە، ئەویش وەهای تۆمارکردووە ((حسین کوڕی محمد کوڕی الرواد)) (تجارب الأمم، ١٨٠/٢)، هەرچەندە بۆ زانین، هەردووکیان لەو ماوە مێژووییە ژیاون کە میرنشینی ڕوادی تێدا دەرکەوتووە، بەڵام لە گێڕانەوەی مێژوونووسانی دواتر، ناوەکە بە (الروادی) هاتووە (تأریخ الفارقي، ص٢٠٨—٢٠٩، الکامل، ٢٧٤/٨، وفیات الأعیان، ١٣٩/٧).

دیارە بە بۆچوونی یەکێك لە مێژوونووسان، لە کۆندا وا عادەت بووە، ناوی باپیر لە پێش ناوی باوك بۆ کەسەکان بنووسرێت، ئەگەر ئەوەش وەها بێت، ئەوا مەبەست لە (الرواد) ئەوە نابێ، ناوی کەسێك بێ، بەڵکو ئەمە دەبێتە درانە پاڵ بۆ (بنی الرواد). (بڕوانە: حسام الدین النقشبندی، آذربیجان، ص١٣٥).

هەرچی (مینۆرسکی)یە، ئەو بۆ ئەوە دەچێت کە: بەنی ڕوادی کورد کە لە سەرەتای سەردەمی بووەیهی (دەوروبەری ساڵی ٣٤٣ك/٩٥٤ز) لەسەر شانۆی ڕووداوەکاندا دەرکەوتن، ئەوان نەوەی بەنی ڕوادی عەرەبن کە لە هۆزی (ئەزد) و لە ڕۆژانی دەسەڵاتی خەلیفە (المتوکل علی اللە)ی عەباسی (٢٣٢—٢٤٧ك/٨٤٧—٨٦٢ز)، فەرمانڕەوای هەندێ شاری ئازەربێجان بوونە وەکو (ارومیە، تەورێز..) بەڵام بەڵگەی بۆ ئەو ڕایەی، تەنیا لێکچوونی وشەیی نێوان ناوی هەردوو خێزانە، نەك هیچی تر (دائرە المعارف الإسلامیە، مادە آذربیجان، ١٢٩/١)، یەك لە لێکۆلەرانیش بە قەرینە و بەڵگەی مێژووییەوە ئەوەی دەرخستووە کە هیچ پەیوەندی، یان هاوبەندییەك لە نێوان هەردوو خێزاندا نییە (آذربیجان، ص١١٤—١٢٧).

کورد هەر لە زووەوەو بەر لە فتوحاتی ئیسلامی، بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لەیەکجیا لە چەندین شوێنی ئێرە و ئەوێی ئەرمێنیا و قەفقاز ژیاون، ئەوەتا (باب الأکراد) لە شاری (بردعە) و (نهر الأکراد) لە (ئەرمینیا) لە ڕۆژئاوای دبیل — دوین بوونە. لە هەواڵەکانی فەتحی ئەرمینیاشدا ئەوە هاتووە: سەرکردەی موسڵمان (حبیب کوڕی مسلمە) لە (أرجیش)ەوە سەفەری کرد... بە (نهر الأکراد)دا تێپەڕی و لە مێرگی (دبیل) دابەزی...). (فتوح البلدان،

ص٢٠٣، معجم البلدان، ١٤٦/١)، له سەردەمی عەباسیشدا جالیاتی کوردی له شارەکانی (برذعة، بیلقان، دوین و ولاتی ئەرمەن)دا هەبوونە (الدینوري، الأخبار الطوال، ص٤٠٥،مسالك الممالك،ص١٠٩، المقدسي، أحسن التقاسیم، ص٢٨٩).

دەشکرێ بگوترێ: زۆربەی ئەو کوردانەی ئەوناوچانە لە تیرە و تایەفەکانی روادی بوونە، (محمد کوڕی شداد کوڕی کورتك) یەك لە سەرکردەکانی روادی بووە، توانیویەتی میرنشینی شەدادی لە دەوروبەری ساڵی (٣٤٠هك/٩٥١ز) دابمەزرێنێ، هەر لە هەمان ماوەدا سەرۆکێکی دیکەی روادی لە هەرێمی ئازەربێجاندا میرنشینی روادی دامەزراند (لەبارەیەوەی بڕوانە: آذربیجان، ص ١٣٢–١٧٦)، هەروەها ئەیوبییەکانیش بە بنەچە دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (ئەجندانقان)ی هەڵکەوتوو لەسەر دەرگای (دوین)ی ئەرمینیا، کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کوردی روادی بوون (وفیات الأعیان، ٧/ ١٣٩–١٤١، سیر أعلام النبلاء، ٤٣٤/١٥)، کە ئەوسا و بەر لەوەی لەسەر داوەتنامەی برادەری بە وەفای خۆی (مجاهد الدین بهروز)ی شەحنەی بغداد لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو عێراق بێت، (شادی)ی باپیرەی (سەلاحەددین ئەیوبی) لە پیاوانی دەرباری (ابن أبی الأسوار کوڕی منوجهر الشدادی الروادی) بوو (تاریخ الفارقي نشر امدروس صفحات منه في ذیل تاریخ دمشق للقلانسي، ص٣١٦).

هەندێ خێزان و گرووپی روادی بەگەڵ ئەیوبییەکانی کوڕانی میللەتەکەی خۆیان کەوتن و بەرەو عێراق و دواتر ولاتی شام و میسر هاتن و هەمیشە پشتیوانییان دەکردن، لەوانە میر (عمر کوڕی ابی بکر)ی باوکی فەقیە و زمانەوانی بەناوبانگ (ابن الحاجب)کە لە (٦٤٦هـ/١٢٤٨ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەمە لە خزمەتی (اسد الدین شێرکۆ) بوو، بەشداری لە شالاوەکانی شێرکۆ بۆ سەر میسر کرد و رۆڵی گەورەی لەو سەرکەوتنانە بینی کە شێرکۆ لەو بەرەیەوە بەدەستی هێنا، دوای ئەوە لە ماوەیەکی دیکەدا بووە (حاجب)ی میر (عزالدین موسك کوڕی جکۆ)ی کوڕە خاڵی سوڵتان سەلاحەددین (وفیات الأعیان،٢٤٨/٣).

هەریەکە لە: (فارس الدین الروادی)کەلە (٧٠٦ك/١٣٠٦ز)، میر (سیف الدین محمد الروادی)ی میرانی (الطبردارية) و میر (سیف الدین أبو بکر)ی سەرکردەی (أجناد الحلقه)، ئەمانەش میرانی روادی بوون لەنێو سوپای مەملوکی (بیبرس الدوادار، زبدة الفکرة، ص١٣٤، ٢١٥، تاریخ الجزري، ٩٧٩/٢، البدایة والنهایة، ٤٠٦/١٤).

دواجاریش دەشێ لەوبڕوایە بین کە مێژوونووسی ناسراو بە (ابن حجر العسقلانی)کەلە (٨٥٢ك/١٤٤٨ز)ی خاوەنی دانراوە گرنگەکان لە بوارەکانی فەرموودە و فیقهو ژیاننامە



(تراجم) و مێژوو، ئەویش لە نەوەی میر (احمدیل کوڕی إبراهیم کوڕی وهسوذان الکردی الروادی)ی خاوەنی (مراغه)یە، کە ناوبراو لەسەر دەستی یەك لە (باطنیة)کانی شاری بەغداد لە ساڵی (٥١٠ك/١١١٦ز) کوژرا، چونکە رەچەڵەکی (ابن حجر) وەکو لە کۆتایی هەندێ لە کتێبەکانی خۆی بە دەسخەتی خۆی نووسیویەتی، لەلای باپیرەیەکی بە کۆتا دێت، ناوی (احمدیل)ە. (السخاوي، الجواهر والدرر في ترجمة شیخ الاسلام ابن حجر، ١٠١/١، انباء الغمر، ١٣/١ (مقدمة المحقق حسن حبشي)).

- **رۆژبەیانی ـ الروزبهانیة** — Rozhbayani:

ئەوە لە هۆزەکانی (گۆران)ی گەورەیە، لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە (درتنك) و (حەلوان) دادەنیشتن (شرفنامه، ص ٣٥١)، لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی کۆچی/ شازدەی زایینی (أبو بکر الروزبیانی) میری (درتنك) بوو، (مأمون بك،مذکرات مأمون بك، ص ٧٨- ٨٠)، بەڵام سەرچاوە فارسییەکان وایان داناوە ئەم هۆزە لە هۆزەکانی لوڕستانی بچووك بێ کە بە لوڕی رەسەن نازانرێن، چونکە لە دۆڵی (کول)ی ویلایەتی (مانرود)دا پێگەیەکیان نەبووە (تاریخ کزیده، ص٥٤٩-٥٥٠، نطنزي، منتخب التواریخ ص٥٣) بە واتا: ئەمانە لە چوارچێوەی رەعیەتی میرنشینی خورشیدی بوونە، لە لوڕستانی بچووك، بەبێ ئەوەی لە کوردە لوڕەکان بن. لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا هاتووە کە: رۆژبەیانی لە هۆزەکانی شولی هەرێمی (شولستان)ن، چونکە میر (سیف الدین مهاکانی رۆژبەیانی) لە سەرکردەکانی شولان بووە (منتخب التواریخ، ص٣٨)، (مەلا محمد جمیل رۆژبەیانی)ش کتێبێکی بەهێزی لەبارەی هۆزەکەی نووسیوە، تیایدا زانیاری نوێی شیاوی گرنگیپێدانی نووسیوە، ناوی زۆرێکی کەسایەتی سیاسی و ئاینیشی نووسیوە، کە هەر لە سەردەمی ساسانییەوە و بە درێژایی سەردەمە ئیسلامییەکانیش، نازناوی (رۆژبە) و (ڕۆژبەیانی)یان هەڵگرتووە (بڕوانە: نبذة عن العشیرة الروزبیانیة والمعروفین من الروزبیانیة، ط٢، أربیل ٢٠٠١)، بەمەش بەڵگەی مێژوویی بڕواپێکراوی لەسەر کۆنی (رۆژبەیان) تۆمارکردووە کە ئەم ناوە بە واتای (ئاسوودەکانی رۆژان) دێت، ناوێکی کۆیە و تاکی ئەم ناوە (ڕۆژبە)یە (نبذة، ص ٢٤)، بەڵام ئێمە نازانین پەیوەندی ئەم کەسایەتیانە بە رۆژبەیانەوە چییە و ئەو هۆزە دەدرێتە پاڵ کامەیان.

**- رۆژەکی ـ الروزکية — Rozhaki:**

سەرچاوە مێژووییەکانی بەر لە سەردەمی عەباسی باسی ئەم هۆزەی (رۆژەکی)یان نەکردووە، هەرچەندە یەکێك لە گەورەترین هۆزەکانی (بەدلیس و موش و أخلاط) بووە و بە لانی کەمەوە هەر لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) لەو ناوچانە فەرمانڕەوا بووە. ناوەکەی لە تۆمارەکانی دیوانی ئینشای مەملوکی بە (ش) نووسراوە رۆشەکی (تثقیف التعریف،ص٧٥،صبح الاعشى،٧/٣٠٢-٣٠٣)،هەروەها میر (ضیاءالدین الروزکي)یش ناوی هۆزەکەی هەر بە پیتی (ش) لەسەر مۆرەکەی هەڵکەندووە، نووسیویەتی: ((برسم الامیر ضیاءالدین بن شمس الدین الروشکي))، میر شەرەفخانی بەدلیسی کە تاکێکی هۆزی (رۆژەکی)یە، تەنیا مێژوونووسێکە کە زانیاری تێروتەسەل و وەکو پێویست لەبارەی هۆز و میرنشینی رۆژەکی خستبێتە بەر دەست، ئەو گێڕانەوەیەکی نیمچە مێژوویی لەبارەی دروستبوونی هۆزەکەی هێناوە، تیایدا ئەوە دەخوێنینەوە: رۆژەکی بە بنەچە هاوبەندییەکی هۆزەکانە، لە بیست و چوار هۆز و تایەفەی کوردی پێکهاتووە، رۆژێ لە رۆژان لە شوێنێك بە ناوی (تاب)ی سەر بە (خویت) لە ویلایەتی (موش) کۆبوونەتەوە، لە نێوان خۆیان لەسەر ئەوە رێککەوتوونە کە یەکیەتیەك پێکبێنن و هاوبەندییەکی هۆزەکی دروستبکەن، ئیتر ئەم هاوبەندییەی لەو کۆبوونەوەیە دروستبوو، ناونرا رۆژەکی (واتە: رۆژێك لە رۆژان). (شرفنامە، ص٥٩٧-٥٩٨).

لە ماوەی سەردەمی زاڵبوونی مەغۆلی و تورکمانی و عوسمانیش هۆزێکی گەورە و بەهێز بووە، میرنشینێکی لە بەدلیس و دەوروبەری هەبووە، میرەکەی لە میرە گەورەکانی کوردستان بووە، ناوی میر (شرف الدین ابو بکر)بووە، لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەغۆلی خاوەنی بەدلیس بووە، ئەمە یەکەم میری زنجیرەی میرانی ئەو میرنشینەیە (التعریف، ص٥٤، صبح الاعشى، ٧/٣٠٢-٣٠٣).

دەکرێ تیرە و لقەکانی رۆژەکی بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشبکەین، ئەوانیش:

کۆمەڵەی یەکەم: بریتییە لە هۆزەکانی بەدلیسی کۆن، واتە: دانیشتوانی بنجی ئەو شارەو دەوروبەری، ئەوانەش پێنج هۆز بوونە: قیسانی (کیسانی)، بایکی (بابکی)، ژوقیسی، مودکی (بودکی)، زیدانی.

کۆمەڵەی دووەم: ئەمە گەورەتر و فراوانتر بووە، ئەو هۆز و تیرەو لقانەی گرتۆتەوە کە هاتوونەتە ناوچەکانی بەدلیس و هاتوونەتە ژێر باڵی میرنشینی رۆژەکی و تیایدا نیشتەجێ



بوونە، ئەوانە بەپێی هەندێ گێڕانەوە لە ویلایەتی هەکاری هاتوونەتە ئەو ناوچانە، یانیش بە پێی گێڕانەوەیەکی تر لە وڵاتی بابان ـ شارەزوور هاتبوون، بە پێی گێڕانەوەی سێیەمیش دەڵێت: هەردوو هۆزی رۆژەکی و هەکاری لە هۆزە بابانییەکانەوە بوونەتەوە (شرفنامە، ص٤٨٢، ٥٩٨)، هەمووشیان دەچنەوە سەر دوو هۆزی بنجی کە بریتینە لە بڵباس و قەوالیسی، چونکە تیرەو لقەکانی بڵباس بریتین لە:

کلە جیری، خربیلی، بالکی، خیارتی (؟)، کوری، بریشی (بروش- بروزی)، سکری، کارسی، بیدوری، بلاکردی.

بەڵام تیرە و لقەکانی قەوالیسی بریتین لە:

زردوزی، ئەنداکی، برتافی، کردی کی (کردکی)، سهرودی، کاشاغی، خالدی، ئەستودکی (استورکی)، عەزیزان (شرفنامە، ص٦٠٣)، ئەم سێ لقەی دوایی لە (حصن کیفا)ش هەن (شرفنامە، ص٣١٥-٣٦٤).

(کلە جیری)ش هەر لە هۆزەکانی (گۆران)ە (شرفنامە ص ٥٥٢).

**- زەرزاری ـ زراری ـ زەرزا ـ الزرزارية:**

لە پاش هەزبانی زەرزاری بە دووەم گەورەترین و بەناوبانگترین هۆزەکانی هەولێر دادەنرێت، ناوچەکانیشی بریتی بوونە لە چیاکان و ئەو بەرزاییانەی لە بەری باکوورەوە بەسەر (هەولێر)یان دەڕوانی، هەروەها ناوچە شاخاوییە سەختەکانی نێوان خفتیان — رواندوز تا شنۆ— و زنجیرەی چیاکانی مرت (مامەڕووت؟) و جنجرین (کێلە شین) بووە و بەشێکی رێگەی بازرگانی نێودەوڵەتی هەولێر ـ مراغە ـ تەوریز)یش لەژێر کۆنترۆڵی ئەمانە بووە (مسالك الإبصار، ٣/ ١٢٩- ١٣٠، صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٦ — ٣٧٧).

ئەوەی پەیوەندی بە ناوی (زەرزاری)یەوە هەبێت، ئەوا ئەو ناوە تەواو کوردییە، لە دەستنووسی (مسالك الأبصار ١٣٠/٣)دا هاتووە: زەرزاری وشەیەکی ئەعجەمییە، بە واتای: کوڕی گورگ دێت، بەڵام راستییەکەی کوڕی زێڕە:

- زەر = زێڕ.

- زار — زارو = منداڵ، کوڕ.

(کاترمیر)ی رۆژهەڵاتناسیش تیشکی خستۆتە سەر ئەمە (دائرة المعارف الإسلامية، مادة أشنه، ٢/ ٢٢٢).

لە رۆژگاری پێش دەرکەوتنی ئەیوبییەکان، چەند کۆمەڵێکی زەرزاری بەرەو ولاتی شام و میسر چوون، فەقیهی ناسراو (محمد کوڕی علی کوڕی رمضان الزرزاری) لە دیمەشق لە ساڵی (٥٤٧ك/١١٥٢ز) لەدایكبوو و هەر لەوێ لە ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣٢ز) کۆچی دوایی کرد (الذهبی، تاریخ الاسلام، ص٣٧٥).

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ئەیوبیش لە میسر، پیاوانی زەرزاری پەیوەندییان کرد بە سوپای ئەیوبی، هەندێکیان لەو سوپایە پلە و پایەی بەرزیان وەرگرت، لەوانە: شێرکۆی کوڕی باخلی زەرزاری و نەوشێروانی زەرزاری و جەمالەدین خوشترینی زەرزاری (ابن شداد، النوادر السلطانية، ص١٩٤، سنا البرق الشامي، ص ٢٠٣)، و میری گەورە شروین کوڕی حەسەنی زەرزاری، (کە ئەمە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانی لە رزگارکردنی بەیت المقدس لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) شەهید بوون (تاریخ الاسلام، حوادث (٥٨١-٥٩٠ك)، ص١٥٢). هەروەها میر بدر الدین الزرزاری کە ئەمەش لە میرانی (الملك الناصر یوسف)ی میری حەلەب و دیمەشق بوو، لە شاڵاوی ئەیوبی بۆ سەر میسر لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) کوژرا (السلوك، ٣٧٥/١) لەگەڵ میر سیف الدین الزرزاری و ئەوانی دیکەدا (الروض الزاهر، ص١٧٠).

هەندێ گرووپی زەرزاریش هەر لە سەدەی (شەشەمی کۆچی/ دوازدەی زایینی)یەوە لە شاری (سنجار) جێگیر بوونە، ئەوەتا لە ساڵی (٥٧٨هـ/١١٨٢ز)دا کاتێك سوڵتان (سەلاحەددین) گەمارۆی خستە سەر شاری (سنجار) و بارەکەی لەسەر ئەو عەسکەرانەی ئەتابەکیەی موسل تەسك کردەوە کە تێیدا بوون، لەو کاتەدا یەك لە میرانی زەرزاری نێو ئەو قەڵایە، بە نهێنی پەیوەندی بە (سەلاحەددین)ەوە کرد و ئەرکی هاتنە ناوەوە و دەستبەسەرداگرتنی بۆ ئاسان کرد (الکامل، ١٥٨/٩)، بە هەمان شێوە قازیی شافیعیی ناسراو (بدر الدین یوسف کوڕی الحسن کوڕی علی السنجاری)ی کە لە (٦٦٣ك/١٢٦٥ز)کۆچی دوایی کردووە و براکەی، کە ئەویش قازی بووەوە ناوی (برهان الدین الخضر)کە لە (٦٨٦ك/١٢٨٧ز)کۆچی دوایی کردووە، هەردووکیان لە زەرزارییەکانن، هەردووکیشیان لە قازییە گەورەکانی میسر بوونە، لە هەردوو سەردەمی ئەیوبی و مەملوکی، ((سیرەی ـ بدر الدین ـ لە هەموو خەڵکی باشتر بووە... بە سەرۆکایەتی کردن و سەرکەوتوویی بەناوبانگ بووە... لە پیاوە باشەکانی رۆژگار بووە)) (الصقاعي، تالي كتاب وفيات الأعيان، ص٦٩، ١٦٨).



زەرزاری ژمارەیەك پیاوی سیاسەت و زانا و خاوەن چاکە و فەقیهو قازی بەناوبانگی لێهەڵکەوتووە، لەوانە:

- (أبو الحسن علی کوڕی سلار)ی ناسراو بە (الملك العادل سیف الدین)، وەزیری خەلیفە (الظافر الفاطمي) بۆ پێنج ساڵ (٥٤٣ — ٥٤٨ك/ ١١٤٨ — ١١٥٣ز)، (ئیبن خەلەکان) دەڵێت: ((لە هەندێ مێژووی میسریدا بینیومە، نووسراوە: ئەو کوردێکی زەرزاری بووە)) (وفيات الأعيان، ٣/ ٤١٦ — ٤١٨).

- بنەماڵە (ئیبن خلکان).. بەناوبانگترین ئەندامی ئەو بنەماڵەیە قازی و مێژوونووس (أبو العباس شمس الدين احمد کوڕی محمد کوڕی إبراهيم کوڕی أبی بكر کوڕی خلکان)ە (٦٠٨—٦٨١ك/١٢١١—١٢٨٢ز)، خاوەنی کتێبی (وفيات الأعيان)ە، (ابن خلكان) بە (موسا)ی کوڕی گوتووە: ئەوان سەر بە هۆزی زەرزارینە، دایك و باوکیشی خەڵکی شاری (بەلخ)ی (خوراسان)ن (وفيات الاعيان، مقدمة المحقق، ج٣، الصفحة ط).

(ابن خلکان) دوای ئەوەی ناوبانگی دەرکرد، پڕوپاگەندەی ئەوەی کرد کە ئەو لە بەرمەکییەکانە، ئەو مەسەلەیەی کە خستییە کێشمەکێش لەگەڵ نەیارەکانی، ئەو پڕوپاگەندەیەشی بووە جێی گلەیی و لۆمەیەکی زۆر کە شامییەکانی هاوچاخی خۆی ئاراستەیان کرد، (یونینی)ی کە لە (٧٢٦ك)کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: ((هەبوو دەیگوت: "ابو شامە" ئەو رەچەڵەکەی بۆ هەڵبەستاوە کە دەچێتەوە سەر بەرمەکیەکان، بەڵام وا نییە، ئەوەتا بەرگێکی (تأريخ أربل)ی وەزیرە (شرف الدين)م بەرچاو کەوت، ئەو باسی مردنی ئامۆزای (قاضي القضاة)، (واتە: أبن خلكان)ی نووسیوە، ئەویش داویەتییە پاڵ بەرمەکییەکان، ئەمەش لەوانەیە بەر لە دەرچوونی لە (أربل) بووبێ، صاحب كمال الدين (واتە: أبن العديم)یش باسی کردووە، ئەویش داوێتییە پاڵ بەرمەکییەکان)) (ذيل مرآة الزمان،٤/ ١٥٣، الوافي بالوفيات،٢٠٤/٧)، لە بەشە چاپکراوەکەی (تأريخ أربل)ی (ابن المستوفي)ش دەبینین، کە ئەوە پاساوی ژیاننامەنووسینی دوو لە مامەکانیەتی کە لە بارەی (ابن خلكان)یان نووسیوە، ئەوانیش (الفقيه عمر کوڕی خلکان)ی مردوو لە (٦٠٩ك/١٢١٢ز)کۆچی دوایی کردووە و (حسێن کوڕی خلکان)ی کە لە (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) کۆچی دوایی کردووە و نەیانداوەتە پاڵ بەرمەکییەکان (تاریخ اربل، ٢٨٣/١، ٣٣٣) بەڵکو لە ژیاننامەی (عمر کوڕی خلکان)دا گوتراوە: ((خەڵکی گوندێکە بە باپیرەوە دەناسرێ و دراوەتە پاڵ ئەو، ئەمەش لەسەر شێوازی درانەپاڵ لە زمانی کوردیدا)) (تاریخ اربل، ٢٨٣/١)، (أبن الشعار الموصلي)کە لە (٦٥٥ك/١٢٥٧ز)کۆچی دوایی کردووە، ژیاننامەی یەك

له تاکەکانی خێزانی خەلەکانی نووسیوە، لە بارەیەوەی گوتوویەتی: ((له نەوەی کوردانە)) (قلائد الجمان،٤٧٧/١ نقلا عن مقدمة أحسان عباس لكتاب وفيات اللأعيان،ج٧).

پڕوپاگەندەی (ابن خلكان)یش بە گەڕانەوە بۆسەر بەڕامیکە فارسەکان، وای کرد خەڵکی بڵێن: لە بنەچەدا زەرزارییەکان فارسن، (العمری) دەڵێت: ((دەڵێن یەك لەو عەجەمانەی بوونەتە کورد، ئەو عەجەمانەن کە دەچنەوە سەر پاشاکانیان ـ واتە: بەرمەکیەکان ـ) (مسالك الابصار، ١٣٠/٣، صبح الاعشى،٣٧٦/٤).

بنەماڵەی (خلكان) لە خێزانە دێرینەکانی وڵاتی (هەولێر)ن، مێژووەکەی بە لانیکەم بە سێ سەدە دەکەوێتە پێش سەردەمی قازی (ابن خلكان)، چونکە أبو القاسم عبيد الله کوڕی خلكان لە هاوڕێ نزیکەکانی شاعیر ابی الطيب المتنبی (٣٠١-٣٥٤ك/٩١٣-٩٦٥ز) بووە، پەیوەندی بەهێز و گۆڕینەوەی دیاری لە نێوانیاندا هەبووە، جارێکیان (عبيدالله کوڕی خلكان) دیارییەك دەداتە (متنبی)، (متنبی) یەکڕاست ئەو شیعرەی پێدا هەردەڵێ:

قد شَغَل الناس كثرةَ الامل
وانتَ بالمُكرَماتِ في شغلِ
تمَّثلوا حاتِماً ولوا عقلوا
ولكنت في الجد غاية المثلِ
اهلاً وسهلاً بما بعثتَ به
ايها ابا قاسم وبالرُسُلِ

تا کۆتایی شیعرەکە
(ديوان المتنبي بشرح الواحدي، ٩٠/١)

(ابو القاسم)یش لە بۆنەیەکی دیکەدا، جامێکی پڕ لە حەلوای بۆ دەنێرێ، ئەویش لەسەر دیوی دەرەوەی جامەکە بە زەعفەران ئەم دێڕانەی بۆ دەنووسێ:

اقُصرُ فَلستَ بزائدي وداً
بلغَ المدى وتجاوَزَ الحدا
ارسلتَها مملوءةً كرماً
فَرَدَدُتها مملوءةً حمدا



جاءتكَ تطفح وهي فارغة
مثنى به وتظُنها فردا

(ديوانه،٩١/١)

بنەماڵەی زەرزاری چەندین کەسایەتی بەناوبانگیان هەبووە، لە نێویاندا فەقیهی شافیعی (أبو محمد إسماعيل کوڕی سعيد کوڕی إسماعيل الزرزاری) و (أبو يعقوب يوسف کوڕی سعيد الزرزاری) و (أبو حفص عمر کوڕی محمد کوڕی سعيد کوڕی إسماعيل الزرزاری) (تاريخ اربل، ١/ ٢٧١، ٢٧٥ — ٢٧٦)و چەندین کەسایەتی دیکەیشی هەبووە، لەوانە:

- (إبراهيم کوڕی علی الزرزاری)کە لە ساڵی (٧٤١ك/١٣٤٠ز)کۆچی دوایی کردووە (الدرر الكامنه، ١/ ٥٠).

- (الفقيه المالكی محمد الزرزاری)کەلە شەعبانی ساڵی (٨٠٠ ك/ ١٣٩٨ز)کۆچی دوایی کردووە (أنباء الغمر، ٢/ ٣٣).

سەرچاوە مێژوویيەکانی وەکو: (تاريخ أربل وتاريخ الإسلام للذهبي والوافي بالوفيات والدرر الكامنة والضوء اللامع...) پڕن لە ناوی کەسایەتییە ناودار و بەناوبانگەکانی زەرزاری.

لەسەر ئاستی سیاسیش، پێشەواکانی زەرزاری نیمچە میرنشینێکی بچووکی سەر بە میرانی (هەولێر)یان دروستکرد، بنکەکەی قەڵای خوفتیانی پارێزراو بوو کە وای لێهات بە خوفتیانی زەرزاری، یان (خوفتيانی أبی علی الزرزاری) ناسرا، ئەوەش وەکو درانە پاڵ بۆ میر جمال الدين أبی علی (معجم البلدان، ٣٨٠/٢، وفيات الاعيان، ٥٠٥/٣، مسالك الابصار، ١٣٠/٣).

شارۆچکەکانی (شنۆ و سیدەکان و بالەکیان و بەرازگرد) و جگە لەوانەش لەژێر فەرمانڕەوایی زەرزاریەکان بوونە (تثقيف التعريف،ص٥٩)، لە میرەکانیشیان لە کۆتایی سەردەمی عەباسی میر (حسام الدين داود الخفتيانی) دیارە، کە لە میرەکانی خەلیفە (الناصر)ی عەباسی (٥٧٥-٦٢٢ك/١١٧٩-١٢٢٥ز) بووە (معجم الالقاب ٤٩٣/٤).

خوتیان کە لە زمانی کوردیدا سووك بووە و بووەتە هاودیان، دواتر بووە شارۆچکەیەکی ئاوەدان، چونکە ((لەسەر لوتکەی چیایەکە، لەژێرەوەی رووبارێکی گەورەی هەمیشە رۆشتوو و بازاڕ و دۆڵێکی گەورە هەیە)) (معجم البلدان، ٣٨٠/٢)، ئەو شارۆچکەیە خانەی داد و دامەزراوەی دیکەیشی سەر بە میرنشینی لێ بووە، هەندێ لەو قازیانەی کەوا دیار بن، بریتین لە: (بهاء الدين عبدالعزيز کوڕی محمد العمری)ی ناسراو بە (قازیی خوفتیان)، هەرچی کوڕەکەشیەتی (مجد الدين أبو محمد موسی) کە لە ساڵی (٦٦٥ك/١٢٦٦ز)، لە مەراغە چووەتە لای (أبن الفوطي)ی مێژوونووس،

ئەویش نووسەرێکی لێزان بووە، لە حیساب و کاروبـاری ویلایاتـدا زانـا بـووە، شـارەزایی تـەواوی هەبووە لە ڕێکخستنی کاروبارەکان و ناسینی عومالەکان (معجم الالقاب، ٥٤٢/٤).

لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز)یش خاتون توتـاکجی کـچی هۆلاکـۆ قوتابخانـە و خـەڵوەتگا ـ خانەقایەکی لە خوفتیان دروستکرد (معجم الالقاب، ٢٤٦/١).

زەرزاری کە دواتر وای لێهات بە زەرزا ـ زراری ناسرا، وەکو هۆزێکی گـەورەی خـاوەن هێـز و دەسـەڵات تـا سـەردەمی عوسمانییـەکان مایـەوە، لـە هـەموو ئـەو مێژووەیـدا پارێزگـاری لـە میرنشینەکەیشی کرد کە لە کۆتاییەکانی سەردەمەکانی ناوەڕاست، پانتاییـەکی جـوگرافی باشـی هـەبوو، سـنوورە کارگێڕییـەکانی شـنۆ و لاهیجـانی دەگرتـەوە، بەدلیـسی لـە فەهرەسـتی شەرەفنامەکەیدا بەشێکی بۆ میرنشینی زەرزا تەرخانکردووە، بەڵام لـە ناوەڕۆکەکەیـدا نـەهاتووە مێژووەکەی بە درێژی باسبکات، بۆ ئەوەش دەشێ پاساوی ئـەوە بـووبێ کـە زانیـاری پێویـستی دەست نەکەوتووبێ.

پاشتر لە کۆتاییـەکانی سـەدەی پازدەیـەمی زایینـی، (بـیر بـوداق بەبـە)ی دامەزرێنـەری میرنشینی بابان هەرێمی (لاجان — لاهیجان)ی لە دەست هۆزی زەرزا بە زەبری هێز دەرهێناوە. (شرفنامە، ص ٤٧٤).

**- زەرکی — زەرکەلی ـ الزرقیة — Zargi:**

لە هۆزەکانی دەوروبەری ئامەد و میافارقین وحصن کیفای کوردستانی باکوورە، لە مـاوەی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ پازدەیەمی زایینی، لە بەهێزترین هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە بـووە، شـوێنی بنـەڕەتی ناوچـەکانی (ترجیـل و عتـاق)ی نزیـك شـاری (ئامـەد) بـووە، بـە پێـی گێڕانەوەیەکی نیمچە ئەفسانەیی، میرانی زەرکەلی لە ڕەچەڵەکی (شیخ حسن کوڕی سـید عبـد الرحمن)ی نەوەی ئیمام (إسماعیل کوڕی جعفر الصادق)ن، کە ئەم پیاوە بە شێخ (حسن الازرقی) ناسراوە، چونکە پیاوێکی چاو شـین بـووە، یـانیش لەبـەر ئـەوەی جلوبـەرگی شـینی پۆشـیوە (شـرفنامە، ص٤١٣)، ئەمە لەگەڵ منداڵەکانی لە وڵاتی شامەوە هـاتووە و تێکـەڵ بـە کـورد بوونە. دیارە پێشەواو سەرۆك هۆزە کوردییەکان و تەنانەت شێخ و پیاوە ئاینییەکانی کوردیش، بە بەردەوامی لەبەر هۆکار و پاڵنەری زانراو، ڕەچـەڵەکی خۆیـان بردۆتـەوە سـەر (ال البیـت)، دیارە (شیخ حسن)یش دوای ئەوەی بـە لەخواترسـی و وەرع و زوهـد دەرکـەوتووە، بـە راسـتی سەرکەوتووە لەوەی بە ئاواتی خۆی بگات، ئیتر خەڵك لە دەوری کۆبوونەتـەوە و وایـان زانیـوە سەرچاوەی خێر و چاکەیە، کە ئەمە وای لێکردووە لە قۆناغی دواتردا بتوانێ خەڵکێکی زۆر لە



شوێنکەوتە و پشتگیرانی خۆی کۆبکاتەوە، ئیتر بەمە وای لێهاتووە منـداڵ و نـەوەکانی شـێخ حەسەنی زەرقی ببنە میری دەڤەرەکە و دەسەڵاتی سیاسی بەهێزیان لەسـەر قـەڵاو شـووراکانی سەر بە ئامەد و حصن کیفا بچەسپێنن، هەر ئەمانـە توانییـان چـوار خێزانـی فـەرمانڕەوا لـە قەڵاکانی دەرزینی و کردەکان و ترجیل و عتاق دابمەزرێنن (شرفنامة، ص٤١٣-٤٢٧).

نازانرێ ئەو حەکایەتەی لەبارەی بنەچەی زەرکەلی چنراوە هەتا چەند راستە، بەڵام ئەوە دەزانرێ کە ئەم هۆزە هۆزێکی کوردیی ناسراو بووە، هەر لـە سـەدەی هەشـتەمی کۆچـی/ چواردەی زایینی هێز و دەسەڵاتێکی گەورەی هـەبووەو چـەندین قـەڵاو شارۆچـکەی لەبـەر دەست دا بووە، هەواڵی جووڵانەوە و چالاکییە سەربازییەکانی بە بـەردەوامی لـە سەرچـاوە فارسی و میسرییەکاندا هاتووە (إنباء الغمر، ٢٨٠/١، ٢٩١،کتاب دیـار بکریـە، ص ٣٢، ٤٨، ٥٧، ٩٥)، هەمووشیان بە پێچەوانەی شەرەفنامە جەخت لەسەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئەم هـۆزە هـۆزێکی کوردییـە، بـەڵکو (یـەعقوب بێکـی زرقـی)ی کـە لـە (١٥٧٨ز) لـە پێشەنگی ئەو شاعیرانەی کـورد بـووە کـە شـیعریان بـە زمـانی دایـك نووسـیوە، دیوانـە شعرێکیـشی بـە زمـانی کـوردی هـەبووە، (شـرفنامە، ص٤١٥). زرقـی ئێـستاکە بـە (زەرکـەلی) دەناسـرێن، ئەمـەش دیـارە دوای ئـەوە وای لێهـاتووە، کـە پاشـگری (لی)ی درانەپاڵ لە تورکی و عوسمـانیی خراوەتـە سـەر ناوەکـەی، ئـەوش لەسـەر شـێوازی هـۆزە کوردییەکانی دیکەش وەکو: (حەیدەرانلی، جبرانلی...)، نووسەر و مێژوونووسـی ناسـراو و خاوەنی قاموسی (الإعلام) کە (خیر الدین زەرکەلی)یە، ئەویش یەکێکە لە زەرقییەکان (لە بارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە: وتارێکی: عبد الرحمن الباشـا، لـە گۆڤـاری شـارەوانی دهـۆك، ژمارە (٣) ١٩٩٨، لا ١٠٦ — ١٠٧).

**- زموم ـ الزموم - زموم الأکراد:**

هۆز و تایەفە کوردییەکانی هەرێمی فـارس ئەوانـەی ناوچـەکانیان بەسـەر دەریـای فـارس (کەنداو) ـ باشووری ئێران ـ یاندا دەڕوانـی، هـەر لـە سـەردەمی ساسـانییەوە و بـە درێـژایی سەدەکانی یەکەمی دەرکەوتنی ئیسلام، یەك لە ڕەگەزە گرنگەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان پێکدەهێنا، ئەمانە بە ڕۆڵی گرنگ هەڵـساون لـەو ڕووداوە سیاسـیانەی لـە ڕۆژانـی یەکـەمی فتوحاتی ئیسلامی و لە سەردەمی ئومەویش ڕووبەڕووی ناوچەکەیان بووەوە (فتوح البلدان، ص ٣٨١، تاریخ الطبري، حوادث سنة (٢٣هـ)،١٧٨/٤،١٨٣،١٨٦).

ئەو هۆز و تایەفانە دابەشببوونە سەر پێنج زموم، یان رموم، کە تاکەکەیان (زم)، یان (رم)ەو بە واتای ((شوێنی کوردان و ماڵەکانیان دێت لە زمانی فارسی)) (نزهە المشتاق،١/٤١٨، معجم البلدان، ٧١/٣)، تا ئێستاش بە شوێنی تایبەتی هۆزە کۆچەریەکان لە لەوەڕگا شاخاوییەکانیان دەگوترێ (زومە)، ئەمەش واتە: کۆمەڵە خێمە و رەشماڵێك.

زومەکان بریتی بوون لە:

١ـ زەمی رمیجان.. ئەمە بە زەمی (جیلویە)ش دەناسرێ، سەرۆکی زەمەکانە، لە هەموو زەمەکانی تر گەورەترە، (جیلویە الکردی)ش کە لە گەورە سەرکردەکانی خەلیفە (أمین)ی عەباسییە (١٩٣-١٩٨ك/٨٠٩-٨١٣ز)، لە ساڵی (١٩٦ك/٨١١ز) کوژراوە (الیعقوبی، تأریخ الیعقوبی،٣٠٩/٢).

٢ـ زەمی لوالجان، ئەمە لە دوای رەمیجان دێ لەرووی قەوارەوە، لە ماوەی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی بە زەمی (احمد بن اللیث الکردی) ناسراوە.

٣ـ زەمی دیوان، یان زەمی (حسین کوڕی صالح).

٤ـ زەمی مازنجان، یان زەمی شەهریار.

٥ـ زەمی کاریان، بە زەمی (أحمد کوڕی حسن) و زەمی (أردشیر)یش دەناسرێت.

وەکو دیارە هەموو زەمێك بە ناوی سەرۆکەکەی دەناسرێت (مسالك الممالك،ص٧١-٧٢، صورة الأرض، ٢٣٦).

(ابن البلخی)ی (ساڵی ٥٠٠ ك/١١٠٦ز) لەژێر ناونیشانی (ذکر کردان بارس)دا دەڵێت: ((سوپای فارس لەو کوردانە پێکدەهات، ئەمانە چەك و پارە و ئەسپ و دابەی زۆریان هەبوو، بەڵام زۆربەیان لە شەڕەکانی رۆژانی فەتحی ئیسلامی کوژران، ئەوەی مایەوەش پەرش و بڵاو بوون و لێکجیابوونەوە، کەسیان لێ رزگار نەبوو، تەنیا پیاوێکیان نەبێ، کە ناوی (علك بور) بوو، ئەمە بووە موسڵمان و کوردانی فارس ـ واتە: هەرێمی فارس ـ لە نەسلی ئەو پیاوەن))، (فارسنامە، ص٢٤٠، بە فارسیە)، (ئەو باس لە چەکدارەکان دەکا نەك هەموو کورد) لەگەڵ ئەوەشدا کورد لە هەرێمی فارسدا تا رۆژانی غەزوی مەغۆلی بۆ سەر هەرێمەکانی رۆژهەلاتی ئیسلامی هەر مانەوە، زۆربەش بوون، بە شێوەیەك کە نەکراوە سەرژمێرییان بکرێ، یان بژمێردرێن، تەنها لە دیوانی (الصدقات) نەبێ (صورة الأرض، ص٢٣٦).

بولدانییەکان ژمارەی کوردی ئەو زومانەیان وەها داناوە: ((بەڵام ناوچەکانی کوردان، لەوە زۆرترن سەرژمێری بکرێن، بەڵام ئەوان بە تەواوی ناوچەکانی وڵاتی فارسیان،(...)زیاترن لە پێنجسەد هەزار رەشماڵ، وەکو عەرەبەکان لە زستان و هاویندا گەرمیان و کوێستان دەکەن، بە



دوای لەوەڕگا، لە هەر ماڵێکدا (...) لە نێوان پیاوێك تا دە پیاو دەردەچن — لەلای (الأصطخري)ش هەزار سوار تا سەد سوار — لە پیاوان و بەم شێوەیە)) (مسالك الممالك، ص٧٢، صورة الأرض، ص٢٣٦، أحسن التقاسیم، ص٣٣٢، ٣٣٩).

بەڕێوەبردنی هەر لایێکی ئەو زەمانە و پارێزگاری لێکردنیان و بەرقەرارکردنی ئاسایش تیایاندا بە سەرۆکێکی کورد سپێردراوە، ئەو بەرپرسە لە ((چاککردنی کاروبارەکانی ناوچەکەی و پاراستنی کاروانەکان و رێگاکان و هەڵسان بە کاروبارەکانی سوڵتان، ئەگەر گەیشتە ناوچەکانی و جێبەجێکردنی فرمانەکانی کە لەوە وەکو مەمالیکە...)) (صورة الأرض، ص٢٣٩، معجم البلدان، ٧١/٣).

بولدانیە موسڵمانەکان زیاتر لە سی ناوچە (زوم — زومە)یان لە ناوچەکانی هۆزە کوردییەکانی فارس ژماردووە کە بریتین لە:

(الکرمانیة، الرامانیة، مدین، حي محمد بن بشر، البقیلیة، البنداذمهریة، حي محمد بن إسحاق، الصباحیة، الإسحاقیة، الاذرکانیة، السهرکیة، الطمادهنیة، الزیادیة، الشهرویة، البندادقیة، الخسرویة، الزنجیة، الصفریة، الشهیاریة، المهرکیة، المبارکیة، الاستامهریة، الشاهویة، الفراتیة، السلمونیة، الصیریة، الازاددُختیة، المطلبیة، المالیة، اللاریة، البرازدختیة، الشاهکانیة، الجلیلیة) (مسالك الممالك، ص ٧٢، صورة الأرض، ص٢٤٠، أحسن التقاسیم، ص٣٣٩).

(ابن حوقل) بیستویەتی لە هەر یەکە لەو ناوچانە هەزار سوار، یان کەمتر و یان زیاتر دەردەچێت، لە زستان و هاویناندا بەرەو گەرمیان و کوێستانەکان دەچن، تەنیا کەمێکیان نەبن، کە لەسەر سنووری (صرود) — واتە: ناوچە ساردەکان— کوێستان— زۆزانن، بەڵام هەرچی خەڵکی (جروم) — واتە: گەرمیانن — ئەوان نە دەجولێن و نە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە، بەڵکو بەو ناوچانەی هەیانە واز دێنن، بە هۆی پیاو و دابەکانیان توڕەیی و هێزێکی وەهایان هەیە، زەحمەتە سوڵتان بتوانێ شتێکیان لەگەڵ بکات، ئەگەر بیەوێت... دەشڵێن: ئەوانیش لە سەد ناوچە زیاترن، بەڵام سی و چەندێکیان لێ ژماردوون. (صورة الأرض، ص ٢٤٠ — ٢٤١).

### - زەنگەنە ـ الزنگنە Zangana:

لە هۆزەکانی هەرێمی چیاکان ـ کوردستانی رۆژهەڵاتە، لە ماوەی سەردەمی عەباسی بەو ناوە نەناسرابوو، یەکەم ناوهاتنی زەنگەنە بۆ سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەی زایینی

دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی دەسەڵاتێکی هۆزەکیی دروستکرد و وڵاتی کنگاور و ناوچەکانی دەوروبەریی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەو ڕۆژە هەزار پیاو لە خزمەتی میری ئەو هۆزە دابوون، کە ناوی (جمال الدین بالان) بوو، بە ئازایەتی و زیرەکی وەسفکراون (مسالك الإبصار، ٣/ ١٢٦).

گێڕانەوەیەك هەیە، دەڵێت: هەر سێ هۆزی (سیامەنسوری و جەنکنی و زەنگەنە) لە سێ (برا)یانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە زێدی خۆیان کە لوڕستان، یان وڵاتی گۆران و ئەردەڵانە دەرچوونە (شرفنامە، ص٥٥١) هەندێ کۆمەڵی زەنگەنە هاتوونەتە نێو سنوورەکانی عوسمانی و لە هەندێ گوندی سەر بە ویلایەتی کەرکوك جێگیر بوونە.

دەکرێ بشگوترێ: پەیوەندییەك هەیە لە نێوان زەنگەنە و شازنجان کە ئەمەی دووەم یەکێکەوە لە گەورەترین هۆزەکانی هەرێمی چیاکان و شارەزوور.

**- زوهەیری ـ الزهیریة:**

هۆزێکی نیمچە بزرە، ڕاکان زیاتر لەسەر ئەوەین کە ئەمە تیرەیەکە لە تیرەکانی جاوانی گەورە، ناوچەکانی نیشتەجێبوونی دەکەونە وڵاتی زاب و نەعمانییەی باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا و بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کە هەر لە سەردەمی ئیسلامییەوە خەڵکی ئەو ناوچانە تێکەڵەییێك بوونە لە کورد و عەرەب.

وەکو دیاریشە، ناوی ئەو هۆزە، کە (زوهەیری)یە، درانەپاڵە بۆ کەسایەتییەك بە ناوی (زوهەیر)، لەوەوەیە بە (بنو زوهیر) ناسراون، وەکو ئەمە لە شیعرەکانی شاعیر (حیص بیص) بە دیار دەکەوێت (بڕوانە: دیوانی ناوبراو،١/٢٧٩).

ئەو هەواڵانەی لەبەر دەستمانە سەبارەت بە زوهەیری هەمووی تایبەتە بە میر (فخر الدین ابو حرب (ابو المظفر — ابو المهند) هندی کوڕی ابی فیاض الزهیری الکردی)، ئەمە لە میرە گەورەکانی عێراق بووە لە سەردەمی خەلیفە مقتفی عەباسی (٥٣٠-٥٥٥ك/١١٣٦-١١٦٠ز)، لە ڕووداوەکانی ساڵی (٥٤٩ك/١١٥٤ز)یش باسی هەیە، بەڵام چالاکییە سیاسییەکانیمان لەلادا ڕوون نییە، (ابو الغنائم نجم الدین محمد کوڕی علی الهرثي)ی شاعیر (٥٠١-٥٩٢ك/١١٠٧-١١٩٦ز) بە قەسیدەیەکی حەڤدە بەیتی پیای هەڵداوە، کە ئەدەبدۆستان ئەم قەسیدەیان بە تەڕترین و ناسکترین قەسیدە ژماردووە، لە یەك کاتدا پیاهەڵدەر و پیاهەڵدراویشی گەورە کردووە، ناوبانگەکەی سنووری عێراقی بەزاندووە، جێی سەرسامی و ڕێزی ئەهلی ئەدەب و شیعردۆستان بووە، بۆیە دڵیان گیرۆدەی بووەو نووسەرو مێژوونووسان ئاماژەیان پێکردووە، (ابی عبدالله اللارجانی) گێڕاویەتییەوە دەڵێ:



((مرۆڤێك لە سەمەرقەند- لە وڵاتی ئەودیوی زێ ـ پێی گوتم: ئەمەش ئەوکاتەی باسی خۆشی تەبیعەتی خەڵکی عێراق و ناسکی دەربڕینەکانیان کرا: بۆ خەڵکی عیراق ئەوەندەیان بەسە، یەکێکی وەهایان تیا بێ گوتبی:

تنبَهي يا عَذَبات الرَندِ
كم ذا الكرى؟ هبّ نسيم نجد

ئیتر لەبەر ناسکی و خۆشی وشەکانی چەند جارێك ئەو دێڕەی دووبارە کردەوە)).
مەبەستیشی دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەی (ابن المعلم)ە.

ئەم هۆنراوەیە کاریگەریەکی زۆری لە دەروونی عیمادی کاتبی ئەسفەهانیی کەلە (٥٩٧ك/١٢٠٠ز) کۆچی دوایی کردووە بەجێهێشتووە، چونکە کەسێك بووە زۆری حەز لە شیعری باش کردووە، بۆیە وەکو ئاماژەی بۆ کرا، زۆر بەو هۆنراوەیە کاریگەر بووە، بەم شێوەیە ڕای خۆی لە بارەیەوەی دەربڕیوە: ((وشەیەك لە ناسکی شنە بای بەیانی ئەفسوناوی، لەگەڵ چنینێکی جوانی تەستوری، هات و بە فریای کەوت و هێرشی هێنا، تا وای لێهات گۆرانیبێژەکان گۆرانییان بۆ گوت، (گۆرانی دۆستان)یش ئارەزووەکانیان لەو دۆزییەوە، بە تایبەت لە پێشەکییە پەسند و عاشقایەتییەکەی، لە شیرینی و بەرزی و خۆشییەکەی، کە ئەوەش لە پیاهەڵدانی میر (هندیی کوردی) بوو...)) (خریدة القصر وجریدة العصر،القسم العراقي، ١/٤٣٨ - ٢،٤٣٩/٣٧٢)، ئەم دێڕانەی لێ گوازتۆتەوە:

تنبَهي يا عَذَبات الرَندِ
كَمْ ذا الكرى هَبَّ نّسيم نجدِ؟
مرّ على الروض وجاء
سحراً يسحب بردي أرج وبردِ
حتَّى إذا عانقت منه نَفْحَهُ
عادَ سَمُوماً، والغرامُ يُعدي
واعَجبا منّيَ! أستشفي الصَّبا
وما تَزيدُ النّارَ غيرَ وَقْدِ
أعَلَلِ القلبَ ببانِ ((رامَةٍ))
وما ينوبُ غُصُنٌ عن قَدّ
إن نكَّ الغيثُ الحِمى، وضَنَّ

أن يُنيرَ في عِراصها ويُسْدي
سقته عيني، ورَمَتْهُ
أضلُعي بوابل وبارق ورعدِ
طَرف يجف المُزن وهو واكفٌ
كإنما جَفناهُ كفا هِنـــدي
(خريدة القصر، القسم العراقي، ١/٤٣٩-٤٤١، معجم الالقاب، ٣/٢٢٦—٢٢٧).

شاعیر (حیص بیص) له ژمارەیەك هۆنراوەیدا پێیدا هەڵداوە. (بڕوانە دیوانەکەی:١/٣٦٠-٣٦١، ٢/٢٧٩-٢٨٢، ٢٩٩، ٣/١٦٢، ٣٧٢ -٣٧٤) له یەکێکیاندا دەڵێت:

أجا وسلمى ام بلاد الزاب
وابو المهند ام غضنفر غاب؟
رفع المنار بنو زهير في العلى
بالفارس المتغطرف الوهاب

(ديوان حيص بيص، ٢/٢٧٩)

**- زومانی - الزومانیة:**

هۆزێکی دیکەی نیمچە نادیارە، هەرچەندە میرنشینیشی هەبووە، ناوچەکانی تێدا نیشتەجێبوونی دەکەونە هەرێمی ئەرمینیا - له بەری باشووری دەریاچەی وان (بحيرة اخلاط). (معجم البلدان، ٣/ ١٥٩).

**- زێباری - الزیباریة:**

له هۆزە کوردییەکانی عەقرە و شوشن کە تا ئێستاش لەو شوێنانەن، بە ناوی شوێنەکەیان (زێبار)ەوە ناسراون، (زێبار)یش پەیوەندی هەیە بە ناوی زێی زابی گەورە کە بە واتای کەناری زێ دێت. زێبار و وڵاتی زێباری لە کتێبەکەی (صبح الأعشى: ٤/ ٣٧٨)دا، بە هەڵە بۆ وڵاتی (دینار و دیناریه) گۆڕاوە.

له ماوەی سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی، دوو میری زێباری دەسەڵاتی ئەو هۆزەیان لە نێوان خۆیان دابەشکردبوو، یەکێکیان (إبراهيم کوڕی میر محمد الزابی) و ئەوی تریان (میر شهاب کوڕی بدر الدين برش) بوو، ژمارەی پیاوەکانیشیان نزیکەی پێنسەد پیاوی چەکدار بوو.



هەر لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسییەوە زێبارییەکان خاوەنی هێز و دەسەڵات بوونە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە سەرۆکەکەیان (إبراهيم کوڕی محمد) پەیوەندی باشی لەگەڵ خەلیفە عەباسییەکانەوە هەبووە، خەلافەتیش دانی بە هەموو ئەو ناوچانەدا ناوە بۆی کە لەژێر دەسەڵاتی دابووە. لە دوای مردنیشی کوڕێکی بچووکی هاتە جێی و خۆی لە پەنای (مبارز کاك المازنجانی الحمیدی) نا، ((بۆ ئەوەی بۆی ببێتە پشت)) (مسالك الإبصار، ٣/ ١٣٢-١٣٣).

هەر لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەغۆلیش، دەسەڵاتی زێبارییەکان رووی لە زیاد بوون و گەورەبوون دەکرد، ئەمەشیان لەسەر حسێبی مازنجانیەکان بوو کە ئەمانەی دووەم تیرەیەکی هۆزی گەورەی حەمیدی بوون، دوای ئەوەی نەوەکانی میر (مبارز الدين كاك المازنجاني الحميدى) نەیانتوانی پارێزگاری لە میراتەکەی باپیریان بکەن، ئیتر دەسەڵات لە عەقرەو شوش و زێبار کەوتە دەست زێبارییەکان، و بوونە خاوەنی ژمارەیەك قەڵا، لەوانە: قلادە، شوش، عمرانی، بازیران، ئەمەش بەر لەوەی، کە ئەو ناوچەیە بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی میرانی عەمادیە. (شرفنامە، ص٢٥٧).

**- ساکی:**

لە هۆزە کوردییەکانی لوڕستانی بچووکە، بەڵام بە بنەچە بە لوڕ ناژمێردرێن، چونکە شوێنی نیشتەجێبوونی لە دۆڵی (کول)ی ویلایەتی (مانرود) نەبووە. (کزیدە، ص٥٥٠، شرفنامە، ص١٤١).

لە ساڵی (٨٠٥ك/١٤٠٢ز)یش سوپایەکی تەیموری بە ڕێنمایی تەیمور لەنگ هێرشی هێنایە سەر ئەو هۆزەی ساکی و ماڵ و موڵکەکانیان بە تاڵان بردن. (یزدي، ظفرنامە، ٢/٢٧٨، میرخواند،روضة الصفا، ٦/٣٩٦، التاريخ الغياثي، ص١٩٦).

**- سڕات - السراة:**

هۆزێکی نادیاری دیکەیە، مەسعودی ئاماژەی بۆ کردووە. (مروج الذهب، ٢/ ١٢٤)، بەڵام وا پێدەچێت مەسعودی بە هەڵەچووبێ و شتەکانی لێ تێکەڵبووبێ، چونکە (سڕات) یان (شڕات)ی خەواریجی بە هۆزێکی کوردی ژماردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوانە لە ناوچە کوردییەکاندا، بە تایبەتی لە شارەزوور و ئازەربێجان و ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ - کە ئێستا بە دەریاچەی شڕات دەناسرێت - بڵاوبوونەوە، (دیسم کوڕی إبراهیمی شادلویە)ی

میری ئازەربێجانیش (٣١٥-٣٤٦ك/٩١٧-٩٥٧ز)، لە خەواریجەکان بوو. (مسکویە، تجارب الأمم، ٢/ ٣٢).

**ـ سورجی ـ السرنجیة (؟):**

لە بارەی سورنجییەوە لە کوردستان هیچ شتێك نازانرێت، مێژوونووسە میسرییەکان لە ڕێگەی ڕۆڵە کۆچکردووەکانی ئەو هۆزە بەرەو وڵاتی مەملوکی، ئەو هۆزە نادیارەیان ئاشکراکردووە، ئیتر مەقریزی ئەو هۆزەی لە ریزی هۆزە کوردییەکان ژماردووە. (الخطط المقریزیة، ٣/٤٠٥، السلوك، ١/٤).. (فیروز آبادي)ش دەڵێت: ((سرنج: وەکو عەرنەد هۆزێکی کوردانن)). (القاموس المحیط، ١/٣٠٠).

زانایانی ئەو هۆزە لە زانستی فەرموودەدا پسپۆرییان وەرگرتووە و تیایدا دەرکەوتوون، لەوانە:

ـ (المحدث ابی منصور محمد کوڕی احمد کوڕی مهدی السرنجی)قوتابی ژمارەیەك زانا بووە، یەك لە مامۆستاکانی (حافظ السلفي)یە، لە (نصیبین)دا شتی لێوەرگرتووە. (سیر أعلام النبلاو،١٥/٢٨٣) ئەمە باوکیشی بە هەمان شێوە زانا بووە لە فەرموودەدا. (القاموس المحیط، ١/٣٠٠).

ـ (المحدث علي کوڕی عبدالرحمن یان علي کوڕی عبدالله کوڕی عبدالرحمن السرنجي) لە شێخەکانی (ابن حجر العسقلاني) بووە، صحیح مسلم و سنن ابی داودی لە قوتابخانە و خانەکانی فەرموودەی میسری و لەوانەش قوتابخانەی بیبرسی گوتۆتەوە، (ابن حجر) لە بارەیەوەی دەڵێت: ((لە کۆن و نوێوە شتم لێ وەرگرتووە))، ئەمە لە ساڵی (٨١٣ك/١٤١٠ز) کۆچی دوایی کردووە. (انباء الغمر، ٢/٧٤٣، السخاوي، الجواهر و الدرر، ١/٢٠٨، الضوء اللامع، ٥/٢٣٨-٢٣٩).

بە دووریش نازانرێت هۆزی سورجی هۆزی (سوورچی) بن، ئەمەش بە بەڵگەی لێکنزیکی وشەیی نێوان هەردووکیان.

**ـ سلێڤانی ـ السلیمانیة** Slevanaiy:

سلێمانی (سلێڤانی) هۆزێکی گەورە بوو پێکهاتبوو لە چەندین تیرەو لق، هەر لە سەردەمی جەلائیرییەوە لە شاری (میافارقین) و دەوروبەری و هەروەها لە شارۆچکەکانی قولب و باگمان دەسترۆیشتوو بوون، هاوپەیمانی هۆزی زەرقی بوون، هەواڵیان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا پێکەوە دێت. (أنباء الغمر، ١/٣٣١، ٣٤٧، کتاب دیار بکریە، ص٣٢، ٥٧، ٩٥) هەندێ لە



تیرەکانی بریتی بوون لە: بانوکی، هویدی، دلخیران، بوجیلان، زیلان، بسیان، زکزیان، برازی (شەرەفنامە، ص٤٤٣).

سلێمانەیی لە قەڵاکانی خۆیدا دەسەڵاتێکی گەورەی دروستکرد، بە یەك لە قەوارە خۆجێییە بەهێزەکانی دیار بەکر دەژمێردرا.

لە میرەکانی سلێڤانەیی چەندانێکیان دەناسرێن، لەوانە:

ـ غرز الدین، یان عزیز الدین کوڕی بهاء الدین (سەدەی ٨ك/ ١٤ز) (أبناء الغمر، ١/٢٨٠،٢٩١)

ـ ئیبراهیم بێکی سلیمانی (سەدەی ٩ك/ ١٥م) (کتاب دیار بکریە، ص ٢٢٩)

ـ رکن الدین السلیمانی.. کە ئەمە لەگەڵ "عزیزالدین السلیمانی" لە میرانی نزیکی (ملك الظاهر عیسی الأرتقي)ی خاوەنی ماردین بوو (٧٧٨-٨٠٩ك/١٣٧٦-١٤٠٦ز) (ابن عربشاه، عجائب المقدور، ص، ٧٠-٧٤).

بەدلیسی لە بارەی هۆزی سلێمانەیی دەڵێت: ((لە ویژدانی چەسپێنەرانی ئاڵاکانی دادگەری و ئینساف و لە بیرۆکەکانی نووسەرانی بیدعەی خراپ و نابەجێ ون نابێ کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی میرانی سلێمانەیی بەرزدەبێتەوە بۆ "مروان الحمار" دوایین پاشاکانی ئەمەوییەکان))، لە بارەی بنەچەی ناوی سلێمانییەش زیاتر لەوە درێژە دەدات و دەڵێت: ((دەشێت ئەوانە لە پشتی (سلیمانی کوڕی عبد الملك کوڕی مروان)ی خەلیفەکانی مەڕوانی بن...)) (شرفنامە، ص٤٤١-٤٤٣).

وەکو دەزانرێت، پڕوپاگەندە کردنی چوونەوە سەر قوڕەیش بە گشتی و ئالولبەیت بە تایبەتی و دروستکردنی دارەژیانی نەسەب و گۆڕینی هەواڵ و گێڕانەوەکان و چنینی حیکایەت و چیرۆکەکان بۆ چەسپاندنی ئەو پڕوپاگەندانە، لە مەسەلە باوەکانی نێوان میر و سەرۆك هۆز و بەگەکان هەروەها شێخەکان و پیاوە ئاینییەکانی کورد بووە، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا لە دوای ڕووخانی بەغدای پایتەخت و ناوەندی جیهانی ئیسلامی و خەلافەی عەباسی لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) ئەوەندە زۆر تەشەنەی کردووە، بە شێوەیەکە سەرسامی دروستدەکات، بۆیە را لەسەر ڕەچەڵەکی میرانی سلێمانەییش هەر وایە، بەڵام هەریەکە لە (ابن حجر العسقلاني) و (أبی بکر الطهراني) چەندین جار جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە: سلێمانەیی هۆزێکی کوردییە و هیچ پەیوەندییەکی بە بەنی ئومەییەوە نییە.

لەو ناودارانەی دەدرێنە پاڵ (سلێڤانەیی) ژمارەیەك ناودار هەن، لەوانە: فەقیهی شافعی کوێر (احمد کوڕی رمضان کوڕی عبد الله السلیمانی)ی ناسراو بە (الشهاب الحلبی)ی دانیشتووی قاهیرەیە، لە ساڵی (٨٠٨ك/١٤٠٥ز) لە شارۆچکەی سلێمانی –سیلوان- سەنتەری شارستانی هۆزەکە– لە دایك بووە و لە دەوروبەری ساڵی (٨٨٠ك/ ١٤٧٥ز) کۆچی دوای کردووە (الضوء اللامع، ١/٣٠٢–٣٠٣).

**ـ سنجان ـ السنجان — السنجانیة:**

هۆزێکی تەواو نەناسراوە، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی باسی نەهاتووە، (شێخ صفی الدین)کە لە (٧٣٥ك/١٣٣٤ز)کۆچی دوایی کردووە کە باپیرە گەورەی شا (ئیسماعیلی سەفەوی) (١٤٨٧-١٥٢٤ز)و دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوییە، لەو هۆزەی (سنجان)ی کوردە، ناوی تەواوی (صفی الدین اسحق کوڕی شیخ امین الدین جبرائیل کوڕی الصالح کوڕی قطب الدین أبو بکر کوڕی صلاح الدین رشید کوڕی محمد الحافظ لکلام الله کوڕی عواض (عوض) کوڕی بیروز الکردی السنجانی)یە. (أبن بزاز اردبیلي، صفوة الصفا، ص٧٠).

بە دووریش دەزانرێ پەیوەندی لە نێوان هۆزی (سنجان) و هۆزی (سنجابی ـ سنجاوی ـ) ئێستا دانیشتوو لە گوند و شارۆچکەکانی سەر بە شاری (اسلام ئاباد — پارێزگای کرمانشاه — کرماشان) هەبێ، چونکە (سنجابی) ناوێکی دروستکراوە بۆ ئەو هۆزە کە مێژووی دروستبوونی لە سەردەمی قاجاری دوورتر ناکەوێتەوە (محمد کیوان بورمکري، ایل سنجابي، ص ٦، ایرج افشار سیستاني، ایلها وجادرنشینان، ص٢٦١-٢٦٢) جگە لەوەش (سنجابی) هەر لە بنجدا هۆزێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێك هۆزی وەکو لەك و لوڕ و زەنگەنە و گۆران و جاف دروستبوو (کورد وکوردستان، ١/ ٣٨٨، ایلها، جادرنشینان، ص٢٦٣).

**ـ سندی ـ السندیة:**

وەکو دەیزانین هەواڵی سندی بە درێژایی سەردەمەکانی یەکەمی ئیسلامی ونە، بۆیە ئەگەر (سندی) هەشبووبێ، پێگەیەکی سیاسی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام بە هاتنە پێشی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەی زایینی، (سندی) وەکو یەك لە هۆزە کوردییە گەورەکان دەردەکەوێت، بە پێی گەواهی (العمری) موڵکی فراوان بووە و گەلێك قەڵای هەبووە، ئەو



دەڵێت: سندییەکان لە هەموو هۆزە کوردییەکان بە ژمارە زۆرترن، لە هەموانیش مەدەدیان زۆرترە، ژمارەی پیاوەکانی گەیشتۆتە نزیکەی سی هەزار شەڕکەر (مسالك الأبصار، ٣/١٣٤، صبح الأعشى، ٤/ ٣٧٨)، دیارە کەس پێش ئەم نەکەوتووە لە ئاماژەدان بە سندی.

سندی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی نێوان باشوری جەزیرەی بۆتان و رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە، واتە: ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ بە قەزای زاخۆ دەناسرێت، سەپاند، حکوومەت و کارگێڕیەتی شارۆچکە و قەڵاکانی سەر بە زاخۆش لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکمانەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ هی سندییەکان بوون، ئەوەش دوای ئەوەی مەهرانییەکان لەو ناوچانەدا نەمابوون و ونببوون، تا وای لێهات، ئەو ناوچەیە بە ویلایەتی سندییان ناوی دەرکرد (شرفنامە، ص٢٥٧).

دیارە مەغۆلەکان زیانی مادی و گیانی گەورەیان لە هۆزە کوردییەکان داو وڵاتەکانی هەکاری و جەزیرە کەوتنە بەر چەندین شاڵاوی بەدواییەکداهاتووی مەغۆلەکان، هەندێکیان لە ساڵی (٦٥٧ك/ ١٢٥٩ز) لەژێر فەرماندەی هۆلاکۆ بوون، لە ساڵی (٦٧٥ك/ ١٢٦٨ز)یش سوپایەکی مەغۆلی کە لە دە هەزار سەرباز پێکهاتبوو بۆ شەڕی کوردان هێرشیان هێنایە سەر ئەو کوردانەی خۆیان لە چیاکانی هەکاری قایم کردبوو (جامع التواریخ، ص٧١٩، ٨١٢).

بەڵام لەگەڵ سەختی بارەکە و بەردەوامبوونی شاڵاوەکانی مەغۆلانیش، هێشتا ژمارەیەك قەڵای کوردی ناوچەی زاخۆ هەر لەژێر فەرمانڕەوایی میرە کوردەکاندا مانەوە، کە هەندێ لەو میرانە سەر بە هۆزی سندی بوون.

یەکێ لە میرانی ناوداری سندی ئەوانەی ناویان مابێتەوە، بریتییە لە (میر توکل الکردی)ی خاوەنی شارۆچکەی (شرانش)ی نزیك زاخۆ (لە ساڵی ٨١٧ك/ ١٤١٤ز) کە ئەمە بە سەرۆکایەتی کۆمەڵێك پیاوی سندی لەگەڵ ژمارەیەك میرە کوردی تر، هێرشیان هێنایە سەر کوردە ئێزیدییەکانی لالش و قەبری (شیخ عدی کوڕی مسافر الهکاری)یان هەڵتەکاند و ئەو گومەزەیان رووخاند کە لەسەر قەبرەکەی دروستکرابوو (السلوك ٤/ ٢٩٣–٢٩٤).

(أدی السبرینی)ی مێژوونووسی سریانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: سەربازە سندییەکان هاتنە ناو (باسبرینا)و تاڵانیان کرد و (الوجیه عزیز)یان تێدا کوشت (تأریخ طور عابدین، ص١٠٤).

ئیتر زاخۆ و قەڵاکانی سەر بە زاخۆ تا دەرکەوتنی عوسمانییەکان بە دەستی سندییەکانەوە مانەوە، دوای ئەوە (میر حسن کوڕی میر سیف الدین) –کە ئەمە یەکێك بوو لە میرانی

عەمادییە- قەڵای دهۆکی لە داسنییەکان و قەڵای زاخۆی لە سندییەکان داگیرکردو موڵکەکانی هەردوو هۆزی خستە سەر میرنشینی عەمادیە (شرفنامە، ص٢٦١)، بەڵام ئەو بنەماڵە سندییە فەرمانڕەوایەی زاخۆ تا رۆژگاری بەدلیسی، جۆرێك دەسەڵاتیان هەر مابوو (شرفنامە، ص٢٥٨-٢٦١).

لە ناودارنی سندیش لە کۆتاییەکانی سەردەمی ناوەڕاست، بریتین لە:

- قازی و شرۆڤەکەر (شهاب الدین احمد کوڕی یوسف السندی الصلفی)ی کە لە (٨٩٥ك، ١٤٩٠ز)کۆچی دوایی کردووە، کە شرۆڤە و لێدوانی لەسەر چەندین کتێب داوە. (کشف الظنون، ١/ ٣١٧، ١٣١/٢، ١٥٥، ٥٠٧)، (کحالة، معجم المؤلفين، ١/ ٣٢٨).
- (الفقیه الشافعی ابو بکر کوڕی اسماعیل کوڕی یوسف السندی الحصکفی)ی ناودار بە (الترابی)، کە ئەمە لە عەمادیە لە ساڵی (٩٢٠ك/١٥١٤ز) کۆچی دوایی کردو نووسەری کتێبی (شرح القصاری فی التعریف)ە. (هدیە العارفین، ٢٣٨/١).

### — سۆرانی – السهرانية — السهرية:

لەو هۆزانەیە کە لە ماوەی سەردەمی مەغۆلی چالاکانە دەرکەوتن و هاوسێی زەرزارییەکان بوون، زێدیان بریتی بوو لە ناوچەکانی نێوان شەقڵاوە و رواندوز، بە دەشتی حەریر و دەربەندی گەلی عەلی بەگیش کە بە دەربەندی گەورە دەناسرێت.

سروشتی شاخاوی وڵاتی سۆرانییان کاری کردبووە سەر شێوازی ژیانیان و یارمەتی پیاوانی ئەو هۆزەی دا، لەوەی کەوا ناوچەکە و ئەو رێگە بازرگانییەی بەوێدا تێدەپەڕێ بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەوەش زیاتر دەهاتنە سەر رێی کاروانە بازرگانییەکان و هەندێ جار تاڵانیان دەکردن، بۆیە بە پێی گوتەی (العمری) بە رێگری ناویان دەرکرد، (شمس الدین محمد کوڕی ساعد الأنصاري)یش لە بارەی ئەوانەوە نووسیویەتی، دەڵێت: ((ئەگەر بێت و یەك لە کوردان گەڕێنرابێتەوە سەر جنۆکان، ئەوا بێگومان ئەوانەن)) (مسالك الإبصار، ١٢٩/٣).

لە ناوەڕاستی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەی زایینیدا، سۆرانی وەکو هۆزە کوردیەکانی تر، رووبەڕووی بارێکی ئاڵۆز و زەحمەت بوووەوە، ئەویش شاڵاو و هێرشە کاولکارییەکانی مەغۆل بوو بۆ سەر ناوچەکەی، ئیتر موڵکەکانی لە لایەن سەربازە مەغۆلەکان دووچاری تاڵان هاتن، بۆیە ژمارەیەك گرووپ و کۆمەڵەی ئەو هۆزە، بە ناچاری ناوچەکانی خۆیان جێهێشت و روویان کردە میسر و وڵاتی شام، لەوێ سەرەتا چوونە ناو سوپای ئەیووبی و پاشتریش چوونە



ناو سوپای مەملوکی، لە وەسیەتی (مقدم الأكراد)ی سەر بە دەوڵەتی مەملوکیدا هاتووە: ((... ولا نسهر طرف سهري إلا لينام قرير العين...)) (التعريف بالمصطلح الشريف، ص١٤٩).

دوای تێکچوون و نەمانی رۆڵی هۆزی زەرزاری و کەمبوونەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە ناوچەکانی شەقڵاوە و رواندوز کەوتە بەر دەستی میرانی سۆرانی کە ئەمە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ پازدەی زایینیدا بوو، بەمە قەڵای خەفتیان (رواندوز)ی پایتەختی پێشووی میرنشینی زەرزاری، بووە پایتەختی میرنشینی سۆرانی، لەوەش بەدوا ئەو میرنشینە نوێیە، لە رووداوەکانی هەولێردا هەمان ئەو رۆڵەی بینی کە پێشتر میرنشینی زەرزاری لەو قەڵایە دەیبینی.

### ـ سیوەیلی ـ السولية — السيويلية:

سیوەیلی هۆزێکی گەورەی کۆچەری وڵاتی شارەزوورە و هەر لە سەردەمی بووەیهییەکانەوە ناسراوە، لەگەڵ هۆزانی دیکەی ناوچەکە زستانان لە شارەزوور دەبوون و بە هاتنی وەرزی بەهاریش دەچووە لەوەڕگا شاخاوییەکانی (الرسالة الثانية، ص١٠).

(ابن فضل الله العمری) ناوچەکانی ئەو هۆزەی لە ماوەی سەدەی (٧ك/ ١٣ز) بە ((شوێنێکی نێوان شارەزوور و شنۆی ئازەربێجان دەستنیشانکردووە))، ئەوکاتە دوو تیرەی هەبووە: تیرەیەك لە لایەن میر کورك (؟) کوڕی عزالدین محمود سەرۆکایەتی دەکراو تیرەی دووەمیشی لە لایەن میر داودی کوڕی بەدران سەرۆکایەتی دەکرا.

هەرچی ژمارەی پیاوانی ئەو هۆزە (سیوەیلی)یە، بە نزیکەی دوو هەزار پیاو دانراوە کە هەموویان بە ئازایەتی و جوامێرییەوە وەسفکراون (مسالك الإبصار، ٣/ ١٢٦).

ئێستاکە سیوەیل ناحیەیەکە لە شارەزوور، بێگومان پەیوەندی هەیە بە هۆزی سیوەیلی، هەروەها گوندی (سەولە)ش لە ناوچەی قەرەداغدا هەیە، دوورنییە ئەو گوندەش پەیوەندی بە سیوەیلییەوە هەبێ، بەڵام ناشێ پەیوەندی لە نێوان سیوەیلی و هۆزەکانی شول هەبێ، چونکە (العمری) جیاوازی لە نێوانیاندا کردووە (مسالك الابصار، ١٢٥/٣).

### ـ سینیێ – السيني:

ئەوە لە هۆزە کوردییە نادیارەکانە کە زوو چوونەتە میسر، (نویری) دەڵێت: ((هۆزێکی کوردان بە سینی دەناسرێن)) (نهاية الأرب،١٢٣/٩)، ئەو میرانەی کە سەر بەو هۆزە بن و ناسراوبن، بریتین

له: حسام الدين أمير مرى (؟) خاوەنی قەڵای شەعبانییە، (کەلا شابانیا — قەزای زاخۆ) (صبح الأعشى، ٧/ ٣١٠)، رای زیاتریش لەسەر ئەوەیە، کە ئەمە لقێکی سندی بووبێت.

**ـ شازنجان ـ الشاذنجان — شازنکان Shazingan:**

هۆزێکی گەورە و ناوداری وڵاتی حەلوان (خانەقین __ سەربیل زهاو) و شارەزوورە، هەر لە سەردەمی پێش دەرکەوتنی بووەیهییەکانەوە، دەسەڵاتی هەبووە بەسەر بەشێکی رێگەی بازرگانی نێودەوڵەتی بەغداد ـ خوراسان، لەو ماوەیەی کە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا درێژدەبووەوە، لە نزیك عەقەبەی حەلوان (مروج الذهب، ٢/ ١٢٤، التنبيه والإشراف، ص ٩٤، أخبار الراضي بالله، ص٨٨). هەندێ جاریش ئەو هۆزە هەڵدەستا بە رێگرتن لەو کاروانە بازرگانیانەی بە ناوچەکانیدا تێدەپەڕین و تاڵانیان دەکردن، ئەوەتا لە ساڵی (٣٢٩ك/ ٩٤١ز) رێگەیان لە کاروانێکی گەورەدا گرت کە جۆرەها کەل و پەل و شتومەکی لەخۆدا هەڵدەگرت و بەرەو خوراسانی دەبرد کە ئەو کاروانە تاڵانکراوە، هی میر (بەجکەمی تورکی) و هاوڕێکانی بوو (اخبار الراضي، ص ١٩٢).

حکومەتی بووەیهیش لە بەغدا ملکەچی ئەو واقیعە بوو، بۆیە کارگێڕیەتی حەلوان و پارێزگاریکردنی بە میری شازنجانی (أبن أبى الشوك الكردى) سپارد (تجارب الأمم، ٢/ ١٥٥).

ئەو میرە کوردەش سەرکەوت لەوەی ئەو پۆستەی خۆی بۆ دروستکردن و دانانی بناغەی میرنشینێکی خۆجێیی بچووك بەکاربێنێ کە لە قۆناغی دواتردا زوو بە زوو بووە یەك لە میرنشینە کوردییە گەورەکان و رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە رووداوەکانی کوردستانی کۆتاییەکانی سەردەمی بووەیهی و سەرەتاکانی سەردەمی سەلجوقی (لە بارەی میرنشینی شازنجانی، بڕوانە: الكرد في الدينور وشهرزور، ص١٩٥-٢٥١).

لە دەوروبەری ساڵی (٥١١ك/ ١١١٧ز) میرنشینی شازنجانی دەڕووخێت، بەوە ئیتر شازنجانی هەواڵیشی نامێنێت، بۆیە لە رووداوەکانی کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی و سەرەتای هاتنی مەغۆلییەکان، هیچ هەواڵێکی ئەم هۆزە نابیستین.

**ـ شارۆنی ـ الشارونية:**

هۆزێکی نادیارە، پێدەچێت ئەم ناوەی بە هەڵە نووسرابێت، بە تەنیا یەك ئاماژە لە بارەیەوەی هەیە (ابن المجاور،تاريخ المستبصر،ص١٧).



**ـ شاهنجان ـ الشاهنجان — الشوهجان:**

لە هۆزەکانی وڵاتی ماهی کوفە و ماهی بەسرا، واتە: دینەوەرو نەهاوەندی سەر بە هەرێمی چیاکانی کوردستانی رۆژهەڵاتە، زۆری لە بارەوە نازانرێت، مەسعودی چاوی بە پیاوانی ئەم هۆزە (الشوهجان-الشاهنجان) کەوتووە، پێیان گوتووە: ئێمە لە نەوەی (رەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعد)ین (؟) (مروج الذهب، ٢/١٢٤).

بەڵام راستتر ئەوەیە، ناوی دروستی ئەم هۆزە (شاهنجان) بێت، وەکو مێژوونووسی هەولێری (ابن المستوفی)و مێژوونووسانی تریش وەهایان تۆمارکردووە (تاريخ اربل، ٢٦٣/١، الخطط المقريزيه، ٤٠٥/٣، السلوك، ٤/١).

لە ناودارانی شاهنجان پیاوچاك و وەلی سەردەمی خۆی (وردانشاه الشاهنجانی)یە، ئەمە لە سەدەی (٦ك/١٢ز) ژیاوە، لە گەورە پیاوچاکان و خاوەن کەراماتەکان بووە، شتی گرنگی لێ دەگێڕنەوە، لە هەولێر ژیاوە و لە هەولێریش کۆچی دوایی کردووە، لە گوندی (صوامع)ی نزیك ئەو شارە نێژراوە، ئیتر گۆڕەکەی بووەتە جێ مەبەستی خەڵکان (تاريخ اربل، ٢٦٣/١).

**ـ شەمردلی ـ الشمردلية — شیردلی (؟) — شمیرانی (؟):**

لە هۆزە نادیارەکانی وڵاتی شارەزوورە، نە (ابن الأثير) و نە ئەوانەش کە (الکامل)ی کتێبی ناوبراویان نووسیوەتەوە، ناوەکەیان بە دروستی و تەواوی نەنووسیوە، محمد کوڕی خرزاد (خورزاد— نەوەی خۆر) یەك لە پێشەواکانی خەواریجە سەفریەکان بووە، لە سەردەمی خەلیفە (المعتمد)ی عەبباسی (٢٥٦—٢٧٩ك/ ٨٧٠—٨٩٢ز)، ئەو پیاوە لە (شەمردلیە)کان بووە (الكامل، ٦/ ٣٦). دەشێت پەیوەندی دروستبکرێ لە نێوان شمردلی و شارۆچکەی شەمیرانی شارەزوور.

**ـ شەنبەکی ـ الشنبكية - شنبكي:**

هۆزێکی نادیارە، ناکرێ بگەینە ئەو راستییەی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستنیشان بکەین، ئەو هەواڵانەیش کە لە بارەیەوەی هەنە هەموویان تایبەتن بە پیاوەکانی ئەو هۆزە، بە تایبەت ئەوانەی کە سۆفی و زاهید بوونە. دیسانەوە ناکرێ ئەوەش بسەپێنین و بڵێین: ئەمە هەر ئەو هۆزەیە، کە لە دەستنووسی (مسالك الأبصار)دا بە (التستكيه) ناوی هاتووە.

کتێبەکانی ژیاننامەی زاهید و سۆفییەکان و کتێبەکانی تەبەقات ئاماژەیان بۆ شەنبەکی کردووە، ئەمەش لە کاتی تۆمارکردنی ژیاننامەی سۆفی و پیاوچاکی ناسراو بە (أبی محمد

الشنبكي)ی خاوەنی (تاج العارفين ابا الوفاء الحلواني) و(شيخ عدي كوڕی مسافر الهكاري)ی شێخی ئیزیدیانی کە لە (٥٥٧ك/١١٦٢ز)کۆچی دوایی کردووە.

(أبو محمد الشنبكي) لە سەرەتای تەمەنی خۆیدا لەوانە بوو کە لە یاسا دەرچوو بوو و خەریکی ڕێگری بوو، دوای ئەوە تۆبەی کرد و وازی لە دونیا هێنا، چوو لە گوندێك بە ناوی (حدادیە) لە زەوییەکانی باشوری عێراق خۆی نیشتەجێکردو لێبڕاو ئیجتیهادی کرد، تا بووە یەك لە گەورە سۆفیەکان و لە سەردەمی خۆیدا سەرەنجام بووە سەرۆکی سۆفیەکان، ئیتر خۆی یەکلاکردەوە بۆ ئامۆژگاریکردنی خەڵکی بەرەو ئەنجامدانی کاری باش، لە بارەی دەستگرتن بە زوهد و لەخواترسی گوتەی زۆری دەدرێتە پاڵ (تاريخ اربل، ١/١١٤، ٢/١٦٧، الطبقات الكبرى، ١/١٣٣، قلائد الجواهر، ص٧٩، الكواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية، ١/١٨٢).

لە بارەی ژیانی شەنبەکییەوە شتی زۆر نازانرێت، چونکە سەرچاوەکان هەر جەختیان لەسەر زوهد و لەخواترسی و پێشبینی و کردەوە سەیرەکانی کردۆتەوە، چووەتە میسر و لەوێ لە قاهیرە نیشتەجێ بووە، هەر لەوێش مردووە. لە پاشە خۆی لە ساڵی (٩٣٣ك/١٥٢٧ز)، (سيدی احمد کوڕی الحاج محمد الشنبكي) کە ئەمە دەشێت وەچەی بێت، یان یەك لە دەروێشەکانی بێت، مزگەوتێك و خانەقایەکی لەسەر گۆڕەکەی دروستکرد کە دەکەوێتە (ازبكيه)ی (حارە الشنبكي) و بە (زاويە الشنبكي) دەناسرێت (علی مبارك باشا، الخطط التوفيقيه، ٦/٩١).

لە سۆفیەکانی تریش کە دەدرێنە پاڵ شەنبەکی، هەریەکە لە (ناصر الدين محمد کوڕی الشنبكي) لە نەوەی شەنبەکییە لە قاهیرە، زۆرجار دەچووە بازاڕی کتێب و لەوێ چاوی بە (الصفدی)ی مێژوونووسی کە لە (٧٦٤ك/١٣٦٣ز کۆچی دوایی کردووە) دەکەوت (اعيان العصر، ٤/١٦٧٧، الدرر الكامنه،٣/٢٧٧).

هەروەها (موفق الدين ابو الحسن علی کوڕی محمد کوڕی عبدالرحمن الشنبكي)، ئەمە لە خانەقاکەی خۆی لە گوندی (حەدادیە) دانیشت، را لەسەر ئەوەیە کە لە نەوەی (شەنبەکی)یەو لە ساڵی (٦٨٨ك/١٢٨٩ز) مردووەو هەر لە خانەقاکەی خۆی نێژراوە (معجم الالقاب، ٥/٦٣٨).

**- شەهریلی - الشهرية:**

لە هۆزەکانی ناوچەی جەزیرەو دیاربەکرە، سەرچاوە مەملوکیەکان ناویان هێناوەو جیایە لە (السهريه- السهرانيه- سۆرانی)، لە حوسنی ئاران و دەوروبەریدا میرنشینێکی بچووکی هەبووە.



(شەهریلی) یەکێکە لە هۆزەکانی هاوبەندی هۆزەکی بوختی، دەشێ هەر (شەهری) بێت کە دواتر پاشگری (لی) بۆ ناوەکەی زیاد کرابێ کە لە سەردەمی عوسمانیدا ئەو پاشگرە بۆ ناو زیاد دەکرا (شرفنامە، ص٢٧٣)، سەرچاوە میسرییەکانیش ژیاننامەی ژمارەیەك میری شەهریلییان نووسیوە، لەوانە:

- (الأمير شجاع الدين خضر کوڕی عيسى الشهري)ی خاوەنی (حصن ئاران) و براکەی کە ناوی (عبد الله الشهري)یە، هەردووکیان لەو میرە کوردانەن، کە دەسەڵاتدارانی مەملوکی دانیان پێداناوەو پەیوەندییان لەگەڵدا بەستوون (تثقيف التعريف،ص٧٩،صبح الأعشى، ٧/ ٣١٠ – ٣١١).

- (مير صارم الدين إبراهيم کوڕی شهری الكردی)ی جێگری شاری دورك، بە ئازایەتی و بوێرییەوە وەسفکراوە، لە ساڵی (٧٩٠ك/١٣٨٨ز)دا لە شەڕی (سیواس)دا کوژراوە (ابن تغری بردي، المنهل الصافي، ١/١٨٣).

- (مير شرف الدين موسى کوڕی محمد کوڕی شهری الكردی)ی جێگری شاری سیس لە ئاسیای بچووك، ئەمە لە یەك کاتدا نووسەر و فەقیهێکی شافیعی بوو، (ابن تغری بردی) زیاد لەوە دەڵێت: ((مندالآنی شەهری ناسراون، کۆمەڵەیەکیان تا ئێستا لە ژیانن و لەسەر (ئاران)ن، هەندێکی دیکەشیان لە سەردەمی ئێستامان، والی ناوچەکانی سەر بە وڵاتی حەلەبن)) (النجوم الزاهرە، ١١/١٩٥).

**- شاساواری - الشوساري – الشاسواري:**

ئەوەی دەدرێتە پاڵ ئەمانە، (إبراهيم الكردی)یە کە لە ناودارانی سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەیەمی زایینییە (الضوء اللامع، ٧/١١).

**- شێرۆیی - شیروی – شیروینی – شیرویان:**

هۆزێکی گەورەی ویلایەتی (صاصون – حزو- عزو)یە، لە هەواڵەکانی کوردستانی باکوردا هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەیەمی زایینی دا ناوی هاتووە، (میر حسن شێرۆیی) لە هاوچاخانی (مير شمس الدين الثاني الروزكي)ی میری بەدلیس بووە (شرفنامە، ص ٣٧٣ – ٣٧٤، ٦٢٧- ٦٢٨).

بەدلیسی ناوی ئەو هۆزەی بە دوو شێوە چەسپاندووە، ئەوانیش: (شێرۆیی وشێرۆیان)ن، لە یەك لە دەستنووسەکانی شەرەفنامەش بە (شرۆین) ناوی هاتووە (شرفنامە، ص٣٦٣، ٤٠٨)،

هۆزێکی دیکەش دەدۆزینەوە بە ناوی (شێروا)، لەوانەیە ئەمە تیرەیەك لە تیرەكانی هۆزی (شێروان)ی ویلایەتی (صاصون) و لقێك لە لقەكانی بوختی (بۆتانی) بێ كە لە دەوروبەری (تەنزە)ی سەر بە جزیرەی بۆتان نیشتەجێبووە (شرفنامە، ص ٢٧٤).

دیسانەوە (شێروان) ناوی خانەوادەیەكی فەرمانڕەوای دێرینی نێوان دەیەها خانەوادە و بنەماڵەی فەرمانڕەوای كوردییە، پایتەختەكەی بریتی بووە لە قەڵای (كفرا)ی باكوری شاری (سەعرت)، مولكەكانیشی بریتی بوونە لە قەڵای ئەیروان، شبستان، كرنی، ئاویل (شرفنامە، ص ٤٠٥ — ٤١٢)، هەروەها (شێروا) لە قەڵاكانی (دیاربەكر) بووە (الاعلاق الخطيرة، ٢٤٨/٣).

(شەروە _ شەروین)یش ناوێكی ڕەسەنی كوردییە، لە مێژووی كوردیدا ناسراوە، لە بنجدا ناوی كەسێكە، لە مێژووی ناوەڕاستدا چەندین كەسایەتی كوردی لەیەكجیامان هەیە بەو ناوە، لەوانە: (شێرۆی كوڕی مەم) لە میرنشینی دۆستەكی ـ مەڕوانی، (شێرۆ)ی باوكی میر بەدرەدینی هەكاری، (شێروینی گەڵاڵی) كە ئەمە لە میرەكانی هەولێرە، لە كاتی هاتنی داگیركەری مەغۆلی بۆ ئەو شارە. زیاد لەمانە: (شێرۆ)ی باوكی میر (سيف الدين إبراهيم الكردي الجاكي)كە لە (٦٧٣ك/١٢٧٤ز) كۆچی دوایی كردووە، (شێروین)ی میری موحەمەدییەكان و هی دیكەش (تاريخ الفارقي،ص ٧٥ — ٧٧، معجم البلدان، ٣٢٨/١، سنا البرق الشامي، ص٢٧٧، تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٣، ذيل مرآة الزمان، ٣/ ٨٩-٩٠،مسالك الأبصار،١٣٤/٣).

هەروەها (شێروان) ناوی ناوچەیەكە كە ئەویش (شێروان مەزن)ە، سەر بە قەزای (مێرگەسوور)ە. مێژوونووسی كەنیسە تۆما المرجی (توماس مركە)ی خاوەنی كتێبی (الرؤساء)ی ژیاو لە سەدەی (٣ك/ ٩ز)، لە گوندێك لە دایكبووە، پێی دەڵێن: (نەخشون)، لە هەرێمی بێت شارونایا (شێروان)ی سەر بە هەرێمی حدیاب (هەولێر) (كتاب الرؤساء، مقدمة المعرب الأب البير أبونا، ص٣).

ئەوەی تایبەتیش بێت بە ڕەچەڵەكی میرانی شێروان، ئەوانەی خاوەنی قەڵای (كفرا)و دەوروبەرینە، بەدلیسی لە خاوەن هەواڵ و گێڕەرەوەكان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((باوك و باپیرانیان لە سەرەتای سەردەمی خۆیان لای ئەیوبییەكان وەزیر بوونە، كاتێكیش قەدەر وای كرد، ڕەشماڵی دەسەڵاتی ئەو چینە بەسەر مەملەكەتەكانی میسر و شام بپێچرێتەوە، لە ساڵی (٦٦٢ك/ ١٢٦٣ز)، ئەم بنەماڵە بەناوبانگە بە ڕێككەوتن لەگەڵ یەك لە نەوەكانیان كە ئەویش



باپیری پاشاكانی حصن كیفا بوو، بەرەو ئەو وڵاتانە هاتن، لە گێڕانەوەیەكی دیكەدا: ئەمانە بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر پاشا شێروان)) (شرفنامە، ص ٤٠٥، وینظر ص ٣١٥).

لە مێژووی ئەیوبیدا نەمانبینیوە، وەزیرێك بووبێتە سەرۆكی وەزیرانی پاشاكانی ئەیوبی ناوی شێروان بووبێ، تەنها میر (شروە — شروين المهراني)ی ناسراو بە (سبع مجانين) هەیە كە ئەمە لە میرەكانی (الملك الاشرف كوڕی الملك العادل) بووە. (أبن نظيف الحموي، التاريخ المنصوري، ص٩٠، ١٦١)، بەڵام پێدەچێت ئەو وەزیرەی لە گێڕانەوەكەدا مەبەست بێت كە گوایە لە نێو هۆزی شێرواندا ناسراو بووە، ئەوە (نجم الدين محمود)ی - ناسراو بە (جمال الدين) بێ لە سەرچاوە فارسیەكان — كە كوڕی (تاج الدين علي كوڕی شروين الشيرواني الكردي)ی ناسراو بە (وەزیری بەغداد)ە كە ئەمە لە ساڵی (٧٣٦ك/١٣٣٥ز)، لە حكومەتی مەغۆلە ئیلخانییەكاندا، داوای لێكرا وەزارەتێك پێك بێنێ، ئەمەش وەكو دەڵێن: دوای ئەوەی عەلی پادشای فەرمانڕەوای دیاربەكر لە بەغدادا دەسەڵاتی گرتە دەست و (موسا خان كوڕی عەلی كوڕی بایدۆ)ی وەچەی هۆلاكۆی وەكو خانی بەغدا چەسپاند، وەزارەتیشی بە (نجم الدين محمود الشيرواني) سپارد (خواندمير، حبيب السير، ٢٢٥/١/٣، دستور الوزراء، ص٣٣٢-٣٣٣، عبدالرزاق سمرقندي، مطلع سعدين، ١/ ١٣٠).

عەلی پادشاو موسا خان هەردووكیان لە گەرمەی ململانێ توندەكانی نێوان جەمسەرەكانی هێزی ململانێكەر بۆ دەستگرتن بەسەر تەختی مەغۆلی لە ساڵانی نێوان (٧٣٧-٧٣٨ك/١٣٣٦-١٣٣٧ز) كوژران، (نەجمەدین)ی وەزیریش دوای كوژرانی موسا خان لە كۆتاییەكانی ساڵی (٧٣٧ك/١٣٣٧ز) لەگەڵ (حسام الدين حسن الغوری) لە بەغدا هەڵاتن و لە مانگی سەفەری ساڵی (١٣٣٨ك/١٣٣٧ز) گەیشتنە میسر، لەوێ (الملك الناصر محمد) پێشوازی لێكردن، پلەی (امير طبلخانة)ی دایە نەجمەدینی وەزیر و ناوچەیەكی زۆر و فراوانی بۆ بڕیەوە، لە سەرەتای ساڵی (٧٤٢ك/١٣٤١ز)یش (الملك المنصور كوڕی الملك الناصر) داوای لە نەجمەدین كرد، پۆستی وەزارەتی وڵاتی میسر بگرێتە ئەستۆ، ئەویش داواكەی بەجێهێناو لەو پۆستەیدا مایەوە، تا لە مانگی ڕەجەبی ساڵی (٧٤٣ك/١٣٤٢ز) لابرا، دواتر لە مانگی (ذي الحجە)ی هەمان ساڵدا ئەو پۆستەی وەزارەتی بۆ گەڕێنرایەوە و ئەمجارەیان تا مانگی ربيع الآخرەی ساڵی (٧٤٥ك/١٣٤٤ز) مایەوە، دوای ئەوە وازی هێناو پاشتر چووە غەززە لەوێ لە ساڵی (٧٤٨ك/١٣٤٧ز) كوژرا، لە قاهیرەدا ((رحبة وزير بغداد))ی شەقامی (ملوخيا) دەدرێتە پاڵ ئەم (البداية والنهاية، ١٧٧/١٤، الخطط المقريزية، ٩٤/٣، الدرر الكامنة، ٢٠٢/٤-٢٠٣).

وا دەردەکەوێت کە دوای کوژرانی نەجمەدین مندالەکانی گەڕاونەتەوە کوردستان، بۆ زانینیش بە پێی گوتەی هەندێ لە سەرچاوە درەنگەکانی فارسی، (تاج الدين علی شیروانی)ی باوکی (نەجمەدینی وەزیر) لە هەندێ لە ویلایەتەکانی عەرەبستان فەرمانڕەوا بووە کە لێرەدا مەبەست ویلایەتەکانی دیار بەکر و دیار رەبیعەیە (دستور الوزراء، ص٣٣٢، مطلع سعدين، ١/١٣٠)، ئەوەتا (الخوافي)کە لە (٨٤٩ك/١٤٤٥ز)کۆچی دوایی کردووە ناوی دەنێت: میر مەحمود کوڕی میر عەلی شێروانی دیاربەکری (مجمل فصيحى،٤٨/٣)

**- صوحبەتی و عەدەوی ـ الصحبتية والعدوية:**

کوردە ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژووی ناوەڕاست بە چەندین ناوی لەیەکجیا ناویان هاتووە، لەوانە: (الداسنيە، التيراهيە، العدويە، الصحبتيە)، (مەقریزی) لە درێژەی گوتەکانی لەسەر شالاوی میرە کوردەکان بۆ سەر گۆڕ و مەزاری شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاری لە لالش، لە ساڵی (٨١٧ك/ ١٤١٤ز)، دەڵێت: شوێنکەوتە و موریدەکانی شێخ عودەی لە ماوەی ئەو سەردەمەدا (واتە: سەدەی ٩ك/ ١٥ز)، لە نێوان کوردان بە سوحبەتی دەناسران (السلوك، ٤/٢٩٣ — ٢٩٤)، کە بێگومان ئەم ناوە لە (صوحبەت)ی بە واتای هاوڕێیەتییەوە داڕێژراوە، واتە (صوحبەتی، یان هاوڕێیەتی شێخ عودەی)، بەڵام بەر لەوە لە سەدەی (٧ك/ ١٣ز)، بە (عەدەوی) دەناسران (مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص ٣١٥، الكتبي، فوات الوفيات، ١/ ٣٣٥).

**ـ عەیشانی ـ العیشانیـة:**

لە هۆزەکانی شارەزوور و هەرێمی چیاکانە، گومانی زۆرمان هەیە کە ئەم ناوە هەڵەی تیاکرابێت و بە هەڵە نووسرابێت.

(نەقشەبەندی) بە لقێکی (بەرزیکان)ی دەزانێت (الكرد في الدينور،ص١٢٨)، دەکرێ بڵێین: ناوچە شاخاوییەکانی نێوان شارەزوور و هەرێمی چیاکان و هەرێمی ئازەربێجان، ناوچەی نیشتەجێبوونی ئەو هۆزە بووە، هەردوو برا (ونداد و غانم)ی کوڕانی (أحمد العيشاني) لە دەوروبەری ساڵی (٣٠٠ك/ ٩١٣ز) دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پارچەیەکی فراوانی هەرێمی چیاکاندا گرت و نزیکەی نیو سەدە لە دەستیان مایەوە (الكامل، ٧/ ١٠١) لەوە بەولاوە، هیچ زانیارییەکی دی لەبارەی عەیشانییەوە نییە.



**ـ غەری ـ الغري (؟):**

هۆزێکی نادیارە و ناوەکەیشی سەیرە! لەگەڵ ناوی هۆزە کوردییەکانی دی ناگونجێ، (نویری) تاکە کەسە ئاماژەی بۆ کردبێت، لە بارەیانەوە دەڵێت: ((تيرەيەكن لە كورد)) (نهاية الأرب، ٩/١٣٠).

**ـ فزولی ـ شامی ـ الفضلوية- الشامية:**

فزولی، یان فەزلی یەکێکە لەو گرووپە کوردییانەی لە وڵاتی شام نیشتەجێ بوون، دەدرێنە پاڵ (فتح الدين فضلويە)، (قاضي غفاري) بەبێ دەستنیشانکردنی کاتی رووداوەکە، دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك ناکۆکی لە نێوان (على کوڕی فتح الدين فضلويە) و سوڵتانەکانی شام دروستبوو، _ کە پێدەچێت مەبەست لێرە سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبی بێت _، شامییەکان بە شەو هەڵیانکوتایە سەر شوێنکەوتووانی عەلی و کۆمەڵێکیان لێ کوشتن، بۆیە ئیبراهیمی کوڕی عەلی لەگەڵ شوێنکەوتووانی رایانکردو هاتنە دەوروبەری میافارقین (تاريخ جهان آرا، ص١٦٩) لەوێدا بە کوردە شامییەکان ناسران (معجم البلدان، ٥/٢٣٦).

لە کاتێکی دواتریش ـ ساڵی ٥٠٠ك/١١٠٦ز — بە پێی خەملاندنی ئەو سەرچاوە فارسیانەی کە بەوە ناسراون: ورد نینە لە دەستنیشانکردنی مێژووەکان کە بەمەش ئەو مێژووەی ئێرەش کە دەستنیشانی دەکەن، زۆر ورد نییە، نزیکەی سەد خێزانی کوردی _ لە چاپێکی شەرەفنامەدا ئەمانە چوارسەد خێزانی کورد بوونە _ چیای سماقی وڵاتی شامیان جێهێشتووە و بەرەو لوڕستان چوونە، پێشەنگیان (أبو الحسن الفضلوي) بووە کە ئەمە لە نەوەکانی (فتح الدين الفضلوي) بووە (تاريخ كزيده، ص٥٣٩، تارين نكارستان، ص٢٠٥).

دیارە تێبینی ئەوەش دەکرێت کە (حمدالله المستوفي) و ئەوانەشی لەوەوە شت دەگوازنەوە زۆر گرنگی بە دەستنیشانکردنی مێژووی رووداوەکان نادەن، رەچاوی زنجیرەی زەمەنیش ناکەن کە کامە رووداو پێش کامیانە، بۆیە گێڕانەوەکانیان زۆربەی جارەکان بەیەکداچووە و کاتیان تێدا زۆر دیار و دروست نییە، بۆ نموونە: (حمد لله المستوفي) دەڵێت: (ابا طاهر الفضلوي)ی نەوەی (ابا الحسن الفضلوي) و دامەزرێنەری میرنشینی فەزلەوی لە لوڕستانی گەورە، لە دوای ساڵی (٥٥٠ك/١١٥٥ز) بە ماوەیەك ـ واتە: لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٥ك/١١٦٠ز مردووە _ (تاريخ كزيدە، ص٥٤٠) بەڵام (قاضي غفاري) دەڵێت: (عەلی)ی باپیرەی (ابا طاهر) لە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٧ز) بە دەستی (شۆل) کوژراوە (جهان آرا، ص١٧٠)، کەچی لە راستیدا (ابا طاهر) لە ساڵی (٦٠٢ك/١٢٠٥ز) مردووە (الجامع المختصر،٩/١٨٥-١٨٦).

(ابن الفوطي)یش ژیاننامەی (أبی طاهر)ی نووسیوەتەوە، کردوویەتییە (ابن علی کوڕی الکورکلی اللری)، هەروەها لەگەڵ (حمد الله المستوفی)ش کۆك نییە لەسەر بنەچەی میرانی لوڕستانی گەورە، ئەوە رەتدەکاتەوە بنەچەیان بچێتەوە سەر کوردە لە شام هاتووەکان بۆ لوڕستان، بەڵکو ئەوان نەوەی (میر عز الدولە هزار أسب کوڕی بنکیر کوڕی عیاض اللری الکردی)ین کە لە (٤٦٣ك/١٠٧٠ز)کۆچی دوایی کردووە، ((ملك الجبال))، لە کۆتایی ژیاننامەی (هزارأسب)یش دەڵێت: ((ئەویش — واتە: وڵاتی لوڕ — لە دەستی کوڕەکانیەتی)) لە ژیاننامەی میر (بهلوان کوڕی هزاراسب)یش ئەوە زیاد دەکات و دەڵێت: ((ئێستاکە ئەو وڵاتانە لەچوارچێوەی گرنگیپێدانەکانی ئەوانن)) (معجم الألقاب،١/٣٦٢، ٢/ ٤٩٠ -٥٠، ٣/٣٣).

## فەیلی:

کوردە فەیلییەکان بەشێکی گەورەی گەلی کورد پێکدێنن، هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکانی پشتکۆ و پێشکۆ نیشتەجێ بوونە، وڵاتەکەیان لە کاتی ئێستایدا ناوچەیەکی فراوانی هەردوو بەری سنووری عێراقی- ئێرانی داگیر دەکات، (ایرج افشار) دەڵێت: فەیلی هەر لەگەڵ سەرەتای سەردەمی صەفەوی بووەتە ناوی لوڕستانی بچووك (إیلها، جادرنشینان، ص٣٤٧)، بەڵام فەیلی وەکو ناوی هۆزێك بە لانیکەم سەدەیەك کۆنترە لە سەفەوی، دەشێ یەکەم ئاماژەی مێژوویی بۆ کوردە فەیلییەکان بە ناوی ئێستایان بۆ ساڵی (٨٠٥ك/١٤٠٢ز) بگەڕێتەوە، هەروەکو ئێستا لە مەندەلی و دەوروبەرەکەی دەژیان، کاتێك چەند تیپێکی سوپای تەیموری بە دزبول (دیزفول)دا تێپەڕین، چوونە نێو ((ناوچەکانی ساکی وفەیلی)) و سەربازەکانیان ماڵ و موڵکی ئەو ناوچانەیان تاڵانکرد (الیزدي، ظفرنامە، ٢/٢٧٨، التاریخ الغیاثي، ص١٩٥).

## ـ قەحتانی ـ القحطانیة - قاتانی:

هۆزێکی کوردی نادیاری هەرێمی ئازەربێجانە، لە بارەیەوەی تەنیا یەك گێڕانەوە هەیە، ئەویش هاوسێی هۆزی هەزبانییە، بەوە وەسفکراون، کە: ((جۆرێکن لە کوردان))، سەرۆکی قەحتانیانیش (الفضل کوڕی أحمد الکردی) لە فەرماندەکانی (جستان کوڕی شرمزن الدیلمی) بووە، لە رووداوەکانی ساڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) ناوی هاتووە (تجارب الأمم، ٢/ ١٧٩)، ئێستاکە کاتانی — قاتانی لە هۆزە کوردییە ئێزیدییەکانە.



## ـ گەردی ـ کرتاوی ـ القرتاویة Gardi؟:

لە هۆزەکانی وڵاتی هەولێری سەردەمی مەغۆلییە، شوێنی نیشتەجێبوونی لە وڵاتی بەست (بەستۆرە)وە درێژدەبێتەوە، تا دەربەندی قرابلی (قربولی— دەربەندی گۆمەسپیان) (؟) و شوێنانی تریش، پارێزگاری کردنی دەربەند و بازرگان و گەشتیارانی تێپەڕیو بەم ناوچانە خرابووە ئەستۆی ئەم هۆزە، دیارە لێکچوونێکی وشەییش لە نێوان کرتاوی و گەردی هەیە کە هەردووکیان لە هۆزەکانی هەولێرن. (مسالك الابصار، ٣/١٢٦-١٢٧).

## ـ قەرە کچلۆ ـ قرە کچلو:

ئەمانە لەگەڵ هۆزی (ئاق کجلو) لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی تورکمان (قرە قوینلو) و (ئاق قوینلو) لە دەوروبەری ماردین دەژیان (کتاب دیاربکریە، ص ٢٣٤)، تا ئێستاش ئەو هۆزە ماوە و پارێزگاری لە ناوە کۆنەکەی دەکات (قرە کیج)، لە نزیك شارۆچکەی (سیفرك) دەژین (مارك سایکس، القبائل الکردیة في الامبراطوریة العثمانیة،ص٧١).

## ـ قوڕەیشی ـ القریشیة:

ئەو هۆزە کوردییە کە بە قوڕەیشی ناسراون، ئەوە لەبەر درانە پاڵیانە بۆ ناوچەی نیشتەجێبوونی بنجی خۆیان لە دۆڵی قوڕەیشی نزیك شارۆچکەی (تەنزە)ی هەرێمی جەزیرە، دەنا هیچ پەیوەندیەکی نییە بە قوڕەیش، ئەو کوردە قوڕەیشیانە رووبەرووی مەغۆل بوونەتەوە و تا ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز)، شەڕیان لەگەڵ کردوون و پێشیان لێ گرتوون (الکامل، ٩/٣٨٥)، دیارە هەر لە هەمان ئەو ناوچەیەدا گوندێك هەیە بە ناوی قوڕەیشی و بە سێوەکانی ناوبانگی دەرکردووە (معجم البلدان، ٤/٣٣٧).

تا سەردەمی عوسمانی، قوڕەیشی مان و پارێزگارییان لە ناوەکەی خۆیان کرد، یەکێك بوون لەو هۆزانەی سەر بە میرنشینی بوختی بوون، قەڵای (کیور)یش لەژێر دەسەڵاتی ئەوان و هۆزی کارسیدا بووە (شرفنامە، ص٢٧٣-٢٧٤).

## ـ کوهی ـ القوهیة (؟):

لە هۆزەکانی هەرێمی چیاکانە، لەوانەیە تیرەیەك لە تیرەکانی جورقان (گۆران) بێ، تەنیا یەك جار باسی کراوە. ئەگەرچی شتێکی لە شێوەی میرنشینێکی بچووکیشی هەبووە، شارەکانی

(قرماسین —کرمانشاهـ و خولنجان و قەلاّی أرنبە) تـا سـالّی (٤٣٠ك/١٠٣٨ز)، واتـە: تـا ئـەو کاتەی کە حسام الدولە فارس کوڕی محمد کوڕی عنازی شازنجانی دەسـتی بەسـەرداگرت و کردیـە بەشێکی میرنشینەکەی خۆی، لەژێر دەسەلاّتی ئەودا بوون. (الکامل، ٨/١٧—١٨).

**ـ قەیموری ـ القیمریـة:**

هەر لە سەردەمی ئەیوبییەوە ئەو هۆزە هۆزێکی گەورە و ناسراو بووە، بـە نـاوی قەلاّکـەی نووسراوە (قەیمور)، ئەمە بارەگای میرەکانی بووە و پایتەختی میرنشینە بۆماوەییەکەیان بووە.

لە ماوەی گوێزانەوەی دەسەلاّت لە ئەیوبییەکانەوە بۆ مەمالیکەکان، واتە: لە رووداوەکانی ولاّتی شـام، رۆڵێکـی بەرچـاو و کاریگـەریان بینـی، بـە دڵـسۆزی و لێـبڕاوی بـەرگرییان لـە ئەیوبییەکان کرد، لەو شەڕەی ئەیوبیەکان لەگەڵ مەمالیکە تورکەکان دەیانکرد، هـەروەها لـە رووبەڕووبوونەوەی شالاّوی مەغۆلەکانیش بۆسەر ولاّتی شام، بەرگریەکی باشیان کرد، دیـارترین میرانی قەیموری بریتین لە:

ـ میر ناصر الدین حسین کوڕی عزیز کوڕی ابی الفـوارس کـوڕی موسـك القیمـری (٦٠٠-٦٦٥ك/١٢٠٣-١٢٦٧ز) دروستکەری مەدرەسەی قەیمەری. (البدایة والنهایة، ١٣/ ٢٥٠،مرآة الزمان، ١/ ٧٦٠ — ٧٦٢).

– میر سیف الدین أبو الحسن یوسف کوڕی أبی الفوارس کوڕی موسك القیمری، بە میری گەورە (الأمیر الکبیر) و گەورەترین میرانی قەیمەری (أکـبر الأمـراء القیمریـە) وەسـفکراوە، نەخۆشخانەی سالّحیەی سەر چیای (قاسیون) لە (دیمەشق) لە وەقفی ئەوە (البدایة والنهایـة، ١٣/ ١٩٥).

– ضیاء الدین یوسف القیمري، ئەمە لە سالّی (٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز) لە شـالاّوی ئـەیوبی بـۆ سەر میسر کوژرا.

– شهاب الدین القیمری و هی دیکەش لە ناودارانی ئـەو میرنـشینەن (تـأریخ أبـو الفـداء، ٢٩١/٢، النجوم الزاهرة، ٦/٧-٧).

بەلاّم لە کوردستاندا، میرانی قەیمەری میرنشینێکی بچووکیان لە قەلاّی قەیمەر دروستکرد.

# میرنشینی قەیمەری

## قەڵای قەیمەر:

قەڵای قەیمەر و هۆزی قەیمەری دانیشتووی ئەو قەڵایە، تا رۆژگاری ئەیوبییەکان نەناسراو بوون، هەرچەندە لە سەردەمەکانی دواتردا ناوبانگییەکی باشیان بەدەستهێنا. یەکەم دەقی مێژوویی کە ناوی بردبن، کتێبەکەی (یاقوتی حەمەوی)یە کە ئەویش لە راستیدا زانیارییەکانی لەبارەی ئەمانەوە ورد نییە، ئەوەتا بە شێوەیەك پێناسەی کردوون، ئەوە شتێکی گشتییە، نەك تایبەتی، ناتوانێ بۆمان ببێتە رێگەخۆشکەر بۆ ئەوەی بتوانین شوێنەکەی دەستنیشان بکەین، بزانین دەکەوێتە کوێی نێوان شار و شارۆچکە و قەڵاکانی دیاربەکر، ئەو نووسیویەتی: ((قەڵایەکە لە یەك لە چیاکانی نێوان موسل و ئەخلات، ژمارەیەك میری موسل و ئەخلات دەدرێنە پاڵ ئەو قەڵایە کە ئەوانیش کوردن)). (معجم البلدان، ٤٢٤/٤)، کاتێکیش لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەییوبی و سەرەتاکانی سەردەمی مەملوکی، میرە قەیمەرییەکان رۆڵێکی گەورەیان لە رووداوەکانی میسر و وڵاتی شامدا گێڕا، هەروەها بە هۆی کارە بەرچاوەکانیان لەسەر هەردوو ئاستی جیهادی و بیناسازی بە باشی دەرکەوتن و لە پایەدا بەرزبوونەوە، قەڵای قەیمەر ناوبانگی دەرکرد و ئیتر لای مێژوونووسە شامی و میسرییەکان ناسرا، وایلێهات ئاگاداری هەواڵەکانی بن کە دەکەوتە نزیك (اسعرد — سعرت — سێرتی). (ذیل مرآة الزمان، ١٧٤/٤، الوافي بالوفيات، ٢٥٠/٢١)، (لە نێوان ئەم و جەزیرەی ئیبن و عومەر ـ بۆتان)دا (عيون التواريخ، ٣١٥/٢١) کە ئەمە قەڵای قومری (کەلا قومری)ی نێوان هەردوو گوندی قومری و هروری ناوچەی بەرواری باڵای سەر بە دهۆك نییە و قەڵایەکی دیکەیە.

ئەو هۆزە کوردەش کە لە قەڵای قەیمەر و گوند و زەویەکانی سەر بەو قەڵایە دەژیان، وەکو درانە پاڵ بۆ ناوی ئەو قەڵایە، بە قەیمەری ناسران، چونکە ئەو قەڵایە بووە پایتەختی فەرمانڕەوایی و شوێنی نیشتەجێبوونی میرەکانیان.



## دروستبوونی میرنشینی قەیمەری:

سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەیان رووننەکردۆتەوە کە میرنشینی بچووکی قەیمەری کەی دروستبووە، هەروەها چۆن توانی دەست بەسەر قەڵای قەیمەردا بگرێت، بۆیە تا سەردەمی ئەییوبی مێژووی ئەو هۆزە بە تەواوەتی بە نادیار دەمێنێتەوە، بەڵام بە هاتنی سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەمی زایینی وا تێبینی دەکرێت کە میرانی قەیمەری دەکەونە ناو ناوانەوە و وەکو ((أعيان الأمراء)) ناویان دێت (معجم البلدان، ٤٢٤/٤)، هەروەها بە خاوەن دەسەڵات و کاریگەری بەسەر رەوتی رووداوەکانی هەرێمەکانی جزیرە و دیاربەکر لە نیوەی یەکەمی سەدەی ئاماژەبۆکراو ناویان دێت، هەروەها ئەوەش دەنووسرێت کە رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پاڵپشتی کردنی پاشاکانی ئەیوبی لە ململانێ هەرێمایەتییەکانیان لەگەڵ خەوارزم و سەلجوقییەکانی رۆم و مەغۆلدا، لە گرنگترین میرەکانیشیان کە لەم روانەی باسکرا، ناویان تۆمارکراوە، بریتین لە:

**١- میر أسد الدين أبو الفوارس کوڕی موسك (چارەگی یەکەمی سەدەی ٧ك/١٣ز):**

میر (أسد الدين أبا الفوارس) بە یەکەم میری قەیمەری دادەنرێت، زۆربەی میر و کەسایەتییە قەیمەرییەکانی تر بە کوڕ و نەوەی ئەم میرە دادەنرێن، ئەمە لە ماوەیەکی درێژی نێوان ساڵانی (٥٩٥ـ ٦٢٠ك/ ١١٩٨- ١٢٢٣ز) میری قەڵای قەیمەر بووە، بەڵام هیچ رۆڵ و بەشدارییەکی لە رووداوەکاندا بۆ تۆمار نەکراوە، چەند کوڕێکی لە دوا بەجێ ماوە (معجم البلدان، ٤٢٤/٤، البداية والنهاية، ١٩٥/١٣، ١٤٤/١٤).

**٢- میر حسام الدين الحسين کوڕی أبي الفوارس القيمري (٦٢٠-٦٤٨ك/ ١٢٢٣-١٢٥٠ز):**

بە پێی درێژەی رووداوەکان ئەوە دەردەکەوێت کە (میر حسام الدين الحسين) لە دوای باوکی شوێنی ئەوی گرتۆتەوە لە فەرمانڕەوایی، هاوچاخی (ملك الاشرف موسى کوڕی الملك العادل سيف الدين أبو بكر الأيوبي)ی (٦١٥-٦٣٥ك/ ١٢١٨-١٢٣٧ز) میری جزیرە بووە و یەك لە میرەکانی ئەو بووە، کاتێکیش ئەیوبییەکان دەسەڵاتی خۆیان درێژکردەوە بۆ ئەوەی هەرێمەکانی جزیرە و دیاربەکریش بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، کۆشان بۆ ئەوەی پەیوەندی بە میر و سەرۆك هۆز و خاوەن قەڵا کوردەکانەوە بکەن، هەروەها هانیان دان بۆ ئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەن و بێنە ناو لایەنگران و شوێنکەوتووانیان لە ریزەکانی سوپای ئەیوبی، ئیتر ئەوانیش

وەلاَمیاندانەوە، بەوە ئەیوبییەکان کوردانی ئەو هەرێمانەیان لە تیپی سەربازی تایبەت ڕێکخست و سەرکردایەتی ئەو تیپانەشیان هەر بە سەرۆکە کوردەکانی خۆیان سپارد، لەوانە تیشك دەخەینە سەر:

- میرانی بەنو زکری) ئەوانیش ((لە بنەماڵەیەکی گەورەی کوردان بوون)) (المنهل الصافی، ٣٠/١).
- میرانی مالّباتی (الطوري).
- میرانی ئال ئەبولفەوارس کوڕی موسەکی قەیمەری.

(میر حسام الدین القیمری) پەیوەندی کرد بە (الملك الاشرف الأیوبي)و بووە یەك لە فەرماندە گەورەکانی سوپاکەی لە دیاربەکر و ئەخلات، ئەمە چونکە جێی متمانەی (الملك الأشرف) بوو، هەموو ئیعتیمادی لەسەر ئەوبوو و گرنگی زۆری پێدەدا، بۆیە ئەو زڕخوشکەی خۆی پێدا کە لە دایکییەوە خوشکی بوو (التاریخ المنصوري، ص٢٠٢،الجویني، تاریخ جهانکشای، ١٨٢/٢، جامع التواریخ، ص٤٦٥).

کاتێك (جلال الدین خوارزمشاه)کەلە نێوان (٦١٧-٦٢٨ك/ ١٢٢٠-١٢٣١ز)دا ژیاوە لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز) هێرشی هێنایە سەر ئەخلات و بە دامەزراندنی چەند مەنجەنیقێك لە دەوروبەریدا گەمارۆی لەسەر توند کرد، (میر حسام الدین القیمری) لە نێو سوپای ئەیوبی بوو لەو شارە، ئیتر ئەو میرە قەیمەرییە لە ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشکاندنی خەوارزمییە داگیرکەرەکاندا پاڵەوانییەکی گەورەی تۆمار کرد (التاریخ المنصوری، ص١٨٤-١٨٦، الکامل، ٣٨٠/٩)، کاتێکیش دوای گەمارۆیەکی توندی حەوت مانگی، (لە شوالی ٦٢٦ك — کۆتایی جمادی الأولی ٦٢٧ك)، خەوارزمییەکان هاتنە ناو شارەکە و داگیریان کرد، (میر حسام الدین) بە دیل گیرا، بەلاَم توانی لە دەست خەوارزمییەکان رزگاری بێت و رابکات، ئیتر ئەخلاتی جێهێشت و هاتە (رقە) بۆ لای (الملك الأشرف)، لەوێدا قسەی ئەوەی بۆ (اشرف) کرد، کە ((خەوارزمییەکان لاوازن و ئەوانەی هاتوونە زۆر کەمن، ئەوە نین لە بەرامبەریان دەستەوسان بین))، بۆیە (اشرف) لە (دیمەشق)ەوە نامەی ڕەوانەی لای براکەی کرد، بە ناوی (الملك الکامل)کە لە نێوان (٦١٥-٦٣٥ك/١٢١٨-١٢٣٧ز) دا ژیاوە، کە ئەوەیان خاوەنی میسر بوو، بۆ ئەوەی راستی واقیعەکەی ئەخلاتی تێبگەیەنێت، (ابن نظیف الحموی) دەڵێت: ((کتێبی أیبك — عز الدین أیبکی یەك لە میرانی الملك الاشرف و لەوانەی خوارزمشا لە ئەخلات دیلی کردبوون ـ گەیشت، تیایدا هاتبوو، کە: خوارزم لەسەری توند کردوونە و دوای ئەوەی قەیمەری



رایکردووە، بیر لەوە دەکاتەوە بیانکوژێ))، ئەمە چونکە راکردنی قەیمەری خوارزمشای زۆر توڕە کردبوو، بۆیە جامی توڕەیی خۆی بەسەر میرە دیلکراوەکانی تردا ڕشت و زۆر بە توندی و خراپی مامەڵەی لەگەڵدا کردن (التاریخ المنصوری، ص١٤٣).

دواتر پەیوەندی (حسام الدین القیمری) لەگەڵ (الملك الاشرف) تێکچوو، بۆیە (الاشرف) لەسەر کاری لابرد و خستیە بەندیخانە، پاش ماوەیەك ئینجا ئازادی کرد، ئەمەش وایکرد (حسام الدین القیمری) خزمەتی (الأشرف) جێبێڵێ و پەیوەندی بکات بە (سلطان علاء الدین کەیقوبادی یەکەمی سەلجوقی) و پێی بڵێت: ((من ئەو ولاّتانەت بۆ فەتح دەکەم))، ئیتر لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز)، ئەخلات و ئەو ناوچانەی لەبەر دەستی بوون، هەمووی بەدەستەوە دا (التاریخ المنصوری، ص١٥٥، ١٧٣).

بەلاَم پاش چەند ساڵێك (حسام الدین القیمری) هاتەوە نێو ریزی سوپای ئەیوبی و لەلای (الملك الناصر یوسف)ی میری حەلەب خزمەتی کرد، لە ساڵی (٦٤٦ك/١٢٤٨ز) لە حەلەب قوتابخانەیەکی بۆ شافیعییەکان دروستکرد، بە قوتابخانەی قەیمەری ناسرا (الاعلاق الخطیرة، ٢٦٢/١)، هەروەها بەشداری کرد لە شالاَوی ئەیوبی بۆسەر میسر لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز)، لەو شالاَوەدا لە شەڕی (العباسه) بریندار بوو، دوای چەند ڕۆژێك بەو برینانەیەوە گیانی لەدەستدا، لاشەکەی خۆی و لاشەی (ضیاء الدین)ی برای کە ئەویش لەو ڕێگایەدا گیانی لەدەستدابوو، هەڵگیران و هێنران لە قودس نێژران (الحنبلی، الانس الجلیل فی تاریخ القدس والخلیل، ٢٦٢/١).

### ٣- شمس الدین عزیز کوڕی أبی الفوارس القیمری (؟):

ئەمە کوڕەگەورەی (أبی الفوارس القیمری)یە، هەرچەندە کە لە ((میرە زۆر بەڕێزەکانە)) (الوافی بالوفیات،٢٦١/١٢،الدارس، ٤٤٢/١)، بەلاَم لە سەرچاوەکاندا هیچ هەواڵێکیمان دەست ناکەوێت، هەر ئەمە باوکی ((میری گەورە)) ناصر الدین أبو المعالی الحسینی لە دایکبووی قەلاَی قەیمەرییە، لە ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٣ز)، دروستکەری قوتابخانەی قەیمەرییە لە دیمەشق، لە ساڵی (٦٦٥ك/١٢٦٦ز) لە کاتێکدا پارێزگاری لە کەنارەکانی شام دەکرد، لەوێدا کۆچی دوایی کرد (ذیل مرآة الزمان، ٣٦٩/٢، الوافي بالوفیات، ٢٦١/١٢ — ٢٦٢، عیون التواریخ، ٣٥١/٢٠، البدایة والنهایة، ٢٥٠/١٣).

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە قسە لێرەدا لە بارەی میرانی قەیمەرییە کە ئەمەمان بۆ چەسپاوە، ئەو میرانە پێش و پاش کۆچی قەیمەریانیش بۆ وڵاتی شام لە ساڵی (٦٤٢ك/١٢٤٤ز)، لە قەڵای قەیمەردا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، دەرکەوتنی رۆڵی گەورەی میرانی قەیمەریش لە وێنەی: (ضیاء الدین موسی و سیف الدین یوسف و شهاب الدین الکبیر و عزالدین محمد و ناصر الدین الحسین) و هی دیکەش لە وڵاتی شام، لە ئاراستەکردنی رووداوەکاندا لە ماوەی گوازتنەوەی نێوان ئەیوبییەکان و مەمالیکەکان و جیهاد و پاڵەوانیەتییە گەورەکانیان لە کەنارەکانی شام، لەگەڵ پرۆژە بیناسازییە خێرخوازییەکانیان، وەکو دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت و نەخۆشخانە و هەموو ئەو چاکە و خێر و حەسەناتانەی هەیانبووە، دەخوازن لێکۆڵینەوەی تێروتەسەڵ و وردیان لەسەر بکرێت (بڕوانە: لێکۆلینەوەیەکمان بە زمانی کوردی، لە بارەی کوردە قەیمەرییەکان و رۆڵی جیهادی و کارە بیناسازییەکانیان لە وڵاتی شام و میسر کە لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٧)دا، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٢٧-٥٤)، بەڵاکراوەتەوە.

### ٤- میر نجم الدین القیمری (؟ - ٦٤٣ك/ ١٢٤٥ز):

میرێکی نادیارە، لەو قەیمەریانەیە کە کۆچی کردووە بۆ شام و لەوێ لە دیمەشق لە ساڵی (٦٤٣ك/١٢٤٥ز) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی (الجبل) نێژراوە، دەشکرێ ئەو دەستەواژەیە چاکبکەینەوە کە بە تەنیا هەواڵی کۆچی دوایی ئەو میرە قەیمەریەی تۆمارکردووە و نووسیویەتی: ((نجم الدین القیمری عمر ناصر الدین))، بەڵام راستیوەکەی بریتییە لە: ((نجم الدین القیمری مامی (عم) ناصر الدین)) (ذیل الروضتین، ١٧٨) کە مەبەست لە (ناصر الدین) بریتییە لە (الحسین کوڕی شمس الدین عزیز القیمری)ی هاوچاخی خۆی و لە بەناوبانگترین میرەکانی قەیمەرییە.

### ٥- میر سیف الدین یوسف کوڕی أبی الفوارس القیمری (؟ - ٦٥٤ك/ ١٢٥٦ز):

مێژوونووسان (میر سیف الدین القیمری)یان ئاوا وەسفکردووە: ((لە کۆتاییەکانی تەمەنی خۆیدا، یەکێك بووە لە گەورەترین میرەکان و لە رووی پێگەوە بەرزترین پێگەی هەبووە، لە هەمووشیان ورە بەرزتر بووە، تەواوی میرە کوردەکانی قەیمەری و ئەوانی دیکەش رێزیان لێناوەو وەکو شوێنکەوتەیەکی گوێڕایەڵ لە خزمەتیدا بوونە)) (ذیل مرآة الزمان، ١/٤٣-٤٤)،



((لە بەرێزترین و گەورەترینی میرەکان و پاڵەوانە باسکراوەکانیان بووە)) (الذهبی، العبر،٣/٢٧٠) و ((لە میرە گەورەکانە و پایەیەکی بەرزی هەیە لەلایەن پاشاکانەوە)) (عیون التواریخ، ٢٠/٨٣) و ((ئەم میرە گەورەیە... گەورەترینی میرانی قەیمەرییە، ئەوان ـ واتە: کوردان ـ لە بەردەستیدا وەها دەوەستان، وەکو لەبەر دەستی پاشایاندا خەڵك دەوەستێت))(البدایه والنهایه،١٣/١٩٥).

لە راستیشدا لە شام و دیمەشقدا وەها بوو، بەڵام لە قەڵای قەیمەردا، ئەوا لە قۆناغی ئەوێی ئاگادار نینە نازانین دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و فەرمانڕەوایی کردووە، یان نا؟ (الکتبی) لە گێڕانەوەیەکدا کە گومان هەیە لە وردبوونی، دەڵێت: ئەوە خوشکەزای خاوەنی قەیمەرە (عیون التواریخ، ٢٠/٨٣) بەڵام لە راستیدا ئەوە کوڕی خاوەنی قەیمەر میر (أسد الدین القیمری)یە، نەك خوشکەزای بێ، (ذهبي)یش دەڵێت: ((دەڵێن کوڕی خاوەنی قەیمەرە)) (تاریخ الإسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص١٤٨).

دواتر ئەوەی لەلامان چەسپاوە، ئەوەیە کە نەوەکەی بە ناوی (عزالدین علی) وەها ناسراوە، کە: ((خاوەنی قەڵای قەیمەری بەناوبانگە، ئەم قەڵایەی لە باپیرانەوە بۆ مابووەوە)) (ذیل مرآة الزمان، ٤/١٧٤، عیون التواریخ، ٢١/٣١٥).

### ٦- میر ناصر الدین عیسی کوڕی سیف الدین یوسف القیمری:

سەرچاوەکان هەواڵێکی وەکو پێویستیان لەبارەی ئەم میرەوە بۆ تۆمارنەکردووین، هەرئەوەندە هەیە، دەڵێن: ئەمە لەگەڵ باوك و مامەکانی پەیوەندی بە (الملك الصالح نجم الدین الایوبی)ی میری میسر کردووە لە ساڵی (٦٤٢ك/١٢٤٤ز)، دواتر لەگەڵ دەستەیەك میری کورد لەو شاڵاوەی ئەیوبی کوژراون، کە (الملك الناصر یوسف)ی میری دیمەشق و حەلەب بە ئامانجی وەرگرتنەوەی میسر لە دەست مەمالیکە تورکەکان لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) بردییە سەر میسر (تاریخ الاسلام (حوادث ٦٤١-٦٥٠هـ)، ص٦٠).

### ٧- میر عز الدین علی کوڕی ناصر الدین عیسی کوڕی سیف الدین یوسف القیمریی کە لە (٦٨١ك/ ١٢٨٢ز)کۆچی دوایی کردووە و رووخانی میرنشینی قەیمەری:

ئەمە لە دەوروبەری ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز) لە قەڵای قەیمەر لە دایك بوو، دوای ئەوەش باوك و مامەکانی بەرەو وڵاتی شام و میسر چوون، ئەو هەر لە قەڵای قەیمەری زێدی خۆی مایەوە، بەڵام (جمال الدین یوسف)ی برای چووە میسر و لەوێ نیشتەجێ بوو (تاریخ الجزری، ٣/٧٠٤).

کاتێکیش مەغۆل هەرێمی جەزیرەیان داگیر کرد و کۆتاییان بە دەسەڵاتە خۆجێییە کوردییەکانی ئەوێ هێنا، قەڵای قەیمەریش کەوتە ژێر دەستیان، (میر عزالدین) ناچار بوو بچێتە وڵاتی شام، لەوێدا ماوەیەك خزمەتی کرد، دوای ئەوە وازی لە خزمەت هێناو لە ساڵی (٦٨١هـ/١٢٨٢ز) کۆچی دوایی کرد، بەو کۆچی دواییەشی میرنشینی قەیمەری یەکجاری رووخاو ئومێدی دروستبوونەوەی نەما (ذيل مراة الزمان، ٤/١٧٤، عيون التواريخ،٢١/٢٥٠).

## ـ کاجکی:

لەوانەی دەدرێنە پاڵ ئەم هۆزە قازی و مودەریس صدر الدين محمد الكردي الكاجكيي قازی شارۆچکەی (منبج) و مودەریسی مەدرەسەی نوریەی (حەلەب)ە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ دەرسی لەنێو ئەو مەدرەسەیە گوتەوە (٦٢٣ — ٦٢٧ك/ ١٢٢٦ — ١٢٣٠ز)، دواتر چووە شاری (مرعش) و تیایدا پۆستەکانی قازی و وەزارەتیشی وەرگرت، سەرەنجامیش هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. (الاعلاق الخطيرة، ١/١/٢٥٠).

## ـ کدوانی ـ الكدوانية:

هەواڵی هۆزی کدوانی لە رووداوەکانی کوردستاندا نەهاتووە، بۆیە زەحمەتە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستنیشان بکرێت، ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە وەکو هۆزە کوردییەکانی تر، چەند گرووپێکیان بەرەو حیجاز و وڵاتی شام و میسر کۆچیان کردووە، لەو کۆچەرە کدوانیانە (جمال الدين يوسف کوڕی بابا کوڕی عمر کوڕی محمود کوڕی رستم الكدواني الشافعي) هەڵکەوتووە، (سخاوي) لە بارەیەوەی دەڵێت: ((ئەو ئێستاکە (واتە ساڵی: ٨٩٩ك/١٤٩٤ز) لە شارەکەدا لەسەر خێرێکی گەورەیە)) (الضوء اللامع، ١٠/ ٣٠٣).

## ـ گەڵاڵی ـ الكلالية- الجلالية:

جەلالی، یان گەڵاڵی لە گەورەترین و دێرینترین هۆزەکانی شارەزوور و داقوق و (الكرخيني) کەرکوکە، یەکەم هەواڵ لە بارەیەوەی بۆ ساڵی (٢٦٧ك/٨٨١ز) دەگەڕێتەوە. (الكامل، ٦/٣٦)، لە ساڵی (٣١٤ك/٩٢٦ز) ئەم کوردە گەڵاڵیانە بە رووی (أبي الهيجاء عبد الله کوڕی حمدان)ی والیی موصل و شارەزوور راپەڕین. (الكامل، ٦/ ١٨٣).



سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی ناوی ئەم هۆزەیان بە (الجلاليه) چەسپاندووە، کە ئەمە بە عەرەبیکراوی وشەی (گەڵاڵی)یە (التنبيه والأشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ٢/١٢٤، الرسالة الثانية، ص١٠، الكامل، ٦/٣٦)، بەڵام سەرچاوەکانی سەردەمی مەغۆلی و، هەروەها سەرچاوە مەملوکییەکانیش ناویان جارێك بە گەڵاڵی (الكلاليه) و جارێکی تر بە جەلالی (الجلاليه) هێناوە (تأريخ الملك الظاهر،ص٣٣٣،الروض الزاهر،ص٨٨،مسالك الأبصار،٣/١٢٥-١٢٦، نهاية الأرب،٢/٣٠٧) لەولاشەوە (نقشبندی) لەو بڕوایەیە کە گەڵاڵی (الكلاليه) جیایە لە جەلالی (الجلاليه) و هۆزێکی دیکەی سەربەخۆیە، هیچ پەیوەندییەکی بە جەلالی (الجلاليه)وە نییە، تەنانەت تا ئێستاش جەلالی (الجلاليه) و گەڵاڵی (الكلاليه) دوو هۆزن وەکو خۆیان ماون و پارێزگارییان لە ناوە کۆنەکەی خۆیان کردووە. (الرسالة الثانية لمسعربن مهلهل و شهرزور، مجلة جامعة السليمانية، العدد (٨) ص٢١٨)، کەچی وەکو لە گوتەی مێژوونووسانی تر تێدەگەین، ئەوان بە زۆری پێیان وایە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان گەڵاڵی (الكلاليه) و جەلالی (الجلاليه) ناکەن، ئەوەتا میر شرف الدين کوڕی سلاری میری هەولێر و ئەشنویە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی و سەرەتاکانی دەرکەوتنی هێرشکاری مەغۆلی دراوەتە پاڵ گەڵاڵی (الكلاليه) (تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٣، الروض الزاهر، ص٨٨) لە هەمان کاتدا (الفقيه ابا الحسن عبدالله کوڕی شروين) دراوەتە پال جەلالی (الجلاليه) کە ئەو لە گوندی (باکلبا)ی نزیك هەولێرو لە هاوڕێیانی یاقوتی حەمەویی بوو کە لە (٦٢٦ك/١٢٢٩ز) کۆچی دوایی کردووە (معجم البلدان، ١/٣٢٨) دیسانەوە (عزالدين عبدالعزيز)ی نووسەری هەولێری دراوەتە پاڵ جەلالی (الجلاليه) (معجم الالقاب، ١/٢٣٦)، هەروەها تەواوی لقەکانی (الجلاليه)ی بڵاوبووەوە لە (درتنك و الكرخيني و داقوق و هەولێر و ئەشنویە) لەو سەردەمە بە گەڵاڵی (الكلالييه) ناسراون (مسالك الابصار، ٣/١٢٥-١٢٦).

لە سەردەمی ئەتابەکی لە جەلالیەکاندا (الجلاليه) میر (مجاهد الدين بزان کوڕی مامين الكردي)ی (میری کوردان)ی کە لە (٥٥٥ك/١١٦٠ز) کە خاوەنی (صرخد) بووە و یەك بووە لە پێشەنگانی سوپای نوری (مەبەست: نورالدين محمود کوڕی زەنگییە) لە دیمەشق و وڵاتی شام، ئەم (مجاهد الدين)ە بەڵایەکی گەورەی بەسەر خاچپەرستاندا هێنا، لە بەرگریەکانی بۆ هێرشەکانیان، (قلانسی)ی هاوچاخی لە بارەیەوەی دەڵێت: ((... ئەو بە شەهامەت و ئازایەتی و رای دروست و زانیاری بە شەڕەکان وەسفکراوە... هەروەها بە بوێری و لێبووردن و نوێژ و دابەشکردنی سەدەقات بەسەر هەژار و لاوازەکان وەسفکراوە...)) (ذيل تاريخ دمشق، ص٣٠٦، ٣٥٩،الروضتين،١/٣٤٢-٣٤٣، الدارس في تأريخ المدارس،١/٤٥٢).

میر مجاهد الدین بە پارەی تایبەتی خۆی مزگەوتێکی لە دەروازەی (باب الفرادیس)، هەروەها مەدرەسەی موجاهیدییەشی لە دیمەشق دروستکرد، سەرەنجام میر مجاهد الدین لە ساڵی (٥٥٥ك/١١٦٠ز) گیانی لەدەستدا و کۆچی دوایی کرد (ذیل تاریخ دمشق، ص ٣٥٩،الأعلاق الخطیرة، ١/١/،٢٤٨،الدارس،٢/٤٥١-٤٥٥).

لە ماوەی سەردەمی مەغۆلی، گەلاڵی (کلالییە)کان لە سێ شوێندا نیشتەجێ بوون، تایەفەیەکیان لە (دانترك (؟) و نهاوند)ی نزیك شارەزوور، تایەفەی دووەمیان لە لادێکانی (داقوق وکەرکوك) دەژیان، تایەفەی سێیەمیش کەوتبوونە (ئەشنۆیە)ی سەر بە هەرێمی ئازەربێجان (مسالك الأبصار، ٣/١٢٥)، هەروەها لە هەولێریش گەلاڵی (کلالییە) دەبینین، (ملك شرف الدین کوڕی سلار) وەکو ئاماژەی بۆ کرا، لەو گەلاڵییانە بوو، کاتێکیش لە ساڵی (٦٥٨ك/١٢٦٠ز) شرف الدین کوژرا، تاکەکانی هۆزەکەی لە مەغۆلەکان یاخی بوون و لێیان ڕاپەڕین، لە پاشان ناچار بوون هەولێریان جێهێشت و بەرەو ولاتی شام ڕۆیشتن، لەوێ پەیوەندییان بە مەمالیکەکانەوە کرد، ئەوەی لەنێو ئەوانەوە دیار بوو، میر تاج الدین شروان کوڕی حمدان (ڕاستییەکەی سلار)ی برای (الملك شرف الدین) و میر (رکن الدین)ی خوشکەزای بوون، لەگەڵ حەفتا سوارچاك (تاریخ الملك الظاهر، ص ٣٣٣، مسالك الإبصار، ٣/١٢٥).

لە گەلاڵییەکانی ئەشنۆیە و هەولێر گەلێ نووسەر و ئەدیب و پیاوی کارگێڕی هەڵکەوتن، لەوانە:

- الفقیه ابو الحسن عبدالله کوڕی شروین الجلالی (معجم البلدان، ١/٣٢٨).
- الکاتب عز الدین أبو المجد عبد العزیز علی کوڕی أبی الهیجاو الاربلی الجلالی (ناظر الکوفه) (معجم الالقاب، ١/٢٣٦).
- الأدیب عز الدین أبو علی الحسن کوڕی علی کوڕی أبی الهیجاء الاربلی برای عز الدین عبد العزیز، ئەمە شاعیر بووە، لە ساڵی (٦٨٧ك/١٢٨٨ز) چەند دێڕێك شیعری بۆ (ابن الفوطي) گوتووە (معجم الالقاب، ١/١٣٥).

ئێستاکە گەلالییەکان لە چەندین ناوچەی لێکجیای کوردستان بڵاوبوونەتەوە (الرسالة الثانیة و شهرزور، ص٢١٨-٢١٩).

### - کەڵهوڕ - کلهر:

کەڵهوڕ لقی سێیەمی لقەکانی گەلی کورد پێکدێنێت، هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکانی (درتنك و قصرشیرین و سربل ذهاب و ماهیدشت) نشتەجێنە، دواتریش هەر لە سەدەی



نۆیەمی کۆچی/ پازدەی زایینییەوە ئیتر فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەیان کردووە (شرفنامه، ص٥٢، ٥٣٥-٥٣٨).

ناوی کەڵهوڕ لە هەواڵەکانی سەرەتاکانی سەردەمی عوسمانیدا هاتووە، (مطراقي زاده، رحلة مطراقي زاده، ص٧٤) بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە کە بە هۆی ململانێکانی (ئاق قوینلو و سەفەوییەکان و عوسمانیەکان) دروستبوو، چەندین کۆمەڵەی کەڵهوڕییەکان شان بە شانی هۆزە کوردییەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو ناوچەکانی دیکەی کوردستان ڕۆیشتن و شوێنی سەرەکی خۆیان جێهێشت، هاتنە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی موسل (دفتر طابو العثماني لسنة ٩٤٦ك/١٥٤٠م نقلاً عن سعدي عثمان، کردستان الجنوبیة، ص١٧٦).

دیسانەوە کەڵهوڕ ناوێکی مێژوویی دێرینە، موفەسیرە کۆنەکان چۆنیەتی دروستبوون و واتاکانیان شینەکردۆتەوە، ئێستاکە ڕای نوێ هەیە بۆ لێکدانەوەی، بەڵام بە تەنیا لەسەر بۆچوونی کەسی دامەزراوە (شرفنامه، ص٤٣،٥٣٤(تعلیقات المترجم)،آیت الله محمدي، جغرافیای تأریخی أیوان غرب، ص٤١).

### - کەیکان - کەیکی - الکیکان — کیکی:

لە هۆزە کوردییە کۆنەکانی ولاتی موسڵە و تا ئێستاش ماون، لە سەردەمی عەباسییەوە ناسراوەو ناوی هەیە (التنبیه والإشراف، ص٩٤).

کەیکانییەکان هەموویان، یان بەشێکیان شوانکارە بوونە و کوێستان و گەرمیانیان کردووە، لە زستاناندا هاتوونەتە دەشتەکانی موسڵ و دوای هاتنی وەرزی بەهار چوونەتە لەوەڕگا زستانییەکانیان لە زۆزانەکان، زۆرجار ماڵاتەکانیان بە هەرزان فرۆشتووە لە بازاڕەکانی موسڵ، ناوەکەی لە کتێبی (الکامل)دا بە هەڵە بووەتە کلیکان (الکامل، ٩/٣٧٥).

میرانی کەیەکان پەیوەندییان بە ئەیوبییەکانەوە کردووە چوونە میسر، بەڵام ڕۆڵی سیاسییان لە مێژووی ئەیوبی ونەو دیار نییە، یەکێ لەو میرانەیان بریتییە لە:

- میر عز الدین خضر کوڕی محمد الکیکانی.. کە ئەمە براکانییدا لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەیوبی زەوی و زاری زۆرو بیستانی گەورەی خورماو ترێیان هەبوو لە ویلایەتی (فیوم)ی میسر (النابلسی، تاریخ الفیوم وبلادە، ص١٤٥، ١٤٩).

لە کوردستانیش ئەو میرە کەیکانیانەی دەیانناسین، بریتین لە:

- میر نور الدین بزغك (؟) کوڕی میر عز الدین موسی الکیکانی.. ئەمە لە ڕۆژانی داگیرکاری مەغۆل بۆ کوردستان، لەو چەند میرە بە ژمارە کەمانە بوو کە لە موسل بوون، سەرەتا ملکەچیەتی

بۆ مەغۆلییەکان کرد، ئەوانیش ناوچەیەکی زۆریان بۆ بڕیەوە و داوایان لێ کرد، پارێزگاری ڕێگاوبانەکان و پاسەوانێتی ڕێگەی بازرگانی هەولێر ـ مەراغە بکات، بەڵام دواتر لێیان هەڵگەڕایەوە و هەندێ بارەگای مەغۆلەکانی لە هەولێر تالان کرد و هێرشی بردە سەر پارچەکانی سوپای مەغۆلی، لە دوای ئەوە لە ساڵی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز) پەیوەندی کرد بە (الملك الظاهر بیبرس المملوکی)، خاڵ و برایەکیشی لەگەڵ بوو، لەگەڵ نزیکەی پەنجا سوار (تاریخ الملك الظاهر، ص٣٣٣).

لە زاناو ناودارانی کەیکان لە وڵاتی شام، (قازی شەمسەدین محەمەدی کوڕی یوسفی کوردی کەیکانی)یە کە قازی (غەززە) بووە و هەر لەوێش لە ساڵی (٦٩٤ك، ١٢٩٥ز) کۆچی دوایی کردووە و لە قودس بە خاك سپێردراوە. (المقتفی، تاریخ البرازلی، ٣٩٤/٢/١).

کەیکان لە ڕۆژی ئەمڕۆیاندا بە کەیکی دەناسرێن و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەمانە و کاکەییەکان نییە.

**ـ لوڕ ـ اللرّ ـ اللريّة ـ لوري:**

(لوڕ — لوڕی) ناوی کۆی تەواوی هۆزو تایەفە و تیرە کوردییەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانەیە کە لە مێژوودا بە لوڕستان، واتە وڵاتی لوڕان ناسراوە (معجم البلدان، ٢٥،١٦/٥) هیچ ناکۆکییەکی شیاوی باسیش نییە لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری ناوچەکانی، چونکە ئەو وڵاتەیە کە دەکەوێتە نێوان هەرێمی چیاکان لە باکور و هەرێمی خوزستان — ئەهواز لە باشور و عێراق لە ڕۆژئاواو ئەسفەهان لە ڕۆژهەڵات (تقویم البلدان، ص٣١٣، صبح الاعشی، ٤٣٣/٤)، ئەم ناوچانە لە ڕووی کارگێڕییەوە تا سەردەمی خەلیفە هارون الرشید (١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز) سەر بە هەرێمی خوزستان بوون، لە پاشان لە خوزستان کرانەوە و خرانە سەر هەرێمی چیاکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە ئەوەی دووەمەوە زۆرتر بوو.

سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی لەسەر ئەوە کۆکن، کە: لوڕ لە هۆزە کوردییەکانە و میرەکانی دراونەتە پاڵ کورد، چ سەرچاوەیەك نییە، شتی پێچەوانەی ئەوە بڵێت (التنبیه والاشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢، الکامل، ٤٤/٨، ٦١/٩، مرآة الزمان، القسم الخاص بتأریخ السلاجقة، ص١٦-٢٠، ابن سعید المغربي، کتاب الجغرافیا، ص ١٦١)، (ابن حوقل)یش دەڵێت: ((لوڕ لە خودی خۆیدا وڵاتێکە... دەشتی هەیە و هەرێم و شار و بازاڕی هەیە، کورد لە هەموویاندا زۆرینەن)) (صورة الارض، ص٢٣٢، نزهة المشتاق،٤٠٠/١)، (یاقوت)یش پشتگیری دەکات و دەڵێت: ((اللُّر بالضم وتشدید الراء.. نەوەیەکی کوردانن.. ئەو ناوچانە بەوانەوە دەناسرێ و پێیان دەگوترێ: وڵاتی لوڕ...)) (معجم البلدان، ١٦/٥).



بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی مەغۆلی، دەبینین سەرچاوە مێژووییەکان، لە نێویان بە شێوەیەکی تایبەت سەرچاوە فارسییەکان، جیاوازی لە نێوان کورد و لوڕ دەکەن، بەرەو ئەوە دەچن لوڕ بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دابنێن، ئەوەتا (عمری) دانیشتوانی ((شانشینی چیاکان)) دابەشدەکاتە سەر کورد و لوڕ و شۆل و شوانکارە و بۆ هەریەکەیان بەشێك تایبەت دەکات (مسالك الابصار، ١٢٤/٣)، لە سەرچاوە فارسییەکانیش دەنووسرێت: هەواڵەکانی کورد و لوڕ (اکراد واللور — کردان ولران) واتە: وەکو دوو نەتەوەی شان بە شانی یەك (البناکتي، تاریخ بناکتي، ص ٤١٩، تاریخ أولجایتو، ص ٦٦، قاضي احمد غفاري، تاریخ نکارستان، ص٢٧٥، تاریخ جهان آرا، ص١٦٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدلیسی کوردە لوڕەکانی بە لقی دووەمی چوار لقەکانی میللەتی کورد ژماردووە (شرفنامە، ص٥٠)، دواتر میرانی لوڕ تا پاش سەردەمی مەغۆلیش، خۆیان بە کورد زانیوە (السلوك، ص ٤٧١/٢).

سەرچاوەکان سێ ڕایان لە بارەی ناوی (لوڕ)ەوە نووسیوە، لەوانە:

١- لوڕ لە سەرەتاوە لە ناوچەیەك سەرچاوەیان گرتووە، پێی دەگوترێت (لر— لور) کە دەکەوێتە تەنگەبەرێك بە لوڕی پێی دەگوترێت (کول)، نزیك بووە لە تخوبەکانی گوندێك کە پێی گوتراوە (کرد) لە ویلایەتی (مانرود)، ئیتر بە ناوی شوێنی یەکەمی سەرچاوەگرتنیان ناسراون.

٢- چیایە داپۆشراوەکانی بە دارستان و سەوزایی بە لوڕی پێی دەگوترێت (لر — بالکسر — لیر) بەڵام لەبەر زەحمەتی گۆکردنی، (بدلوا الکسر الی الضم فقالوا: لر — لور)، (لێر)یش بە کوردی واتە: ئەو شوێنەی دار و بار بە چڕی دایدەپۆشن.

٣- باپیرە گەورەی لوڕەکان ناوی (لر — لوڕ) بووە.

هەر ئەم سەرچاوانە دوو گێڕانەوەی ئەفسانەییش لە بارەی بنەچەی لوڕەوە دەچنن، (حمد الله المستوفی) وای بینیوە کە ڕای یەکەم لە ڕاستی نزیکترە، بەڵام (بەدلیسی) بە گێڕانەوەی ڕای یەکەم وازی هێناوە (تاریخ کزیدە، ص ٥٣٧، منتخب التواریخ، ص ٣٥،تأریخ نکارستان،ص٢٠٦، شرفنامە، ص١٢٥).

دەشێ هۆز و تیرە و تایەفەکانی لوڕ دابەش بکەینە سەر سێ بەش، ئەوانیش:

بەشی یەکەم: هۆزەکانی لوڕستانی گەورە، لە باشوور، ئەمانە لە بیست و پێنج هۆز زیاتر بوونە، جیاوازی هەیە لەسەر ناوی زۆربەیان: ئسترکي، ماکۆیە، بختیاری، جوانکي، بیدانیان، زامدیان (زاهدیان)، علائي، لوتوند، کوتوند، بوازکی، شنوند، زاکي، جاکي، هاروني، ئەشکی، کوی، لیراوی، مویی، یحفومي(بحسفوي؟)، کمانکیشی، مامەسێنی، یان: ملکی (ارملکي)،

توانی، کسدانی، مدیجة (؟) اکورد، کولارد (تاریخ کزیده، ص٥٤٠-٥٤١، منتخب التواریخ، ص٤٠—٤١، شرفنامە، ص١٢٩).

ئەو هۆزانە دوای ئەوەی میر (هزار أسب) لە لوڕستانی گەورە دەسەڵاتی گرتە دەست کە ئەمە لە پاش مردنی باوکی (ابا طاهر کوڕی محمد الفضلوي)ی کە لە (٦٠٢ک/١٢٠٥ز)کۆچی دوایی کردووە هاتە سەرکار، لە دەوری کۆبوونەوە و پشتگیرییان کرد (الجامع المختصر، ٩/ ١٨٥— ١٨٦،تأریخ کزیده ص٥٤٠-٥٤١).

بەشی دووەم: هۆزەکانی لوڕستانی بچووك لە باکوور:

ئەمانە سێ هۆزی گەورە بوونە، بریتی بوون لە: (سلبوری، سەیوانی یان سیلوانی، یان تری)، ئەو هۆزانەش بە رۆڵی خۆیان دابەشدەبنە سەر چەند لق و تیرەیەك، وەکو (جەنکرویی) کە ئەمە گەورەترینیانە، میرانی لوڕستانی بچووك لە مانەن، فضلویی (فضلي)، ستوند، ئالانی، کاهکاهی (کاکەیی) رخوارکی، دری، وبرارند، مانکەرە دار، واری، ئەنارکی، ئەبو العباسی، علی مامسنی، کیجای (کێز)، خودکی، بندوئی، سلکی، خودکی...)

بەشی سێیەم: هەندێ هۆزی دیکە، کە بە لوڕی رەسەن دانانرێن، بەڵکو لە هۆزە کوردییەکانی ترن، چونکە شوێنی سەرچاوەگرتنی بنجییان دۆڵی (کول) نییە کە هۆزەکانی لوڕ تیایدا سەریان هەڵدا، بەڵکو ئەمانە لە لوڕستانی بچووك ژیاون و لەگەڵ دانیشتوانەکەی تێکەڵاو بوونە، ئیتر بە زاری لوڕی قسەیان کردووە و بوونەتە لوڕ، بریتینە لە:

کرکسی (کورسکي)، لنبکي، روزبهاني (روزبەیاني)، ساکي، عبد الملکي، ئەیازکی، زنکنە، شادلویی، سنویندي، لك، داودعیاني، محمد کماري، سامي، سهي، ئەسبان، ئەرکی (هرکي)، هەندێکیان بە ناوی باپیرەی یەکەمیان و هەندێکیشیان بە ناوی وڵاتەکەیان ناسراون (تاریخ کزیده، ص ٥٤٩—٥٥٠، منتخب التواریخ، ص٥٣، شرفنامە، ص١٤١).

هەندێ کۆمەڵەی لوڕە کوردەکان، هەر لە سەردەمی سوڵتان (سەڵاحەددین)ەوە پەیوەندییان بە ئەیوبییەکانەوە کرد، زۆربەیان بەم هۆیەوە لە وڵاتی شام جێگیر بوون (مسالك الأبصار،٣/١٣٥)، هەندێ لە زانایانی لوڕ بریتینە لە:

ـ الشیخ الصالح ابو عبدالله محمد کوڕی حسن کوڕی عیسی اللرستاني.. کە ئەمە لە خزمەتی (شمس الدوله تورانشاه کوڕی ئەیوب) بوو و بۆ یەمەن لەگەڵی رۆشت، لە ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) کۆچی دوایی کرد (التکمله لوفیات النقله، ٢/٣٢٥).



ـ الشیخ تقی الدین اللر.. ئەمە شێخی خانەقای سەڵاحیە بووە، لە ساڵی (٦١١ک/١٢١٤ز) کۆچی دوایی کردووە (السلوك، ١/١٨٢)

**ـ لەك ـ لك:**

لەك هۆزێکی گەورەیە، دەیان لق و تیرەی لێ دەبێتەوە، بێ ئەوەی لە لوڕە رەسەنەکان بن، بەڵام یەك لە مێژوونووسان لە چوارچێوەی هۆزەکانی لوڕی ژماردوون (منتخب التواریخ، ص٥٣)، لە کۆن و تا ئێستاش، لە بەشی باکوری رۆژهەڵاتی لوڕستانی بچووك لە شارۆچکەکانی (کوهدشت و هرسین و نوراباد) دانیشتوون، ناوچەکانی بە (لەکستان) ناسراوە، ئەوەی پەیوەندی بە بنەچەی ناوەکەشیانەوە هەیە، (لەك).. ئەوانە نزیکەی سەد هەزار کەس بوونە بە لەك ناسراون کە بە فارسی بە واتای (سەد هەزار) دێت (محمد أمین زکی، کورد وکوردستان، ١/٣٩٢)، تەفسیری باویش لە نێو لەکان ئەوەیە کە پێیان وایە: ئەوان میللەتێکی ناوەندن لە نێوان لوڕ و کوردان، بۆیە ناوەکەیان لە وەرگرتنی پیتی یەکەمی هەردوو وشەی (لوڕ) و (کورد) پێکهاتووە بەمە (ل+ك)= لەك پێکهاتووە.

لەك وەکو تەواوی هۆزەکانی تری لوڕستانی بچووك و کرماشان، لق و تیرەی لە شوێنانی تریش هەبووە، یەکێکیش بووە لەو هۆزە کوردیانەی بە لانیکەم هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە لە دەوروبەری موسل بوونە (کوردستان الجنوبیه، ص١٧٦) تا ئێستاش هەندێ لق و تیرەی هۆزی لەك لە هەردوو پارێزگای هەولێر و کەرکوك دەژین.

دیسانەوە لەو پیاو چاکانەی دەدرێنە پاڵ هۆزی لەك، (الرجل الصالح ابراهیم لەك)ە، ئەمە لە زاهیدانی سەردەمە ئیسلامییە دواییینەکانە، گومەزێك لەسەر گۆڕەکەی کراو، ئیتر بووە ئەو شوێنەی کە خەڵکی بۆ تەبەروك دەهاتنە سەردانی، (تەیمور لەنك)یش لە ساڵی (٧٩٥ک/١٣٩٣ز) لە رێگەی خۆی بەرەو بەغدا، سەردانی ئەو مەزارەی کرد (شامي، ظفرنامە ص١٣٨-١٣٩، روضة الصفا، ٦/٢١٥، التأریخ الغیاثي، ص١٨٥).

**ـ لوینی ـ لاوینی ـ اللوینیة- لاویني:**

لە رۆژگاری هێرشکارییەکانی مەغۆل، لاوینی لە دوای باپیری، بە دووەم هۆزی گەورەی شارەزوور دادەنرێت، چونکە ((لە هەموو هۆزەکانی تر پیاویان زۆرتر بوو و لە هەمووشیان

پارەدارتر بوون))، گەلێ گۆڕان و هەڵە بەسەر ناوەکەیدا هاتووە، ئەوەتا لە دەستنووسی (مسالك الامصار)دا (١٢٦/٣) بە (اللوسە) هاتووە و (قلقشندی)یش کردوویەتییە (اللوسە) (صبح الاعشی، ٣٧٤/٤) (مینۆرسکی)یش بە (الکوسا)ی تۆمارکردووە (کرد در دائرة المعارف اسلام، ص٧٢) بەڵام ناوی دروستی بریتییە لە ((لوین — اللوینیە — لاوینی))، کە بەمە ناوی تەواوی بەدەر دەکەوێت (تاریخ ابن خلدون، ١٤٩/٧-١٥٠).

پێشتر باسمان لەوە کرد کە لاوینی و باپیرییەکان پێکەوە بەرەو وڵاتی شام و لەوێوە بۆ میسر و ئینجا مەغریب رۆشتن، لەوێ لای (مرتضی)ی دوا میری مووەحیدین گیرسانەوە (بڕوانە: البابیریە).

سەرۆکەکەیان لە وڵاتی غەریبی میر (خدر کوڕی محمد) بوو، لە خێزانە دیارەکانیشیان، هەندێکیان بریتی بوون لە: بنو حمو (؟) و بنو بوصه (؟) (تاریخ ابن خلدون، ١٥٠/٧).

**ـ ماگردان ـ المـاجردان — ماهکردان** Mahgurdan:

(مسعودی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ماگردان لە هۆزەکانی کنکور (کنگاور)ی وڵاتی ئازەربێجانە، بەڵام کەنگور شارێکی هەرێمی چیاکانە (مروج الذهب، ٢/ ١٢٤) ئەگەریش زانیمان کەنگور لە چوارچێوەی هۆزەکانی گۆرانە، ئەوا دەکرێ بڵێین: ماگردان لکێکە لە گۆران.

**ـ مارانی ـ المارانیة:**

مارانی تیرەیەکی گەورە و ناسراوی هۆزی گەورەی هەزبانییە، بە درێژایی سەردەمی عەباسی شوێنی ئەم هۆزە ((مروجی خوار موسل بووە)) (التکملە لوفیات النقلە، ١٥٦/٢، وفیات الأعیان، ٣/ ٢٤٣).

لە ساڵی (٣٠٩ك/٩٢١ز) مارانییەکان لە دەوڵەتی عەباسی یاخی بوون، بۆیە خەلیفە مقتدر (٢٩٥—٣٢٠ك/٩٠٨—٩٣٢ز) محمد کوڕی نصر الحاجبی وەکو والی و جێگری خۆی بەسەر شاری موسل دامەزراند، ئەم والییە عەباسییە سەرکەوت بەسەر بزووتنەوەی کوردە مارانییەکان سەرکەوت و زیاتر لە هەشتا پیاویانی بە دەست بەستراوی رەوانەی بەغدا کرد (الکامل، ١٩٦/٦).

خێزانی (بنو درباس) لە وڵاتی میسرکە زۆربەیان قازینە، بوونەتە مارانی، لەوانە:

– صدر الدین عبد الملك کوڕی عیسی کوڕی درباس کوڕی فیر کوڕی جهم کوڕی عبدوس المارانی.. ئەمە هەر لە ساڵی (٥٦٦ك/١١٧٠ز)وە، لە سەردەمی سوڵتان (صلاح الدین الأیوبي)



و (الملك الأفضل)ی کوڕیشی، (قاضي قضاة)ی میسر بووە، لە ساڵی (٦٠٥ك/١٢٠٨ز) کۆچی دوایی کردووە (التکمله، ٢٥٦/٢-٢٥٨، البدایه والنهایه، ٥٢/١٣).

ـ القاضي ضیاء الدین عثمان کوڕی عیسی کوڕی درباس المارانی (٥١٦ — ٦٠٢ك/ ١١٢٢ — ١٢٠٥ز).. ((ئەمە لە ئەهلی فەرموودە بووە کە لە پێناوی کۆکردنەوەیدا زۆر گەڕاوە، زۆری نووسیوە و زۆریشی بیستووە)).

ـ عمر کوڕی عیسی کوڕی درباس المارانی.

ـ القاضي محمد کوڕی عبدالملك المارانیی کە لە ساڵی (٦٥٩ك/ ١٢٦١ز)کۆچی دوایی کردووە.

ـ محی الدین کوڕی عبد الملك و هی دیکەش (تاریخ اربل، ٢١٥/١، ٢٧٠/٢ تعلیقات المحقق).

هەروەها خەتیبەکانی گوندی (کرمییە)ی ناوچەی (مروج)یش مارانینە، لەوانیش ئەوەی دیارە (عمر کوڕی کویز کوڕی عبد الله کوڕی الحسن أبو خلیل المارانی)ی خەتیبی (کرمییە) و باوك و باپیریشی لە پێشە خۆی (معجم البلدان، ٤/ ٤٥٦).

**ـ مازنجان ـ المـازنجـان ـ البازنجان(؟)** Mazngan:

مازنجان هۆزێکی گەورەی دەوروبەری ئەسفەهانی باشوورە کە بەرەو هەرێمی فارس ـ پارێزگای شیرازی ئێستا درێژدەبێتەوە، ناوەکەی لای (ابن خرداذبە و الاصطخري و المسعودی) بریتییە لە (بازنجان).. (المسالك والممالك، ص٤٧، مسالك الممالك، ٦٨-٧٢، التنبیە والإشراف، ص٩٤) لەلای (ابن حوقل)یش (مازنجان)ە (صورة الأرض، ٢٣٦) هەر (مسعودی) لە کتێبێکی دیکەیدا کردوویەتییە (مازنجان) (مروج الذهب، ١٢٤/٢)، لە لای (تنوخی)ی کە لە (٣٨٤ک/٩٩٤ز)کۆچی دوایی کردووە ناوەکەی بە هەڵە بووەتە (ماریخان).. (الفرج بعد الشده،٢٢٨/٤).

لە سەدەی سێیەمی کۆچی، نۆیەمی زایینی، پیاوانی مازنجان رێیان لە کاروانێکی بازرگانی گرتووە کە لە خوڕاسان هاتووە و مەبەستی ئەوە بووە بگاتە عێراق، بازرگان و گەشتیارەکانیان رووت کردووەتەوە کەل و پەلەکانیان بە تاڵان بردوون، شاعیر (دعبل الخزاعی)یش (١٤٨-٢٤٦ك/٧٦٥-٨٦٠ز) لەگەڵ ئەو کاروانە بووە، سەربردەیەکی خۆش لە نێوان ئەو و رێگرەکانی مازنجان دروستبووە (الفرج بعد الشده، ٢٢٨/٤).

یەك لە (زموم)ە کوردییەکانی وڵاتی فارس بە زەمی بازنجان ناسراوە، چونکە هۆزی بازنجانی دانیشتوو لە لادێکانی ئەسفەهان لە بنجدا لقێك بوونە لە زمە بازنجانییەکان (مسالك الممالك،

ص٧٢، صورة الأرض، ص٢٣٦) (ابن حوقل) دەڵێت: ((کورد ئەسپی ئازادکراویان نییە، تەنها لە لای مازنجانییە دانیشتووانەکانی سنووری ئەسفەهان نەبێ)) (صورة الأرض، ٢٤٠).

وەکو دەردەکەوێت، کورد بە چڕی لە ئەسفەهان و گوندەکانی دەوروبەری دانیشتوون، تەنانەت ئەو ڕۆژگارە ئەو ناوچانە بەشێك بوونە لە وڵاتی کورد، چەندین جار سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە لە ناوچەکانی ئەسفەهاندا کورد هەنە، ئەوەتا لە ساڵی (٢٩٥/ ٩٠٧ز) بۆ نموونە: دە هەزار کورد بە دەوری یەك لەو سەرکردە کوردانە کۆبوونەوە کە لە دەوڵەتی عەباسی یاخی بوو (تأريخ الطبري، ١٠/ ١٣٧)، پێدەچێ ئەوانە مازنجانی بووبن.

سەرۆکەکانی مازنجان بەشدارییان لەو ڕووداوە سیاسییانە کردووە کە وڵاتی فارس و ئەسفەهان و چیاکان بەخۆیانەوە دیوە (مسالك الممالك، ص ٨٥-٨٧).

(مازنجان) دیسانەوە گوند و لادێیەکی سەر بە (عەقرە)یە، دانیشتووانەکەی (حەمیدی)نە کە تیرەیەکن لە (مازنجان)ی، میر (المبارز کاك)یش لەمانە بووە (بڕوانە: الحميدية).

## ـ مالیکی ـ المالكية:

هۆزی مالیکی لە دەوروبەری (جیرفت) و (بردشیر)ی هەرێمی (کرمان) نیشتەجێبوون، ئەمە لە بنجدا یەکێکە لە (زەمەکانی کوردان) لە وڵاتی فارس.

(أبو محمد القاسم) لە ساڵی (٣٩٠—٣٩١ك/ ١٠٠٠—١٠٠١ز) بۆ کوشتنی (طاهر کوڕی خەلەف) کۆمەکی لەم کوردە مالیکیانە وەرگرت، ئەوەبوو بەگەڵ خۆی دان و بەرەو (دارزین)ی بردن (تاريخ هلال الصابی، ص ٣٧٦ — ٣٧٧).

## ـ ماهکی ـ ماهکی:

ماهکی ئێستاکە لە هۆزەکانی (کرمانشاه —کرماشان)ە (کورد وکوردستان، ٣٩٤/١) کە بەم ناوە ناسراوە، لەبەر ئەوەیە، چونکە دراوەتە پاڵ قەڵای ماهکیی نزیکی بندنیجین (مەندلی)، ئەم قەڵایە قەڵایەکی بەرزو پارێزراو و زۆر سەخت بووە، سەر بە وڵاتی (اللحف) بووە، هەر لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی المقتفی (٥٣١-٥٥٥ك/١١٣٦-١١٦٠ز) و دوای ئەوەش هەواڵی بە چڕی هاتووە، (اللحف)یش ئەو دەڤەرەیە کە دەکەوێتە (لاپاڵی چیاکانی هەمەدان و دینەوەر) بە ئاراستەی عێراقەوە (الكامل، ١٦/٩، ٤٥، معجم البلدان، ١٤/٥).

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، هۆزی ماهکی لە قەڵاکەی خۆیدا میرنشینێکی بچووکی هەبووە، (بەدلیسی) ناوی دەنێ (حکوومەتی ماهکی) (شرفنامە، ص١٢١)، چونکە ئەو



قەڵایە هەر لە سەردەمی خەلیفە مقتدر باللە (٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز) لەژێر دەسەڵاتی میرەکانی خۆی بووە، دوای ئەوە لە دەوروبەری ساڵی (٤٤٢ك/١٠٥٠ز)، بووەتە ئەقتاعێك بۆ میر (سرخاب کوڕی محمد کوڕی عناز الشازنجانی) (الكامل، ٥٧/٨)، ئەمەش دیارە پێش ئەوە بووە کە میرانی جەنگاوەری تورکمان داگیری بکەن و دەسەڵات و خێروبێرەکانی بخەنە ژێر رکێفی خۆیان کە ئیتر خەلافەتیش ناچار دانی نا بە دەسەڵاتیان و ئەو ناوچانە و تەواوی وڵاتی (لحف)یان کردە ئەقتاعێك و بۆیان بڕینەوە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە زووتر هەر لە سەردەمی خەلیفە (المقتدر)دا ئەم قەڵایە لە دەست (کورد و تورکمان)ەکان بووە، تا ئەو ڕۆژەی خەلیفە المستنجد بالله (٥٥٥-٥٦٦ك/١١٦٠-١١٧٠ز) دەستی بەسەردا گرتەوە و خستیەوە سەر موڵکەکانی خەلافەت (الكامل، ٥٨/٩، ٦٦، ٧٢، ٧٩).

وەکو دەردەکەوێت خەلافەت کارگێڕیەتی ئەو قەڵایەی لە دەست میرە ماهکییەکانی خاوەنانی هێشتۆتەوە، ئەوەتا لە ساڵی (٥٦٢ك/١١٦٦ز)دا (شەملە)ی خاوەنی خوزستان هاتە ناو ئەو قەڵایە و داوای لە خەلافەت کرد، لەو وڵاتەدا بەشێکی پێ بدات، هەروەها برازاکەی خۆی بە سەرۆکایەتی کۆمەڵێك سەرباز بۆ شەڕی ((تایەفەیەك لە کوردان)) هەنارد کە دەشێ مەبەست لەم تایەفەیە هۆزی ماهکی بێ (الكامل، ٩٦/٩-٩٧).

وا تێبینی دەکرێت کە جارێکی تر ئەو قەڵایە کەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت و خەلیفە مستضیء بامر الله (٥٦٦-٥٧٥ك/١١٧٠-١١٧٩ز) بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بە یەکێك لە مەمالیکەکانی خۆی سپاردووە، ئیتر ئەمجارەیان تا ساڵی (٥٧٨ك/١١٨٢ز) لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت ماوەتەوە، (عبدالوهاب الکردی)ی ناسراو بە (السارق)یش یەکێك بووە لەو میرانەی ماهکی، زانیاری هەبووە ئەو ناوچانەی دەوری ئەم قەڵایە دەدەن، چەند سەختن و چەند زەحمەتە مرۆڤ پێی بگات، هەروەها بە باشی ئەوەشی زانیوە کە مەحاڵە ئەو قەڵایە کە لە باشترین قەڵاکانی عێراقە بەهێز لە خەلافەت وەربگیرێتەوە، بۆیە پەنای بردە بەر شێوازی فێڵکردن، ئیتر بۆ ئەو مەبەستەی بە یارمەتی یەك لە شوانەکانی پیلانێکی تۆکمەی کێشا، (ابن شاهانشاه)ی کە لە (٦١٧ك/١٢٢٠ز)کۆچی دوایی کردووە بە دووروودرێژی تیشکی خستۆتە سەر ئەم پیلانە کە بە هۆی ئەم فێڵ و پیلانە ئەم (السارق)ە توانیویەتی خۆی و هاوڕێکانی بگەنە ناو قەڵاتەکە و لەوێ جێگری خەلافەت و ئەوانەیان کوشتووە کە لەگەڵی بوونە، دوای ئەوە سەری ئەم کوژراوانەیان بڕیوە و لە سەر قەڵاتەوە ئەم سەرانەیان فڕێ داوەتە خوارەوە کە خەلافەتیش ئەم هەواڵەی پێ گەییوە، دەست بەجێ کەوتۆتە خۆ بۆ دووبارە

وەرگرتنەوەی ئەم قەڵایە و سزادانی (السارق) و هاوڕێکانی، بۆیە خەلیفە (الناصر) فەرمانی کردووە، لەژێر سەرکردایەتی (سنقر الكبير) و ژمارەیەك لەو میرانەی مەمالیك کە لەگەڵێدانە، سوپایەك ڕێکبخرێ و بچن ئەو قەڵایە وەربگرنەوە، ئیتر ئەو سوپایە ئامادە دەکرێ و دێن گەمارۆ دەخەنە سەر قەڵا، بە هۆکاری جۆراوجۆر دەیانەوێت (عبدالوهاب)ی ناسراو بە (السارق) رازی بکەن بەوەی کە واز لەو هەڵوێستەی بێنێ و قەڵاکەیان بەدەستەوە بدات، تەنانەت وادەیان پێداوە پارەی زۆری پێ بدەن و زەوی و زارێکی بەرفراوانی بۆ ببڕنەوە، بەڵام هەموو ئەمە سوودی نەبووە و ناوبراو رازی نەبووە خۆی بەدەستەوە بدات، چونکە بڕوای بە قسەکانیان نەهاتووە و پێی وابووە ئەمە فێڵێکە لێی دەکەن، بۆیە خۆی لە قەڵاکە زیاتر توند کردووە، ئیتر ماوەی گەمارۆدانەکە درێژبووەتەوە و ئەو سوپایە نەیانتوانی بچنە ناو قەڵاتەکە، خەلیفە داوای لێکردن، گەمارۆکە هەڵبگرن و بگەڕێنەوە بەغدا (مضمار الحقائق،ص٩٠-٩١).

(عبدالوهاب) بۆ ماوەی نۆ ساڵان پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی دەکات لەو قەڵایە، لە پاشان لە ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) دەستگیرکراوە و زنجیربەندکراوە، بەڵام خەلیفە (الناصر) لێی خۆشبووە و فرمانی کردووە ئازادی بکەن، ئینجا خلعیشی بۆ کردووە و (کوسات و اعلام)ی داوەتێ و (دینەوەر)یشی بۆ بڕیوەتەوە (تاريخ الاسلام، حوادث (٥٨١-٥٩٠هـ)، ص٧٤).

**ـ موحەمەدی ـ المحمدية:**

مێژوونووسان بە وردی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزەیان دەستنیشان نەکردووە، ئەوەندەیە دەگوترێ، ولاتەکەی دەکەوێتە ((چیایەك لە چیایەکانی موصل)) (الابشيهي، المستطرف، ٢/٥٣٤)، لەوانەشە ئەم هۆزە هەر هۆزی حەمیدی خۆی، یان لقێکی حەمیدی بێ، دیسانەوە موحەمەدییە گوندێکی ولاتی داسنی ڕۆژهەڵاتی موسل و ئەو ناوچانەیە، کە زێی زابی گەورەی پێدا تێدەپەڕێ، (أبن حوقل) پێیدا تێپەڕیوە، ناوچەکەی سنووردار بووە، لە چوارچێوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر (محمد کوڕی حسنون الكردی)یە (صورة الارض، ص ٢٦٠)، هەر ئەم گوندە خۆی، زێدی شێخ (خضر کوڕی أبی بكر کوڕی موسى المهراني)یە کە لە (٦٧٦ك/١٢٧٧ز)کۆچی دوایی کردووە کە ئەم شێخە مامۆستای پاشا (الظاهر بيبرس المملوكی) بووە، سەرچاوە میسرییەکان گوتوویانە، خەڵکی گوندێکی سەر بە جزیرەی (أبن عمر — بۆتان)ە، چونکە ئەو ناوچەیە گەورەترین سەنتەری شارستانی ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی موسل بووە و نزیکترینیان بووە لە گوندەکەی (البدايە والنهايە، ١٣/٢٨٧،المقفى



الكبير،٣/٧٥١)، جا موحەمەدیە ئەو هۆزەیە کە لە گوندی موحەمەدییە نیشتەجێ بووە، ناوەکەشی هەر لە ناوی ئەو گوندە وەرگرتووە، یانیش دوور نییە بە پێچەوانەوە گوندەکە ناوی خۆی لە ناوی ئەو هۆزەوە وەرگرتبێ، لە سەردەمی مەغۆلی (شروین) میری (موحەمەدیە) بووەو نزیکەی شەشسەد پیاوی هەبووە (مسالك الابصار، ٣/١٣٤).

**ـ مەڕوانی ـ المروانية:**

هۆزێکە تا کۆتاییەکانی سەردەمی فاتیمی نەناسراو بووە، ناو و بەسەرهاتی لە کوردستاندا ونە، یەکێکە لە هۆزەکانی جەزیرەی (ابن عمر- بۆتان)، بۆیە بە مەڕوانی ناسراوە، چونکە دراوەتە پاڵ میرەکەی کە ناوی (مەڕوان) بووە (تاريخ الجزري، ٢/٦٣٥) نەك درابێتە پاڵ خەلیفەی ئەمەوی مەڕوانی کوڕی حەکەم (٦٤—٦٥ك/٦٨٢—٦٨٣ز)، چونکە میرانی مەڕوانی وەکو دابی زۆربەی خێزانە دەسەڵاتدارە کوردییەکانی تر، رەچەڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر خەلیفەکان و گەورە هاوەڵەکان، وایانپیشانداوە لە نەوەی خەلیفە مەڕوانی ئەمەوین، ئەمەش تەنها لەبەر لێکچوونی ناوەکانیان، نەك لەبەر شتێکی تر، ئەگەرچی ماوەیەکی زەمەنی دووریش لە نێوانیاندا هەیە (نهايە الارب، ٢/٣٠٧، الخطط المقريزيە، ٣/ ٤٠٥، السلوك، ٤/١)، (مقریزی) خۆی ئەم پڕوپاگەندەی مەڕوانیانی گوازتۆتەوە و دەڵێت: ((مەڕوانییەکان خۆیان وای بۆ دەچن))، کە لەمەدا ئاماژە بۆ ئەوە هەیە، کە ئەم (واتە: مەقریزی)متمانەی بەم پڕوپاگەندەی مەڕوانیان نییە.

پیاوانی مەڕوانی لە دوادواییەکانی سەردەمی فاتیمیانەوە پەیوەندییان بەو دەوڵەتەوە کرد، یەك لەو میرانەیان کە ئەو پەیوەندییەی کرد، میر (سيف الدين الحسين کوڕی أبی الهيجاء)ی زاوای وەزیری فاتیمی (صالح کوڕی رزيك)ەکە لە نێوان ساڵانی (٥٤٩ — ٥٥٦ك/ ١١٥٤ — ١١٦١ز)دا ژیاوە، ئیتر بووە یەك لە میرە دەسەڵاتدارە گەورەکانی وزارەتی (ئیبن رزیك)، ئەو نازناوانەی پێی دراوە، گوزارشت لە بەرزی پایە و پێگەی دەکەن، لە دەرباری فاتیمی، نازناوەکانی بریتی بوونە لە: ((الأجل المظفر الأمين، سيف الدين حصن المسلمين، ذي الفضائل و المناقب، يمين أمير المؤمنين، أبي عبدالله الحسين بن الأمير فارس الدولة أبي الهيجاء الفائزي الصالحي)) (المقريزي، اتعاظ الحنفا، ٣/٢٢٧، دیسانەوە بڕوانە: صبح الأعشى، ٤/٣٠٧). هەر لە وەسفی ئەو میرەدا هاتووە: ((کورد بووە ... بە ئازایەتی بەناوبانگ بووە، لە دەوڵەتدا لە پێش بووە و پایەیەکی هەبووە، لە شەڕیشدا شارەزا بووە و ئەزموونی هەبووە)) (الخطط

المقريزية، ٣/ ٨٧)، (خوخه حسين)ی گەڕەکی (الديلم)ی قاهيره بە ناوی ئەوەوە ناونراوە کە دەکەوێتە کۆڵانێکی تەسکی بەرامبەر ئەوەی لە کۆڵانی ئەسوانی دێتە دەر، هەروەها گەرماوی (الرصاص)یش ئەو بنیاتی ناوە. (الخطط المقريزية، ٣/ ٨٧، ١٥٠).

لە میرانی مەڕوانی سەردەمی مەملوکیش میر (بدر الدين حسن) و دوو کوڕەکانی (علاء الدين علي) و (شهاب الدين احمد)نن کە لە (٧٣٣ك/١٣٣٣ز) کۆچی دوایی کردووە و هی دیکەش بوونە (تاريخ الجزري، ٢/ ٣،٦٣٥/٦٦٢، ٩٠٨، أعيان العصر، ١/١٢٤-١٢٥، ١١٣٩/٣، البداية والنهاية، ١٤/ ١٠٥).

**ـ مستکان ـ المزدنكان:**

(مسعودی) ئاماژەی بۆ ئەو هۆزە کردووە (مروج الذهب، ٢/ ١٢٥) بەڵام هیچ زانیاریەکمان لە بارەیەوەی دەست نەکەوت، مستکان ئێستاکە گوندێکە لە شارەزوور ـ هەڵەبجە.

**ـ موکری ـ مکري:**

ئەمانە لە بنەڕەتدا لە هۆزەکانی وڵاتی شارەزوورن، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەردەمی ناوەڕاستدا وەکو دەسەڵاتێکی هۆزەکی لە باشوری ڕۆژئاوای ئازەربێجانی هاوسنووری شارەزوور دەرکەوتن، فەرمانڕەواکەیان میر (سيف الدين) بوو کە ئەمە لە یەکەم سەرۆکە بەهێزەکانیان بوو، ناوچەی (دریاس)ی لە (تورکمانەکانی جابقلۆ) داگیرکرد و لە پاشان دەسەڵاتی بۆ چەندین ناوچەی تریش درێژکردەوە، ئەوانیشی خستە سەر موڵکەکانی خۆی، لەبەر لێوەشاوەیی و لێزانیی بە (مەککار) ناسرا، (بەدلیسی) لەو بڕوایەیە، ناوی هۆزەکەش لە نازناوی ئەو میرەوە وەرگیراوەو بووەتە موکری (شرفنامە، ص٤٨٥).

لە دوای مردنی میر (سيف الدين)،(صارم)ی کوڕی، کە بە (صارم کرد – صارم الکردی) ناسرابوو، جێگەی گرتەوە، لە سەردەمی ئەوەدا شا ئیسماعیلی سەفەوی دەرکەوت، بەڵام ئەم (صارم)ە ئەوەندە بەهێز بوو، توانی بەرپەرچی هێرش و شاڵاوێکی توند و گەورەی سەفەوییە قزڵباشەکان بداتەوە کە ئەمانە بۆ ئەوە هاتبوون (صارم) لەناو ببەن و وڵاتەکەی داگیر بکەن، بەڵام پیاوەکانی خۆیان لە چیاکان قایم کردو هەموو ڕێگەیەکیان لە پێش قزڵباشەکان گرت، بەم شێوەیە تووشی شکستێکی زۆر ناخۆشیان کردن.



لەم شەڕانە (عبدی بيك شاملو) و (سارو علی مهردار) کوژران کە ئەمانە هەردووکیان لە فەرماندەکانی ئەو شاڵاوە و لە سەرانی دیاری قزڵباش بوون (القزويني، لب التواريخ، ص٢٤٨، تاريخ جهان آرا، ص٢٧٠، احسن التواريخ،٢/١٢٠-١٢١).

**ـ مەلکان ـ ملکان – ملیکان:**

ماڵباتی میرانی ئەیوبی ئەوانەی فەرمانڕەوای حصن کیفا بوونە، بە (مەلکان ـ مەلیکان).. (واتە: پاشایان) ناسراون، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە پاشایانی ئەیوبی هەڵکەوتوون، بە تێپەڕینی کاتیش ژمارەی ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی لەو ناوچەیە زیادی کرد، تا وای لێهات بۆ خۆیان بوونە هۆزێکی سەربەخۆ، (بەدلیسی) ناوی ناون هۆزی مەلکان (شرفنامە، ص٣٠٧، ٣٢٢).

ئەیوبییەکانی حصن کیفا، یان میرنشینی مەلکان، لە پاڵ میرنشینەکانی هەکاری و ڕۆژەکی و بوختی لە کوردستانی باکور، بە دیارترین قەوارەی سیاسی و میرنشینە کوردیەکانی کوردستانی کۆتایی سەردەمی ئیسلامی ژمێردراون، چونکە دوای ئەوەی لە سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەیەمی زایینی، دەسەڵاتی سیاسی ئەیوبییەکان بەرەو کزی و توانەوە هات، تەنانەت لەسەر دەستی مەمالیك و تورك و مەغۆلەکان کۆتایی بەو میرنشین و حکومەتانەشیان هێنرا کە لە میسر و وڵاتی شام و هەرێمی جەزیرە دروستیان کردبوو، قەدەر وای کرد، بنەماڵەی ئەیوبی حصن کیفا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە پارێزگاری لە موڵك و ناوچەکانی خۆیان بکەن و موداراتی سوڵتانە مەغۆلیەکان بکەن، ئەمانە ئەگەرچی بە بچووکی و نیمچە نادیاری مابوونەوە لە ماوەی سەردەمی مەغۆلی، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەی زایینیدا، بوونەوە میرنشینێکی ناسراوی خاوەن دەسەڵات و قەوارە، پاشاکانیان پارێزگارییان لە پەیوەندی باش و پتەویان لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی لە میسر و شام کرد و بەردەوام کاریان بۆ ئەوە دەکرد، ئەو پەیوەندیانە بەرەو پێش ببەن و بەهێزیان بکەن.

دیارە مێژوونوسە کۆنەکان هەواڵی ئەو میرنشینەیان فەرامۆش کردووە، بۆیە لە نووسراوەکانیان زانیاری وەکو پێویست لەبارەیەوەی نییە، بەڵام شەرەفخانی بەدلیسی بەشێك لە کتێبەکەی بۆ باسی ئەیوبییەکان لە وڵاتی حصن تەرخان کردووە، ئیتر بە دوور و درێژی هەواڵی ئەوەی داوە کە میرنشینی ئەیوبی چۆن دروستبوو و تیشکیشی خستۆتە سەر ژیاننامەی پاشاکانی، بەڵام ئەوە هەیە کە زانیارییەکانی تێکەڵ و پێکەڵن و زۆر تەواو نین، تەنانەت لەگەڵ

ئەو زانیارییە کەمانەش ڕێك ناکەون کە سەرچاوە مەملوکییەکان خستوویانەتە ڕوو، چونکە دەستگرتنی ئەیوبییەکان بەسەر حصن کیفا و دروستکردنی دەسەڵاتی ئەیوبی تێدا بۆ نموونە، ئەمە مەسەلەیەکی ڕوونە و نادیاری تێ نەکەوتووە، مێژوونووسانیش بە درێژی و بە ڕاشکاوانە ئاماژەیان بۆ کردووە، لەم ڕووەو چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، ئەوەندە هەیە بەدلیسی شتێکی نادیار لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە، بە تەواوی لەو گێڕانەوەیە جیایە کە ڕێککەوتنی لەسەرە (شرفنامە، ص٣٠٧-٣١٤).

## دەستگرتنی ئەیوبییەکان بەسەر ئامەد و دروستبوونی ئەیوبییەی حصن کیفا:

**لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی** (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)، سوپاکەی (الملك الکامل) هاتنە دەوروبەری شاری ئامەد، دواتر بەرەو ناو شارەکە هاتن، بەمە (الملك المسعود الارتقی) داوای ئەمانی کرد، (الملك الکامل)یش ئەمانی پێداو وادەی پێدا کە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی بە سەلامەتی بێڵتەوە و دەستیان لێ نەدەن، بەمە سوپای ئەیوبی بە فەرماندەیی (الملك الکامل) دەستی گرت بەسەر ئامەد و حصن و قەڵاکانی سەر بەو شارە، لەولاشەوە (ملك الکامل) بڕیاریدا هەندێك ناوچە لە وڵاتی میسر بۆ (ملك المسعود) ببڕێتەوە، بەڵام شاری (حصن کیفا) و قەڵاکەی بۆ ماوەیەك عاسێ بوون، بۆیە تا مانگی موحەرەم، یان سەفەری ساڵی (٦٣٠ك/تشرینی یەکەمی ١٢٣٢ز) کە لەمەدا گێڕانەوەکان ناکۆکن، ئینجا خۆیان بەدەستەوە دا، ئیتر (الملك الکامل) یەك لە کوڕەکانی خۆی بە ناوی (الملك الصالح نجم الدین ایوب)ی لە ساڵی (٦٣١ك/١٢٣٣ز) وەکو جێگری خۆی بەسەر ئامەدو دەوروبەریدا دامەزراند، ئەویش لەو ناوچانە مایەوە، تا لە ساڵی (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) (الکامل)ی باوکی مرد و بە هۆی هاتنە سەر تەختی براکەی (الملك العادلی دووەمی کوڕی الکامل) کە لە نێوان (٦٣٥-٦٣٧ك/١٢٣٧-١٢٣٩ز)دا ژیاوە ئاژاوە لە میسر پەیدا بوو، ئەوساکە ئامەدی جێهێشت و کوڕەکەی خۆی بە ناوی (الملك المعظم غیاث الدین تورانشاە)ی وەکو جێگری خۆی بەسەر ئەو ناوچانەی خۆی جێهێشت. لە سەردەمی (الملك المعظم)یش ئامەد ڕووبەڕووی شاڵاوی سەلجوقییە ڕۆمییەکان بووەوە و کەوتە ژێر دەستیان، بەمە (المعظم) تیایدا دەرچوو و پێدەچێت دوای ئەوە هاتبێتە قەڵای (حصن کیفا)، ئەوێی کردبێ بە پایتەختی خۆی، لە کۆتاییەکانی ساڵی (٦٤٧ك/١٢٤٩ز)یش دا (المعظم تورانشاە) بانگی میسر کرا، بۆ ئەوەی لەسەر تەختی باوکە



مردووەکەی دابنیشێت، ئەویش چووە میسر و کوڕەکەی خۆی بە ناوی (الملك الاوحد (الموحد) تقی الدین عبدالله)ی لە حصن کیفا بەجێهێشت، دوای کوژرانی (المعظم)یش لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) و ڕووخانی ئەیوبییەکانی میسر لەسەر دەستی مەمالیك، (الاوحد) لە حصن کیفا مایەوە و تیایدا ئەیوبییەی حصن کیفای دامەزراند (الاعلاق الخطیرة، ٣/٥٣٤، ابن العبري، تاريخ مختصر الدول، ص٢٥٩، كتاب الحوادث، ص٢٩٠-٢٩١، الحنبلي، شفاء القلوب، ص٤٢٧-٤٣١).

## موڵکەکانی میرنشینەکە

### شاری حصن کیفا:

حصن کیفا، یان حصن کیبا، یان کیبرت، حصنێکی خاوەن مێژوویەکی کۆنە، شوێنەواری کۆنی وەهای تیایە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی ڕۆمانیدا بارەگای ئەسقەفی سریانی بووە، لە سەردەمی ئیسلامییش بووە شارۆچکە و قەڵایەکی مەزن، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە هەرێمی جزیرە (دیاربەکر)، بە شێوەیەکی نزیکی دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری ئامەد و جەزیرەی بۆتان، کە لە هەریەکەیانەوە نزیکەی سێ ڕۆژە ڕێی (٦٠-٧٠) میل دوورەو دەکەوێتە سەر کەنارەکانی ڕووباری دیجلە و نێوان دوو جۆگە ئاو کە لە باکوورەوە دێن و دەڕژێنە نێو ئەم ڕووبارە، لەسەر شێوەی ئەشکەوتێکە، لە کێوێکی بەرزردا، لە سێ لاوە بە چیا دەورە دراوە، لە باکوریشەوە دیجلە پێشی لێ دەگرێت (معجم البلدان، ٢/٢٦٥، الاعلاق الخطیرة، ٣/٥٢٩، بلدان الخلافة الشرقیة، ص١٤٤، شترك، دائرة المعارف الاسلامیة، مادة حصن کیفا، ٧/٤٥٤).

یاقوت وا گومان دەبا کە ناوی (کیبا) بنەچەیەکی (ئەرمەنی)ی هەیە. (معجم البلدان، ٢/٢٦٥)، ڕۆمەکان ناویان نابوو (کیفس)، یان (کیفی). (بلدان الخلافە الشرقیە، ص١٤٤-١٤٥)، شەرەفخانی بەدلیسیش وەهای دەبینێت کە ئەم ناوە لە ناوی دامەزرێنەرەکەی (کیفای کوڕی طالون) هاتبێت (شرفنامە، ص٣١٠)، (شترك)یش بۆ ئەوە دەچێت کە (کیفس) لە سەرچاوە سریانییەکان (کبافی)یە. (مادەی: حصن کیفا، ٧/٤٥٤)، وەکو خوێندنەوەش (حصن کیفا) هەر لە سەردەمی پێش عوسمانییەوە بە شێوەی (حصن کیف _ حسنکیف) دەخوێنرێتەوە و گۆدەکرێت، دانیشتوانیشی گێڕانەوەیەکی خۆشیان هەیە بۆ ڕاڤەی ئەمە. (شرفنامە، ص٣٠٩-٣١٠).

قەڵای حصن کیفا شوێنێکی ئاسایشی و بەرگری نایابی هەبوو، لەبەر سەختی و دوورەدەستییەکەی بە (رأس الغول) ناودەنرا (شرفنامە، ص٣١٠)، چونکە چیایە بەرزەکانی دەوروبەری پاسەوانیەتییەکی سروشتییان بۆ دابینکردبوو، ڕێگەی چوونە ناو ئەو حصنە تەنها بەشی یەك کەسی دەکرد، لە دەورەی ئەو حصنە خەندەقێکی قووڵ هەڵکەنرابوو، لە چیایەکەی بەرامبەر ئەو حصنەش غاری دوور و ئەشکەوتی کۆن هەبوون، کەس نەیاندەگەیشتێ، ئەگەر دوژمن هێرشی بێنابووایە، دانیشتوان دەچوون لەوێ خۆیان پەنا دەدا، هەروەها لەناو ئەو حصنە سەردابی فراوان هەبوو، لە ژێر زەوییەوە دەگەیشتە شەتی دیجلە، دانیشتوان بە کەرو ئێسترەکانیان دادەبەزینە خوارێ بۆ ئەوەی ئاو هەڵێنجن، کەسیش نەیدەدیتن. (الاعلاق الخطیرة، ٣/٥٣٠-٥٣١).

ناحیە و قەڵاکانی سەر بە (حصن کیفا) و سەر بە میرنشینی ئەیوبی لەو حصنە بریتی بوون لە:

_ شارۆچکە و ناحیەی (سەعەرت).

_ شارۆچکە و ناحیەی عابدین.

_ شاری ارزن.

_ قەڵای بەشیری (شرفنامە، ص٣٠٨-٣٠٩).

_ قەڵای ئەرغیس - ئەرغنی (الضوء اللامع، ٣/١٨٥).

پاشاکانی ئەیوبی حصن کیفا تا سەرەتای سەردەمی الملك العادل سلیمان (٦٤٨-٧٨٠ك/١٢٥٠-١٣٧٨ز):

مەلیکی ئەوحەد (تقی الدین عبدالله) تا پاش ساڵی (٦٨٠ك/١٢٨١ز) لە حصن کیفا مایەوە و پارێزگاری لێکرد، (الاعلاق الخطیرة، ٣/٥٣٤، تاریخ الاسلام، ص٣٣٣)، پاش مردنیشی، کوڕەکەی بە ناوی (الملك الکامل)ی ناسراو بە (العادل) سیف الدین أبو بکر شادی (محمد) جێگەی گرتەوە، ئەویش لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) بە دەستی تەتارەکان کوژرا، بۆیە لەو حصنەدا الملك الصالح نجم الدین ایوب (صلاح الدین یوسف)یان لە جێی دانا، ئەمە وێنەیەکی بێ فرمان بوو، وەکو (الذهبي) دەیڵێ، بەڵام (الملك الصالح)یش لەگەڵ کوڕێکی لە ساڵی (٧٢٦ك/١٣٢٦ز) لەسەر دەستی (الملك العادل مجیر الدین (محی الدین/ مجد الدین) محمد)ی برای دەکوژرێن، ئیدی ئەو پیاوکوژە لە سەرەتای ساڵی دواتر



دەسەڵات دەگرێتە دەست و لەو حصنە دەبێتە فەرمانڕەوا، تا پاش ساڵی (٧٦٣ك/١٣٦٢ز) لەو پۆستەی دەمێنێتەوە، دواتر الملك المجاهد (العادل، الکامل) شهاب الدین غازیی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە (تاریخ الجزري، ٢/١٢٩-١٣٠، تاریخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠ك)، ص٢٩٢، شفاء القلوب، ص٤٩٨، الزبیدي، ترویج القلوب، ص١٧٩)، وا پێدەچێت ئەوەیان هێندەی فەرمانڕەوایی نەکردبێ، چونکە وەکو دەبینین، لە ماوەی ساڵی (٧٧٣ك/ ١٣٧١ز)ی الملك الصالح سیف الدین ابوبکر أحمدی کوڕی فەرمانڕەوای حصن کیفا بووە (انباء الغمر، ١/٧).

(داود بن ناصر الاغیری)ی (؟) پزیشکی موسلی ناسراو بە پزیشکی هەردوو دەوڵەتان کە لە حصن کیفا دادەنیشت کتێبی (نهایة الادراك والاغراض من الاقرباذینات)ی بۆ (الملك العادل شهاب الدین غازی کوڕی محمد)ی نووسی، لە مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی (٧٢٦ك/١٣٢٦ز) لە نووسینەکەی بووەوە (کشف الظنون،٢/١٩٨٥).

(الملك الصالح سیف الدین) بە ئارەزووی خۆی لە ساڵی (٧٨٠ك/١٣٧٨ز) وازی لە فەرمانڕەوایی هێنا، ئیتر رای ناودار و خەڵك و ئەوانەی پرسیاریان لێ دەکرێ، لەسەر (فخرالدین سلیمان)ی برای کۆدەبێتەوە، ئەمە بە (الملك العادل) دەناسرێ و کونیەکەیشی دەبێتە (أبی المفاخر). (انباء الغمر، ١/١٨٠، ترویج القلوب، ص٨٤).

ئەیوبییەکانی (حصن کیفا) هەر لە رۆژی دروستبوونیان لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) و تا سەردەمی (الملك العادل) میرنشینێکی بچووك و کەم دەسەڵات و نیمچە نادیاریان هەبووە، بەڵام دەسەڵات و ویستی سیاسی ئازاد و سەربەخۆیان نەبووە، میرەکانی وایان بەلاوە باشتر بووە، ملکەچی سوڵتانە مەغۆلی و جەلائیرییەکان بکەن و بچنە ژێر فرمانی ئەوان و دان بە دەسەڵاتی ئەوان بەسەر وڵاتەکەی خۆیاندا بنێن.

## پاشاکانی حصن کیفا لە سەردەمی هێز و دەرکەوتندا

### ١ـ الملك العادل ابو المفاخر فخرالدین سلێمان کوڕی الملك المجاهد غازي (٧٨٠-٨٢٧ك/١٣٧٨-١٤٢٤ز):

ملك العادل سلێمان بە یەك لە دیارترین و بەناوبانگترین پاشا ئەیوبییەکانی (حصن کیفا) دادەنرێت، لە هەمووشیان زیاتر فەرمانڕەوایی کردووە، ئەیوبییەی حصن لە سەردەمی ئەمەو

به هەوڵی ئەمە لە میرنشینێکی بچوکی بێ ناوەوە بەرەوپێش چوو، بووە یەك لە میرنشینەکانی کوردستان، بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیاربەکری گرتەوە، لە راستیدا ئەو بارە سیاسییە شڵەژاو و ئەو بارە نائارامی و پشێویەی لە ماوەی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا/ چواردەیەمی زایینی دا، کوردستان و هەرێمەکانی دەوروبەری گرتەوە، لەگەڵ ئەو بارەی کە دوای ئەوەش لە ناوچەکەدا دروستبوو، دەشێ یارمەتی میرە کوردە خۆجێییەکان و سەرۆك هۆزە کوردییەکانی دابێ، لەوەی کەوا ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیان فراوانتر بکەن، بە ئازادییەکی زیاتریش لە سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا، مومارەسەی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمەکانیان بکەن، ئەمەش لە سایەی چاودێری دەوڵەتی مەملوکی لە میسر، (ملك العادل سلێمان)یش یەك لەوانە بووە، توانیویەتی سوود لەو هەلومەرجە وەربگرێ و وا بکات میرنشینەکەی ببێتە هێزێکی خۆجێیی کاریگەر لە رووداوە ناوخۆییەکانی دیاربەکر، ئەوە بوو توانی شاری سعرت (سیرتی)یش بخاتە چوارچێوەی ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆی، هەروەها دینار و درهەمیشی بە ناوی خۆی لە سکە دا، هەروەها مزگەوتی (الرضي)ی لە شاری (حصن) دروستکرد. (انباء الغمر، ١٨٠/١، شفاء القلوب، ص٤٧٤).

(ملك العادل) بە رێکەوتنی تەواوی ئەو مێژوونووسانەی مێژووی ژیانیان نووسیوە، بە راستی پاشایەکی دادگر بووە، ئاقڵ و دڵباش بووە، مێژوویێکی پەسەند هەیە، کەسێك بووە، ئازایەتی و زانست و باش سیاسەتکردن و هەموو ئەو سیفەتە باشانەی تیا کۆبووەتەوە، جگە لەمانە ((چاکی و زیرەکی و بەشداری باش و کەرەمیش))ی هەبووە. (النجوم الزاهرة، ١٢٣/١٥، شفاء القلوب، ص٤٧١، الضوء اللامع، ٢٦٨/٣، ترويج القلوب، ص٨٤).

لە پاڵ سەرکەوتنیشی لە بواری سیاسی و پەیوەندی باشی لەگەڵ میللەتەکەی، ئەدیب و شاعیر و هەڵبەستڤانێکی باشیش بوو، ((هەڵبەست و پەخشان و دیوانە شیعرێکی جوانیشی هەبوو))(الضوء اللامع، ٢٦٨/٣)، هەروەها هۆگری خوێندنەوەی کتێب و نووسینەوەیان بووە، لە ساڵی (٧٨٩ك/١٣٨٧ز) بەشی سێیەمی تایبەت بە هەرێمی جزیرەی کتێبی (الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة)ی عزالدين ابن شدادی کە لە (٦٨٤هـ/١٢٨٥ز)کۆچی دوایی کردووە بە دەستی خۆی نووسییەوە، دانەیەکی ئەمە لە کتێبخانەی (بودلیان)ی زانکۆی (اوکسفورد) پارێزراوە. (حضارة الدولة الدوستكية، ص٣٦١)، کتێبخانەکەی دایکە کتێبی مێژوویی و ئەدەبی و مەعریفیی لەخۆ دەگرت، وەکو کتێبەکانی: (الامتاع والمؤانسة)ی (ابي حيان التوحيدي)ی ك لە (٤١٤هـ/١٠٢٣ز) کۆچی دوایی کردووە، لە بەشی دووەمی دانە



دەستنووسەکەی کتێبەکەدا ئەمە هاتووە: ((رسم لخزانة السلطان الاعظم... ابي المفاخر فخر الدين والدنيا سليمان بن غازي ((محمد الايوبي)) - والصحيح بن محمد الايوبي- خلد الله تعالى مملكته وسلطانه...)) (مقدمة كتاب الامتاع والمؤانسة، الصفحة ق من مقدمة التحقيق).

کەسێك بووە ئاگاداری بزووتنەوە ئەدەبیەکەی میسریش بووە، پەیوەندی بە شاعیر و ئەدیبەکانیانەوە هەبووە، مێژوونووسە میسرییەکان ئاگاداری ئەوە بوونە کە ئەم بەڕێزە شاعیریشە، بۆیە هەندێ لە دێڕە شیعرییەکانیان لە دیوانەکەیدا گوازتۆتەوە:

اريعان الشباب عليك مني
وسلام كلما هب النسيم
سروري مع زمانك قد تنادى
وعندي بعده وجد ومقيم
فلا برحت لياليك الغوادي
وبدر التم فيها نديم
.........
ونرفع في رياض الحسن طوراً
وطوراً للتعانق نستديم

(الضوء اللامع، ٢٦٨/٣، شذرات الذهب، ١٧٨/٤).

(قلقشندی) جارێکیان چاوی بە پیاوەکانی (حصن کیفا) لە شارە میسرییەکان دەکەوێت، ئەوان پێی دەڵێن: (ملك العادل) شیعر دەهۆنێتەوە، بۆیە (قلقشندی) هەندێ دێڕ لەسەر هەمان قافیەی ئەو دەنووسێت و بۆ (ملك العادل)یان رەوان دەکات:

سليمان الزمان بحصن كيفا
له في الملك آثار كرام
زكا اصلاً فطاب الفرع منه
وطاب الغصن اذا طاب الكمام
بنوايوب ابقوا منه ذخراً
ونعم الذخر والقيل الهمام

(صبح الاعشى، ٤/٣٢١-٣٢٢).

(حنبلی)ی کە لە (٨٧٦ك/١٣٧٤ز کۆچی دوایی کردووە) لە دیوانەکەی (ملك العادل)دا وردبۆتەوە زانیاریی لەبارەوە هەبووە، دەڵێت: لەژێر شەش دەروازە (باب) ڕێکخراوە، یەکەمیان ئامۆژگارییە و دابەشدەبێتە سەر سێ بەشی تر، دووەمیان تایبەتە بە برایەتیکردن (اخوانيات)و ئەوەی لەگەڵ لاوان دەگونجێ و ئەمەش دوو بەشە، سێیەمیشیان تایبەتە بە لاواندنەوە و سەرزەنشتکردن، ئەمەش سێ بەشە، چوارەمیان لە بارەی پیاهەڵدان و غەزەلە و سێ بەشی هەیە، پێنجەم تایبەتە بە مەی (خمريات) و دوو بەشە، شەشەمی تایبەتە بە یاری (مداعبات) و یەك بەشە.

ژمارەیەك دێڕیشی لە شیعرەکانی گواستۆتەوە. (شفاء القلوب، ص٤٧٥-٤٧٧).

نووسەرێکی نادیار لە بارەی شیعرەکانی پاشاکانی حصن کتێبێکی دانا، دەشێ (حنبلی) بێت، ناوی نا (الدر الثمين في شعر الثلاثة السلاطين)، تیایدا شیعرەکانی (ملك العادل) و (ملك الاشرف احمد)ی کوڕی و (ملك الكامل کوڕی الاشرف)ی نەوەی کۆکردەوە. (کشف الظنون، ١/٥٦١).

گرنگترین ڕووداوێك لە سەردەمی (ملك العادل) دووچارهاتنی (حصن کیفا) و تەواوی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوو بە شاڵاو و هێرشە بەدواییەکداهاتووەکانی (تەیمور لەنگ) (٧٨٧-٨٠٧ك/١٣٨٥-١٤٠٥ز)، (ملك العادل سليمان) لەو میرە کوردانە بوو کە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئاگر بەسی و ئاشتەواییی لەگەڵ تەیمور کرد، بۆ ئەوەی خۆی و ناوچەکەی لە مەترسی شەڕ بپارێزێت، ئەوەتا لە ساڵی (٧٩٦ك/١٣٩٤ز)دا هاتە لای تەیمور لە شاری (رها ـ اورفه)، دیاری بۆ هێنابوو و ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ ڕاگەیاند، بەمەش لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە وڵاتی حصن لە مەترسییەکانی شەڕێکی وێرانکەر بپارێزێت، چونکە تەیمور هاتنەکەی پەسند کرد و دانی پێدانا کە لەسەر موڵکەکانی خۆی بمێنێتەوە. (ظفر نامە یزدي، ١/٤٧٦-٤٧٨، روضة الصفا، ٦/٢٢٧)، لە شاڵاوی سێیەمی تەیموریش بۆسەر دیاربەکر لە ساڵی (٨٠٣ك/١٤٠١ز)دا، (ملك العادل) بۆ جاری دووەم و لەگەڵ تەواوی میر و فەرمانڕەوایانی کورد و تورکمانی هەرێمی دیاربەکر گوێڕایەڵی خۆیان بۆی دووبارە پیشانداوە، وەفدێکیان پێکهێنا، هاتنەوە لای بۆ شاری (ماردین) و سۆز و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دووپاتکردەوە، جۆرەها توحەف و دیاری گرانبەهاشیان بۆ هێنا، ئەویش بۆ هەریەکەیان ((خلعێکی ڕازێنراوە و قایشێك و شمشێرێکی زێڕی پێدان)) (مجمل فصيحي، ٣/١٤٤، ظفر نامە یزدي، ٢/٢٥٥-٢٥٦).



بەدلیسی باسی ئەوە دەکات کە کاتێك شاهرخی کوڕی تیمورلنك (٨٠٧- ٨٥٠ك/١٤٠٤-١٤٤٦ز) لە ساڵی (٨٢٤ك/١٤٢١ز) هاتە نێو هەرێمی دیاربەکرو ڕووی کردە موڵکەکانی (قره قوينلو) بۆ شەڕی کوڕەکانی (قره يوسف) و گەیشتە تخوبەکانی (وان و وستان ـ ی سەر کەنارەکانی باشووری دەریاچەی وان)، ملك الكامل خليل (ئەوها هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی (العادل سليمان)ە) پێشوازی لە کەژاوە سوڵتانییەکەی کرد و هاتە سەردانی، بەمە سۆزی ئەوی بۆ خۆی ڕاکێشا، لە ئەنجامدا ڕێگەی بە ئەو و میرانی دیکەی کوردستاندا، تا بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. (شەرەفنامە، ل٣١٣-٣١٤).

بەم شێوەیە (ملك العادل) بە هۆی داناییەکەی خۆی و دووربینییە سیاسییەکەی، توانی مەترسی تەیمورییەکان لەسەر وڵاتەکەی خۆی دووربخاتەوە، هەروەها توانی موهادەنەی (قره ايلك عثمان الاق قوينلو)ش (٨٠٦-٨٣٩ك/١٤٠٤-١٤٣٦ز) بکات.

(ملك العادل) سەرەنجام لە ساڵی (٨٢٧ك/١٤٢٤ز) کۆچی دوایی کرد و لە (حصن)دا نێژرا، ئەمەش دوای ئەوەبوو کە نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕەوایی کرد. (انباء الغمر، ٣/٣٣٥، الضوء اللامع، ٣/٢٦٨).

## ٢ـ ملك الاشرف ابو المحامد شهاب الدين احمد کوڕی العادل (٨٢٧-٨٣٦ك/١٤٢٤-١٤٣٣ز):

ئەمە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەسەر هەمان بەرنامەی باوکی ڕۆشت، پارێزگاری لە پەیوەندییە خۆشەویستییە باشەکانی نێوان خۆیان و مەمالیکەکانی میسری کرد، خۆی بە جێگری ئەوان ژمارد لەسەر وڵاتی حصن.

ئەمە لە ڕووی ڕەوشتیشەوە وەکو باوکی خۆی سیفاتی باشی هەبوو، لێبووردەبوو، چاکەکار و سەخی و ئازاو نەبەرد و هەمیشە پێشەنگ بوو، بە هۆی ئەقڵ و ئاین و سیاسەتی باشی هەمیشە لای میللەتەکەشی خۆشەویست بوو. (درر العقود الفريدة،٢/١٠٠- ١٠١،المنهل الصافي، ١/٢٨٨، شفاء القلوب، ص٤٧٨-٤٧٩)، بەڵام دیارە لە باوکی زیاتر ((ئارەزووی بەلای ئەدەب و بەشداری کردن لە هونەرەکان و چاکە و ئازایەتییەوە)) هەبوو. (شفاء القلوب، ص ٤٧٧-٤٨٠).

هەروەها شاعیریش بووە، شیعری باشی هەبووە، دیوانی شیعرەکانی خۆی ڕەوانەی میسر کردووە، (سخاوی) لەسەری وەستاوە و گوتوویەتی: ئەم دیوانەی شیعری زۆری لەبارەی لاواندنەوەی باوکی و گریان بۆی و غەزەل و زوهدییات لەخۆدەگرێت. چەند دێڕێکیشی لێ گواستۆتەوە:

بدا حيي وقد خضب اليدين
فاتــلـف مهجـتي بالحـاجبـيـن
وبين النوم والجفن اختلاف
كـما بـيـن الـذي اهوى وبيني
..........
فزرني يا حبيبتي تلق أجراً
ودس فضلاً على رأسي وعيني

(الضوء اللامع، ١/٣٠٩)

لە ساڵی (٨٣٦ك/١٤٣٣ز)یدا سوڵتان (اشرف برسبای) مەملوكی (٨٢٥-٨٤١ك/١٤٢٢-١٤٣٧ز) بە سەرۆكایەتی سوپایەكی گەورە چاوی بڕیە هەرێمی دیاربەكر، بۆ شەڕی ((قرە ایلك عثمان الآق قوینلو)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی (آق قوینلو)، كە ناوبراو لە وڵاتی دیاربەكردا خراپەكاری دەكرد و دەستدرێژی دەكردە سەر بازرگان و گەشتیار و میر و پاشا سۆزدارەكانی سوڵتانی مەملوكی، ئیدی سوڵتان هات و گەیشتە شاری ئامەد، تیایدا دابەزی، ئەوساكە مانگ شەوال بوو، میر (دولتشاە الكردی)ی خاوەنی قەڵای (اكیل) هاتە لای، سوڵتانیش ڕێزی لێگرت و بڕیاری خەلعی بۆدا، (ملك الاشرف)یش ئارەزووی هەبوو بێتە دیداری سوڵتانی مەملوكی، وەكو (ابن تغری بردی) دەڵێت: ((مەبەستێكی تەواوی هەبوو لە كۆبوونەوە لەگەڵی لەسەر ئامەد)) (المنهل الصافي، ١/٢٨٨)، ئیتر لە كۆتاییەكانی مانگی شەوالدا لە شاری (حصن كیفا) لەگەڵ دەستەیەك لە پیاوانی هاتنە دەر بەرەو شاری ئامەد، بۆ ئەوەی لە پێش دەستی سوڵتان ئامادە بن، بەڵام بێ ئەوەی حیسابی ئەوەیان كردبێ كە مەبادا لە ڕێگە لەگەڵ سەربازەكانی (اق قوینلو) تووشی یەك بن و بۆ ئەمە خۆیان ئامادە كردبێ، ئەوەبوو لە درێژەی ڕێگەكەیاندا نوێژی بەیانی، یان نوێژی عەسریان دێتە پێش، (وەك لە سەرچاوەكاندا جیاوازی لەسەر ئەمە هەیە)، ئەو لە ئەسپەكەی دێتەخوار، دەستنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژەكەی دەكات، تا لەو كاتەدا كۆمەڵێك لە توركمانەكانی (قرە ایلك الآق قوینلو) بە هەلی دەزانن، تیربارانی دەكەن، بەمە برینددار دەبێت و لە ئەنجامدا گیان دەبەخشێت، هەر لەم ڕووداوەدا نێرراوی سوڵتانی مەمالیكیشی لەگەڵ دەكوژرێت، ئیدی هاوڕێكانی هەندێكیان هەڵی دەگرن و دەیبەنەوە (حصن)، هەندێكی كەیشیان خۆیان دەگەیننە ئامەد و ئەو هەواڵە بە سوڵتان ڕادەگەینن كە بەسەر میرەكەیاندا هاتووە، بەمە سوڵتان نارەحەتتر دەبێت و ئازارێكی زۆرتر دەچێژێت. (السلوك، ٤/٩٠١،٨٩٦، الصیرفي، نزهة النفوس والابدان، ٣/٢٦٣، مؤلف مجهول، حوليات دمشقية، ص٦٧، الضوء اللامع، ١/٣٠٨).



(ملك الاشرف) بەم شێوەیە لە كاتێكدا ((ئەو لە حصن بەبێ ئامادەیی وەرگرتن بۆ شەڕ و بە مەبەستی سەلامكردن لە سوڵتان)) دەركەوت، لە ڕێگەدا لەلایەن دوژمنانی بە غەدر كوژرا. (النجوم الزاهرة، ١٥/٢٢، ١٨٢).

**٣-الملك صالح (دواتر) الكامل ابو المكارم صلاح الدين خليل كوڕی الملك الاشرف (٨٣٦-٨٥٦ك/١٤٣٣-١٤٥٢ز):**

بە پێی زۆربەی سەرچاوە مەملوكییەكان، ئەمە لە دوای كوژرانی باوكی فەرمانڕەوایەتی حصن كیفای گرتە دەست، (شرف الدين يحيى)ی برایشی ڕەوانەی ئامەد كرد، بۆ ئەوەی لەوێ بچێتە لای سوڵتان و ڕەزامەندی ئەو بۆ ئەم كارە وەربگرێت (السلوك، ٤/٨٩٧، النجوم الزاهره، ١٥/١٨٢، حوليات دمشقيه، ص٦٩) بەڵام (ابن حجر) بە گواستنەوە لە (سخاوی) دەڵێت: ملك الصالح خۆی و هاوڕێكانی هاتنە لای سوڵتان، كەچی هەر (سخاوی) خۆی لە پاشتر ڕای گۆڕیوەو گوتوویەتی: ئەوەی هاتە لای سوڵتان (شرف الدين يحيى) بوو (انباء الغمر، ٣/٥٠٣، الضوء اللامع، ١/٣٠٨، ١٠/٢١٥).

دیارە سوڵتان ڕەزامەندی نواندووە لەوەی (ملك الصالح) لە جێی باوكی دابمەزرێنێت، خلع و شمشێرێكیشی بۆ ناردووە، سەرچاوە میسرییەكان لەسەر ئەوە كۆكن، كە: (ملك الصالح) ـ كە لە پاشان نازناوی بووە كامل ـ نزیكەی بیست ساڵ لە حصن كیفا مایەوە، دادگەری لە وڵاتەكەی بەرجەستە كرد و سومعەیەكی باشی بە وڵاتەكەیدا بڵاوبوویەوە (النجوم الزاهرة، ١٦/١٨، السخاوي، التبر المسبوك، ص٣٨٥، الضوء اللامع، ٣/١٩١-١٩٢)، لە كاتێكدا (أبو بكر الطهراني)ی مێژوونووسی (ئاق قوینلو) كە هاوچاخی ڕووداوەكانە، لە بارەی ڕووداوەكانی ساڵی (٨٤١ك/١٤٣٧ز)ی دەڵێت: سوپای حصن كیفا بە فەرماندەیی ملك خلف پەیوەندی كرد بە سوڵتان (حمزە كوڕی قرە ایلك عثمان)، لە ڕووداوەكانی ساڵەكانی (٨٥٣-٨٥٤ك)یش دەڵێت: ملك خلف سوڵتانی (حصن كیفا)یە (كتاب دیاربكریة، ص١٣١،١٩١).

ملك الكامل خليل بە دەستی ناصری كوڕی لە مانگی (ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٨٥٦ك/ئازاری ١٤٥٢ز) كوژرا (الضوء اللامع، ١/٢٩٤، ١٠/١٩٦، التبر المسبوك، ص٣٨٥).

**٤- الملك الناصر ابن الكامل خليل (ربيع الاول- رمضان ٨٥٦هـ/ آذار- ايلول ١٤٥٢ز):**

الناصر لەسەر باوكی كودەتای كرد و كوشتی، بەمە دەسەڵاتەكەی زەوتكرد، بەوەش منداڵەكانی دیكەی الملك الكامل لە حصن كیفا هەڵاتن، أحمد چووە تەبریز و (الملك مبارك و

الملك سلیم)یش چوونە قەڵای (هیثم) لەلای (حاجی عون)ی خاوەنی دابەزین (تاریخ طورعابدین، ص١٠٦).

(الملك الناصر) تا کوژرانی لە هەمان ساڵدا لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

**٥ - الملك الكامل أحمد کوڕی الملك الكامل خليل و میر حسن کوڕی عثمان کوڕی العادل سلیمان (٨٥٦-٨٥٩هـ/١٤٥٢-١٤٥٥ز):**

دوای کوژرانی (الملك الكامل خليل)، ئەیوبییەکانی حصن کیفا تووشی لاوازی و توانەوە هاتن، ئەو یەکیەتییەیان لە دەستدا کە دەیپاراستن، ناکۆکی و ململانێ کەوتە نێو تاکەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا کە نەوەی (الملك العادل سلێمان) بوون، مێژوونووسێکی سریانی لە دیاربکر و هاوچاخی ئەو ڕووداوانە دەنووسێت: ((ململانێ و دوژمنداربییەکی گەورە کەوتە نێو شانشینی حصنیین، ئیتر وای لێهات هەندێکیان هەندێکی دیکەیان جێهێشت)) (تاریخ طور عابدین، ص١٠٥).

(الملك الناصر)یش نەیتوانی زیاتر لە حەوت مانگ پارێزگاری دەسەڵاتەکەی بکات، چونکە براکانی و کوڕە مامەکانی ڕەتیان کردەوە دان بە دەسەڵاتەکەیدا بنێن و لێی یاخی بوون و دوژمنایەتییان کرد، ئەوە بوو میر حسن کوڕی عثمان کوڕی الملك العادل سلیمان سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی هەڵگەڕانەوەو یاخیەتی لە دژیدا کرد، سوپایەکی کۆکردەوە و خۆی لە قەڵای (باسبرینا)ی ناوچەی (طور عابدین)ی سەر بە (حصن کیفا) قایم کرد، (الملك سلیم) و (الملك مبارك)ی کوڕانی (الملك الكامل خليل)یش پەیوەندییان پێوە کرد و هەموویان لە شەوێکی ڕەمەزاندا هێرشیان هێنایە سەر حصن و میر حەسەن (الملك الناصر)ی کوشت، ئەوەش ((نەك بە مەبەستی خاوەنداری بوون بەڵکو بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە)) وەکو (السخاوی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (التبر المسبوك، ص٣٨٥)، دوای ئەوە (احمد کوڕی الملك الكامل)ی بانگکردەوە کە ئەمە لەبەر زەبری براکەی بۆ تەورێز هەڵاتبوو، ئەمەی وەکو پاشای ئەو حصنە دامەزراند و نازناوی (الملك الكامل)ی پێدا کە ئەوە نازناوی باوکە کوژراوەکەی بوو (النجوم الزاهرە، ١٨/١٦، الضوء اللامع، ١/٢٩٤، ٣/٣٠٣، ١٠/١٩٦)، بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵاتی فیعلی هەر لە دەستی میر حەسەن بوو.

**٦- الملك العادل خلف کوڕی محمد کوڕی سلێمان (٨٥٩-٨٦٦هـ/١٤٥٥-١٤٦١ز):**

بارەکە بۆ (الملك الكامل) و میر (حەسەن)ی وەسیی لە دوو ساڵ زیاتری نەکێشا، ئیتر خاڵی (الملك الكامل) و ئامۆزاکەی بە ناوی (خلف کوڕی محمد کوڕی سلێمان) لێیان



هەڵسایەوە و لە شەوێکدا بە یارمەتی چل لە پیاوەکانی بەسەر (حصن)ی دادا، میر (حەسەن)ی کوشت و خۆی کردە مەلیکی حصن و نازناوی (الملك العادل)ی بەخۆی دا، بەڵام هەرچی (الملك الكامل)ە، ئەو لە کوشتن ڕزگاری بوو و ڕایکردە قەڵای (ارغیس) و لەوێوە ڕۆشتە بەغدا و لەوێش چووە میسر.

(الملك خلف) دوا مەلیکی گەورەی (حصن کیفا) بوو، هێزو هەیبەتی بۆ ئەیوبییەکانی حصن کیفا گەڕاندەوە، ((پاڵەوانێکی خاوەن هێز و دەسەڵات بوو))، وەکو ئەوانەی پێشە خۆی شیعریشی دادەنا، یەك لە شاعیرەکان بەم شێوەیە پیای هەڵدەدا:

قالوا بموت الكامل الحصن وهت
وعزها قد حاد عنها وصدف
فقلت ان كان مضى كاملها
فإن فيها خلفاً عن من سلف

(الضوء اللامع، ١/٢٩٤، ٣/١٨٤-١٨٥)

لە گێڕانەوەکانی (ابی بکر الطهرانی) وا بە دیار دەکەوێت، کە (الملك خلف) هەر لە دوای کوژرانی (الملك الأشرف احمد)ەوە، ئیتر ئەو دەسەڵاتداری فیعلی حصن کیفا بووە، ئەوەش وەکو باب و باپیرانی سەر بە (قرە قوینلو) بووە و هاوکاریان بووە لە ململانێکانی لەگەڵ (ئاق قوینلو) کە ئەمە وای کردووە ئۆزۆن حەسەن (حسن الطویل) ئاق قوینلو (٨٥٧-٨٨٢ك/١٤٥٣-١٤٧٧ز) ڕقی لێهەڵبگرێ و بە دوای هەلێکدا بگەڕێ بۆ ئەوەی پەلاماری بدات و خۆی لە دەست ڕزگار بکات، دیارە (الملك خلف)یش بە کەسایەتییە بەهێزەکەی خۆی و بە هاوپەیمانییەتییەکەی لەگەڵ (قرە قوینلو) بووەتە کۆسپێکی گەورەی پێش ئۆزۆن حەسەن، چونکە پێشی لە فراوانبوونەکەی گرت و نەیهێشت هەرێمی دیاربەکر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام بەردەوامبوونی توندوتیژی و توندبوونی ناکۆکی و دوژمنایەتی و یەکدی ڕەتکردنەوەی نێوان تاکەکانی خانەوادەی ئەیوبی، سەرەنجام بووە هۆی کوژرانی (الملك خلف).

لە سەرەتای ساڵی (٨٦٦ك/١٤٦٢ز)، هەردوو برا (ایوب و زین العابدین کوڕانی علی کوڕی محمود کوڕی العادل سلێمان) هێرشیان هێنایە سەر (الملك خلف) لە حەمام و بە غەدر کوشتیان، (سخاوی) برای سێیەمیشیان بە ناوی (عبدالرحمن) بۆ زیاد دەکات کە ئەویش بەشداری لەم کوژرانەی مەلیك خەلەفدا کردووە، دوای ئەوەش ئەم پیاوکوژانە ڕوویان کردۆتە

دەرباری شانشین و لەوێ (هارون)ی کوڕی (مەلیك خەلەف)یشیان کوشتووە (النجوم الزاهرة، ١٦/٢٧٣، کتاب دیاربکریة، ص٣٦٧، الضوء اللامع، ٣/١٨٥)، (أدی السبرینی) کوڕی دووەمی (ملك خلف) بە ناوی (موسی) زیاد دەکات کە ئەویش لەو ڕووداوە کوژراوە (تاریخ طورعابدین، ص١٠٨)، دیارە (ئۆزۆن حەسەن)یش دەستی هەبووە لە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی نێوان ئەیوبییەکان و وەکو پاشتر دەردەکەوێت، دیارە هەر ئەویش لە دوای ئەو پیلانەوە بووە کە مەلیك خەلەف و کوڕەکانی تێدا کوژراون.

### ٧- الملك الصالح زین العابدین کوڕی علی کوڕی محمود کوڕی الملك العادل سلیمان (٨٦٦هـ/١٤٦٢ز):

(زین العابدین) دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی گرتە دەست و نازناوی (الملك الصالح)ی بە خۆی دا، ئیتر تا مانگی (زیلقەعدە سالی ٨٦٦ك/١٤٦٢ز) لە فەرمانڕەوایی مایەوە، دوای ئەوە سوڵتان ئۆزۆن حەسەن ناکۆکی و ئاژاوەکانی نێو خانەوادەی ئەیوبیی بە هەلزانی و بە سەرۆکایەتی سوپایەکی گەورەو بە بیانووی تۆڵەکردنەوەی خوێنی مەلیك خەلەف بەرەو حصن کیفا هات، گەمارۆی خستە سەری و ئەو گەمارۆیەی حەوت سال درێژەی کێشا، تا لە مانگی (زیلقەعدە) توانی بێتە ناوی، بەڵام بکوژانی مەلیك خەلەف، بە پێی گوتەی بەدلیسی هیچیان نەکرد، تەنیا بێئومێدی و پەشیمانی نەبێ (شرفنامە، ص٣١٤)، بۆیە لەبەر دەستی ئۆزۆن حەسەن کوژران، دوای ئەوە ئۆزۆن حەسەن توانی تەواوی قەلاو ناوچەکانی دەوروبەری حصن کیفا داگیر بکات و هەموویانی بۆ سولتان (خەلیل)ی کوڕی بڕیەوە (کتاب دیاربکریە، ص٣٦٧، ٣٩٣-٣٩٤، احسن التواریخ، ١/٤٣١).

## پەیوەندیی ئەیوبییەکانی حصن کیفا - میرنشینی مەلکان بە مەمالیك

ئەیوبییەکانی حصن کیفا هەر لەگەڵ دروستبوونیان پەیوەندی دۆستایەتی باشیان لەگەڵ دەولەتی مەملوکی هەبوو، تەواوی پاشاکانی ئەو حصنە پارێزگارییان لەو بەرنامەیە کرد، سوڵتانەکانی مەمالیکیش رێز و تەقدیریان بۆ ئەو ئەیوبیانەی حصن کیفا هەبوو، ئەوەش بەو پێیەی نەوەی مەلیکی صالح (نجم الدین أیوب)ن کە چاکەی چوون و جێگیربوونی مەمالیکەکان بۆ میسر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، (العمری) لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ئێستاکە حصن کیفا و پاشاکەی کە لە پاشماوەی پاشا ئەیوبییەکانە، لەوانەیە کە لە لایەن پاشاکانی میسرەوە بە چاوی رێزو گەورەییەوە بۆیان



دەڕوانرێت، ئەمەش لەبەر پێگەی وەلای کۆنیان بۆیان و بەردەوامبوونی دۆستایەتییان تا ئێستاش)) (التعریف، ص٥٢، صبح الاعشی، ٤/٣٢٠-٣٢١، ٧/٢٩٢).

پاشاکانی حصن کیفاش لەلایەن خۆیانەوە دانیان بە دەسەلاتی دەولەتی مەملوکی دادەنا و دانیان دەنا کە لە جیهانی ئیسلامیدا پێشەنگن و چاکە و دەسەلاتیان بەسەریانەوە هەیە، بۆیە خۆیان بە نوێنەرو والی ئەوان دەژمارد. (النجوم الزاهره، ١٥/١٨٣).

وێرانەکردن و بێهوودە هێنانی تورکمانەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ بەسەر هەرێمی دیاربەکر و بە ئاشکرا دوژمنایەتیکردنی توندی پێشەواکانی ئاق قۆینلۆ بۆ ئەیوبییەکان، هەروەها بەردەوامبوونی شالاوەکانی تەیموری بۆ سەر ناوچەکە، هەموو ئەمانە وایان کرد پاشاکانی حصن کیفا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوڵتانی مەملوکی و نوێنەرەکانیان لە وڵاتی شامدا بەهێزتر بکەن، هەروەها هەولبدەن ئەو پەیوەندییانەیان هەر بە باشی بهێنێتەوە. بۆیە کەنالەکانی پەیوەندی نێوانیان جۆراوجۆربوون، هەموو لایەنێکی گرتەوە، سەردان و نامەگۆڕینەوە بەردەوام بوو، نێرراو و سەفیر و وەفدەکانی پاشاکانی حصن کیفا بە بەردەوامی لە وڵاتی مەملوکیان ون نەدەبوون، هاوڕێ و دۆست و نزیکەکانیان بۆ زۆربەی مەبەستە فەرمی و زانستی و بازرگانییەکان بە بەردەوامی دەچوونە وڵاتی شام و میسر، لەوەش زیاتر هەندێ کەس و کۆمەڵەی بنەماڵەی ئەییوبی و هەروەها دانیشتوانی وڵاتی حصن کیفا چوون لە شارەکانی شام و میسر نیشتەجێ بوون، ئەوەتا (الملك الجلیل صلاح الدین یوسف کوڕی الملك الناصر احمد کوڕی الملك المجاهد غازی برازای الملك العادل سلێمان) چوو لە میسر دانیشت، هەر لەوێش لە سالی ٨١٩ك/١٤١٦ز بە نەخۆشی تاعون مرد (الضوء اللامع، ١٠/٢٩٣-٢٩٤).

(ابن تغری بردی) لە بارەی (ملك الجلیل)ەوە لەگەڵ هاوڕێکانی (الملك الاشرف) قسەی کردووە، ئەوان پێیان گوتووە: ((پیاوێکی بالا مامناوەندی بووە، ریشی رەش بووە، رەنگی سەوز بووە، زەعیفێکی جوان و دلگیر بووە، تا رادەیەکی زۆر حەزی لە یاری تۆپ بووە، زۆریشی حەز لە راوکردن بووە)) (المنهل الصافی، ١/٢٩٠)، (السخاوی) بۆ ژیاننامەی (الملك الكامل خلیل) پشتی بە قسەکانی هەندێ لە خزمەکانی مەلیکی ناوبراو بەستووە، لەوانەش باوکی مەنصوری نیشتەجێی شاری (حماه). (الضوء اللامع، ١/٢٩٤).

لە پاش مردنی (الملك العادل) لە سالی (٨٢٧ك/١٤٢٤ز)، (مرجان العادلی الحبشی)ی (کە لە ٨٦٥ك/١٤٦١ز) کۆچی دوایی کردووە — خادیم و عەتیقی الملك العادل- حصنی جێهێشت و بە هەژاری پەراگەندەی وڵاتان بوو، چووە وڵاتی شام و لەوێش رۆیشتە میسر و تیایدا نیشتەجێ بوو،

وەکو خادیم و گەورەی خادیمان کاری کرد، بەمە حاڵی باشبوو و بووە جێگری پێشەنگی مەمالیکان، بەڵام پەیوەندیشی بە ئەیوبییەکان هەر نەبڕیبوو، تەنانەت لەلای دەسەڵاتدارە میسرییەکان میانگیری بۆ دەکردن، ئەوەتا ئەو کاتەی مەلیك خەلەف بەسەر (الملك الكامل احمد کوڕی الملك الكامل خليل) سەرکەوت و بەم هۆیەوە، ئەوەی دووەم لە وڵاتی حصن هەڵات، هاتە میسر، (مرجان) پێشوازی لێکرد و ڕێزی لێنا، ئیتر (الملك الكامل) لە میسر مایەوە، تا لە سەردەمی سوڵتان (خشقدم)ی (٨٦٥-٨٧٢هـ/١٤٦١-١٤٦٨ز) هەر لەوێ مرد (الضوء اللامع، ٢٩٤/١، ١٥٣/١٠).

پاشاکانی حصن کیفا سووربوون لەسەر ئەوەی، هەواڵی بەرەوپێشچوونە سیاسییەکان و شەڕە بەردەوامەکانی نێوان تورکمانەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ کە لە هەرێمەکانی دیاربەکر و ئەرمینیاو ئازەربێجان بەڕێوەدەچوو، بە بەردەوامی بگەیەننە مەمالیکەکان، واتە وەکو چاو و سیخوڕ وابوون بۆ مەمالیکەکان، ئەوەتا کە سوڵتانی مەملوکی بە ناوی (الملك المؤيد شيخ المحمودي)ی (٨١٦-٨٢٤ك/١٤١٣-١٤٢١ز) لە ساڵی (٨٢٠و/١٤١٧ز) هاتە هەرێمی دیاربەکر، نێردراوی مەلیکی عادل سلێمان بە دیارییەکانییەوەی هاتە لای سوڵتانی ناوبراوو وەلای خاوەنی حصن کیفای بۆ نوێکردەوە، لە ساڵی (٨٢٣ك/١٤٢٠ز)یش، نێردراوی مەلیکی عادل دەسەڵاتدارانی مەملوکیی ئاگادارکردەوە، بەوەی کەوا قەرە یوسف قەرەقۆینلۆ لە نێوان شارەکانی سوڵتانیە و تەوریز ژەهرخواردوو کراوە و بەوە کوژراوە، جگە لەمانە مەلیکی عادل نێردراو و وەفدەکانی خۆی لە بۆنە گرنگەکاندا دەناردە میسر، ئەوەتا لە ساڵی (١٤٢١/٨٢٤ز) کە (الملك الظاهر) هاتە سەر تەختی دەسەڵات، وەفدێکی هەناردە میسر بۆ پیرۆزبایی لێکردنی (انباء الغمر، ١٣١/٣، ٢٤٩، النجوم الزاهرة، ٥٣/١٤، ١٠٧، نزهة النفوس والابدان، ٣٩٢/٢، ٤٨٠).

دەوڵەتی مەملوکیش ئەیوبییەکانی حصن کیفای بە هاوپەیمانێکی بەهێزی خۆی زانیوە کە ناکرێ دەستبەرداریان بێ تا بە ڕووی تورکمانەکاندا بووەستێتەوە، لە هەمان کاتیشدا چاوێك بێ بۆی، بۆ گەیاندنی هەر هەواڵ و زانیارییەکی نوێ، لەسەر ئەوەی لە ناوچەکانی ڕوودەدات، بۆیە بە گوێرەی ئەو توانایەی لەبەردەستیدابوو، کاری دەکرد، لەسەر دابینکردنی پارێزگاری لێکردنی، لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی، ئەگەر بکرێتە سەری، کاتێکیش (الملك الاشرف خليل) لە ساڵی (٨٣٦ك/١٤٣٣ز) بە دەستی تورکمانەکانی ئاق قۆینلۆ کوژرا، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، (الأشرف برسباى) داخێکی زۆری کێشاو زۆر ناڕەحەت بوو بۆی، داوای کرد بکوژەکانی بۆ بێنن، بۆ



ئەمە فرمانی دا ژمارەیەك عەرەب و تورکمانی بۆ هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بە دوای بکوژەکاندا بچن و بیانگرن، ئەوانیش بیست پیاویان بۆ هێنا، یەك لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیەش، کە لە ساڵی (٨٣٦ك/ ١٤٣٣ز)دا سوڵتان بەسەر قەرە ئیلك ئاق قۆینلۆ سەپاندی، ئەوە بوو کە: ((نابێت هێرش بکاتە سەر حصن کیفا و خەڵکەکەی و فەرمانڕەواکانیشی)) (السلوك، ٨٩٧/٤، حوليات دمشقيه، ص٦٧-٦٩، نزهه النفوس والابدان، ٢٦٣/٣-٢٦٥).

یەك لە ڕووەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو لا ئەو نامەگۆڕینەوانە بوو کە لە لایەن هەردوو لاوە دەکرا، نامەکان ئەوانەی لە لایەن مەمالیکەوە ئاراستەی پاشاکانی حصن کیفا دەکران، لە پلەی پێنجەم بوون، لە دەواوینی ئینشای مەملوکی بەو دەربڕینە گوزارشتی لێ دەکرا: (ادام الله تعالى المجلس الاميرى)، هەروەها لە لایەن جێگری مەملوکی بەسەر شامیشەوە کە لە پلەی پێنجەم بوو، نامەکان لە دیوانی ئینشادا بە (الجناب الكبير) پێشکەشدەکران (التعريف، ص٥٢-٥٣، صبح الاعشى، ٢٩٢/٧-٢٩٣، ٢٢٥/٨-٢٢٦).

پەیوەندییەکانی مەملوکی ـ ئەیوبی بواری دیکەی بێجگە لە سیاسیشی گرتەوە، وەکو بوارەکانی ئەدەب و زانستیش، ئەوەتا پاشاکانی (حصن کیفا) لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە بەرهەم و دیوانە شیعرییەکانیان ڕەوانەی میسر بکەن، وەکو ئەوەی (الملك العادل و الاشرفی کوڕی و ملك خلف) کردیان. (شفاء القلوب، ص٤٧٥-٤٨٣، الضوء اللامع، ٣٠٩/١، ١٨٥/٣).

(عزالدين احمد کوڕی إبراهيم الحنبلی المصری)ی کە لە (٨٧٦ك/١٤٧٢ز)کۆچی دوایی کردووە، هەڵسا بە دانانی کتێبێك لە بارەی ئەیوبییەکانەوە بە ناونیشانی (شفاء القلوب في مناقب بني ايوب)، ئەمەش هەر لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە باشەی نێوان میسر و حصن کیفا، لەو کتێبەیدا بە درێژی لە بارەی (الملك العادل و الملك الاشرف)ی کوڕی نووسیوە، پیایهەڵداون و وەسفی زۆری کردوون، لە ماوەی ئەو کتێبەشیدا وا دەردەکەوێت کە ئەو هەستی قووڵ و ڕێز و ئیحتیرامێکی گەورە و زۆری بۆ هەریەکە لەو دوو پاشایانە هەبووە و پەیوەندیشی لەگەڵیان بەهێز بووە (شفاء القلوب، ص٤٦٨ وما بعدها).

پەیوەندییە ئەدەبییەکان تەنیا لەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکان کورت نەبووەوە، بەڵکو توێژە ڕۆشنبیرەکەیشی وەکو زانایان و فەقیهەکان و مێژوونووسەکانیشی گرتەوە، ئەوەتا مێژوونووسە میسرییەکانی وێنەی (ابن حجر العسقلانی و ابن تغری بردی و السخاوی)و هی دیکەش، خاوەن ئاگاداری و زانیاری بوون بە بارەکانی (حصن کیفا) و هەواڵی پاشاکانی، هەر شتێکیش پەیوەندی بەوانەوە هەبووایە، یەکسەر دەیانقۆستەوە و دەیانخستە نێو کتێبەکانیان کە ئەمە بە

روونی بە کتێبەکانیانەوە دیارە، تەنانەت پەیوەندی کەسی هەبووە لە نێوان (الحافظ ابن حجر) و مێژوونووس (حسن کوڕی ابراهیم السی)ی خەڵکی (حصن کیفا)، ئەو مێژوونووسەی کتێبێکی لە بارەی مێژووی وڵاتەکەی نووسی و بەشێکی بۆ (ابن حجر) نارد، وەك لە پێشەکیدا ئاماژەمان بەوە کرد (الضوء اللامع، ٣/٩٢).

شیخ شهاب الدین ابوبکر الحصنی، (٨١٥-٨٨١ك/١٤١٢-١٤٧٧ز) کە کوڕی (محمد کوڕی شادی الحصنی) یەك لە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی (حصن کیفا)یە، بۆ مەبەستی زانستی لە میسر دادەنیشت، یان جار جارە دەچووە ئەوێ، هەواڵەکانی (اق قوینلو) لەوەوە گوێزراونەتەوە. (انباء الغمر، ٣/٤٩٨- ٤٩٩، الضوء اللامع، ١١/٧٦).

هەروەها فەقیە و زانای ئاینی بەناوبانگ شەرەفەددین ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل کورانی شەهرزوری (٨١٣-٨٩٣ك/١٤١٠-١٤٨٨ز) کە لەدایکبووی گوندێکی وڵاتی (گۆران)ە لە شارەزوور، چووە (حصن کیفا)و لە حوجرەکانی ئەوێ دەرسی زمانی عەرەبیی خوێند، دواتر لە دەوروبەری ساڵی (٨٣٠ك/١٤٢٧ز) هەر بە دوای زانستدا چووە دیمەشق، لەوێشەوە لە دەوروبەری ساڵی (٨٣٥ك/١٤٣٢ز) هەر بۆ هەمان مەبەست چووە میسر، سەرەنجام بووە یەکێك لە ناودارە بەناوبانگەکان. (الضوء اللامع، ١/٢٤١-٢٤٢).

بەڵام هەرچی پەیوەندی ئەیوبییەکانی (حصن کیفا)یە لەگەڵ میرنشینی قرە قوینلوی ترکمانی (٧٨١-٨٧٣ك/١٣٧٩-١٤٦٩ز)، لە سەرچاوە فارسی و مەملوکییەکان زانیاری وەکو پێویست لە بارەی سروشتی ئەو پەیوەندییانەی نێوان هەردوو لا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بگوترێ کە شالاوە بەردەوامەکانی (تەیمورلەنگ) بۆ سەر هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی، بە درێژایی بیست ساڵ لە ساڵانی (٧٨٧-٨٠٧ك/١٣٨٥-١٤٠٥ز) و بەردەوامبوونی (شاهرخ کوڕی تەیمور لەنگ) لەسەر بەرنامە فراوانخوازییەکەی باوکی لە لایەك، گەورەبوونی دەسەڵات و هێزی (قرە ایلك عوسمان)ی سەرۆکی تورکمانەکانی (آق قوینلو)ش دوژمنی بەردەوامی (قرە قوینلو) و دوژمنی باوەکوشتەی (قرە یوسف القرە قوینلو) (٧٩١-٨٢٣ك/١٣٨٩-١٤٢٠ز)، لەگەڵ زۆربوونی مەترسییەکانی لە هەرێمی دیار بەکر لە لایێکی تر، دوای ئەوەش دروستبوونی هاوپەیمانییەکی سەربازیی لە نێوان ئەم دوو دوژمنانەی (قرە یوسف) بۆ ئەوەی لە دوو لاوە تۆقی بکەن، ئەمە (قرە یوسف)ی وا لێکرد، بەرەو میر و سەرۆکە کوردەکانی هاوسێی رووبسووڕێنێ، بۆیە کاری لەسەر ئەوە کرد، لێیان نزیکببێتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکات، بۆ ئەوەی بۆ شەڕە بەردەوامەکانیان لە بەرە لێکجیایەکاندا سوود لە توانا



سەربازییەکانیان وەربگرێت، بە فیعلیش لەو هەوڵەیدا سەرکەوت، ئەوەتا کاتێك سەرکەوتنی گەورەی بەسەر تەیموری و جەلائیرییەکان لە ساڵانی (٨١٠-٨١١ك/١٤٠٧-١٤٠٨ز) بەدەست هێنا و شاری تەبرێزی داگیرکرد، کردییە پایتەختی خۆی، (ملك العادل الأيوبي) و لە میرەکانی دیکەی کوردستانیش بە خۆشی، یان بە زۆر دانیان بە دەسەڵاتیدا بەسەر وڵاتەکەدا هێناو دیارییان بۆ نارد. (روضة الصفا، ٦/٥٦١).

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەقێك نییە، ئەوە روونبکاتەوە کە ئایا سروشتی پەیوەندییەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایی کوڕەکانی (قرە یوسف) لە (نیوەی یەکەمی سەدەی ٩ك/١٥ز) چی بەسەر هاتووە، بەڵام لە سەردەمی (جهانشاه کوڕی قرە یوسف) لە ساڵانی (٨٤٨-٨٧٣ك/١٤٤٤-١٤٦٨ز) ئەو پەیوەندییانە ئاسایی بوونە، ئەوەتا کاتێك (ناصر) (٨٥٦ك ـ ١٤٥٢ز) کودەتای بەسەر (ملك کامل)ی باوکیدا کرد، (احمدی کوڕی دووەمی مەلیکی کوژراو) رایکردە تەبرێز، لەوێ پەنای بردە بەر (جهانشاه)، لەوێ لەلای مایەوە، تا کوژرانی ناسر لە مانگی رەمەزانی هەمان ساڵدا. (الضوء اللامع، ١٠/١٩٦، ١/٢٩٤).

(ملك خلف) پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ (جهانشاه) دروستکردبوو و هەردووکیان لە دژی میرەکانی (آق قوینلو)، ببوونە هاوپەیمانی یەك، ئەوەتا (ملك خلف) بووەتە یەك لە سوپا سالارە گەورەکانی سوپاکەی (جهانشاه)، لە ساڵی (٨٥٤ك/١٤٥٠ز)یش، (ملك خلف) بە فرمانی (رستم ترخان) کە لە فەرماندە گەورەکانی سوپای (جهانشاه) بوو، سەرکردایەتی سوپایەکی کرد چووە سەر شاری ماردین، لەوێ ئابڵوقەی خستە سەر (انکیر الآق قوینلو)، لە ساڵی (٨٥٩ك/١٤٥٥ز)یش (جهانشاه) رێگەی دایە (ملك خلف) کە لەلای ئەو بڕواو بەرەو شاری (حصن کیفا) بچێت، بەمە (ملك خلف) بەرەو وڵاتی خۆی هاتەوە، دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و لە قەڵاکەدا ئابڵوقەی (الملك الكامل الثاني) دا. (کتاب دیاربکریە، ص١٩١، ٢٤٠).

ـ سەرهەڵدانی (اوزون حسن الآق قوینلو) و رووخانی ئەیوبییەی (حصن کیفا):

(قەرە ئەیلیك عوسمان کوڕی تور عەلی) دامەزرێنەری میرنشینی آق قوینلو (٨٠٦-٩٠٨ك/١٤٠٣-١٥٠٢ز) هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی، هەڵوێستێکی دوژمنانەی لە بەرامبەر میر و سەرۆك هۆزە کوردییەکانی هەرێمی دیار بەکر وەرگرت، ئامانجی ئەوە بوو، کۆتایی بە فەرمانڕەوایێتییەکانیان بێنێت و وڵات و موڵکەکانیان داگیر بکات، بۆیە هەر زوو لەسەر حسێبی زەوی و موڵکی ئەو کوردانە دەستی بە جێبەجێکردنی سیاسەتە فراوانخوازییەکەی خۆی کرد، ئیدی هێرشی دەکردنە سەر و باجی بێ مانای ساڵانەی لەسەر دادەنان، ئەمەش هەمووی

بە بیانووی ئەوەی، ئەو کوردانە پەیوەندی باشیان لەگەڵ مەمالیکەکان هەیە و هاوکاری (قرە یوسف القرە قوینلو) دەکەن.

ئەوەتا لە ساڵی (٨٠٧ك/١٤٠٤ز) (ئیبراهیم بەگ)ی کوڕی بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانەی کوردستان کرد، ئەو هاتە نێو شارۆچکەی (حصن) و سەربازەکانی هێرشیان کردە سەر زەوی و زار و ناوچەکانی سەر بەو شارۆچکەیە، بەمە (الملك العادل) ملکەچی بوو و گوێڕایەڵی کرد، (ئیبراهیم بەگ)یش بڕێك پارەی ساڵانەی لەسەر کردە ئەرك، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا وازی لێبێنن و هێرش نەکەنە سەر وڵاتەکەی. (کتاب دیاربکریە، ص٤٩).

(قرە ایلك) سیاسەت و هەڵوێستە دوژمنکارییەکانی لە بەرامبەر (أیوبیە حصن کیفا) نەگۆڕی، تا لە ساڵی (٨٣٩ك/١٤٣٥ز) کوژرا، ئەوەتا وەکو لە پێشتر باسمانکرد، لە ساڵی (٨٣٦ك/١٤٣٢ز) واتە سێ ساڵ پێش کوژرانی، پیاوەکانی بۆسەیەکیان بۆ (الملك الاشرف خلیل) داناو کوشتیان، (ابن تغری بردی) لەم ڕووەوە وەها باسی (قرە ایلك) دەکات: ((عومری درێژبووەوە، خەڵك و پاشاکانی دیاربەکر لە دەستی دووچاری نالەباری و وچەڵەمەی زۆر هاتن، بە تایبەت پاشا ئەیوبییەکانی (حصن کیفا)، چونکە ئەوانە بە هۆی ناوبراوەوە لە تەنگی و بەڵادا دەژیان، شەڕو بەڵاکانی لەگەڵ پاشاکان ساڵانێکی درێژی کێشا)). (النجوم الزاهرە، ١٥/٢٠١).

(ابوبکر الطهراني) مێژوونووسی (اق قوینلو) تەنیایە لە هێنانی هەواڵ و زانیاری دەگمەن، لە بارەی (الملك خلف الایوبی) و ململانێکانی لەگەڵ (اوزون حسن الاق قوینلو)، لێیەوەی ئەوە تێدەگەین کە (الملك خلف کوڕی محمد کوڕی الملك العادل سلیمان)، هەر لە پێش ساڵی (٨٤١ك/١٤٣٧ز)یەوە وەکو زووتر ئاماژەی بۆ کرا، فەرمانڕەوای فیعلی (حصن کیفا) بووە، یان باشتر بڵێین فەرماندەی فیعلی سەربازی سوپای حصن کیفا بووە.

بەڵام بە هاتنە سەرتەختی (اوزون حسن) لە میرنشینی (آق قوینلو)، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی میرنشین و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی هەرێمی دیاربەکر دەستپێدەکات، چونکە ئەوە دیارترینی ئەو میرانەی (آق قوینلو) و توندترینیانە لە دوژمنایەتیی بۆ میرە کوردەکان. ئەمە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا زنجیرەیەك شاڵاوی سەربازیی هێنایە سەر کوردە خاوەن دەسەڵاتەکان، سەربازەکانیشی ئازاد کردن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان تاڵان و ڕاوڕووتی لەو ناوچە کوردیانەدا بکەن ئەوەتا لە ساڵی (٨٥٧ك/١٤٥٣ز)دا لە نزیك (حصن کیفا) دابەزی و سوپای لە دەوروبەریدا دامەزراند، بۆ ئەوەی شەڕی ئەو میرە کوردانە بکات کە لە تەك



(جهانکیر میرزا)ی برا گەورەیدا وەستابوون، بەمە میرەکان یەك لە دوای یەك و لە نێوانیشیان خاوەنی حصن کیفا، ملکەچییان بۆ نواندو گوێڕایەڵییان بۆ کرد، بێ ژمار دیاری و مەڕو ماڵاتیشیان بۆ برد.

بەڵام کە (ملك خلف) بە ڕەزامەندی و پاڵپشتی (جهانشاە القرە قوینلو) دەستی بەسەر (حصن کیفا)دا گرت و (الملك الکامل الثاني) لە نێو قەڵاکەیدا ئابڵوقەدا، (اوزون حسن) ئەم هەڵەی قۆزتەوە و خێرا بەرەو (حصن)ی ناوبراو هات، بە بیانووی ئەوەی، دەیەوێت بگاتە فریای (الملك الکامل) و ڕزگاری بکات و ئابڵوقە بخاتە سەر (ملك خلف) لەو شارەدا، کەچی ئەمەی بۆ نەکراو ئەو هەوڵەی بێهوودە بوو. (أبوبکر الطهراني) بە چەند بیانوویەکی لاواز دەیوێت پاساو بۆ ئەو شکستەی (اوزون حسن) بێنێتەوە، دەڵێت: (ملك احمد، واتە: الملك الکامل) لە ترسی سەربازەکانی اوزون دەلەرزی، بۆیە ڕێگەی نەدا هەموویان بێنە ناو شارەکە، ئەگەرنا چوونە ناو شارەکە، کارێکی ئاسان بوو. (کتاب دیاربکریە، ص٢٤٠،٢٣٥).

(ملك خلف) سووربوو لەسەر ئەوەی شاری (حصن) و قەڵاکەی بە زەبری هێز داگیر بکات و دەسەڵات لە (الملك الکامل الثاني) سەر بە (اوزون حسن) دابماڵێت، لە ساڵی (٨٥٩ك/١٤٥٥ز) ئەمەی بۆ کراو کوڕە مامەکەی خۆی کە ناوی (میر حسن کوڕی عوسمان کوڕی الملك العادل سلیمان) بوو و وەکو (وەسی) بوو بەسەر (الملك الکامل الثاني)ی کوشت. (الضوء اللامع، ١٠٣/٣)، لەو کاتەشدا (اوزون حسن) سەرقاڵی شەڕەکانی خۆی بوو لە ئازەربێجان، بۆیە کە ئەم هەواڵەی پێگەیشت، زۆری پێ سەیر و ناکاو بوو، یەکسەر فرمانی شاهانەی دەرکرد کە (سوڵتان خلیل)ی کوڕی بەرەو ئامەد بچێت، سوپایەکی گەورە کۆبکاتەوە و هێرش بباتە سەر (حصن کیفا)، ئەویش لە هەمانکاتدا لە لایەنی خۆیەوەی هێرش بکاتە سەر شارەکە. جێگەی ئاماژەیە کە (الطهراني) ئەوە لەبیرخۆی دەباتەوە کە ئاماژە بۆ شکستەکانی (أوزون حسن) و کوڕەکەی بکات، لەو هێرشانەیاندا بۆسەر (حصن کیفا)، ئیدی دەچێتە سەر هۆکانی ئەو شکستە، وای پیشاندەدا کە (ملك خلف) کاتێك بینی مەترسییەك لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدات، دیاری و پارەی بۆ (اوزون حسن) نارد و خزمەتگوزاری پێشکەش کرد و وادەی ئەوەی پێدا کە ساڵانە و وەکو بڕیاری داوە، پارەی زۆری بۆ بنێرێت، بەمە (اوزون حسن) هێزەکانی خۆی دەکێشێتەوە، دەچێتە ناو دەڤەری (سعرت) و شەڕی فەرمانڕەواکەی

دەكات، كە میر (ابدال)ی سۆزداری (جیهانشاه القره قوینلو) بوو، سەربازەكانیشی (سعرت) و گوندەكانی دەوروبەری تالان دەكەن و مەڕو مالات و پارەیەكی زۆر بۆ خۆیان دەبەن كە ئەم زۆرییە وەكو وەسفكراوە، ((بە قەد زۆری لم و خۆڵی بیابان و دۆڵەكان بوو)) (كتاب دیاربكریە، ص٢٤٧، ٢٥٤).

هەرچی (الملك خلف) بوو، لەسەر هەڵوێستی رەتكەرەوەی خۆی بۆ سیاسەتی دوژمنكاریانەی (اوزون حسن) مایەوە، بەرەنگاری هەوڵە فراوانخوازییەكانی بووەوە، بەڵكو (سعرت)یشی ئازادكردەوە كە سەر بە وڵاتی (حصن) بوو. (كتاب دیاربكریة، ص٣٦٧، تاریخ طورعابدین، ص١٠٦).

ئەم هەڵوێستە ئازایانەی (ملك خلف) بووە هۆی وروژاندنی (اوزون حسن)، بۆیە بە هەموو هۆیەك و توانایەكی هەوڵی لەناوبردنی (ملك خلف)ی دا، ئەمە چ بە ئاگر بەستی و چ بە پیلانگێڕی. ئەوەتا پاش ئەوەی بۆی دەركەوت كە بێدەسەڵاتترە لەوەی بتوانێت بە هۆی هێزەوە رووبەڕووبوونەوەكانی لەگەڵیدا یەكلابكاتەوە و لەناوی ببات، دەستی كرد بە ناردنی نامە بۆی، لەبارەی ئەوەی كە لە شاری (سعرت) بكشێتەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی كە گوایە ئەو شارە موڵكی ئەوە بەڵام ئەیوبییەكان هیچ مافێكیان بەسەریەوەی نییە، كەچی (ملك خلف) داواكەی رەتكردەوە، ئەمە وایكرد، (اوزون حسن) بە فەرماندەیی (سوڵتان خلیل)ی كوڕی هێرشێكی بكاتە سەر (سعرت و حصن كیفا)، ئەویش رۆشت و بۆ ماوەیەكی درێژ ئابلووقەی خستە سەر ئەو شارانە، بەڵام ئەم هەوڵانەشی شكستیان هێنا. (كتاب دیاربكریە، ٣٦٧-٣٦٨).

ئیتر رزگاربوون لە (ملك خلف) بووە گرنگترین كارێك لەپێش (اوزون حسن)، هەمیشە بیری دەكردەوە كە چۆن ئەو ئەركە بەجێبێنێ و پلانی بۆ دادەنا، لەو رووەوە دەگێڕنەوە: ((وا رێككەوت رۆژێكیان حسن بێگ ـ اوزون حسن- كە وەك هەمیشە بەردەوام بیری لەوە دەكردەوە، چۆن زەفەر بە (حصن) ببات، ئا لەوكاتەدا (صاحب الكرامات) بابا عبدالرحمن المجذوب لێی هاتە ژوور و بە ئاماژەكردن بۆ ئاراستەی حصن پێی گوت: ((جنان بكشم تراكە هیج ندانی)) واتا: (چەندم هەوڵ لەگەڵ دایت و تۆش هیچت نەدەزانی)، بۆیە (حسن بیك) فرمانی كرد، مێژووی ئەو كاتەی بۆ تۆمار بكەن، پاش چەند رۆژێك هەواڵی بۆ هات كە: لەو كاتەیدا (ملك خلف) لە گەرماو بووە، (ملك زین العابدین و ملك أیوب) لە



(ملك خلف) راپەڕیون و كوشتوویانە، وا دەركەوت كاتی كوژرانی ملك خلف و قسەكەی (مجذوب)ی ناوبراو لەیەك كاتدابوونە)) (كتاب دیاربكریە، ص٣٦٧-٣٦٨، ٣٩٤).

بەم شێوەیە خەونەكەی (اوزون حسن) وەدی هات، ئەو خەونەی دە ساڵی بەردەوام لە ساڵانی (٨٥٦ـ ٨٦٦ك) بۆ وەدیهێنانی دەكۆشاو سێ جار لەو پێناوەدا شكستی هێنا، بۆیە هەر كە ئەو هەواڵەی بیست، سواربوو بەرەو (حصن كیفا) و هەموو وڵاتەكەی داگیر كرد، فەرمانڕەواییەكەی بۆ (سلطان خلیل)ی كوڕی بڕیەوە، شمشێریشی خستە گەردنی هەریەكە لە (زەین لعابدین و ئەیوب)، بە بیانووی خوێن ستاندنەوەی ملك خلف، بەڵام لە راستیدا لەم كارەیدا مەبەستی ئەوە بوو، بە تەواوەتی كۆتایی بە ئەیوبییەكان بێنێت. (النجوم الزاهرە، ١٦/٢٧٣، الضوء اللامع، ٣/١١٢).


واپێدەچێت مێژوونووسە میسرییەكان پەیان بەو پیلانە نەبردبێت، كە (أوزون حسن) بۆ كوشتنی ملك خلف دایڕێشتبوو، هەروەها (طهراني)ش بە مەبەست خۆی دوور گرتووە لەوەی ئاماژە بەو پیلانە بدات، بەڵام بەدلیسی، شتێك دەگێڕێتەوە، بە هۆیەوەی پەردە لەسەر رۆڵی راستی (اوزون حسن) لە داڕشتنی پیلانەكە هەڵدەماڵێ، بێگومان ئەویش لە خەڵكی (حصن كیفا)ی بیستووە، ناواخنی ئەوەی بەدلیسی دەیڵێت، ئەوەیە: دوای ئەوەی ملك خلف خۆی لە قەڵای حصن كیفا قایم كرد و رەتی كردەوە خۆی بۆ (اق قوینلو) بەدەستەوە بدات، ئەوان پەنایان بۆ بەر فڕو فێڵ برد، هاتن یەك لە پسمامەكانی (ملك خلف)یان لە خشتە برد، بەوەی كەوا لە پاش ناوبراو دەسەڵات دەدەنە ئەو، ئەویش بەو قسە خۆشەی ئەوان لە خشتە چوو، ئیدی لە هەلێك دەگەڕا بیقۆزێتەوە، تا بۆی هاتە پێش و ئەوساكە ئەوەی كرد كە كردی. (شەرەفنامە، ل ٣١٤).

## ئەیوبییەکان دوای رووخانی (حصن کیفا):

دوای دەستگرتنی (اوزون حسن) بەسەر وڵاتی (حصن) و بڕینەوەی بـۆ سـوڵتان خـەلیلی کوڕی لە ساڵی (٨٦٦ك/١٤٦٢ز)دا، هەواڵی بنەماڵـەی فـەرمانڕەوای ئـەییوبی ون دەبێـت، سەرچاوەکان ئەم شەڕە بە کۆتایی پێ هێنانی دەسەڵاتی ئەییوبی دادەنێن. (النجـوم الزاهـرة، ٢٧٣/١٦، الضوء اللامع، ١٨٤/٣، ترویج القلوب، ص٨٦-٨٧)، بەڵام بەدلیسی باس لـەوە دەکات کە کاتێك (أوزون حـسن) شـاری (حـصن کیفـا)ی داگیرکـرد، (الملـك خلیـل کـوڕی سلێمان)- زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێت کە ئەمە نەوەی الملك الکامل خلیل کوڕی الملك الاشـرف احمد بێت، ئەگەر وا دەبنێین ئەمە بە ناوی باپیری کرابێتەوە ـ رایکردە شاری (حما) و تیایـدا خۆی ون کرد، بەڵام کاتێك ئـاژاوە و شـڵەژان لـە نێـو ریـزی میرەکـانی (ئـاق قۆینلـۆ) لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆیـەمی کۆچـی/ پـازدەی زاینیـدا بـەرپابوو و قـسەیان لەیـەکتری جیابووەوە، (الملك خلیل) ئەم هەلەی قۆزتەوەو بە یارمـەتی (مـیر شـاە محمد الـشیروی لـە نەوەکانی میرانی هۆزی شێروانی کە پۆستی وەزارەتی ئەیوبییەکانیان هەبوو لە حصن کیفـا) گەڕایەوە، پیـاوانی هـۆزە کوردییـەکانیش لـە پـشتیدا کۆبوونـەوەو پاڵپـشتییان کـرد، لـە گەڕاندنەوەی موڵکەکانی باب و باپیرانی، ئیدی بە یارمەتی ئەوان، توانی شاری (سعرت) بە زەبری هێز بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و میرانی ئاق قۆینلۆی لێ وەدەر بنێـت، ئینجـا هێرشی بردە سەر (حصن کیفا) و رزگاریکردەوە، بەمە سەربەخۆیی تەواوی خـۆی لـە وڵاتـی (حصن) راگەیاند، دوای ئەوە خوشکی شـا ئیـسماعیلی سـەفەویی دامەزرێنـەری دەوڵـەتی سەفەویی خواست، لە پاشەخۆیشی منداڵ و نەوەکانی پارێزگارییان لە بەشێکی دەسـەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیان بەسەر ناوچەکانی (حصن کیفا) و (عربکیر)ی سەر بە (خربوت) کـرد و هەر لە دەستیان مایەوە، چونکە پاشەخۆی، ئەوەبوو سێ کوڕەکانی (ملك حـسین) و (ملـك سلیمان) و (ملك محمد) بە دوای یەك لە ماوەی سەدەی دەی کۆچی/ شازدەی زاینیدا، لەجێی باوکیان بوونە میر و لە پێناو پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆیـان و ناوچـەکانیان، لەگـەڵ سەفەویەکان کەوتنە ململانێییێکی ناخۆش، تـا لـە کـاتی دانـانی (شـەرەفنامە) لـە سـاڵی (١٠٠٥ك/١٥٩٦-١٥٩٧ز) گەورەی خانەوادەی ئەیوبیان لەو ناوچانە (سلطان حـسین کـوڕی ملك محمد کوڕی ملك خلیل) بوو، (بەدلیسی) هیوای بۆ دەخواست، خودا راوەستاوی بکات، چونکە لە بنەماڵەی شەرەف و راستییە. (شەرەفنامە، ص٣١٥، ٣٢٣-٣٢٤).



## دارژیانی بنەماڵەی ئەیوبیی فەرمانڕەوا لە (حصن کیفا)



## ـ مەلکیشی ـ ملکیشی:

مەلکیشی هۆز و بنەماڵەیەکی کوردی فەرمانڕەوای (چمشکزاك) و قەڵاکەینە، (چمشکزاك)یش قەڵایەك و دەڤەرێکە دەکەوێتە نێوان ئامەد و مەلاتییە، نزیکە لە (حصن أران)ی هەرێمی جەزیرە ـ کوردستانی باکور ـ، دەیان قەڵاو شوێنی دیکە سەر بە ئەون. (معجم البلدان، ٣/ ٣٦، غرس الدين الظاهري، زبدة كشف الممالك، ص٥٢).

هۆزی مەلکیشی لە کەسێکەوە سەرچاوە دەگرن، ناوی (مەلکیش)یان (مەلکیشۆ)یە کە ئەمە زیاتر وا پێدەچێت باپیرە گەورەی تاکەکانی ئەم هۆزە بووبێت، یانیش یەك لە بەناوبانگترین سەرۆکە بەراییەکانیان بووبێت، سەرۆکەکانی ئەم هۆزە دوای ئەوەی دەستیان بەسەر (چمشکزاك)و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت، وایان پڕوپاگەندە کرد کە مەلکیشی باپیرەیان لە نەوەی عەباسییەکانە، ئەمەش وەکو پڕوپاگەندەی زۆربەی هۆزە کوردییە فەرمانڕەواکان، بەڵام بێ هیچ گومانێك ئەمە پڕوپاگەندەیەکی نادروست بووە. لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا کە ناتەواویەکی گەورەی پێوە دیارە، چونکە مێژووەکانی یەکدی ناگرنەوە، دەڵێت: مەلکیش لە نەوەی میرێکی سەلجوقییە بە ناوی مەلیکشاه کوڕی محمد کە لە ساڵی (٥٩٨ك/ ١٢٠١ز) لەسەر دەستی (ركن الدين سليمان كوڕی قليج ارسلان السلجوقی)ی میرێکی سەلجوقییە رۆمییەکان کوژرا، بەڵام بۆ زانین سەرچاوە مێژووییەکان، هیچ شتێك لەبارەی ئەم رووداوەوە تۆمار ناکەن، بۆیە بەدلیسی بەرەو گێڕانەوەی دووەم دێت کە دەڵێت: فەرمانڕەوایانی مەلکیشی، لە زنجیرەی میرانی مەلیکشاهی ناوبراون، ئەمەش دوای ئەوەی لەبەر زۆری بەکارهێنانی لە لایەن کوردەوە، ناوەکەی دووچاری گۆڕان و شێواندن هاتووە، پاساویشی ئەوەیە کە ناوی فەرمانڕەوایانی (چمشکزاك) گوزارشت لەوە دەکەن کە ئەوان سەر بە بنەماڵەیەکی تورك بن، چونکە لەگەڵ ناوە کوردی و عەرەبییەکان رێك ناکەون. (شەرەفنامە، ل ٣٢٧—٣٢٩).

بە پێی گێڕانەوەی سێیەمیش: مەلکیشی لە نەوەکانی مەلکیشی یەکەمە، خەڵکێکی زۆری هۆزەکەی خۆی لە دەوروبەری خۆی کۆکردەوە، هەڵیکوتایە سەر دەیەها قەڵاو دەڤەری لێکجیاجیا و داگیری کردن، تیایاندا خۆی کردە فەرمانڕەوا، ئەم ئازایەتییەی نواندی، وای کرد هۆزەکەی ناوی ئەو لە خۆیان بنێن. (شەرەفنامە، ل ٣٢٩).

بەم شێوەیە دەبینین گێڕانەوە میللی و حەکایەتە زۆر دووبارەبووەوەکانی نێو خەڵك، سەرچاوەی یەکەمی (بەدلیسی)یان پێکهێناوە، لەبەرئەوەشە، رەچەڵەکی میرانی (چمشکزاك) و



هۆزی مەلکیشی دەباتەوە سەر بنەچە ناکوردییەکان، لەمەشدا حاڵیان وەکو حاڵی زۆربەی بنەماڵە کوردە فەرمانڕەواکانی کوردستان پیشاندەدات.

بەڵام لە راستیدا مەلکیش لە نەوەی عەباسییەکان نەبووە و هیچ پەیوەندییەکیشی بە تورکە سەلجوقییەکانەوە نییە، بەڵکو بە گەواهی سەرچاوە مێژووییە کۆنەکانی مەملوکی و فارسی، لە خانەوادەیەکی دێرینی کورد بووە، ئەم هۆزە دواتر بەو ناوەی ئەم ناسراوە، (مەلیکشۆ)ش ناوێکی لێکدراوی کوردییە، بە واتای (لامل)، یان (یاخی)، یان (شۆڕشگێڕ) دێت. (بڕوانە: شەرەفنامە، ل ٣٢٩، پەراوێزی: (٩)).

بنەماڵەی (مەلکیشۆ) پەیوەندییان بە ئەیوبییەکانەوە کرد، (بهاء الدين كوڕی مەلکیشو) و (عز الدين كوڕی مەلکیشو) لە میرانی (ملك الكامل الأول الأيوبي) بوون، بەڵام (فخر الدين محمد كوڕی اسعد كوڕی مەلکیشو)، لە میرەکانی (ملك الناصر يوسف أمير حلب ودمشق) بوو، خاوەنی ((پلەو پایە)) بوو، باوك و مامەکانی بە هەمان شێوە میر بوون، لە گوزارشتکردنێکی کارەکیی، کە رەتیکردەوە، مەمالیکە تورکەکان دەست بەسەر (میسر و شام) دا بگرن، میر (فخر الدين) کۆتایی بە خزمەتەکانی ئەوان هێناو وازی لە ژیانی سەربازی هێنا، ئیتر تا ساڵی مردنی، کە ساڵی (٦٧٤ك/١٢٧٥ز)یە، بە بێکاری دانیشت. (مفرج الكروب، ٤/٢٥٧، ٥/ ٨٠، عيون التواريخ، ٨٧/٢١، النجوم الزاهرة، ٦/ ٣٠٤).

لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، چواردەی زایینیش، میر (خالد الملكيشي الكردي) و منداڵەکانی (جلال و محمود و أحمد) لە نێو ئەو میرانەدا بوون کە خاوەنی قەڵاو فەرمانڕەوایی بوون و دەوڵەتی مەملوکی دەرگای پەیوەندییەکانی لەگەڵدا کردنەوە، سوڵتانی مەملوکی دانی پێدا نان و بە فەرمی نامەی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردن. (تثقيف التعريف، ص٧٦، صبح الأعشى، ٧/ ٣١١).

لە سەدەی دواتریشدا، (شێخ حسن)ی فەرمانڕەوای (چمشکزاك) لە دیارترین میرەکانی کوردستان بووە و بە (شێخ حەسەنی کورد) ناوبانگی دەرکردووە. (كتاب ديار بكرية، ص ٩٣، ٩٦).

## ـ ملان — میلان ـ المليّة — مللي:

لە سەدەی هەژدەیەمەوە، میلان لە مێژووی هاوچاخی کورددا وەکو فراوانترین هاوپەیمانی هۆزەکی دەرکەوت، زیاتر لە چل لکی لەخۆ دەگرت، زۆربەیان کۆچەر و نیمچە کۆچەر بوون،

ولاتە بنجییەکەشیان سێگۆشەی نێوان (نصیبین و أورفە — الرها و دیاربکر)ی پێکدەهێنا، سەنتەرەکەیان شاری (ویرانشهر) بوو، بڕوای باو ئەوەیە کە میلان هۆزێکە، یان کۆمەڵێك هۆزی یەکگرتووە، لە نوێوە دروستبووە، چونکە ناوی لە سەرچاوەکانی پێش سەدەی هەژدەیەم نەهاتووە، شەرەفخانی بەدلیسیش ئاماژەی بۆ نەکردوون، هەروەها ناوەکەی گەلێك ئالۆزی و نادیاری لەخۆی دەگرێت، (مارك سایکس) دەڵێت: ((نادیارییەکی کەم وێنە بەم ناوەوە دەلکێت، کە زۆر سەرنجراکێشە، پرسیاری ورد و بێژمارم لە بارەیانەوە زۆر لە کوردان کرد، بەلأم کەسیان وەلأمێکیان نەدامەوە، بمگەینێتە راڤەیەك بۆ ئەو هۆزە، بتوانم پێی رازی بم)) (القبائل الکردیة في الامبراطوریة العثمانیة، ص٦٥).

(ابراهیم پاشا)ی سەرۆکی هۆزەکانی میلان لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی، رای تایبەتی خۆی هەبوو، لەبارەی مێژووی هۆزەکەی خۆی، ناواخنەکەی ئەوە بوو کە: هەموو کورد دەچنەوە سەر دوو لك، ئەوانیش (میلان) و (زیلان)ن، (میلان) بە تەنیا لە هەزار و دوو سەد هۆز پێك دێت، ئەمانە بە ولاتەکاندا بلاوبوونەتەوە، هەندێکیان نەماون و هەندێکی دیکەیان ماون. (القبائل الکردیة في الامبراطوریة العثمانیة، ص٦٦).

لە راستیشدا ئەم رایەی ابراهیم پاشا شتێك لە راستیی تێدایە، چونکە (ملیّە، یان مللی ـ میلان ـ)، لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا/ دوازدەی زایینی هەبوونە و دەتوانین بلێین لە هەمان ناوچەش ژیاون، هەرچەندە زانیاری لەبارەیانەوە تەنها لەسەر یەك گێڕانەوە کورتدەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە لە ساڵی (٥٥٦ك/١١٦١ز)، پیاوانی هۆزی میلان دەستیان گرت بەسەر قەلأی شاتان، کە ئەم قەلأیە لە موڵکەکانی هۆزی جوبی بوو، خۆیان تێدا قایم کردوو میر (درباس الجوبي)ی خاوەنی قەلأکەشیان وەدەر نا. (من تأریخ آمد و میافارقین، ص٢٧٦).

### ـ (مەمۆیی ـ مامویی) ـ المموي:

وا پێدەچێت زیاتر لە هۆزێکی کوردی بەم ناوە هەبن، یان بە واتایەکی دیکە، ئەمە یەك هۆزبووە لك و تیرەی زۆری لێ بووەتەوە و بە ناوچە لێکدوورەکان بلاوبوونەتەوە، لەوانە هەندێکیان لە ولاتی هەکاری کە یەك لە میرەکانیان بریتییە لە (شرف الدین احمد کوڕی شهاب الدین داود کوڕی بلس الهکاری المموي) کە هەواڵی ئەمە لە دوای هاتنی داگیرکەری مەغۆلی بۆ کوردستان دەکەوێتە نێو سەرچاوەکان و دەڵێن: ((عەسکەرێکی زۆر) لەگەڵێدا بوون، بەلأم ساڵی (٦٥٥ك/١٢٥٧ز) لەسەر دەستی کەسێکی تورکمان بە ناوی (ابن سمری) بە



فیلّ کوژرا. (الأعلاق الخطیرة، ٣/ ٥٢٥-٥٢٦)، هۆزێکی دیکە بە هەمان ئەو ناوە، لەگەڵ چەند هۆزێکی هاوشێوەی، لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەیەمی زایینی، ولاتی خۆیان کە دەکەوتە دەوروبەری چیای سماقی ولاتی شام جێهێشت و بەرەو لوڕستانی گەورە چوون، لەوێ لە دەوری میر (هزار اسب کوڕی أبي طاهر اللري الفضلوي) کۆبوونەوە. (تاریخ کزیدە، ص ٥٤٠ — ٥٤١).

(بابا ئەردەلان)ی دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەلان سەر بەم هۆزەی دوایی بووە. (کلودیوس جیمس ریج، رحلة ریج الی العراق، ص)، دیسانەوە هۆزی سێیەمیش بە ناوی مەماکۆیی لە لوڕستانی گەورە هەیە، ئەوانیش لە چیای سماقەوە هاتوونە، لە لوڕستانی بچووکیش هۆزی چوارەم هەیە، بە ناوی مەمایی. (تاریخ کزیدە، ص٥٤٠-٥٥٠).

### ـ مەهرانی ـ میرانی ـ المهرانیة (؟):

مەهرانی لە سەردەمی عەبباسییکاندا هۆزێکی ناسراو بووە، لە ناوچە شاخاوییەکەی نێوان باکور و باکوری رۆژهەلاتی موسڵ چەندین قەلاو حصنی پارێزراو و قایمی هەبوو، رۆڵی سیاسی ئەو هۆزە لە ماوەی هەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا/ یازدە و دوازدەی زایینی دەرکەوت، لە (حسنیە) زاخۆی ئێستا و دەوروبەری نیشتەجێ بوون و بە هۆیەوەی ژمارەیەك قەلاو حصنی پارێزراوی دەستکەوت.

(مسعودی) لە لیستی ناوی هۆزە کوردییەکان باسی ئەو هۆزەی نەکردووە، لە سەرچاوەکانی پێش سەدەی پێنجەمی کۆچیشدا ئەو هۆزە هەر هەواڵیان نییە. دەبێ ئەوەش بزانین کە مەهرانی و مارانی جیاوازن و دەبێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین، کە ئەمەی دووەم، واتە: مارانی لە بنجدا تیرەیەکی هۆزی هەزبانی گەورە بوونە، لە (مروج)ی باشوری موسل دەژیان.

(مەهرانی) تا ئێستاش پارێزگارییان لە ناوی خۆیان کردووە، ئەوەتا زۆرترین بیروڕا لەسەر ئەوەیە، کە هۆزی میرانی هەر هۆزی مەهرانییە.

هەرچی پەیوەندی بە دەسەلاتی سیاسیشەوە هەیە، لە دەقە مێژووییەکاندا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی ناوچەی زاخۆ، هەر لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەبباسییەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی زۆربەی میرانی مەهرانی و پیاوەکانیان پەیوەندییان بە سوپای ئەیوبی کرد و چوونە پاڵ ئەیوبییەکان، وەکو دواتر تیشکی دەخەینە سەر، بۆ هۆزێکی تر گوازراوەتەوە، ئەویش هۆزی (سندی)یە.

# میرنشینی مەهڕانی

## موڵکەکانی هۆز و میرنشینی مەهڕانی:

لەو ناوچەیەدا کە ئێستاکە سنوورە جوگرافییەکانی قەزای زاخۆ پێکدێنن، ژمارەیەك قەڵاو حصنی سەربازی دۆزراونەتەوە کە ئەوانە بەردەوام لە لایەن میرو پێشەوای هۆزە کوردییەکان بەڕێوەبراون، بە تایبەت هۆزەکانی: مەهڕانی، بوختی، هەکاری، سندی و هی دیکەش، لەو قەڵایانەش کە باسمان لێکردن:

ـ حسنییە: زاخۆ لە ماوەی چاخی ئیسلامی بە حسنییە ناسراوە، (یاقوت) باسی ئەوە دەکات، کە ئەو شارە دراوەتە پاڵ (حسن). (معجم البلدان، ٢/ ٢٦٠)، گوتووشیانە ئەو (حەسەن)ەی ئەو شارەی دراوەتە پاڵ ناوەکەی، بریتییە لە (ناصر الدولە الحسن کوڕی أبی الهیجاء الحمدانی)ی میری موسل، بەڵام دیارە ئەو رایە راست نییە، چونکە باسی (حسنیە) لە مێژوویێکدا کراوە، کەوتۆتە پێش سەردەمی (ناصر الدولە). (تاریخ الطبري، ٣٨/١٠، حوادث سنة ٢٨١هـ) تا ئێستاش یەك لە گەڕەکەکانی زاخۆ بە (حسنیە) دەناسرێت.

(حسنیە) شوێنێکی باشی لەسەر ئەو رێگە گشتییە هەبوو کە موسل بە جزیرە و بۆتان دەبەستێتەوە، هەروەها دەکەوێتە سەر رووباری خابوور (حسنی) کە لە وڵاتی زۆزانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ناوەڕاستی شارەکە مزگەوتێکی گەورە هەبوو، رووباری خابوریش لە گرنگییەکەی زیاتر دەکرد، چونکە کاروانەکان ناچار دەبوون لەسەر پردی دەلال لە رووباری خابوور بپەڕنەوە، ئەم پردە لەسەردەمی (مەقدسی)ی کە لە ساڵی (٣٨٧ك/ ٩٧٧ز)دا هەبووە. (أحسن التقاسیم، ص ١٢٦)، هەروەها ئاوی ئەو رووبارە زەوی و زارێکی فراوانی ئاودەدا، بۆیە لەسەر کەنارەکانی ئەو ئاوە، چەندین گوندی کشتوکاڵی لە چیاکانی باکوری موسلەوە هەبووە. (معجم البلدان، ٢/ ٣٣١).

ـ باجلی ـ باجلایا:

باجلا، یان (گوندی باجلی ئێستا) شارۆچکەیەکی بەناوبانگ بووە لە ماوەی سەردەمی عەبباسی، لە نووسراوی جوگافیناسە موسڵمانە بەراییەکانی وێنەی (ابن خرداذبە) و (ابن



رستە) و (ابن الفقیە)دا باسی کراوە و وایان داناوە کە یەکێکە لە چەند شارۆچکەیەکی دیاریکراوی ناوچەی موسل. (المسالك والممالك، ص ٨٥، الاعلاق النفیسة، ص٨٧، مختصر کتاب البلدان، ص١٢٥).

ـ شەعبانیە: قەڵایەکی کۆنە، یەکێکە لە گرنگترین قەڵاکانی مەهڕانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بولدانییەکان باسیان نەکردووە، تا ئێستاش پاشماوە رووخاوەکانی ماوە و لەبەرچاوانە، بە(کەلا شابانیا) دەناسرێت، لە نزیك شارۆچکەی (باتوفە)ی سەنتەری ناحیەی (کلی)یە، هەروەها دیسانەوە یەکێك لە گەڕەکەکانی (زاخۆ)ش ناوی (شەعبانییە)یە.

ـ قەڵای کواشی (اردمشت): قەڵایەکی سەخت و قایمە، لەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزە، دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (اردمشت) و (کواشی)، (یاقوت) دەڵێت: ئەم قەڵایە بە (اردمشت) دەناسرێت و (کواشی) ناوە نوێکەیەتی، بەڵام لەوەدا هەڵەی کردووە کە دەڵێت: دەکەوێتە سەر کێوی جودی. (معجم البلدان، ١/ ١٤٧، ٤/ ٤٨٦). و سێ دەڤەری زەوی هەبوو، خەلیفە (المعتضد) (٢٧٩ — ٢٨٩ك/ ٨٩٢- ٩٠٢ز) وێرانی کرد، دوایی (ناصر الدولە الحمدانی) بنیاتی نایەوە. (معجم البلدان، ١/ ١٤٧).

ـ قەڵای جەراحییە: ئەوە سەر بە جەزیرەی بۆتان بوو. (الأعلاق الخطیرة،٢١٥/٣).

ـ قەڵای زەعفەرانییە: یەکێکە لە قەڵاکانی مەهڕانییەکان. ئەوەش لە لاپاڵی چیایەکی زنجیرە چیای سپییە، لە دەستە چەپی گەلی زاخۆ کە بەم ناوە ناسراوە، دراوەتە پاڵ رووەکی زەعفەران کە بە زۆری لەو ناوچەیەدا دەڕوێت، خەلیفە (المعتضد) لە (دیر الزعفران)ی نزیك ئەو قەڵایە لە ساڵی (٢٨١ك/ ٨٩٤ز) دابەزی، شوێنەواری ئەو دێر و قەڵایە تا ئێستاش ماونەتەوە، جگە لەمانەش، لەو ناوچەیە شوێنەواری چەندین قەڵای دیکە دۆزراونەتەوە کە بریتین لە قەڵاکانی: (رابیە و قی و فرح و سروە (؟)...)، هەمووشیان قەڵای مەهڕانییەکان بوونە، بەڵام ناوبانگیان کەمتر بووە.

بەڵام ئەو دەشتە پان و بەرینە درێژبووەوەی نێوان (معلثایا) تا دەگاتە فیشخابوور (بیشخابوور) کە لە مێژوودا بە (باهذرا ـ بانوهذرا) ناسراوە، ئەوە بە ناوچە کشتوکاڵییە

بەپیتەکان دەژمێردرێت، جۆرەها بەروبوومی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، بە تایبەتی دانەوێڵە، بەمەش دەبێتە سەرچاوەی خێرێکی گەورە بۆ دانیشتووانەکەی و پارەی زۆریان بەسەردا دەبارێنێت، (ابن حوقل) لەمەڕ (باهذرا)وە دەنووسێت: ((ولاَتێکی زۆرە، زەوی و زار و ناوچەکانی زۆر و فراوانن، داهات و بەروبوومی یەکجار زۆرە)) (صورة الأرض، ص ١٩٧).

لە سەردەمی خەلیفە المعتمد (٢٥٦-٢٧٩ك/٨٧٠-٨٩٢ز)، لە ناوچەی شاخاوی نێوان رۆژهەلاَتی موسل ژمارەیەك میری کورد سەریان هەڵدا، لەوانە (الامیر شداد الکردی)ی خاوەنی قەلاَی (حسنیە) و (الامیر جعفر)ی خاوەنی قەلاَی (اردمشت)، ئەمەش دوای ئەوەی ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی خەواریجەکان و سایەی دەسەلاَتی ناوەندی بەسەرەوە نەما، ئیدی میرە کوردەکان لەگەڵ خەواریجەکان و میرە حەمدانییە عەرەبەکان هاوپەیمانییان بەست و دەسەلاَتیان بەسەر موسل و ناوچەکانیدا گرت، خەلیفە (المعتضد)یش دوای ئەوەی خەلیفە (المعتمد)ی مامی لە ساڵی (٢٧٩ك/ ٨٩٢ز) سووربوونی خۆی راگەیاند لەسەر ریشەکێشکردنی رەگەکانی گوێڕایەڵ نەبوون و یاخیەتی و پاککردنەوەی دەوروبەری موصل لە خەواریج و حەمدانییەکان و میرە کوردەکان، ئیدی بۆ جاری دووەم لە ساڵی (٢٨١ك/ ٨٩٤ز)دا رووی کردە موسل و قەلاَی ماردینی بنکەی حەمدانییەکان و خستنیەوە ژێر دەسەلاَتی ناوەندی، لە رێگەی گەڕانەوەشیدا رووی کردە قەلاَی (حسنیە) و شەڕی میر (شداد)ی کرد، بەسەریدا سەرکەوت و قەلاَکەی رووخاند. (تاریخ الطبري، ١٠/ ٣٨، الکامل، ٦/٧٧)، دوای ئەوە هێزەکانی هێرشیان کردە سەر قەلاَی (اردمشت) و ئابلۆوقەیان دا، بەلاَم خەڵکەکەی رەتیانکردەوە خۆ بەدەستەوە بدەن، بۆیە خەلیفە خۆی چووە لایان و لەلایان دابەزی، وا پێدەچێت میر جەعفەر بەر لە گەیشتنی خەلیفە بە قەلاَکە، قەلاَکەی جێهێشتبێ، بۆیە خەڵکەکەش یەکسەر خۆیان بە دەست خەلیفەوە دابێ، خەلیفەش دەستی بەسەردا گرت و دێڕە شیعرێکی گوت. (معجم البلدان، ١/ ١٤٧)، بەلاَم هەرچی میر جەعفەرە کە بووە یەك لە فەرماندەکانی سوپای خەواریج، لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپای موسل لە ساڵی (٢٨٢ك/٨٩٥ز) کوژرا. (الکامل، ٦/٧٩).

دوای ئەم هێرشەی خەلیفە (معتضد) ئیتر هەواڵی میرانی ناوچەی زاخۆ لە سەرچاوەکاندا ون دەبێ، لە راستیشدا ولاَتی هەکاری و زۆزان و تەواوی جەزیرە رووبەڕووی زنجیرەیەك هێرشکاری بوونەوە، ئەوەش هەمووی بۆ ملکەچکردنیان بوو، ئەوەتا لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز)، خەلیفەی عەبباسی ناسراو بە "مکتفی" (٢٨٩-٢٩٥ك/ ٩٠٢-٩٠٨ز)، (عبدالله کوڕی حمدان کوڕی حمدون التغلبی)ی ناسراو بە (ابي الهیجاء الحمداني) وەکو والیی



موسل و دەوروبەری و بە ولاَتی هەکاریشەوە دامەزراند، ئیدی هۆزەکانی (هەزبانی و داسنی و حەمیدی) ئەم کارەی خەلیفەیان رەتکردەوە، هەرچەندە دایکی والیی ناوبراو کوردیش بوو، بڕیاری ئەوەشیان دا کە کاردانەوەی توندیان دەبێت، ئیدی لە چیای (داسن) و دەوروبەری (نەینەوا) و (خازر) یاخی بوون دەستی پێکرد، دوو ساڵیش دواتر بزووتنەوەیەکی دیکە دروستبوو کە میرێکی کوردی نەناسراو رابەرایەتی کرد، ئەویش دەستی بەسەر چیاکاندا گرت. (تاریخ الطبري، ١٠/١٣٧، الکامل، ٦/١١١-١١٢).

(ابا الهیجاء الحمداني) ساڵی (٣١٧ك/٩٢٩ز) دوای تێوەگلاَنی لە پیلانێکی سەرنەکەوتوو کە دەیویست خەلیفە مقتدر لابەرێ و (قاهر) لە شوێنیدا بکاتە خەلیفە، کوژرا، بۆیە (مقتدر) بڕیاریدا، (ناصر الدولە الحسن کوڕی أبی الهیجاء الحمداني) کوڕی لەسەر ئەقتاعەکانی ناوبراو کە (قردی و بازبدی) بوو، بکاتەوە فەرمانڕەوا. (الکامل، ٦/٢٠٠، ٢٠٧)، بەم شێوەیە دوای ئەو گۆڕانکارییە قەلاَکانی (حسنیە ـ زاخو) و (اردمشت) و (هرور) و (شعبانییە) و (ملیصی) و (برقی) کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی حەمدانی. (تجارب الامم ٢/٣٧٤-٣٨٧).

لە دوای مردنی (ناصر الدولە)ش لە ساڵی (٣٥٨ك/٩٦٩ز)، ناکۆکی و ململانێ لە نێوان کوڕەکانی نوێبوویەوە، (أبو تغلب فضل الله)ی کوڕی ـ کە لە ژنە کوردەکەی بوو، بە ناوی (فاتیمە کچی ئەحمەد) ـ توانی فەرمانڕەوایەتی موسل و قەلاَکانی هەردوو هۆزی هەکاری و مەهرانی بخاتە ژێر دەستی خۆی.(التنوخي، نشوار المحاضرة،٣/٢٢،الفرج بعد الشدة، ٢/١٠٨، الکامل، ٧/٣٢).

ـ دەستگرتنی (عضد الدولة البویهی) بەسەر قەلاَکانی مەهرانی و هەکاری:

لە ساڵی (٣٦٧ك/ ٩٧٧ز) ململانێیەکی توند لە نێوان (عضد الدولە البویهی) و (أبی تغلب الحمدانی)ی خاوەنی موسل و دەوروبەری بە ولاَتی هەکاری و هی دیکەش سەریهەڵدا، ئەمەش بە هۆی پەیوەندیکردنی دووەم بە ریزەکانی (عزالدولە بختیار)ی دوژمنی (عضد الدولة) لە عیراقەوە بوو، ئیدی ئەمە لەگەڵیان بەشەڕ هات و لەم شەڕەدا بەختیار کوژرا، دوای ئەوە بەرەو موسل هات، لە مانگی (ذي القعدة) لە دەروازەکانی ئەو شارە وەستا، نوێنەرێکی (أبی تغلب) بۆ ئاشتەوایی هاتە لای و پارە و سامانێکی باشی بۆ هێنا، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا واز لە دەوروبەری موسل بێنێ و دەستدرێژییان نەکاتە سەر، بەلاَم (عضد الدولە) لە بەرامبەر ئەو نەرمی نواندنەی (ابی تغلب) رەزامەندیی نەنواند و جەختی لەسەرئەوە کردەوە، کە: ((ئێمە

لایەکمان بە شمشێر کردە موڵکی خۆمان، دوای شەڕ و ململانێ ئاشتەوایی لەسەر ناکەین))، ئەوەشی بۆ روونکردنەوە، کە وڵاتی موسل و دیاربکر لە لای ئەو لە عێراق خۆشەویستترن، بەمە (أبا تغلب) بێ ئومێد بوو لەوەی چیتر قسەکردن لەگەڵ (عضد الدولة) سوودێکی هەبێ، بۆیە بە ناچاری (موسل)ی جێهێشت و بەرەو قەڵاکانی لە وڵاتی (دیاربکر)دا هاتەوە، بەڵام (أبو الوفاء طاهر کوڕی محمد)ی فەرماندەی (عضد الدولة) تا (میافارقین و ارزن) سەری لە دوو نا، بۆیە (أبو تغلب) بەرەو هەکاری ئاراستەی خۆی گۆڕی، لە نزیك رووباری (خابور الحسنیە) لایدا، لەوێوە هەڵکشایە سەر قەڵاکانی لە زنجیرە چیای سپی ـ بێخێر: اردمشت (کواشی) و زەعفەرانیە و ((هەندێ پارە و سامانی لەوان شاردەوە بەڵکو سەلامەت بن لە تاڵانی دوژمن))، (أبو الوفاء)یش (عضد الدولة)ی لەو سەرپێچییەی (أبی تغلب) لە موسل و هەڵاتنی بۆ قەڵاکانی خۆی لە هەکاری بۆ ئەوەی خۆیان تیا قایم بکات، ئاگادارکردەوە، بۆیە (عضد الدولة) سوپایەکی گەورە و لەبن نەهاتووی لە ژێر فەرماندەیی خۆی هێنایە سەر (ابی تغلب)، ناچار (ابی تغلب) بەرەو وڵاتی جەزیرە رایکرد، لەوێشەوە چووە شاری (بەدلیس) و لەوێشەوە چووە وڵاتی رۆمە بێزەنتییەکان، چونکە سەربازەکانی (عضد الدولة) بەردەوام بەدوایەوەی بوون، ((سووربوون لەسەر ئەوەی هەرچی پارە و سامانێکی لایەتی، لێی بستێنن، چونکە بیستبوویان زۆری پێیە))، بەم شێوەیەش (أبو تغلب) تەواوی قەڵاو ناوچەکانی خۆی لە وڵاتی هەکاری لەدەستدا، بەڵام تیایاندا ((هیچ گەوهەرێکی گرانبەها و دوڕی بەنرخ و کەلوپەلێك و هەر شتێك کە گرنگ بوو و سووك بوو دەتوانرا ببرێ، هیچی تیایاندا جێنەهێلابووو هەمووی لەگەڵ خۆ بردبوون)). (تجارب الأمم ٢/٣٨٧).

(أبو تغلب کوری ناصر الدوله الحمدانی) لەسەر هەمان بەرنامەی باوکی، چەند کەسایەتییەکی کورد، لە خزمانی دایکی (فاطمەی کچی أحمد)ی لەسەر قەڵاکانی ناوچە کوردییەکان دانا، لەوانە بەرپرسی قەڵای أردمشت (صالح کوری بانویە — یان بادویە)ی ((سەرۆکی کوردان))، لە تەك (صالح کوری بانویە)دا (أبو تغلب) مەملوکێکی لە غولامەکانی باوکی بە ناوی (طاشتم) بۆ دابینکردنی پاراستنێکی زۆرتر بۆ قەڵاکە لەو قەڵایەدا دامەزراند کە پڕ بوو لە ((کاڵای نایاب، لە جۆرەها جل و بەرگ و فەرش و خشڵ و زێڕ و کانزا جوانکاریەکان و زۆربەی جۆرە نایابەکانی خشل و پارە))، دیارە (ابا الفوارس محمد کوری ناصر الدوله)ش هەر لە ساڵی (٣٥٨ك/ ٩٦٩ز)یدا لەو قەڵایە زیندانی کرابوو، (أبو تغلب) بەڕێوەبردنی کاروباری زیندانیکراوەکانیشی بە ئافرەتێکی بە تەمەن سپارد، ناوی (نازبانو)



بوو، ((بڕوای پێی هەبوو،... فرمانیشی پێکرد، نەهێڵێت کەس بگاتە ابو الفوارس، یان هەواڵی بزانێ، تەنانەت شوێنی زیندانییەکەیشی لە تەواوی شەحنە و دەسەڵاتدارانی قەڵا بشارێتەوە))، ئەم پیرەژنەش ئەو فرمانانەی بە باشترین شێوە جێ بە جێ کرد. (الفرج بعد الشدة، ٢/ ١٨٥-١٨٦، تجارب الامم، ٢/٣٩٢).

(عضد الدولة) دەستی کرد بە پاککردنەوەی تەواوی شار و قەڵاکان لە دەسەڵاتی (أبی تغلب) و براکانی، ئیدی لە ماوەی ساڵانی (٣٦٧-٣٦٨ك/ ٩٧٧-٩٧٨ز)ی، پیاوەکانی دەستیان گرت بەسەر (موسل) و (ئامەد و میافارقین و ماردین و رەحبە) و تەواوی وڵاتی (مضر)، دوای ئەوە دەستی کرد بە ملکەچکردنی قەڵاکانی اردمشت و شعبانیە و هرور، ئەمە بەوپێیەی، کە بە فەرمی ئەوانە سەر بە (ابي تغلب الحمداني)نە، مێژوونووس مسکویەی کە لە (٤٢١ك/ ١٠٣٠ز)کۆچی دوایی کردووە یەك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بووە کە ئەرکی ئەوەی خراوەتە ئەستۆ، سەرژمێری زەخیرە و توحەفیاتەکانی نێو قەڵای أردمشت بکات، ئەوانەی کە (أبو تغلب) لە دوای خۆی بەجێی هێشتن، بە پێی خەملاندنی ئەو مێژوونووسە، ئەو کەلوپەلانە بای نزیکەی بیست هەزار درهەم، واتە: بیست ملیۆن درهەم بوون. (تجارب الأمم، ٢/٣٩٣).

قەشە یۆحەنناش ئاماژەی بەو کاولکارییەی وڵاتی (داسن)ی گرتۆتەوە کردووە، لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی سوپای (عضد الدولة). (تاریخ یوسف بوسنایا، ص٥٥_٥٦).

(عضد الدولة) بە باشترین شێوە ئەو نەخشەیەی بەجێهێنا کە لە پێناویدا هاتبوو، لە (موسل)دا (أبا الوفاء طاهر کوری محمد)ی بە والی داناو داوای لێکرد، ((کاروبارەکان بە باشی بەڕێوە ببات و کاربەدەستەکان دابمەزرێنێ و یاسای پێویست دەربکاو دیوانەکان تۆمار بکات))، بە خۆشی گەڕایەوە بەغداد، لە (ذي القعدەی ساڵی ٣٦٨ك/٩٧٨ز) گەیشتەوە بەغداد، خەلیفەی طائع (٣٦٣-٣٨١ك/ ٩٧٣-٩٩١ز) بە گەرمی هاتە پێشوازیی. (تجارب الامم، ٣٩٧/٢، المنتظم، ٩٩/٧، مراة الزمان، حوادث (٣٤٥-٤٤٧هـ،ص ٢٠٠).

لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا/ یازدەیەمی زاینی، وڵاتی مەهرانییان و ناوچەکانی دیکەی جەزیرە رووبەڕووی هێرشی هۆزەکانی غەزوی تورکی بوونەوە، بە تایبەت لە ساڵی (٤٢٦ك/ ١٠٣٥ز)، لە دوای ئەوەش رووبەڕووی هێرش و شاڵاوی سوڵتانە سەلجوقییەکان بوونەوە، لەوانە: هێرشەکانی سوڵتان طغرل بك لە ساڵی (٤٤٦ك/١٠٥٤ز)، هێرشەکانی سوڵتان ألب ارسلان لە ساڵی (٤٦٣ك/١٠٧١ز)، هێرشەکانی سوڵتان ملکشاه لە هەردوو ساڵی (٤٧٧ — ٤٧٨ك/ ١٠٨٥ — ١٠٨٦ز).

شالاوەکانی پیاوانی سەلجوقی و ئەتابەگەکانیان لە موسل بۆسەر هەرێمە چیاییە کوردییەکانی رۆژهەلات و باکوری موسل بەردەوام بوو، ئەوەتا لە سالّی (٥٠٩ك/١١١٥ز) سولتان محمدی سەلجوقی شاری موسل و ناوچەکانی سەر بەو شارەی بۆ سەرکردەی تورکی ناسراو بە (جیوش بك) بڕییەوە، ئیتر ناوبراو کارەکانی گرتە ئەستۆ، یەکەم کارەکانی بە هێرش بردنی راوان بۆسەر ولاتەکانی هەکاری و زۆزان و جزیرە و بەشنەوی دەست پێکرد، قەلای میرە کوردەکانی ئابلۆقە داو دەستی بەسەر زۆربەیاندا گرت، کورد خۆیان بە هۆی چیاو دۆلّ و تەنگەبەرەکان پاراست و وایان لێهات جورئەتی ئەوە نەکەن لەبەر هەیبەتی ئەو سەرکردەیە چەك هەلّبگرن. (الكامل، ٨/٣٠٩).

بەلام لەگەلّ هەموو ئەو شالاوانەش سەرکردە مەهرانییەکان توانییان تا سەردەمی عمادالدین زنگی ئەتابەکی موسل (٥٢١ – ٥٤١ك/ ١١٢٧ – ١١٤٦ز)، پارێزگاری لەو مولکانەی خۆیان بکەن کە بە میرات بۆیان مابووەوە، بەلام مەهرانییەکان دەسەلاتێکی یەکگرتووی خۆجێیان نەبوو کۆیانبکاتەوە، بۆیە هەر میرێکیان بە جیا فەرمانڕەوایی قەلایەك، یان چەند قەلایەکی دەکرد، هەمووشیان لە یەکتری جیابوون و هیچ هاوبەندییەك بەیەکەوەی نەدەبەستنەوە، بۆ نموونە:

– میر عبداللە کوری عیسی کوری ابراهیم، کە ئەمە گەورەترین میری مەهرانییە، خاوەنی قەلاکانی رەبیە و قەی و فەرەح و هی دیکەش بووە، دوای مردنیشی (عەلی) کوڕی جێگەی گرتەوە.

– میر ابراهیمی مەهرانی: ئەمە لە موریدانی شێخ عدی کوڕی مسافری هەکاریی کە لە (٥٥٧ك/١١٦٢ز) کۆچی دوایی کردووە بوو و لەوانە بوو کە بڕوای بە کەرامات و چاککارییەکانی ناوبراو هەبوو، لەگەلّ کۆمەلێك لە فەقیر و سۆفیەکانی هاوڕێی هاتۆتە سەردانی شێخ لە لالش (قلائد الجواهر،ص٨٦)، (شمس الدین عبداللە)ی کوڕی ئەم میر (ابراهیم)ە لە ریزەکانی سوپای ئەتابەکی موسل خزمەتی کردووە، لە میرە گەورەکانیش بووە، لەگەلّ چەند میرێکی دیکە لە سالّی (٥٩٤ك/١١٩٨ز) بە نەخۆشی مردوونە. (التاریخ الباهر، ص١٩٣، الكامل، ٩/٢٤٠).

ـ میر (حسن کوڕی عمر) خاوەنی قەلای شەعبانییە.

ـ میرێکی تر نووسەرەکان ناویان بۆ رووننەکراوەتەوە، بە (خول و هارون) ناویان نووسیوە، ئەمە خاوەنی قەلای کواشی (اردمشت) بووە.



هەر میرێکی مەهرانیش لەوانە، لەگەلّ سەختی قەلاکانیشی لاوازتربوون لەوەی بتوانن بە تەنیا خۆیان و بێجگە لە پالپشتی خەلکی تر خۆیان لە مەترسییە دەرەکییەکان بپارێزن، ئەمەش کاری عیمادەدین زەنگیی ئاسان کرد، بۆ ئەوەی بە زوویی بەسەر هەموویاندا سەربکەوێ، ئەوەبوو خۆی و پیاوەکانی تری لە وێنەی (قراجا و نەصیرەدین) و هی دیکەش، توانییان لە رێگەی زنجیرە شالاوێکی سەربازی، دەست بەسەر زۆربەی قەلا مەهرانییەکاندا بگرن، بەمەش توانییان کۆتایی بە دەسەلاتی قەوارە بچووکە نیمچە سەربەخۆکان بێنن، ئەوانەی سەرۆکە مەهرانییەکان دروستیان کردبوو. (الكامل، ٨/ ٣٤٣–٣٤٤).

کاتێکیش دەولەتی ئەیوبی لە میسر دروستبوو، زۆرێکی میر و خاوەن قەلا مەهرانییەکان پەیوەندییان بە (صلاح الدین الأیوبي) کرد، هەندێکیشیان بوونە سەرکردە گەورەکانی سوپای ئەیوبی لە ماوەی شەرەکانی دژ بە خاچپەرستان، جێی ئاماژەیە کە کوردە مەهرانییەکان رۆلێکی پێشەنگییان هەبوو لە رزگارکردنی شاری قودس، لەوانە بە تایبەت:

– میر فتح الدین ابي طالب حسن کوری عبدالله المهرانیی کە لە (٥٦٨ك/١١٧٢ز) کۆچی دوایی کردووە.

– میر ابراهیم کوری حسین المهراني (کە ئەمە لە ماوەی ئابلۆقەی عەسقەلان لە سالّی ٥٨٣ك/ ١١٨٧ز کوژرا).

– میر درباس المهراني.

– میر أیاز المهراني (ئەمە لە مانگی شەوالی سالّی٥٨٧ك/ ١١٩١ز کوژرا)، قارەمانێکی ناسراو بوو.

– میر حسام الدین حسین کوری باریك المهراني.


– میر محمد کوری باریك المهراني.. ئەوە ((قارەمانێك بوو لە قارەمانەکانی ئیسلام)) لەگەلّ هی دیکە. (الفتح القسي،ص ١١٣، ٥١٣، ٥٥٩؟،ابن شداد، سیرة صلاح الدین، ص١٩٩،١٧٣،١٧١،١١٠، الروضتین،١٣٢/٤،تأریخ الأسلام، حوادث (٦٨١-٦٩٠ هـ)، ص١٥٢، ٢٨،٢٠).

– میر شمس الدین شیروە کوری حسین المهرانیي ناسراو بە (سبع الجانین)، ئەوە لە سالّی (٦٤٢ك/١٢٤٤ز) کۆچی دوایی کرد، خاوەنی (تربة المهراني و رباط المهراني وقوتابخانەی مەجنونییەی دیمەشق بوو).

تا کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی میرە مەهرانییەکان پارێزگارییان لە بەشێك لە دەسەلاتە هۆزەکییەکانیان کرد، لە قەلا سەخت و پارێزراوەکانیاندا، (ئەیوبی مەهرانی) کە دوا

میری مەهرانی بوو، لەگەڵ ژمارەیەك میری ناوچەکە کە لە خزمەتی ئەرتەقییەکان بوون، بە دەستی مەغۆل کوژران، لەوەش بەدوا قەڵاکانیان کەوتە دەست خانە مەغۆلەکان. (الخزنداري، تاریخ مجموع النوادر، ص١٩٦).

**دارژیانییەك لە بنەماڵە فەرمانڕەوا مەهرانییەکان کە بنەماڵەی (حەسەن (حسێن) کوڕی ئەبی تالب کوڕی باروخی مەهرانی)یە:**




**ـ نەرگسی ـ النرجسية ـ Nergisi:**

نەرگسی تیرەیەکی هۆزی جاوانە، لە حیللەی بەنی مەزید ـ شاری حللە ـ و دەوروبەری نیشتەجێ بوون. میرەکانی ئەو تیرەیە لە ریزەکانی (سوپای مەزیدی ـ میرنشینی مەزیدی)دا خزمەتیان کردووە، لە دوای کوژرانی میر (سیف الدولە صدقە المزیدی)ش لە ساڵی



(٥٠١ك/١١٠٧ز)، میرانی نەرگسی و بەشیری وڵاتەکەیان بەسەرخۆیاندا دابەشکرد و لەلایەن سەلجوقییەکاندا زیاتریان لەوە دەستکەوت کە شایانی بوون، شاعیری صارم مرجی کوڕی بتاە البطائحي لە هۆنراوەیەکیدا بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

وعشرون ألفاً أقطعت (نرجسية)
كثيرٌ لها الف ولو أنَها بَعرُ
ولولا سُفاهُ الرأي كانَ عليهم
من الغَنَمِ الأعشارِ والصوفِ والشِعرِ

(خريدة القصر، ٤/٢/٥٣٤-٥٣٥).

بەشێکی گەورەی چاکەی ناودەرکردنی نەرگسییەکان بۆ کۆمەڵێك لەو رۆڵانەی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی ئاڵای زوهد و تەسەوفیان لە عێراقدا هەڵگرت، لەوانە:

ـ أبی الوفاء الحلواني محمد کوری محمد کوری زید النرجسی (٤١٧-٥٠١ك/١٠٢٦-١١٠٧ز)، ناسراو بە (کاکیس) و بەناوبانگ بە (تاج العارفین)، شوێنکەوتووەکانی سەرجەلەیەکیان بۆ دروستکردووە، دەیگەڕێنێتەوە سەر ئالولبەیت، پێشەنگی شێخەکانی سەردەمی خۆی بووە و لە تەقواو لەخواترسیدا ئیمامی زەمانی خۆی بووە، بەر لەوەی تۆبە بکات و لەسەر دەستی شێخەکەی خۆی ابی محمد الشنبکی بێتەوە سەر راستەرێ، رێگر بووە. شێخ (عبدالقادر الگیلانی) لە بارەیەوەی دەڵێت: ((لەسەر دەرگای هەقدا پیاوێکی دیکەی کوردی وەکو شێخ ئەبولوەفا نییە)). (بهجة الاسرار، ص١٤٣-١٤٤، قلائد الجواهر، ص٨٠-٨١، الطبقات الکبری، ١/١٣٥).

شاعیری گەورەی ئێرانیش (ابو المجد مجدود کوری ئادەم)ی ناسراو بە (حکیم سنائی)کە لە نێوان ساڵانی (٥٢٦ك/١١٣١ز و ٥٤٥ك/١١٥٠ز) کۆچی دوایی کردووە لە بارەی شێخ (ابي الوفاء)ەوە دەڵێت:

قرنها باید که تا از مشت آدم نطفة
بو الوفای کرد کردد یا شود ویس قرن

واتاکەی بە کوردی: چەندین سەدەی پێویستە، تا نوتفەیەك لە پشتی ئادەمی یەك ببێتە ((ابا الوفاء الكردي)) یان ((أويس القرني))

(أدوارد براون، تاریخ الادب في ایران،ص٤٠٢-٤٠٤).

ـ شێخ محمد کوڕی روستم- دشمی کوردی حەنبەلی، کە لە هاوڕێ و موریدەکانی شێخ عبد القادر الگیلانی بووە، ئەویش لە نەرگسییەکانە، بە شێخ جاکیری زاهید ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە. لە دووری رۆژە رێیەك لە شاری سامەڕا، لە پارچە زەوییەکی وشکدا لایدا، تیایدا تەکیەیەکی بۆخۆی دروستکرد و کردییە ماڵی هەمیشەیی خۆی، ئیتر خۆی بۆ تەقواو خواپەرستی یەکلاکردەوە، لە ساڵانی نێوان (٥٩٠-٥٩١ك/١١٩٤-١١٩٥ز)، کۆچی دوایی کرد و هەر لەو تەکیەیەی خۆیدا نێژرا، گۆڕەکەی بووە شوێنێك، ئەوەی مراز و دوعایەکی هەبووایە، دەچوونە سەری، خەڵکیش لەلایدا گوندێکیان دروستکرد، پێی دەگوترا (رازان)، تا ئێستاش شوێنەواری تەکیەکەی بۆ بەرچاوی خەڵکی هەر ماوە.

ئەوە پایەیەکی گەورەی هەبوو لە لای موریدەکانی، بە خاوەنی کەرامات و سوننەت و خواپەرستیەکی زۆر دەناسرا، شوێنکەوتەی زۆری هەبوو، هاوەڵی وەهای هەبوو لە دینداری و خواپەرستیدا بە ناوبانگ بوون.

دوای مردنی شێخ (جاکیر)یش (ئەحمەد)ی برای لە تەکیەکەیدا لە جێگەی دانیشت، دوای مردنی ئەویش شێخایەتی بۆ (غرس الدين الحاجی) و لەویشەوە بۆ دوو کوڕەکانی (ئەحمەد و محەمەد) و لەوانیشەوە سەرەنجام بۆ (عماد الدين کوڕی احمد کوڕی غرس الدين) گوێزرایەوە کە ئەم (عمادالدین)ە هاوچاخی داگیرکاری مەغۆلی بوو بۆ عێراق. (الذهبي) لە (شێخ شعیب الترکمانی) کە ئەمە یەکێکە لە شوێنکەوتووانی شێخەکانی جاکیری هەندێ زانیاری لەسەر منداڵ و نەوەکانی شێخ جاکیر دەگوازێتەوە (تاریخ الإسلام، رووداوەکانی ساڵی (٥٩٠-٥٩٩ك) ص ٣٧٤-٣٧٥، سیر اعلام النبلاء، ٢٦١/٢١، معجم الالقاب ١٠٥/٢، ٤٠٧، الوافي بالوفيات، ٣٩/١١، الكواكب الدرية، ٢٣٥/٢).

(ابن الفوطي)یش لە شیعرەکانی (غرس الدين الحاجی) گوازتۆتەوە، لەوانە:

خليلي ماذا ارتجي من غدِ أمريء
طوى الكشح عني اليوم وهو مكين
وإن إمرءاً قد ظن عنك بمنطق
يسد به فقر أمريءٍ لضنين

(معجم الألقاب، ٢/ ١٠٥).



ماوەتەوە بڵێین: تا ئێستاش هۆزی نەرگسی بە ناوە کۆنەکەی خۆی (نەرگسی) دەناسرێت، لە باری ئێستایدا لە گوندێکی سەر بە قەزای (ایوان)ی پارێزگای (ایلام) دەژین کە ئەو گوندەش هەر بە ناوی خۆیانەوە ناونراوە (نەرگسی). (جغرافيای تأريخی ايوان غرب،ص ٣٢٩).

**ـ نشاور ـ النشاورة - النشاور:**

هۆزێکی نیمچە نادیارە، زۆربەی گومانەکان لەسەر ئەوەن کە ئەمە لە هۆزەکانی هەرێمی چیاکان و شارەزوور بوو بێ (التنبيه والأشراف، ص٩٤)، یەك لە میرەکانی بریتییە لە (مستخص الدوله قوام الدين المبارز باتکین کوڕی عبدالله الکردی النشاوری)، (ابن الفوطي) چوار جارو لەژێر نازناوی لەیەکجیا ژیاننامەکەی تۆمار کردووە (قوام الدين، المختص، مستخص الدولة، المبارز)، لە سەرچاوەی ونبووشەوە سێ مێژووی بۆ مردنی دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە: (٤٤٠ك، ٤٤١ك، ٤٤٧ك) (معجم الاداب، ٤٨٤/٣، ٣٢٣/٤، ١٣٩/٥، ٢٠٣)، ئەوەندە دەزانرێ ئەمە لە سەرکردە دیارەکانی سوپای بووەیهی بووە، بۆ پلەی (اصفهسالار — میری سوپا) بەرزکراوەتەوە، لە ساڵی (٤٠٤ك/١٠١٣ز) وەزیر (فخر الملك) لەگەڵ (ابی الحسن علی کوڕی سابور الديلمی)ی بە سەرۆکایەتی تیپێکی عەسکەری پێکهاتوو لە تورك و دەیلەمەکان، بۆ ئاقڵکردنی کوردەکانی هەرێمی چیاکانی رەوان کرد (معجم الالقاب، ٢٠٣/٥).

ئەم پیاوە پایە و مەقامێکی گەورەی هەبووە لەلای بووەیهییەکان، جێی متمانەی (الملك الرحيم ابو کالیجار)ی دوا پاشای بووەیهییەکان بووە، ئەو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتەکەی زۆری پشت بەمە دەبەستا، مێژوونووسانیش تیشکیان خستۆتە سەر سلووك و راستی رایەکانی و لێزانیی بە مەسەلەکانی دین و دونیا و خۆشویستنی زۆری بۆ زانایان و شاعیران (معجم الالقاب، ٤٨٤/٣).

**ـ هەزبانی ـ هۆزەبانی ـ الهذبانية:**

هۆزێکی گەورەی دێرینە و لە وەتەی مێژوونووسە موسڵمانەکان زانیارییان لە بارەی مێژووی کوردییەوە هەیە، ئەو هۆزە دەناسن، نیشتمانی بنجی ئەم هۆزە چەندین ناوچەی فراوانی هەرێمەکانی جەزیرە و ئازەربێجان بووە، دەکرێ بگوترێ ناوچەکانی ژیانی ئەو هۆزە هەولێر و دەوروبەری دەگرتەوە، ناوچەیەکی نێوان زابی گەورە و زابی بچووك هەواری زستانانیان بوو، هەروەها ناوچەکانی دەوروبەری حەوزی رووباری خازر و مەرجی موسل و لادێکانی

مەڕاغە و تەورێز و سەلماس و شنۆ و نریز و دەوروبەری لە هەرێمی ئازەربێجان، هەموو ئەوانەش شوێنی دانیشتن و ژیانی ئەو هۆزە بوونە، هەندێ تیرە و تایەفەی هەزبانیش بەرەو باکور بۆ ئەرمینیاو قەفقاز بە دوای لەوەڕگادا رۆشتن و تیایدا لە چەندین شار و گونددا قەراریان گرت، ئەمانەش بە زۆری کۆچەر بوون، لەوانە بوون کە بە رەوەند دەناسرێن، لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە روادی ناسراون (بڕوانە: الروادیە).

مێژوونووسە کۆنەکان ناوی ئەو هۆزەیان بە دارشتنە عەرەبییەکەی نووسیوە (الهذبانیة)، بێ ئەوەی ماناو چەمکەکەی لێکبدەنەوە کە ئەوە بواری لە پێش لێکۆلەرە هاوچاخ و نوێییەکان کردەوە، بۆ ئەوەی بنج و بناوانی ئەو ناوە بدۆزنەوە، ئەوەتا (مینۆرسکی)ی رۆژهەڵاتناس وای دەبینێ، ئەم ناوە لە (حدیاب)ەوە هاتووە کە ئەمەی دووەم ناوە کۆنەکەی وڵاتی (هەولێر)ە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا. هەروەها گوتراوە: ئەمە لە (هەزبنی- ئەزبەنی)یەوە هاتووە، بە واتای (گەورەم) لە کرمانجی ژووروو، یانیش دەڵێن: لە (هیزان)ەوە هاتووە، یان لە (هۆزەبان ـ هۆزەڤان)ەوە هاتووە کە بە واتای سەرۆك و خاوەنی هۆز دێت بەڵام راڤەی دروست و نزیکتر لە راستی ئەوەیە، کە ئەم ناوە وشەیەکی کوردییە واتایەکی تایبەتی هەیە و گونجاوە بۆ ئەوەی ناوی هۆزێك بێت، دروستبوونی ناویش لەسەر بنەمای وەها، لە زمانی کوردیدا ئاساییە و لە رووی رێزمانییەوە هیچ لارییەکی لێ نییە (بڕوانە: آذربیجان، ص١٠٩).

میر عزالدین کوڕی میر ابی الهیجاء خوشترین کوڕی میر حسام الدین عیسی کوڕی میر خوشترینی هەزبانی (٦٢٠-٧٠٠ك/ ١٢٢٣-١٣٠٠ز)، لە مێژووەکەی خۆیدا هەندێ شتی نوێی لە بارەی میرنشینی پێشینانی خۆی لە هەولێر گێڕاوەتەوە، بە شێوەیەکی کەرتی جیاوازە لەوەی (ابن الاثیر و ابن المستوفي و سبط ابن الجوزي) لە هەمان رووەوە گێڕاویەتیانەوە، هەندێ زانیاری دیکەشی گوتووە هی دیکە باسیان نەکردووە (تاریخ ابن ابي الهیجاء، ص٢١٨،١٩١).

پێشتر بیروڕا وابوو کە هەزبانییەکانی هەرێمی ئازەربێجان دوای ئەو هێرش و راوەدوونانە روویان لەو هەرێمە کردووە کە میر (أبو الهیجاء عبد الله الحمدانی)ی میری موسل لە ساڵی (٢٩٣ك/ ٩٠٦ز) بە ئامانجی ئاقڵکردنی (محمد کوڕی بلال)ی پێشەنگی هەزبانییان ئەنجامی دابوو، جا لەگەڵ ئەوەی هەندێ گرووپی یاخیبووی هەزبانی بە کارەکی رۆشتبوونە ئازەربێجان،



بەڵام (ابن حوقل) گومانی لەوەدا نەهێشتووە کە دەڤەرانێکی ئەو هەرێمەی (ئازەربێجان) کەم نینە، لە چوارچێوەی نیشتمانی بنجی هەزبانییانە (صوره الأرض، ص ٢٨٩).

بێگومان هەزبانییەکان کوردی تۆخن، بەڵام باسی بنەچەیان لە لێکدانەوەی ئەفسانەیی و حەکایەتی پڕووپووچ رزگاری نەبووە، چ پاساویش، یان راڤەکردنێکیش نابینینەوە لە پشت پروپاگەندەی سەرۆك و گەورەکانی هەزبانی کە خۆیان دەدەنە پاڵ کەسێکی ئەفسانەیی وەکو (هدد کوڕی بدد)، یان (جولندی کوڕی کرکر)ی ((ستەمکارتر لە ستەمکار))، دەشگوترێ مەبەست لە مەلیکی ستەمکاری ئاماژە بۆکراو، ئەو مەلیکە ستەمکارەیە کە قورئانی پیرۆز لە سوڕەتی (الکهف) ئاماژەی بۆ کردووە کە دەفەرموێت: ﴿أما السفینة فكانت لمساكین یعملون في البحر فأردت أعیبها و كان وراءهم ملك یأخذ كل سفینة غضبا﴾ (الآیة ٧٩) (تاریخ ابن ابي الهیجاء، ص٢١٩).

دیارە ئەم درانە پاڵە لە بارەی بنەچەی هەزبانییەکانەوە لە هەولێردا بڵاو و باوەڕپێکراو بووە، (ابن دحیه الكلبی)یش (٥٤٤_٦٣٣ك/١١٤٩-١٢٣٥ز) لە رۆژانی مانەوەی لە هەولێردا لە ساڵی (٦٠٤ ك/١٢٠٧ز) و دواتریش هەر ئەوەی بیستووە (وفیات الاعیان،١/٢١١-٢١٢)، مردن و لەناوچوونی (هدد کوڕ بدد)ی پاشای کوردی دەنگوباس خراپ و لەدەستچوونی موڵکەکەی وەکو پەندێك ژماردووە کە نەوە بۆ نەوەی گێڕاوەتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

((کوا ئەو بەشەرەی ناوی ئادەمەو خوای گەورە و موتەعال خەڵقی کرد؟ کوان پێغەمبەرانی لە منداڵانی ئەو؟... کوان سەدە و نەوە رابردووەکان؟ کوان تەبابیعە و ئەقیالەکان؟ کوان پاشاکانی هەمەدان؟.... کوان فیرعەونەکان و ئەوانەی زانای سیحر بوون، کە فیرعەونی موسای کەلیم لە وان بوو؟! کوا پاشای هەزبانی هدد کوڕی بددی کوردی؟ ئەوەی کە ستەمەکانی هیچ سوودێکی گرنگییەکی بۆی نەبوو؟! خوای گەورە (جل جلاله) هەواڵی لە بارە دابوو، کە: ئەو هەموو پاپۆڕێکی زەوت دەکرد، مێژوونووسانیش گوتبوویان ئەو پاشایە بوو کە دڵی هەموانی پڕ ترس دەکرد، هاوڕێیەکانی دەکوشتن و لە خاچی دەدان، تەماعی لە ماڵیان دەکرد، بەبێ ئەوەی تەماشای سەرەنجامی ماڵ بکات؟ کوان فارسەکان و پاشاکانیان؟.....)) (النبراس في تأریخ خلفاء بني العباس،ص٢٢٢).

یەك لە شاعیرانیش هەر بەو واتایەوە دەڵێت:

إنَّ خيرَ المُلوكِ آلُ الجُلُندي
عشيراً وَمَحتداً وجُدُودا
مَلَكُوا البحرَ بعدَما ملكُوا البرَّ
إلى اليوم... وسجودا
وترى الكرد في الجموع وفي السيف
لها اليوم سُوَّقاً وعبيدا
تلك أبناؤهم تحن لها الفر
س وسادُوا المُلوك نُبلاً وجُودا
غلبُوا النَّاس بالمكارِمِ والفض
لِ وعندَ اللِّقاء فاقُوا الأُسُودا

(دعبل الخزاعي، وصايا الملوك، ص١٠٥).

گومانی تێدا نییە هۆزی هەزبانی بەو قەوارە و بڵاوبوونەوەیە، بە تێپەڕینی کات چەندین لك و تیرەی لێبووەتەوە، لەوانە هەبوونە گەورە و هەبوونە بچووك، هەشیانبووە نیشتەجێ، یان نیمچە نیشتەجێ و هەشیانبووە کۆچەر بوونە، بەڵام هەموو ئەو تیرانەی هەزبانی تەنیا دووانیان ناوەکانیان ئاشکرایە و دەناسرێن، ئەوانیش بریتینە لە: مارانی و رووادی، یەکەمیان لە (مروج)ی خوار موسل نیشتەجێ بوون (بڕوانە: المارانیە). دووەمیشیان کۆچەر بوون، بەڵام هەندێ تیرەیان کە بەناوبانگترین تیرەکانیانن، نیشتەجێ بوونە و وازیان لە ژیانی کۆچەری هێناوە، (مینۆرسکی) دەڵێت: لەوانەیە زەرزاری لقێکی هەزبانییە کۆنەکان بێت (دائره المعارف الإسلامیه، مادە اشنه، ٢٢٢/٢)، بەڵام ئەوەش بۆچوونێکی لاواز و لە راستی بە دوورە.

هەزبانییەکان لە ماوەی سەردەمەکانی عەباسی و ئەیوبی و مەملوکی، چ لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، یانیش لەسەر ئاستەکانی زانستی و مەعریفیش، بێژمار ناوداریان بەرهەم هێناوە، سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی و کتێبەکانی تەبەقات و مێژووی ژیان و وەفییات هەواڵی دەیانیان لە خۆ دەگرن، لەو ناودارانەیان:

ـ (محمود کوڕی موسك).. لە قوتابییانی (حافظ السلفي)یە (سير أعلام النبلاء،٢٨٤/١٥)



ـ (حسام الدين أبی علی الهذباني)ی میری یەکەم (الأمیر الأول) لە دەوڵەتی الملك الصالح نجم الدين أيوب کوڕی الكامل (٦٣٧- ٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز).

ـ شاعیر جمال الدين بختيار الهذبانيي کە لە (٦٧٧ك/١٢٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە. (تالی كتاب وفيات الأعيان، ص٥٥).

ـ الصوفي ناصر الدين محمد کوڕی موسی الهذباني الموصلي (٧٧٧-٨٦٠ك/١٣٧٥-١٤٥٦ز).. لە دیمەشق لە دایك بوو و لەوێش گەورە بوو، هەر لە منداڵییەوەی بەرەو دنیای تەسەوف هات، پرەنسیپەکانی تەسەوفی لە باپیرەی خۆی (ابی بکر الموصلی) و هی دیکەش وەرگرت و خەرقەی پۆشی، لە بواری ئادابەکانی تەسەوفەوە چەندین دانراوی دانا، خاوەنی کتێبی (فتوح الوهاب ودلائل الطلاب الی منازل الاحباب)ە. (الضوء اللامع، ٦٥/١٠، هدیة العارفين، ٢٠٠/٢).

ماوەتەوە بڵێین: میرانی هەزبانی لە قەڵای هەولێر و دەوروبەری میرنشینێکیان دروستکرد.

# ميرنشينى هەزبانى

## ١ـ مير (أبو الهيجاء)ى يەكـەم موسـك (موسـى- موصـك) كـوڕى جكـۆ- جكۆى هەزبانى:

لە پاڵ بنەماڵە هەزبانييە فەرمانڕەواكانى هەرێمەكانى ئەرمينيا و ئازەربێجان (شەدادى لە دبيل و گەنجە و شـەداديى دووەم لـە ئـانى و رووادى لـە تـەوريز و هەزبانييـەكانى ئورميـە و ئەحمەديلى)، ميرانى هەزبانى ميرنشينێكى ديكەيان لە قەلآى (اربل) و دەوروبـەرى دامـەزرانـد كە لە هيچ ڕوويێكەوە لە هاوشێوەكانى كـەمتر نـەبوو، ئـەوەش لـە نيـوەى دووەمـى سـەدەى چوارەمى كۆچى/ دەيەمى زايينى بوو، ئەوكاتەى كە هەرێمـە كوردييـەكان هەرهـەموويان لـە لايەن ميرنشين و دەسەلآتە هۆزەكييە خۆجێييەكان بەڕێوەدەبران. مير أبو الهيجـاء موسك كوڕى جكۆ — جكۆى هەزبانيش يەكەم ميرەكانى ئەو ميرنشينەيە كە ئامادەييەكى بەردەوامى هەبوو لە ڕووداوەكان و وەكو دەردەكەوێت لەوانەيە ميرى دامەزرێنەر بێت، هەموو ئەوەى لەبارەيەوەى دەزانين ئەوەيە، ئەو ميرە پەيوەندى هاوسێيەتى باشـى لەگـەڵ عەقيلييـە عەرەبـەكانى موسـل هەبووە، وەلاى بۆيـان نووانـدووە، مـير مقلـد كـوڕى مـسيب العقيلـى (٣٨٦-٣٩١ك/٩٩٦-١٠٠٠ز) خوشكى أبو الهيجائى خواستووە، لەو ژنەدا كوڕەكەى بووە بە ناوى مير قرواش كوڕى مقلد (وفيات الاعيان، ٥/٢٦٤، مينورسكي، تاريخ قفقاز، ص١٩٧).

لە ساڵى (٣٨٧ك/٩٩٧ز)يش (جبرائيل كوڕى محمد) كە ئەمە يەك لە پياوانى فـارس بـووە، داواى يارمەتى لە مير أبو الهيجائى هەزبانى كردووە، بۆ ئەوەى يارمەتى بدات، لـە گرتنـەوەى شارى داقوقدا، كە هى خۆى بـووە، ئـيتر لەگـەڵى كۆبووەتـەوە و لەسـەر ئـەوە رێككـەوتوون، سەرەنجام هەردووكيان پێكەوە لە گرتنەوەى ئەو شارەو وەدەرنانى پياوانى (فخر الدوله البويهى) سەركەوتوون (الكامل، ٧/١٨٧-١٨٨).

بۆ ماوەى نيو سەدە لـە (٣٨٧-٤٣٧ك)، مێژوونووسـان هـيچ زانيارييـەكى ديكـەمان لـە بارەى هەزبانييەكانى (اربل) هەولێر پێ نادەن، لەو ماوەيەدا مێژووى هەزبانى ميرێكى ديكەى بە نازناوى (أبو الهيجاء)ى لێ هەڵكەوتووە، ئـەوە كـوڕى (ربيـب الدولـە) و خوشـكەزاى مـير



(هسوزان كوڕى مملانى روادى هەزبانى)يە (٤١٦-٤٥١ك/١٠٢٥-١٠٥٩ز)، بـەوە وەسـفكراوە كە ((خاوەنى اورميە بـووە)) و لـە رۆژئـاواوە دەسـەلآتەكانى تـا قـەلآى (بركـرى)ى بـاكورى دەرياچەى (خلاط) — دەرياچەى (وان) درێژبۆتەوە (الكامل، ٧/ ٧/٨،٣٣٩)، ئەمـە بـە دوور دەزانرێ هەمان مير (أبو الهيجاء موسك)ى خاوەنى (اربل) بێت.

## ٢ـ مير شرف الدين عيسى كوڕى موسى- موسك الهذباني (؟-٤٣٧هـ/١٠٤٥ز):

أبو الهيجاء موسك لە مێژوويێك كە مێژوونووسان دەستنيـشانيان نـەكردووە، مـردووە، لـە پاشەخۆى منداڵانى خۆى و برازاكانى لەسـەر مولْكـەكانى پێكنـەهاتوون و نـاكۆكى كەوتۆتـە نێوانيان، بۆيە پەنايان بـۆ تونـد و تيـژى بـردووە، بەمـە لەبەريەكهەڵوەشـانەوە و فـەوزا بـە دەمارەكانى ئەو ميرنشينە گەنجە شۆڕبۆتەوە، سەرەنجام بارەكە بـۆ (مـير شـرف الـدين عيـسى كوڕى موسى) يەكلابووەتەوە، بۆيە (سالار)ى براى ناچار بووە هـەولێر جێبهێڵـێ و بـچێتە لاى كوڕە پورەكەى مير (قـرواش كـوڕى مقلـد العقيلـى)ى مـيرى موسـل (٣٩١-٤٤٢ك/١٠٠١-١٠٥٠ز)و لەوێ نيشتەجێ بێت (الكامل، ٨/٤٢).

بەڵام دوورى سالار لە هـەولێر سـنوورێكى بـۆ ململانـێ ناوخۆييـەكانى بنەماڵـەى جكـۆ دانەناوە، بەڵكو ئەو ململانێيانە گەورەتر بوونە و شمشێريان تيا بەرزكراوەتەوە، ئـەوەتا دوو لـە برازاكانى مير عيسا، دەرچوونى ميرى ناوبراو بە مەبەستى راوكردن لە قەلآ بـە هـەل دەزانـن، بۆيە لە دژيدا رادەپەڕن و دەيكوژن، بەمە پايتـەختى ميرنـشينەكەش لـە قـەلآدا دەخەنـە ژێـر دەسەلآتى خۆيان، ئەمە لەلاى مير (قرواشى عەقيلى)ش قۆزرايەوە كە ئـەويش لـەلاى خۆيـەوە چاوى لە هەولێر بوو بيخاتە سەر مولْكەكانى خـۆى و دەسـتێكى هـەبێت لـە فەرمانڕەوايـەتى خاڵوانى لەو قەلآيە و قسەى يەكلاكەرەوەى هەبێت، لەوەى كێ وەكو مير تيايدا دابنرێت، بۆيـە بە پەلە قرواش هاتە هەولێر و سالارى لەگەڵ خۆيدا هێنا و تيايدا وەكو ميرى نـوێ چەسـپاندى (الكامل، ٨/٤٢).

## ٣ـ مير سالار كوڕى موسى (٤٣٧-٤٣٨ك/١٠٤٥-١٠٤٦ز):

ئەم ميرە بە لاوازى كەسـايەتى خـۆى و بـە خراپـى سياسـەتكردن جياكراوەتـەوە، چـونكە نەيتوانيوە سياسەتێكى روونى لە بەرامبەر دوژمنانى هەبێت و پارێزگـارى لـە ميرنـشينەكەى بكات، هەرچەندە عەقيلييەكانيش راستەوخۆ كۆمەكييان كـردووە، بۆيـە لـە سـاڵێك بـەولاوە

نەیتوانیوە فەرمانڕەوایی بکات، ئامۆزاکەی بە ناوی (ابوالحسن علی کوڕی موسك) لایبرد و لەجێیدا خۆی کردە میر.

**٤ـ میر ابو الحسن علی کوڕی موسك (٤٣٨-٤٤٠ك/١٠٤٦-١٠٤٨ز):**

(ابن الاثیر) کە یەکەم مێژوونووسە، هەواڵی میرنشینی هەزبانی لە سەرچاوەی ون دەگوازێتەوە، نەیتوانیوە ناو و کونیەی میرانی هەزبانی بە وردی و تەواوی دەستنیشان بکات، بۆ نمونە ناوی میر (موسك) لە گێڕانەوەکانی ئەودا بە سێ شێوەی لەیەکجیا هاتووە، بریتینە لە: (موصك، موسك، موسی)، لەوەش زیاتر هەندێ جار بە ناوی خۆیان ناوی ئەو میرانە دەبات و هەندێ جاری دیکەش بە کونیەکانیان ناویان دێنێت، هەروەها جیاوازی (ابن ابی الهیجاء) لە نێوان (ابی علی الحسن) و (ابی الحسن علی) ناکات کە ئەمانە کوڕانی (ابن الهیجاء)ی یەکەمن، دەزانین یەك لە کوڕەکانی ناوی (حەسەن) بووە و بە (ابی علی) ناسراو بووە (تاریخ اربل،١/٣٧١، ٢٠٦).

زنجیرەی بینەوبەردە و ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان تاکەکانی بنەماڵەی هەزبانییە فەرمانڕەواکانی هەولێر درێژەی دەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی رووخانی میر ابی الحسن علی، بۆیە ناوبراو زۆر لەسەر دەسەڵات نامێنێتەوە، ئەو رووخانەشی دوای ئەوە هات کە ناوبراو شکستی هێنا لەوەی لەبەردەم هاوپەیمانی حەمیدی هەزبانی بووەستێت و پیلانەکانیان هەڵوەشێنێتەوە کە ئەو هاوپەیمانییە لە بنجدا لە پێناو رووخاندنی ئەو و دەرکردنی هەولێر لە شوێنکەوتەیی عەقیلییەکان و دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی فراوانیان بەسەر پرسە چارەنووسسازییەکانی هەولێر و دەستوەردانیان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی ئەوشارە دروستببوو، ئیدی میر (أبو الحسن کوڕی عیسکان الحمیدی)ی میری وڵاتی عەقر و شوش کۆمەکی و پشتگیری (أبی علی الحسن کوڕی موسك)ی کرد کە ئەمە رکێبەری براکەی بوو بە ناوی (ابی الحسن)ی سۆزداری عەقیلییەکان و بە هۆی ئەوانەوە خۆی کردبووە والی هەولێر، ئەوەبوو میر (أبو الحسن کوڕی عیسکان الحمیدی) لەگەڵ کۆمەکی و پشتگیریی بۆ میر (أبی علی الحسن کوڕی موسك)ی ناوبراو هانیشی دا ئەو شارە لە دەست براکەی دەربێنێت، (أبو علی)یش لە ساڵی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) بە سوود وەرگرتن لەو پشتگیرییە سەفەرو چوونەدەرێی میر (قرواشی عەقیلی)ی لە موسل و خەریکبوونی بە کاروباری ترەوەی بە هەلی گونجاو زانی، بۆ بەجێهێنانی ئاواتەکەی، بۆیە دەستی بەسەر (هەولێر)دا گرت و (ابا الحسن)ی براشی خستە بەندیخانە، دوای



ئەوەش هیچ یەکە لە میر (أبی علی الهذباني) و میر (أبی الحسن الحمیدی) نەچوونە ژێر ئەو شێواز و کارانەی میر قرواشی عەقیلی دەیگرتە بەر بۆ گەڕاندنەوەی هەولێر (الکامل، ٨/٤٩).

**٥ـ میر ابوعلی الحسن کوڕی موسك (٤٤٠-دوای ٤٥٦ك/١٠٤٨-١٠٦٣ز):**

میر (ابو علی الحسن الهذباني) تا دوای ساڵی (٤٥٦ك/١٠٦٣ز) پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی خۆی بەسەر (هەولێر)دا کرد، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ عەقیلییەکان بەرەو باشی چوون، ئەوەبوو میر قراوش کوڕی بدران العقیلی (٤٤٣-٤٥٣ك/١٠٥١-١٠٦١ز) گوێی لە پێشنیارەکەی ئەو راگرت و لەسەر داوای ئەو، ئەو ئابلووقەیەی چوار مانگ بوو لەسەر قەڵای موسلی دانابوو، هەڵیگرت (الکامل، ٨/٨٢، مرآة الزمان، ص١١٠،١٠٤).

لە گرنگترین کارەکانی میر (ابوعلی الحسن) دەستخستنی سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی هەولێر لە عەقیلییەکان و بەدەستهێنانی رەزامەندی و داننانی خەلیفەی عەباسی و دەسەڵاتی سەلجوقی بوو بە میرنشینەکەی، ئەوەتا لە ساڵی (٤٥٦ك/١٠٦٣ز) میر (ابو علی الحسن) بە هاوڕێیەتی هاوسێ و هاوپەیمانەکەی میر (أبی الحسن کوڕی عیسکان الحمیدی) چوونە بەغداد و سەردانی دەرباری خەلافەتیان کرد، بە ئامانجی وەدەستهێنانی رەزامەندی خەلیفەی عەباسی لە ((خەلعەکردنی بۆیان...)) (مرآة الزمان، القسم الخاص بتأریخ السلاجقة، ص١١٠).

**٦ـ میر (ابو الهیجاء)ی دووەم الحسین کوڕی ابی علی الحسن کوڕی (ابی الهیجاء)ی یەکەم موسك کوڕی جکو الهذباني:**

نازانین کەی میر (أبو الهیجاء) لە دوای باوکی هاتۆتە سەر تەختی هەولێر، چونکە سەرچاوەکان بۆ ماوەیەکی نزیکەی نیو سەدە هیچیان لە بارەی هەزبانییەکانی هەولێر نەنووسیوە، بێگومان ئەو هاتنە سەرتەختەی ناوبراویش لەو ماوەیەی نێوان ساڵانی (٤٥٧-٤٧٧ك/١٠٦٤-١٠٨٤ز) بووە.

(أبن الشعار)کە لە (٦٥٤ك/١٢٥٦ز) ناو و کونیەی (أبی الهیجاء)ی بە دروستی و بەم شێوەیە چەسپاندووە: (أبو الهیجاء الحسین کوڕی الحسن کوڕی موسی کوڕی جکو الهذباني) (قلائد الجمان، ٦ /٤٠)، راستییەکەشی هەر وەهایە (أبو الهیجاء الحسین کوڕی الحسن کوڕی موسی کوڕی جکو الهذباني)، هەروەها (أبن المستوفی) چ بوارێکی بۆ گومان نەهێشتۆتەوە کە (أبا الهیجاء الثاني الحسین) نەوەی (أبي الهیجاء الأول موسی — موسك)ە لە (أبی علی

الحسن)ی کوڕی، چونکە ئەو ناوی سیانی و نازناو و کونیەکەی لە بەڵگەنامە بڕواپێکراوەکانی سەردەمەکەی خۆی وەرگرتووە (تاریخ اربل، ١/٢٠٦).

(ابو الهیجاء الهذبانی) لە سەرەتای دەرکەوتنە سیاسییەکەی خۆیدا پەیوەندیکرد بە خزمەتی سوڵتان مەلەکشای سەلجوقی (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز)، دوای ئەوە بووە جێگرەوەی باوکی و سوڵتانی سەلجوقی میرنشینەکەی هەر بە دەست ئەو هێشتەوە، هەموو ئەوەشی لەو ماوەیە لە بارەوە دەزانرێ، ئەوەیە کە سوڵتان مەلەکشای سەلجوقی وەکو نێرراوێك رەوانەی کردووە بۆ لای میر (منصور کوڕی نظام الدین نصر کوڕی نصر الدولە احمد کوڕی مروان الکردی) خاوەنی دیاربەکر (٤٧٢-٤٧٨ك/١٠٧٩-١٠٨٥ز)، بۆ ئەوەی بڕی ئەو سی هەزار دینارەی لێ وەربگرێ کە سوڵتان داوای لێکردبوو، دواتر (ابو الهیجاء) بۆ (فضل)ی کوڕی گێڕاوەتەوە، کە میری مەڕوانی چۆنی بە گەرمییەکی زۆرەوە پێشوازی لێکردووە و خزمەتی زۆری پێشکەشکردووە، ئەمە لەبەر ئەوەی نێرراوی سوڵتانە، چۆنیش دەستی پێکردووە لە ئامادەکردنی بڕە پارەکە، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە مەترسی سوپا گەورەکەی مەلەکشا لەسەر دیاربەکر دووربخاتەوە و بەمە ولاٌتەکەی لە شەڕی سەلجوقییەکان دووربخاتەوە (اسامة بن منقذ،کتاب الاعتبار، ص٨٩-٩٠).

لەگەڵ هاتنی سەدەی شەشەمی کۆچیدا/ دوازدەی زایینیش، میر (ابو الهیجاء الهذبانی) بووە فەرمانڕەوای راستەقینەی هەولێر و میرنشینەکەی، لەگەڵ ناکۆکییەکانی سەلجوقییەکان و دابەشبوونە ناوخۆییەکانیشیان کە بووە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجوقی و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی، سەربەخۆییەکی زیاتریشی دەستکەوت، وای لێهات بووە یەك لە میرە گەورەکانی کورد. هەندێ لە نازناوە فەخرییەکانی بریتی بوون لە ((عزالدین شهاب الدولة، ممهد الاسلام، تاج الملوك)) (تاریخ ابن ابي الهیجاء، ص٢١٨).

شاعیرێك بە ناوی (مسهر) لە هۆنراوەیەکیدا پیایهەڵدەدات و دەڵێت:

حسبي بفضلي ثروة وذخيرة
أن عز ما بين الورى الإثراء
وتمسكي بولاء أروع ماجد
سمحت به أيامنا البخلاء
ملك على الغلات عز بنعته الـ
ـدين الحنيف وذلت الأعداء



وتهدمت عن عزمه وحسامه
في المعضلات الدولة الغراء
نظمت له عقد البناء صنائع
شرفت نفائس ذرها النعماء
فافخر فمن إحسانك البيض الصبي
والجرد والزينة السمراء
ومن اعتزامك مؤيل سكنت به
للامتاع القلعة الشماء
في حمى إزائه اختتمت بفنائها
للأقدار وهي قضاء
كأن قصر عن قصر فعله
بالركب لو ظفرت بها الدماء
شهدت بصحة ملكه وعلائه
آي الكتاب وعزة قعساء
نسب أصالته السيل خصارم
عبق البناء بذكرهم كرماء
قوم بهم زرق الأسنة والظبى
في السلم والحرب العوان رواء

(تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص٢١٩).

لە ساڵی (٥٠٠ك/١١٠٦ز)یش (ابو الهیجاء) لە نامەیەکیدا کە بۆ میر (جگرمش)ی میری موسلی نووسی، تیایدا لەوەی ئاگادارکردەوە کە ئەو (جاولی سقاو)ەی سوڵتان (محمد) موسڵ و دەوروبەرەکەی لە دەست دەرهێناوە، شارۆچکەی (بوازیج)ی داگیرکردووە و بەرەو هەولێر دێت، (جگرمش)یش هێزێکی بۆ رەوانە کرد کە لەلایەن کوڕەکانی فەرماندەیی دەکران، بۆ ئەوەی لە رووبەڕوونەوە و پێشگرتن لە (جاولی سقاو) یارمەتی بدەن، ئیتر لە گوندی (باکلبا)ی نزیك (هەولێر)دا (جگرمش) خۆی لەگەڵ (جاولی سقاو) رووبەڕووی یەکبوونەوە، بەڵام لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا (جگرمش) و کوڕانی (ابي الهیجاء الهذباني) بە دیل گیران (الکامل، ٨/٢٣٨-٢٣٩).

هەروەها (ابو الهيجـاء) بـە هێزەكـانی خـۆی لـە سـاڵی (٥٠١ك/ ١١٠٨ز) بەشـداری لـە هێرشەكانی سوڵتان (محمد)ی سەلجوقی كرد، بۆ سەر موسل و ناوچەكانی دەوروبەری، بۆ ئـەوەی لە دەست (جاولی سقاو)یان دەربێنێتەوە (الكامل، ٥/٢٥٢).

دیسانەوە (ابو الهیجاء) یەكێك بوو لەو میر و فەرمانڕەوایانەی لە سـاڵی (٥٠٥ك/١١١١ز) بە فەرمانی سوڵتان محمدی سەلجوقی لە سـنجار كۆبوونـەوەیان كـرد، لەسـەر چـۆنیەتی شـەڕو رووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەكان، سوڵتان محمد بۆ (ابو الهیجاء)ی نووسـیبوو، پەیوەنـدی بـەو سوپایەی سوڵتان بكات كە ئامادەكراوە بۆ ئەوەی بەرەو شام بڕوات، ئیتر سوپای سوڵتان بـەرەو پێگەكانی خاچپەرستان بەڕێكەوت، ئابڵۆوقەی شارەكانی (رەها و تەل باشر) و شوێنانی دیكەی دا، چەندین قەڵاو حصنیشی لەژێر دەستی خاچپەرستان دەرهێنا (الكامل، ٨/٢٦٢-٢٦٣).

وەكو لە گێڕانەوەكانی (ابن الأثیر)دا تێدەگەین: (ابـو الهیجـاء الهـذبانی) لـە كۆتاییـەكانی تەمەنی خۆی ئەوەی بە باش زانـی كـە لـە خزمـەتی خەلافـەتی عەباسـیدا بمێنێتـەوە، بۆیـە كاروباری هەولێر و میرنشینی هەزبانی بۆ دوو كوڕەكانی خۆی بە ناوەكانی (فضل و ابي علـي) بەجێهێشت، ئیدی ئەوەبوو لە ساڵی (٥١٧ك/١١٢٣ز) یەك لە سەرۆكەكانی بابەكری كە ئەمـە برازای میر بابەكری كـوڕی میكائیلـە، نـەبوونی (ابـو الهیجـاء)ی لـە هـەولێر بـە هـەلزانی و ئەوشارەی لە دەستی دوو كوڕەكانی دەرهێنا، ئیتر ئەم شارە لە دەست ئـەوەی دوایـی مایـەوە، تاوەكو لە ساڵی (٥٢٠ك/١١٢٦ز) میر (عزالدین مسعود كوڕی آقسنقر البرسـقی) بـووە والی موسل، ئەمە لە بابەكر كوڕی میكائیلی توند كرد كە برازاكەی ناچار بكات، هـەولێر بداتـەوە خاوەنەكانی خۆی (الكامل، ٨/٣٢١).

لە ساڵەكانی (٥٢٠-٥٢١ك/ ١١٢٦-١١٢٧ز)یـش بـە هـۆی ململانێـی نێـوان (یـرنقش الزكوی) شەحنەی بغداد لە لایەن سوڵتان و نوێنەرانی خەلیفە، ناكۆكی و ململانێ كەوتە نێوان خەلیفەی عەباسی (المسترشد بـالله) و سـوڵتان مـەحمودی سـەلجوقی (٥١١-٥٢٥ك/ ١١١٧-١١٣١ز)، ئەمە بووە هۆی ئەوەی سوڵتان بە سوپاكەی خۆیەوە بەرەو بەغداد بێ، بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە چارەسەر بكات و شەڕی سوپای خەلیفـە بكـات كـە لـە بەشـی رۆژهـەڵاتی دیجلـەوە سەنگەریان گرتبوو، هەرچی خەلیفەشە بڕیاریدا بـۆ پاراسـتنی بەغـدای پایتـەخت لـە توركـە سەلجوقییەكان خەندەق هەڵكەنن، ئیتر بەیەكدادان لە نێوان هەردوو لا روویدا، سەركەوتن بـووە بەشی سوپای خەلیفە، ویستیان تەواو بارەكە لە سوپای سوڵتانی سەلجوقی توند بكەن، لەوەشدا خەریكبوو سەركەوتنی یەكجارەكییان بەدەست دێنا، ئەگەر بهاتبا (ابو الهیجای هـەزبانی) لـە



ریزی سوپای خەلیفە دەرنەچووبووایە، دەرچوونەكەشـی بـە فـێڵ بـوو، وای پیـشاندا دەیـەوێت رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە، كەچی كە دووركەوتەوە پەیوەنـدی بـە سـوپای سـوڵتانییەوە كـرد (التأريخ الباهر،ص٣٠، الكامل، ٨/٣٢٢)، ئەوەی سەیرە (ابن الجوزی)ی ناسراو بەوەی كەوا لە گێڕانەوەی رووداوەكاندا ورد نییە، دەڵێت: ئەو میرەی سوپای خەلیفەی جێهێشت، بریتی بوو لە میر أبو الفتح كوڕی ورام الجاوانی (المنتظم،٣/١٠)، ئەوە لە كاتێكدا كە (أبا الفتح) لـە سـاڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز) مردبوو.

## رێنیسانسی رۆشنبیری و بیناسازی هەولێر

دەكرێ بگوترێ، كە رێنیسانسی رۆشنبیری و بیناسازی هەولێر لە ماوەی سـەدەی شەشـەمی كۆچیدا/ دوازدەی زایینی كە دەدرێتە پاڵ ئەتابەكییەكان، لە راستیدا لـە سـەردەمی هەزبانییـەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام دواتر لە سەردەمی ئەتابەكییەكان گەیشتە لوتكە، دەسـتكرا بـە بینـای دامەزراوە رۆشـنبیری و زانـستی و بـازاڕ و دوكـان و خانـەی لەبەرگرتنـەوەی كتێـب و...هتـد، مێژوونووسی هەولێری ناسراو بە (أبن المستوفی) تیـشكی بۆمـان خـستۆتە سـەر لایـەنێكی ئـەو رێنیسانسە بیناسازی و بزاڤە بازرگانیە، هەروەها تیشكمان بـۆ دەخاتـە سـەر زۆرێكـی كتێـب و بەڵگەنامە و حاشیە و تەعلیقاتێك كە لە ماوەی فەرمانڕەوایی (ابی الهیجاء الهذبانی) لەو شارەدا نووسراون، یان لەبەریان گیراوەتەوە (تاریخ اربل، ١/٧٠-٧٢، ٢٠٦، ٣٣٢-٣٣٣، ٣٧٠).

ئیتر لە سەردەمی ئەم مـیرەدا، هـەولێر بـەو خاویـەی نـەما كـە لـە سـەدە یەكەمـەكانی ئیسلامی هەیبوو و بە ویلایـەتی (شـادفیروز) واتـە:حـەلوان بەسـترایەوە (المـسالك والممالـك، ص١٨)، بەڵكو لەو ماوەیەدا بووە شارێكی زیندووی پڕ لە چـالاكی و جوولـە، هـەروەها بـووە سەنتەرێكی زانستی و مەعریفی گرنگ، خاوەن قەڵەمەكانی بۆ خۆی راكێشا و بووە ناوەندێكی بەیەكگەیشتنی رۆشنبیری بۆ ئەوەی زانایان و قوتابیانی زانـست لـە ناوچـەكانی دەوروبـەریش وەكو شنۆ و كەركوك و بلد الزرزاریە و حبتـون و هـی دیكـەش رووی تێبكـەن (تـاریخ اربـل، ١/٧٠، ٢٧١-٢٧٥)، لەوانە فەقیهی شافیعی (ابو بكر محمـد كـوڕی ابـراهیم كـوڕی حـسێنی شنۆیی) كە ئەمە هاتە هەولێر و وەكو خەتیب لە یـەكێ لـە گونـدەكانی ئـەو شـارە خزمـەتی پێشكەش كرد، هەروەها خەریكی فەرمووده بوو و ژمارەیەك كتێبی لە دوای خۆی جێهێـشت، بە خەتی دەستی خۆی كتێبی (التذكرة)ی لـە فیقهـی شـافیعی و مامۆسـتاكەی (ابـی الفـضل عبدالعزیز كوڕی علی شنۆیی) كە لە (٥٥٠هـ /١١٥٥ز)كۆچی دوایی كرد نووسـیوەتەوە و لـە

ساڵی (٥٢٣ک/١١٢٩ز) لە نووسینەوەی تەواو بووە، (ابن المستوفي) لەسەر ئەوکارانەی وەستاوە و گرنگی پێداون (تاريخ اربل، ١/ ٧٠).

ئیتر ناوبانگی هەولێر سنووری هەرێمە کوردییەکان دەبەزێنێ و دەگاتە هەرێمە فراوانەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی، بۆیە فوقەها و شاعیران و ئودەباو ئامۆژگاریکەران و بازرگانان و خاوەن پیشە جۆراوجۆرەکان لە هەموو لایەکەوە رووی تێدەکەن.

ئەوانەی لە رۆژانی میر (ابي الهيجاء الهذباني) هاتوونەتە هەولێر، شاعیری ناسراو بە (الطغرائي) بووە کە ئەمە ناوی خۆی (مؤيد الدين الحسين کوڕی علی الاصفهانی)یە کە لە (٥١٥ک/١١٢١ز)کۆچی دوایی کردووە (وفيات الأعيان،١٨٩/٢)، لەگەڵ (أبو الفتوح أحمد کوڕی محمد الغزالي)کە لە (٥٢٠ک/١١٢٦ز)کۆچی دوایی کردووە برای ئیمامی غەزالی و کۆڕی وەعز و ئامۆژگاریی لە قەڵای هەولێر بەڕێوە دەبرد (تاريخ اربل، ١/ ٣٣-٣٤)، یەکێکی تریش کە لەو ماوەیە دێتە هەولێر (شێخ علی ابن الهيتي)ی (٤٤٤-٥٦٤ک/١٠٥٢-١١٦٨ز) بوو (تأريخ أربل،١/ ٥٣-٥٤).

## دەستگرتنی عیمادەدینی زەنگی بەسەر هەولێر و رووخانی میرنشینی هەزبانی

مێژوونووسان ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن، کەی (ابا الهيجاء) کۆچی دوایی کردوە و میرنشینەکە دوای ئەو چی لێهاتووە، تەنانەت لەسەر ئەوەش جیاوازن کە لە چ ساڵێکدا عیمادەدین زەنگی دەستی بەسەر هەولێردا گرتووە و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی هەزبانی فەرمانڕەوای ئەم شارە هێناوە. لەم بارەیەوە مێژووی لەیەکجیا دەخەنە بەردەست کە خۆیان لە نێوان ساڵانی (٥٢٠-٥٢٦ک/١١٢٦-١١٣٢ز) دەبیننەوە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێت، دەستگرتنی زەنگی بەسەر هەولێر پێش دەستگرتنی ناوبراو بێت بەسەر داقوق لە ساڵی (٥٣١ک/١١٣٦ز)، چونکە زەحمەتە وێنای دەستگرتنی زەنگی بەسەر داقوق بەر لە دەستگرتنی بەسەر هەولێردا بکرێت، چونکە هەولێر گرنگییەکی لە هەر شوێنێکی دیکە جیاوازتری هەبووە، بۆ ئەو کەسەی فەرمانڕەوایی موسڵی کردووە، هەروەها لەبەر ئەوەش کە کەوتۆتە سەر رێگای نێوان موسڵ و داقوقیش (اربيل في العهد الاتابكي، ص ٤١).


(ابن ابى الهيجاء)یش مردنی میر (ابى الهيجاء الهذباني) بە رۆژی شەممەی (١٦جماد الآخرةی ساڵی ٥١٩ک/١١٢٥ز) دەستنیشانکردووە (تاريخ ابي الهيجاء، ص٢١٩)، بەڵام ئەم



مێژووە وەکو دەردەکەوێت، مێژوویەکی دروست نییە، چونکە ئەوەی گومانی لەسەر نییە، ئەوەیە، کە: (ابا الهيجاء الهذباني) تا مانگی شەعبانی ساڵی (٥٢٥ک/ آب١١٣١ز) فەرمانڕەوای راستەقینەی هەولێر بووە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی (ابن المستوفي) لە گەواهیی (القاضي ابى بكر محمد کوڕی القاسم کوڕی المظفر الشهرزوري) (٤٥٣-٥٣٨ک/١٠٦١-١١٤٣ز) کۆڵیوەتەوە، لەسەر داننانێک کە (ابو الهيجاء) بۆ پیاوێکی نەسرانیی خەڵکی هەولێری داناوە، جا (القاضي الشهرزوري) دەقی ئەو گەواهینامەیەی بە خەتی دەستی خۆی نووسیوەتەوە، تیایدا هاتووە: ((لە مەجلیسی میر عزالدين ممهد الدولە، ابى الهيجاء الحسين کوڕی الحسن کوڕی موسى الهذباني — أدام الله إقداره- ئامادە بووم... محمد کوڕی عبدالله کوڕی القاسم کوڕی المظفر الشهزوری لە بیست و سێی شەعبانی ساڵی پێنجسەد و بیست و پێنج "ئابی ١١٣١ز" ئەمەی نووسیوە)) (تاريخ اربل، ١/ ٢٠٦).

بەڵام لەگەڵ رووخانی یەکجارەکیی میرنشینی هەزبانی و داگیرکردنی هەولێر لە لایەن تورکەکانیشەوە، کوڕانی میر (ابو الهيجاء) تا ناوەڕاستەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەیەمی زایینیش هێشتا بەشێک لە دەسەڵاتیان بەسەر ئەو شارەدا هەر مابوو (كتاب الاعتبار، ص٨٩-٩٠).

لەولاشەوە هێشتا چەند ساڵێکی کەم بەسەر رووخانی فەرمانڕەوایی هەزبانییەکان بەسەر هەولێردا تێنەپەڕی بوو کە ئەیوبییەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وڵاتی شام دەرکەوتن، دیارە ئەوانیش لە خێزانێکی دیکەی هەزبانی و لە تیرەی رووادی بوون، بۆیە هەزبانییەکانی هەولێر دوودڵییان نەکرد لەوەی پەیوەندییان پێوە بکەن و بچنە نێو سوپاکەیان، لەوانەی پەیوەندییان پێوە کردن: میر (قطب الدين خسرو کوڕی تليل)ی برازای (ابى الهيجاء الهذباني) خاوەنی هەولێر بوو کە ئەمە بووە یەکەمین سەرکردەی کوردەکانی سوپای ئەیوبی (التأريخ الباهر، ص١٤١-١٤٢، وفيات الاعيان، ١٥٣/٧، النجوم الزاهرة،١٦/٦) هەروەها ئەوە خاوەنی مەدرەسەی قوتبییەیە کە لە قاهیرە لە ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٤ز) دروستیکرد (الخطط المقريزية، ٤/ ٢٠٤).






**ـ هەزار مێردی ـ الهزار مردية:**

هەزارمێرد، هەزار ئەسب لە ناوە باوەکانی مێـژووی کـوردی ناوەڕاسـتە کـە ئەوانـە نـاوی ناودارانن (الکامل، ٩/٦، معجم الالقاب، ٣٦٢/١).

لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە وڵاتی کورداندا شـوێنێك نابینینـەوە بـە نـاوی (هـەزار مێرد)، (فاتیمە کچی احمد الکردی الهزارمردی)یش ژنی (ناصر الدوله الحسن کـوڕی عبـد الله الحمدانی)ی میری موسل (٣١٧ – ٣٥٨ك/٩٢٩/٩٦٨ز) لـە هەزارمێردییـەکان بـووە، (الفـرج بعد الشده،١٠٨/٢)، هـەزارمێردی ئێـستاکە ئەشـکەوتێکی شـوێنەواری و مێـژوویی کۆنـە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی، بەڵام نازانین ئایا هەزارمێرد لێـرەدا نـاوی هۆزێکـە، یـان نـاوی شوێنێکی جوگرافییە؟

**ـ هەکاری ـ الهکاریة:**

یەکێکە لە گەورەترین هۆزە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی و بەناوبانگترینیـشیانە، لـە سەردەمی ئەیوبییەوە بە ناوی ناوچەکەیان (هەکاری) ناسران کـە ئەوسـا سـەر بـە موسـل بـوو و بنکەی هـەرێمی جـەزیرە ـ دیاربـەکر بـوو، وا پێدەچێت ئەمـە لـە ژمارەیـەك هـۆزی بـچووك پێکهاتبێت و زیاتر وەکو هاوبەندییەکی هۆزەکی هاوپـەیمان بـووبێ، چـونکە هـەر لـە سـەردەمە کۆنەکاندا و تاکو ئێستاش لە وڵاتی هەکاریدا ژمارەیەك هۆز و تایەفەو گرووپی کوردی نیشتەجێ بوونە کە لە راستیدا ناوی زۆربەی ئـەو هۆزانـە نازانرێـت، بـە تایبـەتیش هـۆزە بـچووك و کـەم دەسەڵاتەکانیان، یان ئەوانەی نەیانتوانیوە بەشداری لە رووداوە مێژووییەکاندا بکەن، یان بچنە ناو بینەوبەردە هۆزەکی و سەربازییەکان، بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان لـە نـاوی وڵاتەکـەیان نـاوێکی گشتگیریان وەرگرتووە بۆ برینی بەسەر هەموو ئەو هۆزانەی لەو وڵاتە دەژیـن، بـە تایبـەتیش بـۆ ئەوانەی کە قـەڵاکانی عەمادیـە و جۆلـەمێرگ و قـەڵاکانی تـری دەوروبـەریان کردۆتـە شـوێنی نیشتەجێبوون و سەنتەر و پایتەختی دەسەڵاتەکانیان، ئەوەی سەیریشە (مسعودی) لە چوارچێوەی ئەو هۆز و تایەفە کوردیانەی ژماردوونی، ناوی هەکاریی نەبردووە، هەرچەندە هەشبووە.

یەکەم ئاماژەدان بۆ هەکاری بۆ ساڵی (٣٦٩ك/ ٩٧٩ز) دەگەڕێتەوە (الکامـل، ٧/ ١٠٢)، هەکاریش لە پێشەنگی ئەو هۆزە کوردیانەیە کە دەسەڵاتێکی هـۆزەکیی نیمـچە سـەربەخۆیان دروستکردووە و دەسەڵاتیان بەسەر قەڵا سەخت و پارێزراوەکانی وڵاتی هەکاریی هەڵکەوتوو لـە ناوچەیەکی دەورەدراو بە زنجیرە چیا سەخت و بەرزەکان کێشاوە.

# میرنشینی هەکاری

## وڵاتی هەکاری:

ناوەکانی (الهكارية — بلد الهكارية — بلد الهكار — بلاد الهكار- جبال الهكارية — جبال هكار) ناوی جوگرافی بوونە. لە ماوەی سەردەمی ئیسلامی مەبەست لێیان ناوچە شاخاوی و نیمچە شاخاوییەکانی نێوان باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بووە کە ئەمانە ((کۆمەڵە شاخێکی سەرووی موسل بوونە و گوندیشیان لەخۆ گرتووە)) (المنتظم، ٧٩/٩)، هەروەها ((شارۆچکە و لادێیەکی لای چیا، یان گووتوویانە چیاو گوندێکی زۆری سەرووی موسلن لە جەزیرەوە)) (الانساب،٦٤٥/٥) هەروەها ((ویلایەتەکە چەندین حصن و گوندی سەر بە موسل لەخۆ دەگرێ)) (اللباب،٣٩٠/٣) هەروەها: ((شارۆچکە و لادێ و گوندانێکی سەرووی موسلە، لە وڵاتی جزیرەی ئبن و عومەر، کوردانێکیان تیا دەژی، پێیان دەڵێن: هەکاری)) (معجم البلدان،٤٠٨/٥)، جا بێگومان ئەمە سەر بە موصل بووە (الكامل ١٠٢/٧، ٣٦٩/٩،٨٠)، (ابن خلكان)یش زیاد لەوانە دەڵێت: ((هەکاری درانەپاڵە بۆ هۆزێك، ژمارەیەك گوند و قەڵاو پێگەیان لە وڵاتی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری موسل هەیە)) (وفیات الاعیان،٣٤٥/٣).

کەوابێ: هەکاری هەرێمێکی چیاییە، پارچەیەکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، ژمارەیەك قەڵاو شارۆچکە و حصن و گوندی پارێزراو و لانەی چیایی سەخت دەگرێتەوە، ناوی زۆربەیان دەزانین، بەڵام لە شوێن و مێژووی زۆربەشیان ئاگادار نین، چونکە سەرچاوە مێژوویی و بولدانییەکان و کتێبەکانی ژیاننامە حیسابی یەك شار، یان ناوچەیەکی بچووکی پڕ چیاو دۆڵیان بۆ هەکاری کردووە، بە شێوەیەك لە کاتی باسکردنی شەڕ و ڕووداو و پرسەکانی پەیوەند بەوناوچانە، سەرچاوەکان هەر تەنیا بە ناوهێنانی ناوە گشتییەکەی هەکاری وازیان هێناوە، بەبێ دەستنیشانکردنی ورد بۆ ئەو لادێ و شارۆچکەیەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوودا‌وە، ئەمەش یەکێکە لەو زەحمەتانەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕووبەڕووی لێکۆڵەر دەبێتەوە، وادەکات نەتوانرێ بە درێژی لەسەر هیچ ڕووداوێك بووەستێت و هەروەها نەتوانێت جیاوازیش لە نێوان



ئەوە بکات، کە چ ڕووداو و مەسەلەیەك تایبەتە بە چ شارۆچکە و قەڵایەك و چۆن ئەمانە لە ڕووداو و پرسەکانی قەڵاو شارۆچکەکانی تری وڵاتی هەکاری جیابکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە، هەکاری لە ڕووی کارگێڕییەوە هەرێمێکی سەربەخۆ نەبووە، وەکو یەکەیەکی کارگێڕیٚ مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو بەشێك بووە لە هەرێمی جزیرە ـ وڵاتی نێوان دوو زێیان ـ و سەر بە شاری موسڵی بنکەی ئەو هەرێمە بووە، بۆیە سنووری چەسپاوی بۆ دروست نەبووە کە بە فەرمی دانی پێدانرابێت، سەرچاوە گرنگیپێدەرەکانیش هیچ زانیارییەکیان بەدەست نەداوە کە لە توانایدا بێت، بەهۆیەوەی بتوانین بگەینە سنوورەکانی و ڕووکاری سروشتەکەی لە چیاکان و ڕووبارەکان و ئەوەی چوارچێوە جوگرافییەکەی پێکدێنیٚ، دەستنیشان بکەین. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەشی بۆ شاڵاو و هێرش و پەلامارە سەربازییە دەرەکییەکان، ئەوانەی کەوا بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتوونە، هەروەها ملمڵانیٚ هۆزەکییەکانی نێوان هەکاری و هۆزەکانی هاوسێی لەسەر سنوورەکانی نێوانیان، ئەمانەش بە سروشتی حاڵ بوونەتە هۆی نەچەسپانی سنوورەکەی، بۆیە بە بەردەوامی سنوورەکانی لە گۆڕاندا بووە، کەمبۆتەوە و فراوان بووە (بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی وڵاتی هەکاری و قەڵاکانی، بگەڕێوە بۆ: نەبەز مەجید ئەمین، المشطوب الهكاري، رسالە ماجستير، جامعە صلاح الدين (أربيل ١٩٩١)، ص٢٨-٤٠، هەروەها: درويش يوسف حسن هروری، بلاد هكاری (٩٤٥-١٣٣٦م)، (دهوك ٢٠٠٥)، ص١٧-٢٠، ٣٩-٥٩).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بە پشت بەستن بە سەرچاوە جوگرافییەکان و بە وردبوونەوە لە هەواڵی وڵاتان و لێکدانەوەی ئاماژەی مێژوونووسان و بولدانییەکان و گەڕیدە موسڵمانەکان لە بارەی ئەو وڵاتەوە، لە تواناماندا دەبێت، بە شێوەیەکی نزیکی سنوورەکانی وڵاتی هەکاری وێنەبکێشین و بڵێین: (لە ڕۆژئاواوە ناوچەی شاخاوی نێوان ڕووباری دیجلە، لە ڕۆژهەڵاتەوە هەرێمی ئازەربێجان و ڕووباری زابی گەورە، لە باشوورەوە شاری موسل و مرج عقرە، لە باکووریشەوە زنجیرە چیاکانی درێژەوەبووی لە جزیرەی بۆتانەوە تا چیای جودی ـ واتە: وڵاتی زۆزان ـ و هەموو ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە). جا لە لای باشووریەوە تا دەروبەری موسل درێژبووەتەوە، بۆ نموونە (لالش)ی سەنتەری پیرۆز سەبارەت بە کوردە ئێزیدییەکان کە دەکەوێتە چیاکانی داسنی بەناوبانگ، بەوە وەسفکراوە کە دەکەوێتە وڵاتی هەکاری و(شێخ عدی کوڕی مسافر)یش کە لە لالش نێژراوە، ئەویش دراوەتە پاڵ هەکاری (الكامل، ٨٠/٩، تاریخ اربل، ١١٤/١-١١٦، وفیات الاعیان، ٢٥٤/٣)، هەروەها عەینسفنی (شێخان)یش لە وڵاتی

هەكاری بووە (معجم الالقاب، ٤/١٩٩-٢٠٠) هرور وعەمادیەش لە قەلآكانی ولآتی هـەكاری بوونە (الكامل،٨/٣٤٣-٣٤٤، ٩/٣٢١) كـە ئەمانـە لـە كـاتی ئێـستایان هـەردوو ناوچـەی بادینان (هەكاری باشوور) و شەمدینان (هەكاری باكوور) دەنوێنن و خەریكە بلێین بـە تـەواوی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە.

دیارە ئەوەش دروستە كە ناو لە هەكاری بنرێت: ولآتی قـەلآكان، یـان قـەلآكانی هـەكاری، ئەمە لەبەر زۆری ئەو حصن و پێگە سەربازی و قەلآ سەختانەی لەخۆی گرتووە، لەسەر لوتكەی زنجیرە چیاكانیش هەر لە كۆنەوە ژمارەیـەكی زۆر خـالّی پـشكنین و چـاودێری (زالّگـە) وقـەلآ هەبوونە، ئەوانەی دروستیان كردوونە و سوودیان لێ وەرگرتوون بـە بـەردەوامی پیـاوانی هـۆزە كوردەكانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوونە، تا ئێستاش شوێنەوار و وێرانەی زۆرێكیان لەبەرچـاو ماون، لەوانە گرنگترینیان:

**- معلثایا:**

(معلثایا ـ المعلة) بە لایەنی كەم هـەر لـە سـەردەمی ساسـانییەكانەوە یـەكێك بـووە لـە گرنگترین قەلآ كوردییەكان، (فتوح البلدان،ص٣٢٧)، لە نزیـك (مالطـا)ی ئێـستاش گردێكـی شوێنەواری هەیە، وا پێدەچێت، ئەمە پاشماوەی ئەو قەلآیە بووبێ.

**- قەلآی ئاشب:**

ئەمە لە گەورەترین و سەختترین قەلآكانی ولآتـی هـەكاری بـووە، سـەرۆكەكانی هـەكاری ئەمەیان كردۆتە بارەگای حكوومەت و پایتەختی بەڕێوەبردنی ولآتەكـەیان، تـا (عمـاد الـدین زنكی)ی ئەتابكەی موسل لە سالّی (٥٣٧ك/ ١١٤٢ز) وێرانی كرد، پاشماوەكانی ئێـستاكە بـە ((ئامێدیكا خـراب)) دەناسـرێ و دەكەوێتـە نزیـك (سەرسـنگ) لـە رووی رۆژهەلآتییـەوەی، هەروەها تا ئێستا گوندێك هەیە بە (ئاشاوا) ناودەبرێت، ئەویش هەر لە نزیك (سەرسەنگ)ە.

**- قەلآی عەمادیە (ئامێدی):**

قەلآیەكی سروشتی سەختە و لەسەر چیایەكی بە تەنیایە، ناوی تەواوی (أمیـدا)یـە كـە ئەمە لە لایەن جوگرافیناس (شەریفی ئیدریـسی) كـە لـە (٥٦٠ك/١١٦٥ز) كۆچـی دوایـی كردووە چەسپێنراوە، ئەمەش هەر (ئامات)ە كۆنەكەیە كە نـاوی لـە نووسـراوەكانی پاشـای



ئاشوری (شمشی أددی پێنجەم) (٨٢٣-٨١٠ پ.ز)دا هاتووە، دواتریش سەرۆكە كوردەكان بە درێژایی سەردەمە مێژووییەكان ئەو قەلآیەیان كردووەتە بنكەی بەڕێوەبەرایـەتی ناوچـەكانی ژێر دەسەلآتیان و شـوورەیەك بـۆ رەتدانـەوەی هێـزە دەرەكییـەكان بـۆ سـەر موڵكـەكانیان دروستكردووە، دروستكردووە، بۆیە ئەم قەلآیە بەوە ناسراو بووە كە یەكێكە لە سەنتەرەكانی فەرمانڕەوایی كوردی.

عەمادیە بەر لەوەی زەنگی دەست بەسـەر موسـلدا بگرێـت، لەگـەڵ توغیـانی سـەركردە توركەكانی خاوەنانی موسلیش، سەربەخۆیی خۆی سەندۆتەوە، هـەروەها ((حـصنێكی گـەورەو گرنگ بوو، لە نێو حصنەكانی ناوچـە چـیاییەكاندا نموونـەی كـەم بـوو))، بـەلآم خاوەنـەكانی بەجێیان هێشتبوو، ئەوەش بەپێی قسەی (ابن الأثیر): لەبەرئەوەی نەیانتوانی بوو پارێزگاری لێ بكەن، بۆیە كە زەنگی دەستی بەسەر هەندێ لە قەلآكانی هەكاری داگرت، بە هاوڕێكانی گوت: ((ئەگەر كوردەكان بەرامبەر بەو حصنە دەستەوسان بووبن، مـن لـە بەرامبەریـدا دەستەوسـان نابم))، بۆیە فەرمانیدا سەرلەنوێ بنیاتنرێتەوە، بەلآم ئەو گێڕانەوەیەی كە دەڵێت: عەمادیە بـە نازناوی زەنگی كە ((عماد الدین)) بووە ناونراوە، یانیش درانەپاڵە بۆ (عماد الدولە البـویهی)، ئەمە لە رووی مێژووییەوە نادروستیی دەركەوتووە و ئیتر جێی باوەڕ نییە.

دوای ئەوەی (ئاشب)یش وێران بوو، عەمادیە شوێنی گرتەوە، بووە بنكەی ولآتی هـەكاری، بە تایبەت بەشی باشووری، واتە: بادینان.

- قەلآی هرور: ئەمە دەكەوێتە نێوان هـەردوو گونـدی هـرور و قـومری، لەسـەر لوتكـەی چیایەكی بەرزە، هەر لە سەدەی هەشتەمی كۆچی/ چواردەی زایینیدا بە قەلآی قومری (قمریە) ناوبانگی دەركردووە.

زیاد لەوەش: لە ولآتی هەكاری ژمارەیەكی تر قەلآو حصن و پێگـە و شارۆچـكە و گونـدی چـیایی هەبوونـە، ناوبانگیـان كـەمتر بـووە و نـاكرێ شـوێنەكانیان بدۆزینـەوە و بـە وردی دەستنیشانیان بكەین كە كەوتوونەتە كوێ، ئەوانیش بریتی بوونە لە:

نوشی یان موشی، قەلآی جدیدە كە ئەمە ناوەكەی لە كتێبی (الكامل) بە هەڵە كراوەتە جزیرە، خەلی كەهیجە، راستییەكەی: گەلی كەهیجەیە، بابۆ خەلۆ، راستییەكەی: بابۆخەكییـە، ئێستاكە ناحیەیەكی ناوچەی دۆسكییە، شوێنەواری قەلآی موندەریـسەشی لـێ مـاوە، بـاكزا، راستتر ئەوەیە، ئەمە گوندی باكۆزی ئێستایە، نسباس، كـونس، مـازگرد، مابرمـا، ملاسـی،

قەڵای (جلاب). (ابن الاثیر)یش باسی ئەوە دەکات کە ئەمە قەڵای عەمادییە خۆیەتی، چیای صور، یان جلصوری کە ئەمە: گوندی (گلە سوری)یە، بامردنی (بامەڕنی)، باسفری، چیای جار — چیای طارە، گوندی جوزە (تجارب الأمم، ٣٩٢/٢-٣٩٣، معجم البلدان، ٣٢٤/١، ٣٣٠، ١٥٤/٢، ١٨٤، ٤٠٣/٥، الکامل،٣٤٣/٨-٣٤٤).

هەروەها چیاکانی هەکاری شوێنێکی ئارامی و پەناگەی شاراوەیان بۆ قەشە و موژدەدەرە دیانەکان دروستکرد، ئەوانەی کە لەبەر چەوساندنەوە و فشاری ئەباتیرەی بێزەنتە، یان لەبەر ستەم و زوڵمی پیاوە ئاینییە جوولەکەکانی وڵاتی شام و فەڵەستین رایانکردبوو کە ئەمەش یەك لەو هۆکارانە بوو کە بە هۆیەوەی هەر لە سەدەی سێیەمی زایینییەوە مەسیحییەت دزەی کردە وڵاتی هەکاری و هەرێمی جزیرە بە گشتی و لە سەدەکانی دواتر فراوانتر بڵاوبووەوە، بۆیە کە سەردەمی ئیسلامی هاتە پێش، وڵاتی هەکاری زۆرێك دێر و کەنیسەی مەسیحیانی لەخۆ دەگرت. (معجم البلدان، ٤٩٦/٢، ٤٩٩، ٥٠٤، ٥١١)

## دروستبوونی میرنشینی هەکاری:

میرانی هەکاری بە شێوەی میرانی هاوشانی خۆیان لە ناوچەکانی دەوروبەریان، هەر لە ساڵی (٣١٧ك/٩٢٩ز)یەوە، بێ ئەوەی پەیوەندییەکانیان بە حەمدانییەکانی خاوەنانی موسڵ و دەوروبەری بپچڕێنن، دەستیان گرت بەسەر قەڵاو حصنەکانی قووڵایی چیاکانی هەکاری، لەوانە: ئامیدا (عەمادیە)، ئاشب، هرور، نوشی، کاتێکیش (عضد الدولە البویهی) دەستی بەسەر تەواوی موسڵ داگرتوو، (ابی تغلب الحمدانی)ی دەرکرد، لە ساڵانی (٣٦٧-٣٦٨ك/٩٧٧-٩٧٨ز)، وایلێهات قەڵاکانی هەکاری بوونە ئامانجی دووەمی، وای دانا، سەرکەوتنەکانی بەوە تەواو دەبن کە ئەو قەڵایانە بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بە باشیش دەرکی بەوە کرد کە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە موسڵ بکات، لەسەری پێویست دەبێت، تەواوی گرووپە نادۆستەکانی دەوروبەری موسڵ، واتە ئەوانەی وڵاتی هەکاری لەناو ببات، بۆیە لە زستانی ساڵی دواتردا، سوپایەکی گەورەی هەڵکوتایە سەر قەڵاکانی هەکاری و بۆ ماوەیەکی درێژ گەمارۆی دان، بەڵام خاوەنی قەڵاکان خۆیان لە ناو قەڵاکانی خۆیان قایم کرد و هەڕەشەی سەربازەکانی بووەیهی لە ورەی دانەبەزاندن، ئومێدیان بەوە بەستایەوە کە بەفرێکی زۆر بباریێ، بە هۆیەوەی سوپای هێرشهێن گەمارۆکەی بشکێنێ و بکشێتەوە، بەڵام بەفر لە کاتی خۆی نەباری، بۆیە سەرەنجام ناچار بوون کە نامە بۆ فەرماندەی سوپای بووەیهی بنووسن، بۆ ئەوەی



لە بەرامبەر ئەمان و سەلامەتی خۆیان قەڵاکان بدەن بە دەستەوە، فەرماندەی سوپای بووەیهیش ئەو وادەیەی پێدان، ((بۆیە بۆ تەنها یەك رۆژیش ناوچەکانی خۆیان جێنەهێشت، تا ئەو رۆژە هات بەفر باری))، لەولاوە فەرماندەی بووەیهیش لە وادەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە و بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردن، لە هەردوو رەخی رێگەی (معلثایا — موسل) بە درێژی پێنج فەرسەخ/ نزیکەی سی کیلۆمەتر لە خاچی دان (الکامل، ١٠٢/٧، البدایة والنهایة، ٣٨٢/٧).

ئیتر (ابن الاثیر) بۆ ماوەی نیو سەدە لەسەر داگیرکردنی بووەیهییەکان بۆ قەڵاکانی وڵاتی هەکاری، هیچێك لە بارەی سەرۆك و خاوەنە کوردەکانی ئەم وڵاتەی هەکاری باس ناکات، بەڵام لە رووداوەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سوپای بووەیهی نەیتوانیوە ئامانجەکانی وەدی بهێنێت و بە تەواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی هەکارییەکان بێنێت، ئەوەتا شەش ساڵ دوای داگیرکارییەکەیان هەکارییەکان هێرش دێننە سەر موسل و گەمارۆی دەدەن، فشاری خنکێنەر دەخەنە سەر پیاوانی (ابن سعدان)ی وەزیری (صمصام الدولە البویهی) لەو شارە، دیارە مردنی (عضد الدولە)ش لە شەوالی (٣٧٢ك/٩٨٢ز) و تێکچوونی باری ئارامی موسڵ و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی حەمدانییەکان تێدا و ململانێی (باد الکردی) دامەزرێنەری میرنشینی دۆستەکی و (صمام الدولە البویهی) لەسەری، هەموو ئەمانە لەلای هەکارییەکان بە هەل قۆزرایەوە، بۆ ئەوەی کاروباری قەڵاکانیان و سوپاکانیشیان رێکبخەنەوە، دوای ئەوە هێرش بکەنە سەر موسل، چونکە (باد الکردی) وایلێهات خۆی بە خاوەنی موسڵ و پارێزەری خەڵکەکەی دەزانی، بۆیە لە پایتەختەکەی خۆی ـ شارۆچکەی حصن کیفا ـ هاتەدەرو رووەوباشوور هات و رووی کردە موسل کە هەکارییەکان گەمارۆیان خستبووە سەر، بەمە شەڕ لە نێوان هەردوو لا روویدا و تیایدا (باد) سەرکەوت، ئیتر لە دوژمنەکانیدا ئەوانەی کەوتنە ژێر دەستی، ئەوەی کوشتی کوشتی، و ئەوەی بە دیلی گرت بە دیلی گرت، و ماڵ و موڵکەکانیشیانی بە تاڵان بردن (تاریخ الفارقی، ص٥٦).

## شاڵاوی هۆزەکانی غەز بۆ سەر وڵاتی هەکاری:

کاروانی غەزە تورکەکان لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەی زایینی هاتنە نێو هەرێمەکانی وڵاتی ئێران، تا گەیشتنە نێو ناوچە کوردییەکانی هەرێمی ئازەربێجان، دوای سەرهەڵدانی شەڕی خوێناویش لە نێوان ئەوان و کوردە هەزبانییەکانی خاوەنانی وڵاتەکە،

کۆمەڵەیەکی گەورەیان لە غەزەکانی تر جیابوونەوە و لە ترسی میر (وهسوذان کوڕی مملان الكردي الهذباني الروادي) ئازەربێجانیان چۆڵکرد، ئەوانە لە ساڵی (٤٣٢ك/١٠٤٠ز) زنجیرە چیای (سەلماس)یان بڕی و گەیشتنە وڵاتی هەکاری، لەوێ کوردە هەکارییەکان رووبەڕوویان بوونەوە و شەڕێکی توند لە نێوان هەردوو لایاندا روویدا، لە ئەنجامدا کوردە هەکارییەکان رایانکرد و غەزەکان بوونە خاوەنی ژن و منداڵ و ماڵ و موڵکەکانیان، ئیتر کوردەکان خۆیان لەنێو چیایە سەختەکان و تەنگەبەرەکان قایم کرد (الكامل، ٧/٣٤٠)، بەڵام غەزەکان بەدوایاندا چوون و گەیشتنە قووڵایی چیا و دۆڵەکان، لەوێ لەنێو تەنگەبەر و پێچەکان کوردەکان بۆسەیان بۆ دانانەوە و زیانی گیانی گەورەیان لێدان، بە پێی خەملاندنی (ابن الأثير) لەم شەڕانە نزیکەی هەزار و پێنجسەد کەسیان لێ کوژرا، هەروەها ژمارەیەکیان لێ بەدیل گیرا، لە نێویاندا حەوتیان لە میرەکان بوون، سەدیش لە گەورە پیاو و ناودارەکانیان بوون، هەروەها کوردان ئەسپ و کەلوپەل و کاڵاکانیان لێ بە غەنیمە گرتن و هەموو ئەوەیان لێ سەندنەوە کە لە وڵاتی هەکاری لەوانیان دزی بوو و تاڵانیان کردبوو، ئیتر غەزە رزگاربووەکانیش پەرش و بڵاوبوون و لە نێوان چیاو دۆڵەکاندا خۆیان لە غەزێتی بوارد، بەمە لە کۆی زیاتر لە سی هەزار غەز کە هاتبوونە ناو شار و هەرێمەکانی: ئازەربێجان، هەکاری، زۆزان، قردی و بازبدی، حسنییە، بیشخابور، شار و ناوچەکانی دیاربەکر و موسل و ناوچەکانی تر، ژمارەیەکی کەمتر لە پێنج هەزار نەفەریان نەبێ، دەنا کەسی دیکەیان سەلامەت دەرنەچوون (الكامل، ٧/٣٣٩-٣٤٢).

سەرچاوەکان لە بارەی ماوەی دوای هێرشی غەزەکان بۆ سەر وڵاتی هەکاری و تا دەیەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/ سێزدەی زایینی هیچ زانیارییەك لەسەر باری ناوخۆیی ئەو وڵاتە بەدەستەوە نادەن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، بە سەرهەڵدانی سەلجوقییەکان ـ کە ئەمانە تایەفەیەك بوون لە غەزەکان ـ و چوونە ناویان بۆ بەغدای پایتەخت لە ساڵی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) و دەستگرتنیان بەسەر هەرێمەکانی خەلافەی عەباسی، بووە هۆی رووخانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد، چونکە دروستبوونی دەوڵەتەکەیان بە شێوەیەکی خراپ و بەهێز کاری کردە سەر مێژووی سیاسیی کورد، ئیدی ئەوەبوو زۆربەی میرنشین و دەسەڵاتە کوردییە خۆجێیەکان لە بەرامبەر شاڵاوی سێ سوڵتانە سەلجوقییە گەورەکان طغرل بك (٤٢٩-٤٥٥ك/ ١٠٣٧-١٠٦٣ز) و الب ارسلان (٤٥٥-٤٦٥ك/ ١٠٦٣-١٠٧٢ز) و مەلکشاه (٤٦٥-٤٨٥ك/ ١٠٧٣-١٠٩٢ز) خۆیان نەگرت و رووخان، دیارە رووخانی لە ناکاوی میرنشینی مەڕوانیش لە ساڵی (٤٧٨ك/ ١٠٨٧ز) باشترین بەڵگەیە لەسەر سروشتی سیاسەتی



سەلجوقییەکان بەرامبەر میرنشینە کوردییەکان، (شەرەفخانی بەتلیسی) راست بووە کە گووتوویەتی: سەلجوقییەکان لەبەرایی ئەو فەرمانڕەوایانە بوون کە دوژمنانە رووبەڕووی فەرمانڕەوا کوردە نیشتمانییەکان بوونەوە و لێیان دان (شرفنامە، ص٦٠٧).

## گرنگترین میرانی هەکاری

**١ـ میر (أبو الهيجاء کوڕی عبدالله کوڕی أبي الخليل کوڕی مەرزەبانی هەکاری (؟-٥٣٠هـ/ ١١٣٦ز):**

ئەمە یەکەم میرێکە لەو میرانەی هەکاری کە ناسرا بێت، سەرەتای چالاکییە سیاسییەکانی بۆ ساڵی (٤٨٩ك/١٠٩٦ز) دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی کە یەکێك بوو لە خەلیفەکانی میر (محمد کوڕی شرف الدولە مسلم کوڕی قورەیشی عەقیلی) (٤٧٨-٤٨٩ك/١٠٨٥-١٠٩٦ز) (الكامل، ٨/١٨٠).

دوای ئەوە میر (ابو الهيجاء الهكاري) بە دەستگرتن بەسەر قەڵاو حصنەکانی دەوروبەری، دەستی کرد بە بەهێزکردنی خۆی و فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەوەش وەکو پێشینە و زەمینەخۆشکردنێك بۆ دامەزراندنی میرنشینێکی بەهێز، لەمەدا رووخانی میرنشینی عەقیلیی لە ساڵی (٤٨٩ك/١٠٩٦ز) و دروستبوونی باری نائارامی و شڵەژاوی موسل و دەوروبەری، بە هەلزانی کە ئەم بارەی موسل لە ئەنجامی توندی ململانێی نێوان سەرکردە تورکەکان لەسەر داگیرکردن و فەرمانڕەواییکردنی ئەوناوچانە، دروستببوو، چونکە ژمارەیەك سەرکردەی سەربازی بەهێزی تورك بە هۆی هێز و سوپاوە یەك لە دوای یەك دەستیان بەسەردا گرتبوون و فەرمانڕەواییان تێدا کردبوون، ئەوەش سەرەنجام شکستی هێناو ئاژاوەیەکی زۆر ئەو ناوچانەی گرتەوە (الكامل،٨/١٦٦،١٨٠، ٢١٠، ٢٣٨، ٢٤١،تأريخ أبو الفداء،٢/ ٣٣، ٤٠-٤١).

دەکرێ بگوترێ: میر (ابا الهيجاء الهكاري) رەزامەندی خەلافەتی عەباسی بەدەست هێناو لە لایەن خەلیفەوە دان بە میرنشینەکەی دانرا، بڕیاری ئەوەش درا کە: هەموو ئەو قەڵاو حصنانەی لەژێر فەرمانڕەوایەتی ئەو دانە و بریتین لە: ئاشب و ئامیدا (عەمادیە) و جدیدە و گەلی کەهیجە و نوشی هەر لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بمێننەوە (التاريخ الباهر، ص ٦٤، الكامل، ٨/٢٤٣).

لە راستیدا خەلیفەی عەباسی پێویستی بە خزمەتی میر و خاوەن ناوچە کوردو عەرەبەکان هەبوو، بۆ ئەوەی لە پاڵی بووەستن، لە ململانێیە تاڵەکانی لەگەڵ سەلجوقییە تورکەکان، بۆیە

دوودڵ نەبوو لەوەی متمانە و نیشانەی میرێتی بە هەر یەکێك بدات کە داوای دەکرد، میرە کوردەکانیش لە لایەن خۆیانەوە دەسەڵاتی رۆحی و هێزی مەعنەوی خەلیفەیان پێ باشتر بوو لە هەر دەسەڵاتێکی دیکە و وایان ژماردووە، هەر دەسەڵاتی خەلیفە بە تەنیا دەسەڵاتی شەرعییە، بۆیە لە دروستبوونی هەموو ململانێییێکی نێوان عەباسییەکان و سەلجوقییەکان، میرە کوردەکان هەر لە پاڵ خەلیفەی عەباسی وەستاون، هەرچەندە تەرازووی هێزیش لە زۆربەی کاتەکاندا بەلای سەلجوقییەکانەوە بووە.

کاتێکیش خەلیفە (مسترشد) لە ساڵی (٥٢٧ك/١١٣٣ز) گەمارۆی خستە سەر شاری موسل و باری لەسەر (نصیر الدین جقر)ی جێگری (عمادالدین زنکی) بەسەر شارەکەوە تەنگکرد، ماوەی گەمارۆکە درێژبووەوە، هەریەکە لە میر (ابی الهیجاء — أبی الهیج — الهکاری) و میر (عیسی الحمیدی)ی میری عەقرە و بێجگەی ئەوانەش، هاتنە یارمەتی خەلیفە و هێزیان بۆ هێنا و میری هەکاری سەربازێکی زۆری لەگەڵ بوو (المنتظم، ١٠/٣٠، الکامل، ٨/٢٤٣).

بۆیە کە خەلیفە سەرنەکەوت لەوەی بچێتە ناو موسل و بەرەو بەغدا کشایەوە، (عماد الدین زنکی) هەڵسا بە هێنانی چەندین شاڵاوی سەربازی بۆسەر قەڵاکانی حەمیدی و هەکاری و مەهرانی، سەرەتا بە قەڵاکانی حەمیدی دەستی پێکرد، ئەمەش وەکو تیشکی سەوز وابوو بۆ میرەکانی وڵاتی هەکاری و لە سەرووشیانەوە میر (أبی الهیجاء کوڕی عبداللە) کە ئەو بەر لە هی دیکە خۆی دەرکی بەوە کرد، کە قەڵا و موڵکەکانی لەمەولا دەبنە ئامانجی زەنگی، بۆیە نێرراوانی خۆی ناردە لای زەنگی و پارەیەکی زۆریان لە بۆ برد و گوێڕایەڵییان بۆ نواند، دوای ئەوە خۆشی هاتە لای عیمادەدین زەنگی و لە موسل دانیشت، جا وەکو دەردەکەوێت، ئەم میرە کوردە لەو رۆژە پیاوێکی بەساڵاچووی پیر بووە، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی، کە (ئەحمەد)ی کوڕی ململانێی لەگەڵ دەکرد، لەسەر ئەوەی قەڵاکانی لەبەر دەست دەربێنێ و بیانخاتە ژێر چنگی خۆی، بۆیە کاتێك میر (أبي الهیجاء) بەرەو موسل هات، (ئەحمەد)ی کوڕی لە قەڵای (ئاشب) وەدەرنا و بۆ قەڵای (نوشی)ی رەوانکرد، بۆ ئەوەی مەبادا نەبوونی وی لە قەڵاکەی بە هەل بزانێ و دەست بەسەر قەڵاکەدا بگرێ، لە شوێنیشی میرێکی دیکەی کوردی دامەزراند کە بە (باو الارجی) دەناسرا، بۆ ئەوەی ئەمە بە رۆڵی وەسی هەڵسێت، بەسەر کوڕەتەمەن بچووکەکەی کە ناوی (عەلی) بوو (الکامل، ٩/٣٤٣).

(أبو الهیجاء) پاش ماوەیەکی کورت لە موسل کۆچی دوایی کرد، ئەوکاتە (ئەحمەد)ی کوڕی خۆی بە میراتگری شەرعی باوکی زانی، بۆ ئەوەی قەڵاکانی باوکی بخاتە ژێر دەستی



خۆی، تەنانەت بۆ ئەمە خۆی لە (عەلی)ی برا بچووکیشی بە لەپێشتر زانی، بۆیە لە (نوشی) بەرەو (ئاشب) هات، بۆ ئەوەی لە دەست (باو الارجی) دەربێنێ، ئەمەی دوایش خۆی لە قەڵاکە قایم کرد و شەڕی لەگەڵدا کرد، کاتێك زەنگی بەم ململانێیەی میرانی کوردی زانی، بینی هەلە بۆ دەستگرتن بەسەر قەڵاکانی هەکاری، بۆیە بە خێرایی بەرەو (ئاشب) هات، بە زیرەکییەکی سیاسی و بە بەکارهێنانی فێڵ لەگەڵ ئەو خەڵکانەی خۆیان لەناو قەڵاکە قایم کردبوو، توانی ئەو قەڵایە بگرێت و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی، ئیتر زۆرێکی لێ کوشتن و خوێنی کۆمەڵەیەك لەو ((پێشەنگانەی کوردی))شی رژاند، کە هاتبوونە لای و گوێڕایەلی و سۆزیان بۆ نواندبوو، لە نێویشیاندا میر (باو الارجی)، لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا کە لە نێوان زانایان و هەواڵهێنەکاندا باوە، وەها هاتووە: کاتێك زەنگی بووە خاوەنی قەڵای ئاشب، وێرانی کرد، جا لە بری ئەوە، هەڵسا بە بنیاتنانەوەی عەمادیە (الکامل،٨/٣٤٣-٣٤٤،تأریخ أبو الفداء، ٢/٧١).

زەنگی دوای بەجێهێنانی بەشێك لە پلانەکەی کە بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی هەکاری، خاوەنی هەردوو قەڵای (هرور) و (چیای صور)ی بەجێهێشت و دەستی لێ نەدان، چونکە بە پێی بۆچوونی ئەو: ((ئەوان شتێکی وەهایان نەبوو، لێیان بترسێ))، ئیتر گەڕایەوە موسل، جێگرو دزداری قەڵاکانیشی (نصیر الدین جقر) درێژەی دا بە هێرش و کردە سەربازییەکانی بۆ گرتنی زۆرێکی دیکەی قەڵاکانی هەکاری، ئەوەبوو هەریەکە لە قەڵاکانی (ئاشب) و (نوشی) و خەلی کەهیجە (گەلی کەهیجە) و جولاب (کولاب)ی گرتن و خاپوری کردن، هەروەها سەربازەکانی ئاراستەی قەڵاکانی هۆزی مەهرانی کرد، لەوێش قەڵاکانی شەعبانی و زەعفەران و فەرەح وکواشی و سروهی گرت و هەمووانی خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەمەش ناوچەی چیاکانیان بۆ یەکلابووەوە و کێشەی تێدا نەما (الکامل ٨/٣٤٤).

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە (ابن الاثیر) دان بەوەدا دەنێ، ئەو بە ساڵ نازانێ کەی زەنگی و نصیر الدین جقری جێگری ئەو قەڵایانەیان گرتووە، ئاشکراشی دەکات کە سەرچاوەی بۆ ئەو رووداوانە، کۆمەڵێك گێڕەرەوە و هەواڵهێنانی کورد بوونە کە ئەوانیش هەواڵ و گێڕانەوەکانیان لەگەڵ یەکتری جیاوازی هەیە و تەواو یەکتری ناگرنەوە، بۆ نموونە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (الکامل) باس لە رووداوەکانی ساڵی (٥٣٧ك/ ١١٤٢ز) دەکات، دەڵێ: زەنگی لەو ساڵەدا قەڵای (ئاشب)ی فەتحکرد، هەر لەو ساڵەدا خابوری کرد و عەمادیەی بینا کرد

(الكامل ٩/٥-٦)، بەڵام لە کتێبەکەی تری بە ناونیشانی (الباهر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زەنگی گەمارۆی خستە سەر قەڵای شەعبانی، پاشان فەتحی کرد و خاپووری کرد، ئینجا فەرمانی دەرکرد بە بیناکردنی عەمادییە لە باتی ئەو (التأریخ الباهر، ص ٦٤).

بەڵام قەڵاکانی دیکەی هەکاری، هەندێکیان تا دوای کوژرانی عیمادەدین زەنگیش لە ساڵی (٥٤١ك/ ١١٤٦ز) هەر مانەوەو پارێزگارییان لە دەسەڵاتی خۆیان کرد، بە تایبەت ئەو قەڵایانەی دەکەوتنە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی هەکاری، کە لە ڕاستیدا زۆربەیان قەڵای بچووك و خاوەن مێژووی نادیارن.

(نصیر الدین جقر) لە ساڵی (٥٣٩ك/ ١١٤٤ز) لەسەر دەستی (الب ارسلان کوڕی سوڵتان مەحمودی سەلجوقی) کوژرا، زەنگی ئەوکاتە لە حاڵی فەتحکردنی قەڵای بیرە - یەك لە قەڵاکانی باکوری وڵاتی شام - بوو، بەڵام کە ئەمە ڕوویدا، گەمارۆکەی شکاند و بە خێرایی گەڕایەوە موسڵ، ئەمەش لە ترسی ئەوەی مەبادا لە ماوەی نەبوونی ئەو لە شارەکە خەڵکی موسڵ ڕاپەڕن، ئیتر گەیشتەوە موسڵ و (زین الدین علی کوجك کوڕی بەکتکین)ی دامەزرێنەری ئەتابکیەی هەولێری لە جێی جێگرە کوژراوەکەی دانا.

(زین الدین علی کوجك) تا ساڵی (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز) وەکو جێگری موسڵ مایەوە، عەمادییەو ناوچەکانی سەر بە عەمادیەشی بۆ یەك لە مەملوکەکانی خۆی بە ناوی (قەراجا) بڕیەوە، هەروەها ئەو کارانەی تەواو کرد کە زەنگی دەستی پێکردبوون، بۆ دەست گرتن بەسەر وڵاتی هەکاری، ئەوە بوو سنوورەکانی ئەو ناوچە شاخاویانەی بەزاند و هاتە ناویان، دەستی بەسەر یەکە یەکەی قەڵاکانی ئەو ناوچەیەدا گرت، بە تایبەت ئەو قەڵایانەی کە کەسانی پێشە خۆی، هەموو دەستەوسان ببوون، لە داگیرکردنیان، لەوانە: قەڵاکانی جبل صور (جەلصوری — گەلیی سوری) و هرور و مەلاسی و مابرما و بابوخکی و باکزا و نسباس، بەم شێوەیەش پەردەی بەسەر قۆناغێکی دیکەی، قۆناغەکانی سەربەخۆیی خودی هۆزە کوردییە هەکارییەکاندا هێناو خۆی، واتە (زین الدین علی کوجك) وایلێهات، ئیتر بوویە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی هەکاری و هەولێر و شارەزوور و عەقرە و هەموو ئەو قەڵاو حصن و پێگانەش کە تیایاندا بوون (الکامل٨/٣٤٣).

**٢ـ میر مبارز الدین أبو الفضل أحمد کوڕی حسن الهکاری:**

مێرێکی نادیارە، نازانرێ کەی بووەتە فەرمانڕەوای هەکاری، هەروەها ئەوەش نازانرێ کە پەیوەندی بە میر (أبی الهیجاء)ەوە چۆنە، (أبن الفوطي) لە بارەیەوەی دەڵێت: ((لەو میرانە



بووە کە دەستی گرتووە بەسەر چیاکانی هەکاری، قەدرێکی گەورەی هەبووە، یادێکی باشی هەبووە، زۆر سەخی و پیاوانە بووە)) (معجم الألقاب،٤/٣٢٢).

لەگەڵ گەورەبوونی پایەی (ئەسەدەددین شێرکۆ) و (سەڵاحەددین)ی برازای، سەرۆك و خاوەنانی قەڵاکانی هەکاری پەیوەندییان بە سوپای ئەیوبییەوە کرد، هەندێکیان بوونە گەورە فەرماندەکانی ئەو سوپایە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو پیاوانی هۆزی هەکاری لەگەڵ هۆزەکانی هەزبانی وحەمیدی و زرزاری و مەهرانی بە درێژایی مێژووی ئەیوبییەکان، بڕبڕەی پشتی سوپای ئەیوبییان پێکهێنا، زۆربەیان لە وڵاتی شام و میسر نیشتەجێ بوون، لەوانە دیارترینیان:

١ـ میر (سیف الدین أبو الحسن علی کوڕی أحمد کوڕی أبی الهیجاء)ی ناسراو بە (المشطوب الهکاري).. ئەمە نەوەی میر (أبی الهیجاء)ە، ((میر و گەورەی کوردان بووە)) هەروەها لە دیارترین میرە کوردەکانی سوپای (سەڵاحەددین ئەیوبی) بووە، لە ساڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ز) کۆچی دوایی کردووە.

٢ـ میر (عماد الدین أحمد کوڕی سیف الدین المشطوب الهکاری).. لە ساڵی (٥٧٥ك/ ١١٧٩ز) لە دایکبووە و لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) لە بەندیخانەدا مردووە، گەورەترین میرەکانی میسر بووە، تەواوی میرە کوردەکان گوێڕایەڵ و شوێنکەوتەی ئەمە بوونە.

٣ـ میر (بدر الدین محمد کوڕی أبی القاسم کوڕی محمد الهکاری).. لە گەورە سەرکردەکانی (الملك المعظم الایوبي)ی و لە راوێژکارە نزیکەکانی بووە، خاوەنی هەڵوێستی بەناوبانگ بووە، لە شەڕی خاچپەرستان، لە شاری (قودس)دا قوتابخانەیەکی بۆ (شافیعییەکان) دروستکردوو چەندین موڵکی وەکو وەقف بۆ دانا، لەگەڵ میرێکی دیکەی کورد بە ناوی (سیف الدین کوڕی مەرزەبان) لە شەڕی (طور) لەگەڵ فەرەنجە خاچپەرستەکان لە ساڵی (٦١٤ك/ ١٢١٧ز) کوژران، خەڵك بۆیان گریا.

٤ـ خەلیلی هەکاری حاجب.. لە شەڕی گەورەی عەککا لە ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) کوژرا.

٥ـ میر (مجلی کوڕی مروان الهکاری).. لە شەڕی گەورەی عەککا کوژرا.

٦ـ میر (الظهیر الهکاری).. ئەمە ئەو پیاوەبوو کە ((ئازایەتی و ئاین و زانستی کۆکردەوە))، برای فەقیھ (عیسای هەکاری)یە، دوو برای لە ساڵی (٥٧٣ك/ ١١٧٧ز) بە دیل گیران، خۆشی لە شەڕی گەورەی عەککا کوژرا، دوای ئەوەش ئەو سێ میرە کوردە و هی دیکەش لە ((ئازایە ئارامگرتووەکانی شەڕگەکان)) کوژران، کەس نەمایەوە بە رووی خاچپەرەستەکاندا بووەستێتەوە، ئیتر لە پێشەوە هێرشیان هێناو روویان کردە ئەو گردەی خێمەی (سەلاحەددین)ی بەسەرەوە بوو و خەریکبوو بە دیلی بگرن.

٧ـ فەقیھ عیسای هەکاری.. ئەمە (فەقیھ و سەربازێکی ئازا و چاکەکار بوو)، راوێژکاری سیاسی و سەربازی (سەلاحەددین) بوو، پێشتریش لە سوپاری (أسد الدین شێرکۆ) خزمەتی کردبوو، لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) کوژرا.

٨ـ میر (عزەدین عمر کوڕی مجلی الهکاری).. لە میرانی (الملك الاشرف موسی)ی (٦١٥-٦٣٥ك/ ١٢١٨-١٢٣٧ز)ی کوڕی (الملك العادل الایوبی)و پێشەنگی سوپای (حەلەب)ە، ((لە ئازایەتیدا پلەیەکی بەرزی هەبوو و سیفەتێکی جوان و خووڕەوشتێکی بەرزی هەبووە)) (الکامل،٢٠٣/٩، ٣٨١، الروضتین،٢٠٨،٥٤/٤،وفیات الأعیان،١٨٠/١-١٨٣).

لە لایێکی دیکەوە، وڵاتی هەکاری سەرهەڵدانی بنەماڵەی مەنکەلانی بەخۆیەوە دیت کە پایتەختەکەیان جۆلەمێرگی پارێزراو بوو، ئەوانیش بنەماڵەیەکی دیکەی هەکاری بوون، وردە وردە شوێنی بنەماڵەی (ابی الهیجاء)یان گرتەوە، بەمە بنکەی هەکاریش وردە وردە لە قەڵای عەمادیەوە بۆ جۆلەمێرگ گوازرایەوە. (بڕوانە: الجولمیرکیە).

**ـ هاواری ـ الهواریة:**

هۆزێکە خاوەن مێژوویێکی نەزانراوە، وەها وەسفکراوە، کە ((تایەفەیەکی کوردانن))، لە یەکێ لە لایەنەکانی شارەزوور نیشتەجێ ببوو، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی، کە لە ساڵی (٦٧٩ك، ١٢٨٠ز) (محی الدین الصادق)ی ناسراو بە (ابن هواری) کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی گوازرایەوە شارەزوور. (معجم الالقاب، ٧٨/٥)، ئێستاکەش هاوار گوندێکی سەر بە هەڵەبجە ـ شارەزوورە، خەڵکەکەی کاکەیین.



(هەواری) بە هۆی شێخی زاهید (أبو بکر الهواری البطائحي) ناوبانگی دەرکرد کە ئەویش لە دیارترین پێشەنگەکانی بزووتنەوەی تەسەووفە لە ماوەی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەی زایینی لە عێراق، پایەیەکی گەورەی و رێزێکی زۆری هەبوو، گەورە شێخەکانی تەسەوف و زوهد و تەقوا ئینتیمایان بۆی هەبوو ((خەڵکێکی زۆر لە دەوڵەمەندەکان بە قسەی ئەویان کردووە، شێخ و زانایان لەسەر ئەوە یەکڕانە کە کەسێکی خاوەن رێز و گەورەیی بووە، شایانی ئەوە بووە، بۆ گوتە و داناییەکانی بگەڕێنەوە، لە هەموو وڵاتێکەوە خەڵك هاتۆتە سەردانی...، کەسێك بووە سیفەتەکانی جوان بوونە، رەوشتی بەرز بووە، لە رووی ئەدەبەوە زۆر تەواو بووە، زۆر خاکی بووە، تا ئەوپەڕی توند بووە لەسەر دەستگرتن بە حوکمە شەرعییەکان...))، (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)ش یەك لە موریدەکانی بووە، (بهجة الإسرار، ص١٣١—١٣٣، قلائد الجواهر، ص ٧٨).

(ابن الفوطي) ژیاننامەی یەك لە نەوەکانی شێخ ئەبوبەکری هەواری) نووسیوە کە ئەویش (محی الدین الصادق ابو الحسن علی کوڕی عیسای ناسراو بە ابن هواری العلوی الواسطي) یە، دەڵێت: ئەو لە منداڵی شێخە خواناسەکان بووە، بەڵام نازانرێ بۆچی بنەچەی برداوەتەوە سەر مەککە، چاکەی موسڵمانبوونی زۆرێکی مەغۆل و تورکەکان بۆ ئەم پیاوە دەگەڕێتەوە. (معجم الالقاب، ٧٨/٥).

**ـ ورکجی ـ ورکجیة (؟):**

هۆزێکی تەواو نادیارە، مەقریزی تاکە سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ کردبێت، بەڵام ناوی ئەم هۆزە، وەکو ناوی هەر هۆزێکی دیکەی هاوشێوەی لە هەردوو کتێبی مەقریزی (السلوك، ٤/١، الخطط المقریزیة، ٤٠٥/٣) بە شێواوی هاتووە.

**ـ یەعقوبی ـ الیعقوبیة:**

لە هۆزەکانی رۆژهەڵاتی موسلن، لە ماوەی سەدەی سێزدەیەمی کۆچی- نۆزدەی زایینی، لە (مەرج) قەراریان دەگرت، پیاوەکانی چوونە پاڵ بزووتنەوەکانی (خەواریج)ەکان، کە لەو کاتەدا ئەو هێزە لە هەرێمی جزیرە چالاك بوون و (مساور کوڕی عبد الحمید الشاری) سەرۆکایەتیی دەکردن، لە پاش ئەویش سەرۆکایەتی بۆ (هارون کوڕی عبد الله البجلی) گوازرایەوە، دواتر وای لێهات کوردانی یەعقوبی بزووتنەوەیەکی خەواریجی تایبەت بەخۆیان

بۆ دروستبوو، سوپای خیلافەت سێ جاری لەسەر یەك لە ساڵەکانی (٢٥٨هـ/٨٧٢ز)، (٢٦٦ك/٨٨٠ز)، (٢٧٣ك/٨٨٧ز) لەگەڵیان بە شەڕ هات، بەڵام لە دوایین شەڕدا کە لە (سوق الأحد) لە دەوروبەری موسل ئەنجامدرا، سەرکەوتن بووە بەشی یەعقوبییەکان. (الکامل، ٦/٦١،٢٤).

لە سەدەی دواتریش، مەسعودی ئاماژەی بۆ یەعقوبییەکان کردووە، گوتوویەتی: ئەمانە لەگەڵ جورجان لەسەر ئایینی نەصرانین، لەمەشدا دیارە بە هەڵە چووە، چونکە تێکەڵیەکی لە نێوان یەعقوبییەکان و یەعاقیبەکان، کە ئەمەی دووەم گرووپێکی نەصرانینە، بەڵام ئەمی یەکەم، واتە یەعقوبییەکان موسڵمانن، هەر مەسعودی وڵاتی یەعقوبیەکانیشی بە ((ئەو ناوچەیەی لە دوای موسل و چیای جودییەوە دێ)) دەستنیشانکردووە، (مروج الذهب، ١٢٤/٢)، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پێدەچێت بۆیە لە شوێنی بنجی خۆیان کە (مروج)ە کۆچیان کردبێ، چونکە لەوانەیە لەترسی تەنگ پێ هەڵچنینی سوپای موسل، یانیش لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێ کە وەرزی گەرمی هاوین بچن لە لەوەڕگا هاوینییەکانیان لەسەر لوتکەی چیای جودی بەسەرببەن. ئیتر دوای ئەوە هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە هەواڵی یەعقوبی ون دەبێت.

## هۆزانی دیکە:

لە ماوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا گەلێ هۆز و تیرە و تایەفەی دیکەی کوردی هەبوون، هەر لە سەدەی شازدەیەمەوە ناسرابوون، بەدلیسی ئاماژەی بۆ کردوون، زۆربەشیان تا ئێستاش پارێزگاری لەو ناوانەیان دەکەن، بەڵام سەرچاوەکانی بەر لە سەدەی ئاماژەبۆکراو، خاڵینە لە بوونی هەر زانیارییەك لە بارەیانەوە، بۆیە شەرەفنامە وەکو تاکە سەرچاوە لەبارەیانەوە دەمێنێتەوە، لەوانە:

**ـ لە صاصون و حصن کیفا و خیزان و فنك:**

بابوسی، سوسانی، تەموقی(؟)، خالدی، دیرمغاری، عزیزان، شقاقی (شکاك)، آشتي، محلبی، أستورکی، کوردلی کبیر، کوردلی صغیر، رشان، کیشکی، جلکی، خندقی (؟)، سوهانی، بیدیان، میران، کوینە (کویان) بلیلان (شەرەفنامە، ص٣٠٥ - ٣١٠، ٣٦٣– ٣٦٤، ٣٨٦).



**ـ لە بەهدینان (هە کاری کۆن):**

مزوری، رادکانی (ریکانی)، بروری (برواری)، محل (؟)، سیاب کوری، تیلی، بهل (نهل) (شەرەفنامە، ص٢٥٤–٢٦١).

**ـ لە وڵاتی گۆران (کوردستانی ڕۆژهەڵات):**

زند، حصیری (؟)، شهرزووری، متیلج؟، هورمزیار، أمیناد (؟)، مملوی (مملی)، گوندی مەملێ قەزای چەمچەمال ـ کەرکوك ـ یش لەوانەن، کێز — کلانی، زکتی، کرانی، کلکیری، هی، جمشکزاك (ئەمەش قەڵاو شارۆچکەیەکە لە دیاربەکر) عربکیرلو (شوێنێکە لە دیاربەکر). لەگەڵ بیست و چوار هۆزی دیکە لە قەراباغ کە شەرەفخان ناوەکانی ئاشکرانەکردوون. (شەرەفنامە، ص٥٥١- ٥٥٢).

# پاشكۆكان

**پاشكۆی (١)**

القبائل الكردية وانسابها عند المسعودي (ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م)

... وما قلنا من الاكراد فالاشهر عند الناس، والاصح من انسابهم، أنهم من ولد ربيعة بن نزار، فأما نوع من الاكراد — وهو الشوهجان بلاد ما بين _ ماهين _ الكوفة والبصرة، وهي أرض الدينور وهمذان — فلا تناكر بينهم أنهم من ولد ربيعة بن نزار بن معد، والماجردان — وهم من الكنكور ببلاد اذربيجان والهلبانية_الهذبانية_ والسراة وما حوى بلاد الجبال من الشاذنجان واللزبة_اللرية_ والمادنجان، والمزدنكان والبارسان والخالية_الجلالية_ والجابارقية والجاوانية والمستكان ومن حلَّ بلاد الشام من الدبابلة_الدنابلة_ وغيرهم، فالمشهور فيهم انهم من مضر بن نزار، ومنهم اليعقوبية والجورقان وهم نصارى، وديارهم مما يلي بلاد الموصل وجبل الجودي،وفي الاكراد من رأيهم رأي الخوارج والبراءة من عثمان وعلي رضي الله عنهما(مروج الذهب،١٢٤/٢).

وكذلك الاكراد عند الفرس من ولد كرد بن اسفنديار بن منوشهر منهم البازنجان والشوهجان والشاذنجان والنشاورة والبوذيكان_البرزيكان_ واللرية والجورقان والجاوانية والبارسيان والجلالية والمستكان والجابارقة والجروغان والكيكان والماجردان والهذبانية وغيرهم ممن بزمام فارس وكرمان وسجستان وخراسان واصبهان وارض الجبال من الماهات، ماه الكوفة، وماه البصرة، وماه سبذان والايغارين وهما البرج وكرج أبي دلف وهمذان وشهرزور ودراباذ و الصامغان واذربيجان، وارمينية واران والبيلقان، والباب والابواب، ومن بالجزيرة والشام والثغور.

وقد ذهب قوم من متأخري الاكراد وذوي الدراية — منهم من شاهدناهم فيما ذكرنا من البلاد — إلى انهم من ولد كرد بن مرد بن صعصعة بن حرب أبن هوازن.

ومنهم من يرى انهم من ولد سبيع بن هوازن، وحرب وسبيع عند نساب مضر درجا فلا عقب لهما، وانما العقب لهوازن من بكر بن هوازن.

ومن الاكراد من يذهب إلى انهم من ربيعة ثم من بكر بن وائل، وقعوا في قديم الزمان لحروب كانت بينهم إلى ارض الاعاجم وتفرقوا فيهم، وحالت لغتهم، وصاروا شعوباً وقبائل(التنبيه و الاشراف،ص٩٤).



**پاشكۆی (٢)**

**قبائل اللرّ الكردية واصولها**

**عند حمدالله المستوفي (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م)**

**فصل يازدهم از باب جهارم**

در زبدة التواريخ آمده كه وقوع [اين اسم بـ ـر آن]قوم، بوجهى كويند از آن است كه در ولايت مانرود دهى است كه آن را كرد خوانند ودر آن حدود بندى كه آن را بزبان لرى كول خوانند ودر آن بند موضعى كه آن را لر خوانند جون در اصل ايشان از آن موضع بر خاسته اند، از آن سبب ايشان را لر كفته اند.

وجه دوم آنكه بزبان لرى، كوه بردرخت را لر كويند، بكسر راءِ. بسبب ثقالت رى كسرهء لام را بضمه بدل كردند ولر كفتند.

وجه سيوم آنكه شخصى كه اين طايفه از نسل اواند، لر نام داشته است و قول اول درستتر مى نمايد وهر جيز كه در آن ولايت نبوده بزبان لرى نام ندارد و بمجاز از نقل زبانى ديكر نامى بر آن اطلاق كرده اند. وسبب ظهور قوم لران بعضى كويند آنكه سليمان بيغمبر (ع) معتمدى به تركستان فرستاد تا جهت او جند كنيزك خوبروى بكر بياورند وحرزى در او آموخت تا در راه از شر شياطين ايمن باشد. آن مرد بوقت مراجعت با كنيزكان، در مرحلهء كول مانرود، حرز فراموش كرد وكنيزكان راشياطين بكارت زايل كردند، بر صورت آن مرد معتمد. جون سليمان كنيزكان را نيبه يافت، ازآن مرد تفحص نمود كه هر كزحرز فراموش كردى؟ كفت بلى در آن مرحله. سليمان دانست كه اين فعل شياطين كرده اند. آن كنيز كان را با همان موضع فرستاد و از ايشان فرزندان آمدند. لران اند واين روايت ضعيف است كه در حق كيلكان همين كويند.

وجهى ديكر آنكه جمعى اعراب بر سليمان (ع) عاصى شدند وبدان ولايت رفتند. با آن كنيزكان بتغلب دخول كردند. سليمان آن كنيزكان هم بدان ولايت فرستاد. ازيشان فرزندان آمدند. حق تعالى وبائى بر آن ولايت مسلط كرد كه بغير از آن فرزندان نماندند واين قول بيش لران اصح است. زيرا كه در زبان لرى الفاظ عربى بسيار است. اما اين ده حرف در زمان لرى نمى آيد: ح خ ش ص ض ط ظ ع غ ق.

**اتابك هزار سف:**

كه [مهين وبهين همه] بود، قائم مقام بر شد وعدل وداد ورزيد. در عهد او ملك لرستان رشك بهشت كشت وبدين سبب اقوام بسيار از جبل السماق شام بدو بيوستند: جون كروه عقيلى

از نسل علی بن ابی طالب وکروه هاشمی از نسل هاشم بن عبد مناف ودیکر طوایف متفرق جون: استرکی، مما کویه، بختیاری، جوانکی، بیدانیان، زاهدیان، علائی، کوتوند، بتوند، بوازکی، شوند، زاکی، جاکی، هارونی، آشکی، کوی لیراوی، مموییی، یحفومی، کمانکشی، مماسنی، ارملکی، توانی، کسدانی، مدیحه، اکورد، کولارد، ودیکر قبائل که انساب ایشان معلوم نیست. جون این جماعت به هزار اسف وبرادران بیوستند، ایشان را قوت و شوکت زیاد شد، بقایای شولان بزخم شمشیر از آن ولایت بیرون کردند ویکبار بر آن مستولی شدند.

**لر کوجك:**

در مقدمة ذکر مقام لران وسبب وقوع اسم لری بر ایشان یاد کرده که در کول مانرود بوده اند. جون در آن کول مردم بسیار شدند، هر کروهی بموضع رفتند وایشان را بدان موضع باز خواندند، جنانکه سیوانی، جنکروی، اوتری وهر قبیله ای از لران که در آن کول مقام نداشتند، لر اصلی نباشندو شعب ایشان بسیار است جنانکه کوشکی، لنبکی، روز بهانی، ساکی، شادلوی، داودی، عباسی، محمد کاری، وکروه جنکروی، که امرای لر کوجك وخلاصهء ایشانند از شعبهء سلبوری باشند و از شعب دیکران این اقوامند: کارند رزجنکروی، فضلویی، شنوندی، الانی، کاه کاهی، ورخوارکی، دری، ویراوند، مانکره، واری، امارکی، أبو العباسی، علی ممایی، کیجای، خودکی، مدرئی، وغیرهم که منشعب شده اند.

اما قوم سامی، اسان، سهی، ارکی، اکر جه زبان لری دارند، لر اصلی، نیستند ودیکر دیهھاءِ مانرود لر نیستند، روستائی اند و این طوایف تا شهور سنهْ خمسین وخمس مایه هر کز یروری علی حده ند اشته اند ومطیع (تاریخ کزیده، ص٥٣٧-٥٣٨، ٥٤٠-٥٤٢، ٥٤٩-٥٥١).

**پاشكۆی (٣)**

**انساب الكرد وقبائلهم عند المقريزي**

**(ت٨٤٥هـ/١٤٤١م)**

**ذكر من ملك مصر من الاكراد**

اعلم ان الناس قد اختلفوا في الاكراد، فذكر العجم ان الاكراد فضل طعم الملك بيوراسف... ومن الناس من الحقهم بإماء سليمان بن داود عليهما السلام... والاكراد عند الفرس من ولد كرد بن اسفندام بن منوشهر، وقيل هم ينسبون إلى كرد بن مرد بن عمرو بن صعصعة بن



معاوية بن بكر، وقيل هم من ولد عمر ومزيقيا بن عامر أبن ماء السماء، وقيل من بني حامد بن طارق، من بقية اولاد حميد بن زهير بن الحارث بن اسد بن عبد العزى بن قصّي. وهذه اقوال الفقهاء لهم ممن اراد الحظوة لديهم لما صار الملك اليهم.

وإنما هم قبيل من قبائل العجم، وهم قبائل عديدة: كورانية بنو كوران وهذبانية وبشتوية وشاصنجانية وسرنجية وبزولية ومهرانية وزردارية وكيكانية وجاك وكر ودنيلية المروانية انها من بني مروان بن الحكم،ويزعم بعض الهكارية انها من ولد عتبة بن أبي سفيان بن حرب(الخطط المقريزية، ٣/٤٠٤-٤٠٥، والسلوك، ١/٤).

**- ليستى ژێدەر و سەرچاوەکان (المراجع والمصادر):**

یەکەم: سەرچاوە عەرەبی و وەرگێڕدراوەکان بۆ عەرەبی:
- الابشيهي، بهاء الدين ابو الفتح محمد بن احمد بن منصور (ت٨٥٤هـ/١٤٥٠م).
- المستطرف في كل فن مُستظرف، دار الفكر (بيروت ١٩٩٩).
- أبن الاثير، عز الدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الجزري (ت٦٣٠هـ/١٢٣٢م)
- التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، دار الكتب الحديثة (القاهرة ١٩٦٣).
- الكامل في التاريخ، دار الفكر (بيروت ١٩٧٨).
- اللباب في تهذيب الانساب، مكتبة المثنى (بغداد (د.ت)).
- الادريسي، الشريف ابو عبدالله محمد بن محمد بن عبدالله (ت٥٦٠هـ/١١٦٥م).
- نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية (القاهرة ٢٠٠٢).
- اسامة بن منقذ، مؤيد الدولة أبو مظفر اسامة بن مرشد (ت٥٨٤هـ/١١٨٨م).
-الاعتبار، حرره فيليب حتي، مطبعة جامعة برنستون (الولايات المتحدة ١٩٣٠).
- المنازل والديار، المكتب الاسلامي للطبع والنشر (دمشق ١٩٦٥).
- الاسنوي، عبدالرحيم بن الحسن بن علي (ت٧٧٢هـ/١٣٧١).
- طبقات الشافعية، دار الكتب العلمية (بيروت١٩٨٧م).
- الاصطخري، أبو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت بعد ٣٤٠هـ/٩٥١م).
- المسالك و الممالك، تحقيق محمد جابر عبدالعال (القاهرة ١٩٦١).
- البدليسي، الأمير شرفخان بن شمس الدين (ت١٠١٠هـ/١٦٠١م).
- شرفنامه، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروزبياني، ط٢ (اربيل٢٠٠١).

- البرزالي، علم الدين، ابي محمد القاسم، بن محمد بن يوسف الأشبيلي، (ت ٧٣٩هـ، ١٣٣٨م).
- المقتفي على كتاب الروضتين، (تأريخ البرزالي)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، الكتبة العصرية، (صيدا، بيروت، ٢٠٠٦م).
- أبن بطوطة، أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن ابراهيم اللواتي (ت٧٧٩هـ/١٣٧٧م).
- رحلة أبن بطوطة — دار الكتب العلمية (بيروت (د.ت)).
- البلاذري، أبو الحسن احمد بن يحيى بن جابر (ت٢٧٩هـ/٨٩٢م).
- فتوح البلدان، دار الكتب العلمية (بيروت١٩٧٨).
- البنداري، الفتح بن علي (ت٦٤٣هـ/١٢٤٥م).
- تاريخ دولة آل سلجوق (بيروت ١٩٨٠).
- سنا البرق الشامي، اختصار كتاب البرق الشامي للعماد الاصفهاني، مكتبة الخانجي، (القاهرة ١٩٧٩).
- بيبرس الدوادار، الأمير ركن الدين بيبرس المنصوري (ت٧٢٥هـ/١٣٢٥م).
- زبدة الفكرة في تاريخ الهجرة، تحقيق دونالد.س.ريتشاردز (بيروت١٩٩٨).
- التادفي، محمد بن يحيى الحليبي (ت٩٦٣هـ/١٥٥٦م).
-قلائد الجواهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، دار احياء التراث العربي (بغداد١٩٨٤).
-أبن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف بن تغري بردي (ت٨٧٤هـ/١٤٦٩م).
-حوادث الدهور على مدى الايام والشهور (منتخبات منه) تحرير وليام بيبر (كاليفورنيا، بيركلي ١٩٣٠).
-المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي، تحقيق نبيل محمد أمين (القاهرة ١٩٨٥).
-النجوم الزاهر في ملوك مصر والقاهرة،(ج١-١٢) دار الكتب المصرية،(ج١٣-١٦) الهيئة المصرية العامة للكتاب (القاهرة ١٩٧٠-١٩٧٢).
- التنوخي، القاضي أبو علي المحسن بن علي (ت٣٨٤هـ/٩٩٤م).
- الفرج بن الشدة، دار صادر (بيروت، ١٩٧٨).
- نشوار المحاضرة واخبار المذاكرة، دار صادر (بيروت ١٩٧٢).
- توما المرجي، توما أسقف المرج (توماس مركه) (القرن ٣هـ٩م).
- كتاب الرؤساء، تعريب الاب البير ابونا (الموصل ١٩٦٦).
- الجزري، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن ابراهيم بن أبي بكر (ت٧٣٧هـ/١٣٣٦م).
- تاريخ حوادث الزمان وانبائه، المكتبة العصرية للطباعة والنشر (بيروت١٩٩٨).



- أبن الجوزي، أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
- المدهش، دار الجيل (بيروت(د.ت)).
- المنتظم في اخبار الملوك والامم،الدار الوطنية (بغداد ١٩٩٠).
- حاجي خليفة، مصطفى بن عبدالله جلبي (ت١٠٦٧هـ/١٦٥٧م).
- كشف الظنون في اسامي الكتب والفنون،دار الفكر (بيروت١٩٩٤).
- أبن حجر العسقلاني، الحافظ شهاب الدين احمد بن علي (ت٨٥٢هـ/١٤٤٨م).
- انباء الغمر بابناء العمر، تحقيق حسن حبشي (القاهرة ١٩٩٤-١٩٩٨).
-تبصير المنتبه بتحرير المشتبه، المكتبة العلمية (بيروت١٩٦٤).
- الدرر الكامنة في اعيان المئة الثامنة، دار الكتب العلمية (بيروت١٩٩٧).
- الحسيني، صدر الدين علي بن ناصر (ت بعد ٦٢٢هـ/١٢٢٥م).
-زبدة التواريخ(اخبار الملوك والامراء السلجوقية)، دار اقرأ، ط٢ (بيروت١٩٨٦)
- الجنبلي، أبو البركات عزالدين احمد بن ابراهيم (ت٨٧٦هـ/١٤٧١م).
- شفاء القلوب في مناقب بني ايوب،تحقيق ناظم رشيد،دار الحرية للطباعة (بغداد ١٩٧٨).
- الحنبلي، مجير الدين عبدالرحمن بن محمد المقدسي (ت ٩٢٧/١٥٢١م).
- الانس الجليل بتاريخ القدس والخليل، المطبعة الحيدرية (النجف الاشرف ١٩٦٨).
-ابن حوقل،ابوالقاسم محمد بن علي النصيبي (ت٣٦٧هـ/٩٧٨م).
-صورة الارض،دار مكتبة الحياة(بيروت١٩٧٩).
- أبو حيان التوحيدي، علي بن محمد بن العباس الشيرازي النيسابوري (ت٤١٤هـ/١٠٢٣م).
- الامتاع والمؤانسة، دار مكتبة الحياة (بيروت(د.ت)).
- حيص بيص، شهاب الدين سعد بن محمد بن سعد الصيفي (ت٥٧٤هـ/١١٧٨م).
- ديوان حيص بيص، منشورات وزارة الاعلام، ج١-٣ (بغداد ١٩٧٤-١٩٧٥).
- أبن خرداذبه، أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله (ت٢٨٠هـ/٨٩٤م).
- المسالك والممالك، دار احياء التراث العربي (بيروت١٩٨٨).
- أبن خلدون، احمد بن محمد بن محمد (ت٨٠٨هـ/١٤٠٥م).
- تاريخ أبن خلدون، دار الفكر، ط٢ (بيروت١٩٨٨).
- أبن خلكان، أبو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر (ت٦٨١هـ/١٢٨٢م).
- وفيات الاعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق احسان عباس، دار صادر (بيروت ١٩٧٧).

- دعبل الخزاعي، (ت ٢٤٦هـ، ٨٦٠م).
- وصايا الملوك، الموسوعة الشعرية (قرص).
- الدواداري، أبو بكر عبدالله بن ايبك (ت٧٣٦هـ/١٣٣٥م).
- الدرة الزكية في اخبار الدولة التركية، تحقيق اولرخ هارمان (القاهرة١٩٧١).
- الدر الفاخر في سيرة الملك الناصر، تحقيق هانس روبرت رويمر (القاهرة ١٩٦٠).
- الدينوري، أبو حنيفة احمد بن داود بن ونند (ت٢٨٢هـ/٨٩٥م)
- الاخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر (القاهرة ١٩٦٠).
-الذهبي، شمس الدين محمد بن عثمان بن قايماز (ت٧٤٨هـ/١٣٤٧م).
- تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، دار الكتاب العربي (بيروت ١٩٩٨-١٩٩٩).
- تذكرة الحفاظ (بيروت١٩٥٦).
-العبر في خبر من غبر و ذيول العبر، دار الكتب العلمية (بيروت(د.ت)).
- سير اعلام النبلاء، دار الفكر (بيروت١٩٩٧).
- معجم الشيوخ، مكتبة الصديق (الطائف ١٩٨٨).
-المشتبه في الرجال، تحقيق علي محمد البجاوي، دار احياء الكتب العربية(د.ت).
- أبن رسته، أبو علي احمد بن عمر (ت٢٩٠هـ/٩٠٣م).
- الاعلاق النفيسة، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٨).
- الروذراوي، ظهير الدين أبو شجاع محمد بن الحسين بن محمد (ت٤٨٧هـ/١٠٩٤م).
- ذيل تجارب الامم، مطبعة شركة التمدن الصناعية (مصر ١٩١٦).
- الزبيدي، محمد بن محمد الملقب بمرتضى (ت١٢٠٥هـ/١٧٩٠م).
- تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق عبدالسلام احمد فراج(د.ت).
- ترويج القلوب في ذكر بني ايوب، تحقيق صلاح الدين المنجد (دمشق ١٩٧١).
أبن الساعي الخازن، أبو طالب علي بن انجب (ت٦٧٤هـ/١٢٧٥م). -
- الجامع المختصر، الجزء التاسع، تحقيق مصطفى جواد (بغداد ١٩٣٤).
- سبط بن الجوزي، شمس الدين أبي المظفر يوسف بن قزاوغلي (ت٦٥٤هـ/١٢٥٦م)
- حوادث (٣٤٥-٤٤٧هـ) تحقيق جنان خليل محمد الهماوندي (بغداد ١٩٩٠).
- مرآة الزمان في تاريخ الاعيان، حوادث (١٠٥٦-١٠٨٦م) (انقرة ١٩٦٨)، الجزء الثامن، حيدر آباد الدكن (الهند ١٩٥١).
- السبكي، تاج الدين أبي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي (ت٧٧١هـ/١٣٧٠م).



- طبقات الشافعية الكبرى، دار احياء الكتب العربية(القاهرة ١٩٦٤).
- السخاوي،شمس الدين محمد بن عبدالرحمن (ت٩٠٢هـ/١٤٦٧م).
- التبر المسبوك في ذيل السلوك، مكتب الكليات الازهرية (القاهرة (د.ت)).
- الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الاسلام ابن حجر، دار ابن حزم (بيروت ١٩٩٩).
- الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة (بيروت (د.ت)).
- السري الرفاء، السري بن احمد بن السري الكندي الموصلي (٣٦٦هـ/٩٧٧م).
- ديوان السري الرّفاء، عنيت بنشره مكتبة القدسي (القاهرة ١٣٥٥هـ).
- أبن سعيد المغربي، أبو الحسن علي بن موسى بن سعيد (ت٦٨٥هـ/١٢٨٦م).
- كتاب الجغرافيا، تحقيق اسماعيل المغربي (بيروت ١٩٧٠).
- السمعاني، أبو سعيد عبدالكريم بن محمد بن منصور (ت٥٦٢هـ/١١٦٧م).
- الأنساب، دار الفكر (بيروت ١٩٩٨).
- السلفي، صدر الدين أبو طاهر احمد بن محمد بن احمد الاصفهاني (ت٥٧٦هـ/١١٨٠م).
- معجم السفر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام (بغداد ١٩٧٨).
- أبو شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي، (ت٦٦٥هـ/١٢٦٦م).
- الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية، دار الكتب العلمية (بيروت ٢٠٠٢).
- ذيل الروضتين، دار الجيل (بيروت ١٩٧٤).
- ابن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم (ت٦٣٢هـ/١٢٣٤م).
- سيرة صلاح الدين الايوبي (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، دار المنار (القاهرة ٢٠٠٠).
- أبن شداد، عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت٦٨٤هـ/١٢٨٥م).
- الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الجزيرة، تحقيق يحيى زكريا عبارة، ج١ (دمشق، ١٩٩١)، ج٣ (دمشق ١٩٧٨).
- تاريخ الملك الظاهر، باعتناء احمد حطيط (بيروت ١٩٨٣).
-الشطنوفي، نور الدين أبو الحسن علي بن يوسف اللخمي (ت٧١٣هـ/١٣١٣م).
- بهجة الاسرار ومعدن الانوار، مطبعة شركة التمدن الصناعية (القاهرة ١٣٣٠هـ).
- أبن الشعار، كمال الدين أبي البركات المبارك بن الشعار الموصلي (ت٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
- قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، ج ٣، دار الكتب للطباعة والنشر بجامعة الموصل (الموصل ١٩٩٢).. وطبعة دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٥).
- الشعراني، أبو المواهب عبدالوهاب بن أحمد بن علي الأنصاري (ت٩٧٣هـ/١٥٦٥م).

- الطبقات الكبرى،دار الفكر (القاهرة ١٩٥٤).

- أبـن شهراشـوب، رشـيد الـدين أبـو جعفـر محمـد بـن علـي بـن شهراشـوب الطبـسي (ت٥٨٨هـ/١١٩٢م).

- معالم العلماء، عنى بنشره عباس أقبال، مطبعة فردين (طهران ١٣٥٣ه).

- شيخ الربوة الانصاري، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن أبي طالب (ت٧٢٧هـ/١٣٢٧م).

- نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٩٨).

- أبن الصابوني، جمال الدين أبي حامد محمد (ت٦٨٠هـ/١٢٨١م).

- تكملة اكمال الكمال، عالم الكتب (بيروت ١٩٨٦).

- الصفدي، خليل بن ايبك (ت٧٦٤هـ/١٣٦٣م).

- اعيان العصر و اعوان النصر، دار الفكر (بيروت ١٩٩٨).

- الوافي بالوفيات، دار احياء التراث العربي (بيروت ٢٠٠٠).

- الصقاعي، فضل الله بن أبي الفخر النصراني (ت٧٢٦هـ/١٣٢٦م).

- تالي كتاب وفيات الاعيان، تحقيق جاكلين سوبلة (دمشق ١٩٧٤).

- الصولي، أبو بكر محمد بن يحيى (ت٣٣٥هـ/٩٤٧م).

- اخبار الراضي بالله والمتقي لله، دار المسيرة، ط٢ (بيروت ١٩٧٩).

- الصيرفي، علي بن داود بن ابراهيم الجوهري (ت٩٠٠هـ/١٤٩٥م).

-نزهة النفوس والابدان في تواريخ الزمان، مطبعة دار الكتب (القاهرة١٩٧١-١٩٧٣).

- الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (ت٣١٠هـ/٩٢٣م).

- تاريخ الطبري (تاريخ الرسل والملوك)، دار المعارف (القاهرة ١٩٧٧-١٩٧٩).

- الظاهري، غرس الدين خليل بن شاهين (ت٨٧٢هـ/١٤٦٨م).

- زبدة كشف الممالك (باريس ١٨٩٤).

- أبن عبدالظاهر، محي الدين عبدالله بن رشيد الدين (ت٦٩٢هـ/١٢٩٣م).

- الروض الزاهر في سيرة الملك الظاهر، تحقيق عبدالعزيز الخويطر (الرياض ١٩٧٦).

- أبن العبري، أبو الفرج غريغور يورس بن هارون الملطي (ت٦٨٥هـ/١٢٨٦م).

- تاريخ الزمان، ترجمة أسحاق ارملة السرياني (بيروت ١٩٩١).

- تاريخ مختصر الدول، تحقيق الاب انطوان صالحاني اليسوعي، دار الرائد (بيروت١٩٨٣).

-أبن العديم، كمال الدين عمر بن احمد الحليي (ت٦٦٠هـ/١٢٦٢م)

- بغية الطلب في تاريخ حلب، دار الفكر (بيروت ١٩٨٨).



-أبن عربشاه،شهاب الدين أحمد بن محمد بن عبدالله الدمشقي(ت٨٥٤ هـ /١٤٥٠م).

-عجائب المقدور في نوائب تيمور، مطابع دار نافع (القاهرة ١٩٧٩).

- العماد الاصفهاني،، عماد الدين بن محمد بن حامد (ت٥٩٧هـ/١٢٠٠م).

- خريدة القصر وجريدة العصر،أجزاء قسم شعراء العراق، تحقيق محمد بهجة الاثري (بغداد ١٩٦٤،١٩٥٥، ١٩٧٣، ١٩٧٦)، قسم شعراء الشام، تحقيق شكري فيصل (دمشق ١٩٥٥-١٩٥٩).

- الفتح القسي في الفتح القدسي، الدار القومية للطباعة والنشر (القاهرة ١٩٦٥).

- العمري، شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله (ت٧٤٩هـ/١٣٤٨م).

- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٨٨).

- مسالك الابصار، السفر الثالث (مخطوط) نسخة المجمع العلمي العراقي.

- العيني، بدر الدين محمد (ت٨٥٥هـ/١٤٥١م).

- عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ج١، ج٤ (القاهرة١٩٨٥، ١٩٩٢).

- الغياثي، عبدالله بن فتح الله البغدادي (ت بعد ٨٩١هـ/١٤٨٦م).

- التاريخ الغياثي، مطبعة اسعد (بغداد ١٩٧٥).

- أبن العماد الحنبلي، أبو الفلاح عبدالحي (ت١٠٨٩هـ/١٦٧٨م).

- شذرات الذهب في اخبار من ذهب (بيروت (د.ت)).

- الفارقي، احمد بن يوسف بن علي بن لازرق (ت بعد ٥٧٧هـ/١١٨١م).

- تاريخ الفارقي، تحقيق بدوي عبداللطيف عوض (القاهرة ١٩٥٩).

- أبو الفداء، الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن علي (ت٧٣٢هـ/١٣٣٢).

- تقويم البلدان (باريس ١٨٤٠).

- المختصر في اخبار البشر (تاريخ بو الفداء)، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٩٧).

- أبن الفقيه، أبو بكر بن محمد الهمذاني (ت٣١٠هـ/٩٢٣هـ).

- مختصر كتاب البلدان، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٧).

- أبن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن احمد الشيباني (ت٧٢٣هـ/١٣٢٣م).

- مجمع الاداب في معجم الالقاب، تحقيق محمد الكاظم (طهران ١٤١٦هـ).

- الفيروزآبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب (ت٨١٧هـ/١٤١٤م).

- القاموس المحيط، دار احياء التراث العربي، ط٢(بيروت ٢٠٠٠).

- قدامة بن جعفر، أبو الفرج قدامة بن جعفر بن قدامة (ت٣٣٧هـ/٩٤٩م).
- الخراج وصناعة الكتابة، دار الحرية للطباعة (بغداد ١٩٨١).
- القرطبى، عريب بن سعيد (ت٣٦٦هـ/٩٧٧م).
- صلة تاريخ الطبري، دار المعارف (القاهرة ١٩٨٢).
- القزويني، أبو زكريا محمد بن محمود (ت٦٨٢هـ/١٢٨٣م).
- آثار البلاد واخبار العباد، دار صادر (بيروت ١٩٦٠).
- القلانسي، أبو يعلى حمزة بن اسد (ت٥٥٥هـ/١١٦٠م).
- ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعيين (بيروت ١٩٠٨).
- القلقشندي، أبو العباس احمد بن علي (ت٨٢١هـ/١٤١٨م).
- صبح الاعشى في صناعة الانشا، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٨٧).
- الكتبى، محمد بن شاكر (ت٧٦٤هت/١٣٦٣م).
- عيون التواريخ، دار الرشيد، ج٢٠، (بغداد، ١٩٨٠)، ج٢١ (بغداد ١٩٩٤).
- فوات الوفيات و الذيل عليها،دار صادر (بيروت ١٩٧٣).
- ابن كثير، عماد الدين اسماعيل بن كثير الدمشقي (ت٧٧٤هـ/١٣٧٢م).
- ألبداية والنهاية، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٨٧).
- إبن اللمش، أبو جعفر عمر بن خضر الدنيسري (ت٦٤٠هـ/١٢٤٢م).
- تاريخ دنيسر، تحقيق ابراهيم صالح، ط٢، (دمشق ١٩٩٢).
- مأمون بك بن بيكه بك الاردلاني (ت بعد ٩٨٥هـ/١٥٧٦م).
- مذكرات مأمون بك بن بيكه بك: نقله إلى العربية محمد جميل الروزبياني، وشكور مصطفى، مطبعة المجمع العلمي العراقي (بغداد ١٩٨٠).
- مؤلف مجهول، (القرن السابع الميلادي).
- التاريخ الصغير، ترجمة الاب بطرس حداد (بغداد ١٩٧٦).
- مؤلف مجهول (القرن الثامن الهجري / الرابع عشر الميلادي).
- كتاب الحوادث، دار الغرب الاسلامي (بيروت ١٩٩٧).
- مؤلف مجهول.
-حوليات دمشقية (٨٣٤-٨٣٩هـ)، نشر وتحقيق حسن حبشي، مكتبة الانجلو مصرية (القاهرة ١٩٦٨).
- المتنبى، أبو الطيب احمد بن الحسين (ت٣٥٤هـ/٩٦٥م)



- ديوان أبي الطيب المتنبي بشرح الواحدي، دار الارقم بن أبي الارقم (بيروت ١٩٩٤).
- أبن المستوفي، شرف الدين أبي البركات المبارك بن احمد اللخمي (ت٦٣٧هـ/١٢٣٩م).
- تاريخ اربل، دار الرشيد للنشر (بغداد ١٩٨٠).
- مسعر بن مهلهل، أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي (ت٦٣٧هـ/١٠٠٠م).
- الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها و. مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة (القاهرة ١٩٥٥).
-المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسن بن علي (ت٣٤٦هـ/٩٥٧م).
- التنبيه والاشراف، دار مكتبة الهلال (بيروت ١٩٨١).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الفكر، ط٥، (بيروت، ١٩٧١).
- مسكويه، أبو علي احمد بن محمد بن يعقوب (ت٤٢١هـ/١٠٣٠م).
- تجارب الامم، مطبعة التمدن الصناعية (مصر ١٩١٤-١٩١٥)، أعادت طبعه مكتبة المثنى ببغداد.
- المقدسي، أبو عبدالله محمد بن احمد البشاري (ت٣٨٠هـ/٩٩٠م).
- احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، دار احياء التراث العربي (بيروت ١٩٨٧).
- المقريزي، تقي الدين أبي العباس احمد بن علي (ت٨٤٢هـ/١٤٤١م).
- اتعاظ الحنفا باخبار الفاطميين الخلفاء، مطابع الاهرام التجارية(القاهرة١٩٩٦).
- السلوك لمعرفة دول الملوك،٤مجلدات(القاهرة١٩٤١_١٩٧٢).
- الخطط المقريزية، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٩٧).
- درر العقود الفريدة في تراجم الاعيان المفيدة (قطعة منه)، منشورات وزارة الثقافة السورية (دمشق ١٩٩٥).
- كتاب المقفى الكبير، تحقيق محمد البعلاوي، دار الغرب الاسلامي (بيروت ١٩٩١).
- المناوي، زين الدين محمد بن عبدالرؤوف (ت١٠٢١هـ/١٦١٢م).
- الكواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية (دار صادر (بيروت١٩٩٩).
- المنذري، زكي الدين أبو محمد عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت٦٥٦هـ/١٢٥٩م).
- التكملة لوفيات النقلة، مؤسسة الرسالة، ط٤ (بيروت ١٩٨٨).
- أبن منظور، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت٧١١هـ/١٣١١م).
- تهذيب تاريخ دمشق،دار الفكر (دمشق١٩٨٨).
- أبن النجار، محب الدين محمد بن محمود بن هبة الله البغدادي (ت٦٤٣هـ/١٢٤٥م).
- ذيل تاريخ بغداد، ج١٨، دار الكتب العلمية (بيروت ١٩٩٧).

- أبن نظيف الحموي، أبو الفضائل محمد بن علي بن نظيف (ت بعد ٦٢٨هـ/١٢٣١م).
- التأريخ المنصوري، تحقيق أبو العيد دودو، المؤسسة الوطنية للكتاب (الجزائر ١٩٩٠).
- النعيمي، عبدالقادر بن محمد (ت٩٢٧هـ/١٥٢١م).
- الدارس في تاريخ المدارس، تصحيح صلاح الدين المنجد، دار الكتاب الجديد١٩٧١)(؟).
- النويري، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (ت٧٣٣هـ/١٣٣٣م).
- نهاية الارب في فنون الادب، دار الكتب العلمية (بيروت ٢٠٠٤).
- النابلسي، أبو عثمان الصفدي، (ت ٦٥٦هـ/١٢٥٨م).
- تاريخ الفيوم وبلاده، دار الجيل (بيروت ١٩٧٤).
- ابن النديم، ابو الفرج محمد بن اسحق النديم (ت٣٨٣هـ/١٩٩٣م).
- الفهرست، دار المعرفة (بيروت ١٩٧٨).
- الهلال الصابئي، أبو الحسن الهلال بن المحسن بن ابراهيم الكاتب (ت٤٤٨هـ/١٠٥٦م).
- تاريخ الهلال الصابئى، ج٨، الحق بذيل تجارب الامم للروذراوري (القاهرة ١٩١٩).
- أبن واصل جمال الدين محمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/١٢٩٧م).
- مفرج الكروب في اخبار بني ايوب،ج١،ج٢، ج٤ (القاهرة ١٩٧٢،١٩٥٧،١٩٥٣).
- ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي (ت٦٢٦هـ/١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دار صادر (بيروت ١٩٧٩).
- يوحنا بن كلدون (القرن العاشر الميلادي).
- تاريخ يوسف بوسنايا، ترجمه وعلق عليه القس يوحنان جولاغ (بغداد ١٩٨٣-١٩٨٤).
-اليعقوبي،احمد بن اسحق بن جعفر البغدادي(ت بعد٢٩٣هـ/٩٠٥م).
_تأريخ اليعقوبي،دار الاعتصام،ط٢(قم المقدسة١٤٢٥هـ).
- اليونيني، قطب الدين أبو الفتح موسى بن محمد بن احمد (ت٧٢٦هـ/١٣٢٦م).
- ذيل مرآة الزمان، حيدر آباد الدكن (الهند، المجلد الاول ١٩٥٤-١٩٥٥)، المجلد الثاني ١٩٦٠-١٩٦١.


**دووەم: سەرچاوە فارسییەکان:**


- آقسرائی، محمود بن محمد
- تاريخ سلاجقة يا مسامرة الاخبار ومسايرة الاخيار، باهتمام وتصحيح دكتر عثمان توران، جاب دوم، انتشارات اساطير (تهران ١٣٦٢هـ.ش).





- أبوبكر طهراني (ت بعد٨٧٥هـ/١٤٧٠م).
- كتاب دياربكرية، با مقدمة وحواشي فاروق سومقر،جاب دوم (تهران ١٣٥٦هـ.ش).
- أبن بزاز اردبيلي، درويش توكلي بن اسماعيل بزاز بن حاجي محمد (ت بعد ٧٥٩هـ/١٣٥٧م).
- صفوة الصفا، انتشارات زرياب،جاب دوم (تهران ١٣٧٦هـ. ش).
- أبن البلخي، أبو زيد احمل بن سهل (ت حوالي ٥٠٠هـ/١١٦٠م).
- فارسنامه، بسعي واهتمام ليسترنج ونيكلسون (كمبرج ١٩٢١).
- البناكتي، فخر الدين أبو سليمان داود بن تاج الدين أبو الفضل محمد (ت٧٣٠هـ/١٣٣٠م).
- تاريخ بناكتي (روضة اولي الالباب في معرفة التواريخ والانساب) جابخانه بهمن (تهران ١٣٤٨ هـ.ش).
- جلال الدين رومي، مولانا محمد بن محمد بن حسين بلخي (ت٦٧٢هـ/١٢٧٣م).
- كليات شمس تبريزي، جابخانه نصر، جاب أول (تهران ١٣٧٨ هـ.ش).
- مثنوي معنوي، به تحقيق رينولد نيكلسون، جابخانه نصر، جاب أول (تهران ١٣٧٧ هـ.ش).
- الجويني، علاء الدين عطا ملك بن بهاء الدين محمد (ت٦٨١هت/١٢٨٢م).
- تاريخ جهانكشاي، ج٢، بسعي وأهتمام محمد بن عبدالوهاب قزويني، جاب دوم (تهران ١٣٧٨ هـ.ش).
- حسن روملو، حسن أمير سلطان روملو (ت٩٨٥هـ/١٥٧٧ز).
- احسن التواريخ، به أهتمام عبدالحسين نوائي (تهران ١٣٤٩هـ.ش).
- حمدالله المستوفي القزويني، حماله بن أبي بكر بن محمد بن نصر (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- تاريخ كزيده، مؤسسة انتشار أمير كبير (تهران ١٣٨١هـ.ش).
- نزهة القلوب، كتابخانه طهوري (تهران ١٣٦٣ هـ.ش).
- الخوافي، فصيح احمد جلال الدين محمد بن نصير الدين (ت٨٤٩هـ/١٤٤٥م).
- مجمل فصيحي، بتصحيح و تحشية محمود فرخ،جاب طوس (مشهد ١٣٣٩هـ.ش).
- خواند مير، غياث الدين بن همام الدين الحسيني (ت٩٤٢هـ/١٣٥٣م).
- تاريخ حبيب السير في أخبار افراد البشر، مجلد سوم، كتابخانه خيام (تهران ١٣٣٣ هـ.ش).
- دستور الوزراء، انتشارات اقبال، جاب دوم (تهران ٢٥٣٥ شاهنشاهى).
- رشيد الدين فضل الله الهمداني (ت٧١٨هـ/١٣١٨م).

- جامع التواريخ، جاب دوم، بكوشش بهمن كريمي، انتشارات اقبال (تهران ١٣٦٢هـ.ش).
- سمرقندى، كمال الدين عبدالرزاق بن اسحاق (ت ٨٨٧هـ/١٤٨٢).
- مطلع سعدين ومجمع بحرين، ناشر كتابخانه طهورى (تهران ١٣٥٣ هـ.ش).
- شامي، نظام الدين (ت٨٠٧هـ/١٤٠٤م).
- ظفرنامه، بسعي واهتمام فلكس تاور (بيروت ١٩٣٧).
- غفاري، قاضي احمد بن قاضي محمد بن نجم الدين قزويني (ت٩٧٥هـ/١٥٦٧م).
- تاريخ جهان آرا، كتاب فروش حافظ (تهران ١٣٤٣ هـ.ش).
- تاريخ نكارستان (تهران ١٣٨١هـ).
- القاشاني، أبو القاسم عبدالله بن محمد (ت٧٣٨هـ/١٣٣٧م).
- تاريخ اولجايتو، باهتمام مهين همبلي، انتشارات علمي وفرهنكي (تهران ١٣٨٤هـ.ش).
- القزويني، يحيى بن عبداللطيف الحسيني (ت٩٦٢هـ/١٥٥٥م).
- لب التواريخ، مؤسسة خاور، مطبعة سمين (١٣١٤هـ.ش).
- مؤلف مجهول (القرن السادس الهجري / الثاني عشر الميلادي).
- مجمل التواريخ والقصص، بتصحيح ملك الشعراء بهار، دارنده كلاله خاور (تهران ١٣١٨هـ.ش).
- نطنزي، معين الدين (انوئيم اسكندر) (ت بعد ٨١٧هـ/١٤١٤م).
- منتخب تواريخ معيني،جابخانه حيدرى (تهران ١٣٣٦هـ.ش).
- يزدي، شرف الدين علي (ت٨٥٨هـ/١٤٥٤م).
- ظفرنامه، انتشارات أمير كبير (تهران ١٣٦٦هـ.ش).
- وصاف الحضرة، شهاب الدين عبدالله بن فضل الله الشيرازي (ت بعد ٧٢٨هـ/١٣٢٨م).
- تجزئة الامصار وتزجية الاعصار (تحرير تاريخ وصاف) (تهران ١٣٤٦هـ.ش).
- مير خواند، مير محمد بن سيد برهان الدين بن خواوند شاه (ت٩٠٣هـ/١٤٩٨م).
- تاريخ روضة الصفا، انتشارات كتابفروشيهاى بيروز (تهران ١٣٣٩هـ.ش).

**سێیەم: ژێدەرە (مەرجەع)ە عەرەبی و بە عەرەبی کراوەکان:**

- البابانى، اسماعيل باشا بن مير سليم البغدادي (ت١٩٢٠م).
- هدية العارفين في اسماء المؤلفين وآثار المصنفين، دار الفكر(بيروت١٩٩٠).
- بر صوم، مار اغناطيوس افرام الاول.



- تاريخ طور عابدين، ترجمه إلى العربية كريكوريوس بولس بهنام، ١٩٦٣م.
- جمال رشيد احمد.
- دراسات كردية في بلاد سوبارتو، دار آفاق عربية (بغداد ١٩٨٤).
-الحسني، عبدالرزاق.
- اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، منشورات المكتب العربي (بغداد ١٩٨٤).
- دائرة المعارف الاسلامية، الترجمة العربية (القاهرة ١٩٣٣). (حرف دال).
- مادة آذربيجان، مينورسكي، الجزء الاول.
- مادة اشنة،، الجزء الثاني.
- مادة بوتان، سترك، الجزء الرابع.
- مادة حصن كيفا، سترك، الجزء السابع.
- دانتسيع. ب. م.
- الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة الدكتور معروف خزندار، دار الرشيد للنشر (بغداد ١٩٨١).
- الروزبياني، الملا محمد جميل.
- نبذة عن العشيرة الروزبيانية والمعروفين من الروزبيانية، ط٢ (اربيل ٢٠٠١).
- د. سعدي عثمان حسين، كردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، كتابفروشى سوران (اربيل ٢٠٠٦).
- عبدالرقيب يوسف.
- الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الاول- التاريخ السياسي (بغداد ١٩٧٢).
الجزء الثاني- التاريخ الحضاري، ط٢، (اربيل٢٠٠١).
- عباس العزاوي.
- عشائر العراق الكردية، مطبعة المعارف (بغداد ١٩٤٧).
- علي باشا مبارك.
- الخطط التوفيقية الجديدة لمصر القاهرة، ج٦،ط٢، الهيئة المصرية العامة للكتاب (القاهرة ١٩٨٧)
- فارمر، هـ.ج.
- مصادر الموسيقى العربي، ترجمة د. حسين نصار (القاهرة ١٩٥٧).
- كريستنسن، آرثر.

- ايران في عهد الساسانيين، ترجمة يحيى الخشاب (القاهرة ١٩٥٧).
- لسترنج، كي.
- بلدان الخلافة الشرقية، نقله إلى العربية بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مطبعة الرابطة (بغداد ١٩٥٤).
- محسن محمد حسين.
- اربيل في العهد الاتابكي، مطبعة اسعد (بغداد ١٩٧٦).
- مصطفى جواد.
- جاوان القبيلة الكردية المنسية ومشاهير الجاوانيين، مطبعة المجمع العلمي الكردي (بغداد ١٩٧٣).
- النقشبندي، حسام الدين علي غالب.
- آذربيجان، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد (بغداد ١٩٨٤).
- الكرد في الدينور وشهرزور، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد (بغداد ١٩٧٥).

**چوارەم: ژێدەرە (مەرجەع)ە کوردی و فارسییەکان:**

-ايت الله محمدي،جغرافياى تاريخى ايوان غرب(ايوان كلهر)،جاب نهضت(قم١٣٧٦ هـ.ش).
-ايرج افشار سيستانى،مقدمه اى برشناخت ايلها،جادرنشينان وطوايف عشايرى ايران،جلد اول (تهران ١٣٦٦ هـ.ش).
- اسماعيل فتاح قاضي.
- كرد در دائرة المعارف اسلام،انتشارات مركز صلاح الدين ايوبي (اورمية ١٣٦٧هـ.ش).
- **ئەولیاچەلەبی.**
- سیاحتنامی ئەولیا جەلەبی، وەرگێرانی لە تورکییەوە سەعید ناکام، چاپخانەی **کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا ١٩٧٩).**
- جەمال نەبەز و مەسعود محەمەد و ئەورەحمانی حاجی عارف وقەناتی کوردۆ.
- بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا ١٩٧٤).
- عبدالرزاق بيك دنبلى.
- تجربة الاحرار وتسلية الاسرار، چاپخانه شفيق (تبريز ١١٣٦٩هـ.ش).



- عبدالصمد توداري (١٠٩٩هـ/١٦٨٨م).
- نور الانوار، ترجم محمد ملا عبدالكريم ما يتعلق بكردستان منه إلى اللغة الكردية بعنوان (جمکێکی مێژووی هەورامان ومەریوان) (بەغداد ١٩٧٠).
- علاء الدين سجادى
- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم (بەغدا ١٩٥٢).
- محمد امين زكي
- کورد وکوردستان، چاپخانە دار السلام (بەغداد ١٩٣١).
- محمد كيوان پور مكرى
- عشائر كرد، پخش (١) ايل سنجابى، انتشارات دانش (تهران ١٣٢٩ هـ.ش ).

**پێنجەم: گۆڤار و رۆژنامەکان:**

مجلة جامعة السليمانية، العدد (٨)، قسم -ب- (السليمانية ٢٠٠١). -
- مجلة بلدية دهوك، العدد (٣) (دهوك ١٩٩٨).
- مجلة لالش، يصدرها مركز لالش الثقافي والاجتماعي، العدد (٢-٣) (دهوك ١٩٩٤)، العدد (٦) (دهوك ١٩٩٦).
- گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژ (٥-٦) ساڵی پێنجەم (بغداد ١٩٤٤).

**شەشەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

www.alwaraq.com
www.lmamahdi.com
www.14masom.com